ئەدۆلف هیتلەر

نەبەردی من

وەرگێڕانی: گەرمیان محمد

Scanned by CamScanner

238 posts

19.2k followers

7 following

Promote

Edit Profile

پەڕەی فەرمی 📚 کتێبی PDF 📚
Public Figure

لێرە

باشترین و بەسودترین و پڕ خوێنەرترین کتێبەکان

بە خۆڕایی و بە شێوەی PDF داگرە

.

Ganjyna

.

لینکی کتێبەکان 👇 ئەم لینکە بکەرەوە بۆ داگرتنی کتێبەکان
drive.google.com/folderview?id=1gk8e3nSJGJLu36xeLUjwdbjgTSVsIbo_



وشیاربە ڕێگە دڕێژە و کات کەمە!

هیچ پیاهەڵدانێکم بۆ هتلەر و دارو دەستە و وەرنامە و کارەکانیم نییە. هیچ وشەیەک شک نابەم باسی کارە بەناو نامرۆڤانەکانی بکەم. هەرچی بێژم خۆم پێشیاوی ڕەخنە دەکەم. بۆیە خاستر وایە لەم مەیانەدا ئەوەی ئێژم ئەوەیە هیچ نەیەژم.

ئەوەی دەمهەوێت و گەرەکمە بیڵێم. بێژمی و بیهاوێژم. ئەوەیە: بۆچی تاوەکو ئێستا ئێمەی کورد بەڕوانگەیەکی هتلەرانەوە بیرمان نەکردۆتەوە؟ بۆهیچ نەیەژم؛ دەبێژم ئەو هەوڵە هتلەر ئاسایانەمان کە هەبوونە تەنها هیچ بوونە و ئەوەی ئەنجامدراوە بۆ بەباڵا پیشان دانی نەتەوە و خوێنی پاکی کورد ئەوەیە کەهیچ نەکراوەو نەبوونە. زۆربەی هەوڵەکانمان ناوچەگەری و پووچ بوونە.

بەڕاستی لێرەدا جێگەی خۆیەتی هامازە بەو دەرد و پەتایانە بکەین کە لەسەردەمی هتلەردا بانی بەسەر نەتەوەی ئەڵماندا کێشابوو. بەوەی وانێستاش بووەتە زەروری کوردمژ و وەختە لەنێو نەتەوە نزمەکانی پشتی پشتماندا دەمان تونێنێتەوە. لەخوداوەند دخازم تاکێکی هتلەر ئاسامان لەنێو وە دیاربخات. بەکارەکانی نەتەوە یان ڕەگەزەکەمان سەربخات. پزگارمان بکات. ئامانجی ناپاکی کردنی لەنەتەوەی کورد نەبێت. هەموو کاری لەپێناو ئێمەی خوێن پاکی کورددابێت. تکاشم وایە چیتر وەچەی دوڕەگ بۆکورد زیندەبارنەکرێت. هاوسەرگیری دگەڵ ڕەگەزی نزمدا ئەنجام نەدرێت. تەمەنی هاوسەرگیریش دوانەخرێت. ئاسانکاری بۆ باشترکردنی بار و ئاستی کۆمەڵایەتی بکرێت. لەدووژمن هیچ سڵ نەکرێت. لەزۆر مندانی نەترسی. ئەوە سروشتە کاری خۆیمان بۆ دەکات بەبێ بڕستی.

بانێمەی کور و کوردپەروەران، وەدەریان خەین داگیرکاران،بەباگێڕکاران، باماڵیان بڕووخێنین، ژنانیان ئەتك کەین، دایکانیان بێوەژن کەین، باوکانیان لەپیاوەتی خەین، کچانیان بخەینەبەر کەر، پیرانیان بدینە بەر شاپەڕ، درەختەکانیان بسوتێنین، ڕیشەیان لەبێخە دەربێنین، خۆیان کوڕیان نەوەی پێش و دوایان قڕکەین، شەیدای حوشتری بێ ئاوانیان کەین، خاکیان بسوتێنین، درەختەکانیان لەڕیشە دەربێنین، ئاوەکانیان سوێر و ژەهراوی کەین، قوتابخانەکانیان بکەینە گەوڕ، تیایخەین بۆیان مانگا و لەوڕ، پەرەستگاکانیان بکوردێنین، بنج و بنەوانیان لەبێخ دەربێنین، خواکانی ژێرزەوینیان لەناخی ئاسماندا زیندانی بکەین، شەیتانیان لێبکەینە خوا، خوایان لێبکەین بە بت، پەیامهێنەکانیان توشی بێئابڕوویی بکەین، پەرتووکی ئاین و ڕەسەنیان تڕۆڵبکەین، ناشرینیان لاجوان و جوانیان لاناشرین بکەین، هەموو شتێکیان لێ سەرو خوار و خوار و ژێر بکەین... بەبانگەشەی درۆیان پڕۆووی نەتەوەمان نەشکێنین، ئەوانەی وتم، هەموو دوژمن پێمان دەکات گەر هاتوو خۆی لەکێشەکانی تری دەرکات.مەبەستم ئاین نییە , بەڵکو بۆنەتەوەپەرەستیە.

ئەزانن کەی کورد دەتوانێت بحەسێتەوە و وەك مرۆڤ بژێت؟ ئەوکاتەی ئاوەزی لەبەرگریەوە بۆ هێرش دەگۆڕێت، ئەمەش مانای هەوڵدانە بۆ دەست گرتن بەسەر هەر چوار شاری ئەنقەرە،دیمەشق،بەغداد و تەهرانە،بەلایەنی کەمەوە، بۆئەمەش هەموو جۆرە ئامراز و فێڵ وحوڵات و چەکێك پێشیاوی بەکارهێنانە، ئەمەش لەوکاتەدا دەبێت کە پەروەردەی تاك و هاوڵاتیانی کورد لەڕێگەی شالیارگەی پەروەردەی حکومەتی باشوری کوردستانەوە ئاراستەی ڕەگەز یان بەلایەنی کەمەوە نەتەوە خوازی بکرێت لەم پارچەیەی خاکی کوردستان، لەپارچەکانی دیکەی دڵی کوردستانیش دەبێت ژن و ژن خوازی کورد دەگەڵ گەل و ڕەگەز و نەتەوەکانی دیکە ڕابوەستێندرێت، قەیرە کچی و درەنگ هاوسەرگیریش قەدەغەبکرێت، هانی پەروەردەی جەستەیی و دەروونی تاکەکان بدرێت، لەسەرخۆڕاگری و کوردپەروەری، ئەمەش لەڕێگەی پەیڕەوی خوێندن یان لەماڵەوە دایك دەتوانێت منداڵەکانی بەوشێوەیە گۆش بکات کە نەتەوە سەردەخات.

گەر تاکی کورد لەسەر بنەمای ئاشتی خوازی پەروەردە ببینێت ئەوا تەنها کۆیلەبوون چاوەنواڕێتی، بەڵام گەر لەسەر بنەمای ڕەگەز پەرەستی پەروەردە بکرێت

ئەوکات بەلایەنی کەمەوە ئازاد دەبێت گەر خاوەنی دەوڵەتیش نەبێت. بۆ هەر هەڵمەتێکی سەرکەوتوو پێویستمان بەلۆبی و هێزی پاڵپشتی جیهانییە ئەمەش بەپارە و دەزگای ڕاگەیاندن دەکرێت, بڕواناکەم کوردستان هەژاربێت لەڕووی پارە و سامانەوە کەواتە تەنها پێویستمان بە دەزگاگەلێکی زۆری ڕاگەیاندنە بە دەیان زمانی جیاواز بدوێن و یەک مەبەست بگەیەنن و ئارەزووی کوردان بۆ جهان بدرکێنن...هەروەها پێویستمان بەکاراکردنی ئەو هەموو کوردانەی سەرانسەری گێتیە, هاوشێوەی جوولەکایەتیە, هەرکوردێك لەوانە دەتوانێت بەچەندین زمان قسەبکات, ئەی باشە بۆناتوانێت کارێك بۆ نەتەوەکەی خۆی بکات؟ ئەو کوردانە دەتوانن لەڕێگەی هەموو جۆرە بانگەشەیەکی نوسین و بیستن و بینینەوە بەزمانی جۆراوجۆر و بۆیەك مەبەست بنوسن و بێژن و بلاوبکەنەوە پیشانبدەن, نابێت دەستەوەستان بۆخۆیان لەسەر سیسەمی نەرم خەوی درێژ بکەن, بەڵکو پێویستە قۆڵ و بازویان لەبۆ نیشتمانەکەیان وەگەڕبخەن...

سەبارەت بەهێز و سوپاش, تاوەکو ئێستا ساویلکەیی تاك و سەرانی کورد لەوەدایە نازانێت هێز لەیەککرتوویدایە, نەهامەتیش لەجودایدا بەرجەستەیە, هەموو کوردێك ئاشنای ئەم مەبەستەیە, باشە بۆ سوپا یەك ناخەن, هەموو بەرپاسانی گەندەڵ و خوێڕی لەکارناخەن, ئەوەی باش بوو ڕێزی بگرن, فریاوی کەون, پەنای تێبگرن, ئەوەی خراپ بوو لەوڵات دەری بکەن, هەمو ژیانی لێتاڵبکەن, چی بردووە لێی وەربگرنەوە, هەمووی لەقوڕگی بێننە دەرەوە..

نابێت کوردی هەرێمی باشوور بەهیچ جۆرێك متمانەی بە بەهێزبوونی حکومەتی ناوەندی عەراك ببێت, بەوەی بەبەهای ملیارەها دۆلار چەك دەکرێت, سبەی ناوسکی ئێمەی پێ هەڵدەدرێت, دەبێت داوای بەشە چەکی خۆمانیان لێبکەین, گەر بەخواست نەیان دا ئاریمەنیان لێ هاندەین, هەموو کارێك بکە بەسەر بەرزی, نابێت لەپێش دووژمندا بلەرزی, ئەوکاتەی داوای مافی خۆت دەکەی, مۆرە لەدوژمنت دەکەی, مەترسە خۆتۆ سوالکەرنیت بڕۆیتە بەر دەرگای حکومەتی عێراق و بکوپوزێیتەوە و لەولاوە بەدەستی بەتاڵ بێیتەوە, بەنەبەردیی و نەترسی مافی خۆت بەدەست بێنە بەبێ بڕستی...

زۆر خەوشیە و نەنگیە, بۆھەرکوردێك ڕقی لەنەبەردیی و زیرەکییە, ئازایەتی و ژیری و ڕۆشنبیری و بالآییش دوور لەدەبەنگییە...وازبێنن لەدروشمی: تاشاخ مابێت کورد تەواو نابێت, لەبریدا بڵێن: تا بەئاوەز بیربکەینەوە, دەستکەوتی باشتر بۆنەوەکەمان بەدەست دێنینەوە.

مەڵێن ئێمەی کورد کەمین؟ هەرهیچ نەبێ سێ بەقەد ئیسرائیل دەبین...کوانێ کێ بەهێزە ئێمەی یەك ملیار بەناو موسوڵمان یان دە ملیۆن جوولەکەی ئەم ئیسرائیلەی لای خۆمان...خۆ خۆمان کوردی ڕەسەنی کوردستان چل ملیۆنین بێ داردەستان...کەواتە دەتوانین زۆر لەئیسرائیل بەهێز تربین, بەگوڕتربین, جەرگ بڕتر , وەکارتربین....

نەفرەت لەو دەوڵەت یان هکومەتەی تاکی گێل و گەمژەی هیچ نەزان دەکاتە مامۆستا و ئەرکی پەروەردەکردنی گەورەترین سامانی خۆی پێدەسپێرێت, نەفرەت لەو گەلە گورگانەی بەناوی پاراستنی ئاسایش و ئارامیەوە چنگ دەخەنە سەر بنەقاقای هاوولاتی ڕەنجبەری نەتەوە و وەختە دەیان خنکێنن...تف لەو کاربەدەستانەی لەخۆیانەوە لەبەرژەوەندی خۆیانەوە کەسانی نازیر لەپۆستی مەترسیدار و ئاسایشدا دادەمەزرێنن... تف لەو مامۆستا بێ ئەمەك و خوێڕانەی تەنها لەبەر خاتری ئەو موچەیەی پێی دەدرێت وانە بە فێرخوازەکانی دەڵێتەوە و لەبری ئەوەی بۆ کەڵکی نەتەوە لە داهاتوودا پەروەردەیان بکات دەیان گۆڕێت بۆ زەروو... نەفرەت لەو هکومەتەی کە دەزانێت کەس گەلێك توانای چارەکردنی کێشەی خۆیان نییە, توانای پەروەردەکردنی منداڵی خۆیان نییە, کەچی گەورەترین بنەمای مانەوەی نەتەوەیان دەخاتە ژێر دەست لەبۆ پەروەردەکردنیان بە شێوازێکی پووچ و نانەتەوەیی...

هەرنەتەوەیەك خەمی خۆی نەخوات تاگورگ دەیخوات, ئەو نەتەوەیە شایانی کۆیلەبوونە, هەرنەتەوەیەك بە کۆیلەبوون قایل بوو شایەنی لەناوچوون و تەفربوونە, پێشیاوی پاکتاوکردنە, بۆیە ئومێدەوارم تاکی کوردی خەواڵوو لەم خەوە بەئاگابێتەوە زوو, ئەگینا نەتەوەکانی دەوروبەر بۆی دەبنە زەروو, لەناوی دەبەن و دەیفەوتێنن بەزوو, زوو پەلاماری دەدەن, زوو داگیری دەکەن, کێشەی لەنێودا دروستدەکەن, قڕ و پاکتاوی دەکەن, خاکەکەی پڕلەگۆڕ دەکەن....

بن, بەو مەبەستەی بەبیانووی ئاینەوە هەمدیس ئارەومان بۆ بێننەوە و بیانکەن بەخوا بەسەرمانەوە, داوای کۆیلەبونمان لێبکەنەوە, مەبەستم لەکەسانی خراپە نەوەك دڵپاکە.

هەرکەسێك دژی نەتەوەکەی نەبێت ئاساییە خاوەنی کام ئاین بێت, کام دەپەرەستێت چی بەلای خۆیەوە دەڕێسێت, سەربەکام ڕێبازە, حەزدەکات لەکام مەزهبی تازە, ئەگەر لەخزمەتی نەتەوەدابێت ئاین گەورەترین دەستکەوتی خواداس, بۆ موسوڵمان وئەرمەنی و حەسرەتیان و کلد و ئاشوریەکانیش هەرواس, ئەگەر کەسێك ڕاستبکات بەناوی ئاینەوە درۆناکات, نەتەوەکەی نافرۆشێت بەدوژمن, دەست ناخاتە نێو دەستی دژمن, زیانی بۆ میرووڵەیەکی نەتەوەکەی نابێت, زیانی بۆ هیچ دژبەرێکی ئاینیی وڵاتەکەی نابێت, گرنگ ئەوەیە هەموومان کوردین, خاوەنی یەك ئامانج و ڕێبازی نەبەردیین. هەرنەتەوەیەك جاش و زۆڵی تیابوو, ئەونەتەوەیە پێش لەدایك بوونی تیاچوو,لەبری مەودای زیندەیی,بەقێسەمەتی دەبێت نامەردی ئاوەزمردوویی. نەفرت لەو سەرکردانەی لێرە بەدواوە لە جاش و خۆفرۆشان دەبوورن, نەفرت لەتۆوی خوێنەریش گەر دڵت بۆجارێکیش خورپەی بوون بەجاش و دەستکەلای دووژمنی بۆ ئاوەزت ناردبێ و لێدابێ, هەرگیز لەناپاکانیش خۆش مەبەو گەورەییان لەهەمبەر مەنوێنە....

وەرگێڕی کوردی, ٢٠١٣/٤/١
کاتژمێر ١:٥٢ خولەکی سەر لەبەیانی
کوردستان/ هەرێمی باشوور

پێشەکی

ئەدۆلف هتلەر کەسێکی ئاسایی نەبووە لەوەی سوپرگەی گەردوون تیایبەرێت، وەکو تۆز بەدووی خۆیدا لە گەردوونی فراواندا بەجێی بهێلێت. ئەدۆلف هتلەر بەتەنها پادشا (سەرکردە)یەکی ئەڵمانی نەبووە؛ بەڵکو یەکێکە لەو کەسایەتیە گەورانەی وەخت بوو ڕێڕەوی مێژوو بوەستنێ و ئاراستە و شێوەی جهانیش بگۆڕێت، کەواتە پادشای مێژووە. لەبەرئەوەی هتلەر سەربازێکە کە بەدووی خۆیدا داستانێکی بەجێ هێشتووە کە ناوبانگی دەشێوێنێت و پڕلەکێشە و چەن و چونییە: نەهامەتی ئەو ولاتەی خەونەکانی لەناوبرد و سیستمێکی حوکمڕانیش کە کۆڵەکەکانی خواربوونەوە و پارتێك پایەکانی تەفربوون، کەواتە هتلەر پیاوێکی ڕێبازی بووە کەلە کەلەپووری هزری باو لایدابوو، ئەم کەلەپوورەش خۆی دەنواند لە ڕامیارێتی و کۆمەلایەتی و زانست و هونەر و جەنگ وەکو زانست و هونەر.

نیشتمانپەروەری سۆسیالیستی کە ئەدۆلف هتلەر وەکو مژدە لەگەڵ خۆیدا هێنای و مەبەست و پێکهاتەکانی لەپەرتووکی (نەبەردیی من)دا خستەڕوو، بنەما خەوشدارەکانیشی دیارخست بەتایبەت پێش لەوەی هتلەر ببێتەسەرداری ئەڵمان. لەماوەی ئەو سیازدە ساڵەی کە هتلەر سەرداری ئەڵمانەکان بوو، ئەم سۆسیالیستی نیشتمانپەروەریە بەرەو لوتکەی بەهێزبوون هەنگاوی دەنا وتۆوەکەی لەنێو هەموو هەسارەکەدا گەشەی دەکرد و لەسایەیدا کۆڵەکەکانی نەتەوەچێتی زیادەڕۆی لێدەهاتەبوونێ و وەکو چەکێك لەدژی ولاتی سێیەم و بنەمەکانی کارل مارکس بەکاریان دەهێنایەوە. تەنانەت ئەوانەشی دژایەتی نیشتمانپەروەری سۆسیالیستیشیان دەکرد و هانی شیوعیەت و هەروەرزکارییان دەدا بەمەبەستی لەناوبردنی نازییەت، هەستیان بە گرنگی بنەمای بۆچوونەکانی هتلەرکردبوو، کە

پەهەندێکی خەباتگێڕی ڕامیاری ئاسان بەکارهێنراوە لەشێوەی فاکتەرێکی کارا بۆ وەستانی تەوژمی بنەما چەپڕەوییە زیادەڕۆکان، ڕێکخستنیش بۆ بەکارهێنانی ئەم بنەمایە دەستبردنە بۆ دیکتاتۆریەتی تاك پارتی و دواتریش گەیشتنە سەر دەستەڵاتی ئەم پارتەیە لەڕێگەی هێز و تووندوتیژی و هەڵگرتەی بۆچوونی مکیاڤێلیانە لەبۆ گەیشتن بە ئامانجەکان.

ئەوەی لەمڕۆدا بەدواداچوون بۆ پێشکەوتنی ململانێی سەربازی نێوان هەردوو بەرەی شیوعی و دیمۆکراتی بکات بۆی دیاردەکەوێت کە سەربازگەی دووەم دووچاری تیاڕامان هاتۆتەوە لە بەرپەرچدانەوەی تەوژمی بنەماکانی کارل مارکس کە پاش لە جەنگی دووەمی جیهانی زیادتر بڵاوبوویەوە. بەمەش دەگاتە ئەو یارمەتی و کۆمەکە دارایی و ئابووری و هونەرییانەی کە پێشکەشی گەلی دەکات، لەگەڵ پێشخستنی سیستمەکە بەجۆرێك هاوتای ڕژێمی شیوعیەت دەبێتەوە بەبێ خۆلادان لەباسکردنی. زۆر بەئاشکرا هەڵەکانی بەرەی دیمۆکراتیمان بۆدیاردەکەوێت بەتایبەت لەسایەی ئەو ڕێگەیەی هتلەر گرتیەبەر دا لەبۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی تەوژمی شیوعیەت لە وڵاتەکەیدا، بەڵام ناتوانین بەڕوونی لە باری ڕاستینەی ئەم پیاوە تێبگەین گەر لەو بنەمایانەی نەڕوانین کە لە پەرتووکی نەبەردیی من دا تیشکی خستۆتەسەر و دواتریش نازیەکان کردیان بە(ئەنجیلی نیشتمانپەروەری سۆسیالیستی).

ئەم وەرگێڕانەی کە ئێستاکە بۆ پەرتووکی (نەبەردیی من)مان ئەنجامداراوە پێشتر بەم شێوە دروستییە نەخراوەتە پێش دەستی خوێنەران؛ چون لە پەرتووکی ڕاستەقینەی خوودی ئەدۆلف هتلەرەوە وەرگیراوە و بەهیچ سانسۆرێکدا تێپەڕ نەبووە بۆ ئەوەی کورتبڕی بکەن یام بۆی زیاد بکەن. هەوڵی گواستنەوەی بۆچوونە نەتەوەچێتیەکانی هتلەر و شێوازی فەرمانڕەوایەتی و ڕەگەزەکان بەبێ چاوپۆشین لەهیچ بۆچوونێکی خستومانتەڕوو، ئێمەش لەم جهانەماندا هێشتاکە ئەو سێ بواڕەی بۆچوونی جیاواز بەتێکەڵاوی وەردەگرین.

لویس الحاج

جوولەکە

١

منداڵیم

بۆ بەختداریم لە برۆنۆوە هاتمە نێو ئەم جهانەوە, کە شارێکی بچووکە و دەکەوێتەسەر سنوری جیاکارەوەی هەردوو دەوڵەتی نەمسای ئەڵمانی و ئەڵمانیا کە پێویستە یەکگرتنی ئەم دوو وڵاتە لەسەرووی هەموو ئامانجەکانی دیکەی کار بۆ کردووی ژیانمانەوە بێت.

نەمسای ئەڵمانی دەبێت بگەڕێتەوە بۆ ئامێزی نیشتمانی ئەڵمانی گەورە؛ چونکە یەک خوێنی مرۆڤی یەک دەوڵەتە, خەبات و تێکۆشانیشی هەر بۆیەک مەبەست و نەتەوەو بەمێزکردنی یەک دەوڵەتە. گەلی ئەڵمان هیچ مافێکی داگیرکردنی وڵاتانی دیکەیان نییە گەر وەچەکانیان لەیەک سنوری دەوڵەتدا کۆنەکەنەوە, ئەو کاتەی پایخ ئەم وەچانەی خۆی کۆکردەوە و توانی بەخێویان بکات ئەوکات ئەم گەلە مافی داگیرکردنی زەوی بێگانەکانی بۆ دەگەڕێتەوە. لەم کاتەشدا پێڕەو لەبەر شمشێر خوار دەبێتەوە و فرمێسکی جەنگ بەرهەمی جیهانی سبەی دەبێت.

لە ساڵی ١٨٩٠ چاوم بەم گێتییە هەڵێنا و باوکم کارمەندێکی ڕێژی نمونەیی بووە, ئەوکاتەی خانەنشین کرا خێزانەکەی گێڕایەوە بۆ شاری لانزی شوێنی لەدایک بوونی خۆی و لەوێدا نیشتەجێ بووین, دواتر ماڵی گواستەوە بۆ گوندی ((لامباخ)) و دەستی دایە بەکارهێنانی ئەو زەویەی کە هەیبوو. لە لامباخ لەو کاتەی لەخوێندگەبووم و پەیوەندیم دەگەڵ هاوڕێکانمدا لەسەر بنەمای چەسپاندنی بۆچوونەکانی خۆم بووە بەسەر کرداری خۆم و بۆچوونی هاوڵەکانمدا, لەوکاتەدا

هەرچەندە تەمەنم کەم بووەو منداڵش بووم، بەڵام زۆرم بیر لەداهاتوو دەکردەوە، هەرگیز حەزم لەهیچ پیشە و کارێك نەکردۆتەوە بۆئەوەی بیکەم بە پیشەی ژیان بەڕێکارم و نەشم ویستووە ببمە پەیڕەوکاری ڕەوتەکەی باوکم، کارمەندیم وەکو پەتێك دەبینی کە هەمیشە خاوەنەکەی بەرەو خواری ڕاکێشی دەکات. هەرکاتێك هەوڵی قایلکردنی هاوڕێکانم دەدا دەموبست هونەری گوتاربێژی خۆمیان بەسەردا تاقیبکەمەوە لەڕێگەی خۆسەپاندنەوە، لەم کاتەوەش بۆم دیارکەوت و هەستم بەوەدەکرد کەمن بۆ بوون بە سەردار دروستکراوم ، نەوەك بوون بەکارمەندێکی ئاسایی.

هتلەر لەتەمەنی یەك سالّیدا

ئەو کاتانەی ئیشم نەبووە هێرشم بۆ کتێبخانەکەی باوکم دەبرد و پەڕەی پەرتووکە مێژووییەکان و گۆڤارە وێنەدارەکانم هەڵدەدایەوە، جارێکیان دەستم بەر گۆڤارێك کەوت کە لەسالّی ١٨٧٠دا بلاّوکرابۆوە و باسی ڕەوت و کاریگەرییەکانی جەنگی نێوان پروسیا و فەڕەنسا دەکرد.

لەم کاتەدا بەدەم بیرکردنەوە لە سوپای پروسی سەرکەوتووەوە بەخۆمم دەگووت: لەم کاتەدا ئەڵمانەکانی نەمسا لەکوێڕا بوون؟ کەواتە بۆچی باوکی من و پاقی ئەڵمانە نەمساییەکانی دیکە لەم ڕەوتی سەرکەوتنە پاشکەوتووبوونە؟ ئایا جودایيەك هەیە لەنێوان ئەو ئەڵمانیانەی سوپاکەی ناپولیۆنی سێیەمیان شکاندووە دگەڵ وان ئەڵمانی کە لە نەمسادا ئاکنجێنە ؟

***

باوکم هەرگیز نەیویستووە بڕوا بەخۆی بێنێت کە وانە کلاسیکیەکان سودیان بۆم نابێت, هەوڵیشی دەدا وەکو کەسێکی خاوەن کار پێم بگەیەنێت, هەوڵی دەرکردنی دام لە زانستی بیردۆزی بەوەی لەخوێندنگەیەکی ئاساییەوە گواستمیەوە بۆ خوێندنگەیەکی تایبەت بە هونەر, چاوی تێبڕی بووم لەوەی بمکات بە کارمەندێکی وڵات.

باوکی هتلەر

هەرگیز بڕوای وانەبوو من دژبەری ڕازخواستەکەی دەکەم, بۆیە هەرگیز بەوە قایل نەدەبوو کە من بۆچوونەکانی ڕەت بکەمەوە, هەوڵی خۆشەویستکردنی کارمەندیی لەلام دەدا, بەجۆرێك هەمیشە باسی لەچێژ و کەمتر لەتاڵیەکانیشی دەکرد, هەمیشە هەوڵی دەدا بەبێ پێچ و پەنا وەلامی خواست و داواکاریەکانی بدەمەوە, بەڵام ئەو کاتەی تەمەنم گەیشت بە یازدە ساڵ ڕەتی بۆچونەکەیم دایەوە بەوەی هەرگیز نابم بەکارمەندێکی دیلی نوسینگە, بەخێرایی بۆم دیارکەوت توانایەکی باشم هەیە لە وێنەکێشاندا, ئەو دەمەی باوکم دیسانەوە کارمەندێتی خستەوەپێشم بەڵام وەلامی من بوون بە وێنەکێش یان وێنەگر بوو, بۆیە زۆر توڕەبوو و پەنای گرتە دایکم بۆ ئەوەی قایلم بکات لە بوون بەکارمەندی دەوڵەت و ئەم ئاراستەیەشم پووچ بکاتەوە کە من

پلانم بۆ داڕشتبوو. من لەسەر بۆچوونەکەی خۆم مامەوەو ئەویش لەسەر بۆچوونی خۆی. باوکم لە پەیمانگای هونەر دەریکردم و گێڕامیەوە بۆ خوێندنگەی ناسایی، سەرکەوتن بۆ ئەو بوو. بەڵام من هەرگیز دەستم هەڵنەگرت لەم بەهرەیەم و بگرە بەرەویشم پێدا و وانەکانی دیکەم پشت گوێ خست جگە لە جیۆگرافیا و مێژوو کە سەرجەم بۆچوون و بڕیارەکانم لەم دوو زانستەوە هەڵقوڵاون.



باوکی هتلەر بەجلکی فەرمیەوە

ئەمڕۆش کە بیر لەو سەردەمەم دەکەمەوە هەست بە قەرزاربوونی خۆم دەکەم بەر ئەنجامە نیشتمان پەروەرییە بەمێزەی پێی ڕاگەیشتووم. لە مێشکمدا ئەو دەمەی مێژووم دەخوێند و تێبینیەکانی دکتۆر لیبۆلد بۆچم دەنوسیەوە ئەوەم لە خانەکانی داکردنی مێشکمدا هەڵدەگرت کە دەیگووت: ئەڵمانیا و نەمسا یەکن و نەمسا بەشێکە

لەنەڵمانیا، جیابوونەوەشیان وەکو دوو دەوڵەتی سەربەخۆ کارێکی زیندەییە بۆ نەتەوەی ئەڵمانی.

چارەنوس وابوو بەدەستی خۆم داماتووم پونێت بنێم، ئەو دەمەی تەمەنم تەنها سیانزە ساڵ بوو باوکم بەشێوەیەکی لەناوکاو مرد! لەم کاتە بەدواوە دایکم ڕێچکەی باوکمی گرت، دەیویست هەمان بۆچوونی باوکمم بەسەردا بسەپێنێتەوە، واتە گەرەکی بوو لە دەزگایەکی دەوڵەتدا دام بمەزرێنێت بەتایبەت ئەوکاتەی تەمەنم لەبەهاری هەژدەیەمم دابوو، نەم دەویست بەهەمان شێوەی باوکم دژایەتی بکەم ، بەڵام قەودەر ئەمجار بە قازانجی منداشکایەوە،دووچاری کۆکە ڕەشە و سنگ گیران بوومەوە، بەم هۆیەوە پزیشکەکە داوای لێکردم بۆماوەی یەك ساڵ دەست لەخوێندن هەڵبگرم. لەم ماوەیەدا دایکم حەزی منی بۆ دیارکەوت لە وێنەکێشاندا، پووم لە پزیشکەکردەوە بۆ قایلکردنی بەوەی بەدایکم بڵێت کە سەر لەنوێ دەسپێکردنەوەم بە خوێندن لە پەیمانگای هونەردا هیچ زیانێکی بۆم نابێت، بۆیە ئەویش قایل بوو.

دایکی هتلەر

بەدووسالێ پاش لەگەڕانەوەم بۆ پەیمانگای هونەر دایکیشم کۆچی دوایی کرد, ئەم ئازارە پشتی شکاندم؛ چونکە تاڕادەی پەرەستن دایکم خۆش دەویست, لەم کاتەدا لەگێژاوی ژیاندا بەتەنها مامەوە,هیچم نەبوو پێی بڵێم لەم نەهامەتیەدا, بەتایبەت پاش لەوەی ئەو پارەیەی باوکم بەجێی هێشتبوو لەو چوار مانگەی کەدایکم لەسەر جێگەبوو هەموویمان خەرجکرد و بوو بەهەڵم و بابردی,نەم دەزانی خۆراك و پۆزی پێ ژیاوم لەکوێوە پەیدابکەم, ئێستا دەبێت چیبکەم؟!

دەبوو کاریکەم بۆئەوەی بژیم و لەبرساندا نەمرم, ڕووم کردە ڤییەنا و تفاق و پلانیشم تەنها خوازویستە(ئیرادە)یەکی ئاسنی بوو بەمەبەستی ڕووبەڕوو بوونەوەی چارەنووسم. باوکم ڕێگەی خۆی کردەوە و گەیشتە لوتکە ئەو خاڵەی چاوی لەسەربوو, منیش دەبێت بگەم بە تڕۆپك و لوتکە, بەڵام تەماح و ویستراوەکانی من بەکارهێنانی کارمەندبوون بۆ گەیشتن بە تڕۆپك ڕەتدەکەنەوە.

٢

سالأنی تاقیکردنەوەی زۆر گران

لەو ماوەیەی دایکم لەسەر جێگەبوو من بەرەو ڤییەنا, کۆچم کرد بۆ ئەنجامدان تاقیکردنەوەی شیاویم بۆ وەرگرتن لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان, بەشی وێنەکردن بە زەیت و ڕەنگەکان. زۆر بە بڕوا بەخۆبوونەوەم تاقیکردنەوەکەم ئەنجامدا, بەلأم بێ هیوابووم ئەوکاتەی ناوی خۆم لەڕێزبەندی سەرکەوتوانی تاقیکردنەوەکەدا نەدیتەوە, لە ڕاگری کۆلێژی هونەرم پرسی لەوەی بۆچی من لەو تاقیکردنەوەیە دەرنەچووم؟ بۆی ڕوون کردنەوە کە ئەو وێنانەی تۆ پێشکەشت کردوون بۆ ئەندازیاری بیناسازی گونجاوترە وەك لە وێنەکێشی زەیت و ڕەنگ, هانی دام بۆئەوەی ڕوولە بەشی ئەندازە بکەم.

بەلأم وێنەگرتن و وێنەکێشان شتێکە و ئەندازیاریش شتێکی دیکە. هەرچەندە بۆ چەندین جار لێهاتوویم لە وێنەکێشانی ئەندازەییدا دیارکەوت, بەلأم هیچ گرنگیم پێی نەدا, پاش لە دەرنەچوونم لەم تاقیکردنەوەیە بەناچاری ڕووم کردەوە خوێندنی دواناوەندی بەمەبەستی تەواوکردنی.

***

پاش لەمردنی دایکم ڤییەنا بوو بە خاکێکی پووچ لەپیتی بۆ من, بەلأم دڵم پڕ بوو لەبڕوا, بێزاریم بەکارهێنا بۆ تەواوکردنی ڕێڕەوی ژیانم , بڕیارمدا هەرچۆنێك بێت ڕووبکەمە ئەندازەی بیناسازی جا نرخ و ماندووبوونەوەکەشی هەرچەندەبێت. نەشم دەتوانی ئەوە لەبیربکەم کە دەبێت لەگەڵ خوێندنمدا ئیشبکەم, بۆ ئەوەی لەبرساندا نەمرم, لە نەخوارندا تەرح نەکەم,ئەمڕۆش من سوپاس گوزاری ئەو ساتانەم کە ڕووبەڕووی ئەم نەهامەتیانەی کردمەوە و کردمی بە چوکڵێکی نەشکاوی تەڕ, تاڵی زۆری پێچەشتووم پاش لەوەی هاویشتمیە نێو جهانی بەشخوراوانەوە, ئەمەش

هەڵێکی بۆمنی بۆرژوازی ژیاو پەخساند،بۆئەوەی لەگەڵ ئەو بێبەشانەدا بژیم و ببمە خەباتکارێك لەسەر هەمان ڕێچکەی ئەوان لەپێناو بەرزکردنەوەی پلەو ئاستیاندا.

***

لەڤییەنا ئاشنای دوو مەترسی گەورەبووم کە بە ڕێگری سەرەکی یەکگرتنی ئەڵمانەکان و سەرچاوەی پیلانگێڕیش بوون لەدژی گەلی ئەڵمان ، ئەوانیش : مارکسی و جوولەکەکان بوون.

لە ڤیەننای شاری خۆش ڕابواردن و زیادەڕۆیی کردن، من ژیانم زۆر بەناڕەحەتی گوزەراند: پێنج ساڵ لەسەر یەك نەم دەزانی تامی حەسانەوەچییە ! وەکو جێگری وەستا کارم کرد و دواتریش وەکو بۆیەکار بەمەبەستی بەدەستهێنانی ژەمی تەواوی خۆراك و ڕزگاربوونم لەبرچێتی. برسێتی تاکە هاوڕێ و هاندەری من بووە بۆ گشت شتێك. هەرکاتێك کتێبێکم بکڕیایە ئەو ڕۆژەم بە برسێتی بەسەر دەبرد، گەر ئامادەی ئاهەنگێکی موسیکی یان شانۆیەك بوومایە بۆماوەی دوو ڕۆژ برسێتی تەنگی پێهەڵدەچنیم، تاکە ڕێبەر و پێشەوام کتێب بووە، لەسایەی خوێندنەوەمەوە زانیاری باشم کەڵەکەکرد،لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا وەکو کریستاڵ بۆم دەوشایەوە. ڕووم کردە یادگرتنی بیردۆز گەلێك کە بیکەمە بنچینەی کارەکانم.

ڤییەنا لەسەرەتای ئەم سەدەیەدا(سەدەی بیست) بەهۆی تای کێشەی کۆمەڵایەتییەوە داخورابوو، لێرەدا فرەخۆری و برسێتیش باوبوو، بەهێز و لاواز زۆربوو، ژانا و نەزان فرەبوو.لە هەموو ئەڵمانیادا شارێکی وەکو ڤییەنا نەبوو، بۆ تووێژینەوەی دۆخی کۆمەڵایەتی دانیشتوان گونجاو بوو. ئەم تووێژینەوەیەش نەدەبوو کەسێکی دوورەپەرێز یان لەبورجێکی لەعاج دروستکراوەوە ئەنجام بدرێت، نەخێر،بەڵکو دەبوو خوودی لێکۆڵەر لەم کێشە و گێژاو و نەهامەتیانەدا ڕۆچووبێت، بەمانای وشە ئاشنایان بێ، تامی ئەو بێبەشیانە بچێژێت کە بەشێك لەم دانیشتوانە بووەتە قێسمەتیان، ئاشنای جیاوازی نێوان چینەکانی کۆمەڵگەش بێت. وەکو هەموو نامۆیەك بەدووی ڕۆزیدا ڕابکات و ئاگای لەو کارەش بێت کەبەدەم ئارەق ڕشنەوە ئەنجامی دەدات.

لەزۆر دەستەواژە و چەمکی توانا کوژی خەڵك بۆ کارکردن ڕزگارم ببوو: لووتبەرزی لەشوێنی ناپێویست و خۆبەکەم زانین لەو شوێنەی دەبوو خۆبە گەورا

ڕابگیرێت، ترس لە بەدی و بەدکاران، بڕوام وابوو کار پێویستی بە سوربوون هەیە، دواتر بۆم دیارکەوت کە دۆزینەوەی ئیش زۆر ئاسانترە وەک لەمانەوە و بەردەوام بوون لەسەری، بێ ئومێدییەکی زۆریش لەچاوەنواڕی ئەوانەدا بوو کە بەمەبەستی دۆزینەوەی ئیش و کار و دابین کردنی بژێوی بۆ خۆیان و خێزانەکانیان کێڵگە کاڵ و کرچەکانیان جێدەهێشت و ڕوویان لەپایتەخت دەکرد.

گوندنشین زێدی خۆی بەجێ دەهێڵێت و ڕوو لەشار دەکات،لەم جهانە نادیارە،لەگیرفانیدا دراوێک نییە جگە لە نزای ئاسانکاری، گەر کارێکی دۆزییەوەو دواتر لەدەستی دا دەتوانێت بۆ چەند ڕۆژ یان چەند هەفتەیەک پشت بەیارمەتی سەندیکا ببەستێت ، ئەوکاتەی سنوقی سەندیکاش دەست بەڕوویدا دەنێت پەنایەک نییە ڕووی لێبکات. هیچی لەپێشدا نامێنێتەوە جگە لەکارکردن بەنرخێکی زۆرکەمتر لەکرێی ئاسایی یان بە بێ هیواییەوە گەڕانەوە بۆ گوندەکەی، ئەوکاتەی لووتبەرزی دەیگرێت و ناگەڕێتەوە و دەرگاکانی ئیشی لەسەر دادەخرێت ئەم کات دەبێتە داردەستەی دەست بەتاڵانی کێشەدروستکاران و ئاژاوەگێڕان و ئیش وکار تێکدەران و هاندان بۆ مانگرتن و خوارکردنەوەی کۆڵەکەکانی ئابووری نیشتمانی و پێکهاتەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگە و شارستانی.

نازانم من زیادتر ڕقم لەکامیان بووە: نەهامەتی دارایی گەل یان دابەزینی ئاستی ئاکاریی؟

هەستم بە نەبوونی شەرم کردووە لە نێو کارکەران و پیشەسازاندا، گەورەی ماڵ کاروبارەکانی خۆی پشت گوێ دەخات و گرنگی بە پەروەردەکردنی منداڵەکانی نادات. چون بەدەست هێنانی بژێوی لەسەروی هەموو شتێکەوەیە. نەبوونی پەروەردەی خێزانی مانای هەڵوەشاوەیی کۆمەڵگەیەکی وەکو نەمسایی دەگەیەنێت. نەمەش لای خۆیەوە هیچ ڕێزێکی نێوان کوڕ و باوک و دایک و خێزان دەوڵەت ناهێڵێت. لەگەڵ ئەوەی هەژاری فاکتەرە بۆنەزانی و نەخۆشی، ئەوکاتەی هەژاری و نەخۆشی و نەزانی بەگردییەوە بلاڤبونەوە گەل نەفرەت لە دەوڵەتە دەکات و هیچ هەستێکی نیشتمان پەروەریش بوونی نامێنێت.

گۆڕینی گەل بۆ نەتەوەیەکی ئاکاردار، پێویستی بە دروستکردنی ناوەندێکی کۆمەڵایەتی ساغی وەهایە کە ئیش بکات بۆ پێگەیاندنی هاوڵاتی بە پێگەیاندنێکی

نەتەوەیی، هەرگیز هیچ کەسێك هەست بە خۆشەویستی خاك و نەتەوەو ولآت ناکات مەگەر لە خێزان و خوێندنگە دا فێربکرێت، لەگەڵ هەستکردن بە سەرکەوتن و تێکۆشانەکانی باوانی لە بواری هزر و پامیارێتی و ئابوریدا. مرۆڤ هەرگیز تێناکۆشێت تەنها مەگەر بۆ شتێك نەبێت کە زۆری حەز لێبێت، کەواتە چلۆن داوا لە هاوولآتییەك دەکرێت نیشتمانەکەی خۆش بوورێت و پێزی بگرێت بەبێ زانینی مێژووی خەباتی پێشینانی؟ دیسان نەبوونی پێژاوی گونجاو بۆ بەسەربردنی تەمەنی لەچاو ولآتانی دیکەدا هۆکارە بۆ کوشتنی نیشتمان پەروەری.

***

لەسالی ۱۹۰۹ دا نەختێك دۆخی ژیانم باشتر بوو، وەکو یارمەتی دەری وەستا نەمامەوە بەڵکو بۆخۆم وەکو وێنەکێشێکی ئەندازیاری کارم دەکرد، لەوکاتانەشی دەستم خالی دەبوو پووم لەخوێندنەوە دەکرد، بەتایبەت دۆخی پامیاری ولآت و کاریگەری تەوژمەکانی هزر و بۆچوونە کاراکان لەسەر تواناکانی دەوڵەتی نەمسای بەرەو لەناوچوو.

٣

پارتی سۆسیالیستی دیمۆکراتی

پێش لە خوێندنەوەی وردم بۆ بزوتنەوەی سۆسیالیستی دیمۆکراتی جگەلە پرۆگەیەکی ناڕوون لەبارەی ئەم لقینەوە هیچ شتێکی دیکەم نەبووەو نەدەزانی, ئەم دەزانی کێیە دامەزرێنەری و ئامانج و ڕێچکەکانی چین ؟ من بەسۆزدارییەوە لە تێکۆشانەکانیم دەنواڕی لەبۆ چەسپاندنی دەستور و دەنگدانی گشتی, بڕوام وابوو هاتنەسەردەستەلآتی ئەم چەشنە پارتە واتەی لاوازبوونی شێوازی حوکمڕانی بنەماڵەی هابسبۆرگ دەگەیەنێت, ئەو ڕژێمەی کە جارێ کوشتنی ئەڵمانچێتی لەسنگ و دڵی بیست ملیۆن کەسی نەمسا نشیندا دەدا, بە نەمانی ئەم ڕژێمە گەلی نەمسا لەم کۆتە ڕزگاری دەبێت, ڕێگرەکانی پێش لە دروستبوونی ئەنچلۆس نامێنێت و گەلی ئەڵمانیاش بەم ڕێگەیە دەتوانێت تەنها یەک خاك و نیشتمانی خۆش بوێت ئەویش ئەڵمانیایە.

بەهۆی ئەوەی بڕوام وابوو کەسۆسیالیستی دیمۆکراتی کاربۆ بەرزکردنەوەی ئاستی چینی بەش خوراوانی پیاپێ نراو دەنێت کە تیشکی دەخستەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی کرێکار و جوتیارەکان, بەڕاستی خۆیشم تاوەکو حەڤدەمەمین بەهاری تەمەنم لەم دۆخەدا ژیابووم, بۆیە زۆر بەلامەوە گرنگ بوو, بە ڕزگارکارم دەزانی و تەنانەت ویستم و بڕیارمدا تەڤلی نێو ئەم پارتەببم, ئەو جارانەی سەرکردەکانی ئەم پارتە وتاریان بۆ جەماوەر دەدا منیش ئامادە دەبوم و چێژم لێوەردەگرت, بەڵآم ئەوکاتەی بەمانای وشە ئاشنای ئەم پارتە بووم, مەبەستەشاراوەکانیم بۆ دیارکەوت لەوەی دژی نەتەوەیە و لەدەستکرد و دەستکەلای چینی سەرمایەدارانە, دژە نیشتمانە بەوەی (ئامرازێکی دەستی بورجوازیەکانە بۆ قۆستنەوەی چینی پێ پیانراو), دژە دەستووریشە لەبەر ئەوەی (ئامرازێکە بەدەست چینی فەرمانڕەواوە بۆ لەناوبردنی پرۆلیتاریا), دژە خوێندنگەیە؟ چونکە(گرنگی

پێدەری چینی کۆیلە و قوربانیەکانی جەنگە کە سەرمایەداری دروستی دەکات)، دژە ئاینیشە؟ چونکە(هۆکاری سڕکردنی گەل و لاوازکردنیەتی بۆئەوەی بەئامانجی خۆزراو نەگات...).

لەسەرەتاکانی بەشداربوونم لەم کۆبوونەوانەدا تەنها بە بێ دەنگی دادەنیشتم، بەڵام پێداگری هاندەران بۆ لەناوبردنی هەموو شتە جوانەکانی نەتەوە هانی دام بۆ هاتنەگۆم، لەگەڵیاندا کەوتمە تاوتێکردنێکی تونددەوە، بەڵام نەیان توانی قسەکانم وەربگرن و بەتەواوەتی ڕەتیان کردمەوە و پەلاماریشیان دام، بۆیە منیش بڕیاری چیتر ئامادە نەبوونم دا لە کۆبوونەوەکانیان و زۆریش بەزەییم بەو خەڵکانەدا دێتەوە کە بڕوایان پێیانە و گەمە بە هەست و سۆزەکانیان دەکەن، بەپێی حەز و خواستی خۆیان ئاراستەیان دەکەن و چییان بوێت لەڕێگەیانەوە بەدەستی دێنن.

لەو کاتانەی شوێن کەوتەی بزوتنەوەی سۆسیالیستی دیمکراتی بووم بۆم دیارکەوت سەرکردایەتی تەنها پێشیاوی بەهێزانە، بەجۆرێك پێویستە هەموان ببنەپاڵپشتی سەرکردەی ڕاستەقینە و دەستی یارمەتی تەنها بۆ ئەو درێژ بکەن، بڕواشی تەنها بەیەك چەشنە بۆچوون و ڕێبازهەبێت و هیچ جۆرە بۆچوونێکی دی کاردانەوەی لەسەری نەبێت، گرنگی بە لایەنی دەرەکی شتەکان کەمتربدات وەك لە ناواخنی ئاوەزی و گیانی و جەستەیی، ئازادی مرۆیشی هاندەری یارمەتی دەرانی دەبێت بۆ کۆمەك کردنی.

بۆم دەرکەوت توندوتیژی و کوشتن و تۆقاندن کەچەکەکانی پارتی سۆسیالیستی دیمۆکراتین، دژی هەموو ئەوانە ڕادەکێشرێت کە دژبەر و هەڵگری بۆچوونی جیاوازترن لەوان. پارتی سۆسیالیستی دیمۆکراتی پیلانی دژایەتی کردنی دوژمنەکانیان لەڕێگەی ناشرینکردنی ناوبانگیانەوە ئەنجام دەدات لەسایەی ئەنجامدانی شالاوێکی زۆر مەترسیداری دژە بیرکردنەوەیانەوە. زیادتر لەجارێك پرسیومە: باشە بۆچی لە وڵاتدا پارتێك یان بزوتنەوەیەکی دیکە لەڕێگەی بەکارهێنانی هەمان شێوازی تەکتیك(توندوتیژی و ترسان و کوشتن)ەوە هەڵناسێت بەکۆتایی هێنان بەم پارتە و زاڵکردنی بۆچوونەکانی خۆی بەسەریدا ؟

بورجوازییەکان پێویست بوو لەسەریان بارستەبگرن و ڕووبەڕووی سۆسیالیستی دیمۆکراتی ببنەوە لەڕێگەی خۆئامادەکردنی پێشوەختەوە. بەڵام بۆرژوازیەت ئەم

کارەی نەکرد و تەنانەت لەداواکردنی مافی کرێکارانیش وەستا, لەم کاتەشدا رێکخارانی سەندیکای کرێکاران ئەم هەلەیان قۆستەوە و پاروویی پرۆلیتاریایان بەکارهێنا و وەکو چەکێك پێشکەکشی سۆسیالیستی دیمۆکراتییان کرد.

بزوتنەوەی سەندیکا پێشتر ئامانجی رێکخستنی ماندووبونەکانی کرێکار بووە لە گەیشتنیان بە ماف و بەرزکردنەوەی ئاستی بژێویان, دوور بوو لەهەر جۆرە سیاسەت و پارت چێتییەك, تائەو کاتەی بورژوازیەت خۆیان پاڵیان بەم سەندیکایەوە نا بۆ رۆچوونە نێو گۆڕەپانی ڕامیارچێتییەوە, بەوەی رەتی بەدی هێنانی خواستەکانی کرێکارانیان کردەوە, لەم کاتەشدا سۆسیالیستی دیمۆکراتی ئەم هەلەی قۆستەوە و نێچیرەکەی ڕاوکرد, بڕیاری لەخۆگرتنی بزوتنەوەی سەندیکای دا بەوەی بەباشی کۆمەك و یارمەتی پێشکەش دەکات, لەکاتێکدا بورجوزایەت لەم کاتەدا بەو پەڕی توانایەوە هانی دەستەلاتی دەدا بۆ هەڵوەشاندنەوەی سەندیکا بە بیانووی ئەوەی دژە بیرۆکەی نیشتمان پەروەرییە !

لەم هەڵەیە دیارتر هەیە کە بورجوازیەتی تێکەوت بەتایبەت ئەوکاتەی بڕیاریدا کە بزوتنەوەی سەندیکا وەکو دژە بەرژەوەندی نیشتمان بناسێنێت ؟! ئایە بەڕاست ئەو بزوتنەوەیەی کەبەمەبەستی باشترکردنی دۆخی ژیانی پرۆلیتاری دامەزرابوو ئێستاکە بەهۆی تەڵبوونە نێو سیاسەتەوەی پێچەوانەی ئامانجەکانی خۆی کاربکات؟! ئەم بزوتنەوەیە دژە نیشتمان نییە و سەندیکاش جگە لە ڤینێکی نیشتمان پەروەری ئازادیخواز هیچی دیکە نەبوو, تا ئەوکاتەی لەوڵاتدا سەرکردەکان بەگیانێکی دادپەروەریی و ویژدانەوە کارەکانیان ئەنجام نادەن کەواتە کرێکارانیش مافی خۆیانە بەرگری لەخۆیان و بەرژەوەندی و مافەکانیان بکەن, لەبیریشمان بێت کە کرێکار بەتەنها ناتوانێك لەدژی خاوەنکار بووەستێتەوە بەڵکو ئەوە سەندیکایە کە پلانی بەرگری کردن لەمافەکانی کرێکاران دادەڕێژێت.

***

لەکۆتاییەکانی سەدەی ڕابردوودا بزوتنەوەی سەندیکا لەڕەوتی بنچینەیی خۆی لایدا و بەرەو تەڵبوون بەئاراستەی نێو پارتی سۆسیالیستی دیمۆکراتی خواربوویەوە و دواتر بووە هۆکارێکی گوشار بۆ بەدەست هێنانی ئەنجامی شیاو بۆ تێکۆشانە چینایەتیەکانی, بەجۆرێك لەڕێگەیەوە توانرا کۆڵەکانی ئابوری وڵات و

تەنانەت پایە مەترسیدارەکانی دەوڵەتیشی پێ لەنگ بکرێت. ئەو کاتەی ئەم سەندیکایە کەوتە چنگ سۆسیالیستیەکانەوە گرنگیدان بە باشترکردنی دۆخی پرۆلیتاریا(زەحمەتکێش) بوو بەهەڵم و با بردی؛چونکە بەباشی درکیان بەوە کردبوو کە پزگاربوونی چینی بەشخوراو مانای کۆتایی هاتنی ئەمانە و ئەمەش هیچ لەبەرژەوەندی ئەواندانییە, نەمانی نەهامەتی و لالأنەوە مانای پوکانەوەی ئەمانە لەڕامیارێتی ولأتدا, بەمەش توانیبویان ژمارەیەکی زۆر لە تێکۆشەران بهێننە پرێزی خۆیانەوە و کوێرانە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆیان بەکاری بێنن.

٤

کلیلی سۆسیالیستی

پاش لەوەی لەسایەی پرۆداوەکانەوە ئاشنای تەواوی سۆسیالیست دیمۆکرات بووم، تاقەتی خوێندنەوەو زیادتر پۆچوونەکانی ئەم بزوتنەوەیەم پتر گەشەی کرد و زۆریش نیگەران بووم لەوەی خوم لەپێشی باوەڕێکی تەواو خۆپەرەستانە و کینەدا دیتەوە. باوەڕێك کە سەرکەوتنی مانای گورز وەشاندنێکی کوشندە بوو لەهەموو مرۆڤایەتی. دواتریش پەیوەندی نێوان ئەم بیرۆکەیە و هەنگاوی جووەکانم بۆ دیارکەوت بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان. بە تێپەڕبوونی کات لەبۆم پروون بوویەوە کە ئامانجی دوور مەودای بزوتنەوەی سۆسیالیستی دیمۆکراتی هەمان مەبەست و ئاڕمانجی ناساندنی جووە وەکو گەل، جوو وەکو ئاین ، جوو خوازی وەکو بزوتنەوەیەکی ڕامیاری-نەتەوەیی.

لەسەرەتای تەمەنی منداڵیمدا جوولەکەم بە هاوڵاتی وڵاتەکەم لەقەڵەم دەدا سەرباری جودایی ئاین و نەریتیان لەمن. لە (لانێ) نەفرەتم لە هاوڕێیەکم کرد لەبەرنەوەی نازاری خوێندکارە جوویەکی دابوو تەنها لەبەر نەوەی جولەکەبوو. تاوەکو گەشتم کرد بۆ ڤییەنا هەروام دەبینین و بۆچونم وەهابوو. پاش لەهەر توێژینەوەیەك کە گرنگیم بەم جهانە نوێیە داوە ئەوەم بۆ پروون بوویەوە کە کێشەی جوولەکە یەکێکە لە دیارترین نەهامەتیە پێوەنالأندنەکانی وڵاتی نەمسا. حکومەت و گەلیش دیلی ئەم کێشەیە ببوون. ئەم کێشەیەم بە تەواوەتی بۆ پروون بوویەوە بەتایبەت پاش لەو هەڵمەتە بەرفراوانە ڕۆژنامەوانیانەی کەبۆ یەکگرتنی سامیەت بلأودەکرانەوە. بەلأم دواتر بۆم دەرکەوت ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی دژی جوولەکەن کەم فرۆشن و ڕۆژنامە و گۆڤارە بەناوبانگەکانیش خۆیان لەم کێشەیە دەدزنەوە و هیچی لەسەر بلأوناکەنەوە. ئەم چەشنە دیاردەیە ناچاری کردم لە خوێندنەوەی ڕۆژنامە ناوەندیەکانەوە ڕووبکەمە ڕۆژنامە جیهانیەکان یان باشترینەکان. بەلأم بەخێراییش

دەستم لەمەش هەڵگرت؛ بەهۆی بەکارهێنانی ئەم پۆژنامانە بۆ هێرش کردنە سەر دەستەڵاتی ڕایەخ و فەرمانفەرمای غولیۆمی دووەم کەمن زۆرم خۆش نەویست. هەروەها بەهۆی زۆری پێهەڵدانی بۆ فەرهنسا و سۆزبۆ دەربڕینی و پێوەنانی ناونیشانی (نەتەوەی شارنشین)،دیسان هۆکار بوو لەبۆ ئەوەی خۆم لەخوێندنەوەی ئەم پۆژنامە جهانیانە بەدووربگرم. لەکاتی خوێندنەوەی ئەم بۆچوونە نا ئەڵمانیانە لەخۆمم دەپرسی: ئەم پۆژنامانە بۆ کێ کاردەکات و ئامانج و ئاراستەی چی و کوێ یە ؟ ئەو کاتەی بەتەواوەتی ناشنای جوولەکە بووم وەڵامی ئەم پرسیارەم دەست کەوت.

جولەکەم بەهاوڵاتی دەزانی و پێم وابوو ئێمە و ئەوان وەکو یەک مافی بەدەست هێنانی مافەکانمان هەیە, بەڵام تێکەڵاو بوونم لەگەڵ دژبەرانی سامیت بۆچوونی گۆڕیم لەوەی زیادتر خووگیربووم بە دژایەتی کردنی فەرمانڕەوایەتی جوولەکەوە, بەردەوام بووم لەمە تاوەکو بووم بە یەکێك لەوانەی بەتەواوەتی گرنگی بە کێشەی جوولەکە دەدەن و بەتایبەت ئەوکاتەی بۆم دیارکەوت ئەم نەوانەی ئیسرائیل لە ڤیەننادا پێکەوە لەگەڕەکی تایبەتیدا دەژین و هەرگیز دەست هەڵناگرن لە نەریت و پیرۆزی و بۆناکانیان. ئەوکاتەی بزوتنەوەی جووخوازی سەری هەڵدا و جووەکانی ڤیەننا دابەشی دووبەش بوون زیادتر گرنگیم بەم بوارەدا, پۆلێك لە جولەکەکان هانی جوخوازییان دەدا و پۆلێکیش هەوڵی لەکارخستنیان ئەدا. دژە جووخوازەکان ناوی (جولەکە ڕزگاری خوازەکان)یان لەخۆیان نابوو, بەڵام ئەم دوو کەرت بوونەشیان هیچ کاریگەری نەبوو لەسەر بڕوا و مەبەستی بنچینە و سەرەکییان, بۆیە بڕوام وابوو کەئەم دووکەرت بوونەیان تەنها یارییەکە و هیچی تر و خەڵکی نەمسا و جهانی پێوە سەرقاڵ دەکەن, ئەم یارییەی ئەوان کە ناوەڕۆك و پشت پێبەستراوبوو بە درۆ و زیادە ستایش کردنی پاکی بووە هۆی لەناوبردنی ئافرێنراوەکان و پاقژی ئەو دامێنەش کە جووەکان بانگەشەیان بۆدەکرد.

پاقژی و پاکدامێنی و هەموو جۆرە پاقژیەکانی دیکەی بانگەشە بۆکراوی جوولەکە, تایبەت مەندی خۆی هەیە, ئەو کاتەی چاوت لەسەر جوولەکە دەبێت بەتەواوەتی لەهەموو جۆرە پاقژییەك دادەماڵدرێن, ئەوکاتەی کەسێکی شۆڕت لەپێی

جولەکەم دەبینی ناچار دەبووم لوتم بگرم؛ چونکە ئەو بۆنەی لە دەربارْ و پیشیانەوە دەهاتە دەرێ بۆنی دوژمنایەتی ئەوانی لێوەدەهات لەبەرامبەر ئاو و ساوندا.

پۆخڵی داراییان شتێکی باسکراو نییە لەچاو پۆخڵیەکانی دەروونیاندا، بەتێپەڕبوونی کات بۆم دیارکەوت کە گۆڕەری ئاکارباشی و تاوانکاری دژە کۆمەڵگە تەنها جولەکەن و هیچ کەسی دی. توانیم پێوانەی (گەلی هەڵبژێردراو)بکەم لە ژەهراوی کردنی بیرۆکەی گەل و سڕکردنی و ئیفلیجکردنی زیندەییەتی، ئەمەش لەڕێگەی بەکارهێنانی پۆژنامەوانی و هونەر و وێژە و نواندنەوە بووە. هەشت جولەکە پەلەکانی بەسەر هەموو ئەم بوارانەدا دریژکردەوە و زاڵیتی خۆی بەسەریدا سەپاند و بەویستی خۆی ئاراستەی دەکردن. زۆرێک لە نوسەران جولەکەن سەرباری بلاوکار و هونەردۆستان و..هتد ، ئەم پۆچوونەیان بەنێو هەموو کایەکانی چالاکی ئاراستەکاریدا بووە نەخۆشیەکی چاوەقوڵەی مەترسیدار و کوشندەتر لە چاوەقوڵەی ڕەش ، بەجۆرێك نۆ لە دەی نوسین و بلاوکراوە و شانۆ و تابلۆهونەریەکانی هاندەر بۆ بەدڕەوشتی و ڕووتبوونەوەی تەواو و مارکسیەت هەمووی سەر بە جولەکە و دروستکراوی ئەوانن. ئەو پۆژنامە بەهێزانەی من حەزم لێی بوو و دژبەری سامیەتیشیان دەکرد دواتر بۆم دیارکەوت کە زۆرینەی سەرنوسەران و ئاراستەکارانی لە وەچەکانی (گەلی هەڵبژێردراو)بوون، واتە گەمەی بازرگانی بوو. پاش لە درککردنم بەم ڕاستیە بۆم دیارکەوت کە جولەکەکان دەستێکی بالأیان هەیە لەئاراستەکردنی گەل و چەسپاندن و بەدیهێنانی بەرژەوەندییە دوور مەودا و ئاینیەکەشیان لەڕێگەیەوە. ئەو ڕەخنانەی لە پۆژنامەکانەوە لە شانۆکان دەگیران و جوولەکەی تێدا بەشداربوو بەتەواوەتی ئەو کەسانەیان دەهێنایە خوارێ کە ئەڵمانی پوخت بوون و جولەکەنەبوون و هاوشان و هاوئاین و بۆچونەکانی خۆشیان بەتەواوی مانا بەرز دەکردەوە، لەپێگەی خوایان نزیك دەکردەوە. لە گوتارە سیاسیەکانیشیاندا بەتەواوەتی لایەنگری فەڕەنسا و دژبەری غلیۆمی دووەم و حکومەتەکەشیان دەکرد.

خێرا ڕەنگ گرتنی بۆ چوونەکانم لەبەرامبەر جوولەکەدا بەهۆی ئەو ڕێگا نەشیاوانەیانەوە بووە لەبۆ بەدەست هێنانی داهات و سامان و ئامانجەکانیان دەیانگرتەبەر و پەیڕەویان لێدەکرد، شەقامەکان ئەو شتانەیان فێرکردم کە هیچ کەس پێشتر پێی نەگوتبووم و بە مێشکیشمدا نەدەهات، لەوانەش ئەو ڕۆلەی گەلی

هەڵبژێردراو پەیڕەویان لێدەکرد لە بازاڕپێدانی گانگانۆکێ لەڕێگەی کڕین و فرۆشتنی سپی پێستانەوە. ئەم ڕۆڵەی کە پاڵەوانانیان بە لێهاتوویی ئەنجامیان دەدا گەلی ئەڵمانی بەمانای وشە درکیان بەمەترسیەکانی نەکردبوو، تەنها لەجەنگی گەورەی جهانیدا نەبێت.

بەڵام ئەوکاتەی هەستم بەم مەترسیەی جوولەکەکرد تەزێك هات بەنێو جەستەمدا، بەتایبەت ئەوکاتەی بۆم دیارکەوت کە ئەوە جووەکانن بازرگانی بە مرۆڤەوە دەکەن.

لەم کاتە بەدواوە بڕیاری کۆکردنەوەی هەموو ئەو زانیارییانەم دا کە لەدژی جولەکە بوون و تاوانەکانیانی دەخستەڕوو لەدەرهەقی نیشتمان و کۆمەڵگە. بەردەوام بووم لە بەدواداچوون کردنیان و لەدوا ساتیشدا بۆم دیارکەوت کە ئەوە جولەکەکانن سەرکردایەتی بزوتنەوەی سۆسیالیستی دیمۆکراتی دەکەن، دەستیان گرتووە بەسەر ڕۆژنامەوانیدا و هەر خۆشیانن ئاراستەکاری سەندیکا، زۆرێك لە ئەندامانی سۆسیالیستی دیمۆکراتی جوولەکەبوون، سەرکردەکانی سەندیکاش زۆرینەیان جووبوون، تەنانەت زۆرێك لەسەرکردەی خۆپیشاندان و ئاژاوەگێڕییەکانیش هەرجووبوون، زۆرێك لە سەرنووسەرەدیار و بەناوبانگەکانی ولاتیش هەم دیس جوولە بوون.

کەواتە ئەو پارتە بالایەی دەستەلاتی ولاتی بەدەستەوە گرتووە پارتێکی بەکرێگیراو یان دەستبەسەرکراوی بێگانەیە؛ چونکە جووەکان هەرگیز خۆشیان بە ئەڵماندا نایات و کار بۆ سەرخستنی ناکەن، کەواتە ئەمانە بێگانەن.

بەم شێوەیە توانیم لەکۆتادا ئاشنای ئەو گیانە شەڕەنگێزانەبم کە چۆك بە گەلەکەمان دادەنوێنێت لە ڕێڕەوتی پێشکەوتندا.

***

بەبەسەربردنی تاکەسالێکم لە ڤیەننا بۆم دیارکەوت کە هیچ کرێکارێك نییە بە خەون و خەیاڵ گومڕێ نەکرابێت و هەموان ئامادەن لەپێناو کەسێکی دەست پاکدا چەکەکانیان ئاراستەبکەن، منیش بڕیارمدا کە ئازادکردنی کرێکارەکان لە وەبەرهێنەرەکان بخەمە ئەستۆی خۆم و تاڕادەیەکیش لەم کارەمدا سەرکەوتووبووم، بەڵام هەرگیز نەم توانیوە تاکە جولەکەیەك قایلی ئەوە بکەم کە هەڵەیە و من ڕاست. زۆرم هەوڵدا بۆ هەڵگێڕانەوەی وەچە جووەکان لە مارکسیەت، بەڵام دواتر بۆم

دیارکەوت کە وتوێژ و تاوتوێکارییان پشت بەستە بە ڕێسای دیالێکتیکی جولەکەیی تایبەتی بۆیە لەم کارەمدا وەستام و نەم توانی وەلامێکی شیاوم دەست بکەوێت. ئەوکاتەشی دانەیەکیان ناچاری خۆبەدەستەوان دان دەبێت بەئامادەبوونی جەماوەر بەڵام لەڕۆژی دواتردا نکۆڵی لەم دیل بوونەی دەکات و پاشگەز دەبێتەوە لەو دۆڕانەی و دەست دەکات بەدرۆکردن و خۆی وەها پیشان دەدات کە ئەوە ئەم نەبووە یاخوود بەمێنانەوەی چەندین بیانووی گۆڵدەری لەڕێ لادەر دوژمنەکەی هەڵدەخەڵەتێنێت و ئەو شکست خواردنەی خۆی پێ لەبیردەباتەوە.

بەڕاستی جولەکە سەرداری ڕەوانبێژییە بۆدرۆ و سەرکردەی دۆزانانن.

بەمەش ئەم بۆ دەرکەوتنەم چەندین قازانجیان بۆم هەبوو: بەتەواوەتی ئاشنای کردم بە سەرکردەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی دیمۆکراتی و بەکارهێنانی هاوولاتیانم لەبۆ بەدەست هێنانی ئامانجەکانیان و پێکدادانم لەگەڵ جوولەکەکان لەبەر سۆزداریم بۆ ئەو کرێکارانەی کە بانگەشە ناوپڕکراوە جولەکەییەکانی سۆسیالیستی دیمۆکراتی لەڕێی ون کردبوون.

***

کرێکاران بەرپرسی کێشەکانی ولاّت نین، بەڵکو بەرپرسان ئەو کەسانەن کە بەخۆیان دەڵێن گرنگی پێدەرانی ولاّت و گەل، هانی پەیڕەوکردنی وێژدان و سنوردانان بۆ ڕێونیەکانی خەڵك و لەناوبردنی گەندەڵی گەندەڵ کاران دەدەن.

بەبڕوای من چارەسەر و بەدیهێنانی ئەم بانگەشانە تەنها لەڕێگەی لێ توێژینەوەی وردی مارکسیەت و سەرچاوە و پێشکەوتنەکانی و ڕێگریەکانی پێش لەم بەرەوپێشچونانەی دەبێت.

ئەو کاتەی سەرکەوتن بەدووی سەرکەوتنی ئەم بۆچوونە دەبینم جار بەدوای جار لەخۆم دەپرسمەوە: ئایا بەڕاست داڕێژەرانی ئەم بیرۆکانە بڕایان وابووە کەبەم چەشنە سەربکەون و بیرۆکەکانیان بلاّوبێتەوە؟ هەستیان بە دەرئەنجامە ماوە درێژەکانی مارکسیەت کردووە؟ یان خۆشیان قوربانی هەڵە پێوانە لێکدانەوە بۆکردن بوونە؟ ئەگەر وەلاّمی پرسیاری دووەم بالاّتربێت ئەوا پێویستە لەسەر هەموان بەتەواوەتی لەدژبەری ئەم بووچونەدا بووەستنەوە و لەناوی بەرن. بەڵام ئەگەر وەلاّمی پرسیاری یەکەمیش بالاّبوو ئەوا بەڕاستی داڕێژەرانی ئەم بیرۆکە پەتاییە ئەهریمەنی ڕاستەقینەبوونە ئەوەك مرۆڤ؟ چونکە ئەو مێشکەی توانیویەتی ئەم بیرۆکەیە

دابڕێژێتەوە بێگومان پلانی ماوە درێژیشی هەیە بۆ لەناوبردنی گەل و شارستانیەتەکانی دیکە و گۆڕانی جهان بۆ چۆڵەوانییەك لە هەمووشتێك، ئەم مێشکی مێشکی مرۆڤ نەبووە و نییە بەڵکو مێشکێکی گۆڕدراوی گۆڕدەرە.

لەم کاتەشدا پێویستمان بە نەبەردییە، نەبەردییەك پشت بەستراوبێت بەهەموو جۆرە چەکێکی بەردەست لەسایەی ئاوەزی مرۆڤ و خوازویستیەوە. لەسایەی قوڵبوونەوەم لە کێشەی جولەکەوە بەتەواوەتی ئاشنای مارکسیەت بووم بەبێ ئەوەی زۆر خۆمی پێوە ماندوو بکەم، ئەوە جووەکان بوون بنچینەکانیان داناوەو بانگەشەی بالأییان بۆ کردووە، زانیویانە چۆن ئەو بەهرانەی هەیانە لەم بوارەدا بەکاری بێنن و خەڵکانی دیکەی پێ گۆڵبدەن.

ئەم دەمەی ئەم ڕاستیەم بۆ دیارکەوت گەرامەوە بۆ خوێندنەوەی مێژوویی قۆناغەکانی گەشەی وەچەکانی جوولەکە و ئاراستەیان لە ڕەوتی مرۆڤ بوون و ڕۆڵیان لە ئاراستە پێگرتنی کاروانی مرۆڤایەتی، ئەم کاریگەرییەیان زۆری وروژاندم و پرسیم: ئایا بەڕاست کۆتایی مرۆڤ وەهایە کە دەبێت جووەکان دەستی بەسەردا بگرن و ببنە مرۆڤ و چینی بالأ ؟

بڕوای جوولەکە بە مارکسیەتی دەربڕاو دان نانێت بە ئەرەستۆکراتیەتدا،ڕەتی بەهای تاك مرۆڤی دەکات و زاڵبوونی ژمارەییش لەجێگەی هێز و توانادا دادەنێت، هەروەها ڕەتی بەرەی نەتەوەیی و ڕەگەزیش دەکاتەوە، مرۆڤ لەهەموو ئەو شتانە دادەماڵێت کە تەواوکاری شارستانیەتی مرۆڤ و بەردەوام بوونیەتی. ئەگەر ئەم بڕوایە ببێتە بۆچوونی پەیڕەوکراوی ژیانی گەردوونی ئەوا هیچ بەلایەوە گرنگ نییە کە هەموو سیستمەکانی حوکمڕانی لەناوبچن و جهان پڕببێت لە گێژاوی نەهامەتی بەخش و لەناوبردنی مرۆڤەکانیش لەکۆتاییدا.

ئەگەر جوولەکە بە بۆچوونە مارکسیەکانیەوە توانی بەسەر گەلانی جهاندا زاڵبێت ئەوا تاجەکەی گوڵبەندێك دەبێت لە لەشی مرۆڤ چنراو. لەم کاتەشدا هەسارەکەمان لە ڕێڕەوی خۆی لادەدات و مرۆڤ لەسەر ئەم ڕووی زەوییە بوونی نامێنێت.

سروشتی هەتاهەتایی وەهایە کە یەقی خۆی لەو کەسانە وەردەگرێتەوە کە لەفەرمانی خواوەند دەردەچن، بۆیە منیش بڕوام وایە کە بەپێی خواست و ویستراوی خواوەند دەجوڵێمەوە و بەرگری لەخۆم دەکەم لەدژی جوولەکە، لەم کارەشمدا مەبەستم پاراستنی کارکردەکانی خواوەندە.

١

چەند تێبینیەکی ڕامیاری گشتی

ژیان وای فێرکردم کەنابێت خراپە لەبەرامبەر مرۆڤی دیکەدا ئەنجام بدەیت,ناشبێت پێش لەوەی تەمەنت بگات بە سی سالان تەڤلی تاوتوێ و مقۆمقۆی ڕامیارێتی بیت. لەم تەمەندا مرۆڤ هەڵگری تفاقی پێویستیەتی بۆ بڕەودان بە بۆچەنەکانی, بێژەنگی وێژانی کێشە و بنەماکانیشی لادەستەبەردەبێت پێش لەوەی ڕۆبچێتە نێو باوەڕێکەوەو ڕێچکەی خۆی لەسەر پونێت بنێت. ئەوکاتەی مرۆڤ بوو بە خاوەن بۆچوونی تایبەتی خۆی و لەهەمبەر هەرکێشە و نەهامەتییەك کە دووچاری دەبێتەوە وەلامێکی لادەستەبەربێت ئەوکات بۆی هەیە دابەزێتەنێو گۆڕەپانی ململانێی ڕامیاریی پشت ئەستوور بە زانست و ئەزموواندن. بەڵام گەر خۆی بەباشی ڕانەهێنابوو هاتە نێو جهانی ململانێی ڕامیارییەوە ئەوکات خۆی بە بێزار و شکست خواردوو دەبینێتەوە, لەم کاتەدا مرۆڤ ناچاردەبێت یان ئەوەتا هەڵوێستی خۆی بگۆڕێت بۆئەو ڕێڕەوەی پەیڕەوی دەکات یام ئەوەتا لەسەر هەمان ڕێژنەی کار دەمێنێتەوە, سەرباری ئەوەی باش دەزانێت کە کارێکی نەشیاویشە و لەگەڵیدا ناگونجێت. لە باری یەکەمدا مرۆڤ ناچار دەبێت نرخی ئەم پەلەکردنەی بدات لەو تەڤلبوونە هەڵبەز و دابەزکارەی بۆنێو جهانی سیاسەت, لەم کاتەشدا گروپێك لەیاوەرانی لەدەست دەدات بەتایبەت ئەوانەی بۆچوونیان وەهایە کە ئەم گۆڕانە هیچ چاکسازییەکی شیاوی لێنابینن و بەهیچی دەزانن.

لەباری دووەمیشدا, کە لەم پۆژگارەماندا باوە, تاوەکو بەپوای سەرکردەکە بەو پێڕەوەی گرتوپەتیەبەر کەم بێتەوە ئەوەندە لەگوتارەکانیدا پووچی دیاردەکەوێت, هیچ وشەیەکی تیادا نابینیت کە خەڵکی متمانەی پێبکەن, تاوەکو لەگەڵ پشتیوانانیدا بەردەوام بێت لە وتوێژ چەندان هێند داواکاری لێیان پتردەبێت, لەکۆتایشدا یەکێك دەبێتەقوربانی و هەڵگەڕانەوەی سیاسی سەر هەڵدەدات, ئەم جۆرە کەسانە کە خاوەنی یەك جۆر بۆچونی نەگۆڕاون ئەمانە تەنها بۆچونیان نییە و هیچی تر, ئەمانە بەتەنها لەچەقەچناوەیی و درۆکردن بەولاوە هیچی دیکەیان لێناوەشێتەوە.

ئەگەر خەڵکی بەختیان پەش بوو لەوەی یەکێك لەم جۆرە کەسانە بگاتە پەرلەمان ئەوکات هەموو هەوڵێکی ئەم کەسایەتیە تێکۆشانێکی پاڵەوانانەدەبێت بەمەبەستی هێشتنەوەی (مانگاشیردارەکە) بۆ خۆی و خێزانەکەی, دەبێتە دوژمنی هەرکەسێکی دیکە گەر بیەوێت هەنگاوێك بەرەو سیاسەتکردن بنێت بەپێچەوانەی بۆچوونی ئەمەوە, تاوەکو بزوتنەوەی نوێ و کەسایەتی نوێ بێنەسەر شانۆی پامیارێتی ئەم کەسایەتییە ئەوەندەی تر دەترسێت لەوەی سەرەتای هاتنی ئەم کەسایەتییە پێدەچێت کۆتایی هاتنی خۆی بێت.

دواتر لەبارەی پەرلەمانەوە بۆچوونم دەخەمەپروو,ئێستاش دەگەڕێمەوە سەر باسی سەرەکی ئەم بەشەمان.

بێگومان ئەو کاتەی مرۆڤ تەمەنی دەگاتە سی ساڵی شتی زۆر فێربووە, بەڵام پادەی ژیریشی پشت بەستراوە بە پادەی خوێندنەوەو بەدواداچوونکردنی بۆ پووداو و دۆسیەکان, هەر لەم کاتەشدا مرۆی دەتوانێت بنەمای بیرۆکە پامیاریەکانی دابمەزرێنێت.

بەم شێوەیە پشتیوانانی چیتر ناتوانن هەستەکانیان بشارنەوە لەوەی لەپابردوودا وانەیەکی لێوە فێربوونە و گەشەی زانیاری سەرۆکەکەیان و فراوانی ئاسۆکەی مانای بوونی دڵنیایی سەرکەوتنی پێبازی پەیپەوکراوە.

سەرکردە هەندێك جار بەناچاری خۆی لەپێش گۆڕینی بۆچونە گشتیەکانیدا دەبینێتەوە بەوەی ناپاستە, پەفتاری سەرکردە هیچ سنورێکی نابێت و قالاش دەبێت لە ئابڕوومەندی و حورمەتداری گەر ئامادەی بەرگەگرتنی سزای پەفتارەکانی خۆی نەبێت. لەم بارەشدا باشتر وایە خۆی بەدووربگرێت لە دەستبردن لبۆ ئەنجامدانی هەر

جۆرە کارێکی سیاسی دواتری؛ چونکە کەوتۆتە هەڵەوە لە بۆچوون دروستکردن لەهەمبەر دۆخەکاندا, جارێکی دیکەش ڕەنگە بکەوێتە هەڵەوە, هەرچۆنێك بێت نابێ هەوڵی بەدەست هێنانی متمانەی هاوڵاتیەکانی بداتەوە , یان بیر لەوە بکاتەوە کە بەم متمانەیە قایل بێت, واتە گەر ئەزانی پێشیاوی سەرکردایەتی کردن نیت, بەوەی کەم متمانەی بەخۆت, ترسنۆکی, ناپاکی, ڕاڕای, بێ وادە و بەڵێنی....هتد, مەبە سەرکردە. بەڵام لەم ڕۆژگارەماندا ژمارەیەکی زۆر کەمی خەڵکی پابەندی ئەم شێوازە پلانە سەرکەوتوەن.

***

قییەنا لەو کاتەدا مێشکی ئیمپراتۆر و خوازویستی کارای بووە, وەکو ئەوەی پاشایەکی ڕێك و پێك لەسەر کورسیەکەی دانیشتبێت, ئەم دیمەنە بەسبوو بۆ بڕەودان بە دەستەڵات کە لەسایەیدا ژمارەیەکی زۆری گەلی پەرت دەژیان, هەروەها جوانیە سەرەنج ڕاکێشەکەشی خراپەکانی ئەو قوچەکەی دەشاردەوە کە ئیمپراتیۆریەتەکەی هەڵدەوەشاندەوە.

بەهۆی بەردەوامی ململانێی گەلە هەبووەکانی ئەو وڵاتەوە تەختی بەڕێوەبردنی وڵات هەژی, لەجیهانی دەرەوە و ئەڵمانیاش بەتایبەتی بەتەنها دیمەنی جوانی قییەنا لەنەمسا دەبینرا. بۆ پایتەخت پارێزگارێکی ژێر دانرابوو توانی نوێی بکاتەوە و جوانی و ڕەونەقداری پێببەخشێت, کە ناوی لۆجەر بوو, ئەم کەسە ئەڵمانییە بالأیە کە گەل هێنابوویە ئەم جهانەوە دەیزانی چلۆن ژیانەوە بە ناوچەی ژێر دەستەڵاتی دەبەخشێت.

دکتۆر لۆجەر بەشێوەیەکی فەرمی پیاوانی بالأی دەوڵەت خۆشیان لێنەدەهات, بەڵام توانیشی ئەم پەرچووە لەڕووی سیاسی و ئابوری و هونەر و..هتد هەوە لەم شارەدا بئافرێنێت, بەم کارانەی سەلماندی کە لەهەر پیاوێکی دیکەی وڵات (دیپلۆماتێکی تر) شیاوترە بۆ ئەم کارە.

ئەو نیوچە نەتەوەیەی کە بە نەمسایان دەگوت داڕووخا, مانای ئەوە نییە کە ڕەگەزی ئەڵمانی لەڕووی سیاسیەوە نەشیاوبن, کەواتە چۆن دە ملیۆن ئەڵمانی دەگۆڕدرێن و ڕێگە لەداڕووخانی دەوڵەت دەگرن بە بێ هاوکاری وڵات کە لەخۆگرتەی پەنجا ملیۆن دانیشتوانە ؟

ئەڵمانیە نەمساییەکان خاوەنی بۆچوونی فراوانی خۆیان بوون، خۆیان گونجاندووە بەژیانی نێو چوارچێوەی سنووری ئەمپراتۆریەتێکی گەورە، هەرگیز خۆشیان لەو ئەرکانە نەدزیوەتەوە کە لەئەستۆیان بووە، بۆساتێکیش چاویان نەبڕیوەتە هەڵوەشاندنەوەی سنووری سیاسی ئەم ولاتە سەرباری دووڕییان لەولاتی دایکەوە، زانیویانیشە چۆن ئەڵمانیا دەپارێزن پاش لە سەر نەگرتنی هەوڵی باوانیان لە یەکخستنەوەی لەگەڵ بەشی پۆژهەڵاتدا. دیارکەوتووە تێکۆشانی ئەڵمانییە نەمساییەکان تەنها لەم سنورەدا تەلبەند نەکراوە بەڵکو بژاردەیەکیان هەمیشە خەونی زیندووکردنەوەی ولاتی ئەڵمانیای گەورەیان هەبووە و بانگەشەیان بۆکردووە.

ئەڵمانییە نەمساییەکان بیریان فراوانترە وەك لە هاوولاتیەکانی دیکەی ولات، چالاکیە ئابوریەکانیان هەموو ولاتی گرتبۆوە. خاوەنی پرۆژەی زەبەلاح بوون و پۆچووبوونە نێو چەندین کایەو چالاکی جیاوازی وەکو بەڕێوەبردنی کار و سەرکردایەتی کردنی شارەزا و بەکارهێنەری گونجاو، لەهەمان کاتیشدا پۆلێکی بالایان هەبووە لەبازرگانی کردنی دەرەکیدا، هەموو ولات، لە پووی پامیاریەوە لە دەستی ئەڵمانییە نەمسا نشینەکاندا بووە، پاژەی ئالا لە سنوری ولاتی خۆی دووری دەخستەوە و وەکو سەربازێك لە بۆسنە و هرسك یان گالیسیادا لەژێر سەرپەرەشتی ئەفسەرەکاندا خەباتی دەکرد. نەمساییە ئەڵمانەکان بۆ ماوەیەکی زۆر پابەری کایەکانی هونەر بوونە: مۆسیك و وێنەکێشان و وێنەگرتن و ئەندازە و داتاشین، لەنەمسادا.

پەگەزی ئەڵمانی تەوەری سیاسەتی دەرەوەبوو گەر ژمارە دیاریکراوە هەنگاریەکە پشت گوێ بخەین.

سەرباری هەموو ئەمانە بەڵام سەرجەم هەوڵەکان بۆ پزگارکردنی ئەم فەرمان فەرمایە شکستی بۆ نوسرابوو؛ بەهۆی نەبوونی مەرجی بنچینەیی بۆ سەرکەوتن.

تاکە چارەسەر بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم کێشانەی ولاتی نەمسای فرە پەگەزدا بریتی بووە لەگەڕانەوە بۆ فەرمانڕەوایەتی لەسەر بنەمای ناوەندێتی. ئەم بیرۆکەیە زیادتر لەجارێك بەبیری کەسانی بەر پرسدا هاتووە بەتایبەت لەکاتەکانی هێمنی و بێ کێشەییدا، بەڵام هەموو جارێك بەبیانووی نەشیاوی بۆ جێبەجێکردن و چەسپاندن بەهۆی کەم تواناییەوە پەتیان دەکردەوە. ئەو پێدراوە ناوخۆییانەی ولات کە

بەرپرسان پشتیان پێدەبەست یارمەتی ئەم پوچبونەوەیەی دەدا بەپێچەوانەی ئەو پێدراوانەی ئەڵمانیا کە بسمارك پشتی پێبەستبوو. لە ئەڵمانیادا یەکخارەوە دەبوو زاڵبێت بەسەر نەریتەکانی سیاسەتدا, جگە لەمە رێگری دیکە بوونی نەبوو؛ چونکە ڕایخ لەخۆگرتەی تاکە گەلێك بوو بێجگە لە گروپە بچوکە بێگانەکان. بەڵام لەنەمسادا دۆخەکە پێچەوانە بوو کە خۆی لەسەر پاشماوەی ولاتانی دیکە پونێت نابوو, لەهەر پارچەیەکی ولاتدا هەست و لایەنگیری بۆ ولاتێکی تر هەبوو. ململانێی نەتەوەکان لەم ولاتەدا زۆر بە ڕوونی دیارکەوت بەتایبەت بۆ ئەو ولاتە نەتەوەییانەی کە لەدەوروبەری نەمسادا دروستکرابوون, زۆرێك لەو دەوڵەتانە پاشکۆیەکی نەتەوەییان لەخاکی نەمسادا هەبوو, بەتایبەت لەڕووی نوێژ و نەریتەکانەوە.

تەنانەت ڤییەناش کەوتە ژێر کاریگەری ئەم ململانێیەوە و نەیتوانی تاسەر هاوسەنگی خۆی ڕابگرێت.

ئەمەش پاش لەوەی بودابست وەکو شارێکی گەورە دیارکەوت ڤییەنا خۆی لەپێش قەرەکێشەیەکی توندی نێوان نەمسا و هەنگاریادا دیتەوە بەجۆرێك کارەکەی بریتی نەبووە لە هێشتنەوەی پەیوەندی نێوان ئەم دوو ولاتە بەڵکو لەقاڵب دانی ئەم کێشەی جیابوونەوەیە بوو. دواتریش هەریەکە لە پراگ و لامبرگ و لایباخ هەمان ڕێچکەی بودابستیان گرتەبەر و بوون بە پایتەختی ولاتانی جیاوازی خاوەن گەل و نەتەوەی تایبەت مەند. ڕەنگە ئەو ڕۆژە بێت کە ئەم ململانێی سەربەخۆ خوازی و جیاکاریەی گەلان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش ببێتەهۆی هەڵوەشاندنەوەی تەواوی نەمسا.

ئەم بەرەپێشچوونە بەڕوونی دیارکەوت بەتایبەت پاش لەمردنی فرنسوا جۆزیفی دووەم, کە هۆکارێکی زۆری هەبووە و خۆشمان هەندێکمان لێخستەڕوو, کە دەتوانرا کاردانەوەی ئەوانی دیکە بکرێت لەڕێگەی پێشخستنی کاردانەوەی نێو دەوڵەتییەوە. ئەگەر ئارەزووی هێشتنەوەی ئەم ولاتە بکرایە ئەوا دەبوو پێش لەهەموو شتێك پەنا بە ناوەندچێتی بگیرێت. دیارکەوتووە کە پشت بەستن بەم پەیڕەوە پێویستی بە ڕێکخستنی پێش وەخت هەیە: دانانی یەك زمان وەکو زمانی فەرمانی ولات, برەوپێدانی هەستی نیشتمان پەروەری, ئامادەکردنی دەزگاکانی ولات بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیان لەسایەی ئامرازی شیاوەوە. ناشبێت ئەوەمان لەبیربچێتەوە کە ئافراندنی

هەستێکی نیشتمانی هاوبەش بەکاری یەک و دوو رۆژێک نایاتە بەرهەم, بەڵکو پێتڤی بەدەیان ساڵە گەر پێویستی بە دەیان وەچەش نەبێت, ئەمەش لەڕێگەی خوێندنگە و بانگەشەی ڕێکخراوەکانەوە دەبێت.

هێشتنەوەی نەمسای بەسالأچوو زیادتر لەهەموو ولأتێکی دیکە پەیوەست بووە بە ڕێگری ناوەندی دەستەلأتداریێتیەوە, هەژاربوو لەهەموو پایەکانی دەوڵەتداری: مەبەستم لە هێزی لێدەرچووی سەرچاوەگرتوو لە نەتەوەچێتی بۆ دەستەبەرکردنی ڕەگەزەکانی هێشتنەوە و گەشەی. بەمەش ولأتی نەتەوەیی لەسایەی بەرگری سروشتیەوە دەمێنێتەوە و توانادارە بۆ مانەوە بۆماوەیەکی درێژی شیاو و بەتواناشە لەبەرامبەر کارگێڕی ناتەندروستیشدا. ولأتی نانەتەوەیی لەوکەسە دەچێت کە پێکهاتەکانی ژیانی لێدابماڵیت, لەم کاتەدا بەشێوەی جەستەیەکی مردوو دیار دەکەوێت تا ئەوکاتەی گیانی تێتەوە بەر و گەشەی دەست پێدەکاتەوە, لەم کاتەدا پارچەی مردنی لەسەر لادەبرێت و خەڵکانی دیش بە دیمەنە زیندەییە لێ هەڵقوڵاوەکەی سەرسام دەبن.

بەڵام ئەمە بەهیچ شێوەیەک بۆ ولأتی پێکهاتوو لەچەند نەتەوەیەک شیاوەنییە, ئەمانە لەڕێگەی خوێنەوە لەیەک ناچن و پێکەوە گرێنادرێن, بەڵکو ئەوە گورزێکە پێکەوەیانی بەستۆتەوە. ئەگەر ئەم دەستە ئاسنیەن خاوبۆوە ئەو کات لەبری پێکەوەبەستنی گەلەکان هۆکاری دیارکەوتنی ململانێ دەبێت.

ئەم مەترسیە شاراوەیە دەتوانرێت لەڕێگەی پیادەکردنی پەروەردەیەکی هاوبەش و نەریتی هاوبەش و بەرژەوەندی هاوبەش و..هتد ەوە لەناوببرێت, کە لەڕێگەیەوە هاو نیشتمانان دەتوانن بۆ ماوەیەکی زۆر دگەل یەکتردا لەسایەیدا بژین. کەواتە ئەو ولأتەی مانەوەی پەیوەست بێت بە دەستێکی ئاسنینەوە ئەوا لەناوچوونی زۆر ئاسانە, تائێستا چەندین فەرمانفەرمامان بینیوە کە چلۆن تیاچوونە, بۆیە پێویستە ولأت لەسەر بنەمای سروشتی دابمەزرێت و ڕەگەزەکانی مانەوەی تیادەستەبەربێت.

هەڵەی خێزانی هابسبۆرگ ئەوەبوو کە درکیان بەم ڕاستیە میژوییە نەکردبوو, جگە لە فرانسواجۆزێفی دووەم کە بەتەواوەتی تیشکی خستبوەسەر ئەو خاڵانەی مەترسی دەخەنە سەر ولأتەکەی, درکی بەوەکردبوو کە نەمسا دەکەوێتە هەمان هەڵەی بابلی نوێوە گەر کار نەکات بۆ چاکسازیی کردنی ئەوەی پێشینانی تێکیان دابوو,لەم

بوارەشدا بۆماوەی دەسالّ نەحەسایەوە, بەلّام لەناوەڕاستی ئەم کارە گرنگەیدا چەرخی ژیانی کۆتایی پێهات.

***

ئەودەمەی بای شۆڕشگێڕی دای بەسەر ئەوروپادا نەمسا پوکایەوە. بەلّام ئەم شۆڕشە بەهۆی دۆخی کۆمەلّایەتی یان پێکدادانی چینەکانەوە نەبوو بەلّکو زێدەتر بەهۆی ملمالانێ نەتەوەچێتیە دژبەرەکانەوە بووە.

بەلّێ شۆڕشی ١٨٤٨ ی خەباتی نێوان چینەکان گڕ و زمانەکەی گەیشتە هەموو ولاّتان جگە لە نەمسا کە شۆڕش تێیدا لەسەر بنەمای نەتەوەچێتی بوو.

بەلاّم نەمساییە ئەلّمانەکان کە سەرچاوەی شۆڕشەکەیان لەبیرکردبوو یان نەیان دەزانی بۆچی بەشداری ئەم شۆڕشەشەیان کردووە, بەو پەڕی توانایانەوە هەولّی بەدیهێنانی دیمۆکراتی پۆژئاوییان دەدا لە ولاّتدا , کەزۆری نەبرد تابە دژبەری خۆیان شکایەوە.

پێش لە گرنگی دان بە زمانی هاوبەش پەرلەمان دامەزرا بەمەبەستی لێدانی ئەلّمانی زمانەکانی ولاّت, لەو کاتەش بەدواوە ولاّت بەرەو پوکانەوە دەڕۆیشت. بەلاّم زۆربەی نەمساییەکان نەیان دەتوانی لەبەریەك هەلّوەشانەوەی هەرێمەکان ببینن.

ناچەمە نێو شیکاریەکانی بەدەر لەچوارچێوەی ئەم پەرتووکەم , بەلاّم ئەو هۆکارانەی کە هەبوون و هەن و بەردەوامیش دیارکەوتوون لە هەرەس پێهێنانی ولاّت و لەناوبردنی گەلەکانی دەخەمەڕوو.

٢

پەیڕەوی پەرلەمانی

لە لوتکەی ئەو چەرخەی کە پێخۆشکاری دەکرد بۆ خێرا هەڵوەشاندنەوەی نەمسای یەکگرتوو بریتی بوو لە پەرلەمان، یاخوود بە بێژە نەمسایەکەی ((پایخسترات)). خەڵکانی نەمسا ئەم پەیڕەوەیان لە بەریتانیاوە وەرگرتووە، نیشتمانی دیموکراتیەتی کۆن، بەبێ ئەوەی هیچ شێوە چاکسازییەکی ناوکڕۆکی بۆ ئەنجام بدەن. لە ڤیەننادا دوو ئەنجومەنی پەرلەمانی دامەزرا: ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی پیران، کەلەشێوەی هەمان دوو ئەنجومەنی پەرلەمانی ئینگلیزین: ئەنجومەنی گشتی و ئەنجومەنی لۆردەکان دامەزرێنرابوون، جیاوازی نێوان ئەم دووجۆرە پەرلەمانە تەنها لەشێوازی چۆنێتی پازاندنەوەی هۆڵەکانی کۆبونەوەدا بووە. لەبەریتانیادا باری ئەندازیار هەستا بە پازاندنەوەی پەرلەمان بە زەغرەفەی بەشان پیاهەڵدەری ئەمپراتۆریەتی بەریتانی، بەڵام ئەندازیاری دانیمارکی هانسن پشتی بە شوێنەوار بەستبوو بۆ پازاندنەوەی خانەی پەرلەمانی نەمسا، هۆڵی کۆبوونەوەشی بە پەیکەری گەورەپیاوانی دەوڵەت و فەیلەسوفانی ئەغریق و ڕۆمان پازاندبۆوە.

ئەوکاتەی بۆیەکەمین جار ڕۆشتمە نێو کۆشکی فرانز نسرغ (خانەی پەرلەمان)ەوە بەمەبەستی ئامادەبوون لە کۆبونەوەیەکی پەرلەماندا تەمەنم نۆزدە ساڵان بوو، لەکاتی بەدواداچونم بۆ تاوتوێکاریەکان هەستێکی نامۆم لا پەیدابوو بەوەی پەیڕەو یان سیستمی پەرلەمانی لە نەمسادا بەمانای وشە پووچ و هەڵوەشاوەیە.

لەدژی پەیڕەوی پەرلەمانی نەبووم وەکو دامەزراوە، هەر لەسەرەتای ژیانمەوە پارلەمانم وەکو دامەزراوەیەکی پێشیاو دەزانی بۆ ولاتێکی وەک نەمسای پڕ لە

کێشەکێش و نەهامەتی، بڕوام بە بوونی دیکتاتۆریەت هەبوو لەپاڵ کورسی دەستەڵاتی هابسبۆرگ لەدژی ئازادی و لۆجیکدا.

ناتوانم ئەوە بشارمەوە کە بڕواداریم لە پەیڕەوی پەرلەمانی لە پارلەمانی ئینگلیزیەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەم پێخۆشبونەم لە مێشکمدا چەسپا بەتایبەت ئەوکاتەی سەرقاڵی بەدواداچوون بووم لە تاوتوێ کردنی ئەنجومەنی گشتی لەڕێگەی ڕۆژنامەکانەوە، بەڵام بەهۆی ئامادەبوونم لە کۆبوونەوەکانی پارلەمانی نەمسادا ئەم بڕوایەم پووچ بوویەوە، لێرەوەش جیاوازی تەواوم بۆ دیارکەوت لەنێوان ئاوەزی ئینگلیزی و نەمسایی، لەگەڵ دیارکەوتنی زیانە کلاسیکە کوێر ئاساکانی ئەم پەیڕەوی لاسایی کارییە.

بۆم دیارکەوت لە پەرلەماندا لەسایەی ئەم دەستەڵاتە نوێیەوە بەشدارێتی ڕەگەزی ئەڵمانی بەرەو کەمبوونەوە ڕۆیشتووە. تائەم کاتەش ئەوساتەی هەڵبژاردنی نهێنی لە پەرلەماندا ئەنجامدرا زۆرینەی ئەڵمانی بوو، بەڵام لە هەڵبژاردنی گشتی دا ئەم زۆرینەیە پووکایەوە و بووەهۆی ئەوەی نەمسا سروشتە ئەڵمانیەکەی لەدەست بدات.

پاش لە هەستکردنم بەم ڕاستیە ئازاراویە ڕقم لە ئەنجومەنی نوێنەران دەبووەوە لەبەر ئەوەی بە دوژمنی هەموو ئەڵمانییەکم دەزانی، لەسەر ئەم بنەمایەش پەرلەمانم دەبینی و گوێگری وتە و بڕیارەکان نەدەبووم و هیچیشم وەرنەدەگرت تەنها ئەوانە نەبێت کە ڕقی زیادتریان لەم بارەیەوە لەناخمدا دەچێنا و دەبوونە هاندەرم.

ئەو کاتەی بۆجاری یەکەم ئامادەی دانیشتنێکی پەرلەمانی بووم، سەدان کەس لە نوێنەرانی گەل تاوتوێی باری ئابوری وڵاتیان دەکرد، بۆم دیارکەوت ئەو وتارانەی لێرەدا پێشکەش دەکرێت هیچ بەهایەکی هزری نییە، چونکە بە سڵاڤی و زمان و شێوە زاری جیاواز دەدوان. دواتر دیمەنێکی پێکەنیناویم بینی لەوەی پاش لە قسەکان مقۆمقۆیەکی توند هاتەئاراوە و دیتم ژمارەیەك لە نوێنەران بە بۆکس لە مێز و کورسیەکان دەدەن و سەرۆکی پەرلەمانیش بە تورەییەوە بە چەکوشی ئاگادارکردنەوە زەنگی بۆ لێدەدان، داوای لە ئەندام پەرلەمانەکان دەکرد پابەندی ڕێساکانی نێو هۆڵی پەرلەمان بن و ڕێزی پەرلەمان نەشکێنن!

بە چەند هەفتەیەك پاشتر جارێکی دی ئامادەی کۆبونەوەیەکی دیکەی پەرلەمان بووم، لەم کاتەدا پتر لە سی لە سەدی نوێنەرانی گەل ئامادەی نەبوو، نیوەیان

خەوتبوون، نیوەکەی دیکە گوێیان بۆ قسەی ئەندامەکانی دیکە رادێرابوو. جاربەجاریش باوێشکیان دەدا. سەرۆکی پەرلەمانیش چاوی بەهەموو سوچەکانی هۆڵەکەدا گێرەدا و تۆپەیی پێوەدیاربوو.

بەردەوام بووم لەسەردانی کردنی پەرلەمان و هەرکاتێك دەماتەوێ کەسایەتییەکم وەردەگرت و بەتێپەڕوونی کات بۆچوونم لەبارەی پەرلەمان وەکو دامەزراوەی شیاو گۆڕدرا و بەتەنها ڕقم نەدەبۆوە لە پژمی پەرلەمانی نەمسایی بەڵکو ڕەتی ئەم شێوازی فەرمانڕەوایەتیەشم دەکردەوە بە ڕەهایی. ئەوکاتەی هەستم بەخراپی دۆخی پەرلەمانی پووچ لە زۆرینە ئەڵمانی دەکرد، بەدووی بنچینەی دیارکەوتنی ئەم نەخۆشیەدا دەگەڕام لەوەی بەشێوەی دامەزراوە لێی بنواڕم.

لێرەوەش کەمەکەمە بیرۆکەی ڕاستەقینەم لەبارەی پەیڕەوی پەرلەمانییەوە کەبەباشترین شێوازی حوکمڕانی هاوچەرخ دادەنرێت بۆ دیارکەوت. ئەم پەیڕەوە شێوەیەکی تایبەتی وەرگرت لە مێشکمدا و دواتر بەهۆیەوە ناواخنم گۆڕدرا. بەڵام ئەو هیچ نەگۆڕا.

بۆم دیارکەوت کە دیمۆکراتیەتی ئەورووپای ڕۆژئاوا پڕەلە لە بیرۆکەی مارکسیەت، کە بەبێ پەیڕەوی پەرلەمانی ناتوانرێت بەرجەستەبکرێت. بەڵێ دیمۆکراتی ئەو خاکەیە کە زیندەزیانی مارکسیەتی تێدا نەش و نمادەکات، ئەم نەخۆشیە جیهانییە لەم ڕێگەیەوە بلاو دەبێتەوە. مارکسیەت و پەرلەمانی دوو هاوتای پێکەوە گرێدراون.

سوپاسی ڕۆژگار و چارەنوسم کرد لەوەی توانیم ئەم کێشەیە لە قۆناغدا ئاشنابم، ئەگەر لەئەڵمانیادا ئاشنای بوومایە ڕەنگە ئەم بڕیارەی ئێستام نەدایە.. واتە گەر خەوشیەکانی پەیڕەوی پەرلەمانی لە ئەڵمانیادا پێش لە قۆناغدا بۆم دیارکەوتبایە ئەوا ڕەنگە بۆچوونی جیاواز لە ئێستام هەبایە و بەدەم هەمان ئاراستەی باوە بڕۆیشتمایە لەوەی کە: چارەنووسی گەلی ڕایخ بەستراوەتەوە بە بەهێزکردنی ناوەندێتی ئیمپراتۆرەوە.

لە نەمسادا هیچ مەترسیدار نەبوو بۆئەوەی ئەم بڕیارە بدەم ؛ چونکە بڕوام وابوو کە بنەماڵەی هابسبۆرگ لە پەرلەمان چاکتر نین، کەواتە هیچ جیاوازییەك نابێت لەنێوان ماڵی پاشا و پەرلەماندا و هەردووکیان هاوتا و یەکن. ئەوەشم هەست

پێدەکرد نەمانی پەیڕەوی پەرلەمانی مانای پێدانی دەستەڵاتی تەواوە بە بنەماڵەی مابسبۆرگ و ئەمەش فەتارەت و نەهامەتی تەواو بەدووی خۆیدا دێنێت.

هەرچەندە من لەو کاتەدا بەتەمەن منداڵ بووم، بەڵام بەدووی چارەسەری ئەم کێشەیەشدا بووم، ئەمەش وای لێکردم بە درێژی بیر لە گرانی دیاری کردنی بەپرسیارێتی ئەم دۆخە بکەمەوە و بەزوویش بۆم دیاردەکەوێ ئەم نەهامەتیانە بەهۆی دانانی کەسی نابەرپرسەوەیە لەپۆست و پێگە گرنگەکانی دەوڵەتدا و ئەم کەسانە هیچ بەرژەوەندی کۆمەڵانی خەڵکیان لەپێش چاو نییە. ئەو کاتەی پەرلەمان بڕیارێکی دروست دەدات و بەمەڵە پەیڕەو دەکرێت ئەو کات کەسێك نابینێت ببێتە بەرپرسیاری ئەم هەڵانە و دواتریش ناتوانی هیچ کەس بەمە تۆمەتبار بکەیت، بەڵام ئایا بەرپرسیارێتی هەڵەکردنەکان لەڕێگەی دەست لەکارکێشانەوەی وەرزیرێك یان هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانەوە چارەسەر دەبێت؟ ئایا دەبێت زۆرینەی ناڕێك بە بەرپرسیاری پەسەندکردنی ئەم بڕیارە هەڵە پەیڕەوکراوە دابنرێت ؟

کەواتە گەر هیچ کەسێك بەرپرسیارێتی هەڵنەگرت ئەوکات بەرپرسیارێتی چ مانایەکی دەبێت؟ چۆنیش دەبێت سەرۆکی حکومەت یان کۆمەڵە کەسێك بەبەرپرسی ئەو کێشانە دابنرێت کە لەناکاو هاتۆتەبوونێ؟

ئەوکاتەی کەسێك لە پەیڕەوی زۆرینەی پەرلەمان لایدا ،کە پەسترین نەخۆشی باوی دامەزراوەی پەرلەمانییە، کەواتە ئایا دەگونجێت بەم کەسە بگوترێت نەشیاو ؟

یان ژێرێتی ڕەنگدانەوەی ئاکارەکانی نەبێت وەکو ئەوە وایە کە هێرشی زۆرینەی بێدەنگ بکات؟ کەواتە ئەوکاتەی جەماوەری پرۆژەکەی کەم دەبێتەوە کام چەشنە ڕێباز پێویستە کەسی سیاسی پەیڕەوی لێ بکات ؟

ئایا دەبێت دوای بخات؟ یان بۆچوونی هاوڵاتیەکانی دیکەی وڵاتەکەی بەگەمژانە دەزانێت و چاوپۆشی لەو کارانە دەکات کە بە پێویستی زیندەیی دەزانێت؟ ئایا دەست هەڵدەگرێت یان بەردەوام دەبێت ؟

کەسی ئەتواردار چۆن دەتوانێت ڕێکخستنێك ئەنجام بدات لە نێوان ئەم دۆخە ناوازەیە و ئەوەشی بە پێویستی دەزانێت بەڵکو بەکارێکی ئابڕوومەندانەی دەزانێت ؟

سنوری جیاکاری نێوان ئەرکداری لەبەرامبەر کۆمەڵ و نێوان ئەوەی پێی دەڵێین پێویستیەکانی ئابڕوومەندی چی دەبێ ؟

ئایا بەڕاست ئەوە ئەرکی سەرکردەی ڕاستەقینەیە کە ئەو شێوازە فەرمانڕەوایەتیانە پەیڕەوبکات کە نزمی دەکەنەوە بۆ ئاستی هەستکردن بە شارەزایانی سیاسەت ؟

ئەو کاتەی ئەم سەرکردەیە دابەزییە ئەم ئاستە و هەستی کرد ئەو کات دەبێتە یاری دەستی دەستەیەک, بۆچوونیان پەیڕەودەکات و بەرژەوەندیەکانیان بەدی دێنێت, ئایا بەڕاست بنەمای زۆرینەی پەرلەمانیش ناوەستێتەسەر گەمارۆدانی بەرپرسیارێتیەک لەدەوری سەرۆکی پەرلەمان؟ ئایا بەڕاست تاوەکو ئێستاش بڕوا وایە کە فاکتەری بەرەو پێشچوونی مرۆڤایەتی مێشکی زۆرینەیە نەوەک تاکە کەسێک؟

ئەو کاتەی بنەمای پەرلەمانی زۆرینە بەسەر کەمینەدا دەسەپێت و سەرۆکیش ناچاری هەژماردن دەبێت, ئەو کات بنەمای ئەرەستۆکراتی سروشتی دەپۆشێت کە دۆخەکان دەخاتە ئەستۆی بژاردە. سەبارەت بەو فەتارەتانەی کە ئەم دامەزراوە هاوچەرخییە دەینێتەوە, دامەزراوەی سەرکردایەتی پەرلەمانی, ئەوا خوێنەری ڕۆژنامە جولەکە خوازەکان بەئاسانی ناتوانێت ئاشنایان بێت و بیرۆکەیەکی لەبارەوە بۆ دروست بێت, تەنها مەگەر بەباشی ئەو کەسە خۆی لەم بوارەدا پێگەیاندبێت و نەکەوێتە ژێر کاریگەری هیچ کەس و بۆ چوونێکی دیکەوە!

پەیڕەوی پەرلەمانی کەشێکی گونجاوی وەها بۆ شارەزایانی بواری سیاسەت دەڕەخسێنێت کە ڕووداوە سیاسیە گەورەکان بەشێوەی ڕووداوی بچووک و هیچی پیشانبدەن. ئەم دۆخەش زیادتر لە سەرکردەیەکی ڕامیاری هانی دەست لەکارکێشانەوە دەدات لە سیاسەت کردن؛ چونکە سیاسەت یەکسانی و ناکۆکی لەنێوان دەستەلاتدار و زۆرینەدا بەجوانی پیشان داوەو دەدات, سروشتی ئەم شێوە سیاسەتە دگەل ئەو سەرکردە بەناوبانگە سیاسیانەدا گونجاوە کە خاوەنی مێشکێکی پوچن و بەمە هەڵخەڵەتاو و کاریگەرن.

ڕامیاری کارێک خاوەنی ئەم بۆچوونە پوچگەراییەبێت ئەوا هیچ خۆی ناکاتە خاوەنی بەرپرسیارێتی کارە نەشیاوەکانی, ئەم کەسانە باش دەزانن ئەمڕۆبێت یان سبەی هەر لەناودەچن بۆیە بەباشی گرنگی بە داپۆشینی ئەم هەڵانەیان دەدەن و ناهێڵن بەئاسانی دیاربکەوێت.

بەراستی ئەو زۆرینەی پەرلەمانیەی کە خۆ لە ژمارەیەک چەندچەن کاری زیادەڕۆدا دەبینەوە ڕەت دەکرێتەوە بەزیادتر لەوەی کەسێکی درەوشاوە ڕەتی بکاتەوە. بوونی ئەنجومەنێکی نوێنەرانی پووچ لە کەسی شیاو یارمەتی دەرکەوتنی سەرکردەی ئاسایی دەدات بەوەی ببێتە ڕابەر و هەموان شوێنی بکەون، لەم ڕێگەیەوەش هەموو ئەندام پەرلەمانەکان ئاواتی ئەوە دەخوازن ڕۆژێک بێت بگەنە پلەیەکی بالآتر لەم دۆخەی ئێستایان.

دیاردەیەکی دیکەش لەنێو پەرلەماندا باوە ئەویش ترسە کەلەزۆرێک لە ڕەفتار و کرداردەکانی دەستەیەکی گەورەی سەرکردە ترساوەکانمدا ڕەنگی داوەتەوە. ئەو سەرکردەیە بەختدارە کە پرۆژەیەک پێشەکەش بکات و بەزۆرینە پەیڕەوبکرێت و خەوشیەکانی بۆ دابپۆشن. ئەو کاتەی چاو دەخرێتە سەر دزێکی سیاسەت و نیگەرانی دایدەگرێت پێش لە بڕیاردان ئەوکات دەتوانی بڕیاری گەندەڵبوونی ئەو سیستمی پەرلەمانییە بدەی، بەوەی لەم کاتەدا بەتەنها پشت بە زۆرینە هاوبەشەکانی دەبەستێت کە ئەو تەنانەت ئەگەر پرۆژەکەشی تاوتوێ بکرێت ئەوا خۆی لەهەموو بەر پرسیارێتییەک بێبەری دەکات.

ئەو پیاوەی لە بەرپرسیارێتی کارەکانی ڕابکات بەوەی ئەو کەسانەبدۆزێتەوە کە ئەم خەوشانەی بۆ داپۆشن ئەوا جگە لە ناو هیچی دیکەی نییە و بەس پیاو نییە و هیچی تر، بەراستی ترسنۆک و خوێڕیشە. ئەو نەتەوەیەی سەرکردەکانی لەم چەشنە کەسانەبن ئەوا جگە لە نەهامەتی و بەدبەختی هیچی دیکە بۆ نەتەوە ناهێنن. بەجۆرێک لەم کاتەدا لە ولآت کەسێک نابینیتەوە ئامادەی گیان بەخشینی خۆی بێت لەپێناو یەکخستنەوەی نەتەوەو ڕزگارکردنی لەو کێشانەی لەم کاتەدا بەرۆکی دەگرن.

هاویشتنی ئەم هەنگاوە بەجەرگە لە زۆرینەی دانیشتوانی ولآت ناچاوڕوان کراوە؛ چونکە زۆرینەی ولآت تەنها گەمژە و ترسنۆکەکان و بەسەد کەسیانەوە ناتوانن ببنە کەسێکی ژیر و کالفیامیشیان زۆرە و ناتوانن بڕیارێکی تەندروست و پالەوانانە بدەن. ئەمە و جگە لە خۆدزینەوەی سەرۆکی حکومەت لە ڕووبەڕووبوونەوەی بەرپرسیارێتیەکان هانی ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی پەرلەمان دەدات تەنانەت بێهێز و نەزانەکانیشیان بەوەی چاو ببڕنە ئەم پۆستە و گەیشتن بەم پۆستە بەچەند کاتژمێرێک لەدووری بزانن. ئەو کاتەی یەکێک لەمان و پێچەوانە بۆچوون گەیشتە ئەم

پۆسته و کورسی دەستەڵاتی دەست کەوت ئەوکات هاوڕێکانی دوێنێی سەرو خوار وەری دەچەرخێنن و گێتی لەسەری ژێر و ژوور دەکەن. بەڵام گەر پۆستێکی نزمتری وەرگرت ئەوکات ڕێزی دەگیرێت و دەیخەنەڕیزی خۆیانەوە لە پرسی چاودێر و چاوەڕوان کاران.

کەواتە بەم شێوەیەبێت ئەوا چاو تەنها لەسەر پێگە و پۆستە گرنگەکانی وڵاتە و ئەوکاتەی کەسێکی ژێر دێتە سەر دەستەڵات و دەیەوێت چاکسازیی بکات ئەوا لەڕێگەیدا بەربەستی گەورە دروست دەبێت و گەندەڵکاران دژی دەوەستنەوە؟ چونکە سنوریان بۆ دادەنێت و نوکی قامچی زۆرداریان دەشکێنێت.

بەڵێ خاوەن کورسی بە هەستیارییەوە وەزیرەکانی هەڵدەبژێرێت. بەڵام دیسان لەم کارەشیدا پشت بەڕاوێژی زۆرینەی پەرلەمان دەبەستێت. سەبارەت بەبازاڕی ڕێککەوتنە سیاسیەکانی لای وەزیرەکان و دابەشکردنی جانتاکان ئەوا قسەکردن لەم بارەیەوە شەرمی ناوێت؛ دیمەنی پەیوەستی دیموکراتیەتی پۆژئاوایە، ئەنجامەکەشی جیاوازتر نابێت لە بەهای بنەمای پشت پێبەستراوی.

لەکاتی دانان و پێکهێنانی وەزارەتەکانی حکومەتدا بەرپرسەکان دووپاتی ناولێنانی وزیر و جێنشینەکانی دەکەنەوە بەوەی ئەوکاتەی فلاّن وەزیر بڕوات دەبێت فیسارکەس جێگەی بگرێتەوە و ئەو دێت و ئەم دەڕوات، بەم شێوەیەش هەموو تەماحکاران قایل دەکرێن، لەم کاتەشدا ئاژاوەگێڕان هانی بەرپاکردن و نانەوەی ئاژاوە دەدەن و بەم شێوەیەش گۆچانەکەیان دەخەنە سەر پشتی ئامرازی فەرمانڕەوایی کار، ئەمەش بەهۆی ئەوەوەیە کە یان ئەوەتا بەشداری حکومەت نەکراون یام دەوڵەت بەپێی خواز ویست و بەرژەوەندیەکانیان ناجوڵێتەوە و هەنگاونانێت.

٣

ڕای گشتی

بە تەنها باسی شێوازی هەڵبژاردنی نوێنەرانی گەل ناکەم یان ئەو ڕێگەیەی کە لەسایەیدا دەتوانن ئەوکورسیانەی پێبەدەست بێنن کە زۆر گرنگە بەلایانەوە. ئەو خەڵکەی خاوەنی هۆشیاری سیاسی نییە چاوەڕوانی جیاکردنەوەی باش و خراپی ئەم کەسانەی لێناکرێت, ئەو کەسانەشی دیسانەوە خۆیان هەڵدەبژێرن گەر خاوەنی هۆشیاری سیاسی نەبن ئەوا نازانن چۆن بۆچوون و حەز و سپاردەکانیان بەخەڵکی بەگەیەنن.

ڕای گشتی تەنها ناوەستێتە سەر ئەزمونی تایبەتی و زانستی خودییەوە؛بەڵکو زۆرکات کەوتۆتە ژێر کاریگەری بانگەشەی بەلاوە پەسەند و بەبێ هەستکردن ژەهرەکانی ئەم بۆچوونە لەنێو خوێنی جەماوەردا بلاو دەبێتەوە لەکاتێکدا خۆیشی هیچ هەستی پێناکات. ئەوە ڕۆژنامەوانییە خەڵکی پێدەگەیەنێت لەڕێی بابەتی بلاوکراوەیەوە, ولاتیش زۆرجار دەستی نییە لەئاراستەکانی ڕۆژنامەکاندا, ئەم خوێندگەیەی کە ڕۆژانە خەڵکی وانەی لێوە وەردەگرن, ڕۆژنامە لەدەستی کەسانی بەهێزدایە و فەتارەتی لێوە دەئافرێنن. ئەو کاتەی لە ڤییەنابووم بۆم لوا تێکەڵی خاوەن بڕیار و بۆچوونەکان و بلاوکارەکەشیان بووم , زۆرم بەلاوە سەیربوو ئەم کەسانە دەتوانن بەئاسانی بۆچوونێکی وەها لەناخی جەماوەردا بچەسپێنن کە زۆرجار لەدژی خوودی جەماوەریشە. لەماوەی چەند هەفتەیەکدا ڕۆژنامەکان دەتوانن ڕووداوێك پووچ بکەنەوە یان ڕووداوێکی پووچ ئەوەندە گەورەبکەنەوە کورسی دەستەلاتی ولاتی پێ بهێننە لەرزە, دیسانیش دەتوانن لەم ڕێگەیەوە پەردە پۆشی کێشە زیندەییەکان بکەن و جەماوەریش هیچ هەستێکی پێناکات.

بەم شێوەیە بانگەشەی گەورە لەکەسانی نادیار و ونەوە دیاردەکەوت و پای گشتی بۆلای خۆی کێش دەکرد و ببوونە هیوای نەتەوەو خاوەنی جەماوەرێکی زۆریش. ئەگەر ئابڕووی یەکێك لەم بانگەشە کارە بەهێزانە پێشتر لەکەداربووە ئەوا بەم ڕێگەیە دەتوانێت خۆی پاقژبکاتەوە و ئەو ناوبانگ خراپیەی نەهێڵێت. بەڵام ئەگەریش بیانەوێت دژایەتی کەسێکی ئابڕوومەندی پێبکەن ئەوا جوولەکەکان، بە خۆڕێتیە بەڵێن لەسەر دراوەکەیان، لەهیچ شتێك ناترسن و پەنا بەهەموو شتێك دەگرن و ڕۆژنامەکان دەکەنە دوانگەی خۆیان و هێرشی کەسی ئابڕوودار ی پێدەکەن و تەنانەت ڕەخنەش لەژیانی تایبەتی دەگرن و ئابڕووچوونەکانی ئەندامانی خێزانەکەشی بلاودەکەنەوە و بەتەواوەتی دەیبەنە ناخی زەویەوە. بەڵام ئەگەر هیچ شتێکیان لەسەر ئەم کەسە نەدیتەوە کە خزمەتیان بکات لەم ڕێڕەوتەیاندا ئەوا دەست دەکەن بەدرۆ هەڵبەستن و لەڕێگەی دەیان ڕۆژنامەوە هێرشی دەکەنەسەر بەو هیوایەی شتێك یان یەکێك لەم بابەتانە بەرگوێی جەماوەر بکەوێت و لە مێشکیاندا بچەسپێت و ئەم کەسەی پێ سووك و بێ ئابڕوو بکەن.

ئەمانە ئەو جەردانەن کە ڕای گشتی بۆ خۆیان دەقۆزنەوە و ئاراستەی دەکەن، لەم ڕای گشتیەوە ئەندام پەرلەمانان هەڵدەقوڵێن وەکو چۆن فینۆسیش لە کەفی دەریاوە هەڵدەقوڵێت.

بێگومانین لەوەی باسکردنی ئامرازی پەرلەمانی بەتەواوەتی و خستنەڕووی بنەما خەیاڵیە لەسەر وەستاوەکانی ناتوانین بە چەند بەرگێکیش بیخەینەڕوو. بەڵام دەتوانین بڕیاری نەزۆکی ئەم جۆرە پەیڕەوە دەربکەین لەگەڵ کەمی پێویستیمان پێی گەر بەجوانی لە سوود و قازانجەکانی بنواڕین، لەگەڵ ئەو هەوڵە زۆرانەی بۆی دەدرێن.

لەسێبەری پەرلەماندا چی دەگوزەرێت ؟

خەڵکانی وڵات چەند پاڵێوراوێکی دیاری کراو لە پیاگ (لەهەندێك وڵات ئافرەتیش) هەڵدەبژێرن ،کە ژمارەیان دەگاتە پێنج سەد کەس. پاش لەهەڵبژاردنی ئەم کەسانە ئەوا ئەمانە دواتر دەبنە بڕیاردەر و یاسادارێژەری هەموو بابەتێك کەواتە ئەمانەن دادوەر و دەستەڵاتدرانی ڕاستەقینە؛ چونکە ئەوا پەرلەمانە ناو لەحکومەتی وڵات

دەنێت, بەڕووکەش, و کاروباری وڵاتیش دەست نیشان دەکات, بەڵام پێش لە قایل بوونی ئەنجومەن حکومەت ناتوانێت هیچ هەنگاوێك بنێت. کەواتە لەم کاتەدا حکومەتی بالای وڵات چۆن دەتوانێت بەرپرسیارێتی کارەخراپەکانی وڵات و گەندەڵیەکان لەئەستۆ بگرێت لەکاتێکدا دوا بڕیار لای پەرلەمانەوە نەوەك حکومەت, حکومەت تەنها جێبەجێکارە و هیچی تر.

حکومەت جێبەجێ کاری سەر ڕاستانەی بڕیارەکانی زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمانە. حکومەت لێرەدا ناچاری جێبەجێ کردنی بڕیاری زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمانە بەبێ گەرانەوە بۆئەوەی کە ئەو ئەندامانەی بەزۆرینە بڕیاریان داوە ئایا بەڕاستی شارەزای ئەو بوارەن کە بڕیاریان لەسەرداوە یان هەر بەشێوەیەکی لەناکاو بڕیاریان لەسەرداوەو بوونەتە پاڵەوانی بڕیاردان؛خۆئەگەر حکومەت ئامادەی جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی پەرلەمان نەکات ئەوا دەرئەنجامی باشی نابێت.

لێرەوە ناچونیەکی ئەم پەیڕەوەمان بۆ دیاردەکەوێت:ئەم پێنج سەد ئەندامە کۆمەڵی بۆچوون جیاواز و دژبەرن, پڕن لە سۆز و حەز و خواستی تایبەتی, پاڵپشتن بەمیلیۆنێك بۆ جولاندنیان, بەڵام ئەوەی هەیە بەرپرسیار نابن لە هەر ڕووداوێکی نەخوازراو کەلە ئەنجامی بڕیارلەسەردانەکانی ئەمانەوە بێتە بوونەوە!

ئەم پێنج سەد نوێنەرەی گەل لەپەرلەمان مانای ئەوە نییە کەئەمانە باشترین و ژیرترین و بژاردەترین کەسانی وڵات بن؛کەمژەترین مرۆڤی وڵات بەشەوڕۆژێك لەڕێگەی سنوقی دەنگدانەوە دەبێتە دیارترین کەسی وڵات, لەگەڵ ئەمەشدا هەڵبژێردراوان ڕەنگە هەمووشتێك بن تەنها ئەوە نەبێت کە ژیر نەبن.

نەتەوەکان تەنها لەڕۆژی بومارەکدا پیاوانی دەوڵەت دروستدەکەن, دەبێت ئەوەش بزانین کە جەماوەر تەنها نازانێت نوێنەری ڕاستەقینەی خۆی دیاری بکات؛چونکە لەژێر کاریگەری هەست و سۆزە وروژێنەراوەکەیدا بڕیاری داوە دەنگ بداتە کێ, هەڵبژاردنی کەسی ڕاستەقینە لەلایەن جەماوەرەوە لەوە گرانترە کە وشترێك بە کونی دەرزییەکدا بڕوات, هەرگیز ناتوانرێت لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە کەسی ژیر دیاری بکرێت بۆ پەرلەمان. بێگومانین لەوەی هەموو داهێنانەکانی ئەم جهانە بەتاك کەسی هاتۆتە بوونێ نەوەك بە کۆمەڵ. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا پەیڕەوی پەرلەمانی وا پیشانی دەدات کە ئەم پێنج سەد کەسە ئاساییە لەبژاردەترین کەسانی کۆمەڵگەن و

ئەمانە مافی دیاری کردنی چارەنووسی خەڵکیان هەیە و بەتوانان بۆبڕیاردانی زیندەیی و یەکلاکارەوە. حکومەتیش ناچارە بۆ هەر پێنگاوێکی پرسی پەرلەمان بکات.

کەواتە لەم کاتەدا لغاوی سیاسەت بەدەستی پێنج سەد کەسەوە دەبێت نەوەک یەک کەس!

نامەوێت سنوورێك بۆ نوێنەرانی گەل دابنێم، بەڵام با وایدەبێنێن پێنج سەد کەس لەبارەی بابەتێکەوە قسەدەکەن لەکاتێکدا زۆرێکیان لەدوور و نزیکەوە هیچ ئاشنای ئەم بابەت و کێشەیەش نین، بەڵام قسەی لەسەر دەکەن و ناشزانن مەترسیەکانی دواتری ئەم بابەتە چییە ، کەواتە چۆن گەل دەتوانێت تاوتوێ کردنی داهاتی خۆی بە پێنج سەد کەس بسپێرێت کە ژمارەیەکی زۆر کەمیان هەڵگر و خاوەنی بڕوانامەی ئابوری سیاسین؟! ئەم زۆرینە نەزانە خۆیان وەکو گەورە زانست خوازان پیشان دەدەن و لەهەموو بابەتێکدا قسەدەکەن و دەنگ دەدەن. ئایا ئەوە گاڵتەجاڕی نییە کە دەنگی زۆرینەی نەزان وەربگیرێت و کەمینەی بزانیش پشت گوێ بخرێت لەبابەتێکی سیاسی یەکلاکارەوەو مەترسیداردا ؟ ئایا ئەوە گەمژەیەتی نییە چارەنووسی گەل بخرێتە ژێر دەستەلاتی ئەم کۆمەڵە نەزان و کاڵفامانەوەی کە وەکو چۆن یاری کۆنکان بکەن ئاوهاش یاری بەچارەنووسی گەل دەکەن ؟!

ڕەنگە کەسێك بێژێت: ئەگەر هەموو نەندام پەرلەمانێك لە بابەتی شیکراوە تێبگات ئەوا دیسانەوە پشت بەست بە بەرژەوەندی پارتەکەی دەتوانێت بڕیاربدات، و لە پەرلەماندا هەر پارتێك کۆمەڵێك لیژنەی تایبەتی هەیە کە هەریەکەیان تایبەت بە کاروبارێکەوە،

ڕەنگە ئەمە تێبینیەکی جوان بێت، بەڵام دیسانەوە منیش دەڵێم: سوودی هەڵبژاردنی پێنج سەد کەس چییە لەکاتێکدا تەنها چەند ئەندام پەرلەمانێکیان ژیر و زانابن و بزانن دوائەنجامی ئەم بڕیارەیان بەرەو کوێ میللەت ئاراستە دەکات ؟

پەیڕەوی پەرلەمانیمان بەم دۆخەی ئێستایەوە ئەوەی بەلایەوە گرنگە کۆکردنەوەی ژمارەیەك کەسی مەڕئاسای ئاسان ئاراستەکراوە نەوەك کۆمەڵێك کەسی ژیری خۆ بڕیاردەر. ئەو کەسانەی لغاوی ئەم ئەندام پەرلەمانانەیان بەدەستەوەیە لە پشتی پەردەوەن و هیچ کاردانەوەیەکیان ناکەوێتە ئەستۆ.

لە سێبەری ئەم پەرلەمانەماندا هەموو بەرپرسیارێتییەك لە نەبووندایە، چونکە هەرگیز کەسێکی دیاریکراو ناتوانێت دەرئەنجامەکانی لەئەستۆ بگرێت، ئەم سیستەمە تەنها شیاوی ئەو کەسانەیە کە دەترسێن لەوەی بەڕۆژ ئەرك و کارەکانیان ئەنجامبدەن، ناشبێت هیچ کەسێکی ئازاد متمانە بەم کەسانە بکات.

کەواتە هیچ ناموزییەك نییە لەوەی ئەم پەیڕەوە دیموکراتیە لەهەناوی گەلەوە نەخشەگەلێکی نەبێنی وەها پاش کێشانی پەیڕەوبکات کە هیچ بەرژەوەندییەکی گەلی پێوەدیارنەبێت ، ئەلە دوور و نەش لەنزیك.

ئەوەی دەبینیت جگە لە دامەزراوەیەکی دەست بەسەرداگیراوی جولەکەیی قێزەوەن هیچی دیکە نییە و دەیهەوێت لەسایەو سێبەری ئەم دەزگایەدا خواستەکانی جولەکەبەدی بهێنێت.

***

گەورەترین جیاوازی لەنێوان پەرلەمانی دیموکراتی ئەڵمانی و نەمسادا چییە ؟

لەئەڵمانیادا سەرۆك بەر پرسیارێتی کارەکانی هەڵدەگرێت، دیموکراتیەتی ئەڵمانی مافی ئەوە بەزۆرینە نادات کە کێشەکان بشارنەوە و بەجوان و هیچی پیشانبدەن، بەڵکو بڕیارەکان دەخاتە دەستی یەك کەسەوە و هەرئەویشە بڕیارلێدەر و بەرپرسیاری هەموو دۆخەکان، هەر هەڵەیەکیش بکرێت خۆی دەبێتە بەرپرسی.

لەم کاتەشدا ناوەندەکانی بڕیاردان پووچن لە کەسانی ترسنۆك و نەشیاوی بواری سیاسەت ، لەم کاتەدا ناتوانیت بڵێیت دۆزینەوەی کەسێکی بەهێز بۆ هەڵگرتنی بەرپرسیارێتیەکان نەبوونە، ئەمەیە دیموکراتیەتی ئەڵمانی.

بەڵام ئەگەر کەسێکی ترسنۆك توانی بەفێڵ و تەڵەکەوە بگاتە دەستەڵاتداری، ئەوا لەم کاتەدا هاواری لێدەکرێت : بڕۆ ئەی ناکەسی ترسنۆك ئێرە جێگەی تۆ نییە. کەواتە تەنها پاڵەوانان بۆیان هەیە ناویان بچێتە نێو مێژوەوە، بەڵام ترسنۆك و دەستەکەلایان لەدەرەوەی ئەم جهانەوە دەهێڵرێنەوە.

***

ئەمە دەرئەنجامی دووسانی هاتوچۆکردن بووە بۆ نێو هۆڵ و کۆبوونەوەکانی پەرلەمانی نەمسا لەڤییەنا ,دواتر و چیتر ڕووم نەکردەوە لە کۆشکی ڕایخستڕات.

پەیڕەوی پەرلەمانی هۆکاری خێرا هەڵوەشانەوەو لەناوبردنی دەوڵەتی هابسبۆرگی پیر بوو. بە لاوازکردنی ڕەگەزی ئەڵمانی ململانێی نێوان چینەکان سەری هەڵدا, بەڵام ئەم ململانێیە بووە هۆی گێرەوکێشەی مەترسیداری پەرلەمانی نێوان ئەندامە ئەڵمانی و ڕەگەزەکانی دیکەدا, ئەمەش مانای دروستکردنی هاوپەیمانی بوو لەدژی خوودی ئیمپراتۆریەتەکە!چونکە ئەم پاشانشینە بەبێ ئەڵمانییە نەمساییەکان نەی دەتوانی ڕووبەڕووی شالاوە جوداخوازیەکانی نێو ولاّت بێتەوە.

لەو کاتەدا, واتە لەسەرەتاکانی ئەم سەدەیەدا,لاوازبوونی ولاّت بەشاراوەیی نەما و بەجوانی دیارکەوت. هەرێمە سلاّڤی و هەنگاریەکان بەم دۆخە زۆر خۆشحاڵ بوون ؟ چونکە لەبەدی هێنانی ئامانجە نەتەوەییەکانیان نزیکی دەکردنەوە. ئەم دۆخە لە پەرلەماندا گەیشتە ئاستێکی وەها مەترسیدار کە نەدەتوانرا پشت گوێ بخرێت, هەوڵی کەمکردنەوەی ئەم مەترسیانە درا لەڕێگەی دەست لێهەڵگرتنی نەشیاوەوە لەبەرامبەر هەڵمەتەکانی(شانتاج)دا پەرلەمان کشانەوەی زۆری بەخۆوە دیت, هەموو ئەم کێشانەش لەڕێگەی لێدانی بەرژەوەندی ئەڵمانە نەمسا نشینەکان چارەسەر دەکرا, بۆیە ناقایل مەندی گەلانی دیکە بە کەمکردنەوەی دەستەلاّتی ئەڵمانەکانی نەمسا کۆتایی پێهات.

ئەو کاتەی ئەرشیدۆک فرانسوا فەردینان بووبە جێنشین, دەستی لەهەموو کاروبارێکی ولاّت وەردەدا, پەنای گرتە سیاسەتی قایلکردنی هەنگاری و سلاّڤیەکان و لەدژی ئەڵمانەکان وەستایەوە, سیاسەتی (وروژاندنی چیک) پووبوویەوە و ڕێڕەوی خۆی گرت, ئەم پاشایە دواتر بە پوونی دەستی دایە لەناوبردن و هەوڵدان بۆ ڕیشەکێشکردنی ئەڵمانیەکانی ولاّت, لەڕێگەی دەرکردنی ئەڵمانەکان لەسەر ئیش و کار و چۆڵکردنی گوندە ئەڵمان نشینەکان یان لکاندنیان بەناوچەگەلێکی نائەڵمانییەوە. بەخێرایی ڕەگەزانی سلاّڤی لە نەمسای خواروودا دەستیان دایە تاوانکردن و لەڤییەناشدا کە چیکەکان بە شاری گەورەی خۆیانیان دەزانی.

لە مێشکی فردیناندا تەنها یەک بیرۆکە هەبوو کەلەلایەن ژنەکەیەوە(کە چیکی بوو هانی دڕایەتی کردنی ڕەگەزی ئەڵمانی دەدا) بۆی داڕێژرابوو, ئەم بیرۆکەیە مەبەست لێی پونێت نانی دەوڵەتی سلاّڤی بوو لە ئەوروپای ناوەڕاستدا, کە پشت بەستبوو بە ڕێبازی کاسۆلیکی بۆئەوەی لە دژی ڕووسیای ئەرسەدۆکسی بوەستێتەوە. بەم

شێوەیە خێزانی هابسبۆرگ ئاینیان بۆ خزمەتی بەرژەوەندیە تایبەتیەکانیان بەکارهێنا.

بەڵام ئەم بیرۆکەیە نەهاتەدی و لەسایەیدا خێزانی هابسبۆرگ کورسی دەستەڵاتیان لەدەستدا و کەنیسەی کاسۆلیکیش وڵاتێکی گەورەی لەدەستدا. ئەمەش بەهۆی ئەوەوە بوو کە تاج بە ئامازەی ئاینی دەستەمۆکراوە و لەبەرژەوەندی سیاسیدا بەکارهێنرابوو، ئەمەش بووە هۆی دیارکەوتنی بزوتنەوەی دژە بوونی. لەسایەی ئەم سیاسەتە هەڵەیەوەی کە دەیویست ڕەگەزی ئەڵمانی لە وڵاتدا پاکتاوبکات بزوتنەوەی ئەڵمانی لە نەمسادا ڕەنگی گرت و بووەهۆی دیارکەوتنی ناشکرای بانگەشەی یەکخستنەوەی هەردوو وڵاتی ئەڵمانی.

ئەوکاتەی سوپای ڕایخ لە سەیدان (١٨٧٠-١٨٧١ز) توانی سوپای فەرەنسا بشێلێت و لەناوبەرێت خێزانی هابسبۆرگ تاڕادەیەک بەخۆیاندا چوونەوە، بەوەی ئەم کارەیان لەکۆتادا دەبێتەوە هۆی زیندووکردنەوەی سەرکەوتنەکانی ڕەگەزی ئەڵمانی. بەڵام بەخێرایی لەبیریان کرد و گەڕانەوە بۆ پەیڕەوکردنی هەمان ڕێچکەی جارانیان، لەم کاتەدا ئەڵمانەکانی نەمسا بەشانازی کردن بە سەرکەوتنەکەی سیدانەوە وڕەی زیادتریان بەخۆیان دەدا و بڕوایان پتەوتر بوو، بەوەی داهاتوویەکی گەش چاوەنواڕیانە لەسایەی ئەمپراتۆرێتێکی یەکگرتوو لەژێر سەرپەرەشتی (تاج ڕاین)دا.

بەڵێ بەخێرایی بنەماڵەی هابسبۆرگ پەندەکەی سیدانیان لەبیرچوویەوە و بەکوێرانەوە هەنگاویان هاڕووت بۆ لەناوبردنی ڕەگەزی ئەڵمانی لە نەمسادا. بەڵام شۆڕش و ڕاپەڕینی ئەڵمانەکانی نەمسا زۆر بەهێز بەڕوویاندا بەڕابوو و دیارکەوت.

بەم شێوەیە بینیمان ئەو پیاوانەی دڵسۆزیشن بۆ نیشتمانەکەیان هەرگیز بە کوتەکی زۆردارنی وڵاتەکەیان قایل نابن و لەدژی دەوەستنەوە.

گۆچانی ملمەچی و گوێڕایەڵیان درزتێخست نەوەک بۆ نەتەوە و خوودی وڵات بەڵکو لەبەرامبەر شێوازی پەیڕەوکراوی سیاسەت بەمەبەستی لەناوبردنیان.

لە باشیەکانی ڕاپەڕینی ئەڵمانیە نەمسانشینەکان (١٨٩٠-١٩٠٠) بەڕوونی دیارخستنی ئارەزووی جیاخوازی نێوان گەلەکانی وڵات بوو، دەستەڵاتدارانیشی تێگەیاند بەوەی بۆیان نییە ڕێزی خۆیان بەسەر گەلدا بسەپێنن گەر یاری بەبەرژەوەندیەکانیان بکەن، ئەمەش لای خۆیەوە مانای گاڵتەکردن و ئازاردانی گەلانی

دەگەیاند لەلایەن دەستەلاتدارانەوە، بوونی دەستەلات لەولاتدا نابێت ببێتە تاکە
نامانج ئەگینا پەیرەوکردنی زوڵم و زۆر دەبێتە کارێکی باو.
ئەوکاتەی حکومەت گەل بەرەو هەڵدێری لەناوبردن دەبات ئەوجا مافی هەموو
تاکێکە یاخی بێت،بەڵکو یاخی بوون لەم کاتەدا دەبێتە ئەرکێکی نیشتمانی.
بەڵام سەبارەت بەو پرسیارەی کە دەڵێت: گەل چۆن دەتوانێت خۆی خۆی دوو
کەرت بکات؟ ئەوا وەڵامی ئەم پرسیارە نە لە دەقی یاسایی نەش لە کۆمەڵناسیدا
دەست دەکەوێت، ئەمە ململانێی نێوان گەلێکی ستەم دیدە و دەستەلاتدارانی
ستەمکارە و تەنها جیاکارەوەی ئەم دوانەش بەکارهێنانی هێزە.
لەبەرئەوەی هەموو حکومەتێك هەرچیەك بێت خۆی بەدادپەروەر دەزانێت و
زوڵمەکەشی هەرچەندەبێت بە بەرژەوەندی نیشتمانی دادەنێت و خۆی بەبەرپرسیاری
مانەوەی دەستەلاتی وڵات دادەنێت، کەواتە لەم کاتەدا هیچ ڕێگرێکیش نابێت لەپێش
ڕەگەزێکی زوڵم لێکراودا بۆ پەناگرتن بە چەك کە دوژمنەکەشی پەنای بۆدەبات
بەمەبەستی خۆپاراستن و پاراستنی دەستەلاتەکەی، ئەمەش لە خەبات و تێکۆشانە
بەردەوامەکانیدا دیار دەکەوێت لە بۆ بەدەست هێنانی ئازادی و سەربەخۆیی خۆی.
دەبێت خەبات کاران لە چوارچێوەیەکی ڕێگەپێدراودا تێبکۆشن، لەبەرئەوەی
ئەستێرەی دەستەلات بەرەو نەمان دەڕوات، بەڵام گەر دەستەلاتی خوێن مژ پەنای
گرتە ئامرازی نەشیاو بۆ بەهێزکردنی خۆی، ئەوا مانەوەی خەباتی نیشتمانی لەم
کاتەدا لەچوارچێوەی ئابڕوورداری و ڕێپێدراویدا مانای خۆکوشتنە.
بەلامانەوە سەیر نەبێت کە ئامانجی مرۆڤ لە تێکۆشانەکانیاندا هێشتنەوەی
مرۆڤایەتیە نەوەك دەوڵەت. ئەو کاتەی گەلێك یان نەتەوەیەك مەترسی لەناوچوونی
کەوتەسەر ئەوا بابەتی ڕێپێدراوی بەرگری لەم کاتەدا بوونێکی نامێنێت و
لەبەرامبەردا بەرگری کردن لەخوود دێتەبوونێ و لەم کاتەشدا مافی خۆیانە پەنابگرنە
هەموو جۆرە کەرەستەیەك بەمەبەستی لەخۆبەرگری کردن.
بەڵام گەر گەل لە گۆڕەپانی جەنگدا بە دەوڵەت شکای‌ئەوا مانای وایە چارەنوس
ئەم گەلەی بەشیاوی مانەوەو چێژ وەرگرتن لە پیت و فەرەیەکانی ئەم زەوینەی
نەزانیوە! جیهان بەو فراوانییە بۆ گەلی لاواز تەنگەبەرە.

***

نەمسا لەڕێگەی وشەی ڕێگەپێدراوی دەستەلاتەوە زوڵمەکانی خۆی دەرهەق بە گەلی ئەڵمانی نەمسانشین خستەڕوو. دەستەلاتی ڕێگەپێدراو لەپەرلەماندا زۆرینە ئەڵمانی بوو لەگەڵ خانەی پاشای دژبەردا کە بەزۆرینە ئەڵمانی بوو. کارێکی زۆر ساویلکانە دەبوو گەر پشت بەست بەم دوو دەزگایە هەوڵی ڕزگارکردنی گەلی ئەڵمانی نەمسا نشین بدرایە, یان لەڕێگەی بەکارهێنانی شێوازی ڕێگەپێدراو یان شەرعییەوە, ئەگەر ئەڵمانیەکان لەڕێگەی یاسای باوەوە دژبەری دوژمنەکانی نێو نەمسایان بکردایەتەوە ئەوا بەچەند ساڵێکی کەم خاکی نەمسا بەتاڵ دەبۆوە لە ئەڵمانی ڕەگەز.

خاوەنی بیرۆدۆز و بیرۆکەکان بەگیانەوە هەوڵی سەرخستنی بۆچوونەکانیان دەدەن بەڵام گەر پەیوەست بوو بە گەلەکەیەوە ئەوەندی تر سوردەبێت لەسەر باشی سەرکەوتنی هەنگاوەکانی.

مرۆڤەکان خۆیان بۆخۆیان یاساکان دادەڕێژنەوەو بڕوایان وایە کەلەپێناو یاسادانان و جێبەجێکرندا ئافرێنراون. یەکێك لە باشیەکانی بزوتنەوەی ئەڵمانی نەمسانشین ئەوەبوو کۆتایی بەم بۆچوونە پووچە هێنا و سنورێکی بۆ هەڵخەڵەتێنەرانی خەڵك و فەلسەفەلێدەران دانا.

لەکاتێکدا بنەماڵەی هابسبۆرگ بەبەکارهێنانی هەموو ڕێگەیەك هەوڵی تەسککردنەوەی کاریگەری ئەڵمانەکانیان دەدا لەوڵاتدا, ئەمانە یەکەم جار پەلاماری خانەی پاشا یان دا, ئەمانە دەیانویست خوێ بخەنە سەر زامەکان لەم وڵاتە داڕزاوەدا, بەم کارەشیان ڕووی ڕاستەقینەی خۆیان بۆ هەزاران هاوڵاتی پیشان دا,لێرەوەش نیشتمان پەروەری ئەڵمانی لە نەمساوە سەری هەڵدا.

هەرلەگەڵ سەرهەڵدانیدا پارتێکی ئەڵمانی دا دەیان هەزار خەڵك لەدەوری کۆبوونەوە بەجۆرێك ببوە باهۆزێك و وەخت بوو هەموو شتێك لە وڵاتدا ڕابمالێت, بەڵام ئەم سەرکەوتنە زۆری نەخایاند. لەکاتی گەیشتنم بۆ ڤییەنا بزوتنەوەی یەکێتی ئەڵمانی شوێنی بۆ پارتی مەسیحی سۆسیالیستی چۆڵ کرد, کە ئەم پارتە دواتر دەستەلاتی وڵاتیشی گرتە دەست.

فراوانی لەناکاوی بزوتنەوەی یەکێتی ئەڵمانی و دواتریش چوونەوەیەکی و شوێن چۆڵکردن بۆ پارتی مەسیحی سۆسیالیستی بەڕاستی لە شۆکاوی ترین ڕووداوەکانی ئەوکاتەبوو و خەڵکی ڤییەنا هەمووی پێی حەپەسابوون, بەکورتی من ئاراستە و

سۆزم ڕووله بزوتنەوەی یەکێتی ئەڵمانی بوو. زۆرم هەست بەشانازی دەکرد بەوەی لەپەرلەماندا دڕوشمی گێڕانەوەی نەمسا بۆ نێو باوشی ئیمپرتۆریەتی گەورەی ئەڵمان دەوترایەوەو بەشان و باڵی بنەماڵەی هوهنزولرنیان هەڵدەدا, بەوەی: ئەم دیوارە دەستکردەی ڕێگر لە بڵاببوونەوەی یەکێتی ئەڵمانی لابەرن و هەموان بگەڕێنەوە باوشی ئەڵمانیای گەورە و دایك.

بەڵام بۆچی لەناکاو ئەم پارتە پوکایەوەو پارتی مەسیحی سۆسیالیستی شوێنی گرتەوە؟

توێژینەوەی من بۆ ئەم دووپارتە لەسەرکردەکانیانەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەوانیش: جۆرج فۆن شونرر و دکتۆر کارل لۆجر بوون.

ئەمانە لەپەرمانەدا ناوبانگی باشیان هەبووەو هیچ جۆرە خەوشێکی تایبەتی مەترسیداریان نەبووە, خەڵکیش بە دوو هاوڕێی بەهێزی بواری سیاسەتی یاخیانەیان دادەنان لەهەمبەر ئەو ڕامیارێتیەی کە ڕژێمەکانیانی لەقوپی گەندەڵیدا چەقاندبوو. سەرکردەی بزوتنەوە ئەڵمانیەکەم زۆر خۆش دەویست, بەڵام نەشم دەتوانی خۆشەویستی خۆم بۆ دکتۆر لۆجەر دەرنەبڕم. لەبەراوردکردنی ئەم دوو سەرکردەیەدا بۆم دەرکەوت فۆن شونرر لەڕووی بیرکردنەوەوە قوڵتر و پێشبینی هەموو ڕووداوێکی کردووە کەبەسەر نەمسادا دێت , سەرباری ئەم فرەزانی و باش پێشبینی کردنەی بەڵام سروشتی دەروونی مرۆڤی بەتەواوەتی لەبیرکردبوو.

بەڵام دکتۆر کارل لۆجر باش خەڵکانی دەناسی.

لۆجر زۆر بەباشی هاوڵەکانی خۆی هەڵدەبژارد و زیادەڕۆیی نەدەکرد لە باش و خراپ گومان بردن بەخەڵك, بەجۆرێك زیادتر لە باری کەتواری خۆیانی نەدەبینی, بەم کارەشی دەیتوانی پێگە دروستەکانی ژیان هەڵبژێرێت, بەپێچەوانەی شونرەوە کە بە خەیاڵ و ئەندێشەوە لەشتەکانی دەنواڕی.

ئەوەی بەمێشکی سەرکردەی بزوتنەوە ئەڵمانیەکەدا دەهات دەتوانین بڵێین: هەمووی ڕاست بوو, بەڵام هێزی قایلکردنی لاوازبوو, توانی بووی بۆچوونەکانی خۆی لەناخی جەماوەرێکی بەهرە دیاری کراودا بچەسپێنێت. بەم شێوەیەش کەوتە هەڵەی چۆنێتی گەیاندنی بۆچوونەکانی لەگەڵ شێوازی جێبەجێکردن و چەسپاندنی بۆچوونەکانی بەشێوەیەکی کرداریکی.

شونر بەهەڵە سروشتی مرۆڤی لێکدابۆوە ئەمەش وای لێکردبوو بکەوێتە هەڵەی بەرجەستەوە لە دیاریکردنی هێزی بزوتنەوە جەماوەریەکاندا, لەگەڵ خەملاندنی بەهای دامەزراوە پەسەنەکانی پێشووتر, لەشێوەی کلیسا.

لەکۆتاییدا سەرکردە ئەڵمانیەکە تێگەیشت لەوەی کە پێویستە بۆچوونەکانی بەشێوەیەك دابڕێژێتەوەو دەربڕێت کە دگەڵ چەمکی تێگەیشتنی کۆمەڵدا بگونجێت, بەڵام دیسانەوە هەستی بەوە نەکردبوو کە ئەندامەکانی گەل توانادارن بۆ پاڵپشتی کردنی تەواوی ئەو بۆچوونەی بەدڵیانە و دەستەڵاتی بەرەی ناسراو بە بورژوازی بۆ خەباتگێڕان سنورداراە و لەهەر هەنگاوێکیاندا بۆ پێشەوە هێڵی گەڕانەوەشیان دیاری دەکەن و لەتێکۆشاندا زۆر ناڕۆن بۆئەوەی کارنەکەنە سەر خراپکردنی باری ئابووری وڵات.

هیچ جۆرە بیرۆکە و بنەمایەك بە سەرکەوتوو نازانرێت گەر زۆرینەی گەل بەدووی نەکەون و ئامادەی تێکۆشان نەبن لەپێناو سەرخستنیدا. شۆنرر هەرگیز نەی توانی بوو بەجوانی لەم بابەتە تێبگات, بەڵام دکتۆر کارل لۆجر بەباشی ئاشنای سروشتی مرۆڤ ببوو, دەیتوانی هێزە جیاوازەکان بە کێشانەیەکی تەندروست بکێشێت و نەکەوێتە هەمان هەڵەی سەرکردە ئەڵمانیەکەوە لە پشت بەستن بە دامەزراوە سنورداراەکان, لەشێوەی چینی بۆرژوا. ئەم کەسایەتیە توانی بەبەکارهێنانی ئەم ڕەگەزە بگاتە ترۆپکی دەستەڵات.

دکتۆر لۆجر باش هەستی بەوەکردبوو کە توانای بورجوازیەکان بۆ تێکۆشانی سیاسی شتێك نییە بە تەواوەتی پشتی پێببەستێت و ناشتوانێت سەرکەوتنی بزوتنەوەیەکی تازەدامەزراو مسۆگربکات. لەم کاتەدا دکتۆر لۆجر هەوڵەکانی خۆی چڕکردەوە بۆ ڕاکێشانی چینی مافخوراوی کەم درامەت و دیسانەوەش لەهەمان کاتدا هەوڵی خۆنزیککردنەوەی دەدا لە دامەزراوە ڕەسەنەکان بە ئومێدی قۆستنەوەو بەکارهێنانیان لەبۆ بەهێزکردنی بزوتنەوەکەی.

ئەو چینانەی لۆجر پشت پێببەستبوو لەو کەسانە پێکهاتبوو کە ئامادەی تێکۆشان بوون لەبۆ بەدی هێنانی ژیانێکی باشتر و بۆئەمەش ئامادەی ئەنجامدانی هەموو ئیش و کارێك بوون. بە هەڵوێستە دانایانەکەی لە کەنیسەی کاسۆلیکەوە توانی ئەوە بە

پارتی ئیکلیریکی کۆن رابگەیەنێت کە یان ئەوەتا دێتە پاڵ ئەم پارتەی و پێکەوە خەبات دەکەن یام ئەوەیە دەبێت دەست لەسیاسەت کردن هەڵبگرێت!

لۆجر تەنها پیاوێکی پلانڕێژکار نەبووە بەتەنها، بەڵکو پیاوێکی زۆریش زیر و فرەزانیش بووە، ئەم بەمێزیەشی توانی بووی هەموو لاوازیەکانی بپۆشێت.

لۆجەر چاوی بڕیبووە راکێشانی جێ نیشتوانی قییەنای پایتەخت، چون لێرەوە چارەسەر بۆ جەستەنەخۆشەکەی ولآت دەکرێت، ئەم سەرکردەیە وای پیشان دا پزگارکردنی دڵ مانای پزگارکردنی جەستەی ولآتە. ئەوەی لۆجر وەکو پارێزگاری قییەنا ئەنجامی دا تادواساتی ژیان بەنەمری دەمێنێتەوە. بەڵآم خزمەتەکانی بۆ پایتەخت نەتەنیەوە بەهەموو ولآتدا؛ چونکە پاش لەدەست دەرچوونی دۆخەکان ئەم هاتەسەر دەستەڵآت.

لەم پوانگەیەوە شۆنرر دووربین تر بوو لە هاوپێکەی.

پرۆژەکانی لۆجر لە پوانگەی کردارییەوە سەرکەوتوو بوو، بەڕاستی سەرکەوتنێکی شیاوی بەدەست هێنا، بەڵآم نەیتوانی بەم سەرکەوتنەی هیچ بگۆڕێت.

بەڵآم شۆنرر کورتبین بوو لەگەیشتن بەئامانجەکەی ، بەڵآم ئەوەی لێی ترسابوو رووییدا.

ئەم هەردووك پیاوە نەیان توانی بگەنە ئامانجی کۆتایی، لۆجر نەیتوانی نەمسا پزگاربکات و شونرریش نەیتوانی گەلی ئەڵمانی لە فەتارەتەکە بەدووربخات.

٤

هۆکارەکانی شکست

بائێستاش هۆکارەکانی شکست هێنانی ئەم بزوتنەوەیە پوون بکەینەوە؛چونکە ئەم وانەیە بێ کەڵك نییە بەتایبەت بۆئەوکاتانەی کە هەمان دۆخمان دووچار دەبێتەوە, دەترسین بکەوینە هەمان هەڵەی سەرکردەکانی ئەم دوو بزوتنەوەیەوە.

دەتوانین فاکتەری شکستی بزوتنەوە ئەڵمانیەکە بەسەرکردایەتی شۆنرر بۆ سێ خاڵ کورت بکەینەوە:

شونرر بەهەڵە کێشەی کۆمەڵایەتی خەڵکی لێکدابوویەوە بۆ پارتێکی شۆڕشگێڕی تازە دەرکەوتووی دژ, ئەم پیاوە خۆی و داردەستەکانی ڕوویان لە بۆرژواکان بوو کە هیچ هیوایەکیان لێ بەدی ناکرێت بۆ بەهێزکردنی شۆڕشەکان.

چینی بورژوازیەتی ئەڵمانی و بەتایبەت چینی باڵای زۆر سەڵامەت و دوورەپەرێزە تاناستی نکۆڵی کردن لەخوود, تانەوکاتەی کێشەیەکی نەتەوەیی لە وڵاتدا دروست نەبووە بێگومان ئەم چەشنە بۆچوونەی بوارجوازیەکان خزمەتی دەستەڵات دەکات و لەبەرمبەر ڕێگەدانی حکومەت بە ئەنجامدانی کار و کردەوەکانیان کۆمەکی دەوڵەت دەکەن, بەڵام ئەوکاتەی دەوڵەت لەدۆڵێك دەبێت و میللەتیش لەدۆڵێك ئەوا دوورە پەرێزی چینی بورجوازیەت لەبۆ پاڵپشتی کردنی گەل مانای کۆمەککردنی ڕاستەوخۆی دەوڵەتە بۆ لەناوبردنی نەرایان و زوڵم لێکراوانی دەوڵەت.

کەواتە شکستی پارتی یەکێتی ئەڵمانی بەهۆی پشت گوێ خستنی تواناکانی جەماوەرەوە بووە, ئەمەش وای لێکرد وەکو پارتێکی بورجوازی, ڕادیکاڵی ناوەندی دیاربکەوێت, ئەمە ئەو هەڵەیە بوو کە فاکتەری دووەمی هێنایە ئاراوە.

لەکاتی دیارکەوتنی ئەم بزوتنەوەیەدا دۆخی ئەڵمانییە نەمسا نشینەکان زۆر خراپ بوو. پەرلەمان ببووە فاکتەرێك کە لێیەوە بڕیاری دژە ئەڵمانی سەسەند دەکرا و

دواتریش بەرەو جێبەجێکردن ئاراستە دەکرا. هیچ جۆرە هەنگاوێك بۆ پزگارکردنی ئەم ڕەگەزە مانای سەرکەوتن نەبووە گەر پێشووتر هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی نەدابایە.

لەم کاتەشدا ئەم بزوتنەوە ئەڵمانیە خۆی لەپێشی کێشەیەکی زۆر وردا دیتەوە:

ئایا بەڕاست دەبێت بڕواتە پەرلەمانەوەو دواتر بەرگری لێبکات، یان ئەوەتا لەدەرەوە دەمێنێتەوەو دژبەری دەکات ؟

بزوتنەوەکە تەقلبونە نێو پەرلەمانی پێباشتربوو، بەڵام بەدۆڕاوی لەم شەڕە هاتەدەرێ.

بزوتنەوەی ئەڵمانی هیچ ڕێگە و هەڵبژاردنێکی دیکەی نەبوو جگە لە تەقلبوونە نێو پەرلەمان؛چونکە دژبەری کردنی ئەم دامەزراوەیە لەدەرەوەدا پێویستی بە قوربانی دانی زۆری گیانی و دەروونیش دەبوو. ئەوکەسەی شاخی گایەك دەگرێت بۆ ئەوەی بیدات بەزەویدا ئەوا دەبێت خۆی بۆئەوە ئامادەکردبێت چەند قۆچێکی لێبدات، و زیادتر لەجارێك بیکێشێت بەزەویدا و دواتریش لا خۆیەوە هەستێتەوە و چەند ئێسقانێکیشی لەم کاتەدا ڕەنگە بشکێت، بەڵام بەردەوام دەبێت لە تێکۆشان تاوەکو سەرکەوتن بەدەست دێنێت.

گەورەیی قوربانییەکانە بەتەنیا پاڵەوان بۆ کێشەکان دروست دەکات کە سڵ لەهیچ ناکەنەوە و خۆیان لەهیچ نابوێرن و چی بێتە ڕێگەیان لێی ناترسن.

ئەم کەسە بلیمەتانە دەبێت لەپریزی گەلدا بۆیان بگەڕێن، وەچەکانی گەل، ڕەگەز و تۆخمی تێکۆشەری ڕاستەقینە لەناو ئەواندایە، ئەو کەسە سەرکێش و ژیرانەی بەردەوام دەبن لەجەنگکردن تاکۆتایی لەنێو گەلدان بە دەرنەکەوتوویی.

ئەم ڕەگەزە یارمەتی بەهێزبوونی بزوتنەوەی ئەڵمانی دا و جگە لە چوونە نێو پەرلەمان و تێکشکاندنی ئەم دامەزراوەیە لەناوەڕۆکەوە هیچ ڕێگەیەکی دیکەی لەپێش نەمابۆوە.

ڕاستیە گەر بێژین: ئەم بڕیارە پاش لە تاوتوێکردن و دڵەڕاوکێیەکی ماوە درێژەوە دەرکراوە. ئەم پارتە لەسەر بنەمایەکی لێڵ بڕیاری تەقل بوونە نێو پرلەمانی دا بە پشت بەستن بەوەی دەتوانێت لەپەرماندا ڕۆڵێکی کارای هەبێت بۆ پیشاندانی نەبەردیی خۆی. ئەم پارتە بڕیار ڕیشەکێشکردنی ئەو نەخۆشیە سیاسیەی دابوو کەلە

ولاتدا بلاببووه. لەمەش تەنها لەپێگەی پەلاماردانیەوە دەبێت لەنێو پەرلەمانەوە نەوەك لەدەرێ. بڕوایان وابوو كە نەوكاتەی دەچنە سەر دوانگەی قسەكردن لەپەرمان نەوكات هەموو كەس دەیبینن. بەڵام نەندێشەی نەوەیان لادروست نەبووبوو كە نەوە رۆژنامەكانن قسە و گوتەكانی نەمان بەگەل و لایەنگرانیان دەگەیەنن نەوەك بەشێوەی راستەوخۆ گەل بیانبینێت. جا لێرە رۆژنامەكان بەهەوەسی خۆیان چییان بوێت نەوە بەخەڵك دەگەیەنن.

نەو كەسە ناساییانەی نامادەی كۆبوونەوەكانی پەرلەمان دەبن ژمارەیان لەدووسەد كەس پتر نییە و زۆرینەشیان تەنها بۆ كات كوشتن ڕوو لەپەرلەمان دەكەن نەوەك بۆ سوود وەرگرتن لەقسەكانی نوێنەرانی گەل. بەڵكو باشترین شوێن بۆ وتاردان بڕیتیە: لە ڕێكخستنی ناهەنگ لەگۆڕەپانەكاندا و دواتریش وتاردان بە حەماس و ڕەوانبێژییەوە و نەوەك لە نێو پەرلەماندا هش و فش بكەی.

كارێكی زۆر گێلانەیە گەر بڕوا بەوە بكرێت: بوونی باوەڕێكی سەلامەت بەردەستی سەرەنج ڕاكێشانی هەموو نەندامانی پەرلەمانە یان هەندێكیان. نەگەر كەسێكیانیشی كێش كرد نەوا نەم كارە بەتەنها لەبەر خاتر و بەرژەوەندی خۆی نەنجام دەدات بەوەی بەڵكو جاری داهاتوو هەڵ ببژێردرێتەوە.نەوكاتەی نەندام پەرلەمان هەست بە لاوازبوونی ناست و پێگەی جەماوەری پارتەكەیان دەكەن نەوكات دەست دەكەن بە خۆ كشانەوە لە پارتەكە و ڕووكردنە پارتێكی دیكە . لەشێوەی : **مشكەكانی نێو پەرلەمان هەركاتێك هەستیان بە نغرۆبوونی كەشتی پارتەكەیان كرد نەوكات هەوڵی لێدابەزینی دەدەن بەمەرجی سەلامەتی ڕزگاربوون.**

نەو وتارانەی نەندام پەرلەمانە نەڵمانیەكان لە پەرلەماندا خستیانەڕوو وەكو نەوە وابوو خواردنی ناوپوچ بدرێت بەناژەڵ و چییان دەگووت هەمووی بابردی. چونكە زۆرینەیان دەستیان نابووە گوێیان و نەیان دەویست هیچ ببیستن.

ڕۆژنامەكانیش هەرگیز وتاری نەندام پەرلەمانەكانیان وەكو خۆی بلاو نەدەكردەوە هەرچیەكیان بەباش و شیاو بۆ بەرژەوەندی خۆیان بزانیبایە نەوەیات وەردەگرت و نەو دەقەكانی دیكەیان هەڵدەوەشاندەوە هیسابیان بۆ نەدەكرد و زۆرجاریش بەم كارەیان گومانیان لەمەرامی پارتەكەدا دەخستەڕوو.

بەڵام شتێكی زۆر لەمە گرنگتر هەبوو كەلەبیر كرابوو.

پێویست بوو لەسەر بزوتنەوەی یەکێتی ئەڵمانی هەر لەسەرەتاوە بیزانیبایە کە دیارکەوتنی بەشێوەی پارتی نوێ رەنگە ببێتەهۆی دوورخستنەوەی لەسەرکەوتن. سەرکەوتنیشی تەنها ئەوکاتە مسۆگر دەبێت کە بتوانێت دەست بگرێت بەسەر بڕوا فەلسەفیە کاریگەرەکاندا. بۆئەمەش هەموو بزوتنەوەیەکی نیشتمانی نەتەوەیی پێویستی بە هێزێکی تەواوەمیە بۆ مانەوەی و ئەم هێزەش هەمیشە پشت ئەستورە بە فەلسەفەی جوڵانەوە.

بڕوای فەلسەفی بەتەنها ناتوانێت رێگە پڕ لەدەرك و هەڵدێرەکەی ببڕێت گەر خاوەنی بڕواکە کەسێکی بەهێز و بەتوانا و ئامادە بۆ خۆبەکوشتدان نەبێت. ئەگەر کەسێکی لەم شێوەیە سەرکردەی بزوتنەوەکە نەبێت ئەوا هەرکەس گیانی خۆی ببەخشێت لەپێناویدا تەنها خۆی کوشتوەو هیچی تر.

پێش لەدارشتنەوەو بەرجەستەکردنی بڕواکان پێویستە هەموان بەباشی لەوە تێبگەیەندرێت کە ئامانجی ئەم بزوتنەوەیە لەم کاتەدا تەنها خەبات و تێکۆشانە لەپێناو خۆشکردنی ژیانی وەچەکانی داهاتووی وڵات. بەڵام لەئێستادا بەرهەمێکی ئەوتۆی نابێت؛ چونکە هەر بزوتنەوەیەك رەنگە دەیان کەسی مشەخۆری تێکەڵاوبێت و گەر لەسەرەتاوە هەموو شتێکیان پێببەخشیت ئەوا دواتر دەست دەگرن بەسەر بزوتنەوەکەدا و ئاراستەکەی دەگۆڕن. لەم کاتەشدا ئەو کەسەی بەڕاستی خەباتی کردووە لای ئەوانە نامۆدەبێت و لەبزوتنەوەکەدا جێگەی نابێتەوە.

بەم شێوەیە بزوتنەوە ئەڵمانیەکە کارەکانی خۆی بۆ چوونە نێو پەرلەمان کۆرت کردەوە و چەندین ئەندام پەرلەمانی فڕێدایە نێو پەرلەمانەوە لەبری دروستکردنی چەند سەرکردەیەکی تێکۆشەر. دواتریش کارەکانی بۆ هەستێکی سیاسی پارتچێتی نزم بوونەوە و نەیتوانی دژبەری هێزی بەرامبەر بکات. لەبری تێکۆشان فێری هونەری دانوستان و و قسەکردن بوون.

لایەنگرانی پارتەئەڵمانی خوازەکە داوای تەڵ بوونە نێو پەرلەمانیان لە دەنگ پێدراوەکانیان دەکرد و بەباشترین رێگەچارەی یەکلایی کردنەوەی کێشەکانیان دەزانی. چاوەنواری هاتنەئارای پەرچوویەکی لەناکاویان دەکرد کەهەرگیز بوونەدا؛ بەخێرایی دووچار داڕووخانی دەماری بوونەوە؛ چونکە ئەوەی دەنگ پێدراوەکان بەڵێنی لەسەر دابوو نەیان توانی بەدیبهێنن. ڕۆژنامەکانیش لای خۆیەوە

ڕۆڵی کارایان هەبوو لە دوورخستنەوەی خەڵک لەم پارتە ئەڵمانیە،ئەندامانی بالأی ئەم پارتە کەمە کەمە دەستیان لە وتاردان بۆ خەڵک هەڵگرت، ئەمەش هۆکارێکی دیکەی لاوازبوونی ئەم بزوتنەوەیە بوو.

بەم شێوەیە بزوتنەوە ئەڵمانیەکە حەزە گەلیەکەی لەدەستدا. هەموو بنەماکانی تاوتوێ کردنی سەروژێر کردەوە و گفتوگۆکانی نێو یانە و ئەکادیمیاکان و گوند و شارەکانی نەهێشت و هەمووی گواستەوە بۆ کوشکی ڕیایخسترات و ڕۆژنامەکانیش لەم کاتەدا پشتیان بەستبوو بە شێواندنی ناوبانگی ئەندام پەرلەمانەکانی ئەڵمانی نیشتەجێی نەمسا، وتەکانیان تێکدەدا و بەهۆی ئامادە نەبوونی ڕاستەوخۆی ئەم کەسانەوە لەنێو جەماوەری دەنگ پێدەریان یارمەتی زۆری ڕۆژنامەکانی دەدا لەبۆ یاری کردن بە هەست و سۆزی کەسانی دەنگ پێدەر و هەڵگەڕانەوەیان لەو پارتەی دەنگیان پێدابوو، دیسانیش ڕق لێبوونەوەی گەل بۆ ئەم بزوتنەوە ئەڵمانیە یارمەتی زیادتر بەرەو پێشچوون و پڕفرۆشبوونی ڕۆژنامەکانی دەدا.

دەبێت پاڵەوانانی خامە بە دەستی ئەمڕۆمان باش ئەوە بزانن کە هیچ شۆڕشێکی گەورە و بەهێز لەژێر دروشمەکانی بە پەڕی قاز نوسراو بەتەنها سەرناگرێت، بەڵکو ڕۆڵی قەڵەم کورتکراوە لە پێدانی شۆڕش بە بیانووەکانی و دیاری کردنی بیردۆزی پەیڕەوکراو، بەڵام ئەوە فاکتەری سیاسی و ئاینییە کە دەتوانن شۆڕش سەربخەن، تا دواساتیش ئەم دوو فاکتەرە وەکو هۆکاری شۆڕش هەڵیسێن دەمێننەوە.

پاڵەوانانی خامە بە دەست پێویستە باش بزانن کە بۆ ڕامکردنی کۆمەڵگە پێویستمان بە هێزی وشەیە، ئەگەر بتوانرێت ئەو نەهامەتی و خەفەتەی لە هەناوی خەڵکدا گیری خواردووە بقۆزرێتەو لەڕێگەی وتاردانی بەهێزەوە ئەوا دەتوانی ڕاپەڕینێك هەڵیسێنیت...ئەمەش لە کەسان و پاڵەوانەکانی نێو هۆڵەکان ناوەشێتەوە تەنها لەو کەسانەدا نەبێت کەلەهیچ شتێك سڵ ناکەنەوەو ناترسێن و هەموو شتێك دەکەن بەمەبەستی بەدی هێنانی ئامانجە بالأکانیان.

چارەنووسی گەل ناگۆڕێت تەنها بە گێژەڵۆکەیەکی هەست و سۆز وروژێنەر نەبێت، ئەمەش تەنها لەڕێگەی ئەو کەسانەوە دەتوانرێت ئەنجام بدرێت کە لەڕێگەی وشە بەهێزەکانیانەوە بڕیاری چارەکردنی ئەم کێشانە دەدەن و دڵەکان بۆ لای خۆیان کێش و ئاراستە دەکەن.

کەواتە با هەموو نوسەرێك لەپێش دەواتەکانیدا بوەستێت و یاری بە بیردۆزەکانەوە بکات, گەر بەتەنها ئەم بیردۆزانە پێویستیان بە زانیاریەکانی نێو مێشك هەبێت,واتە ئەم کەسە بۆ ئەوە دروست نەکراوە ببێتە سەرکردە و سەردار.

گووتم و دەشیلێمەوە: هەموو بزوتنەوەیەك پێویستی بە ئامانجی دوورمەودای وەهایە پشت بەستووبێت بە مێشتنەوەی پەیوەندی نێوان بزوتنەوەکە و جەماوەر, لەسایەی ئەم ڕاستیەشەوە هەموو دۆخ و کێشەیەك تاوتوێ بکات, بەپێی ئەم ئاراستەیەش بۆچوونەکانی ئاراستەبکات, خۆی بەدووریش بگرێت لەهەموو ئەو کردارانەی لەئاست جەماوەردا نزمی دەکەنەوە, بڕوای وابێت کەهیچ پرۆژەیەکی بەبێ یارمەتی جەماوەر ناتوانێت بەدی بهێنێت.

بزوتنەوە ئەڵمانیەکە ڕێگەی خەباتی ساکاری هەڵبژارد لەسایەی تەڤلبونە نێو پەرلەمانەوە؛چونکە ئەو تێکۆشانەی بەئاسانی ئەنجام بدرێت بە زووبی لە ئامانجەکەی لادەدات.

***

فاکتەری سێیەم و کاریگەر لەبۆ شکست هێنانی بزوتنەوەی یەکێتی ئەڵمانی بێ ئاگایی جەمسەرەکانی بزوتنەوەکەبوو لە دەروونی گەل. ئەمەش لە دژایەتی کردنی پارتی کەنیسەی کاسۆلیکیدا دیارکەوت.

ئەو کاتەی بنەماڵەی هابسبۆرگ هاتنەسەر دەستەڵات و هەوڵی پێدانی سروشتێکی سڵاڤیان دابە نەمسا دەستیان دایە خۆ تێکەڵاوکردن لەگەڵ دامەزراوە ئاینیەکاندا و بەتەواوەتی لەمەدا ڕۆچوون. ئەم دامەزراوانە خانەی پاشاشی بۆ خۆی ڕام کردبوو, ئەبرەشیە چیکیەکان و قەشەکانی چیك هەستان بە لەبەرکردنی نەمسا بەم پۆشاکە نوێ یە , واتە تێکەڵاوکردنی دەستەڵات و ئاین پێکەوە لەبەرژەوەندی سیاسەتدا, دەستەڵات هەستا بە دامەزراندنی قەشەی چیکی لەناوچە ئەڵمان نشینەکانی نەمسادا و دەستی پۆلاێینی کلێساش بەکارهێنرا بۆ دژایەتی کردنی ئەڵمانیەکان و لەناوبردنی هەرجۆرە بانگەشەیەکی نوێ.

بەڵام ئیکلیرۆسە ئەڵمانەکان لەم ڕوانگەیەوە زۆر لاوازبوون؛ چونکە نەیتوانی بەرپەرچی دوژمنانی ئەڵمانی بداتەوە. فۆن شۆنرر هانی دووره پەرێزگرتنی کەنیسەی کاسۆلیکی ئەڵمانی دا, ئەمەش بووە هاندەری هابسبۆرگیەکان بۆ قۆستنەوەی

دەستەلاتی کلێسا و بەکارهێنانی لەدژایەتی کردنی گەلدا. گەلی ئەلمانی. لەم کاتەش بەدواوەوە جەنگ لەدژی ئەلمانەکان هەلایسا بەناوی جیابوونەوە لەڕۆما. لەکاتێکدا بەناشکرایی دەزانین کە بنچینەی هەموو کێشەکان دەگەڕێتەوە بۆ کەنیسەی دەرەوەی خاکی ئەلمانیا. بۆیە پێویستە لەسەر ئەلمانەکان . قەشە و نائاینیەکان. دەبێت بزانن کە پێویستیان بە کلێسایەکی نیشتمانی هەیە.

بەلام هەلمەتەکەی شۆنرر سەرکەوتنی بۆ نەنوسرابوو؛ چونکە لەسەر بنەمای هەڵە پوچێت نرابوو. زۆرینەی بۆچوونەکانی پشت بەست بوو بە ئەمەکداری ئیکلیرۆسە ئەلمانیەکان بۆ بەرژەوەندی ئەلمان خوازی . بەلام ئەم ئیکلیرۆسانە پێش لە نیشتمان بۆ کلێسا ئەمەکداربوون. واتە بۆچوونەکەی مەبەستی نەپێکابوو.

ئەمە تەنها تایبەت نەبوو بە ئەکلیرۆسە کاسۆلیکیەکان . تەنانەت پرۆتستانتیەکانیش بەدەم ئەم ڕاپەڕینە ئەلمانیەوە نەچوون کە وەخت بوو دەخنکا و لەناودەچوو. بەبیانووی ئەوەی بەدەست هێنانی مافەکان پێویستی بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی تەندروست و شیاو هەیە.

بابگەڕێینەوە بۆ هەلمەتەکانی شۆنرر لەدژی کلێسای کاسۆلیکی.

دەبوو پێش لەوەی بزوتنەوە ئەلمانیەکە کلێسا بە دوژمنی خۆی دابنێت لەخۆی بپرسیبایە: ئایا بەرژەوەندی گەلی ئەلمانی لە نەمسادا وەگەل کلێسای کاسۆلیکیدا دەگونجێت یان دژبەرە ؟ ئەگەر وەلامەکە گونجاو بوو ئەوا پێویست بوو لەسەر ئەم بزوتنەوە ئەلمانیە خۆی بغلانایەتە نێو کلێسا و دامەزراوە ئاینیەکانەوە. ئەگەریش دژبەرە ئەوا دەبوو چاکسازی ئاینی هەلبژاردبایە نەوەك پارتێکی سۆسیالیستی نائاینی.

ئەوەی وابزانێت خۆی بەتەنها یان لەڕێگەی پارتێکەوە دەتوانێت چاکسازیی ئاینی ئەنجام بدات ئەوا یان شێتە یان گەمژەیە. یان ئەوەتا هیچ شتێك لەبارەی گەشەی ئاین و بیروڕاکانەوە نازانێت. **بڕوام وایە دامەزراندنی ئاینێك یان لەناوبردنی کۆلەکە و پایەکانی لە دامەزراندن یان لەناوبردنی ولاتێك زۆر گرانترە.**

ڕەنگە کەسێك بڵێت: شالاوەکانی پارتی یەکێتی ئەلمانی وەکو دژە هێرش وابووە لە بەرامبەر کلێسادا. بەلام لێرەشدا نابێت ئەوەمان لەبیربچێتەوە کە خوودی ئاین ئەستۆپاکبوو لە گلەییەکانی بزوتنەوە ئەلمانیەکە. ناشبێت ئەوە لەیاد بکەین کە ئاین

و ڕێباز و مەزهەب ئەستۆپاکن لەهەموو ئەو ناڕەسەن بەکارهێنانەیان لەلایەن کەسێک یان دەستەیەکەوە بەمەبەستی بەدی هێنانی ئامانجێکی سیاسی پۆخڵ. بەداخەوە ئەو کاتەی ئەم پارتە ئەڵمانیە دژایەتی خۆی بۆ کڵێسا دەربڕی خۆی بەدەستی خۆی چەکێکی کوشندە و کۆنی دابە دوژمنەکەی , بەجۆرێک لەم ڕێگەیەوە چەندین کەسایەتی و ئەندام پەرلەمانی دژ بە پاڵەوان دیارکەوتن, لەم ولاتەدا (نەمسا)زۆرینەیەک هەبوون کە باوەڕیان بەئاین و ڕێبازە دژایەتی کراوەکە هەبوو, ئەمەش لای خۆیەوە هانی دروست بوونی دەمارگیری ڕەگەزی دا لە ولاتدا.

بەم شێوەیە هەموو ئەوانەی ئەمەکداربوون بۆ ڕۆما لەم بزوتنەوەیە دوورکەوتنەوە و ئەمەش لای خۆیەوە ئەم بزوتنەوەیەی بەرەو هەڵدێڕی لەناوچوون برد.

هەڵەیەکی دیکەی شۆنرر و هاوڵەکانی بریتی بوو لە پەرتکردنەوەی هێزی دژایەتی کردنیان بەوەی لەیەک کاتدا دوژمنایەتی چەندین بەرەو مەزهبی ئاینیان دەکرد, خۆئەگەر نەختێک لەمێژوویان ڕوانیبایە ئەو کات بۆیان دیاردەکەوت کە دەتوانرێت پشت بەست بەگەلی لایەنگر یەک یەک دوژمنەکان لەناوببرێت نەوەک بەیەکجار هێرشی دەیان دوژمن بکرێت. ئەوکاتەی گەل هەست بەوەدەکات کە زیادتر لەیەک گۆڕەپانی مردنی لەپێشە دەترسێت و خۆی لەم بابەتە پیرۆزە دەدزێتەوە و هەڵدێت.

بزوتنەوەی ئەڵمانیش بە ئاشکراکردنی هەڵایسانی جەنگ لەدژی زیاد لەبەرەیەک بووەهۆی پەرتکردنی هەموو هێز و تواناکانی و هانی پشتیوانانی دا ببپرسن : ئایا بەڕاست ئەم هەموو دوژمنە هەڵەن و ئێمە بەتەنها ڕاست ؟

بەکورتی دەتوانین بڵێین کە: پارتی ئەڵمانی نەمسایی ئامانجەکەی بەڕوونی دیاری کردبوو, بەڵام ڕێگەی گەیشتن بەئامانجەکەی هەڵەبوو. ئەمەش وەکو ئەوە وابوو کەسێک بیەوێت بگاتە لوتکەی چیایەک لوتکەکە دیار بکات, بەڵام ڕێگەی هەڵە بۆ گەیشتن بەو دوندەی شاخە هەڵبژێرێت , ئەمەش ببێتە هۆی کەوتنە خوارەوەو شکست هێنانی لەم ڕێڕەوتەیدا.

***

پارتی مەسیحی سۆسیالیستی نەکەوتە هەمان هەڵەی بزوتنەوە ئەڵمانیەکەوە.

پێش لەهەنگاونان بە وردی ڕێگەی گەیشتن بەئامانجەکەی دیاری کردبوو, بەڵام ئامانجەکەی بەڕوونی پیشان نەدابوو.

پارتی مەسیحی سۆسیالیستی باش لە کاریگەری بزوتنەوەکانی گەل گەیشتبوو، توانی ئەمەش هەر لەیەکەم پۆژی دامەزراندنیەوە بەکاربهێنێت و بەم کارەی توانی ژمارەیەکی زۆری خۆبەخش پاکێشی نێو بزوتنەوەکەی بکات بۆمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی جەماوەری ئەم پارتە بەکاریان بهێنێت. بە تەواوەتی خۆیشی بە دوور گرتبوو لە پێکدادان لەگەڵ دامەزراوە ئاینیەکاندا، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کڵێسا بەتەواوەتی پشتگیری بکات، ئەم بزوتنەوەیە وای لێهات ببووە ڕێکخراوەیەکی زۆر بەهێز و دەستەڵات فراوانی لەبن نەهاتوو.

ئەم پارتە هەرچەندە نەیتوانی بەئامانجە ڕاستەقینەکەی بگات کە ڕزگارکردنی وڵات بوو لە تیاچوون، بەڵام توانی بۆخۆی سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست بهێنێت.

ئەم پارتە لەسەر بنەمای ئاین خوازی دامەزرابوو نەوەك ڕەگەزی و بنچینە، چونکە دامەزرێنەرانی ئەم پارتە بڕوایان وابوو ئەوەی هەموو دانیشتوانی نەمسا بەیەکەوە دەبەستێتەوە تەنها ئاینە و پشت بەستن بە ڕەگەز و بنچینە ماناى هەڵوەشاندنەوەی پێش وەختی وڵاتە. لەم کاتەدا ژمارەیەکی زۆری خەڵك لە هەرێمەکانی دیکەوە ڕووبان لە نەمسا دەکرد، بەجۆرێك هەر دەستە و هەرێم نشینێك بۆ پارتێك یان باوەڕێك تێدەکۆشان، لەترسی ئەوەی ئەم دەستە دەستەکارییە لەدژی ئەڵمانەکان بەکارنەیات، دکتۆر لۆجر هەستا بە بەکارهێنانی دروشمی (ڕزگارکردنی نەمسا لە جولەکە خراپ کارەکانی)، ئەمەش وای لەهەموو هاوڵاتیانی نەمسای بەڕەگەز ئەڵمان و چیکی و مەجەڕی کرد لەژێر یەك سێبەر و پارتدا کۆببنەوە و دژایەتی جووەکان بکەن، نەك لەبەر ئەوەی جولەکەکان ڕەگەزیان جیاوازە بەڵکو بەبیانووی ئەوەی ئاینیان جودایە.

بێگومان لەبەر ئەوەی ئەم هەڵمەتە پشت بەستووە بەئاین کەواتە کەمینەیەکی زۆر کەم ئازاری پێدەگات، بەڵام بەخێرایی لایەنگرانی ئەم پارتەش خۆی لێی کشانەوە بەتایبەت ئەوکاتەی بۆیان دیارکەوت کە ئامانجێکی ئەم پارتە بە مەسیحی کردنی جولەکەکانە و ئەمەش هەنگاوێکی منداڵانە و نەشیاوە بۆ پشتگیری کردن.

ئەم بزوتنەوەیە لەڕاستیدا هەوڵێکی نیوچە ئیفلیج بوو، بەوەی لە سامیەوە لەدژی سامیەت سەرچاوەی گرتبوو، لایەنگرانی ئەم پارتە بڕوایان وابوو کە توانیویانە گوێی دوژمن بگرن لەکاتێکدا دوژمن بەسەر لوت و تەوێڵ ئەمانی بە زەویدا ڕاکێش دەکرد. ئەم پارتە تەنانەت پاش لە لاوازبوونیشی نەیدەویست کێشەی نەتەوەکان بەکاربهێنێت

بۆ ڕزگارکردنی ولآت بەڵکو بەتەنها پشتی بە ئاین بەستبوو؛ چونکە باش لەوە گەیشتبوو بەکارهێنانی ڕەگەز واتای پارچە پارچەکردنی ولآت دەگەیەنێت, بەلآم ئاین پێچەوانەی ئەو بۆچوونەیە و هاندەری بەهێزبوونی ولآت و توانەوەی هاولآتیانی ولآتەکەیە لەژێر سێبەری ئایندا.

ئەو کاتەی تەرمەکەی دکتۆر لۆجر لە خانەی شارەوانیەوە بەرەو(ڕنغسترات) برا خۆم یەکێك بووم لەو هەزاران کەسەی ئامادەی بەخاك سپاردنی بوون. بۆم دەرکەوت کە هەموو هەوڵەکانی ئەم پیاوە بابردی و گەر لە ئەڵمانیا بژایایە ئەوکات دەبووە کەسایەتیەکی گەورە و لەڕیزی پێشەوەی دەستەلآتداراندا دەمایەوە, بەلآم ئەفسوس چارەنوس لەم ولآتەدا دەری خست.

پاش لە مردنی بەڵقان گڕی تێبەربوو, چارەنووس وەهابوو پاش لەمردنی ئەوەی لێی دەترسا هاتەدی و ولآت بەرەو داڕووخان ڕۆشت.

***

پێم باشە بەخستنەڕووی هەڵەی شکست هێنانی هەردوو پارتی ئەڵمانی و مەسیحی سۆسیالیستی کۆتایی بەم بەشە بێنم:

پارتی ئەڵمانی(یان بزوتنەوەی یەکێتی ئەڵمانی) لەسەر بۆچوونی ڕاست بوو لەوەی پەنای گرتبوە زیندووکردنەوەی ڕەگەزی ئەڵمانی لەنەمسادا, بەلآم ئامرازەکان بەدیهێنانی ئەم ئامانجەی بەهەڵە دیاری کردبوو. پارتێکی نەتەوەیی بوو, بەلآم نەیتوانی گەل بۆلای خۆی کێش بکات؛چونکە پشت بەستوو نەبوو بەکێشەی کۆمەلآیەتی بەهێز, بەلآم دژبەری کردنی سامیەت لە بابەتی ڕەگەز و بنچینە کاریگەرتر نەبوو؟ چونکە ئەمیش لەبنەڕەتدا تیشکی دەخستەسەر تێگەیشتن و گەرانەوە بۆ بنچینە و ڕەگەزەکان, دواتر دیارکەوت ئەو جەنگەی لەدژی بەرەیەکی ئاینی بەرپای کرد جگە لە تاکتیکێکی هەڵە هیچی دیکە نەبوو.

پارتی مەسیحی سۆسیالیستی ئامانجێکی نەتەوەیی دیاری کراوی نەبوو, بەلآم وەکو پارت ئامرازەکانی باش هەڵبژاردبوو, بەباشی لە کێشەی کۆمەلآیەتی گەیشتبوو. بەلآم هەڵمەتەکانی لەدژی جوولەکە بەشکست کۆتایی هات و نەشیتوانی نەمسا لە پەرت بوون ڕزگاربکات.

ئەگەر پارتی مەسیحی سۆسیالیستی لەگەڵ کێشەکۆمەڵایەتیەکانی ولاتدا ببەسترایەتەوە ئەوا ئامانجی سەر خستنی ئەڵمانەکانی ولات دەبوو بەسەر گەل و نەتەوەکانی دیکەی ولاتدا,گەر بزوتنەوەی ئەڵمانیش بەباشی گرنگی بدایەتە کێشەی جوولەکە و نەتەوەکانی دیکە بە تێڕوانینێکی کۆمەڵایەتی ئەوکات دەبووە بەهێزترین پارتی پامیاری ولات و چارەنووسی ولاتی دیاری دەکرد...

ئەو بیرۆکانەی پۆژگار لەناخمدا سەلماندی لەهیچ کام لەم بزوتنەوانەدا نەم دیتەوە, بۆیە نەچوومە نێو هیچ کام لەم بزوتنەوانەوە؛چونکە ئەم دوو بزوتنەوەیە کەم توانان لە زیندووکردنەوەی هەستی ئەڵمان خوازی لە ولاتێکدا کە لەسەرەتای دیارکەوتنیەوە بۆ گەشەی سلاڤیەت دروست بووە.

بەهۆی زیادبوونی گرنگی پێدانم بە کاروباری گشتی و کێشە سیاسیەکان تادەهات زیادتر پقم لە بنەماڵەی هابسبۆرگ دەهاتەوە, وام لەمێشکدا چەسپابوو کەئەم ولاتە هەڵوەشاوەیە لەداهاتوودا دەبێتە بارگرانی بۆسەر شانی ئەڵمانەکانی ولات, گەلی ئەڵمانیا چارەنوسیان لەم ولاتەدا دیاری ناکرێت, بەڵکو لە پایخدا دەبێت چارەنوسی خۆیان دیاریبکەن, چونکە لەپووی سیاسی و ئابوری و فەرهەنگیەوە بۆئەم مەبەستە گونجاوە.

لەهەمان کاتدا پقم لە خوودی ولاتی نەمساش دەبویەوە بەوەی بووەتە مۆزەخانەی نەتەوە پەرتەکان, مێژووی سەربەرزی خۆی لەبیرکردووە, لەهەمان کاتدا خۆم بەنامۆ دەدیتەوە لە پایتەختە جوانەکەی ولاتەکەدا, پاش لەوەی ژمارەیەکی زۆری پۆڵۆنی و چیکی و هەنگاری و پۆتنی و سڕبی و کوروواتی و...هتد پوویان لەم شارە جوانە کردبوو.

بۆم دەرکەوت ئەو هەولانەی دکتۆر لۆجر و پارتەکەی بۆ پزگارکردنی ولات هیچ بەرهەمێکی نابێت, بەتایبەت ئەوکاتەی زۆری زمان و شێوە زارەکان قییەنای کردبووە بابلی دووەم, ئەستێرەی گەشاوەیی ئەڵمان بەرەو ئاوابوون دەڕۆیشت.

گوتم نەمسا بووەتە مۆزەخانەی نەتەوەکان, بەڵام ئەو قوڕەی ئەم بینایەی پاگیرکردووە خەریکە هەڵدەوەرێت, ئەگەر تەنها لەدوورەوە لەم بینایە بڕوانیت ئەوکات زۆر بەهێزدیارە, بەڵام گەر بە لێدانێك لێی بدەیت ئەوکات وەکو شوشە تێك دەشکێت.

دڵم شکستی خوارد بەڵام هێشتاکە دڵم لای ئەمپراتۆریەتی ئەڵمانییە, بەڵام هێشتاکەش ئیمپراتۆریەتی نەمسام خۆش ناوێت. هەمیشە بڕوام وابوو کە

داڕووخانی ئەم ولاتە مانای بەهێزبوونی نەتەوەی ئەڵمانی یە، بۆیە ڕۆژێك بڕیارم دا لەنەمساوە ڕوو لەئەڵمانیا بكەم، بیرۆكەی پشت گواستنەوەم بۆ ئەڵمانیا هەرلەسەر كاتەوە پەیدابووە كە نینۆكم پەیداكردووە، هەمیشە بەخەونێكی بەچێژ و بەهێزم دەدیت.

بڕیاری كۆچم دا بەرەو ئەڵمانیا بەبێ ئەوەی ئیشەكەم وەكو ئەندازیاری بینا یان وێنەكێش بێتە ڕێگرم لەبۆ بەشداری كردن لە بەدی هێنانی گەورەترین ئامانجم: یەكخستنەوەی نەمسا و ئەڵمانیا و دروستكردنی نیشتمانی گەورەی ئەڵمانی یان ڕایخی ئەڵمانی.

تەنانەت لەم ڕۆژگارەماندا ژمارەی ئەو كەسانەی خاوەنی ئەم بۆچوونە بومارەكەن زیادیان كردووە، بۆیە ڕوو لەو كەسانەش دەكەم كە چارەنووس وای لێكردوون بێبەش بن لە بەدی هێنانی ئەم ئاواتە گەورە هاوبەشە، لەگەڵ ئەوانەشی ناچاری نەگرتنەبەری ئەم ڕێڕەوتە بوونە و ناچاری تێكۆشان لەبۆ مانەوە لەسەر بنەمای كلتوور: زمانی نیشتمانی دایك، لەگەڵ ئەوانەشی خەبات دەكەن و تێدەكۆشن لەپێناو ڕزگاركردنی نیشتماندا، بۆیە داوای بەشداری كردنی هەموان دەكەم لەم ڕێڕەوت و خەباتە پیرۆزەدا.

خۆشەویستی نیشتمان لەهەناوی ئەوكەسانەی دوورن لێیەوە زۆر بەهێزە، ئەمانە مانای حەسانەوە و جێگیربوون نازانن گەر نەگەن بە كرانەوەی نیشتمان و چێژ نەبینن لەخوێنی هاوبەشی ئاشتی كار و دڵنەوایی لە ئیمپراتۆریەتێكی هاوبەش.

***

ڤییەنا ئەو خوێندنگە گەورەیە بوو كە فێری وانەی ژیانی كردم. بە تازە پێگەیشتوویی پۆیشتمە نێویەوە بەكەسێكی بیركراوەو كەم دووەوە لێی هاتمە دەر. لێرەوە بیرۆكەم لەبارەی گەردوون و ژیانەوە سەرچاوەی گرت، لەم كاتەوەش نەخشە ڕێگەی خۆم كێشا لەبۆ گەیشتن بە سەركەوتنی ڕامیاریانەم، هەر لێرەشدا ئەو شتانە فێربوم كە چۆن بتوانم كێشەكانی دووچاربووی پارتەكانی ئەم ڕۆم چارەسەربكەم كە پێنج ساڵە دەستمان بۆبردووەو بەرە بەرە واخەریكە دەبێتە بزوتنەوەیەكی نیشتمانی نەتەوەیی بەهێز.

میونیخ

لەساڵی ١٩١٢دا ڤییەنام بەجێهێشت بەئاراستەی میونیخ.

ئەم شارە بەلای منەوە نامۆ نەبوو. بەشێوەیەکی زەها شارەزای بووم وەکو ئەوە وابێت بۆماوەیەکی زۆر لەم شارەدا ژیابێتم, هەموو ئەو وانەی پێشتر فێری ببوم هانی دام بۆ ڕووکردنە ئەم شارە بەمەبەستی دیتنی جوانیەکانی هونەری ئەڵمانی.

ئەوەی میونیخ نەبینێت وەکو ئەوە وایە هیچ شوێنێکی ئەڵمانیای نەدیتبێت. ئەوەی سەردانی ئەڵمانیا بکات و ڕوو لەشاری میونیخ نەکات ئەوا هیچ شتێکی لەبارەی هونەرەوە نەدیتووە. ئەو ماوەیەی پێش لە هەڵایسانی جەنگ لەم شارەدا گوزەراندم خۆشترین ساتەکانی ژیانم بوو, بەڵێ چێژی زۆرم لە پیشەکەم بینی, بەڵام هەرگیز بۆ بڕەودان بەم پیشەیەم نەژیاوم. بۆیە ئەم کارەشم دەکرد بۆئەوەی بەردەوامبم لەڕێڕەوی گەیشتن بە ئامانجەکەم.

هەر لەیەکەم ڕۆژی گەیشتنم بە میونیخ ئەم شارەم زۆر خۆش دەویست, لەدەروبەرم دەڕوانی و بەخۆمم دەگووت: چەندە جیاوازییەکی گەورەهەیە لەنێوان ئەم شارە ئەڵمانیە و ڤییەنای بابل ئاسا لەفرەگەلیدا ! ئەمەش وای لێکردم زیادتر پێوەی پەیوەست بم, سەرباری شێوازاری دانیشتوانی ناوچەکە کە شێوەزاری دانیشتوانی باڤاریای خواروو و ڕۆژانی منداڵیمی یاد دەخستمەوە, هۆکاری خۆش

ویستنی من بۆ ئەم شارە بەهۆی پڕبوونی بووە لە خەڵکی جوان خواز، لەم شارەوە هەستەکانم گەشەی کرد و پەرەی زیادترم بەخۆم دا.

بەردەوام بوونم لەسەر پیشەکەم و خوێندنەوەم لەکاتە بەتاڵەکانمدا نەبووە هۆی دابڕانی من لە بەدواداچوون کرم بۆ ڕووداوە سیاسیەکانی ناوخۆ و دەرەکی. من لەم کاتەدا لە سیاسەتی دەرەکی ئەڵمانیم دەڕوانی لەڕێگەی پەیڕەوی هاوپەیمانی سەرهەڵداوی ئەوکاتەوەی کە من لە ڤییەنادا بە ناتەندروستم دەزانی. بەڵام لەم کاتەدا وام دادەنا کە سەرکردەکانی بەرلین بێ ئاگانین لەو لاوازییەی بەسەر هابسبۆرگیە هاوپەیمانەکانیاندا هاتووە، ئەوان ئەم ڕاستیە لە گەلەکەیان دەشارنەوە بۆئەوەی کاریگەر نەبێت لەسەریان، دیسانیش پەیوەستن بەو هاوپەیمانیەتانەی کە بسمارك هێناویەتە بوونەوە.

بەڵام وادیاربوو کەهەڵەبووم لەم شیمانەیەم، بەڵام ئەوەم بەلاوە سەیربوو کە ئەڵمانەکان بەهەڵە لەتواناکانی هابسبۆرگیە هاوپەیمانەکەیان تێگەیشتبوون. گەورەترین ئەندێشە ئەوەبوو کە نەمسا تاوەکو ئێستا وەکو وڵاتێکی ئەڵمانی ماوەتەوەو لەهەر کاتێکدا بێت دەتوانێت سوپایەکی گەورە بۆ بەرگری کردن لە مافی ئەڵمانەکان پێکبهێنێت. بەڵام ئەو شتانەی دیپلۆماسیەتی فەرمی وڵاتی ئەڵمانی تادواسات لێی بێ ئاگا بوو من دەمێك بوو بەباشی ئاشنای ببووم. دیپلۆماتی وڵات هیچ جیاوازییەکی نەبوو لەگەڵ ڕای گشتی وڵاتدا لەڕوانین بۆ هاوپەیمانە نەمساییەکان، بڕوایان وابوو وڵاتی بنەماڵەی هابسبۆرك گوێرەکەیەکی ئاڵتونییە، بەم چەشنەش ئەڵمانەکان تائەو کات بڕوایان بەمانەوەی ئەوهاوپەیمانییە سێ قۆڵیە هەبوو کە ڤییەنا بانگەشەی بۆدەکرد و ببووە جێگەی گاڵتەجاڕی ڕۆژنامەی پایتەختە سڵاڤیەکان، بەتایبەت پراگ کە ئەم هاوپەیمانێتیەی بە شانۆیەکی پڕ لە گاڵتەجاڕ دەزانی بەجۆرێك، جارێك دەتگرێنێ و جارێکیش پێت دەکەنێنێ. ڕای باو وابوو کە تەنانەت سەرباری ئەم هەموو خوڵك و ماچکردنانەی لەنێوان ئەم دوو ئیمپراتۆریەتەدا هەبوو، بەڵام بڕوا وابوو کە لەگەڵ یەکەم تاقیکردنەوەدا ئەم هاوپەیمانێتیە تێك دەشکێت.

بینیمان کە ئیتالیا لەڕۆژگاری تاقیکردنەوەدا ڕەتی کردەوە لەپاڵ هەردوو هاوپەیمانە ئەڵمانی و نەمسایەکەیدا لەدژی دوژمنەکانیان بوەستێتەوە. بەڕاستی

ئەوانە زۆر ساوێلکە بوون کە بڕوایان وابوو دەتوانن دەستی ئیتالیا و نەمسا تێکەڵ بکەن و پێکەوە بیان خەنە جەنگەوە.

ئەو کاتەی لە ڤییەنابووم تێبینی ئەوەم دەکرد کە خانەی پاشا و لایەنگرانی یەکێتی ئەڵمانیا زۆر بەجوانی پشتگیری ئەم هاوپەیمانێتیە سێ قۆڵیەیان دەکرد. بەڵام ڕەگەزەکانی دیکە بەتەواوەتی گاڵتەیان بەمە دەکرد و بەهێچیان نەدەزانی. بۆ بنەماڵەی هابسبۆرگ بەستنی هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەڵمانیادا بەلایانەوە وەکو داپۆشینی یەکجارەکی کێشەی ئەڵمانیە نەمسایەکان وەهابوو. بەجۆرێك لەم ڕێگەیەوە دەتوانن لە کێشەی ئەڵمان خوازانی ولاتەکەیان بدەن. بەڵام ئەڵمانەکانی نەمسا بەهۆی مەرام پاکیەوە بەشداری ئەم هاوپەیمانێتیەیان دەکرد بەو بڕوایەی لەکاتی جەنگدا ئەم ولاتە دەبێتە کۆڵەکەی هێزی پاڵپشتی ئەڵمانیا. ئەم گەش بینی و خرۆشیەیان مانای کوڕت بینیان بوو لە ڕامیارێتی؛ چون بڕوا و هیوایان وابوو کە ڕەنگە ئەم هاوپەیمانێتیەی نێوان ئەڵمانیا و نەمسا هۆکاربێت بۆ دیاریکردن و یەکلایی کردنەوەی چارەنووسی نەمسا بە کێشکردنی بۆلای ڕایخ. بەڵام نەیان زانی ئەو هاوپەیمانێتیەی دڵیان پێی خۆشە لەگەڵ خۆیدا ڕایخیش بەرەو چاڵی لەناوچوون پەلکێش دەکات. هەروەها سەرانی بزوتنەوەی یەکێتی ئەڵمانی زۆر ساویلکەبوون ئەوکاتەی بڕوایان وابوو ئەم هاوپەیمانێتیە سێ قۆڵیە دەستەبەری سەرکەوتنی یەکگرتنی ڕەگەزی ئەڵمانییە. وەك پێشتر نوکە قەڵەمێکمان لێدا، ئامانجی ڤییەنا لەم هاوپەیمانێتی بەستنە لێدانی ڕەگەزی ئەڵمانی بوو لەولاتەکەیدا. لەم ڕێگەیەوەش توانی بووی ئەم لێدانانە پەردەپۆش بکات. تا دواساتەکانیش بەرلین بەردەوام بوو لەم شێوە خۆ هەڵخەڵەتاندنەی. ئەوەی بەلای ئەوەوە گرنگ بوو ئەمەکداری ڤییەنابوو بۆ ئەم هاوپەیمانێتیە.

بەڵام سیاسەتی ناوخۆیی بنەماڵەی هابسۆرگ و هەڵوێستیان لەبەرامبەر بزوتنەوە ڕەگەزخوازییەکانی مەترسی دار بۆسەر دەوڵەت دوایین شت بوو کە بەرلینیەکان بیریان لێی دەکردەوە و بگرە هیچ گرنگیشیان پێی نەدەدا.

نەم دۆخە وای لەزۆرێك لە ئەڵمانەکانی نەمسا کرد هیچ پێخۆشحاڵ نەبن بەم هاوپەیمانێتیە؛ چونکە بوونی هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەڵمانیا و هەڵایسانی ڕاپەڕینیش لەلایەن ئەڵمانەکانی نەمساوە مانای هەڵگەڕانەوەو غیانەت کاری دەبەخشی بۆیە

دواتر ئەم هاوپەیمانێتییەیان بەباری قورسی سەر شانیان دەزانی. هەرسێ هاوپەیمانەکان درکیان بەوە نەکردبوو کە مانەوەی ئەم هاوپەیمانێتیە بەندە بە بالأدەستی ئەڵمانەکانی نەمسانشینەوەو بەنەمانی توانا و دەستەلأتی ئەمان ئەوا ئەم هاوپەیمانێتییەش پووچ دەبێتەوە, بەتایبەت ئەو ڕۆژەی سلاڤییەکان دەست بەسەر نەمسادا دەگرن, ئەوا ئەم هاوپەیمانێتیە هیچ مانایەکی نامێنێت. بۆیە ئەڵمانەکانی نەمسا ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان دەدا بەمەبەستی تێگەیاندنی دیپلۆماتکارن و ڕای گشتی ئەڵمانی بەوەی بە لاوازبوونی ئەمان لاوازبوونی بەرلینیشی بەدواوە دەبێت و چارەنوسی گەلێکی حەفتاملیۆنی دەکەوێتە مەترسیەوە, بۆیە تاکە دەستەبەری هێشتنەوەی ئەم هاوپەیمانێتیە زاڵێتی ئەڵمانەکان بوو بەسەر نەمسادا.

ئەگەر بەرلین بگەڕایەتەوە بۆ مێژوو و بەجوانی تۆڕێنەوەی دۆخەکەی کردبا ئەوا بۆی ڕوون دەبوویەوە کە هەرگیز کێرینالّ و کۆشکی ئیمپراتۆری ڤییەنا ناتوانن لەپالّ یەکدا دژی دوژمن لەجەنگدا بجەنگن. گەلی ئیتالیش ناتوانن گرنگی هەڵوێستی هابسبۆرگیەکان لە هێشتنەوەی یەکێتی ولأتدا لەبیربکەن, بۆیە هەرگیز ئیتالیا زاتی ئەوەی نییە تاکە سەربازێك بنێرێتە جەنگێکەوە کە لولەی تفەنگ و ئاراستەی فیشەکەکەی بەرەو بنەماڵەی هابسبۆرگ نەبێت. بەشداری کردنی ڕۆما لەم هاوپەیمانێتیە سێ قۆڵیە هەڵخەڵەتاندنی دوژمنە لەمێژینەکەی بوو, بەجۆرێك خۆی وا پیشان دەدا پابەندی ڕێککەوتنامەکەیە و پشتیوانە لەکاتێکدا خۆی بۆدژبەری کردنی و پەلامارادانی ئامادە دەکرد.

بەڕاستی پاش لە تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان نەمسا و ڕووسیا و دروستکردنی هاوپەیمانێتی ئەڵمانیا لەگەلّ نەمسادا لەسەر بنەمای ئەندێشەی هەڵەبوو.

کەواتە بۆچی لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا ئەڵمانیا هەوڵی کۆکردنەوەی زۆرترین هاوپەیمانی دەدا؟ دیارە ئەمەش بۆ مەبەستی دابینکردنی هێزی پشتیوانی بوو بۆ جەنگ لەلایەك و بەدی هێنانی خۆشگوزەرانی بۆگەلی ئەڵمانی لەکاتی نەبوونی جەنگدا لەلایەکی دیکەوە.

سەرکردەکانی ئەڵمانیا سالّ بەدووی سالّ دەبوو ڕووبەڕووی کێشەیەك بوەستنەوە کە زیادبوونی دانیشتوان بوو بە (۹۰۰)هەزار کەس بۆ سالێك. ئەم زیادبوونە

لەرادەبەدەرە یارمەتی دووچاربوونی ولاّت دەدات بەفەتارەت گەر هەنگاوی پێویستی بۆ نەنرێت لەبۆ بنبڕکردنی برسێتی بلاّوبۆوە. لەم کاتەشدا چوار رێگە و ئامرازی لەپێش بوو :

یەکەم: سنوردارکردنی وەچەخستنەوە, بەمەبەستی رێگری کردن لەزیادبوونی ژمارەی دانیشتون بەشێوەی فەرەنسای هاوسێ.

لەسالاّنی نەهامەتی و برسێتی و باوی نەخۆشیدا ئەوە سروشتە رۆڵی سنوردارکردنی وەچەخستنەوەو هەلاّوسانی دانیشتوان دەبینێت. بەلاّم دیسان وەکو بەردێکی خوارو خێچ لەپێشی جوتبوون و زاوزێدا ناوەستێتەوە, بەڵکو تەنها مرۆڤەکان کەم دەکاتەوەو دەیگێڕێتەوە بۆ نەبوون لەرێگەی تاقیکردنەوەیەوە, بەلاّم گەل بەهێز و خۆڕاگربێت ئەوا هەڵی مانەوەو زاوزێ کردنی لەپێشدا دەمێنێتەوە, بەم شێوەیەش سروشت خۆی توخم و ڕەگەزە لاوازەکان لەناودەبات و باشترینەکان دەهێڵێتەوە. بەم چەشنە کەم بوونەوەی تاك یارمەتی بەهێزبوونی هاوولاّتی و هێشتنەوەی ڕەگەزی ڕەسەن دەکات.

ئەوکاتەی مرۆڤ خۆی هەڵدەستێت بە رێکخستنی وەچە ئەوکات دۆخەکە پێچەوانە دەبێتەوە؛ چونکە مرۆڤ ناسروشتی یە, ئەم مرۆڤانە هیچ گرنگی بەگەزەکانیان نادەن لەپێگەیاندنی وەچە خراوەیاندا . بەڵکو لەرێگەی زاوزێ نەکردن بەمانای وەچە نەخستنەوەوە ئەم کارەی ئەنجام دەدات. وای دێتەپێش چاو ئەم رێگەیەی مرۆڤ دۆستانە و دادگەرانەیە؛چونکە لەم گەردوونە فراوانەدا تەنها خۆی دەبینێت, هیچ گرنگییەك بۆئەو ڕەگەزە دانانێت کە لێیەوە سەرچاوەی گرتووە.

ئەم شێوازە پەیڕەوکراوەی مرۆڤ بۆ سنوردارکردنی هەلاّوسانی دانیشتوان پێچەوانەی سروشتە و ئەنجامەکەشی پێچەوانە دەبێت. سروشت رێگە بەمرۆڤ دەدات بۆ زاوزێ کردن و دواتر لەرێگەی تاقیکردنەوەیەکی قورسەوە باشترینیان دەهێڵێتەوە بۆ بەرەودان بەژیان. بەلاّم مرۆڤ هەوڵی نەهێنانە دونیای وەچە دەدات و بڕوای وایە نەوەی هاتە سەر نەم زەوینە دەبێت بژێت و نەکوژرێت و لەناونەچێت و مافی ژیانیش بۆهەموو کەسێکە! جا ئەو کەسە باش بێت یان خراپ, لاوازبێت یان بەهێز. بەم شێودیەش دەتوانێت سنورێك بۆ زیادبوون دابنێت.بەلاّم لەم کاتەدا بەهای تاك وەگەل کەمبوونەوەی چاکی تاکدا کەم دەکات.

تێکۆشانی سروشتی لەپێناو ژیاندا بوار بەکەسە لاوازەکان نادات بەمانەوە تەنها کەسە بەهێزەکان نەبێت. بەڵام پەناگرتنە بەرەوتی زاوزێ بۆ کەمکردنەوەی دانیشتوان ناتەندروستە و سنووردانان بۆ ژمارە زۆربوون وەچە لاوازەکان لەناونابات بەڵکو بنەمای دیارکەوتنی وەچەیەکی لاواز تر دادەنێت. ئەمەش لای خۆیەوە دژبەرییەک بۆ سروشت دەنافرێنێت کە تاوێک ناتاوێک پێویستە بەسەریدا زاڵبێت؛چونکە سروشت بەردەوام زەوی لەو کەسانە پاقژ دەکاتەوە کە کاڵ و پێنەگەیشتوون، هەمیشە بەهێزەکان زاڵبدەنەسەر لاوازەکان و لەناویان دەبەن. بۆیە بەم کاری رێگرتن لەوەچە خستنەوەیە دەرگاش لەڕووی ئەو کەسانەدا دادەخرێت کە درەنگ دەیانەوێت دەربکەون و ماوەیەکی درێژیان بڕیوە تاوەکو گەیشتونەتە پێشی ئەم دەرگایە بەمەبەستی تێکۆشان.

کەواتە پێویستە ئەو ئەڵمانیانەی دەیانەوێت لاسایی فەرەنسای دراوسێیان بکەن لە رێگرتن لە وەچەخستنەوە ئەوا دەبێت باش بزانن کەبەم کارەیان داهاتووی گەلی ئەڵمانی لەناودەبەن.

دووەم: شێوازی دووەم بریتیە لە رێگەی ((داگیرکردنی ناوخۆیی))ئەمەش پرۆژەیەکە تەنانەت ئەوانەش داکۆکی لێدەکەن بە ئەنجامەکەی شارەزاو ئاشنانین.

گومان لەوەدا نییە کە دەتوانرێت بەرهەمی زەوی زیادبکرێت. بەڵام ئەم زیادکردنە هەمیشەیی نییە و پشت پێبەستنی بۆ رزگارکردنی گەلی ئەڵمانی لەبرسێتی رەنگە بۆماوەیەکی دیاریکراو سودبەخش بێت. بەڵام بەتەواوەتی ناتوانێت ئەم کێشەیە بنەبڕبکات. چونکە ژمارەی دانیشتوان زۆر لە بڕی بەرهەمی زەوی زیاددەکات. لەبەرئەوەی پێویستیەکانی مرۆڤ بەردەوام ڕوولەزیادبوون و جۆراوجۆرییە. ئەو بڕە خۆراک و پێویستیانەی باوانمان بە باسەدەیەک پێش ئێستا پێویستیان بووە بەپێنج هێندە کەمتربووە لەو بڕە خۆراکەی ئەم وەچەیەی ئێمە پێویستیەتی.

پشتیوانانی ئەم بیرۆکەیە بەو نەندێشەیە هەڵخەڵەتاون بەوەی هەر زیادبوونێک لە بەرهەمدا یارمەتی زۆربوونی ژماردی لەدایک بووان دەدات. ئەمەش ڕوونادات تەنها نەبێت زەوی دەستبکات بە بەرهەمدانی بەفەر. مرۆڤ خۆی بەستۆتەوە بەبەکاربردنی بەرهەمەکانەوە بەبێ ئەوەی هیچ گۆڕانێکی فراوان لە زیادبوونی بەرهەمدا بێنە دی زەوبش بە فەرمانی خوا نەبێت فەری خۆی بەمرۆڤ نابەخشێت

ئەو پۆژەش دێت کە زەوی توانای بەرهەم دانی نامێنێت، لەم کاتەدا برسێتی بەرۆکی هەموو دانیشتوان دەگرێت، چونکە لەسەرەتاوە ئەم برسێتیە ناپووون بێت، بەڵام بەتێپەڕوونی کات و زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان ئەم برسێتیە دەگۆڕێت بۆ قات و قڕی و لەم کاتەشدا تەنها سروشت دەتوانێت ئەم کێشەیە چارەسەربکات لەڕێگەی دەست تێوەردانەوە لەڕێگەی لەناوبردنی لاوازەکان و هێشتنەوەی بەهێزەکان ، دانیشتوان لەم کاتەدا دەکەونە نێو بێژەنگی سروشتەوەو لە بێژەنگیان دەدات و میهرەبانی بۆ کەسیان نانوێنێت.

چونکە کەسێک پێچەوانەی ئەم بۆچون و شیمانەیەی هەبێت و بڵێت: پووداتی برسێتی پەیوەندی بە چەگەز و ژمارەوە نییە و فەتارەتێکە و بەسەر هەموو مرۆڤایەتیدا دێت و هیچ گەلێکیش خۆی بۆ دەستەمۆ ناکات ، بەڵێ ئەم قسەیە پاستە ، بەڵام ئەمە ناتوانێت لە تێڕوانینی پاستەقینەمان بۆ دۆخەکان بێتەڕێگرمان، بەڵێ ئەو پۆژە هەردێت کە مرۆڤایەتی توانای دابینکردنی پێویستیەکانیان نییە و لەم کاتەدا یان ئەوەتا ڕێگە بەسروشت دەدەین قسەی خۆی بکات یام ئەوەیە بەڕێگەی تایبەتی خۆی هەڵدەستێت بە هاوسەنگکردنەوەی دۆخەکە. بەڵام ئێمە هێشتاکە دووریین لەمەوە. لەڕاستیدا چەندین گەل هەن پێبەخشراوی خۆش ژیانین، هەندێکی دیکەش سکالاڵەکەن لەنەبوونی توانا بۆ دابینکرنی پێداویستیەکانی؛چونکە دەروونی خۆی ڕانەهێناوە لەبۆ بەکارهێنانی ئەو زەوییەی کە هەیەتی بەمەبەستی بەرهەم هێنان و لێوەدەستەبەرکردنی خۆراک و پێداویستیەکانی. ئەمە لەکاتێکدایە لەم جهانەماندا پووبەرێکی بەرفراوانی زەویش هەیە کە تەنها پێویستی بە خاوەن دارێتی لێکردن هەیە و سروشت ئەم زەویەی بۆ هیچ ڕەگەز و گەلێک دیاری نەکردووە و هەرگەلێک بتوانێت بەزووبی داگیری بکات دەبێتە مولکی خۆی.

سروشت مانای سنوری سیاسی نازانێت. هەموو بوونەوەرە زیندەکان لەسەر ئەم گۆی زەویەدا دەخاتە تەنیشت یەکەوەو لەتاودانی هێزە جیاوازەکان دەنواڕێت، دڵی بۆ بەهێزەکان لاواز دەکات؟ چونکە کوڕی هەڵبژێردراوی ئەوەو شایەنی ژیانە !

ئەو گەلەی چاوی لەسەر داگیرکردنی زەوی ناوخۆییە لەکاتێکدا گەلانی تری جهان سەرقاڵی زیادکردنی پووبەری زەویە بەفەرەکانیانن ئەوا ئێستابێت یان دواتر ناچاری سنوردارکردنی وەچەخستنەوە دەبێت. تێبینی ئەوەش کراوە باشترین نەتەوە ئەوانەن

چـرای ژیـاری و پێشـکەوتنیان بەدەسـتەوەیە و چـاوی لەسـەر داگیرکردنـی زەوی نـاوخۆیی نییـە و دەسـتیش لەهـەڵگرتنی زەویـە بێخاوەنـەکانی دەرەوەی سـنوری سیاسی خۆی هەڵناگرێت بۆ ئەوانی تر. ئەوکاتەی دەبینین ڕەگەزی یەکەم کەپشتی بە داگیرکردنی زەوی ناوخۆیی بەستووە ناچاری دیاری کردنی وەچە خستنەوەیە ڕەگەز و نەتەوەی دووەم بەردەوام ژمارە و ڕووبەر و سنوری دەستەڵاتی لەفراوان بوونداید.

بەڕاستی دەستەواژەی داگیرکردنـی نـاوخۆیی بۆئێمـەی ئـەڵمان مەترسـیدارە گـەر هەست بە خراپیەکانی ئەم پرۆژەیە بکەین و بڕوامان بەو شتانە هەبێت کە خواوەند لەسەر ئەو زەوینـەدا بۆی ئامادەکردووین و پێیـداوین. گـەر پەنابگرینـە داگیرکردنـی ناوخۆیی ئەوا تەنها دەتوانین لەپێش خۆردا بەجوانی دابنیشین و هیچی تر نەکەین, ئەوکاتـەی ئەڵمانیـەکان بڕوایـان وابـوو تـەنها خـاکی ئـەڵمانیا بەسـە بۆ ئەڵمانیـەکان ئەوکات دەبێت بەئەڵمانیا بڵێین: بایبای خوات لەگەڵ, و بەرەو لەناوچوون ئاراستەی دەکەین.

لـەوە گاڵتـەجارِی تـر هەیـە کـە جولەکـەکان ببنەسـەرداری ئێمـەی ئـەڵمانی و پێمـان بڵێن: دەتوانین بڕی خۆراك و پێداویستی تەواو بۆ هەموو گەلی ئەڵمانی دابین بکەین ؟!

وتم و دەشـیلێمەوە کـە داگیرکردنـی زەوی نـاوخۆیی ئـەڵمانیا لەبرسـی بـوونی ماوەدرێژ ڕزگارناکات, مانەوەی گەلەکەمان بەندە بە توانای داگیرکاریمانەوە بۆ زەویـە نوێیـەکانی دیکـە, ئەگـەر مـەودای زینـدەیی بۆ وەچـەی داهـاتوو دابـین و دەسـتەبەر نەکـەین ئـەوا گـەورەترین غیانـەتمان لـە گـەل و نەتەوەکـەمان کردووەو بـەرەو لێـواری مەرگ و لەناوچونمان ڕاپێچ کردوون.

ناشبێت ئەوەمان لەبیربچێتەوە ئەو وڵاتـەی خاکەکـەی کەمـە یـان ڕووبـەری بچووکە لـەڕووی سیاسـی و سـەربازییەوە ئەگـەری دەرکـەوتنی چـەندین دۆخـی چـاوەڕوان نەکراوی لێدەکرێت.

ڕووبەری فراوان هۆکاری چەسپاندنی سەڵامەتی و جێگیری دۆخی وڵاتـە, تاوەکو ڕووبەری وڵات فراوانبێت باشتر بەرگری لێدەکرێت. دەبینین چەندین سەرکردەی باڵا توانیویانـە بەناسـانی گـەلانی خـاوەن ڕووبـەری زەوی تەسـك تێك بشـکێنن. بـەڵام لـە وڵاتی ڕووبەر فراواندا دۆخەکە پێچەوانەیە و تێکشکان زۆر کەمتر وەك لە سەرکەوتن. بەجۆرێك هێزی هێرشبەر پێش لەگەیشتن بەئامانجەکەی دەڕووخێت.

ئەڵمانەکان زۆرێکیان بیرۆکەی داگیرکردنی زەوی ناوخۆییان پەت دەکردەوە؛ چونکە وەکو هێرشێکیان دەزانی بۆسەر زەوی گشتی و تایبەتی ولاّت.

سێیەم: دابین کردنی نان و کار بۆ دانیشتوان لەرێگەی دەستگرتن بەسەر زەوی نوێ و نیشتەجێ کردنی ئەڵمانەکان لەو خاکە تازانەدا.

چوارەم : هەوڵدان بۆ پڕکردنی بازاڕ بەبەرهەمی خۆماڵی, بەمەش قازانجێکی باشمان دەست دەکەوێت و بەدوورەبین لە مەترسی برسێتی.

کەواتە پێویستە لەسەر ئەڵمانەکان رێگەی یەکەم دووەم پەتبکەنەوەو پشت بە سیاسەتی فراوانکردنی زەوی یان داگیرکاری بازاڕەکان ببەستێت. رێگەی دووەمیان هەڵبژارد پاش لە چەندین تاوتوێکردنی دڵەڕاوکێ هێنەر, بەڵام دەبوو هیچ نەبێت رێگای یەکەم بەکاربێنن چونکە سەڵامەت و کەمتر مەترسیدارتر بوو, بەڵام باشترینیان رێگەی سێیەم بوو, بەدەست هێنانی زەوی نوێ یارمەتی نیشتەجێکردنی زیادە دانیشتوانەکە دەدات بەمەبەستی هاوسەنگکردنەوەی دۆخەکە لەئێستا و لەداهاتووشدا گرنگە. لەم کاتەشدا پێویستمان بە هێنانە ئارای چینێکی جوتیاری بەهێز هەیە بەجۆرێك هەموو دانیشتوان پشتی پێببەستن بۆ دابینکردنی خۆراك. ئەوەی ئەمڕۆ بووەتە کێشە جیاوازی بەرهەمی پێشکەشکراوی نێوان گوند و شارەکانە, بوونی چینێکی کشتکاری بچووك و مام ناوەند وەکو هێزێکی بەرگری وەهایە بۆ مانەوەی گەلەکەمان بۆ دژایەتی کردنی کێشەی کۆمەلاّیەتی و کەم خۆراکی کە لەئێستادا دانیشتوان گیرۆدەی بوونە. چونکە چالاکی ئەم چینە لە چوارچێوەی ئابوریەکی داخراودا یارمەتی باشتربوونی چالاکی ئابوری ولاّت دەدات, لەم رێگەیەوە هاوسەنگی پێویست لەنێوان خواست و پێویستیەکانی نێوان دانیشتوان و باری بەرهەم دێنێتە ئاراوە.

بەڵام ئەم سیاسەتی زەوی فراوانکردنە لەم ڕۆژگارەماندا مانای دەستگرتن بەسەر زەویەکی دووری وەکو کامیرۆن ناگرێتەوە, بەڵکو مەبەست لێرەدا ئەوروپایە. دەبێت ئەڵمانەکان بەباشی بڕوایان بەوە هەبێت کەدەڵێت : گەر خوا ویستی ڕووبدات دەقەومێت, خواش بیەوێت زەوی گەلێك بە پەنجا هێندەی گەلێکی دیکە فراوان دەکات. نەگەر نەو زەویەی لەسەری دەژین توانای بەرهەمدانی هەیە بۆ بەخێوکردنی چەندان هێندەی تری دانیشتوان ئەوا دەتوانی هەوڵی سنورفراوانکردن نەدەیت, بەڵام

گەرهاتوو پێچەوانەبوو ئەوا ماف و تێکۆشانی بەدەستهێنانی باشترین و زۆرترین زەوی ماف بەخشراو نییە بەڵکو وەرگیراوە، بۆیە لەم کاتەدا پێویستە لەسەر هەموو تاکێک بەوپەڕی توانایەوە هەوڵی مانەوەبدات، بۆئەمەش هەموو هێزێک شایەنی پەناتێگرتنە. ئەگەر باپیرانمان بەهەمان شێوەی ئەم وەچە ئەڵمانیانەی ئێستامان بیریان بکردایەتەوە ئەوە ئێستاکە سێ یەکی پووبەری ئەم زەوییە ئەڵمانشینانەمان لەژێر دەستدا نەدەبوو، لەم کاتەشدا هیچ هەڵێکی ئەوتۆ بۆ گەلەکەمان نەدەڕەخسا بۆ گرنگی دان بەداهاتوو! بەڵێ گەر تێکۆشان و ملهوڕی پتەوی باپیرانمان نەبوایە ڕایخ چلۆن دادەمەزرا.

چەندین دەستەواژەی دیکەهەن کە والە فراوانکردنی زەوی دەکەن ببێتە باشترین ڕێگەچارە:

هەندێک ولاتی ئەورووپی لەم ڕۆژگارەی ئێستاماندا شێوە قوچەکیەک لە سەر سەریانەوە دیارە،پووبەری ئەم ولاتانە کەم و بچووکە گەر بەراورد بکرێت لەگەڵ پووبەری زەوی ولاتانی دەرەوەی کیشوەرەکەدا، لەگەڵ ئەمەشدا خاوەنی بازرگانیەکی گەشەکردوون....لەڕاستیدا لوتکەی ئەم قوچەکانە ئەوروپایە، بەڵام بنکەکەی هەموو جهانە، ئەمەش پێچەوانەی دیتنەکانی هەرێمە یەککرتووەکانی ئەمەریکایە کە بنکەکەی لەسەر هەمان خاکی خۆیەتی و هیچ خاڵێکی جیاکارەوەی نییە لەگەڵ ولاتانی دیکەدا تەنها لە لوتکەدا نەبێت، ئەمەش وای لەم ولاتە کردووە بەئاسانی نەتوانرێت ئیرەیی پێببرێت، لەکاتێکدا پێچەوانەی ئەمە بووەتە هۆی لاوازی بۆ چەندین ولاتی داگیرکاری ئەورووپی.

بەریتانیا پێچەوانەی ئەوە نییە کە باسم لێوەکرد؛چونکە دۆخی ئەم ولاتە و ئەو تێکەلاویەی لەگەڵ ولاتانی ئەنگلۆسەکسۆنیدا هەیەتی بەگشتی و ویلایەتە یەککرتوەکانی ئەمریکاش بەتایبەتی وای لەم ولاتەکردووە زۆر زیادتربێت لەوەی بتوانرێت لەگەڵ ولاتێکی دیکەی ئەورووپیدا هاوتا و بەراوردبکرێت.

بەڵام باشترین سیاسەتیش بۆ ئەڵمانیا فراوانکردنی زەویەکانیەتی بەسەڵامەتی. بۆنەمەش پێویستی بە ئازادکردنی بواری زیندەیی خۆی هەیە لەنێو خوودی کیشوەردەکەدا. چونکە داگیرگەرەکانی دەرەوەی کیشوەرەکە بەکەڵکی پێکانی نامانجەکەمان نایات گەر نەتوانێت کۆمەڵێک لە دانیشتوانی ئەورووپی لەخۆبگرێت.

لەکاتێکدا ئەو داگیرگارانەی ئەم تایبەت مەندیەشیان هەیە ناتوانرێت بەشێوەیەکی کەم کێشەیی دەستیان بەسەردا بگیرێت. لەبەرئەوەی پێویستی بەجەنگ و کوشتارێکی زۆرە بۆیە باشتر وایە ئەم هەوڵ و ڕەنجە بۆ ئەوروپا بدرێت لەبری ئەوەی لەدەرەوەی کیشوەرەکە بەسەرکێشیانەوە ئەمجام بدرێت.

ئەوکاتەی ئەم بیرۆکەیە لەئاوەزی هەناوی گەلەکەماندا چەسپا باشتر وایە ئامادەکاری بۆبکرێت بەمەبەستی هەنگاونان بۆ بەدی هێنانی. لەم کاتەدا دوودڵی و سنوردارکردنی بۆچوونەکان سوودی نابێت بەڵکو دانان و پەیڕەوکردنی باشترین پلان کەڵکدارترینە, دەشبێت سیاسەتی ڕایخ لەسەر ئەم بنەمایە دابڕێژێنەوە بەجۆرێك بتوانێت بمان گەیەنێتە ئەم ئامانجە پیرۆزەمان و لەم کاتەشدا گەر لەهەموو ئەو پەیمان نامانە بڕوانین کە ئەڵمانیا لێی بەشدارە ئەوا پێیم سەیر نابێت گەر بڵێین: هەنگاوی یەکەم بریتیە لە کشانەوە لەزۆرێك لەم پەیماننامانە و دواتریش فراوانکردنی زەویەکانی ئەڵمانیا لەسەر هیسابی ڕووسیا. لەم کاتەشدا پێویستە لەسەر ڕایخ هەمان ڕێبازی سوارانی ((توتون)) بەکاربێنێتەوە کەپێشتر لەم بوارەدا بەکاریان هاوردبوو. بۆئەوەی بەم ڕێگەیە شمشێرەی ئەڵمانی ڕێگە بۆ درێژکردنەوەی ڕێگەی ئاسنی ئەڵمانی خۆشبکات,دواتریش دابین کردنی نانی ڕۆژانەی گەلەکەمان بەم ڕێگەیە.

ئینگلتەرا تاکە ولاتێکی ئەوروپی بوو کە پێویست بوو لەسەر ئەڵمانیا پێش لەدەستبردن بۆ هەڵمەتی دەست بەسەرداگرتنی کیشوەرەکە هەوڵی دروستکردنی هاوپەیمانێتی لەگەڵدا بدات. بەڵێ بەتەنها دگەڵ ئینگلتەرا. پاش لە پاراستنی پشتەوەمان ئەوکاتە دەتوانین خاچی ئەڵمانی نوێ بەرزبکەینەوە. ئەم خاچ هەڵگرتنەمان مافی باوباپیرانامە. بەڕاستی ئەو هاوڵاتیەی ئەو تیکانە ڕەت دەکاتەوە کە لەناردی ڕۆژهەڵات دروستکراون ئەوا کارێکی باش ناکات, ئایا لەبیرمان چوو کە ئەوە شمشێرە ڕێگە لەپێش درێژبوونەوەی ڕێگەی ئاسندا والأدەکات ؟

دەبوو بەهەرجۆرێك بێت دەست بەسەر ئینگلتەرادا بگرین لەڕێگەی هاوپەیمانییەوە. لەودی داوای داگیرگەکانی لێنەکەین و دەست لەپرۆژەی کردنی نەڵمانیا بەهێزی یەکەمی دەریایی هەڵبگرین و بۆبەریتانیای بەجێ بهێڵین و نەشینە

بارگرانی بۆسەر بەرهەمە پیشەسازیەکانی بەریتانیا، لەبری ئەوەدا بڕەو بەهێزی وشکانیمان بدەین.

بەم ڕێگەیە دەتوانین بۆماوەیەک ئەم ولاتە هەڵبخەڵەتێنن بەوەی واهەست بکات بۆی ملکەچ بووینە، ئەمەش بۆ دواڕۆژێکی گەشی ئەڵمانی هیچ ڕێگرێکی جێبەجێکردنی نییە.

لەسەرەتای سەدەی بیستدا بەریتانیا ژمارەی دانیشتوانی بەتەواوەتی زیادبوو بۆیە پێویستی بەدەرچەیەکی ئەوروپی هەبوو کە بیگەیەنێتە باقی مەنی زەویەکانی جیهانی دەرەکی پێشتر بەردەست بەریتانیا نەکەوتوو، بەرلین دەیتوانی ئەم هەلە بقۆزێتەوەو خۆی لە بەریتانیا نزدیک بکاتەوە و دەستی یارمەتی بۆ ڕاکێشێت. بەلام سەرکردە ئەڵمانیەکانمان ئەم کارەیان نەکرد بەبیانووی ئەوەی نایانەوێت دەستبکەنە نێو ئاگرە و سکڵەکەی دەربێنن و پێشکەشی بەریتانیای بکەن، بەلام ئایا بەڕاست ئەم سەرکردانە نەیان دەزانی کە هەموو هاوپەیمانێتیەک لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش وەستاوە نەوەک تاک لایەنە؟

گەر ئەوکاتە ئەڵمانیا هەمان ڕێچکەی ژاپۆنی سالی ١٩٠٤ ی بگرتایەتەبەر ئەوکات بەدەست نادادپەروەری ڕۆژگارەوە نەیدەنالاند.

گەر ئەو کارە ئەنجامبدرایە ئەوا بۆچی جەنگی جهانی دەقەوما و ئەم گەلەمان بەم شێوەیە لاواز دەبوو، لەبری ئەمەدا باشتر نەبوو ببینە یەکێک لەبەهێزترین هێزە دیار و کاریگەرەکانی جهان ؟

هەرچییەک بێت هاوپەیمانێتیمان لەگەڵ نەمسادا گەمژەترین هەنگاوی نراوبووە.

نەو ولاتە مۆمیاکراوە زۆر بەجوانی و ئاگاییەوە خۆی بە ئەڵمانیاوە گرێ دابوو، بەجۆرێک هیچ ڕێککەوتنامەیەکی سەربازی لەگەڵدا نەدەبەست ئەوەی هەبوو تەنها ڕێککەوتنامەی ئاشتی هەمیشەیی بوو، بەم جۆرەش سەرکردەکانی ڤییەنا هەڵی قرکردنی دانیشتوە نەڵمانیەکەی ولاتەکەیان بۆ ڕەخسابوو. گەر سەرانی ئەڵمانیا بەهۆشیاربیەوە لە دۆخی نەمسایان بڕوانیبایە ئەوکات بۆیان دەردەکەوت کە بەهێزی پەیمان نامەی نێوان نەڵمانیا و نەمسا لەسەر بنەمای بەهێزی و لاوازی دانیشتوە نەڵمانیەکانی نەمسا ودستاودو بەلاوازبوونی نەوان نەم ڕێککەوتنامەیەش پووچ

دەبێتەوە. دەستەلاتدارانی بەرلین لە تێکۆشان دەترسان، ئەوەی پەلکێشی جەنگیشی کرد کارێکی چاوەڕوان نەکراوبوو.

هەوڵی هێشتنەوەی ئاشتی هەمیشەیی و هەنگاونانی مەترسیداریان دەدا، بەڵام بەیانییەک بە دەنگی گوللە تۆپ بەخەوەریان هێناینەوە.

ئەمەش وای لە سەرکردەکانی ئەڵمانیا کردبوو بەناچاری ڕێگەی سێیەم هەڵبژێرن: خۆفراوانکردن لەئەوروپادا. ئەڵمانەکان باش دەیانزانی کەلە ڕۆژهەڵاتدا دەتوانرێت دەست بەسەر ڕووبەری بەرفراوانی زەویدا بگیرێت، پێویستیشیان بەکەس نەبوو گرنگی ئەم داگیرکاریەیان بۆ ڕوون بکاتەوە. بەڵام لەم کارەشدا خۆیان لەقاڵب دابوو لەبەرئەوەی ئاشتییان دەویست، ئاشتی بەهەر نرخێک بێت، دروشمی ئەوان بوو، لەبری ئەوەدا دەیان توانی تیشکی بۆچوونەکانیان بخەنەسەر گرنگی هێشتنەوەی بنەمەکانی بەهێزی نەتەوەی ئەڵمانی، جا نرخەکەی هەرچەند و چۆنێک بێت !

ئەنجامی ئەم کارەش جەنگی ١٩١٤-١٩١٨ بوو.

تەنها ڕێگەی چوارەم و کۆتایی ماوەتەوە: ڕێبازی سیاسەتی داگیرکاری بازرگانی.

پێشکەوتنێکی لەم شێوەیە پێویستی بە خێرا جێبەجێکردن هەبوو. بەڵام داگیرکرنی هەر ناوچەیەک پێویستی بەکاتێکی زۆر هەیە، جاروبار چەند سەدەیەکیش دەکێشێت. داگیرکاری بازدانێکی لەناکاو نییە، بەڵکو هەنگاوێکی لەسەرخۆ و پلەکارییە، قووڵ و بەردەوامە، ئەوکاتەی ئەڵمانەکان ئەم ڕێگەیەیان گرتبووە بەر دەبوو باشیان زانیبایە کە بەهۆی ئەمەوە دووچاری جەنگی فراوان دەبنەوە کە ئەوان خۆیان لێی لادەدا. دەبینیت چلۆن خۆیان هەستان بە خۆ هەڵخەڵەتاندن بەدەربڕینی مەرام پاکی، بەوەی ئەڵمانەکان دەیانەوێت بەبێ شەڕ ناوچە گرنگەکان ئازادبکەن ؟

ئەم شێوازی جولانەوەیەمان هۆکاری دروستکردنی هەڵەبەز و دابەز بووە لەپەیوەندی نێوان ئێمە و ئینگلیزەکان، بەڕاستی سەیرمان لێدەهات لەوەی بەرتانیەکان بوونە ڕێگر لەپێش ئەم چالاکیە ئاشتی خوازیەمان. بەڕاستی ئەوە لەدەستی بەرلین دەرچوو بوو کە بتوانێت بۆ داگیرکردنی زەویەکانی ئەوروپا هاوپەیمانێتی لەگەڵ بەریتانیادا ببەستێت لەدژی ڕووسیا، بۆ فراوانکردنی هێزی نەڵمانی لەدەرەوەی سنوری ئەوروپی و داگیرکردنی بازاڕەکانی جهان بەبەرهەمی

ئەڵمانی لەگەڵ ڕووسیادا لەدژی بەرتانیا بجەنگایە. لەم کاتەشدا ناچاردەبوو دەست لەم هاوپەیمانێتیانەی هەڵبگرێت و لەگەڵ نەمسادا ڕێکەوتن نامە ببەستێت.

بەڵام هەرگیز بۆجارێك بەرلین ئامادە نەبووە لەدژی لەریتانیا لەگەڵ ڕووسیادا هاوپەیمانێتی ببەستێت یان بەپێچەوانەوە، چون باش دەیزانی هەر هەنگاونانێکی لەم چەشنەی مانای هەڵایسانی جەنگێکی مەترسیدارە و لەبۆ خۆ لادان لەم فەتارەتەش ئەڵمانیا هەستا بە هەڵبژاردنی سیاسەتی بەرهەم هێنان وەکو ئامرازێك بۆ داگیرکردنی جیهان بەئاشتی.

سەرانی ئەڵمان بڕوایان وابوو کە داگیرکردنی جیهان لەڕووی ئابوورییەوە بەشێوەیەکی ئاشتی خوازانە سنور دانەری تووندوتیژی دەبێت، بەڵام بۆ بەدی هێنانی ئەم نیازە باشەشیان ناچاری دروستکردنی لەنگەرگەبوون کەبەریتانیا وەك مەترسی دەزانی بەوەی لەڕێگەیەوە ڕەنگە هێرش بکرێتە سەر خاکەکەی ، لەکاتێکدا ئامانج لێی پاراستنی ئاشتی جهان بوو، لەگەڵ بڕەودان بە داگیرکاری ئاشتی خوازانە. بۆئەمەش ئەڵمانیا بڕیدا بۆئەوەی نیازپاکی خۆی دەربڕێت کەشتی گەلەکەی چەکی قورس هەڵنەگرن و بارەکانیشیان شتی مەترسیداری تێدانەبێت کەبێتەهۆی مەترسی دروستکردن لەسەر ئاسایشی بەریتانیا.

بەڕاستی داگیرکاری ئاشتی خوازانە سیاسەتێکی گەمژەپەیڕەوکار و نەشیاوە لەبەرامبەر ولاتێکی زەبەلاحدا. بەریتانیاش پێشتر هەمان ڕێچکەی ئەڵمانەکانیان گرتبووبەر و لەوان زیادتر سەرکەوتنیان بەدەست هێنابوو لەم بوارەدا، بەڕاستی ئەوانەی میژوو ناخوێنێنەوە هیچ تێناگەن و فێرنابن و نازانن.

بەریتانیا ئەم ئیمپراتۆریەتە مەزن و بەرفراوانەی لەڕێگەی داگیرکردنی ئاشتی خوازانەوە دروست نەکردووە، بەڕاستی هیچ گەلێك لەجیهاندا بەقەد ئینگلیزەکان شێوازی دڕندانەیان بەکارنەهێناوە بۆ فراوانکردنی زەوی و داگیرگەکانیان: ئایا ئەوە لەتایبەت مەندیەکانی ئینگلیزەکان نەبووە کە بزانن چۆن هێزی سیاسی بەکاربێنن لەبۆ داگیرکردنی ناوچەکان لەڕووی ئابورییەوە، وەك چۆن سەرکەوتنیان لەگۆڕانی ئابوری بەهێزەوە بۆ سیاسەتی بەهێز دیار و ئاشکرایە ؟ بەڕاستی بیرۆکەیەکی گەمژانەیە گەر بڕوا وەهابێت کە ئینگلیزەکان ترساون خوێن بڕێژن لەپێناو فراوانکردنی ئابوریاندا. لەڕاستیدا بەهێزی سوپای ئینگلیز وەلامی ئەم پرسیارە

دەداتەوە. هەر چۆنێك بێت ئینگلیزەکان لەبۆ قوربانی دان لەپێشدا کەسانی بەکرێ گیراویان بەکاردەهێنا و دواتر هاوولاتیانی خۆیان.

بەڕاستی لە ئەڵمانیادا بیرۆکەیەکی هەڵەیە لەبارەی باش تێگەیشتن لە ئینگلیزەکانەوە بەوەی لەڕێگەی ڕۆژنامەکانەوە وا پیشانمان داون کە ئینگلیزەکان پیاوانی سەرکەوتووی بازرگانی و کارن، فێڵباز و مەکارن، گێژ و تەڵەکەباز، دز و ترسنۆکن، بەڵام مامۆستایەکی لۆجیکمان هەرگیز ئەوەی بەئەندێشەدا نەهاتبوو کە پونێتنانی ئیمپراتۆریەتێکی وەکو ئینگلیز فراوان لەڕێگەی فێڵ و گزێکردنەوە دانامەزرێت و بەردەوام نابێت. ئەو ئەڵمانیانەی کە هانی هۆشیاربوونەوەی خەڵکیان دەدا لەبەرامبەر بەکەم زانینی توانای ئینگلیزەکاندا وەکو هێزێکی شەڕکار ژمارەیان زۆر کەم بوو، بەڵام هیچ کەس ئەم ئاگادارکردنەوەیانی بەهەل نەزانی و نەیقۆستەوە.

بەڕاستی ئەوکاتەی لەبەرەی فلاندەردا ڕووبەڕووی هێزی ئینگلیزی ئوسکتلەندی بووینەوە هاوڕێکانم و خۆشم دووچاری سەرسوڕمان بووینەوە لەوەی ڕۆژنامەکان چۆنیان هەڵخەڵەتاندووین بەوەی وێنەی درۆینەی ترسنۆکی ئەوانیان پیشان دابووین.

***

بۆزیادتر لەجارێك وتومەو دەشیڵێم: هاوپەیمانێتی سێ قۆڵی هەنگاوێکی نەشیاوی گەمژانەبوو. پەلەکردنی ئەڵمانیا لە هاوپەیمانێتی کردنی نەمسا ناچاری کرد تەنها گرنگی بەفراوانکردنی سنورەکانی خۆی بدات لە ئەورووپادا، ئەمەش پشت بەستراوبوو بە هاوڕێیەتی لەگەڵ ڕووسیادا. بەڕاستی کارێکی شێتانەبوو ئەوکاتەی ئەڵمانەکان بەپشت بەست بە ولاتێکی هەڵوەشاوەی وەکو نەمسا هەوڵی داگیرکردنی ناوچە مەبەستەکانیان دابوو.

بەڕاستی ئەڵمانیا زۆر بەختداربوو بەوەی جەنگی گەورەی جهانی بەهۆی نەمساوە هەڵایسا نەوەك ئەڵمانیا. ئەگینا سەرکردایەتی کردنی نەمسا لەلایەن سلاڤیەکانەوە هەرگیز ڕێگەیان بە بنەماڵەی هابسبۆرگی نەدەدا بەوەی تاکە سەربازێکیش بخشێننە جەنگەوە لەبەرخاتری ئەڵمانەکان. بەڕاستی ژمارەی ئەوانەی هەستیان بەو لاوازییە کردبوو کە ڕەنگە بەهۆی ئەم هاوپەیمانێتیەوەی ئەڵمانیا لەگەڵ نەمسا ئەم ولاتە واتە ئەڵمانیا بکەوێتە کێشەیەکی گەورەوە زۆر کەم بوون!

بەڕاستی ژمارەی ئەوانەی هەوڵی دابەشکردنی نەمسایان دەدا زۆر زیادتربوو لەوانەی هەوڵی یەکخستنەوەیان دەدا و بۆئەمەش هەموان ئەڵمانیایان بە بەردی نەگونجاوی سەر ڕێگەیان دەزانی.

بەهۆی نەمساوە ئیتالیەکان ڕقیان لەئەڵمانیەکان دەهاتەوە, هیچ شتێك نەبوو لەنێوان ڕووسیا و ئەڵمانیادا لەبابەتی فراوانکردنی ئابوریاندا, بەڵام بەهۆی جوولەکە و مارکسیەکانەوە هەڵایسانی جەنگ بووە کاری کردە.

ئەوەرەکی هاوپەیمانێتیە سێ قۆڵیەکە نەبوایە ئەوا دوژمنانی ئەڵمانیا هەرگیز هەنگاوی ئەوەیان نەدەنا کە ئەوروپای ڕۆژهەڵات و ڕووسیا و ئیتالیا ببەنە ڕیزی هاوپەیمانانەوە لەدژی ئەڵمانیا بەکاریان بێننەوە, هەموویان هەوڵی بەدەست هێنانی بەشی خۆیان دەدا لە پاشماوە بەجێ ماوەکانی نەمسا ! بەهۆی بوونی تورکیا لە هاوپەیمانێتیەتی ئەڵمانیادا ژمارەیەکی زۆری دەوڵەتی دیکە چوونە ڕیزی هاوپەیمانانەوە بەمەبەستی بەدەست هێنانی شتێك لە بەجێ هێڵراوەکانی سوڵتانی تورکی.

بەڕاستی پلان داڕێژەرە جولەکەکانی جهان پێویستیان بەم خۆراك پێدانەهەبوو بە دەوڵەتانی برسی و چاوبرسی, بەو ئامانجەی بیانگەیەنێتە مەبەستی خۆیان: لەناوبردنی ئەڵمانیا کە چیتر لەڕووی ئابووری و داراییەوە جولەکەکان دەستەلاتیان بەسەریاندا نەبوو.

***

با بگەڕێینەوە بۆ سیاسەتی ئابوری ئەڵمانی لەماوەی سالانی پێش لە هەڵایسانی جەنگی فراواندا.

لەبیرمان چوو سەرکەوتنی تاکتیك و پیشەسازی سەرکەوتووی ئەڵمانیەکان و گەشانەوەی بازرگانیان بخەینەڕوو, بەجۆرێك بوونی ئەمانە مانای بەهێزی پێگەی دەوڵەت دەگرێتەوە. زۆرێك بڕوایان وابوو ولاّت بووەتە شارێکی ئابوری گرنگ و لەهەر شارێکدا چەندین بازرگانی گەورە دیارکەوتبوون, کەواتە ولاّت پێش لە هەموو شتێك ببووە دامەزراوەیەکی ئابوری, کە خۆیشی وەهایە.

بەڵام خوودی دەوڵەت دامەزراوەیەکە پەیوەست نییە بە بارێکی ئابوری دیارکراوەوە.دیسانیش یەکێتیەك نییە کە هەموو ڕەگەزە ئابوریە ئاڵۆزەکانی ولاّت

بگرنتەوە. لەڕاستیدا دەوڵەت: دامەزراوەیەکە و لەخۆگرتەی کۆمەڵێك خەڵکی پێکەوە گونجاوە لەڕووی جەستە و دەروونیشەوە, لەنێو ئەم دەوڵەتەدا ماونەتەوە بۆئەوەی خۆیانی تیا پێش بخەن, هەڵگری پەیمانی یەکترپارێزی سنور گیرن. ئەمەیە مانای دەوڵەت, بەڵام ئابووری ئامرازێکی دابین کردنی پێداویستیەکانی دەوڵەت و هێشتنەوەیەتی, بەرام فاکتەری بوون و دیارکەوتنی نییە, هەرگیز ناشبێت ئابوری ببێتە بنەمای دیارکەوتنی دەوڵەت مەگەر ئەو دەوڵەتە لەسەر بنەمایەکی ناڕاست دابمەزرێت.

ئەو وڵاتەی ئابوری دەکاتە ئامانجی بوونی ئەوە هیچ بنەمایەکی مانەوەی تێدا نییە. ئەمە وەکو وڵاتێکی بێسنور وەهایە.

لەمێژووی ئەڵمانیادا ئەوەی زۆر دەبینرێت لەسەر ئاستی ئابووری هەمیشە بەرزبوونەوەو گەشەی ئابوری بووە لەسایەی زیادبوونی بەرژەوەندی و هێزی سیاسی وڵاتەوە, گەشەی ئابوری وڵاتیشمان هەمیشە پشت بەستوبوو بە سەرکەوتنە نەتەوەیی و خۆبەگەورە زانینەکانمانەوە, هەرگیز داڕووخانی وڵات مانای داڕووخانی ئابوری دەوڵەت نییە.

کەواتە هێزی دروستکردن و بەهێزکردنی وڵات چییە ؟

ئاوەز و خوازویست و نمونەی باڵا و قوربانی دانە, مرۆڤ هەرگیز لەپێناو گرێبەستێکی بازرگانیدا خۆی نادات بەکوشت, بەڵام بەهۆی بیرۆکە یان باوەڕێکی پتەوەوە ئامادەی گیان بەخشینە.

لەجەنگی جیهانیدا ئێمە لەپێناو ناندا جەنگاین, بەڵام ئینگلیزەکان لەپێناو ئازادیدا. ئازادی ئەوان و ئازادی گەلانی بچووکتر. بینیمان ئینگلیزەکان چۆن بەنەترسانە و ئەمەکداریەوە تاکۆتا هەناسەیان دەجەنگن, بەڵام ئێمە تەنها چەند مانگی سەرتا گوڕ و تینمان هەبوو, وامان دەزانی لەپێناو باوەڕێکی باڵادا دەجەنگین, بەڵام ئەوکاتەی پێیان گوتین لەپێناو تیکە ناندا دەجەنگین هەمووman توشی داڕووخان هاتین و تواناکانمان هاتەوە خوار هیچ.

نەمەش بەڵگەی هەڵەی ئەو بۆچوونەیە کە ئابوری بە بنەمای بەهێز وەستانی وڵات دادەنێت. هەرچەندە هۆکاری ژیانیشە.

هەرگیز هیچ ولاتێك خاوەنی ئابوریەکی بێخەوش نییە، بەڵکو ولاتان لەپێشتر و ئێستا و داهاتووش دەرکەوتەی حەزی مانەوەن، مانەوەی ڕەگەزی، جا ئەم مانەوەیە بەڕێگەی قەڵەمبازی و پاڵەوانانە بەرجەستەبکرێت یان لەڕێگەی فێڵ و تەڵەکە بازییەوە. ئەگەر حەزی مانەوە پشت بەستوو بێت بە پاڵەوان بازی ئەوا نمونەی ولاتە ئاریەکانە، حەزی مانەوەی پشت بەستووش بە فرت و فێڵ نمونەی داگیرگە جوولەکە نشینەکانە.

ئایا ناموّ نییە ئەڵمانیا بکەوێتە داوی حەزە سیاسیەکەیەوە و لەو ڕێگەیە لابدات کەپێشتر پروسیا گرتبوویەبەر ، کە نیشانەی پاڵەوان بازی نەبازانەبوو، نەوەك دژبەری و گرێبەست و ڕێککەوتن نامە ؟

لەسایەتی بەدواداچوونەکانمەوە لە ڤییەنا ئەوەی بۆم دەرکەوت هەمان شتم بۆ دیارکەوت پاش لە کۆچکردنم بۆ میونیخ ، بەوەی ئەو ڤایرۆسەی لەگەلەکەمانی داوە هۆکارەکەی مارکسی و جووەکان بووە.

لەکاتی ئەم بەدواداچوون کردنانەمدا هەستام بە توێژینەوەی بیرۆکەکانی کارل مارکس و خوێندکارەکانی، هەوڵی خستنەڕووی ئەو هەڵانەم دا کە یارمەتی سەرکەوتنی مارکسیەکانی دابوو لەبواری سیاسەت و ئابوری و فەرهەنگیش. ئەمەش بووە مایەی خۆشحاڵکردنم بەتایبەت ئەو کاتانەی کە گروپێکی دژە بۆچوونی مارکسیەتەکان لە ولاتدا پەیدابوون، یاساکانی بسمارکیشم لەم بوارەدا زۆر پێ خۆش بوو ، بەوەی بڕوام وابوو کەبەم چەشنە هەنگاوانە کلکی مارەکە بڕدراوە بەڵام سەرەکەی ماوە.

بسمارك دژایەتی قوربانیانی مارکسی دەکرد بەڵام هەرگیز ڕووبەڕووی خوودی مارکسیە ڕاستەقینەکان نەبوویەوە. هەوڵی لەناوبردنی ئەم دەردەی دا لەڕێگەی کوشتنی دووچاربوانەوە و خۆی لە کوشتنی ڤایرۆسەکە خەڵافاند.

جارێکی دیکە خوێندنەوەم کرد بۆ پەیوەندی نێوان مارکسیەت و جولەکە، توانیم بنەماکانی ئەم پەیوەندی دابەستنە بدۆزمەوە، زانیم ئامانج و مەبەستەکانی جووەکان لەم کارەیان چییە: بلاوکردنەوەی ئاژاوەو گێژاوی فەوتێنەر لەجیهاندا بۆئەوەی هەل بۆ گەلی هەڵبژێردراو بڕەوخسێت دەست بگرن بەسەر جهاندا.

ئەو کاتەی لە ڤییەنابووم ئەڵمانیام بە زەبەلاحێکی نەدۆڕاو دەبینی بەڵام پاش کۆچکردنم بۆ میونیخ ئەو بڕوایەم بۆ پەیدابوو کە ئەم وڵاتەش توانای خۆڕاگرتنی لەبەرامبەر ئەم باهۆزە کاولکارە جوولەکە خوازە نییە. بەڕاستی کێشەی من دووچاربوونی خەڵکی نەبوو بەم پەتایە بەڵکو ڕەخنەم لە ڕوونی سیاسەتی دەرەکی ئەڵمانی بوو لەگەڵ شێوازی چارەکردنی کێشە کۆمەڵایەتیەکان, ئەمەش وای دەکرد کێشەی مارکسیەت زۆڕ بەدووی زۆڕ مەترسیدارتربێت. بەڕاستی سەیرم لێدەهات لەوەی بەرپرسانی وڵاتەکەم ڕێخۆشکار دەبن لەپێش بزوتنەوەی تێکدەری ئاراستەکراوی جووخواز, هیچ شتێکیان نەدەکرد لەپێناو لەناوبردنی ئەو دەسانەی ئەم تۆڕە مەترسیدارەیان نابۆوە, پەتەکەیان لەڕێڕەوی هاتووچۆی وەچەکانی وڵاتەکەماندا بلاوکردبۆوە.

بەڕاستی لەم بوارەدا قەڵەم بەدەستانی ئەڵمانی زۆڵێکی کارای گێڕا لە هۆشیارکردنەوەی سەرکردەکانی وڵات , بەمەبەستی هۆشیارکردنەوەی گەل, گەلی ئەڵمانی خۆی دژە لەناوچوونی سروشتی هەیە و هەرگیز بە کردار و پیلانی بۆگەن لەناوناچێت.

لەساڵی ١٩١٣ هوە هۆشیارکردنەوەی خەڵکم لەم بوارەدا خستەئەستۆی خۆم, زیادتر لەجارێك وتمە کە داهاتووی گەشی ڕەگەزی و نەتەوەی ئەڵمانی وەستاوەتەسەر لەناوبردنی مارکسیەتەوە پێش لەهەنگاونانی دیکە. بەڕاستی ئەم هۆشیارکردنەوەیەم کاریگەری گەورەی هەبوو لەسەر دەروونی خەڵك و ئێستاکەش زۆرینەی ئەوانەی بڕوای ڕاستیان پێهێنام وا لە گۆڕەپانی جەنگن و سەربازی بزوتنەوەی نەتەوەیی سۆسیالیستین.

تێپەڕبوونی کات ئەوەم بۆ دەرکەوت کە هەموو ئەو هەڵانەی سەرکردە ئەڵمانیەکان لەباری ئاسایی و جەنگی جهانیدا تێی کەوتوون بەهۆی ڕاوێژی هەڵەی ڕاوێژکارە مارکسیە جولەکەخوازەکان و بیرمەندە دەروون نزمەکان بووە, ئەوانەی کە هیچ مانای نیشتمان پەروەری نازانن, ئەو کاتەی ئەڵمانیا ئابوریەکەی پشت بەستبوو بەو بیرۆکە ناتەندروستە جولەکەکان یەکەمین چەپڵەلێدەری خۆشی دەربڕبوون, کە بڕوایان وابوو ئەو وڵاتەی ئابوریەکەی خوار و خێچە بێگومان بەرەو لەناوچوون هەنگاودەنێت و دواتریش نەمان دەتوانن لەسەر پاشماوەی ئەم وڵاتە ئەو دەوڵەتە پوونێت بنێن کە

خەونی پێوە دەبینن: دەوڵەتێك تێیدا بە پرووکەش فەرمانڕەوایەتی بەدەست چینی پرۆلیتاریاوەبێت و لەهەناویشەوە کۆیلەی پاوانی جولەکەی سەرمایەداربێت.

چەندین ساڵە داڕووخانی هەناوی لەئەڵمانیادا بەرجەستە بووەو کەسیش ئاشنای نیشتمان و لانکەی ئەم ڤایرۆسە داڕووخێنەرە نییە. ئەوانەشی هەوڵی لەناوبردنی ئەم نەخۆشییەیان داوە شێوەی دەرەوە و هۆکارە قوڵەکانیان لێ تێك چووە.

تێبینی ئەوەم کردبوو کە سۆسیالیستی دیمۆکراتی لە ئەڵمانیادا پەڕەی پۆژنامەکانی کردبووە هۆکارێك بۆ بڵاوکردنەوەی بیرۆکەی داڕووخان، سەر نوسەرە جولەکەکانیان لەدامێنی گوتارەکانیاندا بە پێشبینی درۆزنەوە ژەهرخواردی خوێنەرانیان دەکرد. ئەم مەترسیە جولەکەییە لە نەمسادا بوونی نەبوو.

شیوعیت

جەنگی جیهانی

لەکاتێکدا هاتمەدونیاوە کە پەیکەری سەرکەوتن و شانازی تەنها بۆ بازرگان و کارمەندان دروست دەکرا ئەمەش زۆری ئازار دەدام, لەو پۆژگارەدا جیهان وادیار دەکەوت کە فەڕی وئارامی باڵی بەسەردا کێشاوە, خەڵکی وایان بەئەندێشەدا دەهات کە پابەندی گەلان بە ئاشتی خوازی و داگیرکردنی بازاڕ و کێشکردنی کێبارەکانی جێگەی پێشبڕکێی چەکداری کردن و کۆکردنەوەی پشتیوانانی گرتۆتەوە. دەستبلاوان بە گەشبینیەوە لەم گۆڕانکاریەیان دەنواڕی کە بەردەوامی ئەم دۆخە لەجیهانەکەمان مانای دروستکردنی بازاڕێکی بەخشین و وەرگرتنە و تێیدا هەموو جامبازێکی بەهێز دەتوانێت بەشداربێت, باشترین بازرگانەکانیش باشترین پێگەیان بۆخۆیان دابین کردووە, واتە ئینگلیزەکان,لەبەرامبەریشیاندا باشترین کارمەندان وەستاونەتەوە, واتە ئەڵمانەکان, بەڵام ئەم پێشکەوتنە ناچاری جولەکەکانی کردبوو بۆ قوربانی دان بە لوتبەرزی بۆ خۆبژێوی و دەست هەڵگرتن لە نواندنی ڕۆڵی ئەو بورجوازیانەی کە لەبری ئەرك و ماندووبوون شتێك پارە بە کارمەندە بازرگانیەکە دەدەن.

بریا سەدسالّ پێش ئێستا هاتمایەتە سەر ئەم دوونیایەوە, لەڕۆژگارەکانی جەنگی نازادکردن, لەو ڕۆزارانەی کە بەهای مرۆڤ پەیوەست نەبووە بە بەها و توانا بازرگانیەکەیەوە! بەڵام چارەنوس کەلەژێر دروشمی (جێگیری و پەیڕەوخوازی) هێنامیە دوونیاوە, ئەمەش وای لێکردم ببمە بونەوەرێکی بەخت ڕەش کە بازرگانی نازانێت و هیچ هەلێکیشی نییە بێتە بازرگان و حەز لە کارمەندبوون ناکات.

هەڵیسانی جەنگی (بویر) بۆمن وەکو بڵاچکەی دیارکەوتنی گەردەلوڵێکی دوور وەها بوو.

ڕۆژ بەدووی ڕۆژ بەچێژەوە هەواڵ و ڕووداوەکانی ئەم جەنگەم دەخوێندەوە. بەبەدواداچوون کردنم بۆ قۆناغەکانی جەنگ و کوشتار زۆرم چێژ دەبینی (لەم کاتەدا تەمەنم تەنها دە ساڵ بوو). جەنگی ڕووسی-ژاپۆنی ئەندێشە پووچی لەمێشکی خەونەوانانی ئارامی جیهان هەڵگرت, ئەم جەنگە وای لێکردم بە ئاراستەی پیاوبوون هەنگاوبنێم, بەخێرایی هەستەکانم بۆلای ژاپۆن جوڵان؛چونکە وام دادەنا دۆڕانی ڕووسەکان مانای لاوازبوونی سڵاڤیەکانی نەمساشە, ئەمەش لەبەرژەوەندی ئێمەی ئەڵماندابوو.

لەسایەی ئەو جەنگانەی ئەورووپا و ئەفریقیا بۆم دەرکەوت ئەوەی بەلای منەوە لەشێوەی خامۆشی و ناخرۆشاویدابوو ئارام و ئۆقرەیی بەر لەهەڵکردنی بۆرانێکی توند بوو, ئەو کاتانەش لە ڤییەنابووم هەستم دەکرد ساتێك ناساتێك تەوژمێکی گەرما بەسەر بەڵقاندا دێت و دەڕوات, ئامادەی هەڵکردنی گێژەڵۆکەبوو. جەنگی بەڵقان هەڵیسا و گشت ئەورووپا شڵەقیا و لەژێر قورسی ئەم جەنگەدا نرکەی دەهات. هەموان لەچاوەنواڕی ڕووداتی فەتارەتە نەخوازراوە گەورەکەدابوون , هەستیان بەوە کردبوو ئەوەی لێی دەترسن هەر ڕوودەدات و زۆری نەبرد تاوەکو وشەی جەنگ یان چاوەنواڕی هەڵیسانی جەنگ بووە باس و خواسی پلەیەکی نێو کۆڕوکۆبوونەوەکان و وشەی جەنگ جێگەی بەوشەی ئاشتی بەردەوامی جیهانی لەق کرد.

لەساڵی ١٩١٤دا بروسکە زەبەلاحەکە لەزەوی کەوت و دەنگی ڕێژنەی فیشەك و تۆپەکان پەردەی گوێیان دەدڕاند, ئەو دەمەی دەنگۆی کوشتنی ئەرشیدۆك فرانسوا فەردیناند بە میونیخ گەشت (ئەو کات من زۆر بەکەمی ئەهاتمە دەرێ , لەم کاتەدا هەواڵی زۆر ناڕۆشن و سەیرم بەرگوێ دەکەوت),بەڕاستی زۆر نیگەران بووم: ئایا بەڕاست کوشتنی ئەرشیدۆق لەلایەن خوێندکارێکی ئەڵمانیەوە مانای ئەوەیە کە ئەڵمانەکان بوونی ئەرشیدۆك بەزیاوە دەزانن بەوەی هەوڵی لکاندنی نەمسا دەدات بە ناوچە سڵاڤیەکانەوەو بەم کارەشی مۆرکێکی سڵاڤی بەنەمسا دەبەخشێت؟ ئەم کارە ئایا بەڕاست بەمەبەستی ڕزگارکردنی گەلی ئەڵمانی بووە لەم دوژمنە؟

خۆنەگەر ئەمە ڕاست بوایە و ئەڵمانەکان ئەرشیدۆکیان کوشتبایە ئەوکات نەمسا لەجیهانی ڕادەگەیاند: ئەڵمانەکان شەڕخواز و ئاژاوەگێڕن, بەکورتی دۆخەکە لەبەرژەوەندی ئەڵمانەکاندا نەدەشکایەوە, بەڵام پاشتر دیارکەوت ئەمە تەنها تۆمەتێک بووە بۆ ئەڵمانەکان؛ بەڵکو ئەوە سڕبەکان بوون ئەرشیدۆکیان کوشت, واتە سڵاڤیەک بەدەستی هاوپەیمانەکی سڵاڤی خۆی کوژرا,بەمەش تۆمەتەکە لەئەڵمانەکان دوورکەوتەوە.

هەرکەسێک واری تێبینی کردنی هەڵوێستی نەمسای بۆ ڕەخسابێت لەبەرامبەر سڕبیادا ئەوکات بەجوانی بۆی دیاردەکەوت کە, ئەو خڕەبەردەی لە سەر لاپاڵی گردێکەوە تۆڕ دەبێتەوە جێگەی گیرسانەوەی تەنها بنکی دۆڵەکەیە.

پاش لەڕوودانی ئەم دەست درێژییە نەمسا مافی خۆی بوو گلەیی لەسڕبیا بکات جا بەهەرجۆرێک بێت دەربڕینەکەی, بۆیە هەنگاوی نەمسا لەم بوارەدا بەمافی خۆی دەزانرا و خەوشی و نەنگی لێنەدەبینرا.

بۆنەمسا لەسەر سنوری باشور-ڕۆژهەڵات دوژمنێکی کوشندە و سەرسەخت هەبوو, هەرکاتێک هەلی دەستبکەوتایە بێ دودڵی پەلاماری ئەم وڵاتەی دەدا و تەفری دەکرد.

بەڵام دوژمنانی ئەم پاشانشینە بڕوایان وابوو: نەمان و تیاچوونی ئەنجامێکی ڕاستەقینەی پەرتبوونی وڵاتە دوای فڕانسوا جۆزیف, چون پاش لەمردنی هۆکاری بەرگری یەکەم لەدەست دەدات. فەرمانفەرما لەپێش چاوانی ئەندامانی وڵات خۆی بەرجەستە دەکرد, سلاڤیە ڕامیارکارەکان هەوڵی چەسپاندنی ئەم بیرۆکەیەیان دەدا لەناخی خەڵقیدا. وەهایان دەخستنەپێش چاو کە وڵات بەبوونی و بەردەوامی قەرداری لێهاتوویی فەرمانفەرما و ڕامیارکاریەتی, ئەم زیاوە ستایشە بۆ فرانسوا جۆزیف و داروودەستەکەی هەڵخەڵەتێنەر بوو, بەوەی لەپشت ئەم پیاهەڵدانانەوە شینەتیغێکی لەژەهر هەڵسواو هەبوو, کە سلاڤەکان دەیان ویست بەکوشتنی ئەم کەسایەتیە بکەونە وێزەی ئەو کەسەی خۆیان مەبەستیانە و پارچەپارچەی بکەن.

بەڵام مردنی جێنشین هەنگاوەکانی بەرەو کۆتایی بۆنوسراو خێراتر کرد. ئەوانەی ڕەخنەی ئەوەیان لە حکومەتی نەمسا دەگرت بەوەی کاتەکانی ڕوودانی فەتارەتەکەیان پێشخستووە بەڕاستی ستەمیان کردووە؛چونکە جەنگ ڕاستیەکی

حاشا هەڵنەگربووە و خۆ لێ لادانی جگە لە کات کوشتن هیچی دیکە نەبووە(جا کاتەکە سااڵێك بێت یان چەند مانگێك). هەردوو هکومەتی ڤییەنا و بەرلین هەمیشە یەکلایی کردنەوەی هساباتەکانی نێوانیان دوادەخست تائەوکاتەی چارەنووس بۆی پێش خستن, خۆئەوەرەکی پاش لەکوشتنی ئەرشیدۆك کاریان بۆ دوورخستنەوەی ڕووداننی فەتارەکە بکردایە بەدڵنیاییەوە بۆماوەیەکی باش ئەم کارەساتەیان دوادەخست و نەیان دەهێشت ئەم هەموو نەهامەتیە ڕوی دابایە, بەاڵم هەمدیس ئەمەش بەقازانجی دوژمنەکانیان کۆتایی پێدەهات.

جەنگ هەاڵیسان کارێکی خۆ لێ لانەدراو بوو, هەردەبوو هەڵبگیرسێت, گەر نەمسا بێدەنگیش بوایە ئەوا هەرگیز ناشتی سەلمێنراو نەدەبوو وەك چۆن هێندێك بڕوایان وایە, بەڵێ لەم کاتەدا پاساوی بەگەل هێرشکردنەسەرمان بوونێکی نەدەبوو, تەنها ئەوەنەبێت خوودی دەوڵەتی نەمسا پارچە پارچە دەبوو, لەم کاتەدا ئایا دەبوو بەگورج و گۆڵیەوە فریای نەمسا بکەوین یان بەدەست بەستراوییەوە لەدوورەوە بوەستین و ببینین کەچۆن ناگری ناژاوە زەویەکانی دراوسێمان دەسوتێنێت؟

لەم ڕۆدا ئەوانەی تانە لەو کەسانە دەدەن کە خوای جەنگیان لەخەو ڕاپەڕاندووە و ناموشیاری پێشکەش دەکەن ئەوا خاستر واسە بەر لەهەموو کەس بزانن کەخۆیانن بەرپرسیارترین. وا دەیان ساڵە بەرەی سۆسیال دیمۆکراتی ئەڵمانی هانی پەاماردانی ڕووسیا دەدات, بۆئەمەش هەرگیز ڕۆژێك دەستەوەستان نەوەستاوەتەوە, بەاڵم پارتە ناوەنجیەکان بەشداربوون بە هۆی ناماژە ناینیەکانەوە, بەوەی وا لە دەوڵەتی نەمسابکەن ببێتە گۆشەبەردێکی سیاسەتی ئەڵمانی. ئەوەی پارتە ڕامیاریەکان چێندیان ولاّت چنیەوە, هەر ولاّتیش بوو نەهامەتیەکانی ئەم جەنگەی لەئەستۆ گرت. بەاڵم ئەوەی ڕووی دا ئەنجامی خوزاراو نەبوو. لەم وارەشدا هەڵەی هکومەتی ئەڵمانی ئەوەبوو کە. هەمیشە هانی ناشتی پاراستنی دەدا, کاتە گونجاوەکانی هێرش کردنی لەدەست دا. بووە قوربانی بۆچوونی ناشتی جیهانی, بەڵکو قوربانی هاوپەیمانێتی جیهانیش بوو. بەوەی ئەڵمان هەوڵی ناشتی خوازی دەدا, بەاڵم ئەوانی تر سوربوون لەسەر هەاڵیسانی جەنگ, دواتریش ئەڵمانیا کەوتە ئەم داوەوە.

ئەگەر هکومەتی ڤییەنا بەژیرانەو میانڕەوترەوە ڕەخنە و گلەییەکانی خۆی ناراستەی لایەنی بەرامبەر بکردایە ئەوکات قورسی ئەم گلەییانەی لەسەر گۆڕینی

ڕێڕەوتی جهانی هیچ کاریگەرییەکی نەوتوی نەدەبوو. واتە هەڵیسانی جەنگی جیانی ڕەنگە بۆماوەیەکی نادیاری دوا بخستایە. بەڵام بەم کارەی ڕاپەڕین و شۆڕش لەنێوخۆی وڵاتدا بەرپا دەبوو. چونکە ئەم شێوازی ناگادارکردنەوەو گلەیی دەربڕینە بە لاواز لەقەڵەم دەدرا. ئەمەش هەرگیز بە تووندوتیژ و پاڵەوانانە لەقەڵەم نادرێت. ئەوەشی پێچەوانەی ئەم بۆچوونەی لا گەلاڵەبووبێت بێگومان یان نەوەتا مێشکی پوچە یام دووزمانێکی خوێڕیە.

جەنگی ١٩١٤ نەسەپێندراو بووە سەر هەموو گەل. بەڵام دیسانەوەش حەز و خواستی هەموو گەل بوو. بەشێوەیەکی کوتوپڕ دوو ملیۆن نەڵمانی خۆیان ناونوسی جەنگ کرد لە پیر و گەنج و ژن و پیاو. بەم کارەش سەلماندنیان ئامادەی پاراستنی سنورەکانی وڵاتیانن تا دوا دڵۆپی خوێنیان.

جەنگ توانی لەو گێژاوی خەمۆکیانەم ڕزگاریکات کە منداڵیمی داپۆشی بوو. بەخێرایی تەوژمی خرۆشان پەلکێشی کردم و لەسەر نەژنۆم چەماوەو سوپاسی ئاسمانم دەکرد بەوەی لەو کاتەدا نەمردم و لەڕیزی زیندوەکاندا مامەوە.

لەپێناو ئازادیدا تێکۆشانێکی سەخت دەستی پێکرد. بەردەوام بوو. هەر لە دەسپێکی جەنگەوە زۆرینەی گەل لەوە تێگەیشتبوون کە بانگەشەی تێکۆشان و خەبات گێڕی ئەم جارە جیاوازەترە لەبارەکانی تر. بەوەی دەبێت قوربانی زۆر بدات. ئەمجارە تەنها پەیوەست نابێت بەدیاریکردنی چارەنووسی سڕبیا و نەمساوە بەڵکو دەگاتە قەوارەی نەتەوەیی ئەڵمانی و سنوردارى دەکات. بەم چەشنەش گەلی وڵات دوای سالانێکی زۆر لە چاوبەستراوی ڕێڕەوەکانی داهاتووی بۆ دیارکەوت. هەر لەدەسپێکی کێشمەکێشەکەوە هێندکێکی باش و پتەو هاوتای گرەوتینەکەبوو. بەرام هیچ کامێک لە ئەندامانی گەل بیریان لەو دوا گۆڕانکاریانە نەکردبۆوە کە ڕەنگە بەهۆیەوە ناراستەیان بکرێت. بڕوایان وابوو ئەم شەڕی دەست و یەخەیە تەنها چەند مانگێک دەخایەنێت و پاشتر هەرکەسە و بۆسەر مالْ و کارو باری ژیانی دەگەڕێتەوە.

دوای دەرکردنی ڕاگەیاندنی فەرمی وڵات بەهۆی کوشتنی ئەرشیدۆکەوە. دوو بۆچوونم لا گەلاڵە بوو:

١- هیچ گومانێک نییە لەوەی جەنگ هەڵدەگیرسێت.

٢-ئەم ڕووداوە نەمسا ناچار دەکات بەڵێن و پەیمان نامەکانی بباتەسەر و لێیان پەژیوان نەبێتەوە؛ گەلەك لەوە دەترسام بەهۆی ئەمەوە ئەڵمانیا لەسایەی هاوپەیمانێتیە سێ قۆڵیەکەوەی پەلکێشی جەنگ بکرێت بەبێ ئەوەی خوودی نەمساش هۆکاری ئەم کێشمەکێشە بووبێت, بەهۆی دۆخی ناوخۆییەوە ڤییەنا زۆر لەوە دەترسا کە هاوپەمانەکانی لەدەست بدات, هەرچۆنێك بێت بەهۆی ئاگادارکردنەوەکەی نەمساوە (گەر بەڕووکەشیش بێت) ئەم فەرمانفەرما بەسالاچووە ناچاربوو بەدەست لەناوەستی ئەڵمانیا دژی دۆخەکە بوەستنەوە جا بەرئەنجامەکانی هەرچی و چۆنێك بێت.

هەڵوێستی من لەمەڕ ئەم چەن و چونکارییە زۆر ساکار و ڕوون بوو: هەر لەیەکەم ساتەوە بۆم ڕوون بوویەوە کە ئەم کێشمەکێشە بۆ ئێمەی ئەڵمانی قازانجی نابێت بەوەی بەبیانووی تەمبێکی کردنی سڕبەکانەوە ڕەنگە دووچاری نەهامەتیەکی گەورە ببین, بەم کارەش ئەو ئەڵمانیایەی بەهۆی کارەکانی بسمارکەوە یەکی گرت ناچاری قوربانی دان و خۆ پەرت کردنەوە دەبێت, ئەوەشی باوباپیرانمان بە خوێنی خۆیان بۆیان دروست کردووین لەجەنگە تۆقێنەرەکانەوە لە فیسمبورگەوە تاوەکو سیدان و پاریس لاوی ئەڵمانی ناچاردەبێت هەمدیس بۆیان تێبکۆشێتەوە, ئەگەریش توانیمان بڕەو بە تێکۆشان بدەین تاکۆتا خاڵی سەرکەوتن ئەوکات فەرمانفەرمای ئەڵمانی سەرلەنوێ دەبێتەوە نوێکارەوەیەکی بەهێزی ئاشتی پارێز بەبێ ناچارکردنی نەوەکانی گەل بەوەی لەپێناو ئاشتیدا پێویست بێت لە پاروە نانی ڕۆژانەیان بێبەش بکرێن.

لە تازەپێگەیشتوویی و جاحێلیمدا ئاوام ئەوەبوو کە بۆجارێکیش بێت ئەو هەلەم پێبدرێت یان بۆ بڕەخسێت بۆئەوەی بیسەلمێنم کەئەم هەستی خۆش ویستنی نیشتمانە لای من هەستێکی پاشبەند و لاوەکی نینە, بۆیە هەرلەکاتی هەڵایسانی جەنگدا پەرتوکەکانم لەنێو کتێبخانەکەمدا دانا و بڕیارم دا لەبریدا چەك هەڵبگرم, بەمەبەستی پاراستن و بەرگری کردن لە وەچەکانی گەلی ئەڵمانیا. لە ٣ خەرمانانی ساڵی ١٩١٤ دا داوایەکی ڕێپێدان بۆبەشداری کردنم لە ڕیزی سوپای ئەڵمانیادا پێشکەشی پاشا لویسی سێیەم کرد و پۆژی دواتر ڕەزامەندیم بۆگەڕایەوە بەوەی

دەتوانم بەخێرایی پەیوەندی بکەم بە یەکێك لە لەشکرەکانی باڵاریەوە. بەڕاستی زۆر خۆشحاڵ بووم ، نەمدەزانی لەخۆشیدا چیبکەم !

بەم چەشنەم سەردەمێکی نوێی ژیان دەستی پێکرد. بەجۆرێك هەرگیز ناتوانم لەبیری بکەم، ڕابردوو لە گەرمەی پووداوەکاندا وون ببوو. بەپەرۆشەوە چاوەنواڕی هەڵاتنی ڕۆژی دواترم دەکرد. ڕۆژی پەیوەندی کردنم بەبەرەکانی جەنگەوە. نەدەترسام لەوەی چیم لێ بەسەردێت بەڵکو لەدواکەوتن دەترسام بەوەی درەنگ بگەمە بەرەکانی جەنگ. لەم کاتەدا هەواڵی سەرکەوتنەکانمان یەك بەدووی یەکدا بەر گوێم دەکەوت، کۆدەنگەییەك هەبوو لەوەی ئەم جەنگە کورت دەبێت لەشێوەی جەنگی هەفتایی یان حەفتاکان، نەوەك درێژخایەن.

لەکۆتادا بەئاراستەی بەرەکانی جەنگ بەرەو ڕۆژئاوای وڵات کۆچمان کرد. لەوێدا بۆیەکەم جار چاوم بە پووباری ڕاین کەوت. لەم جێگەیەدا بڕیاری پاراستنی خاکی ئەڵمانیامان پێ بوو، بەوەی نابێت ڕێگە بە پەرینەوەی دووژمن بدەین لەم ناوچەیەوە بۆ نێو خاکی خۆمان، ئەڵمانیا....لەگەزنکی بەیانییەکی نیوچە تەمومژدا کە پەیکەری ئەڵمانیامان بۆدەرکەوت بۆمان ڕوون بوویەوە کە ئەڵمانیا بەسەر ڕینانەوە دەستەلاتدارە، لەم کاتەدا سرودی ڕین لەسنگمانەوە دەردەپەڕیە دەرێ. هەستی نیشتمان پەروەریم ئەوەندە بەهێزبوو سنگم نەیدەتوانی ئەم هەموو هەستانەم بشارێتەوە، بەڵێ بۆیەکەمین جاربوو لەژیانمدا ئەوەندە هەست بە سەروەری و شانازی بکەم.

لەشەوێکی زۆر ساردا بە دەشتەکانی فلاندەر گەیشتین، دەستمان دایە بەرەوپێش چوون لەژێر سێبەری تاریکاییدا، بەبێ ئەوەی ڕووبەڕووی هیچ دوژمنێك ببینەوە، بەڵام هەرکە گەزنکی بەیان بەدیارکەوت دەنگی فیشەك و تەق و هۆڕ لەملا و ئەولامانەوە دەستی پێکرد، لەم کاتەدا هاوار و بانگ و سەڵاڤ لەدووسەد شەڕوانەوە بەرزبوویەوەو خۆشحاڵیان دەردەبڕی بەوەی پەیامی مەرگیان ئاراستەکراوە، دواتر لەهەردوولاوە بۆمب تێگرتن دەستی پێکرد، هەموومان هەستی خۆبەخشینمان لەپێناو گەل و وڵاتدا خرۆشابوو. هەستمان بە هاندەرێك دەکرد بەرەو پێشەوە پاڵی پێوە دەنایین. لەناکاو لەنێو کێڵگەکانی کەلەرمدا دگەڵ دوشمن دەستەویەقە بووین، لەم کاتەشدا بانگەشەی سەرکەوتنی هاوڵەکانمان لەبەرەیەکی نزیکدا بەر گوێمان

حکومت زۆری پێنەچوو تا ئەوکاتەی بانگەشەی خرۆشانی هەستی نیشتمان پەروەری هەموو بەرەو ڕیزەکانی جەنگمانی گرتەوە. لەودەمەشی داسۆلکەی سەری هەی نوێنەوە هەرێەردەواە بووین لەسەر بانگەشە و وتنی سرودی: (ئەلمانیا لەسەرووی هەموانەوە)یە. چوار ڕۆژی دواتر گەڕاینەوە بۆ خانێکی دەسپێکی هێرش بردنمان. گۆڕانکارییەکی گەورە بەسەر ناخماندا هات. بەڕاستی ئەو چوار ڕۆژەی لەجەنگ بوین بەس بوو بۆ بەپیاوکردنی هەموو جاحێڵ و لاوە حەڤدەسالیەکان.

پێشمەرگەکانی لەشکرەکەمان لەشکری(لیست) بەپێی پێویست هونەری جەنگاندن فێر نەکرابوون. بەڵام دەیان زانی چۆن وەکی گەریلا پیشەییەکان خۆیان گیان بەخش بەکەن.

ئەمە سەرەتا بوو. سااڵ تێپەڕی. کەشی بەدەم هۆنراوە وتنەوە جەنگین گۆڕدرا بۆ بەتۆقانەوە شەڕکردن. کەمەکەمە کڵپەی نیشتمان پەروەری لەهەناوی سەربازانماندا دامرکایەوە. لەهەناودا کێشمەکێشێکی سەخت دروست بوو لەوەی: ئایا خۆیان بە نیشتمان ببەخشێ یان خۆمان بدزینەوەو ڕزگارمان بێت و نەمرین ؟

بەجلکی ئاوەزەوە ترس و بیم بەدەوروبەرماندا دەخولایەوە. هەوڵی قایلکردنی دەداین بەوەی ئەنجامی ئەم کارەمان تەنها خۆکوشتنە. دەی ترساندین بەوەی یاخی بین و هەڵبێین. بەڵام تاوەکو حەزی مانەوەمان بەهێزترەبوو ئەوکات باشتر تێدەکۆشاین. تادەهات ترسان کەم دەبوبەوەو لەئەنجامدا هەستکردن بەئەرکدارێتی لەناخماندا چەسپا. سەبارەت بەمن ئەم کێشمەکێشە هەناویەم لە زستانی ١٩١٥-١٩١٦ بەکۆتا گەیشت. لەو ڕۆژانەی لەسەرەتای ڕووبەڕوو بوونەوەدابووین سرودی خرۆشێنەرمان دەچڕی و لەگەڵ هاوڵانمدا پێدەکەنیم. لەجەنگەکانی سااڵی ١٩١٥ دا بە پتەوی و نەبەزییەوە دەجەنگام. بەدڵ قایم و نەترسیەوە. لەوکاتە بەدواوە ئەم هەستەم تێکەڵاوبووەو لێمدا بەجێ ماوە.

ئەم ڕوو گۆڕانەمان لەترس بەتەنێ منی نەگرتەوە. بەڵکو هەموو سوپا و لەشکری باقاریاشی گرتەوە. بە نەترسی و خۆڕاگریەوە بڕەومان بەجەنگ دەدا. بەدەمار پۆڵاینەوە. ئەوەی بەسەر ئەم لەشکرەدا هات لەچوار سااڵی پڕلە خەباتی بەردەوامدا مێژوو نوسان دەتوانن وشەی خۆیانی تێدا بدۆزنەوەو لەبارەوە بڵێن. بەم کارەش سوپای باقاری توانی دانسقەیی خۆی بسەلمێنێت لەوەی لەهەموو دوژمنانی بەتوانا

و بەگوڕ و هێزدارترە. هەموو ئەمانەش سەرباری نەهامەتیەکانی برسێتی و نەخۆشی بلاو. ڕەنگە پێش لەوەی مێژوو نوس بتوانێت باس لە پاڵەوانی پاڵەوانبازیەکان بکات چەرخەکە تێپەڕێت، ئەمەش بەوەدەبێت مێژوونوسان باس لەپاڵەوانێتیەکانی سوپای ئەڵمان نەکەن لەجەنگدا.

تاوەکو وەچە ئەڵمانییەک مابێتەوە لەسەر ئەم زەوینەدا هەرگیز ناتوانێت ئەوە لەبیری خۆی بەرێتەوە، کە چلۆن برا جەنگاوەرەکانی توانیویەتی لە جەنگەکانی (١٩١٤-١٩١٨) سەری نیشتمان و گەل بڵند ڕابگرێت، جهانیش قەتحەن ناتوانێت نمونەی قوربانی دانی ئەڵمانەکان و لەخۆبوردوییان لەبیری خۆی بەرێتەوە.

ئەو دەمەی پێشمەرگە بووم، هەرگیز حەزم لەوە نەدەکرد ببمە سیاسەت مەدار؛ پێم وابوو نەشیاوترین کارە، بەپشت بەست بەو بڕوایەی کە دزێوترین بەردەستەی کشتیارێك خزمەتێکی زیادتری کردووە بە نیشتمان لەچاو دیارتین کەسایەتی پەرلەماندا. بەڵێ، بەڕاستی ڕقم لەهەموو سیاسەت مەداران دەهاتەوەو گەر دەستەڵاتم هەبوایە یان مێژوو بگەڕێتەوە دواوە ئەوا لەشکرێکی تایبەتی پێکدێنم و هەموو ئەندام پەرلەمانە بۆگەنەکان لەناودەبەم، لەم کاتەشدا چیتر ئەم کەسە خراپەکار و فرەوێژانە ناتوانن لەسەر هسابی تیکە و پاروی هەژاران بڕەو بە زۆر بڵێیی خۆیان بدەن، بەڵێ ئەم جۆرە کەسانە تەنانەت توانای هاوارکردنیشیان نەبوو بەڕووی دوژمندا.

گوتم: مەرامی بەشداریێتی کردنم نەبووە لە ڕامیارچێتی دا، بەڵام بەهۆی زۆری خراپەکاری ئەنجامدراو لەدەرهەق گەل و نەتەوە بەگشتی و سوپا بەتایبەتی لەهەندێك هەرێمەکانی ولاتدا ناچاری خۆتێوەگلاندنی کردم بەم کارە. دوو شت هەبوون زۆر دەیان وروژاندم و دەمارگیریان کردم، بەوەی: لەبەدەستهێنانی سەرکەوتنی هەوڵیمانەوە ڕۆژنامەگەلێکی بنچینە پۆخڵ زۆر بەژیرانە دەستیان دایە تێکدانی خۆشیەکانمان و لەم کاتەشدا زۆرێك لە جەنگ خوازانی وەکو من نەیان دەتوانی ڕاستی و ناڕاستی دەقی ئەم ڕۆژنامانە لێکدی جودابکەنەوە، هەموو ئەو ئاهەنگ و بۆنانەی لەولاتدا بەبۆنەی سەرکەوتنە سەربازیەکانەوە ڕێکدەخران ئەم ڕۆژنامانە هەموویان ڕەت دەکردەوە، بە بیانووی ئەوەی ئەم کارە بێ مانا و بچووکە شایستەی گەلێکی مەزنی وەکو ئەڵمان نییە، لەڕاستیدا دەربڕینی خۆشی بۆ ئازادی و سەرکەوتن

کارێکی سروشتیە و هیچ مانای کەمکردنەوەی دەستکەوتەکان نادات. ئەڵمانەکان خوازیاری جەنگ نەبوون بەوەی هۆکاری هەڵایسانی جەنگ نەبوون، بەڵکو تەنها یارمەتی پێشکەشکاری وڵاتانی بووە، بۆیە کارێکی سروشتیە بەسەرکەوتن خۆشی دەربڕێت.

لەباتی ئەوەی دەستەڵات هەستێت بەڕاپێچکردنی ئەم خۆشی شێوێنانە بەرەو مەرگ کەچی سنوری بۆ خۆشی دەربڕان دانا، ئەو دەستەڵاتدارە کورت بینانە ئەوەیان لەبیرکردبوو کە بە کپتکردنی خۆشیەکان ڕەنگە میللەت بخنکێت، واتە سەرکەوتنەکان بەشکست جێگە دەگیرێتەوە،گەلی ئەڵمان سەرخۆش بوو بەخۆشی گێڕانەوە، بۆیە دەبوو لەم کاتەدا بەرپرسان لێیان گەڕێن بۆئەوەی خۆشی دەربڕن، ئەمەش هەنگاوی یەکەمی شکست بوو، بەڕاستی گەمژەترین کار ڕێگرتنە لە دەربڕینی خۆشی سەرکەوتن لەلایەن گەل و میللەتەوە، کارکردن لەپێناو سارکردنەوەو دامرکاندنەوەی جۆش و خرۆشی سەرکەوتن لە هەناودا مانای کەم تەرخەمی نواندنە بە نزیک بوونەوەشی لە غیانەت لەنیشتمان.

هۆکاری دووەمی ئارامی لەبەر بڕانم، چاوپۆشی بەرپرسان بوو لەکارە خراپەکانی مارکسیەکانی وڵات، بەبیانووی ئەوەی بەرژەوەندی وڵات لەپێش بەرژەوەندی تاك پارتێکەوەیە و بۆبەدیهێنانی سەرکەوتن پێویستمان بەکخستنەوەی ڕیزەکانی هەموو پارت و بۆچوونەجیاوازەکانی وڵاتە، بۆیە لەم کاتەشدا نابێت مارکس خوازەکان بکرێنەدەرەوەی ئەم یەکبونی نیشتمانیەوە! بەڵام خاوەن ئەم بۆچوونی یەکخستنەوەی هێزەکانی وڵاتە لەبیری چوو کە مارکسیەکان پارت نین بەمانای وشە،بەڵکو مارکسیەت تەنها بیرۆڕایەکە و بەبڵاوبوونەوەی هەموو کۆڵەکە بەهێزەکانی وڵات لاواز دەکات، دواتریش فاکتەری تێکدانی هەموو بەرەکان و مرۆڤایەتیشە بەگشتی.

یەکێك لە نیشانەکانی گێژ و وێژی سەرکردە ئەڵمانیەکان قەدەغەکردنی لەناوبردنی چالاکی مارکس خوازەکان بوو، بەڵام وەزیری ناوخۆی ئەوکاتەی ئەڵمانیا دەیگوت: کارێکی کەودەنانە نییە پاش لەوەی پارتەکەیان گەڕایەوە باوەشی نیشتمان و بڕیاری نیشتمان پەروەری دا ئێمەش لەئەستۆیان بگرین. ئایا بەڕاستی ئەم قسەیە مانای

گەحزلیەکی پووون نییە ؟ ئایا بەڕاست هکومێت ئەم هەلوێستەی دەبوو گەر بەجوانی لەناوەڕۆکی مەبەستەکەیان گەیشتبایە ؟

بەڕاستی دەستەلآت و کارمەندانی هکومێتی ئەلمانی هیچ چاکەیەکیان نەبوو بەوەی لە تەمووزی ١٩١٤ دا هەرچی کرێکار و جوتیاری ئەلمانی هەبوو لە پەتا کوشندەکەی جوولەکە رزگاریان بوو, بەڵکو بەهۆی دەستپێشخاری خۆیانەوە بووە بۆ دەستبردن بۆچەك بەمەبەستی بەرگری کردن لەنیشتمان, بەڕاستی ئەم جۆش و خرۆشە بۆ بەشداری کردن لەجەنگ مارکس خوازە جولەکەکانی خرۆشاند و ناچاری سوتانی بۆچوونەکانی خۆیان بووون؟ بەوەی پێشتر بڕیاری لەناوبردنی هەستی نیشتمان پەروەریان دابوو لەناخی میللەتدا, بەڵآم بەسەر خۆیاندا شکایەوە, بەخێرایێەکی چاوەڕوان نەکراو بۆجووەکان, جولەکە مارکس خوازەکان خۆیان لە گۆشەگیریەکی تەواودا بینیەوە, بەدەم فرمێسك هەڵرشتنەوە دیتیان چلۆن ئەو باڵەخانەیەی بەدرێژایی شەست ساڵ سەرقاڵی کەڵەکەکردنی بەردەکانی بووون بەشەوڕۆژێك داڕووخا و لەناوچوو.

بەڵآم ئەم شکستە نەبووە هۆی کۆڵدان بە سەرکردەکانی ئەم بزوتنەوە جوگەرایە و لە توانایانی کەم نەکردەوە, ئەمجار بە لەبەرکردنی جلکی پیاوخوایی دەستیان بەمیزڕێژکردنی هەموو جۆش و خرۆشەکانی نیشتمان پەروەران کرد, بەوەی پاراستنی نیشتمان و گەورەیی نواندنی بە ئاهەنگ گێڕان و خۆشی دەربڕین نابێت.

ئەوکاتەی خوێن پاکەکان لە بەرەکانی پێشەوەی جەنگدا سەرقاڵی خۆبەخشین بوون بە نیشتمان کەچی زۆڵە جولەکەکان لەپشتەوەو لەناوچەئارامەکانەوە سەرقاڵی لێدانی خەنجەربوون لە سوپای ئەڵمانی, بۆیە پێویست بوو لەسەر دەستەلآت ئەم دوژمنانەی گەل لەناوبەرێت و سڵ لەبانگ و سەلآ و هات و هاواریان نەگرێت و پاکتاویان بکات.

دەبوو دەستەلآت ئەو دوژمنانەی بکوشتایە و لەناوی بردنایە, لەلآم ئەفسوس فەرمانفەرمای ولآت هەستا بە درێژکردنی دەستی لێخۆشبوون بۆیان و هەمووپانی بەخشی, بەم کارەش دەولەت کایەی ئەنجامدانی چالاکیەکانی بۆ مارەکان فراوانترکرد, ئەمانە ئامادەکاری باشیان کرد بۆ هەلآیسانی شۆڕش لەناو ولآتدا, ئەمەش زۆر ڕقی هەستاندم, لەخۆم دەپرسی: ئایا بەڕاست ئەوە ئەرکی فەرمانفەرما نەبوو کە ئەم کەسە

گلاوانه دەستگیربکات و لەناویان بەرێت و گەلیان لەدەست رزگاربکات؟ باشە بۆچی حکومەت هەڵنەستا بە داخستنی پارتە بۆگەنەکانیان و سنورێکی بۆ زۆر بڵێی ئەندام پەرلەمانە گێژەکان دانەنا؟ لەلایەکی دیکەوە لەخۆم دەپرسی: ئایا دەتوانرێت بۆچونێك بە گوڕی شمشێر لەناوببرێت؟ ئایا بەبەکارهێنانی هێز دەتوانرێت قەڵاچۆی چەمکێکی فەلسەفەخوازی بکرێت؟ بۆئەمەش بەمێژوودا ڕۆچووم و ئەمەم بۆدیارکەوت:

ئەو بیروبۆچونانەی لەسەر بنەمای فەلسەفەیەکی چەسپیو دامەزراوە، بەتایبەت بزوتنەوە هاندراوەکان بەگیان و هێزەوە، پاش لەگەیشتنی بەقۆناغێکی دیاری کراو، هەرگیز ناتوانرێت بە هێزی بەرجەستە لەناوببرێت، مەگین ئەم هێزە ئاوەزیە بەتەنها لەڕێگەی بۆچوونێکی دیکەی فەلسەفی نوێوە لەناوبچێت، بەچەشنێك لایەنگرانی ئەم بیروڕا نوێیە زۆر لەوەی پێشووتر بەهێزتربێت.

بەڵام بەکارهێنانی هێزی بەرجەستە بەتەنها و جگە لەهێزی ئاوەزی چەسپیو لەبەرامبەر هێزێك یان بۆچونێکی گیانیدا، ئەوا هیچ کارایيەکی نابێت مەگەر لایەنگرانی ئەو بۆچوونە لەناوببرێت و دوادانەیان قڕبکرێتەوە. ئەمەش ڕەنگە ببێتەهۆی ناشرینکردنی ناوی ولاّت لە لیستی ولاّتە بەهێزەکاندا بۆماوەیەك و جاروباریش بۆهەمیشەیی؛ چونکە بەئەنجامدانی ئەم جۆرە کوشتارانە گروپی باشی کۆمەڵگە لاواز پیشان دەدات، هەرگیز هیچ بیرۆکەیەك بەخراپ سەیرناکرێت و زۆرکردن و هەوڵدان بۆ قڕکردنی لایەنگرانی ئەو گروپە یارمەتی ناوبانگ دەرکردنی ئەو گروپە دەدات و لەم کاتەشدا هەنگاوەکان لەبری قازانج زیانی دەبێت.

لێکچوونی نێوان بۆچوون وبیروباوەڕەکان لەوەدایە کە تاکەوکاتەی ساوا و گچکەیە لەناوبردنی زۆر ئاسانترە وەك لەوکاتانەی ژمارەیەکی زۆری خەڵك دەبنە لایەنگیری، ئەمەش وەکو منداڵ وەهایە لەکاتی ساواییدا زۆر لاوازە و بەتێپەڕوونی کات بەرگری پەیدا دەکات، بەڵام گەر ئەم بۆچوونە لەناخی هەزاران کەسدا چەسپی ئەوکات هەنگاوەکانی لەناوبردنی هیچ ئەنجامێکی باشی نابێت بەهۆی: مەرجی سەرکەوتن لەبۆ قڕکردنی هەر جۆرە بۆچون وڕایەك بەردەوامی دانە بە دژایەتی کردنی بەبێ ئەوەی بۆساتێکیش دەست لەم هەنگاوە هەڵبگیرێت، بەڵام پاش لەماوەیك لە ئازاردان

و کوشت وبڕ بڕیاری لێخۆشبوونیان بۆ دەربکرێت ئەوکات چەندان هێندەی جاری پێش لە هەوڵەکانی قەڵاچۆکردن بەهێزتر دەبنەوە.

کرداری قڕکردن ئەگەر لەسەر بنەما و پلان و مەرامێکی زۆر بەهێز نەبێت ناتوانرێت ناسەر لەسەری بەردەوامبی و لەرزۆک دەبێت, کەواتە هەرجۆرە هێرشێکی قڕکردن تەنها پشت بەستراوبێت بە مادییەت ئەوکات ماوەی بەردەوامیدانی کەم و کورتخایەنە مەگەر لەپشتی ئەم چەکە بەرجەستەیەوە فەلسەفەیەکی نوێ هەبێت, هەرهێز و باوەڕێك شێرئاسا بەکار بهێندرێت بۆپلاماردانی هەر پارت و بەرەیەك, ئەوا بێگومان سەرکەوتنی مسۆگرە.

ئەدۆلف هتلەر(یەکەم کەسی لای ڕاست), ئەوکاتەی تەنها سەربازێکی ئاسایی خۆبەخش بووە لەسەڵی ١٩١٦ دا .

ئەوەش وای کردووە هیچ هەوڵێك بۆ لەناوبردنی مارکس خوازەکان سەرنەگرێت ئەوەیە لەناوەڕاستی ڕێگەکەدا پەژیوانی دەبێتە ڕووپۆشی دژە مارکسیەکان و لەبۆچونەکانیان هەڵدەگەڕێنەوە.

بسمارك زۆر بەتوندی دژی ماركس خوازەكان وەستایەوە، بەڵام ئەنجامەكەی پووچ بوو؟ چونكە بڕوای تەواوی بەكارەكەی خۆی نەبوو، یاخوود بەمانایەكی دی تەنها مەبەستی لاوازكردنیان بووە نەوەك قڕكردنی تەواویان، بۆیە لەئەنجامدا بەناچاری بسمارك پەنای بە بورجوازیەتی دیمۆكراتی گرت، بەڵام ئەوكاتەی سۆسیالیستە توندەڕەوەكان هێزیان پەیداكرد ئەوكات بەرەو ماركسیەت پرۆیان وەرچەرخا. ئەمەش وەكو ئەوە وەها بوو بزن بكەنە ئێشكگری كەلەرم بەمەبەستی پاراستنی.



بسمارك، سەركردەی دەست ئاسنین

بسمارك لەڕێگەی توانا و دەستەلاتی دەوڵەتەوە دژایەتی ماركسیزمی كرد، چون هیچ پارتێكی دیكەی بەهێزی نەدەبینی لەبەرامبەر پارتی سۆسیالیستیدا بووەستێتەوە. لەسالی ١٩١٤ شدا دۆخەكە نەگۆڕا. ماركسیەكان تاكە خاوەن پارتی خاوەن بۆچوونی تایبەتی بوون لە ولاتدا، بەڵام سۆسیالیستیە دیمۆكراتیەكان پارتێكی پەرلەمانی بوون، جاربەجار لێیان نزیك دەبوونەوە هەندێك جاریش لێیان وەدوور دەكەوتنەوە بەپێی دۆخ و بەرژەوەندیەكانیان.

ڕاگەیاندن لە جەنگدا

ئەوەی زۆر بەلامەوە سەرەنج ڕاکێش و بۆچوون کێشکار بوو, لەو کاتانەی کە بەدواداچوونم بۆ ڕووداوە سیاسیەکان دەکرد, گرنگی بانگەشەکردنم بۆ دەرکەوت وەکو شێوەیەکی ڕووناککردنەوەی بۆچوون وڕێگەکان یان وێڵکردن و لەڕێگەلادانی ئەوانەی مەبەستن. تێبینی ئەوەشم کرد پارت و ڕێکخراوەکانی سۆسیالیستی مارکسی بەجوانی توانیویەتی ئەم هەلە قۆزێتەوە کە لای پارتەکانی دیکەی ڕکابەری هەستی پێنەدەکرا, جگە لە پارتی مەسیحی سۆسیالیستی کە لەسەردەمی دکتۆر لۆجر دا ئەویش ئەم هەلەی قۆستبۆوەو بەکاری هێنابوو.

جەنگ گرنگی ڕاگەیاندن و کاریگەریەکانی خستەڕوو, لەم بوارەدا بەباشی چالاکیەکانی دوژمنم تەی دەکرد, زۆر توڕەبووم بەهۆی لەبیرکردن و بەکارنەهێنانی ئەمچەکە کوشندەیە لەلایەن گەلەکەمانەوە. هەرگیز سەرکردەکانمان نەیان ویستبوو ئەم چەکە لەدژی بەرەی دژدا بەڕاستی و ڕاستەقینە کاربێننەوە , لەکاتێکدا ئەوان لەبەرامبەر ئێمەدا بەژیرانەوە بەکاریان دەهاورد, ئەوان هونەرمەند و نواندنکارێکی زۆر پیشەیی بانگەشەبوون, تەنانەت هەندێك لەسەرکردەکانمان ڕقیان لەفێرکردن و فێربوون لەوانی دیکەوە دەبۆوە, بەڵام هەندێکی دیکەیان خاوەنی خوازهێزێکی باش و ڕەسەن بوون و لەسادەیدا نەیان دەویست ئەم چەکە بەکاربێنن.

بەڵێ بەمانا ڕاستەکەی ئێمەی ئەڵمان خاوەنی بانگەشەی ڕاست نەبووین. ئەوەشی ناوی بانگەشەکردنیان لێنابوو لەبنچینەوە لەسەر بنەمایەکی ناتەندروست ڕێکخرابوو,

ئەنجامی پێچەوانەی مەبەستی دابەدەستەوە جا لەڕووی تەرزەوەبێت یان بابەتیەوە, چون ئەوانەی فەرمانی دروستکردنی بانگەشەیان پێسپێردرابوو لەبەرژەوەندی ئەڵمانەکاندا بە پیشەیانەوە کارەکانیان ئەنجام نەدەدا و نەیان دەزانی ئەم کارەیان ئامرازی جەنگە یان ئامانج؟

هیچ گومان لەوەدا نییە بانگەشە ئامرازە, بەڵام دیسان بۆ پێکانی ئامانجەکەشی پێویستی بە بەکارهێنانی دروست هەیە, بەم پێودانگەش دەبوو بانگەشە ئاراستەی ئامانجی چەک هەڵگرتنی ئەڵمانیا بکرایە, ئەو ئامانجەی کە ئابڕوومەندانەترین ئامانجە بۆئەوەی مرۆڤ لەپێناویدا بتوانێت چەک هەڵبگرێت: ئامانجی پاراستنی گەلەکەمان و ئازادی پێبەخشینی و دابینکردنی ڕۆزی و نان و ئایندەیەکی گەشیشی بۆدەستەبەردەکات, بێگومان گەلی ئەڵمانی لەپێناو ئامانجێکی ئابڕوومەندانەدا جەنگا, دەبوو لەم کاتەدا بانگەشە بۆ بەهێزکردنی گیانی نیشتمان پەروەری بەکاربهێندرایە و ئەمەش بئاخنرایەتە نێو مێشکی سەربازەکانی ئەڵمانییەوە کەلەبەرەکانی جەنگدا لەپێناو خاک و نەتەوەکەیاندا سەرقاڵی تێکۆشان بوون, بەم کارەش دەتوانرا سەرکەوتن فەراهەم بکرایە, ئەودەمەی لەپێناو ئازادیدا گەلان تێدەکۆشن جوانی ومرۆڤ دۆستی بونێکی نامێنێت, چون بەبێ بەرجەستەیی ئاوەز ئەمانە هیچ مانایەکیان نابێت, ئەودەمەی ئەمە لەناوچوو ئەویش لەناودەچێت؛چونکە سروشت هێشتاکە بەباشی نەیناسیوە, هەرگەل و کۆمەڵێك زیاد لەپێویست گرنگی بە پێزانین و جوانی و مرۆڤ دۆستی بدات لە مەیدانی جەنگ, لەکاتی پاراستنی قەوارە و مافی مانەوە, ئەوکات ئەم گەلە لەناو دەچێت.

مۆڵتکە نێرژێت: ((لە جەنگدا مرۆڤ دۆست ترین شێوازی کوشت و بڕ توندوتیژترینیانە؟ چونکە سنوردانان بۆ ئەم گێرمە و کێشمەیە خێراتر دەکات. ئەو تێکۆشانەشی ئامانجی پاراستنی گەلێکە لەنێویدا هیچ جۆرە ئامازەیەکی جوانی بەرجەستە نییە, چونکە لەژیانی مرۆیدا هیچ شتێك نییە لە کۆیلە بوون دزێو تربێت)).

بەڵێ, بەڕاستی مۆڵتکە ڕاستی فەرموە. ئەم گوتەیەشی بەسەر شێوازی بانگەشە و چەسپاندنی لەجەنگدا دەسەپێت. گەلی ئەڵمانی چەکی لەبۆ پاراستن و بەرگری کردن لە قەوارە یان کیانەکەی هەڵگرتبوو. ئەو چەشنە بانگەشەیەشی ئامانجی جۆشدانی

گوڕوتینی نیشتمان پەروەرییە بەر لەگشت چتێك ئاگاداری گەیشتنە بە ئامانجەکەی بەبێ لەپێش چاوگرتنی ئامرازەکانی دەست پێڕاگەیشتنی, لەم کاتەشدا هەر چەشنە چەك و کەرەستەیەك پێچەوانەی ڕێوشوێنە مرۆڤایەتیەکان بێت, ئەوەندە بەکەڵك تر دەبێت لەکاتی بەکارهێنانی لەبۆ پاراستنی ئازادیەکان.

بەڵام لێرەدا پێویستە بزانین : ئاخۆ بانگەشەی ڕاگەیاندنی وروژێنەر ئاراستەی خوێندەواران یان هەموو گەل دەکرێت ؟

بانگەواز نابێت تایبەت بکرێت بە ڕاکێشانی چین و بەرەیەکی دیاریکراو لەکاتی جەنگدا, بەڵکو پێویستە بۆهەموو گەل بێت, بەڵام چینی خوێندەواران ڕاڤەی زانستی ئەم بانگەشەیەیان ئاراستە دەکرێت؟ چونکە بانگەشە خۆی دەقی زانستی تیادا نییە, بەزۆری هەڵگری دروشم و وتەی ڕاگەیاندنکاریی خرۆشێنەرە. هونەری بانگەشەبۆکردن وەستاوەتەسەر توانای وێنەکردنی وێنەکێش لەبۆ سەرەنج ڕاکێشانی جەماوەر. گریمان بانگەشەی پێشانگایەکی هونەری دەکەین, لەسەرەتاوە پێویستە بانگەشەکە تایبەت بێت بەناساندنی هونەر لەو پێشانگایەدا و دواتریش بیرۆکەی پشت کردنەوەی پێشانگاکە, بەڵام بەتەنها پشت بەست بەهونەر ناتوانین پێشانگاکە سەربخەین بەڵکو پێویستمان بەپێش سەردانی کردنی جێگەی پێشانگاکەیە لەگەڵ تێڕوانینمان لەهەموو تابلۆکان بەچاوی ڕەخنەگرانەوە.

بانگەشە هۆکارێك نییە بۆ ڕۆشنکردنەوەی بیری تاکە کەسێك لەسەر بنەمایەکی زانستی, بەڵکو خرۆشاندنی زۆرینەی دانیشتوانی ولاتە لەبۆ بەهاناوەچوونی ڕووداو و بەسەرهاتەمەترسیدارەکان, بۆیە پێویستە لەسەر بانگەشە کاران پێش لەڕووکردن و ئاراستەکردنی مەبەستەکانیان لە ئاوەز ڕوو لە دڵ بکەن , چونکە بیرکردنەوە بەئاوەز یارمەتی گەشەو سەرکەوتنی بانگەشەکە نادات, بەڵام دڵ پێچەوانەی ئەمە بەدەستەوە دەدات.

ئەو بانگەشەیەی ئاراستەی وروژاندنی هەستی کۆڕای گەل دەکرێت پێش لەگەیشتنی سەرکەوتنی مسۆگرکراوە, بەو مەرجەی ئەم بانگەشە پشت بەستوو نەبێت بە هەڵخەڵەتاندن و درۆ و شاردنەوەو سەروژێرکردنی ڕاستیەکان.

ڕۆژنامەکانی ئەڵمانیا و نەمسا زۆر خۆیان ماندوو کردبوو بەوەی دوژمن بەشێوەی بچووك و لاواز پیشان بدەن, بەڵام جێدەستی ئەم بانگەشانەیان لەجەنگی

ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمندا بابردی و هیچ ئەنجامێکی نەبوو، چون لەم کاتەدا زۆربەی خوێنەرە سەربازەکانی ئەم ڕۆژنامە لەڕێ لادەرانە بۆیان ڕوون بوبوە کە سەربازەکانی دژمن یان بەرەی بەرامبەر ئازایانە دەجەنگن و بەنەترسی و بزێوییەوە بەپیری مەرگەوە دەچن، ئەمەش وای کرد هەموان متمانەی خۆیان بەم چەشنە بانگەشانە لەدەست بدەن، بەم کارەش لەبری خۆشەویستی ڕقیان لەناخی سەربازە نەمسای و ئەڵمانیەکاندا چاند، لەبری هێز ترسنۆکیان پێبەخشین.

بەڵام لەبەرامبەری ئەمەدا بانگەشەی ئەمەریکی و ئینگلیزەکان زۆر ڕاستەقینە و ڕوون و شارەزایانە بوون، بەوەی وەهایان لەسەرباز و خەڵکانیان دەگەیاند: ئەڵمانەکان هاوشێوەی تیرەکانی هونی مەغۆلی درندە و مەترسیدارن، بەمەش تادەهات ڕقیان لەناخی سەربازەکانی خۆیاندا لەبەرامبەر ئێمەدا دەچەسپاند و بەم کارەش هێز و گوڕ و تینی زیادتر و سەرکەوتوانەیان پێدەبەخشین، ئەودەمەی سەربازەکانی دوژمن ئازایەتی و جۆری چەکی ئەڵمانەکانیان زانی بۆیان دیارکەوت هیچ کات سەردارانیان هەڵیان نەخەڵەتاندوون، بەڵکو پێشتر ئاگاداریان کردونەتەوە و بەمەش ئەو بڕوایەیان لاپەیدابوو کەبەڕاستی ئەڵمانەکان لەتیرەکانی هون درەندە و کێوی ترن، بەم کارەش لەهەفتەی یەکەمی جەنگەوە سەربازانی ئینگلیز زانیان سەرانی ولاتەکەیان هەڵیان نەخەڵەتاندوون و ڕاستیان پێڕاگەیاندوون و هیچیان لێ نەشاردونەتەوە، جا ڕاستیەکان چەندە تاڵیش بن بەڵام پێشتر لێی ئاگادار کراونەتەوە. ئەفسوس ئەمەپێچەوانەی بۆچوونی سەربازانی ئەڵمانی و نەمسایی بوو لەبەرامبەر سەردارانی ولاتەکەیاندا، تەنانەت هەندێك جار سەربازەکان بڕوایان بەهیچ چەشنە ڕاگەیاندن و بانگەشەیەکی ولاتەکەشیان نەدەما و هەموویان بە درۆ و ناتەندروست لەقەڵەم دەدا. هۆکاری شکستی بانگەشەکانی ئێمەی ئەڵمانی دەگەڕایەوە بۆ گرنگی نەدان بە دەروننناسی، بەکەم پیشاندانی ڕۆڵی ئەڵمانەکان لەزۆر بواری جیاوازدا، بەبێ ئەنجامدانی هیچ چەشنە بەراوردکارییەك لەنێوان خۆی و ولاتانی دژیدا. توخوا ئەوە گێلێتی و ساوێلکەیی نییە کارگەیەکی دروستکردنی ساون لەپاڵ بانگەشەکردن بۆ ساونەکەی خۆیدا باس لەباشی ساونی کارگەیەکی دیکەش بکات ؟!

بەڕاستی بانگەشەکارانی ئێمە ئەوەیان لەیادچووبوو کەبەمەست لەم بانگەشە بۆکردنە دابەشکردنی دادپەروەری نییە لەنێوان گەلان و لایەنەکاندا، بەڵکو تەنها کار

بۆ بەهێزکردنی بەرەو گەلێکی تایبەتی دەکات نەک بۆ هەموان بێت. بانگەشەکارانی ئێمە ئەوەشیان لەیادچووبوو کە زۆر درۆهەڵبەستن یان خستنەڕووی تەواوی ڕاستیەکان زۆرجار لەبەرژەوەندی دوژمندا دەبێت. بەڵکو پێویست بوو حاڵەتەکانی کردنی قسەی ڕاست و درۆکردنیش دەست نیشان بکرانایە و بەسەلیقەداریەوە بەکاربهێندرانایە. بەڵکو دەبوو بانگەشەکاران ئەو ڕاستیانە بۆ گەل و پێشمەرگەکان بخەنەڕوو کەخزمەت بە بەرژەوەندیەکانی نیشتمانمانی دەکرد نەوەک خزمەت بەدوژمن بکات.

هەروەها ئەوکاتەی بانگەشە کارانمان بەمەبەستی بەرگری کردن لەولاّت وەهایان پیشان دەدا کە نابێت هەڵایسانی جەنگ بەتەنها بخرێتە ئەستۆی ئەڵمانیا؟ چونکە ئەوە تەنها پەیوەست بووە بە سەرانی ولاّتەوە و بڕیار بەدەستانەوەو ئەمانەش کەمینەن نەوەک زۆرینە، زۆرینەی ولاّت پێکدێن لە خەڵکی لەرزۆک و کەم توانا لەبیرکردنەوە، ئەم چەشنە بۆچون دەربڕینانە هانی گەلی دەدا بۆ ساردبوونەوە لەوەی ئەمان لەلایەن بژاردەیەکی کەمەوە بەئاراستەی کوشتنیان هەنگاویان پێدەنرێت، لەم حاڵەتەشدا سەرباز پێش لە بینینی تاوانی دوژمن تاوانی سەرانی ولاّتەکەی دەبینێت، لەبەرامبەریشدا کارایی بانگەشە و لێهاتوویی بانگەشەکارانی دووژمن سەربازان و گەلی ئەڵمانی دەخستەگومانەوە لەبەرامبەر ولاّت و توانا و مەبەستی بەشداریّتی کردنی ولاّتەکەیان لەم جەنگە هەڵایساوەدا. ئینگلیزەکان باش هەستیان بەوەکردبوو کە زۆرینەی گەل لە کاتی کێشەکاندا دەرونیان وەکو ئافرەتی لێدێت، بەجۆرێك بۆچوون و ڕەفتارەکانیان دەرهاویشتەی کاریگەریەکانیانە نەوەک بیرکردنەوەی ڕووت. ئەوەشی کار لە هەست و سۆزی زۆرینە دەکات ئاڵۆز نییە، جۆراوجۆریش نییە، هەستێکی نەرێنی یان ئەرێنی پڕ لە خۆشەویستی یان ڕقە، بەدرۆبێت یان ڕاست، بەهێزبێت یان لاوازچێتی، لەم کاتەدا هیچ شتێك بوونی نییە بەناوی نیوچە سۆز یان سۆزی نیمچەیی.

بانگەشەکارانمان کەوتنە هەڵەیەکی گەورەوە ئەوکاتەی بانگەشەیان بۆ ئەستۆپاکی ئەڵمانیا دەکرد لەوەی جیهانی نەبردۆتە قاڵبی جەنگەوە، بەڵکو بەرەی دوژمنیش تاڕادەیە لەم کارەدا بەشداربووە! دوژمن زۆر باش دەیزانی چۆن خەڵك و لایەنگرانی بەرەی دوژمنیش بۆلای خۆی ڕاکێش بکات و هەمیشە و بەبەردەوامی دەیگوتەوە کە

ئەڵمانەکان بەرپرسی هەڵایسانی ئەم جەنگەن، بەڕاستی ئەم هەڵبەستراوە هیچ بەرهەمێکی نەدەبوو گەر دشمن هەموو ڕۆژێک دووبارەی نەکردایەتەوە؛ چونکە سەرکەوتنی بانگەشە بۆکردن پەیوەستە بە خۆچڕکردنەوە لە خستنەڕوو و باسکردنی یەک بابەت بۆماوەیەکی درێژ.

دوژمن هەستابوو بە پێدانی ئەرکی بانگەشەکردن بەکەس گەلێک بەڕاستی زانابوون لەکێشکردنی جەماوەردا، بەڵام ئێمە ئەم ئەرکەمان خستبووە ئەستۆی کەسانی سەر دوانگە و قەڵەم بەدەستانی هیچ نەزانان، ئەمانە بڕوایان بەبەکارهێنانی ڕەوان بێژی و فرەبۆچوونی هەبوو، لەبری ئەوەی هەر ڕۆژە و باسیان لەبابەتێک بکردایە باشتر وابوو خۆیان بۆ تاکە بابەت و گەیاندنی مەبەستێک چڕبکردایەتەوە و خەڵکیان بەم هەڵوێستەی خۆیان قایل بکردایە، زۆرێک لە گەل مێکشیان داخراوە و لەڕەوان بێژی تێناگەن بەڵکو پێویستیان بەوە هەیە بەزمانی خۆیان قسەیان لەگەڵدا بکرێت و بۆئەمەش دەبێت بەردەوام هەمان جۆرە ئاوەزیان بۆ بژەنیتەوە تاوەکو بڕوات پێدێنن.

لەماوەی چوار ساڵدا دیتمان چلۆن دوژمن خوویان بەباسکردنی بابەتێکی دیاری کراو و بنچینەییەوە گرتووە، لەسەرەتاوە بڕوامان وابوو ئەم قسانەی دوژمن جگە لە زنجیرەیەک لەدرۆی ئاڕوویەرانە هیچی دیکە نییە، بەڵام لەکۆتادا توانیان بڕوامان پێبهێنن. جەنگی شۆرش لەئەڵمانیا هەڵایسا و دروشمەکانی لە دوژمنەوە وەرگرتبوو.

ئینگلیزەکان بانگەشەیان بە چەکێکی گەورە و بنچینەیی دەزانی، پیاوانی تەواوکاملیان بۆی تەرخان کردبوو، بڕێکی زۆر لەپارە و داراییشیان خستبووە خزمەتیانەوە، بێگومان ئەمەش هانی سەرکەوتنی دان و توانیان جەنگەکە بەبەرژەوەندی خۆیان کۆتایی پێ بهێنن.

بەڵام ئێمە بانگەشەمان وەکو چەکی دووەم یان یەدەگ دەبینی، بەکەسانی نەشیاومان ڕاسپاردبوو، بەو کەسانەی دوورەپەرێزبوون لەشێوازی بیرکردنەوەکانی جەماوەر، ئەنجامی کاری ئێمە لەم بوارەدا هیچ بوو....هیچ...

شۆڕش

لەسالّی سالّی ١٩١٥ دا دوژمن بانگەشەی دەست پێکرد و سالّی داهاتوو بەشێوەیەکی دیار کاریگەریەکانی دیارکەوت, لەزستانی سالّی ١٩١٨دا شەپۆلێك لە درۆ و هەڵبەستراو ئاراستەی ئەڵمانیا و بەرەی ئەڵمانی کرا, لەم کاتەدا بەپرۆنی کاریگەری ئەم بانگەشانە لەسەر چۆنێتی بینینی پرۆداوەکان دیارکەوتن, لەشکر و هێزی سوپای ئەڵمانیش شێوازی بیرکردنەوەکانی وەکو دوژمنی لێهات. بەڵام لەلایەن دەوڵەتی ئەڵمانیاوە هیچ شێوە کاردانەوەیەکی پێشیاوی باسکردن نەهاتەئاراوە و دیارنەکەوت, بەڵێ سوپا و سەرکردە مەزنەکانی ئامادە و سوربوو لەسەر بەربەرەنکانێی دوژمن, بەڵام پێویستی بەئامرازێکی یارمەتی دەر و سەرباز و گەل هاندەر هەبوو,بەڵێ هەڵەیەکی دیکە ئەوەبوو خودی بانگەشەشیان کردبووە ئەرکێکی بەسەر سوپادا سەپێنرابوو, ئەمەش وای کرد ئاراستەی دەروونی سەربازەکان تاڕادەیەك گۆڕانی بەسەردابێت, بۆخۆڵادان لەم کارە دەبوو بانگەشەکە لەناواخنی ولاّتەوە هەڵقوڵابێت.

بەڵام ئایا لەم کاتەدا لەنێو خودی ولاّتی ئەڵمانیادا چی دەگوزەرا؟

لەهاوینی سالّی ١٩١٨ و پاش لەچۆڵکردنی کەناری باشوری پرووباری مارن پۆژنامەکان ئەڵمانیا بەتەواوەتی خۆیان لەهاندان بۆ جەنگ بەدوورەدەگرت و تەنانەت پۆڵیان لە پۆڵی دوژمنەوە بۆ دامرکانەوەی سوپای ئەڵمانیا نزیك بۆوە, لەم کاتەشدا

بەتوڕەیی و ڕق و کینەوە پرسیم: پاشای بەرلین چاوەنواڕی چی دەکات و بۆچی خاوەنی ئەم شەپۆلی هێزداڕوتێنەرەوانە لەناونابات ؟ گەر وابڕوات پاڵەوانەکانمان هەموو لەدەست دەدەین.

ئەو دەمەی بەیەک لێدانی کتوپڕ توانیمان فەڕەنسا لەساڵی ١٩١٤ بگرین ، چی لەوێدا ڕوویدا ؟ ئەو ڕۆژەی بەرەی ئیتالیا داڕووخا هەڵوێستی ئیتالیا چی بوو؟ ئەی ئەو ڕۆژەی سوپای ئەڵمانیا ویستی هەموو فەڕەنسا داگیربکات و سوپای تۆپ هاوێژەکەی ئەڵمان گەیشتە کەنار و دەروازەکانی شاری پاریس لەساڵی ١٩١٨ دا , فەڕەنسا چی کرد ؟

بەڵێ شەپۆلێکی بەهێزی بانگەشەی وروژێنەر بۆ ڕزگارکردنی فەڕەنسا دەستی پێکرد, بەجۆرێك وای هاندەدان کە سوپا دۆڕاوەکانی جارێکی یەکیان گرتەوە و خۆیان ڕێکخستەوەو گەلیش لەدواوە پشتگیری لێکردن لەدژی ئێمەی ئەڵمان, بەجۆرێك لەخەڵکی فەڕەنسایان دەگەیاند: سوپای ئەڵمانیا تەنها بۆماوەیەکی کەم شەڕیان پێدەکرێ و هەوڵێکی بێ ئاکامیان لەم بوارەدا داوە, گەر خۆمان یەکبخەینەوە ئەمجار بەیەك لێدانی جەرگبڕ لەخاکەکەمان فەڕنسا وەدەریان دەنێین.

زۆرم غەمم بۆئەوە دەخوارد کە من یەکێك نەبووم لەوانەی ئەرکی بانگەشەکردنیان بۆ هاندانی سوپای ئەڵمانی پێ سپێردرابوو, بەڕاستی ئەوانەی لەو شوێنە دانرابوون تەنها بێتوانا نەبوون بەڵکو مەستی کاڵفامی بوون و ئامانجی باشیشیان نەبوو. گەر من یەکێك بوومایە لەو بانگەشە بۆکارانە بێگومان ڕەوتی بانگەشە بۆ سوپای ئەڵمانی ئەو هەڵەیەی نەدەگرتەبەر, چارەنووسی غەیانەتکار لە شوێنێکی فرێدام کە هەر ڕەش پێستێك دەیتوانی بە فیشەکێك لەناوم بەرێت, هەرچەندە ئەگەر لەم کارە سەختتریشم پێ بسپێردرایە بەبێ دوودڵی بۆ نیشتمانەکەمم ئەنجام دەدا. بەڵام دەبێت من چیم بکردایە ئەوکاتەی تەنها سەربازێکی ئاسایی بووم لەنێو ٨ ملیۆن پیاودا !؟

***

لەهاوینی ١٩١٥دا یەکەمین بلاوکراوەی دوژمن کەوتە نێو دەستمانەوە, هەمووی لەسەر یەك جۆر ئاواز دەیخوێند و یەك چەشنە مۆزیکی لێدەدایەوە: قات و قڕی لەئەڵمانیا ڕۆژ بەدووی ڕۆژ ڕوو لەزیاد بوونە, جەنگ درێژەدەکێشێت و ئەڵمانیاش هەڵی سەرکەفتنی نییە و نەماوە, هەربۆیەش گەلی ئەڵمانی خوازیاری ئاشتیە, بەڵام

قەیسەر و سەرکردە سەربازیەکانیان سوڕن لەسەر بەردەمی دان بەجەنگ, خۆئەگەر جیهان چەکی لەبەرامبەر ئەڵمانیادا هەڵگرتووە ئەوا مانای وانییە دژی گەلی ئەڵمانی چەکیان هەڵگرتبێت, تاکە ئامانجی هەڵگرتنی چەك لەبەرامبەر ئەڵمانیادا لەناوبردنی قەیسەر غۆلیۆمە, ئەم ململانێ و کێشمەکێشەش بەردەوام دەبێت تائەوکاتەی قەیسەر لەسەر کورسی دەستەڵات لادەبرێت, ئەودەمەی جەنگ کۆتایی هات و جیهان هێور بوویەوە ئەو دەم گەلانی ئاشتی و ئازادی و دیمۆکراتی خواز باوەشی برایەتی بۆگەلی ئەڵمانیا دەکەنەوە و هاوکاری تەواوی دەکەن لەرێگەی کۆمەڵەی ئاشتی هەمیشەیی جیهانیەوە, ئەم ئاشتیەش کۆڵەکەکانی تەنها لەسەر پاشماوەی گیانی سەربازانی پروسی دەتوانرێت تۆندبکرێت.

لەسەرەتاوە سەربازەکانمان بەشێوەیەکی گشتی گەمەی بەم هەوڵەی هاوپەیمانان دەهات و پاش لەڕوانین لە ناوەڕۆکی بلاوکراوە بەسەردا باریوەکان ئەوکات ڕەوانەی بەرپرسانی بالای جەنگ دەکرا کەلەبەشی دواوەی سوپاکەوەبوون, زۆری پێنەدەچوو سەربازەکان ناوەڕۆکی ئەم بلاوکراوەیەیان لەبیردەچوویەوە, بەڵام دوژمن هەرگیز بێ هیوا نەبوو لەم کارەی خۆیدا, جارێکی دیکە بەسەرماندا دەیبارانداوە, ئەوجار ویستیان دووبارەکی بخەنە نێو ڕیزی سوپا و بەرەی ئەڵمانیەوە بەوەی لەنێو سوپای باڤاریادا ڕەخنەی تۆندیان لە سوپای پروسی دەگرت, بەوەی دەیان گووت: پروسیا هۆکاری هەڵایسانی جەنگە و هاوپەیمانان سوپای باڤاری بەدوژمنی خۆیان نازانن و بەڵام ناشتوانن بەهیچ شێوەیەك لەم کاتەدا ئالیکارییان بکەن, چون باڤاریا لەم کاتەدا لەخزمەتی پروسیادایە, لەم کاتەشدا تەنها دەتوانن بەڕووی نێو ئاگرەکە دەربێنن و پێشەکەشی ئەوانی بکەن. بەڕاستی شایەنی دان پیانانە بەوەی کە ئەم بانگەشە بۆگەن و ترسناکانە کاریگەری بالایان هەبوو, لەڕیزی سوپای ئەڵمانیدا ڕق لەبەرامبەر پروسیەکان بەرجەستەبوو, لەم کاتەشدا دەستەڵاتدارە گەورەکان هیچ جۆرە هەنگاوێکی ڕاستەقینەیان نەنا لەم بوارەدا, تائەوکاتەی دۆخەکە لەدەست دەرچوو, لەم کاتەشدا گەلی ئەڵمانی تەواوی باجی ئەم بێخەمیەی سەرکردەکانی دا.

ئەو نامانەی لەلایەن دایك و ژن و کەسەکانەوە بۆ سەربازەکانی بەرەی جەنگ دەنێردرا هۆکاری لاوازبوونی هێرشی ئەڵمانەکان بوو, چون خۆیان لەکاتی جەنگدا لەنەهامەتیدا دەژیان و ئەوکاتەی دەنگ و باس و نالەی دایك و خۆشك و ژنان و کەسە

نزیکەکانیان دەزانـی ئەوەندی تـر لاواز دەبـوون، دوژمنـیش ئەوکاتـەی لەڕێگـەی دیلکردنی هەندێك سەربازەکانمانەوە ئەم نامانەی دەست کەوت و خوێندنیانـەوە، زۆر بـەجوانی توانیـان ئـەم هەلەبقوزێتـەوە و ئەوەنـدی تـر لـەم ڕێگەیـەوە باوەڕیـان بـە سەرکەوتنی خۆیان مسۆگرتر کرد.

بـەم جـۆرە لـەکۆتایی سـاڵی ١٩١٥ دا ناقایلی و کـەم وڕەیـی لـەنێو ڕیـزی سـوپادا دیارکەوت و لەزستانی ١٩١٦ دا کێشەکە گۆڕدرا بۆ قەیران، بـەڵام هەمـدیس گڕوتینـی سەربازەکانمان هێشتاکە لەئاستی جەنگان و بەرگریکردندا مابوو، خوتە و بۆڵەکانیان تـەنها لـەکاتی حەسـانەوە یـان نـەبوونی تەقـەدا لـەیادبوو، بـەڵام ئەوکاتانـەی فەرماندەکەیان فەرمانی هێرشبردنی بۆ دەردەکردن هیچیان لەبیرنـەدەما و بەڕەوپیری مردن هەنگاویان دەنا، هەرپێشمەگەیەك وەها خۆی بەو شوێنەوە دەبەستەوە کـەبۆی دیاریکراوە، وەکو ئەوە وابوو چارەنووسی گەلی ئەڵمان تەنها لەسەر بەرگری کردن لـەم شوێنەی ئەو وەستابێت وەهابوو.

هەستم بەبوونی جیاکاری دەکرد لەنێوان بەرەی پێشـەوەی جـەنگ و بـەرەی دواوە ، بەتایبەت لەوکاتەی بریندار بووم.

لەکۆتایی ئەیلوڵی ١٩١٦دا لەشکرەکەم بانگێشت کرا بەمەبەستی پەیوەندی کردن بە لەشکرانی دیکەی پشتێنەی ڕووباری (سوم)ەوە، بەجۆرێك لـەم شوێنەدا بۆ یەکەمین جـار کەوتینـە نێـو کوشـت و بڕێکـی مەترسیدارەوە لەگـەڵ دوشمـن، جـەنگێکی سـێ گۆشەیی کە باشترین ڕۆڵ نوێنی تاقیکردنەوەی تفاق وچەك و کـەل و پـەڵی نـوێ بـوو، وای لێکـردین ئـەم جـەنگـە بـە ژەهـانم ببینـم. سـەرباری هـەوڵـە یـەك بـەدوای یەکـەکانی دوژمـن، بـەڵام بەرەکـەمان تـوانی ڕۆژان و هـەفتان بەخۆڕاگریـەوە تێپـەڕێنێت، ئەگـەر شتێك لەدەست بدرایە شتێکی لەبەرامبەردا وەردەگیرایەوە.

لـە حـەوتی تشرینی یەکەمدا فیشەکێك بەرم کەوت، گواستراوەتەوە بۆ بـەرەی دواوە و پاشتریش بەشەمەندۆفێری تەندروستی بەرەو ئەڵمانیا گوازرامەوە، ئەمەش بەدووسالّ پاش لەجێهێشتنی نیشتمانەکەم بوو، بەڕاستی لەو دۆخـەی منـی تێدابوو وام هەسـت دەکرد ئـەو ماوەیـە زۆر زیـادتر بـوو وەك لـەوەی ڕۆژ ژمێـر دەیـژمێرێت، تەنانـەت وام لێهـاتبوو نـەم دەزانـی شـێوەی نیشـتمانەکەم چـۆنە، ئەوکاتـەی شـەمەندەفەرەکە لەزەویەکانی ئەڵمانیا نزیك دەبوویـەوە بڕوام نـەدەکرد خـەڵکم بـەجلکی ناسـەربازیـەوە

دەدیت. ئەودەمەی لە شەمەندەفەرەکەدا گوێ بیستی وشەیەکی جوان دەربڕی ئەڵمانی بووم لەرزێك بەنێو لەشمدا هات و بڕوام نەدەکرد , ئەمەش لەوکاتە بوو کە نەخۆشەوانێکی ئافرەت لەگەڵ هاوڕێ بریندارەکەمدا بەئەڵمانیەکی جوان دەدوا, بەڕاستی دەمێك بوو گوێم لەدەنگی ناسکی وەها نەبوو.

لەکۆتادا شەمەندەفەرەکە گەیشتە نێو خاکی ئەڵمانیا, دەستی کرد بەبڕینی شار و گوندەکان.

ئەکاتەی لەساڵی ١٩١٤ دا بەناوچە سنوریەکانی ئەڵمانیادا تێپەڕین خرۆش پڕ بەسنگمان بوو, دروشم و سرودەکانمان دەوروبەرمانی تەنیبۆوە, بەڵام ئێستا ئەو شەمەندەفەرەی دەمان گوێزێتەوە بێدەنگی دایگرتووە و هیچ نوسکەیەکی لێوەدەرنایات, هەندێك خۆشحاڵ بوو بەوەی لەبەرەکانی جەنگ بەسەڵامەتی گەڕاوەتەوە, بەڵام هەندێکی دیکەشمان زۆر نیگەران بوو بەوەی نەیتوانی بوو ئەو ئەرکە جێبەجێ بکات کە هەموان لە وڵاتدا چاوەنواڕیان لێدەکرد.

لەکەناری شاری بەرلیندا برایەنە نەخۆشخانەی بیلیتیز, بەم شێوەیە لە زەلکاوەکانی ڕووباری (سوم)ەوە گواستراموە بۆ سەر ئەم جێگە نەرم و باڵەخانە زەبەلاح و خۆشە. پێش لە گەیشتنم بەم جهانە ئازار و نەهامەتی زۆرم چەشت,زۆر جەنگابووم لەکەنەڵان و دەشت, شەونخونی زۆر و نەنساراوی خەو ببووم, ئەی ئێستا بۆ لەسەر ئەم جێگە نەرم و خۆشەم ؟

بەڵام بەداخەوە ئەم شوێنە لەڕوانگەیەکی دیکەوە بۆمن هەمدیس نوێ و ناخۆش بوو.

ئەو بەها و ورانەی سەرباز لە بەرەدا هەیەتی لە نەخۆشخانەدا بەرجەستەنابێ, لێرەدا گوێبیستی هەندێك گوتە و قسەدەبووم کە پێشتر لەبەرەکانی جەنگدا نەم بیستبوو: گوێم لەبرینداریك بوو بە خۆ فشکردنەوەو شانازییەوە باسی لەترسنۆکی و خوێڕێتی خۆی دەکرد لەوەی چۆن هەڵهاتووە و نەیوێراوە تەقەبکات! یەکێکی دیکەی لەو لاوە دەیگوت خۆی ڕۆیشتۆتە نێو تەلەدرکینەی سەربازییەوە بۆئەوەی بۆنەخۆشخانەی بنێرن, بەم کارەی خۆی دەگووت کاری پاڵەوانان, هەندێك لەهاوڕێکانی ئەویم بەم قسانە توڕە دەبوون هەندێکی دیکەش سەریان بۆ دەلەقاندن وەکو نیشانەی دەست خۆشی لێکردن. بەڵام بەداخەوە بەشی کارگێڕی بەرپرسی ئەو

نەخۆشخانەیە ئەم فرەوێژە ترسنۆکانەی هێشتەوە، ئەم باش گرنگی نەدانە بەسوپا مانای نەنگی و گەحۆلی سەرکردەکان بوو، ئەودەمەی توانیم جارێکی دیکە بەڕێدا بڕۆم داوام لێکردن مۆڵەتم بدەن بۆئەوەی سەردانی بەرلین بکەم، ئەوانیش پێیان دام. پایتەخت شەڵەقابوو، قات و قڕی و برسێتی بلاوببوەوە، خەڵکەکەی زۆر ڕق و کینە لەدڵ ببوونو بەلاّم لەبەرامبەر کێ؟

شێوازی قسەکردن لەنێو یانەکاندا هیچ جۆرە جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبوو لەگەڵ شێواوی قسەکردنی کەسە ترسنۆکەکانی نێو نەخۆشخانەدا، ڕەنگە ئەمەش بەهۆی ئەوەوە بوبێت کە ترسنۆکە هەڵهاتووەکانی جەنگ بەزۆری ڕوو لەیانەکان دەکەن و لەوێدا ژەهری خۆیان بەسەر ئامادە بواندا هەڵدەڕێژن.

میونیخ دۆخی لە بەرلین خراپترببوو.

پاش لەوەی بەتەواوەتی چاك بوومەوە پەیوەندیم کرد بە لەشکری فریاکەوتنی سەربازی لە شاری ئەلفان. ئەو دەمەی بە گیانە شکست خواردوویەکەیەوە لە میونیخم ڕوانی زۆرم ڕق لێی هەستا. وەی ئەو دەستە سەربازیەی پەیوەندیم پێوەکرد بۆ دوژمن دڵخۆشکاربوو، بێگومان بەرپرسانی بالاّ هیچ لەسەربازەکان باشتر نەبوون؛ چونکە دەستەیەك لەسەربازانی پێشتر جەنگ دیتوو درابووە دەستی کۆمەڵێك لەئەفسەری پێشتر جەنگ نەدیتوەوە بۆئەوەی مەشق و ڕاهێنانیان پێبکرێت، بۆیە نەیان دەتوانی لەو سەربازانەیان بگەن کە بەخوێنی خۆیان بەرگریان لەخاك و نیشتمانەکەیان کردبوو.

بەبێ لەپێش چاوگرتنی ئەم دۆخەش هیچ کات باری دەروونی سەربازان دڵخۆشکار نەبوو، بینیم زۆربەی کارە سڤیلیەکان دراوەتە دەستی جووەکانەوە، هەموو جێگری بەرپرسان لەوانن، هەموو جۆرە جێگرەوەیەك، بەڕاستی ئەم دۆخە منی هەژاند و نەم توانی بەراورد نەکەم لەنێوان نوێنەرانی هەڵبژاردەی گەل لەنێو خاك و لەبەرەکانی جەنگدا.

لەوەش نەهامەتی تر خراپی دۆخی ئابوری ولاّت بوو، لە بواری ئابوریەتدا جولەکەکان پایە و کۆڵەکەن، لەم کاتەدا وەکو جاڵجاڵۆکە دەستیان بەمژینی خوێنی گەلی ئەڵمانی کردبوو، بەلاّم بەبێ پەلەکردن، جووەکان لەیەکخستنەوەی سەرچاوەکانی بەرهەمی جەنگەوە توانیان خۆیان بۆ وەشاندنی گورزێکی جەرگ بڕ لە ئابوری

نەتەوەیی ئازاد ئامادەبکەن, بەهاتنی زستانی ١٩١٦-١٩١٧ زۆربەی بەرهەمەکانی ولاّت کەوتوە ژێر دەستەلاّتی سەرکردە دەولّەمەندە پلان داڕێژەرە جولەکەکانەوە.

لەم کاتەشدا گەلی ئەڵمان سەرقاڵی کۆکردنەوەی ڕق و کینەبوو بەلاّم لەبەرامبەر کێ دا؟

لەوکاتەی جووەکان سەرقاڵی گیرفان بڕینی نەتەوەبوون و هەوڵی دەست بەسەردا گرتنیان دەدا, بانگەشەکان لەدژی پروسیەکان بوو, بەلاّم ئەوانەی لەدواوەی بەرەکانی جەنگەوە بوون ئەوەندە هۆشیار نەبوون کە بزانن داڕووخانی پروسیا مانای لەناوچوونی باڤاریایە و لەناوچوونی باڤاریەش مانای توانەوەی ڕایخە, واتە هەردووکیان پێکەوە گرێدراون, بەلاّم من دەمزانی ئەم گەمە گلاّوە پیلانگێڕی جووی بەدواوەیە, بەم کارە باڤاری و پروسیەکان دژی یەکتر ڕادەوەستێنن و خۆشیان سەرقاڵی ڕووتکردنەوەی دانیشتوان بوون لەهەرجۆرە دراوو سەرچاوەیەکی بژێوی, لەم کاتەی کە لەباڤاریاوە جمێن بە پروسیا دەدرا جووەکان سەرقاڵی کلۆرکردنی خوودی دەستەلاّتی هەردوو دەولّەت بوون بەوەی پلانی بەرپاکردنی شۆڕشیان داڕشتبوو.

بەڕاستی بەم دۆخە قایل نەبووم, بۆیە داوام کرد بمگێڕنەوە بۆ بەرەکانی جەنگ, ئەو ڕۆژەی داواکاریەکەم پەسەندکرا زۆر خۆشحاڵ بووم و میونیخم بەجێ هێشت, لە ١ ی ڕەشەمێی ١٩١٧ دا سەرلەنوێ پەیوەندیم بە لەشکرەکەمەوە کردەوە, لەتێکۆشان بەردەوام بوومەوە.

لەکۆتایی ساڵی ١٩١٧ دا سوپای ئەڵمانی توانی بەسەر نەهامەتیەکانی بێ ئومێدبووندا سەربکەوێت, داڕمانی توانای بەرگری کردنی ڕووسیا ئومێدی بەگەلی ئەڵمانی بەخشی, کشانەوەی ڕووسیا لەجەنگ مانای سەرکەوتنی جەنگ بوو لەبەرژەوەندی ئەڵمانیا, لەم کاتەدا لەشکر و دەستە و سوپاکانی باڤاریا گەڕانەوە دۆخی جارانی سەرەتاکانی جەنگ و بەدڵ گەڕمیەوە سەرقاڵی چڕینی گۆڕانی وسروەکان بوون, نەوەك کێشانی بەنگ, سەرلەنوێ ژیانەوەی وڕە لەناخی سەربازانماندا مانای چارەباشی پێدەبەخشین, شکستی ئیتالیاش لەساڵی ١٩١٧ دا ئەوەندی تر خۆشی پێبەخشین, دەروونی سەربازەکان پڕبوو لە باوەڕ بەسەرکەوتن, هەموان چاوەنواڕی هاتنی بەهاری ١٩١٨ و کۆتایی هاتنی جەنگیان دەکرد

بەسەرکەوتوویی ئەڵمانەکان, بەڕاستی زستانی ١٩١٧-١٩١٨ زستانێکی ئارام بوو, ئارامیەکی پێش لە هەڵکردنی با و گێژەڵۆکە بوو, دژی بە ئەڵمانیا و بەقازانجی مارکسی و جوو !

لەم کاتەدا ئامادەکاریەکانی ئەڵمانیا بەردەوام بوو, لەم وەختەدا تادەهات هێزی زیادتر بەرەو بەرەی ڕۆژئاوا دەڕۆیشت و خواردن و چەک و تەقەمەنی زۆریشیان بۆ دەناردن, هەموو شتێك ئامادەی دیارکەوتنی هێرشێکی مەزنی سەرانسەری بوو, بەڵام ئەوەی چاوەڕوان نەکراو بوو ڕوویدا و ئەڵمانەکانی توشی شۆك کرد!

دوژمنانی باڤاریا بەخۆیان دەگووت: دەبێت ڕێبگرین لەم سەرکەوتنانەی ئەڵمان, نابێت بهێڵین تاکۆتابێت, ئەمە لەکاتێکدا بوو کەئامادەکانی سەرکەوتنی تەواوی ئەڵمانیا دیارکەوتبوو, دوژمنان پەنایان بردە بەر هۆکارێکی زۆر کوشندە بۆ داڕووخانی ئەڵمانیا, تاکتیکێکی نوێ بەکارهات بۆ لەناوبردنی هێرشەکەکانی ئەڵمانیا لەبێشکەوە پێش لەوەی بکەوێتە سەر پێ.

لەم کاتەدا کرێکارانی کارگەی ئازوخە مانیان گرت!

وایان خەملاندبوو کەسەرکەوتنی ئەم مانگرتن و نەچونەسەر کارە مانای داڕمانی بەرەی ئەڵمانی دەگەیەنێت؛ چونکە دابین نەکردنی خۆراك و پێداویستیەکانی وەکو تفاق و چەك و کەرەستەی سەربازی بۆ سەربازەکان مانای لەنگ بوونی هێرشی سەربازانە پێش لە هێرش بردن, هاوپەمانەکان پاشان هێرشیان کردە سەر بەرەکانی ئەڵمانیا و لەچەند قۆڵێکەوە کەلێنیان خستەنێو ڕیزی سوپای ئەڵمانیەوە, بەم جۆرە کردارانە دوژمنانی ئەڵمانیا بە شکستەوە بەرەو سەرکەوتن هەنگاویان هاژوت, سەرمایە نیودەوڵەتیەکان دەستیان بەسەر ئەڵمانیادا دەگرت, سەرخستنی مارکسیەکان دەگەیەنێتە ئامانجی خۆی, بەڵام لەم وارەدا تاڕادەیەك هاویمانان سەرکەوتوونەبوون؟ چونکە مانگرتنی کرێکارانی کارخانەکان زۆری نەخایاند کۆتایی پێهات, بۆیە زیانی زۆری نەبوو بۆ بەرەکانی جەنگ تەنها ئەوە نەبێت زیانی لە باری دەروونی دانیشتوان وڵات گەیاند !

هێزی پێشمەرگەمان کەمافی خۆی بوو بپرسێت و دەیپرسی: جەنگان مانای چییە لەکاتێکدا وڵات سەرگەرمی خۆشی گێڕانە بەسەرکەوتنەوە, لەڕێگەی نەناردنی ئازووخەوە؟ ئایا ئەوە ڕاستە سەرباز لەکاتێکدا بۆ وڵات دەجەنگێت ئازووخەی لەلایەن

گەلی ولاتەوە لێبپرێت ؟ کەواتە لەم کاتەدا بۆچی پێویست دەبێت سەربازەکانمان خۆیان بەکوشت بدەن ؟

ئایا مانگرتنەکە بۆ ولاتانی دوژمن قازانجی چی بوو؟

لەزستانی ١٩١٧-١٩١٨ دا لە خێوەتەگەکانی هێزی دوژمن بێ ئومێدی جێگەی ئومێدبەخشی گرتبۆوە, هەرچی خەون و هیوابوو بووەیەوە تۆز و بابردی, هێرشە یەک بەدوا یەکەکانی هاوپەیمانان بۆ سەر ئەڵمانیای زەبەلاح هەمووی بەشکست کۆتایی دەهات,ئەم ولاتە زلهێزە, ئەڵمانیا, بەدەستێکی قەڵغان چەکە بۆ پاراستنی و بەدەستەکەی تریشی شمشێری هەڵگرتووە بەمەبەستی لێدان لە بەرەی دوژمن, جارێک بەلای ڕاست(ڕۆژهەلات) و جارێک بەلای چەپ(ڕۆژئاوا) و جارێکیش بەلای باشوری دەست دەوەشێنێت, پێش لەوەی سوپای ئەڵمان دەستی لەدوژمنێکی ببێتەوە دوژمنێکی دیکەی بۆ دیاردەکەوێت, ئەمەش مانای جۆگەلەبەستنی خوێن بوو, بەم جۆرەش دەستی شمشێر توانای بەرگری کردنی هەبوو لەقەڵغان و قەڵغانیش لەشمشێر, ئەودەمەی هاوپەیمانان نەیان دەتوانی بەرگری سوپای ئەڵمان تێک بشکێنن, چاوەنواڕی هێرشی ئەڵمانەکان بوون, ئەم جۆرە هێرشانە هاوپەیمانانی زۆر دووچاری شۆک کردبۆوە. بەردەوام بوون لەبەستنی کۆنگرە جارێک لەپاریس, جاری داهاتوو لەلەندەن, بانگەشەکانیشیان تاڕادەیەک بێ وڕەیی پێوەدیارکەوتبوو؛ چونکە زۆر گران بوو هەموان بڕواپێبێنێت کە سەرکەوتنی ئەڵمانیا نامسۆگرە.

بێ دەنگی باڵی کێشابوو بەسەر بەرەکانی جەنگدا و دوژمن دەستی لە فرەوێژی هەڵگرت؟ چونکە بۆچوونەکانی جێگەی پێ قایل بوون نەبوون, هەرچی سەربازی ئەڵمانی لەناوەندی جەنگدا بڕوای بەشێتی خۆی هێنابوو؟ چونکە جەنگێکی داهاتوو ناڕوون دەکەن, بەلەناوچوونی ڕووسەکان تاڕادەیەکی زۆر لەسەرکەوتن نزیک کەوتنەوە, پاش لەوەی دوژمنان لەڕۆژهەلات و ڕۆژئاواوە بەگاڵتەجاڕی پێکرنمانەوە هێرشیان دەکردینەسەر ئێمەش بەرگریمان لەخۆمان دەکرد, بۆماوەی سێ ساڵ بەرگریمان کرد لەدژی ڕووسیا, لەم کاتەشدا پاریس و لەندەن و ڕۆما بڕوایان وابوو کەشکست چاوەنواڕمانە لەبەرامبەر ڕووسەکاندا؟ چونکە بەژمارە ئەوان زۆر لەئێمە زیادتربوون.

لـەپایزی ١٩١٤ دا دوای پووداوی تـاننبرگ، کـاروانی دیلـەکانی پووسـیا بـەرەو ئەڵمانیا بەرێکەوتن، لەو ساتە بەدواوە هاتنی دیل بەرەو ئەڵمانیا بەردەوام بوو، بەڵام زۆری نێرینـە لەپووسـیا نەدەبڕایـەوە، هەرسـوپایەك لـەبری پووسـیادا بوایـە تـەواو تیادەچوو، چـۆن دۆڕان شـایەنی فەرمانفـەرمای قەیسـەری نیکـۆلا ی پـڕ لەپیاگە کـە دەکرێنە قوربانی خوا جەنگ ؟ لەم کاتەدا ئەڵمانەکان مافی خۆیان بوو بە نیگەرانیـەوە بێنەپرسیار و بێـژن: تـاوەکو کـەی ئـەم پێشـبڕکێیە بـەردەوامی دەبێـت؟ ئایا تـاوەکو کۆتایی سوپای ئەڵمانیا توانای خۆڕاگرتنی هەیە ؟

کێ نالێت ڕۆژێك نایات کە پاش لەوەی ئەڵمانەکان لەجەنگدا سەردەکەون سوپایەك لـەدیلی پووسـیش لەئـەڵمانیادا بەرجەستەنابێت؟ واتـە ڕەنگـە پووسـەکان بـەم ڕێگـەدا دواتـر هـەنگاوی کـاری لێوەگرێبخـەن، هاوپـەیمانان دەیـانزانی پووسـیا ڕەنگـە سەربکەوێت، بەڵام نەختێك دوادەکەوێت، بەڵام پووسیا لەناکاو کەوت و بەمەش وردی هاوپـەیمانان تاڕادەیـەکی زۆر داڕووخـا و ناوکیـان کـەوت، هاوپـەیمانان دەیان زانی ئەڵمانەکان خۆیان بۆهێرشی بەهار ئامادە دەکەن، هەستیان کرد ئەو سوپایەی پێشتر دووکـەرت ببـوو، بـەڵام هێشـتاکە چـۆکی دانـەداوەو لەبەرامبـەر سـوپاکەیاندا وەستاوەتەوە و خۆیان بۆهێرشی کوشندە هازر دەکەن، ئەمـەش دوای کۆکردنـەوەی هـەردوو بەرەکـە بـوو لەکـەناری ڕۆژئـاوای وڵآت بەمەبەسـتی ئەنجامـدانی جـەنگی یەکلاکارەوەی فراوان.

بێگومـان هاوپـەیمانان لەسـاڵانی ١٩١٧-١٩١٨ لـەدۆخێکی وەهـادابوون کـەهیچ ئیرەییـان پێنـەدەبرا، ئەوکاتـەی گرمـەی هـەورە تریشـقەدەهات وایـان دەزانـی ئـەوە سـوپای ئەڵمانـە و هێرشـیان کردۆتەسـەریان و بـەرەو ڕوویـان هـات، بەڕاسـتی سەرکردەکانیان لەدەم بیرکردنەوەی وردەوە ترسیان لێ نیشتبوو، لەوکاتـەی فەرمانی دوا هێرشـی ئەڵمانەکان ڕادەگەیـەنرا مانگرتنی گشـتی لـە وڵآتـی ئـەڵمانیا ڕاگەیـەنرا، چۆن؟ بەڕاستی هەموو جیهان دووچاری شۆك بوونەوە و نـەیان دەزانـی ئایا بەڕاستی ئـەوە ئەڵمانـەکانن ئـەم کارەدەکـەن ؟ ئەمـەش هەناسـەی نـەمری بـە جەسـتەی مـردووی سەربازانی هاوپەیمانـاندا کردەوە و لەبری بێ متمانەیی بڕوا پتـەوی جێگـەی گرتـەوە، هـەمووان بـەوە قایـل کرابـوون کـە بـەرگری کردنـی دڕێژخایـەن لـەدژی هێرشـەکانی ئەڵمانیا مانای سـەرکەوتنە، با ئەڵمانەکان تا دەتوانن سەرکەوتن بەدەست بێنن بەڵام

دوا وته لای ئەو بەرهیە دەبێت کەتاوەکو دوا هەناسە دەمێنێتەوە, ئەمە دروشمی رۆژنامە فرەنسی و ئینگلیزی و ئەمەریکایەکان بوو, بەوەی هەوڵی چەسپاندنیان دەدا لەمێشکی خوێنەراندا, لەم کاتەدا بانگەشە وڕەبەخشەکان هانی بەهێزبوون و زیادکردنی خۆڕاگری دەدا لای سەربازانی هاوپەیمانان, لەم کاتەدا لە ئەڵمانیا شۆڕش هەڵدەیسا, ئەمەش مانای سەلماندنی سەرکەوتنی هاوپەیمانانە, بەم کارەش دەستی لەرزۆکی دوژمن هێزی هاتەوە بەر و بەرەنگاریان بۆ گەڕایەوە بۆ سەرەتاکانی جەنگ, ئەمەش لەکاتێکدایە کە نائومێدی پێشتر هەموو چالاکیەکانیانی ئیفلیج کردبوو.

مانگرتنی کارگەکانی ئازووخەی ئەڵمانیا ئومێدی بۆ هاوپەیمانان بوژاندەوە و ناخۆشی بێ هیوایی ڕەواندنەوە,ئەگەر چی لەم شکستە تاڕادەیەک ئەڵمانەکان سەرکەوتن گەر بەڕواڵەتیش بێت,چاودێران لەم کاتەدا بڕوایان بەخۆیان هێنا بەوەی سەرکەوتن دەبێتە پشکی هاوپەیمانان.

***

گەورەیی ئەوەم پێبەخشرا کە لەهەردوو هێرشی یەکەم و دوا هێرشدا بەشداربم, بەچێژترین کاتی من گواستنەوەم بوو لەبەرگریەوە بۆ هێرشکردن, دوای ئەوەی سێ ساڵ لەدۆزەخی چاوەڕوانیدا بووم, چاوەنواڕی ڕۆژی هەسابکاری, هێرشی بەهاری ١٩١٨ گەڕاندینیەوە بۆ کەش و هەوای پایزی ١٩١٤, کە دەستە سەرکەوتوەکانمان بە شەکانەوەی ئالأکەمان و وتنەوەی سرودی نیشتمانیمانەوە بەرەو هێرشبردن بەدەرکەوتن, لەم هێرشانەماندا لەوە دڵنیابووین کە لەهەردوو بەرەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا سەرکەوتن بەدەست دێنین.

بەڵام ڕۆژگار چارەنوسی چاوەنواڕ نەکراوی بۆ حەشاردابووین؟!

لەهاوینی ١٩١٨ دا هیلاك کەوتن بوەدیارە و بەهەموو بەرەکانی جەنگماندا تەنیەوە, دووبەرەکیش کەوتە نێوان هاوولاتانی پشتەوەی بەرەکانی جەنگامانەوە, بەڵام ئەمە لەبەرخاتری چی بوو ؟

ڕووداوەکانی نێو وڵات بەبەرەکانی جەنگ نەدەگەیشت, هەندێك دەیان گووت گەل بەردەوامی دان بەجەنگ ڕەت دەکەنەوە چونکە گوڕ و تینی لێبڕیون و لەماڵ و دارایی دابڕوتاندونەتەوە, یەکێکی دی دەیگوت تەواو چیتر ئەڵمانیا هەتاماوە سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت, کەواتە بەردەوام بوون لەتێکۆشان مانای ناتەواوی شێتی

دەگەیەنێت, بەڕاستی قەیسەرغولیۆم و سەرمایەداران تاکە قازانج کارن لەبەردەوامی دان لەبەردەوامی دان بەم کوشتارگەیە.

پڕوپاگەندەکانی چاکسازیی ویستراو لەلایەن پیشەوەران و سیاسەت مەدارانەوە بەنێو ڕیزی جەنگاوەراندا بلاوبوویەوە, بەڵام ئەمە هیچ کاریگەری نەبوو لەسەر دەروونی سەربازەکان, ئەم سەربازانە و ئەوانەشی لەدەشتەکانی فلاندەرەوە بەسرودی (ئەڵمانیا لەسەرووی هەموویەوە) و ناوچە و خاکەکانی دیکەی ئەڵمانیا خوێنیان پڕژا لەپێناو هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ و ڕای گشتی دا خۆیان نەکردە قوربانی, بەڕاستی ئەوانەی داوای هەڵبژاردنیان دەکرد لەم کاتەدا جگە لەگەمژە گەلێك هیچی دیکەنەبوون و قسەی ئەم کەسانە سنووری قسەکردنی تێنەدەپەڕاند, بەڕاستی بەرەکانی جەنگ تاڕادەیەکی باش ڤالابوو لە مرۆڤی پووچ و گێل و کەودەن, لەوکاتەی پیاوانی نێو پەرلەمانی سەر بەپارتەکان سەرقاڵی بەدەست هێنانی دەستەڵات بوون لەڕێگەی پەرلەمانەوە , ئەوکاتە سوپای ئەڵمانیا بڕیاری بەردەوامی دانی دابوو لەجەنگ و تێکۆشان لەپێناو بردەودان بە سەروەریەکانی نیشتمان. سوپای ئەڵمان نەیدەویست دەست لە بەدی هێنانی ئامانجەکەی هەڵبگرێت: سەرکەوتن, بۆ گەیاندنی ئامانجەکەی بەڕێز شیدمان و ئیبرت و بارت و لیبکنت و مانگرتنەکانیان, بەوەش قایل نەدەبوون کە چەمکی دەستەڵات بکەوێتە دەست ئەو کەسانەی هیچ کات بەشداری جەنگ نەبوونە و دەیانەوێت سوپا بخەنە ژێر دەستەڵاتی خۆیانەوە.

خۆم زۆرم پق لە سیاسەت مەداران دەبویەوە, چونکە میللەتیان چەواشەدەکرد, بەڕاستی ئەم یاریەیان بەسەر منداتێنەدەپەڕی. خستنەڕووی سوربوون لەسەر بەرژەوەندی گشتی پەردەپۆشی مەبەستە ڕاستەقینەکانیانی پێدەکەن: پڕکردنی باخەڵە ڤالاکان و دروستکردنی باڵەخانەی شکۆمەندی خۆیان لەسەر دار و پەرووی ولاّت.

ئەوانەی لەسەرەتاوە بەشداری جەنگیان کرد بەهەمان شێوەی من سەیری ئەو سیاسەت مەدارانەیان دەکرد, بەڵام ئەوانەی دواتر ڕەوانەی بەرەکانی جەنگ کران تاڕادەیەکی زۆر پێچەوانەی ئێمەبوون لەبیرکردنەوەدا. بەڕاستی تێکەڵاوبوونی سەربازە کۆن و نوێیەکان بووەهۆی هەڵوەشاندنەوەی یەکگرتویی ڕیزەکانی سوپا.

لەکۆتایی ئەیلولی ۱۹۱۸ دا لەشکرەکەمان بۆ جاری سێیەم ئەو شوێنەی داگیرکردەوە کە پێشتر لەڕێگەی ئەو لەشکرەشەوە داگیرمان کرد کەلەساڵی ١٩١٤ دا پەیوەندیم پێوەکردبوو.

لەم شوێنەی ئێستادا لەساڵی ١٩١٤ دا خۆم و هاوڕێکانم بەدەم گولەبارانکردنەوە ڕووبەڕووی دوژمن وەستابوینەوە, لەم کاتەدا دڵی هەموومان پڕ بوو لەخۆش ویستنی نیشتمان و گەل. لەم کاتەدا کەس خۆی بەقوربانی نەدەزانی گەر بشمردیە, چونکە وای دەهاتەپێش چاو کەبەم کارەی خاك و وڵات و نیشتمانەکەی دەپارێزێت.

لەتەموزی ۱۹۱۷ دا بۆجاری دووەم هەمان ناوچەمان داگیرکردەوە,ئەم شوێنە بۆ ئێمە خاکێکی زۆر پیرۆز بوو, چونکە لەم خاکەدا چەندان هاوڕێم تەرمەکانیان نێژراون بەوەی لەپێناو نیشتماندا گیانیان بەخت کرد و لەچاوی ئەوانەوە بزیسکەی وڕە بۆ سەربازانی دیکە بەرزدەبوویەوە. ئەم شوێنە بەر لە سێ ساڵ بەهێرشێکی زۆر جەگبرانە داگیرمان کرد بۆیە ئێستا کاتی بەرگری لێکردنیەتی. لەو کاتەی ئینگلیزەکان بەتۆپ و بۆمب بارانیان بەسەرماندا دەبارند و هەوڵی داگیرکردنی دەشتەکانی فلاندەری دەدا ئێمە بۆ بەرگری کردن خۆمان ئامادە دەکرد و لەم کاتەدا بۆهەریەکێك لەئێمە مشتێك خاك لەهەموو شتێك پیرۆزتربوو , وامان دادەنا هاوڕێ گیان بەخش کردوەکانمان چاودێریمان دەکەن, بۆیە ئێمەش نابێت دڵیان بشکێنن بەوەی لەئامانجەکەیان لانەدەین, بەڵام تادەهات پیزەکانمان تەسك و بچووك دەبوویەوە, ئەوکاتەی ئینگلیزەکان لە٣١ ی ئابدا لەم ناوچەیەدا تەنگیان پێ هەڵچنین سەردایەتی بڕیاری پاشە کشێ کردنی بۆدەرکردین, ئەم لەشکرە بەرەبەرە بەرەو کەمبوونەوە دەچووو تەنانەت ژمارەکەی بۆ چەند دەستەیەك کەم بوویەوە کە لە ماندووبوندا خۆیان بەپێوە ڕانەدەگرت.

بەڵێ ئەو شوێنەی یەکەمین هێرشمان لێوە دەست پێکرد لە پایزی ١٩١٨ دا گەڕاینەوە بۆی, بۆ ئەو گوندەی کە جاربەجار بۆ حەسانەوە پەنامان تێدەگرت, ئەو گوندەش ناوی (کۆمین)بوو, بەڕاستی ئەم گوندە لەجێگەی حەوانەوەوە گۆڕا بۆ گۆڕەپانی جەنگ. لەڕاستیدا گۆڕانی جەنگ هەمان گۆڕەپانی جاران بوو بەڵام کەسانی بەشداربوو گۆڕابوون: ئەمانە سیاسەت ببووە هەموو ئیش و کارێکیان,

چونکه ئەو ژەهرەی سەربازە نوێیەکان لەگەڵ خۆیاندا هێنابویان توانی بووی بگات زاری و مێشکی زۆربەی سەربازەکان.

شەوی ١٣-١٤ ی گەلاڵە ڕێزانی ١٩١٨ تۆپخانەکانی ئینگلیز بە گازێک کەپێی دەوترێ (گازی خاچی زەرد) دەستی دایە تۆپبارانکردنی هێڵەکانمان، ئەم گازە یەکێک لەتایبەت مەندیەکانی ئەوەبوو کە هەست بەبوونی نەدەکرا بۆئەوەی خۆتی لەلێ لادەی، تائەو کاتەی نیشانەی کاریگەریەکانی لەسەر جەستەت دیار دەکەوت. لەم کاتەدا لەشکری ئێمە لەناوچەیەکی نزدیک لە چۆمی لایبر بوو، ئەو دەمەی هەست بە کاریگەریەکانی ئەم گازە کرا کاروانی گواستنەوەی بریندارانی ئەم گازە دەستی پێکرد، بەڕاستی ژمارەیەکی زۆر بوو، هەندێک لە توشبوان بەم گازە پێش لەوەی بگەنە بەرەکانی دواوە بەمەبەستی چارەسەر وەرگرتن مردن، خۆشم دەمەو بەیان هەستم بەکاریگەربوونم بەم گازە کرد و بەرەبەرە ئازار هەموو لەشمی گرتەوە. چاوم گڕی تێبەر ببوو هێزی لەسەر پێوە وەستانم نەمابوو، وەکو سەرخۆش بەم دیو و ئەو دیودا دەکەوتم، بەم بارەوە بەرەو بەرەکانی دواوە کشامەوە، چەند کاتژمێرێک دواتر هەستم کرد لە نوتەکدام و چتم نەدەبینی، بەم دۆخەمەوە بۆ نەخۆشخانەی (باسفلك) گواستراموە و لەوێدا هەستم بەدیارکەوتنی شۆڕش کرد.

شۆڕش بەلای هەندێکەوە ببوە کارێکی ئاسایی، بەڵام بەلای منەوە هیچ ئاسایی نەبوو، هەر لەوکاتەدا کرێکارانی کارگەی ئتزوخە و تفاقی سوربازی مانیان گرت. سەرباری ئەوەی لەم و لەوی هاوڕێمەوە دەم بیست کە گشت شتێک تەواوبوەو دۆخەکە لەدەست دەرچووە و ڕەنگە چەند هەفتەیەکی دیکە شۆڕش هەڵایسا!بەڵام من بۆخۆم بڕوام بەم جۆرە دەنگۆیانە نەدەکرد، بڕوام وابوو ئەوەی لای ئەوان بووەتە گرنگ تەنها مانگرتنێکی سادەیە لەشێوەی مانگرتنەکەی بەهار و پاش ماوەیەکی کورت هەموویان لێی پەژیوان دەبنەوەو دەگەڕێنەوە سەر ئیش و کارەکان و جەنگ لەبەرژەوەندی ئەڵمانیادا کۆتایی پێدێت.

دوای ئەوەی گەیشتمەوە بیمارخانە جارناجارێک گوێبیستی یاخی بوونی هێزی دەریایی دەبووم، بەوەی لەسوپای ولأت هەڵگەڕاوەتەوە. بڕوام وانەبوو هێزی دەریایی هەرگیز خەنجەر لە پشتی نیشتمان بدات. بۆیە گوتم ڕەنگە یارییەك بێت یان گەر

ململانێی پاستەقینەش بێت ئەوا ماوەیەکی زۆر کەم دەخایەنێت و هەموان دەگەڕێنەوە بۆ بەرەکانی پێشەوەی جەنگ.

لەخەزەڵوەری ١٩١٨ دا بارودۆخەکە زیادتر شەڵەقا، بەیانییەك بەسواری تۆمبێلی بارهەڵگر ژمارەیەکی زۆری کارمەندانی هێزی دەریایی گەیشتنە نێو شار و هانی بەڕپاکردنی شۆڕشیان دەدا، لەم کاتەدا سەرکردەی ئەم بزوتنەوە شۆڕش خوازە (لەپێناو ئازادی و ئابڕووی گەلەکەماندا) ئەو گەنجە جولەکانە بوون کەپێشتر هیچ کامێکیان نەچووبوونە جەنگەوە.

نەختێك تەندروستیم باشتر بوو، بە ڕوونیەکی ڕێژەیی دەمتوانی شتەکان ببینم، پزیشکەکان پێیان گوتم: کاریگەری ئەو گازەی بەرت کەوتووە بەتێپەڕبوونی کات کەم دەکات و نامێنێت، بەمەش بینایت بۆدەگەڕێتەوە، بەڵام بەڵێنی ئەوەیان پێ نەدام کە هەموو شتێك وەکو جاری جارانی لێدێتەوە.

دگەڵ باشتربوونی تەندروستیمدا شۆڕش هەڵایسا، بەڵام من بەتەنێ بە جولانەوەیەکی ناوخۆییمان دانابوو، هەوڵی قایلکردنی هاوڵانی بیمارخانەم دەدا بەوەی سەربازانی دەریایی وڵات ئەمەکداریان لەئێمە کەمتر نییە بۆ وڵات، بەڵام ڕووداوەکان بێ ئومێدی کردم، شۆڕش بەچەند ڕۆژێك ناوچەیەکی بەرفراوانی گرتەوە و ئەم درمە تەنیەوە بۆ میونیخ کە مشتێك لە جولەکەکان دەستیان گرتبوو بەسەر بیروبۆچونی خەڵکانی میونیخ دا. بەڵام ئەم گۆڕانکاریانە هەرگیز نەیان توانی بوو لەبۆچوونەکەی خۆمم هەڵگەڕێننەوە: شۆڕشێکە چوارچێوە تەسکە، بەڵکۆ هەوڵێکە بۆ یاخی بوون و بەتەنها یەك گەلەکەشتی ئەنجامی دەدەن و سوپا ڕێگە بەمە نادات و بە تێپەڕبوونی چەند ڕۆژێك سوپا هەموو ئەمانە پێشێل دەکات.

ڕۆژانی دواتر بۆمن هەڵگری هەواڵی زۆر جاڕس کاربوو. شۆڕش لەهەموو وڵاتدا تەنی بووەوە، تەنانەت لەبەرەکانی جەنگیشدا باسی چەکدانان هاتبووە ئاراوە.

لە ١٠ ی خەزەڵوەری ١٩١٨ کەشیشێك هات بۆئەو نەخۆشخانەیەی منی لێ بوو، بۆئەوە هاتبووە هەندێك قسەمان بۆبکات. لەم قەشەیەوە هەموو شتێکمان زانی.

بەو پەڕی جۆش و خرۆشەوە گوێم بۆ ڕادێرابوو. بە دەنگێکی گڕ و نوساووەوە قسەی بۆدەکردین، پێی ڕاگەیاندین کە بنەماڵی هوهنزۆلرن مافی سەرکردایەتی کردنی وڵات و تاجیان لەدەست داوە، ئەڵمانیاش شێوازی هکوم ڕانی تێیدا لە

پادشایەتیەوە بۆ کۆماری گۆڕدراوە. داوای پارانەوەی لێکردین لەخوا بەوەی ئەم پەیڕەوە نوێیەمان کارا و بەسوودی گەل بێت و لەداهاتوودا دەست لەگەلەکەمان هەڵنەگرێت و پشتی لێنەکان.

ئەم قەشە لە وتەکانیدا باسی لە خانەی خاوەن یان مالّی پاشا کرد و تێیدا ئاماژەی بەهەموو کار و چاکەکانی بنەماڵەی هوهونزولرن بۆ میرانیا و پروسیا و نیشتمانی ئەڵمانی بەگشتی کرد. پیاوە پیرەکە گریان قوڕگی داگرتبوو. ئەمەش وای کرد هەموو ئامادەبوانی نێو هۆڵەکە بەدویدا لەپرمەی گریان بدەن ودەست بکەن بەشین و واوەیلێ. ئەودەمەی کەشیشەکە ڕاڤەی ناچاری ئەڵمانەکانی دەکرد لەبۆ چەك دانان پێی ڕاگەیاندنین کە وڵاتەکەمان.ئەڵمانیا. لەجەنگدا دۆڕا. ئێستاش لەژێر سێبەری بەزەیی دوژمنی سەرکەوتوماندایە و دەبێت بەهەموو ڕێککەوتنێك قایل بین کە ئەوان پێشکەشمانی دەکەن و دەبێت بە دەستبلاّوی دابنێین. ئەوکاتەی قەشەکە بەم ئاستی قسەکردنە گەیشت ئەم جهانەم لەپێش چاو بووە تاریکستان و گوێم هیچی نەدەبیست و چاوەکانیشم چتێکی نەدەبینی. وەکو سەرخۆش هۆڵەکەم بەجێ هێشت و بەڕەو نوێنەکەم بەڕێکەوتم. سەری گڕگرتووم خستەژێر بالیفەکەمەوە نەم دەویست بڕوا بەم ڕاستیە تاڵە بێنم.

بسمارك، یەکخارەوەی ئەڵمانیا

پاش لە ناشتنی دایکم تاوەکو ئەو ساتە بۆهیچ کەس نەگریاوم. خۆم لەسەر خۆراگری ڕاهێنابوو. لەچوار ساڵی جەنگدا دەمدیت چلۆن مردن هاوڕێ خۆشەویستەکانم لەدەست دەردێنێت و درەویان دەکات. هەرگیز بۆجارێکیش تاکە فرمێسکێکم نەڕشت و خۆم لەسەر ئەوە ڕاهێنابوو کەئەمانە پاڵەوانن و پێگەی بەهێزی وڵات لەسەر جەستەی ئەمانە پوختە دەنرێت. ئەو دەمەی لە جەنگدا گاز بەرم کەوت وەخت بوو دەستبکەم بەگریان بەڵام هەستم بە هێزێك دەکرد لەهەناوەوە پێی دەگوتم : (ئەی ترسنۆکی هیچ و پووچ، تۆ دەگریت بۆخۆت لەکاتێکدا ئەم نەهامەتیەی بەسەر تۆدا هاتووە هەزاران جار لە نەهامەتی بەسەردا دراوی هاڕێکانت کەمترە!)، بۆیە خۆم ڕاگرت و ئارامیم بۆخۆم گێڕایەوە. بەڵام نێستا هەموو شتێکم لەدەست دا. ئەودەمەی نیشتمان دەدۆڕێنیت هەموو شتێکت دۆڕاندووە.

کەواتە هەمووی پوچ بوو. ئەو هەموو قوربانیانە، ئەو هەموو تێکۆشان و هەوڵانە، لەپێناو هیچدا تاڵی برچێتیمان چێشت. تینۆتی بەدرێژایی چەندین مانگ بۆ هیچ بوو! ئەو هەموو جەنگینەمان بابردی. پێکەوە لەپێناو سەرکەوتندا بەپشت بەست بەحەزی مردن بەرامبەر بە ترسی بلأوکراوە دەجەنگاین. کەواتە زیاد لەملیۆنێك ئەڵمانی لەپێناو هیچدا لەگۆڕەپانەکانی خۆگەورە نواندندا خۆیان کرد بەقوربانی !

تۆ بڵێی ئەو پۆژەبێت کە گۆڕی سەدان هەزار لەو سەربازانە هەڵبدرێتەوە کە لە کەندڕەکانەوە چونەتەدەرێ و داسی مردن کوشتونی؟ تۆبڵێی ئەو پۆژەبێت قاپی قەورێ ئەو سەربازە خۆبەخشانە بکرێتەوە بۆئەوەی وەکو خێوی تۆڵەسێن و لەشێوەی پاڵەواندا بنێردرێنەوە بۆئەو نیشتمانەی کەلەپێناویدا خۆیان کرد بەقوربانی ؟ لەبەرخاتری ئەوەی کۆمەڵێك مێشولە دەست بەسەر دەستەلأت و چارەنوسی ولأتدا بگرن چەندان هەزار سەرباز لەجەنگەکانی خەرمانان و گەلاوێژی ١٩١٤ دا بوونە قوربانی و دواتریش چەندین لەشکری خۆبەخش بەدووياندا پۆشتن. ئایا لەپێناو ئەم شۆڕش هەلأیسێنەرانەدا لاوانی خوار تەمەن ١٧ سالْ خاکی فلاندەر لەباوشی گرتن؟ ئایا لەبەرخاتری چاوی کاڵی ئەم تازە پیاکەوتوانەدا دایکە ئەڵمانیەکان وەچەکانیان پێشکەشی خاك و نیشتمان کرد؟ ئەو پۆلأنەی کە دەیانزانی پاش لەپۆیشتنیان پەنگە چیتر نەتوانن بیانبینەوە؟!

بەڕاستی دەبوو بۆ ئەو پاڵەوانانە شاپەیکەرێك دروست بکەین و لەسەری بنوسرێت :

((ئەی ئەو کەسەی وا بەرەو ئەڵمانیا بەڕێکەوتوی، بە ولاتەکەمان بێژە: ئێمە لێرەدا ڕاکشاوین، ئێمە ئەمەکداری نیشتمان و ئەرکەکانیشین)).

ئاخۆ سبەی مێژوو چۆن ئەم ڕووداوە تۆماردەکات؟ ئەی دەبێت چی بە وەچەکانی داهاتووی نیشتمانەکەمان بڵێین و بیانوی چییان بۆ بهێنینەوە؟

بەڕاستی ئەوانەی ئەم فەتارەتەیان هێنایە ئاراوە گەلەکەمانیان بەرەو شێتی ئاراستەکردبوو، مێژووە سەروەرانەکەیان پرکرد لە نامەردی.

شەو دەهات و ڕۆژ تەواو دەبوو، ڕۆژدەهات و شەو کۆتایی دەهات، بەڵگەی لەدەستدانی هەموو شتێك دەسەلمێندرا، لێرەوەش هەستی ئەوەم بۆ دیارکەوت کە پشت بەستن بە دەستبلاوی و سەخاوەتی دوژمن کارێکی گەوجانە و شێتانەشە، بگرە تاوانیشە. ئەو دەمەی بیر لە چۆنێتی کۆتایی هاتنی جەنگ دەکەمەوە ڕق و قینەم لە قازانی سنگمدا قوڵ دەدات بەرامبەر ئەوانەی بوونە هۆکاری ئەم شکست و شێوە ئەنجام گرتنەن.

ئەو دەمەی دۆخەکە نەختێك ڕوونتربوویەوە ناچار بڕیاری کارکردنم دا لە سیاسەتدا، لەم کاتەدا دەستم لەئەندازیاری هەڵگرت بۆ سیاسەت ؟ چونکە لەم شێوە دۆخانەدا دواین شت ئاوەدانکردنەوەیە کە خەڵك بە بیران بێتەوە.

بڕیاری ئەوەم دا لە سیاسەتەوە بگلێم، بەمەبەستی قوتارکردنی ئەڵمان و ئەڵمانیا لەدەست هەردوو جۆرە دوژمنی خوێنمژ، جولەکە و مارکس خوازەکان.

غولیۆمی دووەم یەکەمین فەرمان فەرمای ئەڵمانی بوو کە دەستی یارمەتی بۆ مارکس خوازەکان درێژکرد و نەیدەزانی کە ئەمانە تەڵەکەباز و گزیکارن و هیچ کات پشت پێبەستراو و ئەمەکدارنین. بەدەستێکیان چاك و چۆنیان دگەڵ غولیۆم دەکرد و بەدەستەکەی دیکەیان شینەغیان هەڵگرتبوو بەبەمەستی غیانەت لێکردنی!

دەستکردن بەچالاکی ڕامیاری

لـە خـەڵوەزری ١٩١٨دا جـارێکی دیکـە گەڕامـەوە بـۆ میـونیخ , بەمەبەسـتی خـۆ پەیوەستکردن دگەڵ وان سەرباز کە لە لەشکرەکەمدا بوون, دیتم لەشکرەکەم بەدەست ئەرجومـەنی سـەربازیەوەیە, زۆری نـەبرد تالـەم دەزگایـە واڕس بـووم و دواتـر بـۆ (ترۆچین) گواسترامەوە و لـە ڕەشـەمێی ١٩١٩ دا وەگـەڵ ئارانسـت شمیسـی هاوڵمـدا گەڕامەوە بۆ میونیخ.

لەشاری میونیخدا دۆخەکە دوور بوو لەئارامی و سەقامگیرییەوە, مردنـی ((ئیزنـر)) هۆکاری خێرادیارکـەوتنی دیکتاتۆریـەت بـوو لەسـۆڤیەت, ئەمـەش ڕەنـگ بـوو ببێتـە هۆی کەمبونەوەی دەستەڵاتی جووەکان, ئەوانـەی تـۆوی شۆڕشیان لـەناخی هەمواندا چاندبوو.

ئەو پلان و نەخشە و پرۆژانەی بەمێشکمدا دەهات بەبێ هیچ چەن و چونیەك تـەنها بۆخـۆم بـوون, واتـە هـەنگاوم نـەنا بـۆ جێبـەجێکردنیان ؟ لەبەرهـەوەی چاك شارەزای ئەوەبووم کە لەم دۆخەدا هیچ کەس گوێ لە کەسێکی بێ ناوبانگی وەکـو مـن ناگرێـت, هەمدیس ئەمانە نەبوونە بەربەست لەپێشمدا بۆئەوەی بۆچوونەکانم دەربـڕم, ئەمـەش وای کردبـوو لـە ناوەنـدی سـۆڤیەت لـە میـونیخ وەکـو دوژمنـانی شـۆڕش داوابکـرێم,

لەسەر ئەم بنەمایە لە ٢٧ ی نەورۆزی ١٩١٩ دا چەکم بەڕووی ئەو سێ کەسەدا دەرهێنا کە هاتبوون بۆ ئەوەی دەستگیرم بکەن، بەڵام بەم کارەم شکستم بەم هەوڵ بۆگەنەیان بەخشی، جارێکی دیکە هیچ کەس بەم هۆیەوە نەهاتەوە بەلامدا.

پاش لە ڕزگارکردنی میونیخ بە ئەندامی ئەو لیژنەیە دانرام کە ڕاسپێردرابوو بۆ لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی یاخی بوون و دیارکەوتنی شۆڕش کە لەشکری پیادەی دووەمی کردبووە دووبەشەوە. دواتر فەرمانێکم پێگەیشت بەوەی دەبێت ئامادەی وانەگەلێکی تایبەت بە پێگەیاندنی ئاکاریانەی نیشتمانی ببم، کەبە ئەندامە چەکدارەکان دەوترایەوە. ئەم دۆخە وای لێکردم ئەو هاوڕێ و دۆستانەم ئاشنابم کە هاوبۆچوونی منن لەم بوارەدا، لەزۆر دۆخی یاسایی و کاروباردا هەمان ڕەوتی منیان هەیە و هەمان قسەی من دەکەنەوە، هەموومان بەوە قایل بووین کەئەو کەسانەی تاوانی خەزەڵوەریان ئەنجامدا پێشیاوی ڕزگارکردنی ئەڵمانیا نین لە ئەهامەتی بەرزك پێگرتووی. ڕێکخراوە((بورژوازیە نەتەوەییەکان)) لەتوانایدا نەبوو هەموو ئەو شتانە چاك بکاتەوە کە خراو کاران تێکیان داوە!

توێژینەوەی تواناداری خۆمان کرد لەبۆ دامەزراندنی پارتێکی خاوەن بەرنامەی دیاری کراو وەکو ئەوەی پاش جەنگ ناوی پارتی کشتکارانی لێنرا. لەم کاتەدا هەوڵی دۆزینەوەی ناوێکی گونجاومان دەدا بۆ پارتەکەمان بۆئەوەی سەرەنجی زۆرینەی کۆمەڵگە بۆلای خۆی ڕاکێش بکات، بۆیە ناوی ((پارتی کۆمەلایەتی شۆڕشگێڕ))مان لێنا، چونکە بنەما کۆمەلایەتیەکانی بزوتنەوە نوێیەکە خاوەنی سروشتێکی پێشکەوتوخوازی شۆڕش گێڕی بوو.

ئەوەی وای لێکردم ئەم ناوە لەم پارتەمان بنێم ئەوەبوو کە، بڕوام بوو کەفاکتەر و کێشەی ئابوری هەرگیز چوارچێوەی کێشە کۆمەلایەتیەکانی نەبڕە. ئەوکاتەی ئاسۆی توێژینەوەکانم فراوانکرد لۆم دیارکەوت کە سیاسەتی هاوپەیمانێتیەکانی ئەڵمانیا ئەنجامی خەملاندنێکی هەڵەبووە بۆ بنەماکانی ژیانی ئابوری و گرنگیەتی بۆ دابینکردنی خۆراك بۆ گەلی ئەڵمانی. بۆم دیارکەوت کە تێڕوانینی سەرمایە بەدەستان تێڕوانینێکی دواکەوتو و ڕووکەشییە.

کەواتە سەرمایە چییە ؟

بەرهەمی کارە، بێجگە لە بەرئەنجامی بەرهەمی کار هیچی دیکە نییە. سەرمایە جێگیر نییە؟ چونکە بەهەمان شێوەی کار کەوتۆتەژێر کاریگەری فاکتەری چالاکیەکانی مرۆڤ یان کۆسپەکانی پێشیەوە.

بەم چەشنەش سەرمایەی نەتەوەیی پەیوەستە بە بەهێزی دەوڵەت و نازادیەوەی. ئەو دەمەی لێرەدا گوتمان دەوڵەت ئەوا مەبەستمان لە نەتەوەیە. ناراستەکردنی سەرمایە بەپێی بەرژەوەندی نازادی دەوڵەت دەبێت و سەربەخۆیەشی بەسروشتی دۆخ بەرەو نازادی و هێز و مەزنی نەتەوەی پاکێش دەکات...

بەم چەشنەش ئەرکی دەوڵەت لەبەرامبەر سەرمایە ڕوونی نائاڵۆزە: پێویستە دەوڵەت سەرمایە بخاتە خزمەتی خۆیەوە لەجیاتی ئەوەی خۆی بکاتە کۆیلەی، ئەمەش پێویستی بە سەربەخۆیی نابوری دەوڵەت هەیە، لەم کاتەشدا پێویستمان بەوە هەیە کە تەواوی مافی کرێکاران پارێزراوبێت.

لەپێش و ڕابردوودا هیچ جودایەکی زۆر دیارم نەدەبینی لەنێوان ئەو سەرمایەیەی کە بەرهەمی کارە، لەگەڵ ئەو سەرمایەیەی کە بوونی وەستاوەتەسەر جامبازی بە تەنها. چاکەی ئەم جودا کردنەوەیەشم دەگەڕێتەوە بۆ یەکێک لە مامۆستاکانم، لەو مامۆستایانەی کە خۆم و هاوڕێ سەربازەکانم بەردەوام گوێ بیستی دەبوین، کەناوی گۆتفرید فیدەر بوو. ئەودەمەی یەکەمین جار ئامادەی وانە وتنەوەیەکی فیدەر بووم هەستم کرد توانیومە بنەمای دامەزراندنی پارتێکی نوێی سیاسی بدۆزمەوە.

***

فیدەر زۆر بەجوانی هەوڵی جیاکردنەوەی سەرمایەی نێونەتەوەیی تایبەت بە جامبازی و سەرمایەی پەیوەست بەنابوری نەتەوەی دەدا ، ئەوانەشی دژبەرییان دەکرد بەناچاری دانیان بە تەندروستبوونی بۆچونەکانیدا نابوو، بەڵام بڕوایان وانەبوو کەبتوانرێت لەژیانی ڕاستەقینەدا جێبەجێ بکرێت.

ئەوەی لەڕوانگەی ڕەخنەگرانی نامادەبووی وانەکەوە خاڵی لاواز بوو لەڕولنگەی منەوە خاڵی بەهێز بووە. بەڕاستی کاری ئەوکەسەی یاسا بۆ ئەنجامدانی کارێک دادەنێت خستنەڕووی فاکتەرەکانی بەرجەستەکردنی پرۆژەکە نییە، بەڵکو پیشاندانی پرۆژەکەیە وەکو ئەوەی بەدی دێت، بەو مانایەی ئامانج بەلای خاوەن پرۆژەکەوە گرنگ تر وەک لە هۆکار. بۆیە ئەو کەسەی پەیڕەو و وەرنامەی عەر بزوتنەوەیەک

دادەتێت پێویستە ئامانجەکەی بەباشی بزانێت و دەست نیشان بکات. چەسپاندنی ئەم ئامانجانە ئیشی پامیارچێتیانە. دەبێت بەباشی ئەوەشمان لەبیربێت کە ئەوەی مرۆڤ بیری لێدەکاتەوەو پلانی جێبەجێ کردنی بۆ دادەنێت مەرج نییە وەکو خۆی لەجیهانی پاستینەدا بچەسپێت و بێتەدی.

باشتر وایە ئەوە بزانین کە بیرۆکەی نمونەیی لەپووی تەندروست داری و گەورەیی ئامانجەکانیەوە ناتوانرێت بە ئامراز و فاکتەرە مرۆییە ناسراوەکان بچەسپێندرێت بەو شێوەیەی خاوەنی بیرۆکەکە بیری لێی کردۆتەوە. بۆیە لەم پوانگەشەوە نابێت گەورەیی خاوەن بیرۆکەکە بەپێوانەی چەندێتی بەدی هێنانی بیرۆکەکە یان ئەو ئامانجەی نەخشەی بۆ کێشاوە پێوانە بکرێت، بەڵکو بەپێی تەندروست داری ئەم ئامانجانە و کاریگەرییان لە گەشەی مرۆڤ و پێشکەوتنیدا دەپێورێت. بەڵام ئەگەر سەرکەوتنی تەواوی بیرۆکەکەمان بەپێی گەورەیی خاوەنەکەی پێوانەکرد، ئەوا لەپیزبەندی کەسە گەورەکاندا هیچ کام لە نێردراوەکانی ئاسمان بەگەورە نابینین؟ چونکە بەدی هێنانی تەواوی پەیامەکەیان بەتەواوەتی کارێکی نەکردەیە. تەنانەت ئاین خۆشەویستیە، ناتوانرێت جێبەجێ بکرێت، تەنها کاردانەوەیەکی لاوازی نەبێت لەبۆ مەرامی ئەم دامەزراوە مەزنە. بەڵام گرنگیەکەی دەوەستێتەسەر ئەو ئاراستەیەی کە مەبەستیەتی فەرهەنگی لێوە پێش بخات و لە ئاکار و نەریتەکانی مرۆڤدا ڕەنگی پێبداتەوە.

ئەم جیاوازیە زۆرەی نێوان خاوەن بیرۆکە یان ڕێبازەکان و پیاوانی پامیارکار وای کردووە نەتوانرێت هەرگیز ئەم دوو جۆرە کەسایەتیە لەیەک جۆر مرۆڤدا کۆبکرێتەوە. ئەم چەشنە بنەمایەش بەزۆری بەسەر ئەو سیاسەت کارانەدا دەچەسپێت کە چالاکیەکانیان لەچوارچێوەیەکی شیمانییەدا ئەنجامداوە. بسمارکیش ئاماژەی بەوانە داوە بەتایبەت ئەوکاتەی لەبارەی دەست نیشان کردنی سیاسەتەوە گووتیکە: هونەری کارکردنە لەسنورێکی شیمانییەدا.

بەڕاستی ئەو سیاسەت کارانەی خۆیان دوورەخەنەوە لە بیرۆکەی ڕوون و مەزن سەرکەوتنیان باشتر و خێراترە وەک لەوانەی شوێنی ئەم ئاماژەیە دەکەون. بەڵام لەم کاتەدا پرۆژەکانی ماوەکورتن و بەمردنی خاوەنەکەی بیرۆکەکانیشی لەناودەچن، هیچ کاریگەرییەکی بەسەر چینی ئایندەی گەلەوە نابێت، چونکە سەرکەوتنی

وەستاوەتەسەر خۆ بەدوورگرتن لە پرۆژەی مەزن و ئاریشەی دیار و دوورکریگەر, ئەم جۆرە پرۆژانە لەلایەن جەماوەریشەوە پاڵپشتی دەکرێ بەوەی لەهەمان ئەو کاتەی تێیدا دەژین خۆراك و خواردنەوەی پێویستیان بۆدابین دەکات, بەبێ بیرکردنەوە لە نەوەکانی داهاتوو.

ئەمەش وامان لێدەکات هیچ بەلامانەوە سەیرنەبێت ئەوکاتەی سیاسەت کاران هیچ گرنگی بە پرۆژە زیندەییەماوەدرێژەکان نەدەن, خۆیان بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی ماوەکورت و قازانج خێرادا چڕبکەنەوە !

بەڵام ئەوەی پەیڕەوەکەی داناوە مەبەست لە خۆشگوزەرانی ماوەیەك یان چینێکی دیاری کراوی ئێستا نەبووە, لەبەرئەوەی زۆرجاریش هاوڵاتیان ناتوانن بڕوا بە جێبەجێکردنی بیرۆکەکەی بکەن بۆیە بەناچاری و بەبێ ئومێدیەوە دەڵێن: ئەوکەسە تەنها لەخەیاڵدا دەژی و هیچی تر !

بەڕاستی گەر هونەری سیاسەت کاران بەڕاستی هونەری کاربێت لەسنوری شیماییەدا ئەوا هزرەوان یان بیرۆکە داڕێژ لەو دەستەیەدەبێت کەخواوەندیش قایل دەکات لەوکاتەی هەوڵی ئەنجامدانی نەکردە دەدات یان داوای دەکات. کەواتە هزرەوان لە هەژمارەکەی خۆریدا خەملاندنە هاوچەرخەکانی بۆ پەیامەکەی لابەرێت, چون بڕیاردان لەسەر باشی و ناباشی ئەم بیرۆکە و پەیڕەوە کاری وەچەکانی دەهاتوو دەبێت.

خاوەن بیرۆکە مەزنەکان کە هاوچەرخانیان بەجوانی لێیان تێناگەن, گەورەییان بە لەمپەرەکانی خەڵکی کەم نابێتەوە, بەوەی بەباشی دەزانن کە ئەو نەوانەی ئێستاکە نەفرەتیان لێدەکەن سبەی ئەم کەسانەیان لاپیرۆزدەبێتەوە, سبەی ئاکار و فەرهەنگی هزرییان بەسەراسیماو لێگەیشتنەوە ئەخوێنن, لەم ڕێگەیەوەش پێخۆرێکی هەناوی دەئافرێنن بۆنەتەوەو لەکاتی پێویستدا دەتوانرێت کەڵکی لێوەربگیرێت.

***

ئەودەمەی فیدەر یەکەمین وانەی پێ وتینەوە لەبارەی سەرمایەوە بۆم دیارکەوت ئەم زەلامە خاوەنی بیرۆدۆزەی نەترسی یە, دەتوانرێت وەکو بنەمایەك بۆ بۆونیات نانی ئابوری نەتەوەیی ئەڵمانیا کەڵکی لێوەر بگیرێت. فیدەر زۆر بەئاشکرا داوای

جیاکردنـەوەی سـەرمایەی نێونەتـەوەیی یـان بـازاڕی ئـابووری دەکـرد لەسـەرمای نەتەوەیی؟ چونکە مانەوەی ئەمە بەملکەچی بۆئەوە مانای لاوازکردنی سەربەخۆیی ئابووری ولآت دەگەیەنێت.

ئەمـەش بانگەشـەی دژە نێونەتـەوەیی کردنـی ئـابووری ئـەڵمانی بـوو. لەسـایەی هزرەکـانی فیـدەرە و خۆشمـەوە بـۆم دیارکـەوت کـە, سـەختترین تێکۆشـان دەبێت لەبەرامبـەر سـەرمایەی نێـو دەوڵەتیـدابێت لەڕێگـەی لـە گـەلانی دژبـەری خۆمانـەوە. چـەندین ڕووداوی پشـتگیری کـاری ئـەم بۆچـوونە بەدیارکـەوت, تەنانـەت سـەرکردە بۆرژوازیەکانی ئـەم ڕۆژگارەمـان هەستیان بەوەکردووە کە سـەرمایەداری نێودەوڵەتی تەنها بە هەڵگیرساندنی جەنگی گەورەی جیهانی کۆتایی نـەهات , بەڵکو پـاش لـەوەی جـەنگ تاوانـەکانی خـۆی ئاشکراکرد, ئـەم سـەرمایەیە هـەوڵی لـەناوبردنی ئاشتی و گـۆڕینی بۆ دۆزەهێکی پڕ لـەئازاری دەدا.هیچ کەسێك نـەما کـە ئەمەکداری نیشتمان بێت و هەستی بەوەنـەکردبێت کـە دژبـەر کردنـی سـەرۆك داراییـەکانی نێونەتـەوەیی و سەرمایەی ئامادەی وام بووەتە ئەرکێکی نیشتمانی و نابێت هیچ لایـەنگرێکی نەتـەوە دژبـەری نـەکات, گـەر هـاتو هەسـتی سـەربەخۆیی و پاراسـتنی زگـارێتی ئـابووری نیشتمانەکەی لەئەندێشەدا گەلآلە بووبێت.

بەلآم ئەوانەشی کەلە بەرئەنجامەکانی ئـەم ئاراستە نەتەوەییە دەترسێن ئـەوا ئـەمن پێیان دەڵێم: ترسەکەتان لەجێگەی خۆیدا نییە؟ چونکە تاوەکو ئێستاکە ئەڵمانیا زیاد لە یەك چەشنە ڕەچەتەی ئابووری نەشیاوی تاقیکردۆتەوە. مەترسی پیاوانی سیاسەت کـاران لەبەرانبـەر ئـەم جـۆرە بیرکردنەوەیـەی کـە دەسـتەبەرە بـۆ پاراسـتنی قـەوارەی نەتەوەیی بە بۆچونێکی پێچەوانەی ڕای گشتی هەمان بۆچوونی پزیشکانی کۆنگرەی باڤاریامان بیردێنێتەوە کە بە پزیشکانی ئامادەبووی کۆنگرەکەیان گووتبوو بۆچوونی خۆیـان لـەبارەی زیانەکانی هێلّـی ئاسـنەوە بخەنـەڕوو. ئـەوانیش وایـان کـرد. ئـەم کۆنگرەیـە دروستکردنی ئـەم ڕێگەیـەی ڕەتکـردەوە بـەبیانووی ئـەوەی کـە گەشتیاران لـەکاتی گەشـتەکەیاندا بـەم ناوچـەیە دووچـاری سـەرەخولێ دەبنـەوە و دەنگـی شـەمەندەنەفەرەکەش زیـان بەدانیشـتوانی ناوچـەکە دەگەیـەنێت, بۆیـە داواکـرا پـێش لەدروستکردنی هێلّێکە لەمپەرێکی تەختەیی یان لەهەرمادیکـەی شیاو دروستبکەن.

که بەبێ ئەوەی جەماوەری ئامادەبوو هەست بە تێپەڕبوونی ئەم شەمەندۆفێرە بکەن ئەو قیتارە بەم ناوچەیەدا بەشێوەی مار تێپەڕبێت.

ئامۆشیاری ئەو کەسانە دەکەم کە بڕوایان بە گەشەی پلەکاری هەیە, بەوەی داوایان لێدەکەم ئەم بۆچوونانەیان بەس بابۆ خۆیان بێت, بهێڵنن ڕاژەکارانی دڵسۆز و ئەمەکداری نەتەوە هۆکارەکانی گەشە بۆ گەلەکەیان دابین بکەن, بەجۆرێك بتوانرێت لەم ڕێگەیەوە وەچەکانی گەل خۆراکی تەواویان بۆ دابین بکرێت, خوێنیان بە پاقژی بهێڵێتەوە و ئەو ئەرکەش ئەنجامدبات کە خواوەند پێی سپاردووە.

لەم پێناوەشدا دەبێت هەموو ئەڵمانییەك بەو پەڕی توانایەوە کاری بۆبکات, بۆئەوەی سودی بۆی هەبێت پێویستە هزری لەم بوارەدا ڕابهێنێت و بەسەربازی ئەم بوارەی بکات, لەسایەی ئەمەشدا پێویستە لەسەرمان بەجوانی دۆخەکان شیبکەینەوەو کێشەکانمان بخەینە ژێر ڕاڤەکردنەوە, لەم کاتەشدا پلان و ڕێبازەکانمان دادەڕێژینەوە.

پاش لە قوڵبوونەوەم لە تۆێژینەوەکانی بیردۆزە جوخوازەکانی کارل مارکس بۆم مەبەستی پشت سەرمایەداریم بۆدیارکەوت بەپێی بۆچوونی ئەو, بەڕوونیش هەستم بەوەکرد کە ئامانجی سۆسیالیستی-دیمۆکراتی چییە لە دژبەری کردنی ئابوری نەتەوەییدا: ئامانجەکەکەی بریتی بوو لەوەی دارایی نیشتمان و ئابوریەکەی بخاتە ژێر دەستەلاتی سەرمایەدارانی نێو دەوڵەتی یان جولەکەوە.

وانەبێژان کاتێك ناکاتێك ڕێگەی تاوتوێ کردنی بۆچوونەکانیان پێدەدایین. جارێکیان ئامادەی گفتوگۆیەك بووم, دیتم کەسێك زۆر بە ملهوڕیانە و دڵگەرمییەوە بەرگری لە جوولەکە و مارکس خوازەکان دەکات بۆیە منیش وەلأم دایەوە و پێچەوانە بۆچوونیم خستەبەرباسەوە, بۆئەمەش ئامادەبوان تاڕادەیەکی باش بۆچوونەکانمیان بەدڵ بوو. چەند ڕۆژێك دواتر وەکو پەروەردەکارێکی سەربازی نێردرامە نێو یەکێك لە لەشکرەکانی میونخیەوە.

لەم کاتەدا ڕێکخستن زۆر لاوازبوو, ملکەچیش وەکو ئەرك نەدەبینرا, چونکە فەتارەتەکەی ئیزنر و مانگرتنەکەی گوێڕایەڵی کردبووە خۆبەخشانە, دەبوو دژبەم دژەبۆچوونەم تێبکۆشم, بەلأم بەژیری و داناییەوە, هەروەها دەبوو سەربازانی پێ

سپێردراوم لوسەر بنەمای بیرکردنەوە لەبەرژەوەندی نەتەوەو خاك و نیشتمانداپابێنم و گۆشبکەم.

بەخرۆشاوی و ئاست بەرزییەوە دەستم بەکارەکەم کرد, بۆچی چانسی ئەوەم پێدرابوو وەکو وتاربێژ بەختی خۆت تقیبکەمەوە لە گۆڕەپانێکی بەرفراوانی بۆ ڕام کراوم, بەخێرایی هەستم بەوەکرد کە گوتاربێژێکی بەهێز و دەنگ زولاڵم. بەهەڵەدا نەچوومە گەر بڵێم ئەرکەکەم وەکو مامۆستا یان پەروەردەکار بەسەرکەوتوویی ئەنجامدا, توانیم سەدان سەربازی توشبوو بە درمی مارکسیەت بگێڕمەوە بۆنێو پەچەی نیشتمان, دیسانیش توانیم ڕێکخستن تاڕادەیەکی باش پیادەبکەم و بگێڕمەوە بۆ ڕیزەکانی سوپا.

لەو ماوەیەی وەکو مامۆستایەکی سەربازی گوزەراندم توانیم ئاشنایەتی دگەڵ چەندین هاو بۆچوونی خۆمدا پەیدابکەم , بە بەشداریێتی ئەوان توانیم دواتر بنەماکانی بزوتنەوە نوێیەکە دابڕێژمەوە.

پارتی کشتیارانی ئەڵمانی

جارێکیان بروسکەیەکم لەسەرکردەکانمەوە پێگەیشت کەتێیدا داوای ڕاستکردنەوە یان سەرلماندنی بۆچوونێکی دەکرد بەوەی کە دەڵێن: ڕێکخراوێکی نوێ دیارکەوتووە بەناوی ((پارتی کشتیارانی ئەڵمانی)). ئەم پارتە بڕیاری کۆبوونەوەی دابوو لە غۆتفریدفیدەر.

لەوکاتەدا دەست تێوەردانی سوپا لەسیاسەت و ڕەوتی پارتە ڕامیاریەکاندا کارێکی سەرسوڕهێنەر نەبوو. شۆڕش دانی بەوەدا نا کە سوپا یان سەرباز دەتوانێت کاری سیاسی ئەنجام بدات, سوپاش بێگومان ئەم وارە تازەیەی پێخۆش بوو, بەبێ هیچ بیرلێکردنەوە و خۆبۆئامادەکردنێك خۆی تێهاویشت. بەس ئەوکاتەی پارتەکانی ناوەند و پارتی سۆسیالیستی دیمۆکراتی هەستیان بەدوورکەوتنەوەی سوپاکرد لە پارتە چەپڕەوەکانەوە بەرئاراستەی پارت و بوزتنەوە نەتەوەییەکان هەوڵی گەڕانەوەی دووڕەپەرێزی جارانیان بۆ سووپا دەدا لەکاری سیاسەتدا, بۆئەمەش مافی خۆهەڵبژاردن و کارکردن لەبواری ڕامیاریان لێسەندەوە.

گەر ئەم پارتە چەپڕەوانە سوپایان لە ڕامیارکاری دوور نەخستایەتەوە ئەوا هەرگیز نەخۆیان و نەحکومەتەکەی خەزەڵوەر لەم بوارەدا سەرکەوتوو نەدەبوون. سوپا

دژبەری ئەم پارتانەی دەکرد بۆ ڕزگارکردنی نەتەوە لە خوێن مژان بەوەی بەم کارەیان دژی پێشبڕکێ کارانە بۆ ڕاژەکردنی هاوپەیمانانی دوژمن لەنێو خوودی ولاتماندا. لەوەش ناخۆشتر دەستی یارمەتی درێژکردن بوو لەلایەن ئەوانەوەی کە پارت گەلی نیشتمانی نەتەوەخواز بوون بۆ ئەو پارتانەی دژە نەتەوەبوون، بەم کارەشیان دەگەیان لەنیشتمان و سوپاش دەدا.

وادیاربوو ئەم بۆرژوازییە ناوەز نەزۆکانە لەلایەن مارکسی و هاوپەیمانانەوە ڕاکێش کرابوون، بەوەی کە بڕوایان لاپەیداکردن بەوەی دووبارە دوورخستنەوەی سوپا لە سیاسەت مەنای دروستکردنی قەڵغانێکە بۆ نیشتمان،لەکاتێکدا ئامانجی مارکسیەکان زۆر ڕوون و ئاشکرابوو: نەهێڵن سوپا پشتیوانی پارتە نەتەوە خوازەکان بکات و نەش هێڵن سوپا بەشداری چاکسازیەکانی ولاّت بێت و ولاّت بەئاسانی دۆخەکەی باشترنەبێت. ئالێم پارتە نەتەوەییەکان خۆیان بۆئەو بڕیارە یەکلایی کردبۆوە کە سوپا سودێکی نییە بۆ کایەی نەتەوەیی. لەسایەی دەرچوونی بڕیاری زانینی بوونی شوێنی کۆبوونەوەی ئەو بزوتنەوەیەوە توانیم ئەم باسە بوروژێنم، بزوتنەوەی پارتی کشتیاری ئەڵمانی، سوربووم لەسەر ئەوەی بچمە کۆبوونەوەی پارتەکەوە و ئەوەی دەیبنم و دەبیستم بۆ تەواوکردنی ڕاپۆتە هەواڵیەکەم بینوسمەوە.

ئەو دەمەی بە یانەی (سترنکر) لە میونیخ گەیشتم، زیادتر لەبیست کەسم لە ژوورە فراوانەکەی کۆبوونەوەکەدا نەبینی، هەندێك سەربە چینی بەشخوراوی میللەتی شار بوون. لەوانەکەی فیدەرەوە زۆر شت فێر ببووم ، ئەوەی فیدەر پێشکەشی کرد هەمان ئەو بۆچوونانە بوون کەپێشتر بۆی خستبوینەڕوو، بۆیە بەتەواوەتی گوێم بۆ ڕادێرابوون، تەنانەت چاودێری گوێگرانیشم دەکرد. پاش لەوەی ڕۆشتمە هۆڵەکەوە بێگومان بووم لەوەش ئەم بزوتنەوەش بەهەمان چوارچێوەی بزوتنەوەکانی دیکەی پاش جەنگ دیارکەوتوون، تەنانەت دوای تەواوبوونی کۆبوونەوەکە لەهەمان بۆچوون پاش گەز نەبوومەوە.

لەم کاتەدا هەموو ئەڵمانییەك لای خۆیەوە بڕوای بەوەهەبوو کە پێشیاوی گرتنەدەستی دەستەلاّتە و توانای سەردارێتی کردنی نەتەوەی هەیە و گونجاوە بۆ قوتارکردنی ولاّت لەو پاشا گەردانیەی تێی کەوتووە. پارتەکان بەبێ نانەوەی دەنگە دەنگ دیاردەکەون و لەناودەچنەوە؟ چونکە بنەمای لەسەر دامەزرازو و بڕواکەیان

بەمێزنەبووە. نەیان دەزانی ئامانجی تەواوی ئەم بزوتنەوەیەیان چییە و لەداهاتوودا بەرەو کوێ ئاراستەیان دەکات.

پاش لێبوونەوەی فیدەر لە قسەکانی پێشکەشکاری کۆبونەوەکە کەسێکی دیکەی پێناساندین کە دژە فیدەر و بەدرۆخارەوەی قسەکانی فیدەر بوو. چونکە فیدەر لەبواری بیردۆزیەوە قسەی دەکرد بەڵام ئەم کەسە لەبواری جێبەجێ کاری. ئەم کەسە پێشنیاری بۆ سەرانی ئەم پارتەکرد کە وەرنامەکەیان بڕگەیەکی تایبەتی تێدابێت لەبۆ کشانەوەو جیابوونەوەی باڤاریا لە نەمسا ، بەتەواوەتی جەختی لەوە دەکردەوە کەپاش جیابوونەوەی باڤاریا نەمسای ئەڵمانیش بەتێپەڕبوونی کات دەچێتە پاڵ باڤاریا. بەڕاستی ئەم قسانەی دووچاری شۆمیان کردم، وروژاندمی و داوای مۆڵەتی قسەکردنم کرد، وەڵامێکم دایە پێش لەوەی لەقسەکانی بێتەوە بەتەواوەتی دەستی لەقسەکردن هەڵگرت و لە کۆبونەوەکە ڕۆیشتە دەرێ. بەڵام ئامادەبوانی تر بەو پەڕی چێژوەرگرتنەوە گوێیان بۆ قسەکانم ڕادێرابوو. هەموان دەستخۆشیان لێکردم، بەرلەوەی لە هۆڵەکە بڕۆمە دەرێ کەسێك نامیلکەیەکی گچکەی خستە نێو دەستم و داوای خوێندنەوەی لێکردم، بەخۆشحاڵیەوە ئەو نامیلکەیەم وەرگرت ؟ چونکە چیتر پێویستم بەوە نابێت لە کۆبوونەوەکانی پارتەکەدا ئامادەبم بەمەبەستی زانینی مەبەست و ئامانجە دوور مەوداکانی.

لە چادرگەی لەشکری دوو، لەژورەکەمدا دەستم دایە هەڵدانەوەی یەك بەیەکی لاپەڕەکانی نامیلکەکە، وام دەزانی ئەمە وەرنا و پەیڕەوی پارتە نوێیەکەیە، ئەوکاتەی لێم ڕوانی دیتم دانپیانانی کرێکارانی ئەڵمانی یەکەم نوسراوی ئەو کەسەبێت کە نامیلکەکەی خستە نێودەستەمەوە-بەساکارییەوە باسی لە ((بەئاگاهێنانەوەی هزری))دەکرد، بەخێرایی دیتم بەخرۆشەوە دەیخوێنمەوە؛ چونکە ئەم پیاوە بەهەمان ئەو قۆناغانەی مندا تێپەڕیوە کە منیش پێیدا تێپەڕیوم، پلەبەپلە دەروونی خۆی بەرەو سەرکەوتن ڕاهێناوە و گەیشتۆتە قۆناغی جێگیری. ئەم کەوسە پەیوەندی بە بزوتنەوە کرێکاریەکانەوە کردووە و تادوا بزیسکی هێزی خۆی بۆ کردونەتەقوربانی، بەڵام ئەودەمەی هەستی بەوەکردووە کە مارکسیزم جەنگێکی دژە نیشتمان و نەتەوەیە و هەوڵی لەناوبردنی بەهار و پیرۆزیەکانی نەتەوەدەدات بۆیە دەستی لێیان هەڵگرتوەو لەهەنگاوەکانی دیکەشی پەژیوانە.

دوو هەفتە پاشتر نامەیەکی وەرگرتنم لە لەلایەن پارتی کشتیارانی ئەڵمانییەوە پێگەیشت بەوەی بوومەتە ئەندام, داوای ئامادەبوونی لێدەکردم لە کۆبوونەوەکانیدا. بەڕاستی زۆرم سەیر لەوە دەهات چۆن دەتوانرێت لایەنگر بەم شێوەیە بۆ پارت و بزوتنەوە کۆبکرێتەوە, هەمدیس بەهۆی ئەوەی بڕیارم دابوو خۆم پارتێك دابمەزرێنم و سەرکردایەتی بکەم, بۆیە بەتەنگ بانگەشەی بەئەندام بوونەوەم لەم پارتەدا نەڕۆشتم. وێستم داوای لێبوردنیان بۆ بنوسمەوە بەڵام لوتبەرزیم نەیهێشت, بۆیە بڕیاری ئامادەبوونی کۆبوونەوەکەم دا.

لەکاتی دیاریکراودا گەیشتمە میوانخانەی ڕۆزنباد شوێنی کۆبونەوەکە, ڕۆشتمە ژوورێکی گەورەوە کە میزێکی لەناوەڕاستدا دانرابوو و لەسەر کورسیەکانیش چوار گەنج دانیشتبوون, هەستم کرد یەکێکیان ئەوکەسەبوو کە نامێلکەکەی پێ دام. بەگەرمیەوە چاك و چۆنی لەگەڵ کردم و بەهاوڕێکانی ناساندم و باسی نیشتمان پەروەری و نیازپاکیمی بۆکردن, دواتر فەرمووی دانیشتنم لێکرا, پێیان ڕاگەیاندم: هەموان چاوەنواڕی هاتنی سەرۆکی پارتن...دوای چەند خولەکێك سەرۆك گەیشت و بۆم دیارکەوت هەمات کەسی پێشکەشکاری کۆبوونەوەکەی مەیخانەکەی پێش لەدووهەفتەیە. بەرلە دەستکردن بەقسەکردنی فەرمی بۆم دیارکەوت سەرۆکی باڵا ناوی (هاربردان)ە, سەرۆکی لقی میونیخیش ناوی (ئەنتوان در کسلر)ە.

پاش لەخستنەڕووی کۆمەبەستی کۆبوونەوەکەی ڕابردوو, دواتر ئەمینداری دارایی پارت هاتە قسە و گووتی: کۆی ئەو پارەیەی هەمانە تەنها حەوت مارك و نیوە, هیوا زۆرە بەوەی لەداهاتوودا ئەم بڕە زیادبکات. ئامادەبوانیش متمانەی خۆیان بە ئەمینداری دارایی پارت بەخشیەوە, ئینجانەمەشیان تۆمارکردەوە.

پێش لەهەنگاونان بەرەو خستنەڕووی خشتەی کارەکان سەرۆکی پارت هەستا بە خوێندنەوەی سێ نامەی وەلامی پارت کەلە بەرلین و کیبل و دۆسلدرۆفەوە بۆیان نێردرابوو. ئامادەبوانی کۆبوونەوەکە زۆر شادومان بوون بەم چەشنە نامە گۆڕینەوانە و بەفراوانبوونی پارتیان لەقەڵەم دەدا. لەکۆتادا ئامادەبوان گەیشتنە خشتەی کار یان پەیڕەوی مەبەست, لەم کاتەدا کێشەی پاڵێوران هەبوو بۆ پەیوەندی کردن بەم پارتەوە. لەم کاتەدا سەرۆکی پارتەکە پرسیاری ئەوەی لێکرد کەئایا بەڕاست تۆ دەتوانی هاوکاری ئەم پارتەمان بکەیت و ئەمکداربیت بۆی؟ بەڵام من وەلامی ئەم

پرسیارەم نەدایەوەو لەبریدا پرسیم: کار و ئامانج و بنەما فەلسەفیەکانی پارتەکەتان چییە ؟ نەی شێوازی کارکردنتان؟ بەڕاستی وەلأمەکان بۆمن ڕوون نەبوون. بۆیە لۆم دیارکەوت ئەم پارتە هیچ ئامانجێکی نییە و تەنها دەیەوێت بوونی هەبێت و هیچی تر. بەڕاستی دانیان بەوەدانا کە تاوەکو ئێستا پەیڕەو یان خشتەی کاری پارتەکەیان نەنوسیوەتەوە و شتی لەم جۆرەیان نییە، بەهۆی لاوازی دۆخی داراییانەوە توانای چاپکردنی بلأوکراوەو ئامادەکردنی تەسکەرەی ئەندامێتی و ئاراستەکردنی داوەتنامەی چاپکراویان نییە، بەلأم بەشێوەیەکی گشتی وادیاربوو ئامانجی گشتی ئەم بزوتنەوەیە بوژانەوەی ئەلمانیا و گەڕانەوەی سەروەریەکانی ڕابردووی بووە.

ئەم گەنجانە وایان هەستدەکرد نیشتمانەکەیان، ئەلمانیا، لەسەر لێواری مەرگە و ئەو پارتانەی هەن توانای ڕزگارکردنی ولأتیان نییە، بۆیە ئەمانەش بڕیاری دامەزراندنی ئەم پارتەیان داوە بەمەبەستی پاقژکردنەوەی ولأت لە مشەخۆر و زەروەکانی نێوخۆی ولأت و ئازادکردنی لەکۆت و بەندی دەرەکیش.

ئەو دەمەی لەنیوە شەودا بۆ خێوەتگەی سەربازگەکەم گەڕامەوە خۆم لەپێش ئاریشەیەکی زۆر وردا بینیەوە: ئایا بەڕاست دەبێت لەم بزوتنەوەیە دابڕێم یان بچمە نێویەوە؟ بۆچەند ڕۆژێك بیرم دەکردەوەو تێدەفکریم، هەست و سۆز هانی تەقلبونی دەدام بۆ ڕیزی پارتی کشتیارانی ئەلمانی بەلأم ئاوەزم هانی خۆ بەدوور گرتنی دەدام لەم پارتە. خۆئەگەر من لەو جۆرە کەسایەتیانە بوومایە کەبەئاسانی بۆچوونی ڕامیاریان دەگۆڕن ، ئاسانتر لەوەی جلیان بگۆڕن، ئەوا تەقلی ئەم بزوتنەوەیە دەبووم، بەدوو هەفتە پاشتر بڕیاری تەقلبونم دا بۆ نێو ئەم بزوتنەوەیە، لەم کاتەدا وام هەستدەکرد ئیشی من تەواو، ئێرە دوا سنوری خۆمە و بۆخۆم بڕیاری کۆتایی چارەنوسی خۆمم نوسیوەتەوە. بەو مەبەستەش قایلی تەقلبونە نێو ئەم پارتەم دا کە ئەم بزوتنەوەیە پێویستی بە کەسێکە ڕێبەرییان بکات و ئامانج و وەرنامە و پەیڕەویان بۆدیاری بکات و بنوسێتەوە و کاربۆ گەیشتن بەئامانجە پیرۆزەکانیان بکات، سەربەخۆیی ئەلمانیا لەدەست داگیرکارە بیانیەکان و مشەخۆر و خوێن مژانی ناوخۆیی ولأت، وام هەست دەکرد دەتوانم بەدلی خۆم لەداهاتوودا ئەم بزوتنەوەیە بەو ئاراستەیەدا بەرم کەبڕوام پێیەتی و بەئامانجی گەیشتن بە ئامانجە گەورەکەم.

بڕوام وابوو نەداری خاڵی لاوازی من نییە، بەڵام ئاخۆ ڕێگاچارەسەر بۆ ڕزگارکردنم لە چوارچێوەی هاوڵاتی شاراوە کامەیە؟ ئایا بەڕاست من هاوڵاتییەکی بێچارە نیم لەنێو چەندین ملیۆن کەسدا؟ لەکوێ بووە کەسێکی بێناو بتوانێت دژبەری سەرکردە بزوتنەوە و پارتەسیاسیە ناوداڕەکان بکات ؟

لەو چەشنە مرۆڤانە نیم لوتبەرزیم لەڕێم لادات و ئاراستەکەم بگۆڕێت. بەڵام هەمدیس ون ناویشم بە کۆسپی پێش سەرکەوتنم نەدەزانی. ئەی بڕوانامە نزمەکەم، بۆئەمەش بەردەوامی دانم بەخوێندنەوە بەباشتر زانی وەك لە هەوڵدان لەبۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەرزتر.

بەم چەشنەش بەئەندامی کاتی ژمارە ٧ تەڤلی نێو ڕیزەکانی پارتی کشتیاری ئەڵمانی بووم.

هۆکارەکانی تیاچوونی

ئەوەمەی تەنێك دەکەوێت قوڵایی کەوتنەکەی بەپێی ئەو ماوەیەی لەنێوان دۆخە نوێیەکە و ئەو دۆخەی کەپێش لەکەوتنەکە هەیبووە دەپێورێت. ئەم بنەمایەش دەتوانرێت بەسەر داکەوتنی گەلان و وڵاتیشدا جێبەجێ بکرێت.

داکەوتنی فەرمانفەرمایەکە زۆر مەزن بوو؛چونکە لەبەرزاییەکی بەرزەوە کەوتەخوار. ئەو فەرمان فەرمایەی داڕووخا دامەزراندنی بەرئەنجامی کارەفرەوێژییەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران و گزی و تەڵەکەبازی سیاسی کارانیش نەبووە, بەڕاستی بەهێزی پێشمەرگەکان پونێت نرابوو, بەرئەنجامی زنجیرەیەك سەرکەفتنی ڕەوا و ئەنجامدراوی نەمرانەبوو. بێگومان دامەزراندنی فەرمان فەرما بەرئەنجامی کاری فرەوێژی قسەی زۆر بڵێیانی ناوەوە و دەرێی پەرلەمانین نییە. بەرکو ئەو دەمەی تۆپەکان بۆمب بارانی پاریسیان دەکرد لە جەنگی حەفتادا ئەم بیرۆکەیە لای گەل پەیدابوو, دواتر بڕوایان پێی هێنا و دواتر ئەڵمانەکان بڕیاریان دا, سەردارانی گەا, کە فەرمان فەرمایەك دابمەزرێنن و تاجی ئیمپراتۆریش جارێکی دی وەکو ناونیشانی یەکێتی پیرۆزی خاکی ئەڵمان دەست نیشان بکەن.

وڵاتەکەی بسمارك بەرئەنجامی کوشت و بڕی زۆری بێ ئەنجام نەبووە, دەستی کەسانی سیاسەت کاریشی تیادا نەبووە لەبەدی هێنانی ئەم خەونە نەتەوەییەدا.

بەڵکو پاڵەوانانمان لە مەیدان و گۆڕەپانەکانی جەنگدا بەدەستیان هێناوە. یاخود دروست و پونێتیان ناوە.

ئەم یەکێتی و هەوڵە دیارکەوتنی فەرمان فەرمایەکی بەخەرمانەیەک لە پیرۆزی مێژوویی چواردووبەر گرتبوو، ئەودەمەی دەستی دایە سەرکەوتنەکان و هەنگاوی نەترسانەیان دەنا ئەوکات جیهان لەوە دڵنیابوونەوە کەئەم چەشنە هەنگاوانە تاکۆتا بەردەوام دەبێت و دەگاتە دوندە و دواتر دەست بەسەرجیهاندا دەگرێت و سەرپەرەشتی دەکات. لە باوەشی ئەم فەرمان فەرمایەدا نەتەوە دڵخۆش بوو بە سەروەرێتی و ئارامی و لەخۆش گوزەرانیدا دەژیا. ئەم وڵاتە بووە خاوەنی هێز و دەستەڵاتێکی زەبەلاح بەپشتیوانی سوپایەکی گەورە و سەرکردەیەکی بیرفراوان و ژیر و بەیارمەتی نەتەوەیەک کە بڕوای بەخۆدیاری کردنی چارەنوسی خۆی هەبووە.

بەڕاستی سەیربوو ئەوکاتەی لە دوندەدا ئەم فەرمان فەرمایە دابکەوێت. هەموو گەل ئەڵمان سەیریان لێدەهات و بڕوایان بەوە نەدەکرد. توشی شۆك هاتبوونەوە. تەنانەت وایان لێبەسەرهاتبوو نەشیان دەتوانی بیرۆکەیەکی جوان و ڕێکخراو بۆ وڵاتەکەیان لەمێشکیاندا کۆدابکەن کەتایبەت بێت بەماوەکانی پێش لەداڕووخانی. کەواتە زانینی هۆکاری تیاچوون و داڕمان پاش لە دەست دەرچوونی دۆخەکە سودی چیی دەبێت گەر بەچاوی خۆت کلۆربوونی پایەکانی وڵات و لەقبوونی کۆڵەکەکانی لەسەر وەستاوی وڵاتەکەت ببینیت و بزانیت ؟

ژمارەی ئەو هاوولاتیە ئەڵمانیانەی کە تێبینی کەوتنی وڵاتەکەیان دەکرد لەکاتی خۆیدا زۆر کەم بوون، ژمارەیەکی زۆر کەمیشیان نیشتمانی ئەم پەتاکوشندەیە ناشنابوون و هەوڵی سڕینەوەو قڕکردنیان دەدا.

ئەم کەسانە نەیان توانی ئەم پەتایە بەباشی لەناوبەرن؟ چونکە تاڕادەیەکی زۆر دەرکەوتەی نەخۆشی و هۆکارەکەیان لێ تێکەڵاو ببوو. ئەوەتا ئەمڕۆ زۆرینەمان لەبەرامبەر ئەم پەتایەدا دۆڕاوین و بگرە بەکارێکی ژیرانەشمان دەزانی کەئەم داڕووخانە ڕووبدات؟ چونکە گروپی لێکۆڵەر و شارەزا ئابوورییەکانی وڵات ئاستی ژیریان لاوازبووەو درکیان بە بەشوێندا هاتووەکانی ئەم فەتارەتە نەکردبوو ئەم بۆچوونە نەشیاوە تەنها لای دەستە ماف خۆراوەکاندا بەرجەستە نەبووبوو کە تەنها باشکردنی دۆخی ژیانی خۆیانیان دەوێت! لەشێوەی کرێکاراندا. تەنانەت ناوەندە

پۆشنبیریەکانیشی داگیرکردبوو، بەوەی ئەمانە پێیان وایە کە شکست پێش لەسەربازی بەسەر ئابووریدا دەچەسپێت، ئەمانە هەوڵی پێکهێنانی پایەی ئابووری نوێیان دەدا لەسەر بنەمای ئابووری شیاو و تەندروست.

هۆکاری ئابووری پێویستە لەخانەی سێیەم یان دووەمدا بێت، لە لوتکەی ئەو هۆکارانەی کە بوونە هۆی ئەم دارمانە فاکتەری سیاسی و هەناوی و فاکتەری خوێن بوون. لەسەر بنەمای ئەم چەشنە هەستکردنەمان سەرکەوتنمان دەوەستێتەسەر دەست نیشان کردنی پەتاکە و لەناوبردنی، دواتریش دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ نەخۆشانی بەرکەوتووی ئەم پەتایە.

ئەمەش وامان لێدەکات قەکۆلین لە هۆکارەکانی دارمانی ئەڵمانیا ببینتەکارێکی مەردانەی مەزن، بۆیە پێویستە لەسەر هەموو بزوتنەوەیەک کاروچالاکی خۆی لەم بوارەدا بەرەوپێبدات بەومەرجەی بەقازانجی نەتەوەو دژە دۆڕان کۆتایی پێببێت.

لەو ڕاڤە باوانەی کەلەم ڕۆژگارەماندا بۆ داڕووخانی ئەم ئیمپراتۆریەتە دەکرێت: دەبێت سزای ئەو جەنگانە هەڵبگرین کە کردومانن، ئەو کێشە و ئاریشانەی دووچارمان بووەتەوە بەرئەنجامی جەنگە دۆڕاوەکانمانە.

بێگومان هەندێك لەهاوڵاتیانی ئەڵمانی ئەم ڕاڤەیە بە نیاز پاکیەوە وەردەگرن. بەڵام ژمارەی ئەوکەسانەشی هەوڵی ڕێ وێڵکردنی دانیشتوان دەدەن زۆرن و وەکو زەروو لە دەزگاکانی دەوڵەتەوە خوێنی میللەت دەمژن.

هاوڵاتیانی ئەڵمانیا هێشتاکە گلەیی بانگەشەکارانی شۆڕش گێڕانی مارکس خواز و جوەکانیان لەبیرنەکردبوو لەبەرامبەر گەلی ئەڵمانیادا؛چونکە ئەم شۆڕشەیان نەبوەهۆی درزخستنە نێو گۆڕاڵەی گوێڕایەڵی و جەنگ لەبۆ کەمکردنەوەی چێشی سەرکەوتن لای سەرمایەداران. ئایا ئەو شۆڕش گێڕە خوێڕیە غەیانەت کارانە دووپاتی ئەوەیان نەدەکردەوە کە لەناوبردنی گیانی سەربازی پروسی هۆکاری دەستەبەریی ئاسایش و بوژانەوە و ژیان ئازادی ولاتە؟ پاش لە فەتارەتەکە دیتمانن ئالای تاوانبارکردنی سەربازییان بەرزکردەوە، بەوەی ئەم شکستە بەرئەنجامی نانەبەزی سەربازان و سەرکردە سەربازیەکان بووە ؟!

گومان لەوەدا نییە شکستمان لە جەنگدا خراپ کاریگەری دەبێت لەسەر داهاتووی نەتەوەکەمان. بەڵام ئەم شکست خواردنە هۆکاری سەرەکی ئەم کاریگەر دیارکەوتنە

نەبووە. بەڵکو هۆکار گەلێکی دیکەبوون کە ئێستاکانێ ئەمانە خۆیانی لێ بێبەری دەکەن. ئەمانە هۆکاری بلاوبوونەوەی فەتارەتەکەبوون لەوڵاتدا کەئەویش بەرهەمەکەی جگە لەشکست بەخشین بەناخی سەربازەکان و چەك دانان زیادتر هیچی دیکە نەبوو. ئەمانە هەموو شتێك دەخەنە ئەستۆی سەرکردە سەربازییەکان و خۆیان وەکو بای بەیان بۆی دەردەچن و بێبەری دەکەن. سوپای ئەڵمانی بوێر لەبەرامبەر سوقایەکی چەند هێندکی خۆی بوویەوە. جا لەڕووی ژمارەی سەربازەوە بووبێت یان جۆر و چەشنی چەکی بەکارهێندرا. لەماوەی چوار ساڵدا توانی گەورەترین گورزیان لێ بوەشێنێت و گەیاندیانیە لوتکەی مردن و لەناوچوون، بەڵام ئەفسووس.

تیاچوونی بەرەی ئەڵمانی فاکتەری ئەم ئاریشەیەی هەنوکە نییە. بەرکو بەرئەنجامی تاوانی ئەو کەسە غەیانەت کارانەیە کە دەیان هەوێت هەموو بەرپرسیارێتیەکان بخەنە ئەستۆی سوپا و وەکو قوربانی لەناوی بەرن. لەکوێ بووە تەنها دارمانی سەربازی تەواوی دەوڵەت و نەتەوەبێت؟ کوا شکست خواردن لەجەنگێکدا مانای تیاچوون و هەڵوەشانەوەی نەتەوەی شکست خواردووە ؟

ئەو دەمەی گەلێك دووچاری شکست دەبێتەوە بەهۆی خوێڕێتی و ترسنۆکییەوە ئەوا ئەو گەلە بەئەنجامی کاری خۆی گەیشتووە. بەڵام کوا بووە گەلێك بەهۆی تەنها شکستێکی سەربازییەوە دابڕووخێت لەکاتێکدا گەلەکە قارەمانانە جەنگابێت و هەوڵی سوود وەرگرتنەوە بدات لەم جەنگە دژوارانەی . مێژووش پشت ڕاستی ئەم قسانەم دەکاتەوە.

زۆر بەداخەوە شکستی سەربازی نەتەوەکەمان تەنها تۆڵەیەکی خواوەند بووە لە نەتەوەکەمان کردیەوە. ئەم شکستە دیاردەیەکی بەرجەستە پێکدێنێت کە لەسایەی هەڵوەرینی بڕواکانی هاولاتیانەوە لەبۆ دیتنی دەرکەوتەکان گەشەدەکات.ئەو دەمەی گەلی ئەڵمان خۆشحاڵی بۆ شکستەکە دەربڕی ئەم بیرۆکە بۆگەن و ترسناکانە دیارکەوتن.

ئایا مارکس خواز و ناوەندە سەر لێ شێوێنراوەکان لەلایەن جوولەکەوە خۆشییان دەرنەدەبڕی لەبۆ شکست خواردنی ولاتەکەیان لەجەنگدا؟ ئایا هەندێکی دیکەمان شادەمانی پیشان نەدەدا بەوەی خاڵی سەرەتا و کۆتایی لەبۆ داڕووخانی دەوڵەتەکەی بەدەستی خۆی بووەو دوژمن تەنها بروسکەیەکیان بۆناردووەو ئەو خۆی هەموو

کارەکانی دیکەی ئەنجامداوە؟ ئایا دەستەیەك لەئەڵمانیەکانی خۆمان جەنگی بەدبەختی هێنیان هەڵنەگیرساند؟ گەلی ئەڵمانی لەڕێگەی ئاوەزەوە ئەم شکستەی قبوڵکرد, کەواتە دەتوانین بڵێین: ئەو نەهامەتیەی بەسەریدا هات مافی خۆی بووە و پێی بەخشراوەتەوە, بۆراستی چارنووس ئەم شکستەی بۆ نەنوسی بووین, چونکە گەر دەستی چارەنوسی تێدابووە ئەوا دڵمان پڕدەبوو لە ڕق و کینە لەبەرامبەر ئەو دوژمنانانەمان کە شکستیان پێ هێنابووین و بەدووی ڕۆژی سەرکەوتنماندا دەگەڕایان, نەتەوەش هەمووی ببۆ پێشوازی کردن لە سەربازانی گەڕاوەی بەرەی جەنگ ڕیزیان دەبەست و سەرلەنوێ باوەڕ و متمانەی خۆیانیان پێدەبەخشینەوە, ئای کەوا نەبوو !؟

بێگومان, گەر چارەنووس بەرپرسی ئەم شکستەمان بوایە ئەوا هیچ کەس لەبۆ ئەم شکست هێنانەمان خۆشحاڵی دەرنەدەبڕی و سەمای نەدەکرد و گۆڕانیان نەدەوتەوە, هیچ کەسیش نەی دەوێرا بەلوتبەرزییەوە شانازی بە بەشدارێتی خۆی بکات لەبۆ لاوازکردنی بەرەکانی جەنگی ئەڵمانی و درز تێخستنیو ئەوانەشی مارکس خوازەکان چەواشەیان کردبوون و دەستیان بەسەر ئاوەزیاندا گرتبوو هەرگیز بەشان و باڵی دوژمندا هەڵیان نەدەدا وشانازییان بەشکستی و کەوتە چاڵەوەی خۆیانەوە نەدەکرد. سوکایەتیشیان بە سوپا ماندووە گەڕاوەکەی جەنگ نەدەکرد و ئاڵاکانیان بەر پێ لەقە نەدەدا! تەنانەت ئەم دۆخە وای کردبوو کەیەکێك لە ئەفسەرە ئینگلیزەکان بەناوی ڕیغنتۆن بڵێت: لەنێوان هەرسێ ئەڵمانییەك یەك دانەیان غەیانەت کار و ناپەکە !؟

بەڵێ بەڕاستی ئەم دۆڕانە یەکێك بوو لەبەرئەنجامی دەرهاویشتەکانی ئەو پەتایەی کە توشی نەتەوە هاتبووز ئەم پەتایە خۆڕاگری نەتەوەی ئەڵمانی کلۆرکرد و داب و نەیت و ورەو مەردایەتی سروشتی بۆ مانەوە و حەزی جەنگین لەبۆ سەرکەوتنی لاوازکرد, ئەو جوولەکە و مارکس خوازانەی کە ئەم شکستەی ولأت بەرئەنجامی کاری جێبەجێ کردنی نەخشەکانی ئەوان بوو هەوڵی ئەوەیان دەدا کەئەم فەتارەتە هەموو تاوانەکانی بخەنە ئەستۆی تاکە کەسێکەوە کەناوی (لودندرۆف) بوو.

بەم هەنگاوەشیان توانییان ئەو هێزە لەدەستی ئەم سەرکردە پاکە وەرگرنەوە کە دەیتوانی ولأت لەم ناپاکانە لە وێڵکاران پاقژ بکاتەوە, لودندرۆف ی تۆمەت بارکراو بەشکست پێهێنانی گەورەییەکانی ئەڵمانیا بۆیە لەڕۆژی لێپرسینەوەدا ئەم کەسە

توانـای بـەرگری لـەخۆکردنی نابێـت, ناشـتوانێت کاربکاتەسـەر وەرچـەرخانەکانی دۆخەکە.

ئەودەمـەی مـارکس خـواز و جوولەکە مامۆستاکانیان ئـەم درۆیـەیان تـەفرکردەوە بەباشی دەیـانزانی نـەختێك لـەم درۆیـە لەمێشکی ئەڵمانیەکاندا دەمێنێتـەوە و دواتر کاریگەری خۆی دەبێت, ئەمەش لەداهاتوودا کاریگەری خۆی دەبێت لەسەر وێڵکردنی ئـەو کەسـانەی بـەدووی تۆمـەتبارانی ڕاستەقینەوەن.بەڕاستی باشیان خەملاندبوو, تـوانی بوویـان پشـت بەسـت بـە دەروونـی جـەماوەر ئـەم درۆییـەیان شـێوەیەکی ڕاستەقینەیان پێبەخشی. ئەوکەسـەی بۆمـاوی چوارسالّ تـەنها بیری لـە سـەرخستنی ولاّت و بـەدی هێنـانی خۆشـگوزەرانی دەکـردەوە بـۆ وەچـەکانی داهـاتووی ولاّت وا ئێسـتا تۆمـەتبارکراوە, ئـەم کەسـە لەبەرئـەوەی خـۆی خـەڵکی بـەبێ تـاوان و چـاك دەزانێـت وای هەسـت دەکـرد ئـەوانیش وابـن. بێگومـان دروودەلەسـە خەسـڵەتێکی سروشتی و تایبەتی گەلی بژاردەیە. ئایا بنچینەی دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیە خوودی درۆ نییە بەوەی دەڵێن ئێمە خاوەن یـەك ئاینین لەکاتێکدا ئـەوان بـۆ نـەژاد کاردەکـەن, بەلاّم کام نەژادن ؟

شـۆڕش هـاوەر لـە باسـی جوولەکـەدا ئێـژێت : ((گـەورەترین مامۆسـتای هونـەری درۆکـردن)). بێگومـانین لـەوەی لـەم ڕۆدا هـەموو ئەڵمانییـەك بەباشی ئـەوە دەزانێـت کەئەم پیاوە پاك و بێ تاوانە, جا ئـەو کەسـەش نکۆڵی لـەم ڕاستیە بکات یـان ئـەوەتا شێتە یام دڵپاك و زووخەڵەتیاو, ڕەنگە ترسنۆکبێت و خۆی لەدەرخستنی ڕاستیەکان بدزێتەوە.

بـۆ چانس باشی گەلەکەمان ئـەو پەتایـەی وەخـت بـوو هـەموو لەشی نەتەوەکـەمان داڕزێنێت لەناکاو بەشێوەی فەتارەت دیارکەوت و هەموان لێی بـەئاگا هاتنـەوە ئەگینا بەرەبـەرە هـەموو لەشـی نەتەوەکـەمانی هەڵدەپروقانـد و تیـای دەبـردین , ئـەم خێـرا کاریگەربوونەی زۆر لەوە باشتر بوو کەلەسـەرخۆ و درێژخایـەن بێت. مـرۆڤ دەتوانێت بەئاسـانی بەسـەر نەخۆشـی چـاوەقوڵەدا زاڵبێـت بـەلاّم نەخۆشـی سـیل زالّ بـوون بەسـەریدا ئاسـان نییـە, چـونکە چاوەقوڵە لـەناکاو بەشێوەیەکی خێـرا دیاردەکـەوێت کەسـەکە دەزانێت چی توشی بووەو بەلاّم سیل یـان دەردەباریکـە کوشندە و لەسـەرخۆ کاریگەرە. چاوەقوڵە ترس و نەهامەتی بلاّودەکاتەوە, بـەلاّم سیل بـەمێمنی کاریگـەری

خۆی دەنوێنێت. ئەوەمەی مرۆڤێك دووچاری چاوەقوڵەدەبێتەوە هەموو کارێك بەس بۆئەوەی لێی پزگاربێت بەڵام سیل لەبەرئەوەی بەیەکجار کاریگەریەکانی دیارناکەوێت بۆیە کەسەکە تەوەزەل دەبێت لەبەرامبەر لەناوبردنیدا . ئەمەش وادەکات لەکۆتاییدا دەردی یەکەم کەم کاریگەرتربێت لەدەردی دووەم. بەم ڕێگەیەش مرۆڤ توانی ناخون و چنوڕکەکانی چاوەقوڵە ببڕێت بەڵام لەبەرامبەر دەردەباریکەدا تانێستا دەوەستانە.

بۆیە ئەو پەتایانەی دووچاری نەتەوەکان دەبێت هەندێك درێژخایەنە و هێندێکی دی خێرا و لەناکاو. سەرکەوتن لە چارەدۆزینە و لەناوبردنی پەتای باودا بەندە بە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ خودی بنچینەی پەتاکەکە. یان قرتاندن و ڕیشەکێشکردنی پەتاکە لەبنەڕەتەوە.

ئێمەی ئەڵمانی ئەوەمەی هەوڵی دەست نیشان کردنی پەتاکەمان دا هۆکار و دەرکەوتەکانی پەتاکەمان تێکەڵ کرد. بڕوامان وابوو کە ناریشەی کۆمەڵایەتی- ئابوری فاکتەری هۆکارە لەکاتێکدا ئەمە جگە لە دەرکەوتەیەکی پەتا کوشندەکە زیادتر هیچی دیکە نەبووە.

ئەوەمەی ئەڵمانیا دەست نوقاوی نواند لەبەرامبەر وەچەکانیدا کەساڵ بەدووی ساڵ ڕوویان لەزیادبوونە. پەیداکردنی نانی ڕۆژانەی خەڵك گرنگی زۆری هەبووە لە داڕشتنەوەی پلانەکانی بەرپرسانی وڵات. لەجیاتی ئەوەی لەخوودی ئەوروپادا بەدووی فراوانکردن زەوی و دابینکردنی قوتی هاوڵاتیاندا بگەڕێن. بەڵام ئەم سیاسەتە پشت گوێ خرا. ئەمەش بۆئەوەبوو کە سیاسەتی تایبەتی دابڕێژنەوە بەمەبەستی دەستگرتن بەسەر جیهان لەڕووی ئابوورییەوە.

مارکس خوازەکان ئەم خراپی باری گوزەرانی نیوەی دانیشتوانەیان قۆستەوەو توانییان تۆوی ڕق و کینە لەناخی چینی کشتیاراندا بچێنن و نەتەوەو دەوڵەت دابەشی دووچین بکەن: چینی پرۆلیتاری زۆرینەی هەژار و چینی بۆرژوازی و سەردەستەی دەوڵەمەند.

ئەوەمەی ئابوری وڵات بەرەو بوون بە کۆڵەکەی پشتی وڵات هەنگاوی دەنا سەروەت و دارایی لەسەر کورسیەك دانرابوو کە پەرەستنیان بۆ دەکرد لەڕێگەی هاندانی کەسێکەوە کە دەبوو دژبەری ئەم ملمڵانێیەی بکردایە و سنوری بۆ مەترسیەکانی داناباید بەڕاستی فەرمان فەرما غولیۆم کەوتە هەڵمەیەکی گەورەی

شایسته بەلێخۆش نەبوونەوە کە هانی خانەدانەکانی دا بۆ تەقل بوونە نێو کاروباری داراییەوە, ئەگەر بەجوانی بیری بکردایەتەوە ئەوا خانەدانی بۆجێماو, خانەدانی خوێن, ئەودەمەی خانەدانی دارایی دێتەئاراوە خۆیشی ناناسێتەوە, چونکە گرێبەستە داراییەکان بەهێزترە لەکێشکردنی خانەدانەکان وەک لە جەنگ. ئەو خانەدانانەی ڕاڕەی فەرمان فەرمای ولاتی ئەڵمانیایان دەکرد بێ ئاگابوون لەوەی شکستی ئیمپراتۆر یان فەرمان فەرما مانای شکستی ئەوان و لەناوچونیانە, لەبەرئەوەی سود و قازانجی مامەڵەی دارایی لەخانەدانێتی ڕاستەقینەی خستبوون و کردیبونە کەری دەستی جووەکان.

یەکێك لەدەرکەوتەکانی پوچ بوونەوەی ئابوری نەتەوەیی لەناوچوونی سامان و داهاتی گشتی خەڵکی بوو بەهۆی نەخشەی فۆرخکاری نێونەتەوەیی و ئاژاوەکانی مارکس خوازەکانەوە. پیشەسازی قورس لەوڵاتدا هەوڵی دژبەری کردنی ئەم ڕەوتەی دا بەڵام مارکس خوازەکان تواناییان سنورێك بۆئەم دژایەتیانەیان دابنێن پاش لەسەرکەوتنی شۆڕشەکەیان کەپاش لە شکستە سەربازیەکان هاتبوە ئاراوە, بێم شێوەیە دوژمنانی ئەڵمانیا تواناییان ئابوری ئەڵمان بکەنە ئابورییەکی نێودەوڵەتی, یەکێکیش لە بەرئەنجامەکانی ئەم کارەیان گۆڕینی خاوەندارێتی تۆڕی هێڵی گواستنەوە بوو لە خاوەندارێتی دەوڵەتەوە بۆ پشککاری نێونەتەوەیی.

ئەودەمەی حەزەکانی مارکس خواز و جولەکەکان هاتەدی لە داڕووخاندنی پایەکانی ئابوری نەتەوەیی هاتە ئاراوە, پاش لەمەش بانگەشەی هەستانەوە و بوژانەوەی ئابوری ئەڵمانیایان دەکرد بەوەی پێشیاوی بەرەوپێشەوەچوونە. دەستەلاتدارانیش ئەم بیرۆزە خواروخێچەیان قبوڵکرد, لەکاتێکدا گەر لەفەرەنسای سەرکەوتوومان بڕوانیبایە دەمان دیت کە سەرباری گرنگی دانی بەبوژانەوەی ئابوری ولاتەکەی کەچی گرنگییەکی زۆریش بە بوژانەوەی بواری هزر و هەناویش دەدات, لەکاتێکدا بەکۆتایی هاتنی جەنگ فەرەنسا هیچ کات ئابوریەکەی لەئێمەی ئەڵمان خاستر نەبوو.

***

لەدەرکەوتەکانی پوچبوونەوە و هەڵوەرینی پایەکانی دەوڵەتی ئەڵمانیا لەپێش جەنگ نەمانی ئەوهێزانە بووە کە باوباپیرانمان هەیان بووە. ئازایەتی و نەبەردی و

چاونەترسی و وێژەی بالاّ و دەروون بەرزی پووچ بوویەوەو گۆڕدرا بۆ سستی و تۆسنۆکی و خوێڕێتی و کالّفامی، بێگومان لەم کاتەشدا شێوازی پەیڕەوکراو بۆ پەروەردە بەرپرسی ئەم چەشنە هەڵوەشاندنەوەیەی دەوڵەت بوو؟ چونکە ئەوەی گرنگی پێنەدەرا بواری پێگەیاندن و پەروەردە بووە و فەرمان فەرما وای دەزانی منداڵانیش بەخۆڕسکی هەمان ئاکاری باوانیان وەردەگرن! پادشا هەرچی بگوتایە دوا بڕیاربوو، کەس نەی دەتوانی بڵێت لەل یان نا و نەخێر بوونی نەبوو، خۆئەگەر کەسێکی بەهێزی وەکو بسمارك هەبایە چی لەبەرژەوەندی نەتەوەدا نەبوایە پێی بگوتایە نەخێر و جێبەجێی نەکرایە ئەوا ئەمڕۆ دەمانتوانی تەنها سەرزەنەشتی چارەنوس بکەین بەوەی ئەمە بەهۆی چارەنوسێکیەوە توشمان بووە، بەمەش دەمانتوانی خۆمان لەدەرئەنجامەکانی ئەم شکستە قوتار و بێبەری بکەین.

لەهەموو کات و ساتێکدا کۆشك نشینانی مشەخۆر بارن بەسەر خوودی پادشا و دەوڵەتیشەوە، ئەوەندە لەکۆشکدا دەمێننەوە بەخۆیان دەڵێن پاشاخوازەکان و بەمەش دەتوانن خۆیان لە خەڵکانی دیکە جیابکەنەوە. بەڵام ئەوکاتەی ئەم پاشا نان پێدەرەیان دووچاری فەتارەتێك دەبێتەوە ئەمانە پشتی لێدەکەن و بەقەوڵی ڕەفتارناکەن، خۆیان دەخشێننە باوەشی تازە دەستەڵاّدارەوە و دەبنەوە ماستاکەری ئەو کەسە، ئەمە لەکاتێکدایە پێشتر پادشای نان پێدەریان چاوەنواڕی خۆکردنە قوربانی لێدەکردن ، ئەی کەواتە کوا ئەم هەموو متمانەیە بۆکوێ ڕۆشت ؟

بەڕاستی کەسی دڵسۆز ئەوەنییە ئەو فەرمانانەی پاشا وەکو خۆی جێبەجێ بکات کە لەبەرژەوەندی نەتەوەو دەوڵەتدا نییە، بەڵکو ئەو کەسە دڵسۆزە کە ڕێنمایی پادشا دەکات و لەهەڵەکانی ئاگاداری دەکاتەوە، مەرج نییە هەموو تاج لەسەر نراوێك ژیر و تۆکمەبێت، بەڵکو ئەوانەی خاوەنی تایبەت مەندی زیرەکی و نەبەردین زۆر کەم دەبنە تاج لەسەر نراو، ئەوەش ئاسمان بوو کەخۆی بڕیار لەوەدابوو کە فریدریکی گەورە ببێتە پادشای گەورەی وڵات، یاخوود کەسێکی هێمنی وەکو غولیەمی دووەم، بەڕاستی ئەم پێبەخشینە سەدسالّ جارێك ڕوودەداتەوە.

ژمارەی ئەو سەرکردە پادشایانەی کە ئاگاداری ئەم ڕاستیەن کەمن، لەکاتێکدا زۆرن ئەوانەی بوون بەقوربانی ئەم کالّفامی و هیچ لێنەزانینە.

لەمشەخۆری سەرکردەکان و خراپ پەروەردەییەوە چینێکی کەمئەندام لەئاوەز دێنەئاراوەو دەست بەسەر پایەکانی فەرمانڕەوایەتی ولاتدا دەگرن، ئەمانە لەبەرپرسیارێتی ڕاستەقینە ڕادەکەن و لەبەرەو پێشەوەچوونی ڕاستەقینەش دەترسێن. پەیڕەوی پەرلەمانی یارمەتی دەرێکی باشی ئەم چەشنە چینەیە، چینی ڕاکردوو لەبەرپرسیارێتی، لەولاتدا زۆرجار دەستەلاّت دووچاری چەندین نەنگی دەبێتەوە و هەرکە بڕیارێك دەردەکات پاشتر هەست بەخەوەشەکان خۆی دەکات و لەم کاتەشدا بەتەنها نیوچە چارەسەری دەکات و کێشەکان بەتەواوەتی نابڕێنێتەوە، بۆیە لەم کاتەدا هکومەت پێتقی وە دەستپێشخاری گرنگ و ژیرانەیە.

ڕۆژنامەکان ڕۆڵی سەرەکیان هەبوو لەئاراستە بەخشین بەڕای گشتی و دوورخستنەوەی تاك لەپەروەردەی تەندروست.

ئەوکەسانەی ڕۆژنامەکان دەخوێننەوە سێ چەشنن:

١-هەندێکیان بڕوایان بەتەواوی قسەی ڕۆژنامەنوسانی نوسراو پەسەند دەکەن.

٢-هەندێك بەتەواوەتی قسەی نێو ڕۆژنامەکان ڕەت دەکەنەوە.

٣-هەندێك پاش لەخوێندنەوەی لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون بۆ دەقەکان دەکەن.

زرینەی خەڵك سەربە ژمارە یەکن، واتە زۆرینە کۆمەڵگە نەخوێندەوارن و بیرکردنەوەیان بەئەرکێکی قورس لەقەڵەم داوە بۆیە بەکەسانی دیکەیان سپاردوەو ئەمان بەتەنها بەرهەمەکەی دەخۆن، بڕوایان وایە ئەو کەسانەی بۆچوونەکانیان بلاّودەکەنەوە هەمووی بۆچوونی چاك و بەهێزی هەسان دراوی خزمەتکاری نیشتمان و تاکی کۆمەڵگەیە ، بۆیە ئەوانە شایەنی شوێن کەوتنن.

کەواتە ئەتوانین بێژین: ئەم بەشە زۆرینەیەی کۆمەڵ تاقەتی بیرکردنەوەیان نییە و بوونەتە نێچیری ئەو ڕۆژنامانەی کەبە چەواشەکاری و بەهەڵەدابردنی خەڵك دەژین، ئەمە و سەرباری هەوەی زۆر بەزووی دەشکەوێتە تەڵەی بەرنامەی ڕێکخراوە نانەتەوەییەکانی هاوشێوەی مارکس خواز و جولەکەکانەوە.

کۆمەڵی دووەمیش پێشتر سەربە کۆمەڵی یەکەم بوون، واتە پێشتر بەخوێندنەوەی ڕۆژنامەکان بۆچونەکانی خۆیان پتیات دەنایەوە، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات بۆیان دیارکەوت کە ئەو ڕاستیانەی لەڕۆژنامەکانەوە وەردەگرێت زۆرکەمن و زۆرینەی زانیاریەکان هەڵە و چەواشەکارە، بۆیە لە باوەڕوونی تەواوەوە بە قسەی ڕۆژنامەکان

بڕیاری وەرچەرخانیان دا بۆ گومانی تەواو لە قسەی رۆژنامەکان، هەرگیز بڕوا بە قسە نوسراوەکانی نێو رۆژنامەکان ناکات بەڵکو هەمیشە گومانی لێیەتی و وای دەبینێت کە ئەوانەی ئەم رۆژنامانە دەنوسن جگە لەکۆمەڵێك دەست خاڵی زیادتر کەلەسەر چەواشەکردنی خەڵك دەژین هیچی دیکەنین، ئەم جۆرە کەسانەش بێ سوودن بۆ هەموو کارێك.

بەڵام پۆڵی سێیەمی خەڵك ئەمانە بژاردەیەکی کۆمەڵن و زۆرینەیان کەسانی ژێر و لێهاتوون، بەهۆی بەهرەداریانەوە دەتوانن بەباشی بیربکەنەوە و بەجوانی لەوەی دەیخوێنننەوە لێی ورد ببنەوە و ئەمانە دەتوانن جیاوازی بکەن لەنێوان بێهێز و بەهێزدا. جێگەی داخ نییە ئەم بژاردە ژیرەی کۆمەڵ جێدەستی دیارنەبێت لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە و دەوڵەتدا لەکاتێکدا زۆرینەی نەخوێندەوار جێدەستی دیارە؟

بەهۆی شێوازی پەیڕەوکراوی ناسراو بە پەیڕەوی دەنگدانی گشتی زۆرینەیەکی نەخوێندەوار پوليکی تایبەت بەخۆیان هەڵدەبژێرن، بەڕاستی بەر لە هەڵیسانی جەنگ ئەم زۆرینە نەخوێندەوار و کاڵفامەی کۆمەڵ بژاردەیەکی گەواژی خەڵکی ئاراستەی پەرلەمان کرد، کردنیە ئەندام پەرلەمان، کەهیچ ناوبانگی و ژیرییەکیان پێوە دیارنەبوو، بەڵام رۆژنامەکان کوردنیە کەسانی پاڵەوان و هەرئەوان هەبوو.

ئەودەمەی گەنج ولاوانی ئەڵمانی لەمەیدانی جەنگیدابوون و خۆیان دەکردە قوربانی خاك و نیشتمان و نەتەوەکەیان کەچی ئەم ئەندام پەرلەمانەبۆگەنانە سەرقاڵی تەڵە نانەوە بوون بۆ هەموو نیشتمان پەروەرێك ، ئەمەش تەنها بۆ پڕکردنی گیرفانە قوڵەکانیان بووە.

ئەوە ئەرکی دەوڵەت نیە ڕێگربێت لەو رۆژنامانەی لەڕێگەی چەواشەکردنەوە ئاراستەی خەڵك دەگۆڕن و دەیان خەنە سەر ڕێڕەوی هەڵە؟ ئایا چاودێری کردنی رۆژنامە کاریگەرەکانی وڵات ئەرکی دەوڵەت نییە ؟

بەڕاستی گەر ئازادی رۆژنامەوانی نەزانرێت بەجوانی بەکاربهێنرێت ئەوا نەتەوە بەئاقارێکی پێچەوانەی مەبەستەوە دەبات و هەموان چەواشەدەکات و نەتەوەش هەڵدەوەشێنێتەوە، بۆیە پێویستە دەوڵەت بەجوانی ئاگای لەئازادی رۆژنامەوانیش بێت و چاودێری هەموو رۆژنامەکان وێت.

هەڵوێستە شەرمەزارکارەکانی ڕۆژنامە ئەڵمانیە چەواشەکارەکانی پێش و کات و پاش لەجەنگم لەبیرنەکردووە. خۆ ڕۆژنامە چەپڕەوەکان -کە دواتر کاریکردە سەر پاقی مەنی ڕۆژنامەکانی دیکە و بەئاراستەی خۆیدا شەنی پێدەکردن- لەکاتێکدا هەموو جیهان خۆیان بۆ دژایەتی کردنی ئەڵمانیا پڕچەک دەکرد ئەم گەمژانە بانگەشەی ڕزگارکردنی ئاشتیانەیان بلاودەکردەوە؟ ! خۆ ڕۆژنامەکانمان لەسەرەتای سەدەی بیستدا زۆر بەجوانی ستایشی دیمۆکراتی خۆرئاوایان دەکرد و زۆر بەڕوونی بانگەشەی لاوازکردنی دەوڵەت و بەهێزکردنی تاکیان دەکرد؟ هەر ڕۆژنامەکان نەبوون کە دژایەتی نەریت و پیرۆزیەکانی نەتەوەکەمانیان کردە کارێکی ئاسایی و خەڵکیان لە گێژاوی ئەندێشەی چێژدا نغرۆ نەدەکرد ؟

هەر ڕۆژنامەکان نەبوون کەدژایەتی کرداری بەسەربازگرتن نەبوون؟ کنەی ئەندام پەرلەمانەکانیان دەدا بەوەی لەڕێگەی پەرلەمانەوە هەوڵی بڕینی یارمەتییە داراییان لەسوپا بدەن, لەکاتێکدا بۆرانی جەنگ بەسەر ئەورووپادا هەڵی کردبوو ؟

ئەو کەسانەی لەم ڕۆدا سەرقاڵی فرمێسک ڕشتن بۆ ئایندەی ئەڵمانیا ئەی لەبیریان کردووە کەئەوە خۆیان و ڕۆژنامەکانیان بوون کەهۆکاری هەڵوەرینی دەوڵەتەکەیان بڕەوپێدا ؟

ڕۆژنامە مارکس خوازەکانیش لەڕێگەی لاوازکردن و لێدان لە پایە کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەکانی دەوڵەتەوە هەوڵی ئاسانی مل پێکەچکردنی گەلی وڵاتیان نەدەدا بۆ جووانی گەورە و نەخشە بۆداڕێژەریان.

ئەی دەوڵەت چیکرد لەبۆ پاراستنی گەل و بەدوورگرتنی لە ژارە ؟ بەڕاستی هەنگاوێکی وەها نەنا کە شایەنی گرنگی پێدان بێت, ئەمەش بەهۆی ئەوەبوو کەبە ئاوەز بیری نەکردبۆوە. چون ئەگەر بەجوانی و ئاوەزەوە بری بکردایەتەوە ئەوا هەرگیز بە ڕەفتارە نامرۆڤ دۆستانەکانی دوژمنانی نەتەوەی ئەڵمانی قایل نەدەبوو کەخۆی دەنواند لە لاوازکردنی بنەماکانی پایەی دەوڵەت لەڕێگەی لێدان لە ئاکاری نەتەوەو باشەی تەندروست و توانای بەرگری بەهێز و زیندەیی تاک لەنەتەوە و ئابووری نیوخۆیی بەهێز. گەورەترین نەهامەتیش ئەوەبوو کەپاش لەوەی ئەندامانی نەتەوە دووچاری ئەم پەتایە هاتنەوە بەرەنگاری هەموو ئەو کەسانە دەبوونەوە کە بۆ

بەرژەوەندی ئەوان دەپەیڤین, لای ئەمانە نەتەوە لەپیرۆزترینەوە بۆ قێزەوەنترین گۆڕدرا.

بێگومان ئەودەمەی ڕۆژنامە مارکس خواز و جوو ویستەکان لەهەوڵی هەڵوەراندنی پونێتی دەوڵەتدا بوون لەڕێگەی بلاوکردنی بێ ئابڕوویی و بانگەشەی بەناو ئاشتی و ناشرینکردنی پایەکانی نەتەوە خوازی و کلۆڵ کردنی ژێواری نەتەوە و ئەنجامدانی کاری ناشرینەوە ,دەوڵەت لەم کاتەدا دەستەوەستان وەستابوو. دەوڵەت لێرەدا هەرئەوە نەبوو دژایەتی ئەم بزوتنەوە دژە خۆیەی نەکردووە بەڵکو بگرە لێشیان ترساوەو جاروبار دەستی یارمەتیشی بۆ درێژکردوون. جوولەکەکان زۆر بەژیرانە توانیوبویان مێشکی زۆرینەی کۆمەڵگە ژاراوی بکەن بەبێ ئەوەی هیچ کەسێك گومانیان لێبکات. ڕۆژنامە مارکس خوازەکان زۆر بەشێنییەوە هەوڵی لەناوبردنی هەموو پیرۆزیەکانی دەوڵەت و نەتەوەیان دەدا و تادەهات دژایەتی دروستکردن لەنێو ئەندامانی نەتەوەدا بەرەوی زێدتری پێدەدرا, لەم کاتەدا ڕۆژنامە بۆرژوازییە دیمۆکراتیەکان بەشێوەیەکی بابەتیانە چارەسەری کێشەکانی دەکرد, بەشێوازێکی هێمنانە و پتەو, دوور لە توندوتیژی, ئەمەش بەهۆی ئەوەوەبوو کەجوولەکەکان باشیان دەزانی کەمێشك پوچەکان بەپشت بەست بە ڕووکەش بڕیاری خۆیان دەدەن, ئەم مێشك پوچانە هەمیشە بە نەرم و نیانی گەلی بژاردە و ئارەزووی ئاشتی خوازییان هەڵخەڵەتاوان, تاوانی هەندێك گشتیر ناکەن؟ چونکە توانای ئاشکراکردنی گەمە دروستکارەکەی نییە.

ڕۆژنامەی ((لاغازیت دو فرۆنکفۆرت)) نمونەی بالای ڕۆژنامەی جوولەکەی میانڕەو بوو. دروشمی ئەم ڕۆژنامەیە نابۆ توندوتیژی و بەڵێ بۆ نەهێشتنی کێشەکان لەڕێگەی ئاوەز و لۆژیکەوە. ئەم ڕۆژنامەیە هەرگیز بۆجارێکیش لەڕێڕەوی خۆی لاینەداوەو جاربەجاریش ئامۆشیاری ڕۆژنامە مارکس خوازە هاو ئامانجەکانی دەکرد لەوەی لەڕەخنەگرتنی ولاّت نەوەستن. ئەم ڕۆژنامانە بەناوی ئازادییەوە هەموو شتێکیان ئەنجام دادا, ئەوکاتەی ڕۆژنامەیەك بڕیاری داخستنی دەدرا یان دەدرایە دادگا ئەم ڕۆژنامانە هەموو کارێکیان دەکرد و سنورێکیان بۆخۆیان نەدەهێشتەوە.

دەستەلاّت لەترسی نیگەران نەکردنی ڕۆژنامە(چاکەکان) لە دادگایی کردنەکە دەستی هەڵدەگرت و ئەمجار هەمدیس ڕۆژنامەکە لەجارانی جاران خراپتر دەکەوێتە

وێـزەی خـەڵکی نەخوێنـدەوار و ژەهراوکـانی خـۆی بەسـەردا دەڕشـنەوە و بەمـەش بەرەبـەرە ولاتـی بـەرەو هەڵـدێری هەڵوەشانەوە ئاراستە دەکرد. بـەم جۆرەش توانیان بواری بەرگری کردن لە خوودی ئیمپراتۆریش وەرگرنەوەو نەهێڵن بـەرگری لەخۆیشی بکات, بەمەش فەرمان فەرماییەکە بەرەو هەڵوەشاندنەوە پۆیشت و نیاچوونی بەرەی دەرەکی ئەڵمانی بەرئەنجامی تیاچوونی بەرەی ناوخۆیی ولاّت بوو.

***

زیـادتر لـە بەڵگەیـەك هەیـە کەئامارژەی لاوازی حکومـەتی ئەڵمانی و بێدەسـتەلاّتی و بێ دەست و بری سەردارانی ئەڵمانیابووە لەچارەکردنی کێشەکاندا. لەپاڵ چاوپۆشی کردنیـان لـە ژەهـر پرژێنـەرە مـارکس خـواز و جولەکەکانـدا دیتمـان چـۆن هکومـەت دەستاوەستاوە لەبرامبـەر نەخۆشی سوسـنك و دەردەباریکـە. نەخۆشـی زوهـری یـان سوسـنك لەشـارە گـەورەکانی ولاّتـدا تەنیـەوە, بـەڵام دەردەباریکـە یـان سـیل کـون و قوژبنی ولاّتی گرتەوە. ئەڵمانیا بە دەستەلاّت و میللەتیشەوە لەهەمبـەر قەڵاچۆکردنی ئەم نەخۆشیانەدا دەستەوەستان مابونـەوەو نـەیان دەزانـی چیبکـەن. بـەڵام هەوڵـەوکان بۆ زاڵبوون بەسـەر نەخۆشیەکەدا بریتی بوو لە لەناوبردنی دەرکەوتەکانی نەخۆشیەکە لـەبری لـەناوبردنی فاکتـەرەکانی بلاّوبوونـەوەی کـە لەسـەرووی هەمویانـەوە بـەهۆی لەشفرۆشی و کوزفرۆشتنەوە بوو لەبەرانبـەر بڕێك پـارەدا, لەهـەر ولاّتـدا کوزفرۆشـی و گانـدان لەبەرامبـەر پـارەدا بلاّوبوویـەوە ئـەو ولاّتـە تـەنها تیاچـوون و هەڵوەشـاندنەوە چاوەنواڕێتی.

لەشفرۆشـی مانـای ڕەهـاکردنی پەیوەندییـە ڕەگەزبازیـەکان و کردنیـەتی بـە بەکارهێنراوێکی بازۆرگـانی , بلاّوبوونـەوەی کوزفرۆشـی مانـای سسـت و لاوازکردنی ئەو پەیوەندییە گیانیانەیە کە تاکەکانی کۆمەڵی بەخۆشەویستیەوە پێکـەوە گرێـداوە, لەم کاتەدا مردوە گیان لەبەرەکان دەست دەکەن بە زاوزێ و وەچەیەك لەحەرام زادەکان بۆ ولاّت دێننە ئاراوە. بەتەنها ڕوانین لـە وەچەکانی خانەدانـەکان ئـەم نەهامەتیانەمان بـۆ دیاردەکـەوێت, بـەوەی بـاوکی ئـەم منداڵانـە لەیانـەکانی خواردنـەوەو لەشـوێنەبازرگانیەکاندا دگـەڵ کـەنیزەك و بەردەسـتەکانیاندا جووتبونـە و وەچـەیەك لەمنداڵی زۆڵیان لێهناونەتە دونیاوە کە ئەم وەچە ئینتیماشیان بۆ باوکی خۆیـان نییـە جا وەرە بۆ دەوڵەت و نەتەوە هەیان بێت !

ئەی لەم کاتەدا دەوڵەت بۆ سنوردانان بۆئەم قێزەوەنترین کارە چیکرد؟ تەنها هەستا بە بەستنی کۆنگرەی پزیشکی بەمەبەستی چارە بۆ دۆزینەوەی. قەلاچۆکردنی نەخۆشی زوهری یان سوسنك یەکەمین هەنگاوی لەڕێگەی قەدەغەکردنی لەشفرۆشیەوە دەبێت کەبۆ جولەکەکان قازانجێکی زۆری هەیە, هاوکات دەستکردن بەنوسینی بەهێز بەمەبەستی هۆشیارکردنەوەی نەتەوە لەئەوەی زاڵبوون بەسەر ئەم نەخۆشیەدا ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانی دڵسۆزانەیە؟ لەبەرئەوەی مانەوەی ئەم پەتاسە گوڕەشەیە لەبۆ هەڵوەشاندنەوەی نەتەوە.

لەهەمان کاتدا پێویستمان بە زنجیرەیەك لە هەنگاوی بوێری دیکەهەیە و لەشێوەی دژبەری کردنی ئەو نەریت و بیرۆکە کۆنانەی کە وادەزانن باسکردن لە چەشنی پەیوەندییە ڕەگەزبازیەکان کارێکی قەدەغەکراوە و نابێت هیچ کەس بەئاشکرا باسی بکات و باسکردنی شێوەیەکە لە بێ ئابڕوویی. بۆئەمەش دەبێت لەتەمەنێکی کەمدا هاوسەرگیری ئەنجامبدرێت, هاوسەرگیری درەنگ وەخت یارمەتی بلاوبوونەوەی لەشرۆشی دەدات کە هەموو مرۆڤایەتی بەرەو نەنگییەکی تەواو دەبات و لەقوڕێکی خەستدا دەیان خنکێنێت.بەڕاستی زۆر هەڵەن ئەوانەی پێیان وایەو بەتەنها لەڕێگەی وتار و ئاگادارکردنەوە و هۆشیاری ئاینییەوە دەتوانرێت دیاردەی لەشفرۆشی قڕبکرێت..تاکە چارەی پێش وەهت بۆئەمە هاوسەرگیرییە لەتەمەنێکی کەمدا.

قڕکردنی ئەم پەتا کۆمەڵایەتیە پێتقی وە کۆمەڵێك هەنگاوی جێبەجێ کاری هەنە پێش لەهاندان بۆ ئەمجامدانی کرداری هاوسەرگیری لەتەمەنی کەمدا, کە گونجاوە دگەڵ سروشتی مرۆڤدا بەتایبەت سروشتی نێرینە ؟ چونکە پڕۆلی مێچکە لەپەیوەندییە ڕەگەزبازیەکاندا پڕۆلێکی گەورەی نەرێنی هەیە.

دەوڵەت هەستا بە پشت گوێ خستنی ئەم لایەنە هەروەك چۆن هەستا بە پشت گوێ خستنی سنوردانان لەبۆ زاوزێ کردن لەهەندێك ژینگەدا. دەوڵەت ئەوەی لەبیرکردبوو کەمەبەست لێرەدا تەنها هاوسەرگیری نییە, بەڵگو ئامانجێکی زۆر لەوە گەورەترە: پاراستنی جۆر و ڕەگەزە. ئەگەر هاوسەرگیری نەگاتە ئەم ئاستە ئەوا دگەل لەشفرۆشیدا هیچ جودایەکیان لەنێواندا نابێت. یەکێك لەباشیەکانی هاوسەرگیری زوو یان پێش وەخت مۆرکردنی نەتەوەیە بە وەچەیەکی بەهێز و تەندروست, بەڵام

هەمدیس پێش لەم هەنگاوەش دەوڵەت دەبێت ئاستێکی کۆمەڵایەتی شیاو بۆ هەموان دابین بکات.

ئەوڕۆ هەست بەوەدەکەین کە کۆمارە ترساوەکە ((سۆسیالیستی کۆمەڵایەتی)) لەڕێگەی کێشە دروستکردن لەبۆ هاوسەرگیری نێوان هاوڵاتیان کێشەکانی خۆی چارەدەکاتو ئەمەش هۆکاری سەرەکی دەبێت بۆ پەنابردنە بەر کوزفرۆشتن و کوزکڕین و دواتریش دووچاربوون بە نەخۆشی سوسنك و چەندین پەتای دیکەی مەترسیدار.

ئاستی دووەمیش کەپێویستە دەوڵەت گرنگی پێبدات بواری پەروەردەو فێرکردنە.

لە پەیڕەوی پەروەردەی ئێستادا هیچ چەشنە دیاردەیەکی ڕاستەقینەی وەرزشی بەدی ناکرێت, کە پێشتر باوانمان بۆ پێگەیاندنی وەچەیەکی بەهێز و چاوکراوەدا پەنایان تێگرتبوو. پاش جەنگ ئەوەمان لەبیرکردبوو کە میچشکی ساغ لەدەرەوەی جەستەی ساغەوە بوونێکی نییە, , لەم کاتەدا دەستمان دابوویە چاودێری کردنی ئاوەز و بڕوامان وابوو ئاوەز ستونی بااڵی هەستانەوەی نەتەوەیە.

ئەودەمەی بەلشەفیەت لەو ژینگانەدا دیارکەوت کە بەرگری ڕەوشتییان کەمە بۆچاودێران دیارکەوت کە بنەماکانی داڕووخاندن ئەم کاریگەرییەی نەدەبوو ئەگەر لەبەرامبەر جەستە و ئاوەزی ساغدا ئاراستەبکرایە.

ئەو هاوڵاتیانەی ئەم بەرنامەیەیان وەرگرت مێشکیان پڕکرابوو لە بیرۆدۆزەکان و سکیان خاڵی یان پڕبوو بەڵام بە شمەك گەلێك کە پێدەچوو قاڵابێت لەو چتانەی ئالیکاری گەشەی جەستەبن, وزەی پێویستیشی بۆ دابین نەدەکرد بۆئەوەی دایەتی فێڵە بەرجەستەیی و هزریەکانی پێبکاتەوە.

سەرباری ئەمەش گرنگی نەدان بە پەروەردەی جەستەیی لەئەنجامدا سەرکێشییەکانی ئارەزوو و ڕەفتارە نەشیاوە ڕەگەزبازییە خۆڕسکەکانی لێدەکەوێتەوە. لەبەرئەوەی ئەو جاحێلەی سەرقاڵی وەرزشی جەستەیە توانای لغاوکردنی بۆ ئارەزووەکانی جوتبوون و ڕەگەزبازی زێدەترە وەك لەو گەنجەی لەماڵێدایە و سەرقاڵی وەرزشی مێشکە لەڕێگەی خوێندنەوەوە. هەرچەشنە پەیڕەوێکی پەلاوەردەیی گەر بەڕاست ئامانجی باشترکردنی کۆمەڵگەبێت ئەوا پێویستە هەردوو بەشی مرۆڤ (جەستە و ئاوەز) بکاتە ئامانج و هەردووکیان پەروەردەبکات.

لەو ساتەوەی بەلشەڤ و جوە تەڵەکەبازەکان سەرقاڵی کلۆرکردنی دەوڵەتی ئەڵمانی بوون دەستیان دایە نانەوەی تەڵەی ڕەگەزبازی لەسەر ڕێگەی گەنجانی ئەڵمانیادا بەجۆرێك بۆهەر کوچە و کۆڵانێك بڕۆیشتیتایە بەتەڵەکەدا دەتەقیتەوە و دەیگرتی, وای لێهاتبوو کورسی بێ شەرمی و بەڕەڵایی لەشانۆ و سینەما و ڕووسی خانە و کوزفرۆشگا و یانەکانی خواردنەوەدا قوت دەبوویەوە و تەنانەت لەگۆڕەپانە گشتیەکانی وڵاتیشدا دیار دەکەوت.

دەستەڵات چی کردووە-ئەوانەی بەر لەهەڵایسانی جەنگ و ئەمانەی پاش لە لێبوونەوە لەجەنگ-بۆ نەهێشتنی ئەم تەڵە مەترسیدارانە؟ جگەلەوەی بۆ پیاوانی ئاینی بەجێی هێشتووە بۆئەوەی بەرەنگاری ئەم دیاردە ناشرینە ببنە هیچی دیکەی نەکردووە,بەمەش پیاوانی ئاینی کرانە بەرپرسی لاوانی ئایندە و سەڵامەتی گەنجامی ئەمڕۆ و نەتەوەش. ئایا هیچ سەرمان لەوە سوڕ دەمێنێت کە لەم ڕۆژدا نێرەمۆکی و نێربازی بڵاوبووەتەوە و حەز و توانای جوتبوون لای لاوانی ئەمڕۆمان لەچاو باوانماندا چەندان هێند کەمی کردووە !

کەواتە چۆن دەتوانرێت پشت بەم چەشنە گەنجانە ببەسترێت بۆئەوەی ڕاپەڕن و پارێزگاری لە نەتەوەو خاکەکەیان بکەن و قوربانی بدەن لەبۆ پراستنی دامەزراوە و نەریتەکان و میژووی ئەڵمانیا بەکارە پاڵەوانەکانیان چلۆن دەوڵەمەند دەکەن؟ چۆن دەتوانن ئەم چەشنە گەنجانە ببنە سەردێڕی باسی وەچەکانی داهاتوو ؟

لەم کاتەدا زۆر بەئاسانی نەخۆشی سوزەنەك دەتەنێتەوە و لەشی گەنجانمان هەڵدەوەرێنێت لەکاتێکدا ئەنجامدراوە ڕەگەزبازیەکانیان بەزۆری لە کونی گەرماوەکان و ماڵانی کوزفرۆشدا ئەنجام دەدەن ؟

بۆنەهێشتنی تەواوی دیاردەی لەشفرۆشی یان گانۆکێی پشت بەستوو بەچێژی پارە پێویستمان بە نەهێشتنی سەرچاوەکانی گەندەڵی و دیاردەی کاری بێ ئابڕوویی هەیە , کە بەشێوەیەکی سروشتی بوونی وئەمانە ئامادەکاری دەکات بۆ بڵاووبنەوەی لەشفرۆشی. ئەگەر نەتوانین لاوانی ئەڵمان لەم زەلکاوە پڕ لەژاژە ڕزگار نەکەین ئەوا ناتوانین گەرەنتی لەناونەچوونی کۆمەڵگە و نەتەوەی ئەڵمان دەستەبەر بکەین !

ئەوانەی دەوای چاکسازیی دەکەن پێویستە زۆر بەباشی ئەوە بزانن کە پێویستە ڕیفۆرم بەتەنها لە سیاسەتدا نەبێت بەڵکو لە سینەما و شانۆ و ڕۆژنامە و پەروەردەشدا بێت. پاراستنی ڕەگەزی ئەڵمانی دەبێت لەپێش پاراستنی تاکەوە بێت, کە بەناوی پاراستنی تاکەوە مارکسی و جووەکان بەرگری لە بێشەرمیی و ڕووت خوازی و کوزفرۆشی دەکەن. ئەو چارەکارانەی خستمانەڕوو وەهێزنینە لەبۆ لەناوبردنی تەواوەتی نەخۆشی سوزەنەك, بەڵکو هەنگاوی دیکە و یەکلاکارەوەی ئەم بوارەهەن کە پێویستمان پێیانە.

لەوە تاوانترەیە کە لە دووچاربوانی ئەم نەخۆشیە گەڕێن کە جووتبوون بەئارەزووی خۆیان لەگەڵ گەنجەکانماندا ئەنجام بدەن و ئەوانیش دووچاری ئەم نەخۆشی بەکەنەوە و کۆمەڵگە و نەتەوەی ئەڵمانی بەرەو لەناوچوونی یەکجارەکی بەرن ؟ لەم بیرۆکە گەوجتر هەیە کەبۆ پاراستنی تاکە کەسێك واری کوشتنی سەد کەس دەڕەخسێنین ؟

بەمەبەستی چاەکردنی ئەم نەخۆشیە پێویستمان بە قوربانی دان و جیاکردنەوەی توشبوان و لەناوبردنیانە لەپێناو پاراستنی ڕەگەزی پاکی ئەڵمانیدا.

بێگومان دەبێت ئەوانەی دووچاری نەخۆشی سوزەنگی درێژخایەن هاتونەتەوە دووربخرێنەوە لەدابەستنی پەیوەندی جوتبوون, ئەمەش لەڕێگەی دانانی یاسا و سزای تایبەت بەم وارە و پشکنینی پێش هاوسەرگیرییەوە دەبێت. دەوڵەتی ئەڵمانیا بۆماوەیەکی زۆر ئەم چەشنە ڕێبازەی پەیڕەوکرد بەڵام ئاسانکاری یاسابەسەتان و ڕێککەوتنی پزیشکان لەگەڵ توشبوانی ئەم نەخۆشیانەدا هۆکاری لاوازبوونی ئەم پەیڕەوەش بوو. لەم کاتەدا تاکە چارەسەر جیاکردنەوەی توشبوان و لەناوبردنی وزەی جوتبونیانە, هەرچەندە ئەمە کارێکی تاڕادەیەك درندانەیە بەڵام بۆپاراستنی هەموو کۆمەڵگە شیاوترینە, بەڵێ لەپێناو پاراستنی نەتەوەدا باشترین قوربانی دان کوشتنی تاکی دووچاربووە لەپێناو هەموو نەتەوەدا.

***

لەدەرکەوتەکانی هەڵوەشانەوەی فەرمان فەرمای ئەڵمانیا پێش لە هەڵایسانی جەنگ دابەزینی ئاستی پۆشنبیری بوو بۆ ئاستێکی زۆر نزم, ئەمەش بەهۆی ئاراستە کردنی خەڵکەوە بوو بۆ لەلایەن جووەکانەوە بەئاراستەیەکی نەشیاو. لەسەرەتای ئەم

سەدەیەدا هونەر لە بواری ڕاستەقینەی خۆی لایدا و ئاراستەی پڕکردنەوەی حەز و ڕەگەزبازیەکانی گرتەبەر.

ئەگەر تەنها هونەرمەند و بیرمەندانی جوولەکە و بەلشەڤی سەرقاڵی نوێ گەرایی بوونەیا ئەوا ئاسایی بوو , بەڵام ئەمانە هەموو پیرۆزیەکانی نەتەوەیان دادەڕزاند و بەزیاوەیان دەبینی و گەاڵتەیان پێی دەکرد. گەمەیان بە شیلەر و گۆتە و شۆپنهاوەر و هیگڵ دەهات, بەدەستی ئەنقەست بۆچوونەکانی فریدریکی گەورەیان تێکدا و سوکایەتی زۆریشیان بە بسمارك کرد. بەم کارەشیان دەیانویست هەموو پەیوەندیەکانی ئەوڕۆ و پێڕێ لەیەکدی دابڕن, لەهەمان کاتدا وێژەی سووك و هونەری بێ شەرمییان کردبووە شمەکێکی ئاسان دەست کەوتوو, زۆری پێنەچوو ئەم کاڵ سوکانە هەموو کاڵ قورس و بەنرخەکانی دیکەیان لەناوبرد و ئەمان لەجێگەیدا دانرانەوە, سەر ڕووی نوسینگەکان و دیواری کۆنخانەکان پڕبوون لەهونەر و بەرهەمی پووچ و بەڕەڵایی بەخش.

ئەم هەڵوەشاندنەوەیە تەنها لایەنی هونەری نەگرتەوە بەڵکو گیانی نەتەوەشی داڕزاند. بەلشەڤی و جووەکان باش دەیانزانی نەتەوەی بەهێز و متمانە بەخۆبوو هەرگیز بەوە قایل نابێت متمانەی خۆی بداتە دەستی بێگانەکان, بۆیە لێرە وەدواوە پیاوانی ئاینی کرانە ئامانج لەژێر دروشمی پیرۆز ڕاگرتنی ئازادی بیروباوەڕ. چەندین پەرتووکی بێگانەی نەشیاویان پاچڤەی زمانی ئەڵمانی کرد , ئەم کتێبانە بۆ کەسانی ڕۆشنبیر نەشیاو بوو جا وەرە بۆ کەسی عەوام و کاڵفامی نەتەوە, پیاوانی کڵێساش خۆیان لەم هێرشانەی نێوخۆی ولاّت گێل کردبوو بەوەی لەم کاتەدا سەرقاڵی ڕێنمایی کردنی ڕەش پێستانی ئەفەریقیابوون, ئەم کێبڕکێیە بەقازانجی پیاوانی کڵێسا کۆتایی نەهات بەوەی ئیسلام لەو ناوچانەدا توانیبوی بەباشی پێگەی خۆی قایم بکات.

پیاوانی کڵێسا مەڕەکانیان بەشوانی لە گورگ پارێزێ لەدەشتێکدا بەجێ هێشت بوو, ئەمەش بووەهۆی لاوازکردنی بیروباوەڕی ئاینی لای هەزاران هاوڵاتی و کەمبوونەوەی هەستی ئاین خوازی لای ئەڵمانەکان.

لەبەرئەنجامدا دەتوانین بێژین: زۆرینەی گەل ژێر و فەیلەسوان نین, تاکە پەیوەندی ئەمانەش بە کڵێساوە تەنها باوەڕەکانیانە. دوژمنانی نەتەوە باش هەستیان بەمە کردبوو بۆیە توانیویان بە گومان خستنەدڵی هەزارانەوە لەبارەی ئاینەوە کۆمەڵگە

لەئاین دابڕوتێنەوە. ئامانجی ئەمانە لاوازکردنی بەرگری سوشتیانەی ئایینی بوو لەبۆ نەتەوەخوازی و کەوتنە ژێر کاریگەری بنەماکانی داڕزاندن و تەوژمەکانی ڕوت خوازی.

***

هەمدیس لەبەرێک هەڵوەشاندنەوە لەبوار و کایەی ڕامیار کاریشدا هاتەناراوەو بەدیارکەوت. هکومەتەکانی ئەڵمانیا سەرجەم کارو کردەوەکانیان تەنها سەرپێیی یان نیوچڵ بوە جا کردار و پرۆژەکانیان ناوخۆیی بوبێت یان دەرەکی. بەبێ بوونی هیچ چەشنە ئامانجێکی دیاریکراو. ڕەنگە سیاسەت کاران پێناسەکەی بسمارک بۆ سیاسەتیان وەرگرتبێت و کردبێتیانە پەیڕەوی خۆیان. ئایا ئەم ڕاوێژکارە ئاسنینە نەی گووت کە ((سیاسەت هونەری کارە لە سنوری شیمانە بۆکراوەدا))؟ بەڵام بسمارک وای نەگەیاندوو کە سیاسەت تێکەڵ و پێکەڵاو و بێسەروبەری بێت. ئامانجی بسمارک لەو پێناسەی گونجاوی هەموو ئامرازێکە بۆبەکارهێنان بەمەبەستی گەیشتن بەئامانجی خوازراو لەلایەن سیاسەت مەدارانەوە. بەڵام ڕاوێژکارانی نەمرۆ خۆیان داوەتە دەست ئاراستەی باوە و دەستیان لە ئاراستەکاری کەشتیەکەیان هەڵگرتووەو تەنها بەشیان بووەتە سەیرکردن لەوەی بزانن ئەم تەوژمی بایە کەشتیەکەیان بەرەوکوێ ئاراستەدەکات و بەکوێیان دەگەیەنێت. بەچەند سانێک پێش لەهەڵایسانی جەنگ. کەسانی ژێر و ئەمەکداری نیشتمان هەستیان بەوەکردبوو کە لاوازترین خاڵی دامەزراوەی دەوڵەت بریتیە لە : پەرلەمەنان یان ڕایشستاغ. لەم دامەزراوەیەدا کۆمەڵێک لەترسنۆکان و ڕاکردوان لەبەرپرسیارێتی کۆبوونەوە و کۆشکێکیان لە فرەوێژی و کورسیەکیان لە زۆربڵێی ئافراند.

ئەوە ئەوە ستەم کردن نییە لەپەرلەمان کە نەبوونی ڕێکخراوەیی نەتەوە و سیاسەتی دەوڵەت و نەبوونی جێگیری و ئۆقرەیی و نیوەچڵی نەخشە و کردارەنامادە کراوەکان هەموو ئەمانە ئەمانە بخەینە ئەستۆی پەرلەمان و ئەوی لێبەرپرسیاربکەین بەڕاستی ئەمانە لەپێشترین هۆکارەکانی دارمانی ڕەمان فەرمای ئەڵمانیا بوو. بۆهەر پێهەنگاڵێکی چەوتی حکومەت کاریگەری پەرلەمانی لەسەربووە. جا ئازانم ئەمە غەیانەتە یان ئەزانی بێ ئەنقەستە ؟

هەموو ئەو سیاسەتانەی ئیمپاراتۆر بۆ دروستکردنی هاوپەیمانێتی پشتی پێدەبەست زۆر ساکار و لاوازبوون.

سیاستی ئێمە لەهەمبەر پۆلۆنیادا لاواز و سەرپێیی بوو. زیادتر لەجارێك ئەم کێشەیەمان وروژاندووە بەبێ ئەوەی هەوڵی چارەکردنی بدەین. ئەو ئەنجامەی کە ویستومانە (سەرکەوتنی ئەڵمانەکان یان ڕێککەوتن لەگەڵ پۆلۆنیەکان)هەرگیز بەدی نەهاتووە، بەڵکوئەنجامەکەی تەنها دوورکەوتنەوەی ئەڵمانیا و ڕووسیابوو لەیەکدی.

چارەکردنی کێشەکانی ئەلزاس و لۆرین ناتەواوبوو. لەبری ئەوەی بەیەك لێدان فەرەنسای غۆل ڕامااڵین و دان بەمافەکانی ئەلزاس و لۆرێندا بنێین وەکو هەموو دەوڵەتۆچکەکانی دیکەی ڕایخ، دەستمان داوە لاواندنەوەی فەرەنسای دێو و ئەلزاسیەکانمان لەبیرکرد، ئەمانە هەمووی بەهۆی ئەوەوە بوو کەلە ڕیزی پارتە باڵاکانماندا خەڵکی خوێڕی و بێ ئەمەك و غاین هەبوونە.

دیتمان چلۆن پارتەکان پەرلەمان هەستان بەچەك دامااڵینی خەڵکی لەو چەکەی بەستیانەوە بوو لەشێوەی پاراستنی ئازادی و سەربەخۆیی و دابینکردنی نان. ئەمڕۆ گەر دەشتەکانی فلاندەر هەڵدەینەوە تەرمی سەدان هەزار گەنجی ئەڵمانیمان بۆدیاردەکەوێت کە بەهۆی بڕیارەکانی پەرلەمانەوە ڕوویان لەجەنگ کردووە بەبێ ئەوەی مەشقێکی باڵایان پێبکەن.

ئەوکاتەی جووخوازانی جیهانی لەهەوڵی هێرش کردنەسەر گیانی سەربازی ئەڵمانی دا بوون، لەڕێگەی تاوانبارکردنی ئەڵمانیاوە بە دەرئەنجامەکانی جەنگ لەسایەی ڕۆژنامە مارکس خوازەکانەوە، لەهەمان کاتدا پارتە مارکس خوازەکان لەدژی دەنگدان لەبۆ مەشق کردنی هێزی جەماوەر بەمەشقێکی تەواو. کەوابوو شکستی ئەڵمانیا بەرئەنجامێکی ئاوەزگەرایی لۆژیکی ناچاری بووە لەوەی دەستەاڵتداران لەکەشی ئاشتیدا لاوازبوونە و دوودڵی زاڵبووەتەسەریان لەبۆ کردنەوەی هێزی جەماوەر بەمەبەستی سازاندنی بۆ جەنگێك کە دووژمن دەویست لەڕێگەیەوە تۆڵە لەئەڵمانەکان بکاتەوە، ئێمەش مەبەستمان لەم خۆ سازاندن یان ئامادەکاریانە تەنها بۆ بەرگری کردن بووە لە خاك و نەتەوە و نیشتمانمان.

کەمتەرخەمی نواندن لەبۆ مەشق و ڕاهێنانی سوپا تەنها هێزی وشکانی نەگرتبۆوە بەڵکو هێزی دەریاییشی لەناوبردبوو. لەکاتێکدا لەساڵی ١٩٠٤ەوە سەرکردە

دەریاییەکانی ئەڵمانیا باش درکیان بە بەهێزی هێزی ئینگلیزەکان کردبوو بەڵام لەبەرامبەر هیچ جۆرە خۆئامادەکارییەك نەدەبینرا.

گەمژەییەتیەکی دیکەی سەرکردایەتی پرچەك نەکردنی کەشتی و هێزە چەکدارە کەشتیوانەکانی وڵات بوو بەوەی بەم کارەیان نەیان توانی بەباشی بەرپەرچی دوژمنە سەرسەختە دەریاییەکەیان بدەنەوە و زاڵبن بەسەریدا. وەك دیتمان بەرەوپێشەوەچوونی کەشتیەکان بەیارمەتی هێزەئاسمانیەکان بووە نەوەك ئازایەتی خۆیان, دیتمان بەم کارە چلۆن بەرپرسانی بااڵی ئەڵمان بەوە دڵی خۆیان خۆش دەکەن کە تۆپی ٢٨ ملم ی ئەڵمانی هەمان کاریگەری تۆپی ٣٠ملم ی ئینگلیزی هەیە, ئەگەر ژیر بوونایە ئەوا بەهەمان شێوەی ئینگلیزەکان کەشتیەکانیان بە تۆپی ٣٠ملم پرچەك دەکرد, چونکە باشترین پلانی جەنگ بەهێزتربوونە لەدوژمن نەك هاوتابوونی.

سەرکردە دەریاییەکانی ئەڵمان کلیلی سەرکەوتنیان دایە دەستی دوشمن بەوەی لەهێرش بەرییەوە کەشتیاکانیان بۆ بەرگری گۆڕی.

لە شەڕی دەریایی سکاجراك دا کەشتییە بەریتانیەکان تواناییان سەرکەون بەسەر ئێمەی ئەڵمانیدا. لەم کاتەدا ئەگەر کەشتیەکانی ئێمەش بەهەمان شێوەی دوژمن تیژڕەو و چەکی پێویستی هەبایە ئەوا بەو تۆپە ٢٨ملمانەی هەمان بوو دەمان توانی سەربکەوین, دەبوو سەرکردە ئەڵمانیەکان بەهەمان شێوەی ژاپۆنیەکان لەم بوارەدا ڕەفتاریان بکردایە. لەبۆر ئەرسۆردا ژاپۆنیەکان بەبەکارهێنانی کەشتی خێراتر و چەکی باشتر و ژمارەش زیادتر ڕووبەڕووی ڕووسەکان بوونەوە.

***

سەردارانی سوپای وڵات نەکەونە هیچ هەڵەیەکی قەبڵاندنەوە نەك لەبەرئەوەی زۆر کارمە و بێ خەوش بوبێتن بەڵکو بەهۆی نەبوونی کاریگەری بۆچوونی ئەندام پەرلەمانەکانەوە بووە لەسەریان. دامەزراندن و پێشخستنی کەشتی گەلی خرایە ژێر سەرپەرەشتی پەرلەمانەوە, دەوڵەتیش داوای لە باڵی سەربازی کرد کە پابەندی ڕێنماییەکانی پەرلەمان بێت , ئەمەش هەڵی ئەوەی ئەوەی بە ئەنجام پەرلەمانەکان وەخشی دەست وەربدەنە نێو کاروباری سەربازی ڕووتیشەوە, لە ڕێگەی بوونی دەستەاڵتیان لە دیاری کردنی سەرکردە و جێگرەکانیان و دەست نیشانی باری هەڵگیراوی کەشتیەکان و چەك و خێراییەکەشی.

بەڵام سوپا لەکاتی گونجاودا بەهای خۆیەوە پۆیشت و خۆی بەدوورگرت لەهەر چەشنە بۆچوونێکی نا نەتەوەیی. لۆدندرۆف دەریاسالار بوو نێردرابوو بۆ سەرکردایەتی کردنی هەڵمەتی کەمکردنەوەی زیاوە خەرجی ناپێویست , کەئەمەش قازانجێکی ئەوتۆی نەبوو. ئەو دەمەی لۆدندرۆف نەیتوانی تا سەرکەوتن کەشتی گەلەکەی بەرێت تاوانی ئەمی تیانەبوو بەڵکو دەبوو لە پەرلەمان و ڕاوێژکارە لاوازەکەی باتمان هولویگ بپرسینەوە.

ئەمەش وای پیشان دەدا کە بەرپرسانی ڕاستەقینەی پشت شکستەکان خۆیان حەشار دەدا و سەرکردە ڕاستەقینەکان پێوەدەگلان, شالاوێکی پەلامارئاسا لەسەرەتای بەهاری ١٩١٨دا کرایە سەر لۆدندرۆف و دواتریش بواری ئەم هێرشەیان فراوانترکرد بەوەی گومانیان خستەسەر ڕاستگۆیی پاشا و هکومەتەکەی. ئەودەمەی سوپای هاویمانان گوشاریان دەخستەسەر ولأت ئەم ناجسنانە دەستیان دایە بلأوکردنەوەی کارە ئابڕووبەرەکانی بەرپرسانی ولأت و هانی زۆرینەی گەلی نەخوێندەواریان دەدا بۆڕاپەڕین و شۆڕشکردن لەبەرمبەر ئەو هکومەتەی بڕیاری پاراستنی داون, ئەمە لەکاتێکدا بوو کە ولأتانی دژبەئێمە هیچ کات باسی بچووکترین هەڵە و کارخراپی بەرصرسانی خۆیانیان نەدەکرد و هەموویان دەشاردەوە, تاوەکو جەنگ بەکۆتا گەیشت, دواتریش هەمدیس نکۆڵییان لێی دەکرد.

دەبوو بەرپرسانی بالأی ولأت لەڕێگەی ڕوونکردنەوەدان بۆدەقە درۆییەنە و هەڵواسراوەکان دوژمنانی ولأت لەناوخۆ و دەرێدا ڕامبالّن و بواری شۆڕشی ناتەندروست بە دوژمنانی ولأت نەدەن. بەڵام ئەفسوس تاکار لەکار نەترازا بەرپرسانی ئەڵمانی نەیان دەزانی بانگەشە بەشێوەیەکی گونجاو بەکاربێنن, بۆئەوەی بیکەنە چەک و داردەستەی خۆیان لەناوەوە و دەرەوەی ولأتیشدا. ئەگەر دەڵێن: ئەم گەلەی ئێمە بواری بەدرۆکردن نەداوەو بەتاوانێکی گەورەی دادەنێت جا بۆ هەر ئامانجێك بێت ئەوا دەبوو بەلایەنی کەمەوە بەرپەرچی درۆ و هەڵبەستراوەکانی بداتەوە بۆئەوەی خۆی نەبێتە نێچیری درۆ.

نەتەوەی ئەڵمانی بەدەسالّ پێش لەهەڵایسانی جەنگی فراوانی جهانی لەپێشی هەموو گەلانی دیکەی ئەوروپاوە بوو لەبۆ پاراستنی ڕەسەنێتی نەتەوەیی و دوورخستنەوەی لەکەوتنە تەڵەی بانگخوازە نێونەتەوەییەکان. ئابوری ئەڵمانیا توانی

بۆ درێژترین ماوە پارێزگاری لە سروشتی نەتەوەیی خۆی بکات. لەکۆتاشدا گوێڕایەڵی بۆ سەرمایە نێونەتەوەییەکان گوێڕایەڵییەکی کێم بوو. بەڵام لادانی لەم ڕەوتە ناچاری هەڵایسانی جەنگی کرد.

سەرباری هەوەی نەتەوە نەختێك لە خانەی پاشا دوویرکەفتەوە بەهۆی دواکەوتوویی پاشا و دەستەڵاتدران لەهەندێك پێشکەوتنی ناوەزی کەبەسەر گەلدا هاتبوو. بەڵام هەر نیشانەی تەختی پاشایەتی ئامارژەی یەکێتی نیشتمانی و تاکە دادوەری نێوان پارتەکان و دەستی لغاوکاری ئارەزوو و خەونە سیاسیە مەترسی دارەکان بوو. کۆمار خوازی لایەنگری باشی نەبووە بەهۆی ئەزموانندنی فەرەنسای هاوسێمانەوە کە ئەنجامەکەی هیچ بۆگەڵی ئێمە شیاوتر نەبوو.

سوپای وڵات لەهەموو دامەزراوەکانی دیکە خەڵکی دڵیان پێی خۆشتربوو. هەرچەندە جاربەجارێك دووچاری شکستیش دەبوویەوە؛ چونکە کۆڵەکەی ڕاگرتووی پینای دەوڵەت بوو. ئەمەش وای لەدوژمنان کردبوو کە بەو پەڕی تواناوە هەوڵی لاوازکردنی بدەن. ئەودەمەی دوژمنانی وڵات لە قۆرسای کۆبوونەوە لەسەر زۆر ئاریشە و بابەت ناهاوتا و دژبۆچوون بوون، بەڵام لەبۆ لاوازکردنی سوپای ئەڵمان یەك هەڵوێست بوون؛ چونکە سوپا بۆ ئەڵمانەکان مانای پارێزەری نیشتمان و ئازادی و نیشانەی سەروەری و سەربەرزی بوو.

گەر سوپا بەهێزەکەمان نەبوایە ئەوا هاوپەیمانان هیچ کات دەستەوەستان نەدەوەستان لەبۆ تەفروتوانا و قڕکردنی نەتەوەکەمان، ئەڵمانی، بەوەی لەقۆرسای پیلانیان بۆدانابوو.

ئەو ڕۆژانەی ڕاکرن لەگرتنەدەستی بەرپرسیارێتی لەلایەن بەرپرسانەوە باوبوو بەرگری کردن و لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتی ببوە ئەرکی ڕاستەقینەی سوپا، ئەودەمەی پەتای ترسنۆکی تەنیبۆوە وەی هاوڵاتیان لەلایەن سوپاوە بەڕۆ ئەکرایەوە...لەوکاتەی مارکس خواز و بەناو دیمۆکراتیەکانمان هانی بەرجەستەکردنی ئاشتی دەدا لەنێوان ئەڵمانیەکان و ڕەش پێست و چینەکانی فەرەنسا و ئینگلیزدا، سوپا ئامادەکاری دەکرد بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو مەترسیەی بەڕێوە بوو.

دیتمان چلۆن سوپای هێمە وەکی شورایەکی پۆلایین لەدژبەری تەوژمی هەزری نەشیاوی جۆراوجۆردا دەوەستایەوە, هەوڵەکانی مارکس خوازەکان بۆ وەرچەخانی سوپا لەبەها بالایی هیچ کەڵکی نەبوو: پشت کردنە نیشتمان , بانگەشەی جوومکانیش بۆ دروستکردنی کون و کەلەبەر لەنێو ئەم دامەزراوە نەتەوەییدا بێسوود و هیچ ئەنجام بوو, بەڵام تاکە خاڵی لاوازی سوپا پەیڕەونەکردنی دادپەروەری بوو لەنێوان نەخوێندەوار و خوێندەواراندا, بەوەی خوێندەواران تەنها بۆماوەی یەک ساڵ دەجەنگین, ئەمەش لای خۆیەوە تاپادەیەک ئاڵۆزی نابۆوە لەنێو ڕیزەکانی سوپای یەکگرتووی وڵاتدا.

بەڵێ بێگومان سوپا قوتابخانەی نەتەوەی ئەڵمانیابوو, چەک و هێزی هەناوی پشت پێبەستراویش بوو. ئەگەر دەستەیەک لەئەڵمانەکانی خۆمان بەهۆی کێشەیەکی دەروونیەوە ئەمەی نەدیتوە ئەوا دوژمنانی دەرەکیمان باش درکیان بەمەکرووە, هەرلەسەر ئەم بنەمایەش بووە داڕشتنەوەی سیاسەت و پلانەدژبەرەکانمان.

لەپاڵ سوپادا کۆڵەکەیەکی دیکە هەبوو کە دامەزراوەی کارمەندانی وڵات بوو. ئەڵمانیا لەڕووی ڕێکخستن و کارگێڕییەوە لەمەوو وڵاتانی دیکە لەپێشتربوو, فەرمانبەران نمونەی دەست پاکی و کارجوانی و بێلایەنی بوون.

حەسودان و خەوشدارانی دڵ هەمیشە تانەیان لە ناتەواوی کارمەندانی ئەڵمانیا دەدا بەوەی توانای بەڕێوەبردنی کاری بازرگانییان نییە بەسەرکەوتووی. بەڵام دروستکردنی هێڵی ئاسن بە لێهاتوویی توانی ئەم دەنگۆ خراپانە لەناوبەرێت. گەر کارگێڕی وەبەرهێنانی پرۆژەکە پاش لەشکستەکەمان تێک چوو ئەوا هۆکارەکەی نەشیاوی پەیڕەوکردنی دەستەڵاتی کۆماری بووە, کە هەستا بە دوورخستنەوەی کارمەندە بەتواناکان و ملکەچانی لەجێگەیاندا دانایەوە.

پەیڕەوی کارگێڕی ئەڵمانی یەکێک لەتایبەت مەندیەکانی سەربەخۆبوونی بووە لە هکومەتە گۆڕدراوەکان, بەچەشنێک گۆڕینی شالیار و ئارەزوو و ئاراستەی ڕامیارییان کاریگەری ئەوتۆی نەکردۆتەسەر کار و بەرنامەکانی فەرمانبەرانی ئەڵمان. بەڵام لەمڕۆکەدا دۆخی فەرمانبەر ناجێگرە و شڵۆقە, ئیشەکان بەس بە کەسانی توانادار نادرێن, ئەم کۆمارە دەیهەوێت پاداشتی نۆکەران و ئەڵقەلەگوێیانی خۆی بداتەوە, هەر پارتێک بەپێی بەهێز و لاوازی خۆی کارمەند دادەنێت و لادەبات.

لەسەرەوەختی فەرمانفەرمادا شتی لەم شێوەیە نەبووە، بەوەی کار لەسەر بنەمای ئەرکداری بووە نەوەک نازناو، ئیمپراتۆر لەڕێگەی دابینکردنی پێداویستی و حەموو خواستەکانیانەوە فەرمانبەرانی لەتەڵەی پارتەکان بەدوور دەخستەوە. بەڵام ئەمڕۆ فەرمانبەری بووەتە هۆکارێکی سازشکردن و دەرگایەکە بۆ لەبرسیدا نەمردن، فەرمانبەری سەرکەوتوو ئەوەیە لەهەر دۆخێکدابێت بەرگی ئەوە بپۆشێت، دگەڵ هەموو شاڵاوێکدا گرنگ پاراستنی سەری خۆی دەبێت لەم چەشنە دۆخانەدا.

بەڵام ئەودەمەی جوولەکە بووە فەرمانبەر ئەوە گەندەڵی تەواوی وڵاتی تەنیەوە، هەرکە وشەی جوولەکەت بەکارهێنا دەبوو بەرتیل بدەی، جوولەکە هاوتابوو بەوشەی گەندەڵی و دەسپیسی.

***

لەسەر بنەمای پەیڕەوی پاشایەتی و هێزی سوپا و دامەزراوەی کارگێڕی تەندروستدا پەیکەری ئیمپراتۆر شانی دادەهێڵا، لەم ڕەگەزە کۆوەبووانەوە ئیمپراتۆر هێز و گەورەیی خۆی بەدەست دەهێنا و بەجوانیش دەستەڵاتی وڵاتی سەرپەرەشتی دەکرد. کەواتە ئەمڕۆ ئێمە لەکوێێن بەبێ ئەمانە ؟

دەستەڵاتی دەوڵەت نەوەستاوەتەسەر فرەوێژی پەرلەمانیەکان، پشت بەستراویش نییە بەو یاسایانەی ناچاری هاوڵاتیان دەکات ڕێزی دەستەڵاتدران بگرن، ئەو یاسایانەی دادگاش نییە کە ئامانجی ترساندنی ئەو کەسانەیە کە دژایەتی دەوڵەتی گەمژەبەڕێوەبەرەکان دەکەن یان دانی پێدانانێت. دەوڵەتداری وەستاوەتەسەر متمانەداری بەو کەسانەی سەوڵەکەی بۆ لێدەدەن و کاروباری گشتی بۆ بەڕێوەدەبەن. ئوم متمانەش بەرئەنجامی قایلمەندی ڕاستگۆیانە و نیشتمان پەروەرێتی دەستەڵاتدارانە، هەمدیس بەرئەنجامی حەسانەوەی گشتیش دەبێت لەبەرامبەر سیستمی فەرمانڕەوایەتی کارکردە و ئاڵاکەی و ئەو یاسا و پەیڕەوانەشی پەیڕەو دەکرێن. خوێنەر مافی پرسینی ئەوەیەمەیە کە ئیمپراتۆر سێ کۆڵەکەی بەهێزی مانەوەی هەبووە کەواتە تیاچوونەکەی لەبەرچی بوو؟ ئایا بەڕاست هۆکارەکانی هەڵوەشاندنەوەو تیاچوونی دەوڵەت ئەوەندە بەهێزبوون کە پایەکانی وڵات لەرزۆک بکات و هەموو ئارامی و ئاسایشی وڵات تێکبدات ؟

بڕوام بەهێزی ئەو فاکتەرانە هەبووە لە مانەوەی دەستەڵاتی پاشاکەماندا گەر هۆکارێکی زۆر گرنگی پشت گوێ نەخستایە کە ئەویش بابەتی ڕەگەز خوازی بوو، کەئەمەش کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبوو لەسەر گەشەکردنی نەتەوە و پەرەسەندنی میژوویی.

ئەو هاوڵاتیە ئەڵمانیە ژیرانەی هەستی خۆش ویستنی نەتەوەو نیشتمانەکەیان مابوویەوە بەر لەپوودانی فەتارەکەتەکە و دوای ئەوەش بێگومان هەستیان بەوەکردبوو کە ئەو فەتارەتانەی نەتەوەکان تێوەی دەگلێنەوە هەمیشە ئیشی پۆژگار نییە، ئەو نەهامەتیەی بەسەر گەلەکەماندا هات بەرئەنجامی خۆپسکانەی ئەو هەڵانەبوو کە خۆمان لەکاتی بەرگریکردن لە نەتەوەو نیشتمانەکەماندا ئەنجاممان دابوو، لەوەی ویستمان وەکو نەتەوەیەکی سەربەخۆ دیاربکەوین، بەڵکو نەشمان توانی لەڕاستیەکان بگەین.

خۆم لەگەڵ پرسیاردارااندا دێمە پرسیارکردن: باپیرانمان چلۆن تواناداربوونە لەبۆ زاڵبوون وەسەر شکست و دوانەنجامەکانیدا؟ ئایا بەڕاست ئێمە پێشیاوی ئەو شانازی و سەروەرییە نین کە باوانمان بۆیان بەجێ هێشتوین ؟ گەر وابێت ئەوا مانای وایە ئەو خوێنەی لەدەمارەکانماندا هاتووچۆیەتی هەمان خوێنی باوباپیرانمان نییە و ئێمە زۆڵین !

لەم کاتەدا بەوە قایل بووم کە ئەم وەچەیەی ئێمە پێشیاوی بەرکەوتنی ئەو گورزە جەرگبڕە بووە؟ چونکە ئێمە هەمان تایبەت مەندی پیاوانەی باوانمان تیادا نییە و لەهەموو خەسڵەتە نەبەرادانەکانی ئەوان بەتاڵین. ئەوەی وای لێکردووین لە میژووی پڕلە سەروەری ئەڵمانی لابدەن و لەبریدا شکستی بۆبخەینە سەربار زادەی ڕێکەوت نەبوە و نییە، بەڵکو هەنجامی یاسای پەیڕەکراوە لەبەرامبەر پاراستنی جۆر و بڕەودان بەگەزی پاکدا.

ئایا دەتوانین بێژین: ئەو خوێنەی لە ڕەگەکانماندا هاتوچۆیەتی خوێنێکی ئاری پوختە ؟ لەکاتێکدا لەبواری زاوزێدا نەمان توانیوە خۆمان لەتێکەڵ بوون لەگەلانی پلە نزم بەدوور بگرین ! وەڵامی پوونتری ئەمەش لەبەشی داهاتوودا دەخەینەپووو یاخوود خوێنەر خۆیشی دەتوانێت لەڕێگەی جوانتر تێگەیشتن لەپوورداوە ناوخۆیەکانی ئەڵمانیا پێش لەهەڵایسانی جەنگ هەست بەمە بکات، بەوەی چلۆن

دگەڵ هەر هەڵبژاردنێکدا ژمارەی ئەندام پەرلەمانە مارکس خوزەکان لەزیادبوندا دەبوو, بەمەش ژمارەی دژبەرانی پرچەککردنی سوپای وشکانی و بەهێزکردنی سوپای دەریا زیادتر دەبوو.

توخوا ڕەوایە نەتەوەی ڕەسەنی ئێمە دەست بخاتە نێودەستی دوژمنانی نەتەوەو ڕاپەڕین هەڵایسێنەرانەوە کەئەمانە خۆبەخشانە هەوڵی نەدارکردن و سەرشۆڕی بەخشینیان بۆ گەل دەدا ؟

کوا ئەڵمانییەکی ڕاستەقینە لەپێناو بەرنامەیەکی پووچی وەکو ئاشتی گشتی نەتەوەکەی خۆی کردۆتە قوربانی بەرنامە فێڵاوییەکانی مارکس خواز و جولەکەکان؟ وەختە لەوەدڵنیابم لەوەی ئەو کەسانەی هێزیان بەبەرنامەی مارکس خوازەکان بەخشی و بوونبە کەری جوولەکەکان ئەوانەن کە خوێنی ڕەسەنی ئەڵمانییان لە لەشدا نییە.

بەڵام ئەو شۆڕشەی گەلەکەمان لەساڵی ١٩١٤دا گەلەکەمان ئەنجامی دا, شۆڕشێکی خۆڕسکی مانەوەبوو, چونکە مارکسیەکان بەژەهرەکانیان توانا و خواستەکانی نەتەوەیان لەنگ کردبوو. بەچاوی خەوالۆوە بەرەو ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمن هەنگاومان نا بەم کارەش کاریگەری ژەهری مارکسیەکان پوکایەوە و نەما. بەڵام شۆڕشی ناپەسەندان ڕێگای لە بوژانەوەو ڕاپەڕین گرت.

جگە لەپەراوێزخستنی چەرخی نوێ بۆ ڕزگارکردنی گەلەکەمان لەکەڵبەی گەندەڵان و چەواشەکاران هیچی دیکەمان بۆناکرێت, سەرباری دانانی بنەمایەکی تەندروست کە پێویستە ململانێی دەوڵەتی نوێی لەسەربێت, دەوڵەتی ئەڵمانی تەنها بۆنەتەوەی ئەڵمانی یە. ئەوکاتەی ڕەگەزی سەرکەوتوو زۆرینە دەبێ و کایەی چالاکی بۆ والأدەبێ, بوار بۆ ئەنجامدراوەکانی نا ئاریە ڕاستەقینەکان نابێ.

لەم کاتەشدا جوولەکە و دەستکەلاکانی مارکسیەت لەم دەوڵەتە نوێیدا شوێنیان نابێتەوە.

ڕەگەزکان

گەل و ڕەگەز

کۆمەڵێك ڕاستی هەن کە ڕۆژ و شەو لەبازاڕەکاندا دەتلێنەوە, لەبەرهەوەی لەبازاڕ دەماودەم دەکەن بۆیە بەسەر هەموو کەسێکدا تێدەپەڕێت بەبێ ئەوەی بیبینێت و ئاشنای بێت بەمانای وشە. خەڵقی بەگشتی نابینان لەئاست دیتنی ڕاستیە باوەکان, ئەودەمەی کەسێك دەزانێت کە پێویستە ئەو ڕاستیەی ئەو دەیزانێت هەموو کەس بیزانێت تیادەمێنێت و نازانێت چی بکات! هەموو کێشەکانی دەوروخولمان بەئاسانی دەتوانین لەشێوەی هێلکەکەی کۆلۆمبسدا چارەی بۆ بدۆزینەوە بەرام کەسانی هاوشێوەی کۆلۆمبس کەمە.

بەم چەشنە دەبینین هەموو مرۆیەکان بەبێ لێك جودایی لەباخچەی سروشتدا لەگەشتدان بەوەی وادەزانن هەموو شتێك دەزانن, بەڵام نازانن هیچ نازانن, بەشێوەی نابینا لەبەرامبەر دیاردەیەکی دیاری سروشت ڕەفتاردەکەن کە ئەویش بوونی شێوەگرتنێکی ئەندامییە لەبۆ جیاکردنەوەی هەموو ئەو جۆرە بوونەوەرانەیە کە لەم جهانەماندا هەن.

بەتەنها ڕوانینێکی سەرپێیانە لەبۆ دۆزینەوەی بنچینەکانی حەزی گیانداران لە ڕەوتی زایندا دەبینین کە: هاژەڵی نێر بەدوای مێچکەی خۆیدا دەگەڕێت, بولبول

بەدوای مێینەکەیدا وێڵە و مشك و گورگ و شێر و گوربەش بەدووی مێچەکە کەیاندا سەرگەردانن...

لادان لەم دۆخە ناوازەیی دێنێتەبونێ و ئەمەش بەرزۆری لەساتەوەختی دیل بوون یان بوونی ڕێگری گەورە لەپێشی جووتبوندا دیاردەکەوێت. بەڵام سروشت لەهەمبەر ئەم دۆخە ناوازەیەدا دەستەوەستان ناوەستێتەوە,بەدەربڕینی ناقایلی هەڵدەستێت بە بڕینی وەچەی ڕەگەزە تێکەڵاوەکان یان سنوربك بۆ ئەم چەشنە وەچە خستنەوانە دادەنێت.

سەیرنییە ئەوکاتەی بڵێین کە: جووتبوونی نێوان دووجۆر لە بوونەوەری لێك جووداو پێچەوانەی خواستی سروشتە, سروشت هەرگیز دان بەم چەشنە هاوسەرگیریانە نانێت, بەڵکو سروشت هانی بەمێزدەدات بۆ دەستبەسەرداگرتنی لاواز ئەوەك توانەوەی بەمێز لەنێو لاواز و خۆکردنە قوربانی. خۆئەگەر مرۆی لەم پەیڕەوە لابدات ئەوا گەشەی ڕێکخراوەیی بوونەوەران دووچاری شکستی نەخوازراو دەبێتەوە.

مەبەستی سروشت لەسوورببوونی لەبۆ پاراستنی ڕەگەز یان جۆرەکان تەنها پاراستنی دیاردە ڕووکەشیەکان نییە, بەڵکو ئامانجی زێدەتر پاراستنی فۆرمی تایبەتیەتی, بۆنمونە: ڕێوی هەر ڕێوی دەبێت و پڵنگیش هەرپڵنگ و پشیلەش هەرپشیلە...ئەم جیاوازییەکی لەکاتی گەڕانەوە بۆ توانای خەبات و لێهاتوویی دا بۆمان دیاردەکەوێت, هەرگیز نابێت و نەبووە کە ڕێوی لەبەرامبەر مریشکدا هەستێکی ئاشتی خوازانەی هەبووبێت, هەرگیز پەیوەندی نێوان مشك و پشیلەش لەسەربنەمای یەکسانی نییە.

کوشت و بڕی ڕەگەزەکان لەنێوخۆیاندا چاوگەکەی برچێتی و خۆخۆشویستنە بەر لەوەی سەرچەشمەکەی ڕقبوون بێت لەبەرانبەر. بەهێمنی و پەلەنەکردنەوە سروشت لەم کوشت و بڕە دەنواڕێت, زۆریش پێی ئاسوودەیە و ئاسائیشە بەلایەوە؟ چون تێکۆشان لەبەرخاتری پەیداکردنی نان هۆکاری لەناوچوونی بوونەوەرە لاوازەکانە. لە تێکۆشانی نێرینە لەبۆ بەدەستهێنانی مێچکەی خۆیان بەتەنێ هەڵانەی تەندروستیان ساغە مانۆ ئەوەیان پێدراوە جووتبوون ئەنجام بدەن و وەچەبخەنەوە. تێکۆشان بەردەوام کاراکتەرێکی بالأیە لەبۆ بەهێزکردنی تەندروستی جەستە و وزەی جۆرەکان

لەپێناو زیادکردنی بەرگریدا، ئینجاش مەرجێکی سەرەکی یە بۆ پێشکەوتن و گەشەکردنی مرۆڤ.

بێگومان گەر ئەم پەیرەوەشمان پشت گوێ خست ئەوکات مرۆڤ بەرەو دواوە پاشە کشێ دەکات؟ لەبەرهەوەی بژاردە لەم کاتەدا ناچاری کشانەوەیە لەبەرامبەر زۆرینەدا، زۆرینەش بەژمارەی توانای سەرکەوتنی هەیە بەسەر بژاردەی ولاتدا. گەر ئەمانە چانسداربن ئەوکات بەبێ خۆماندووبوونێکی زۆر ئەمانە دەتوانن بەسەر بژاردەی خوێن پاکی نەتەوەدا زاڵبن بەبێ ماندووبوونێکی زۆر. لەم کاتەدا دەبێت لەبەرژەوەندی بژاردەی نەتەوەدا دەست لەم هاوکێشەیە وەربدرێت. لەم کاتەدا سروشت دێتە وەلاّم و دەست وەردەداتە نێو ئەم دۆخە و ژمارەی زۆرینە کەم دەکاتەوە و واری جووتبون و زاوزێش بەتەنها بۆ بژاردەکان تەرخان و دابین دەکات.

گەر هاتوو سروشت لە یەکگرتن و جوتبوونی دووڕەگەز لەڕێگەی هاوسەرگیرییەوە ناقایل بوو ئەوا دەجەنگێت لەپێناو تێکەڵ نەبوونی ڕەگەزێکی بالاّ لەگەڵ ڕەگەزێکی نزمدا؟ لەبەرئەوەی ئەم تێکەلاّوبوونە هانی مرۆڤایەتی دەدات کەبۆ دواوە بگەڕێتەوە. مێژووش بەڵگەی ڕاستێتی هەزاران نمونەی لەم چەشنەمان بۆ دیاردەخات.

لەبەرئەنجامی تێکەلاّوبوونی خوێنی ئاری دگەل ڕەگەزەکانی نزمدا هەمیشە بەزیانی گەلی ئاری کۆتایی هاتووە، بۆنمونە لەئەمریکای باکوور کەدانیشتوانەکەی بەزۆری سەر بە ڕەگەزی ئارین بەڕێژەیەکی کەم تێکەلاّوی گەلانی نزمی ڕەنگاوڕەنگ بوویەوە، ئەمە بەسوودی ئەڵمانەکان کۆتایی هات! چونکە ئەڵمانەکان لەئەمریکادا تاڕادەیەکی باش بەپاکی خوێنی خۆیان پاراست، بەجیاواز لەوانەی کۆچیان بۆ ئەمەریکای باشور و ناوەڕاست کرد کەبەزۆری سەر بەڕەگەزی لاتینی بوون و بەبێ سڵکردنەوە تێکەلاّوی دانیشتوانی ناوچەکە بوونەوە.

ئەم نمونەیە بەسە بۆ ڕوونکردنەوەی بەرئەنجامی تێکەلاّوبوونی ڕەگەزەکان. ئەو ئەڵمانیەی بەپاکی خوێنی پاراست بوو بووە گەورەی کیشوەری ئەمەریکا، تاوەکو تایبەت مەندی خۆی بپارێزێت هەر بەم شێوەیەش دەمێنێتەوە.

بەپوختی دەتوانین بێژین، ئەنجامدانی هەر چەشنە تێکەلاّوییەک لەنێوان ڕەگەزەکاندا ئەنجامەکانی بریتی دەبێت لە:

١-نزمبوونەوەی ئاستی ڕەگەزی بالاّ.

٢-دواکـــەوتنی دارایـــی و دەروونـــی و بەرئـــەنجامیش هـــەڵوەرینی نەتـــەوەی لێدەکەوێتەوە.

هاوسەرگیرییەکی لەم چەشنە دژیەری کردنی خواستی خواوەندە. زۆرێك هەن دەبینژن: مـرۆڤ توانـای زاڵبـوونی هەیـە بەسـەر سروشـتدا، بۆیـە ئـەم چەشنە هاوسەرگیرییە ئاساییە، بەڵام ئەوەیان لەبیرچووبوو کە مرۆڤ هەرگیز ناتوانێت بەسەر سروشـتدا زاڵبێت. ئـەوەی تـاوەکو ئێستا خراوەتـە ڕوو تـەنها بەشـێکە لـە نهێنیـە شاردراوەکان، مرۆڤ هیچ کات چێکی دروست نەکردووە؟ بەڵکو ئەوەی دۆزیوەتەوە تـەنها گەیشتۆتە زانین و درك پێکردنـی، مرۆڤ هـەرگیز بەسـەر سروشـتدا زاڵ نـەبووە بەوەی هیچی دروست نەکردووە، بەڵام توانیویەتی لەڕێی هەستی دۆزینەوەوە هەندێك لـە نهێنیـە دابڕەوەکـانی بدۆزێتـەوە و بەمـەش دەسـت دەگرێـت بەسـەر هەنـدێك بوونەوەری زیندووەدا. جێگەی سەر سوڕمانە هەندێك داهێنانیش هەن لەبواری زانست و هونەر و تەکنیك و داهێناندا بەرهەمی چالاکی مەزنی چەند گەلێکی ڕەگەز یەکن.

بەردەوامبوونی شارستانیەت لەسەر زەوین بەندە بـەم گەلانـەوە، ئەگـەر هـەڵوەرین کەوتە نێو ڕیزی ئەم گەلانەوە ئەوا هەموو شتێکی سەر ئەم ڕووی زەوییـە جوانیـەکانی لەدەسـت دەدات. ژیاریـەکۆنـەکان داڕووخـان؟ چـون ڕەگـەزی بـاڵای پونێـت نـەری توشـیاری تێکەڵاوبوونـەوە هـات وەگـەل ژاری خـوێنینی گـەلانی نزمـدا. ئـەوەیان لـەیادکردبوو دەبێـژێت: شارسـتانیەت بەرئـەنجامی کـاری مرۆڤـە نـەوەك خـوودی شارستانی. ژبۆ پاراستنی هەمی شارستانێن پێتڤیمـان بەوەهەیـە کەسـی داهێنـەرانی بپارێزین. ئەم پەیڕەوەش پەیزوەستە بەوەی دەڵێت: خاستر و وەهێز شایەنی گەشە و سەرکەوتن شکۆمەندبوونە.

ئەمەش ماناى وەهایە ئەوانەی حەزیان بە ژیانە ناچاری تێکۆشانن. ئەم جهانە جێگەی ئەوانەی تێدانییە کە لە تێکۆشان هەڵدێن و تێناکۆشن.

ڕەنگە ئەمە سەخت بێتە پێش چاوان بەرام لەمەش قورستر هەوڵی مرۆیە لۆ زاڵبون بەسەر سروشتدا، دواتریش سوکایەتی پێکردنی ، بەڵام وەرامی سروشت بۆئەو کەسە کاڵفامانـەی سـەر ئـەم بەلەمـە بوونـە وەڵامێکـی نائاسـاییە، کوشـندەیەیە، بـێ بەزەییانەشە. سروشت حەوت جار کوتەکیان تێدەسرەوێنێت.

***

هەر تەقەلادانێك بۆ زانینی ئەو ڕەگەزانەی ژیارییان دامەزراند کەدواتر پێی دەگوترا مرۆڤایەتی بێ ئاکام و ئەنجام هیچە.

ئەمەش مانای ئەوە هیچ کارمان بەسەر ڕابردوەوە نییە, کەواتە لێکۆڵینەوەکەمان لەسەر هەنوکەیە, ئەی ئێستا دەتوانین چی بەدی بکەین؟ هەوەی ژیاری لۆمانی دەخاتە پێش چاوان لە داهێنانەکانی بواری هونەردۆستی و زانست و تەکنەلۆژیا ڕەنگە هەمووی لەداهێنانی ئاری ڕەگەزەکان بێت, هەمەش واری وەمان پێدەبەخشێت بڵێین کە ئاری ڕەگەزەکانی پێشینان دامەزرێنەری مرۆڤایەتی سەرکەوتوو بوونە, ئاریەکان نمونەی دەسپێکی ئەوەن کەپێی ئێژن (مرۆی). ئاریەکان لەپێش و ئێستاشدا مەشخەڵێکی خودانێیە و ڕێگەی مرۆڤ بوون ڕۆشن ئەکاتەوە, بزیسکەی نەبەردی خواوەندی بەردەوام لەناوچاوانی ڕووناکیەوە دیارکەوتییە, هەر ئاریەکان بوون پێشەنگایەتی مرۆڤیان کرد بۆ زانست دۆزینەوە و ڕێ پیشاندەر مرۆڤ بوون بۆ دۆزینەوەی ئەو فاکتەرانەی کە مرۆی بە سەرداری ئافرێنراوەکانی سەر ڕووی ئەم زەوینە دەست نیشان دەکات. هەرکە ڕەگەزی ئاری کۆتایی پێهات ئەوکات ڕووناکی لەسەر زەویدا نادرەوشێتەوە و سەر ڕووی زەوی دەبێتە نوتەکی نوتەکەکان, ژیاری مرۆڤیش لەکەمتر لە چەند بابلیسکێکدا تیادەچێ و دەفەوتێ و ئەم جهانە جوان و سەوزەمان دەگۆڕێت بۆ بیاوانێکی سارا لەجوانی ژیان.

گەر هاتوو ویستمان مرۆڤ بوون پۆلێنی سێ پلەبکەین: ئەوانەی ژیارییان داهێنا و ئەوانەی ژیارییان پاراست و ئەوانەی کۆڵەکەکانیان داڕماند ئەوکات دەبینین ئاری ڕەگەزەکان دەچنەوە خانەی گروپی یەکەم , واتە ئەو پۆلەی شارستانیەتیان دەمەزراند. هەر ئاریەکان بوون دامەزرێنەری شارستانی و هێڵکاریەکانی جوانترین و باشترین داهێنراوەکانی مرۆڤیش ئاری کێشاویەتی, بەڵام ئەوکاتەی بوار هاتەسەر جێبەجێ کردنی هێڵکاریەکان بۆ داهێنان ئەوکات هەر ڕەگەزە و لای خۆیەوە بەپێی خواست و بەرژەوەندی خۆی جێبەجێی کرد.

بۆنمونە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا, دوای چەندین ساڵ ئەم پەڵەیەی سەر ڕووی زەوی دەتوانێت ناوی ژیاری تایبەت بەخۆی لەخۆی بنێت لەکاتێکدا بنچینەی هزرەکانی ئەغریقی و تەکنەلۆژیاشیان زۆری ئەڵمانین, بەتاڵن لە گیانی ئاسیایی جگە لەڕووکەش یان خووی ئاسیاوی. وەك باوە و زانراوە ئێستاکە ژاپۆنیەکان سەرقاڵی

بەکارهێنانی داهێنانی ئەورووپین و خەریکی ئەوەن ئەم داهێنانە بۆ شارستانیەتی خۆیان زیاد بکەن. زانست و تەکنیکی ئەورووپی پێکڤە ئالاون و بەمەش ژاپۆنیەکان تایبەت مەندیەکانی شارستانیەتی خۆیان بەرجەستەدەکەنەوە. بنچینەی ژیان لەیاباندا لەسەر بنەمای ژاپۆنی ڕەسەن بوونێکی نەماوە بەڵکو بنچینەکەی گۆڕاوە بۆ زانست و تەکنیکی ئەورووپی و ئەمەریکی. واتە گۆڕاوە بۆ بەکارهێنانی بەرهەمی گەلانی ئاری. ئەگەر کاریگەری ئەورووپا و ئەمریکا بۆماوەیەک لەسەر یابان نەمێنێت ئەوکات ئەم وڵاتە بۆ چەند دەیەیەک بە بەهێزی و زانستداریەوە دەمێنێتەوە و بەردەوام دەبێت لە پێشکەوتن. بەڵام هیچ کانییەک نەمری و نەبڕانەوەی ئاوەکەی بوونی نییەو ڕۆژێك دێت هەر وشك بێت. ئینجا خەسڵەتەکانی گەلی ژاپۆنی هەمدیس بەسەر ئەم ڕووبەرەتی شارستانیەدا زاڵ دەبێتەوە و ئەوکات ژاپۆنیەکان دەگەڕێنەوە بۆ بەر لەحەفتاسالّ پێش لەو کاتەی کە ژیارێتی ئاریەکان بێداری بکاتەوە لەسڕبوون.

ئەتوانین بێژین ئەوە کاریگەری شەپۆلە بیانیەکان بوو کە شارستانیەتی ژاپۆنی لەخەوی قوڵی ڕابردووی خۆی بەئاگاهێنایەوە. بەڵگەی ئەمەش دیسانەوە سڕبونەوەی ژاپۆنیەکانە بۆ گەڕانەوە لۆ خەوتن بە خەوی قوڵی بێئاگایی.

ئەوکاتەی گەلێك ڕەگەزەکانی شارستانیەتی بنچینەیی لە ڕەگەزە نامۆکانەوە وەردەگرێت و بەکاری هێنا و کەڵکی لێبینی. پاش لەناوچوونی ئەوانەی ئەم ڕەگەزی شارستانیەتەیان بۆ هێنابوو ئەم گەلە گەڕایەوە بۆ جارانی خەوالّووی. ئەوا دەتوانین بێژین: ئەم گەلە دەستی لەشارستانیەت هەڵگرتووە. شارستانیەتیشی نەدۆزیوەتەوە و پێی ڕانەگەیشتووە.

ئەگەر دۆخی گەلان لەسایەی ئەم بیرۆکەیەوە هەڵبسەنگێنین ئەوکات دەبینین هەندێکیان بنەماکانی شارستانیەتیان لەگەلانی بژاردەوە وەرگرتووە. بەڵام بۆخۆیان نەیان توانیوە ژیاری بۆخۆیان پنیات بنێن.

ئەو بیرۆکەیەی تایبەتە بە پێشکەوتنی گەلانەوە دەتوانین بەم شێوەیە پوختی بکەینەوە:

چەندین گەلی ئاری ژمارە کەم هەن کە گەلانی بیانیان لەژێر دەستدایە و کاربۆ گەشەپێدانی لێهاتوویەکانیان دەکەن. ئەمەش وەهۆی ئەوەوەیە کە ئاریەکان توانیویانە ئەو ناوچانە بخەنە ژێر دەستەلاتیانەوە. ئەم گەلانە دواتر شارستانیەتی

تایبەت بەخۆیان دەئافرێنن کەلەگەڵ خوودی هەناوی خۆیان و تایبەت مەندی هەرێم و گیانی دانیشتوانەکەیدا گونجاوە. بەڵام ئەم گەلانە ناتوانن سوود وەرگرتنی خۆیان لەبنچینەی وەرگیراوی شارستانیەتەکەیان بشارنەوە, ئەویش بنەمای پاراستنی خوێنی ڕەگەی باڵاو و پوختی پیسنەکراوە, لەم کاتەشدا هەوڵی تێکەڵابوونی خۆیان دگەڵ دانیشتوانە ڕەسەنەکەدا دەدەن, ئەمەش لەبەرژەوەندییاندا نابێت , چونکە ون بوونی خوێنی گەلی سەردەستە لە گەلی ژێر دەستەدا بێگومان سوتەمەنی پووناکی بەخش بە مەشخەڵی ڕێگەی شارستانی مرۆڤی باو لەناودەبات.

ئەمەش تێپەڕینێکی خێرایە لەبارەی ئەوقۆناغانەی گەشەکردنەوە کە گەلان پیدا تێپەڕیون لەوەی هیچ کاریگەریەکایان نەبووە لە دۆزینەوەی شارستانیەتدا, بەڵکو وەری گرتوەو کەڵی لێ بینیوە, ئەمەش پیرۆکەی گەشەکردنی ئەوانەمان بۆ دەخاتە بەردەست کە شارستانیەتی مرۆڤایەتیان دۆزیتەوە و چالاکبوون و نەمانیشیان دیاری کردووە, گەلی ئاری.

کەسی باڵا وەك چۆن پێویستی بە بۆنەیەکە بۆئەوەی خۆی دیاربخات, بەهەرەی ئافراندن لای گەلانیش بەهەمان شێوە شاردراوەیە تاوەکو دۆخی گونجاویان بۆ هەڵدەکەوێت. لە ژیانی ڕۆژانەی ئاساییدا هەندێك کەس ژینگەکەیان هەست بەبوونی داهێنەرانەیان ناکات, تا ئەوکاتەی چارەنووس دەیانخاتە دۆخێکی ناخۆشەوە و لەم کاتەدا هەست بوونیان دەکرێت و بەهرەمەندیەکانیان دەخەنەڕوو, لەم کاتەدا هەموان ئەوانەی پێشتر گەمەیان پێکردوون سەیریان لێدێت لەوەی ئەم چۆن پێشتر ئەم کەسەمان وەکو داهێنەرێك نەناسیوە؟! لێرەوەش دەتوانین بڵێین: هیچ پەامبەرێك لەخاکی خۆیدا بە ئابڕوومەند لێی نەڕواندراوە. جەنگیش خاسترین هەلی ڤەکۆڵینی ئەم دیاردەیەیە. گەنج گەلێکی هۆشیار, شەرمۆك هەن کە لەکاتی ئاشتیدا هیچ ئاکارێکی داهێنەرانەیان لێ نابینرێتلەوەی وەکو پیاوی تەواو دیاربکەون, بەڵام ئەو دەمەی دووچاری نەهامەتی و ترس دەبنەوە, ئەو دەم بە ئازایەتی و نەبەردییەوە ڕووبەڕووی دەبنەوە و بەهێمنی و لەسەر خۆییانەوە مەرگ دەبەزێنن. لێهاتوویی و ژیری پێتڤی وە شۆك داهێنانە بۆ دیارخستنی کەسی بەهێز و کارامە لەپێش چاوان.

ئەوانەی دەڵێن داهێنەر لەڕۆژی دیارخستن یان خستنەڕووی داهێنانەکەیەوە ناوبانگی دەردەکات یان ژیرێتی ئەو کەسە هەست پێدەکرێت؟ هەڵەشە بێژیت چرای

بەهرەمەندی ئەم کەسە لەپرۆژی ئامادەکردنی داهێنانەکەیەوە داگیرساوە, ئەمە تەنانەت بەرهەمی پەردوەردە و خوێندن و فێرکرنیش نییە. ئەوەی مەبەستمان بوو لەبلیمەتی تاکەکان بەسەر بلیمەتی ڕەگەز و گەلانیشدا دەچەسپێت. ئەو ڕەگەانەی چالاکی شۆك پێدەر ئەنجام دەدەن , هەر لەکاتی ڕەگەز بوونیانەوە خاوەن بەهرەیەکن کە هاماژەی داهێنان و جوانکاری و ئافراندنی بالآیە. ئەمەش مانای وایە گەلانی دیکە دیکە ئەم ئاشنای بەهرەمەندییە نین یام ڕەتی دەکەنەوە تائەوکاتەی داهێنانی گەل بلیمەت لەبواری هونەر و دۆزینەوە وتەکنیکدا دووچاری شۆکیان دەکاتەوە....

پاش لەدۆزینەوەو داهێنانەکان و سەلماندنیشیان گەلان بەتەواوەتی هێشتاکە دان بەم بلیمەتیەدا نانێن.

وەك چۆن توانا پێشتر نەبینراوەکانی مرۆڤ پێتقی وە چوکلەقنگەدان هەیە بەمەبەستی دیارخستنی بەهرەمەندیەکانیان ئاوهاش بوونی توانای داهێنان کاری لای گەلان و ڕەگەزانی بالآ پێویستی بە کایە و دۆخی دیاری کراوە بۆ یارخستنی, لەم دۆخەشدا ڕەگەزی ئاری جوانترین نمونەن.

ئاریەکان ئەوکاتەی دووچاری دۆخێکی ناڕەحەت دەبنەوە بەهرەمەندییان نەش و نما دەکات و جهان توشی شۆك دەکەن لەڕێگەی داهێنانەکانیانەوە, ئەم چەشنە شارستانیەتانە پەیوەستە بە تایبەت مەندیەکانی خاك و کەش و هەوا و دانیشتوانەکەیەوە, لەم دۆخەدا دانیشتوان هۆکاری یەکالآکارە؟ لەبەرئەوەی هێزی شارستانیەت بۆ چەسپاندنی پێویستی بە دەستی کارە, دەتوانرێت لەڕێگەی ڕێکخستن و بەکارهێنانی گونجاوەوە کرێکار جێگەی ئامێر بگرێتەوە. ئەگەر قەودەر وانەبوایە ئاریەکان ناچاری بەکارهێنانی دەستی کاری بیانی بن ئەوکات بەئاسانی بەرەو چەسپاندنی شارستانی نەیدەتوانی هەنگاوبنێت. وەك دەزانرێت شارستانیەتە سەرەتاییەکانیش پێش لەبەرکاهێنانی ئاژەڵی مالّی پشتیان وەبەکارهێنانی مرۆی بەستیە . چونکە ئاژەڵ بۆ خزمەتی مرۆڤ و شارستانیەتەکەی بەکارنەهات تا ئەوکاتەی مرۆڤە لەئاژەڵ نزمەکان بەلاوە نەنرا.

هەندێك لەبانگەشەکارانی ئاشتی و بەناو ئاشتی نێوان ڕەگەزخواز ئەم ڕاستی یان کەتواریە بە هاماژەیەکی داڕووخانی مرۆڤایەتی دەزانن. هەندێکی دیش ئەم کەتواری پێشەکەوتنە بەپێویست دەزانن لەبۆ گەیشتن بە تۆڕێکی ژیاریی, پێشکەوتنی مرۆی

لە پیلەکانەیەکی بێکۆتاوە سەرچاوە دەگرێت, ناشتوانیت بەبێ بڕینی پلەکانی خوارێ بەوانەی سەرێ ڕابگەی. ڕەگەزی ئاری ئەو ڕێگەیەی هەڵبژارد کە ڕاستینە بۆی ڕاگرستبوو نەوەك ئەو ڕێگەیەی بەناوی ئاشتی خوازانی ئەمڕۆ بۆیان ئاسان کردبێت. هەرچەندە ئەو ڕێگەیەی کەتواری لۆ مرۆی دەستنیشان دەکات سەخت و نائاسان بێت بەڵام هەمدیس لەبەرئەنجامدا دەگاتەوە ئەو ڕێگەیەی کە ئاشتی خوازان بۆ مرۆڤی دەکێشن, لەچەشنە ڕێگەیەکی بەم شێوەیەدا مرۆڤایەتی لە ڕەسەنێتی خۆی لانادات بەڵام ڕێگە هەڵبژێردراوەکانی ئاشتی خوازان مرۆڤ لە ڕەسەنایەتی دەخەن.

ئەو دەمەی ڕەگەزی ئاری گەلانی بچوك و سووکی خستە ژێر فەرمانڕەوایەتی خۆیەوە لەڕێگەیانەوە پاش بەکارهێنانیان شارستانیەتی دروست کرد ئەمە کارێکی چاوەنواڕ نەکراياگ نەوییە, چون تەنانەت لەم کاتەشدا لە پێش دەستی ئاریەکاندا چەندان جۆر لە هامڕاز و ئامێری پێشەکەوتووی ئەوکات هەبووە بۆ ملپێکەچ کردنی لاوازەکان و هەمدیس دامەزراندنی شارستانیەت.بەم کارەش نمونەی ئەو ڕێگەیە دیارکەوت کە پێویست بوو ئاریەکان بیگرنە بەر. بەم چەشنەش ڕەگەزی ئاری هەستا بە ڕامکردنی ڕەگەز و گەلانی دیکە و ئاراستەکردنیان بەپێی خواست و پەیڕەوی ئامانجەکانی. ئاری نەوەستا,هەرچەندە سەخت و ناڕەحەتیش بوبێت, لەپێناو باشترکردنی چارنووس و بەرزکردنەوەی ئاستیدا کاری دەکرد و بڕەوی بەخۆی دەدا. دەبوو ئاری پارێزگاری لەم دۆخەی خۆی بکات کە وەکو گەورەی ڕەگەزان لێی دەنواڕدرا, دیسانیش دەبوو بە هێزەوە پاراستنی ئەو شارستانیەتەی لەئەستۆی خۆی بگرێت کە دایمەزراندووە و گەشەی پێداوە, چون مانەوە و بەردەوام گەشەکردنی ئەم شارستانیەتە بارمتەی مانەوەی ئارین لەپێگەکەیدا. بەڵام ئاریەکان نەیان زانی چۆن بەم دەستەڵاتدرێتیەیانەوە بمێننەوە, بەتایبەت ئەو کاتەی دۆخی ژیانی دانیشتوانە ڕەسەنە خاستر بوو دیوار و لەمپەری نێوان خزمەتکار و خاوەن بوونی نەما, لەم کاتەشدا ئاریەکان لەبیریان چوو بوو کە مانەوەیان بەبەمێزی وەستاوەتە سەر مانەوەی پاکێتی خوێنەکەیان, بەمەش لەدەستی چوو چێژبینین لەو بەهەشتەی خۆی پوونێتی نابوو لەم سەر زەوینەدا, هەمدیس بەهرە و توانا داهێنەرەکانیشی لەدەست دا, بەم کارەش ئاریەکان بوون بە وێکچووی دانیشتوانە

پەسەنەکە چ لەشێوەو ج لە بیرکردنەوەشدا, دواتریش داخورانەکە کاری خۆی کرد و تاودەرەی کات ئەو ژیارییەی پێچایەوەو فەوتاند کە ئاریەکان دایان مەزراندبوو.

ئابەم شێوەیە ژیاری و فەرمانفەرماییەکان تیاچەچن و پرێگە بۆ هەوڵ و تێکۆشانی نوێ چۆڵ دەکەن.

خواربوونەوەی ئاستی پەگەزەکان بێ گومان ئەنجامێکی پاستەقینەی تێکەڵاوبوونی پەگەزی بالاێە وەگەل پەگەزی نزم و سووکدا. هەر ئەم تێکەڵاو بوونەشە هۆکاری تیاچوونی ژیارییەکان و سرینەوەیان لەسەر پووی زەوین. جەنگی دۆپاو هۆکاری لەناوچوونی گەل و پەگەز نییە, بەڵکو ئەوەی فاکتەری تیاچوون و بپانەوەی توانا و بەهرە و ژیرییەکانی پەگەزانە لەکۆن و ئێستا و داهاتووشدا تەنها فاکتەری خوێنە, گەر خوێن بە پاقژژی مایەوە پەگەز لەناو ناچێت بەڵام خوێن پیس بوو بە بەیەکگرتنی دوو پەگەز یەکیان بالاً و ئەوی دیش نزم ئەوا ئەو پەگەزی بالاێە تیاچووەو لەنێو پەگەزی نزمدا تواوەتەوە.

***

حەزی مانەوە و پاراستنی جۆرەکان هۆکاری پشت هەموو پودراوەیەکی پووداوەکانی دیرۆکە, گەر لە فاکتەری پاستەقینەی سەرکەوتنی ئاریەکان وردبینەوە,دەبینین سەرکەوتنی بەشێوەیەکی تایبەتی وەستاوەتە سەر حەزی پاك مانەوە, نەوەك هێزی مانەوە. حەزی ژیان یان مانەوەو لەناونەچونی ژیان, حەزێکە لای هەموو مرۆڤایەتی بەدی دەکرێت, بەڵام جودایی ئێمە لەم کاتەدا ئەوەیە کە ئێمەی ئاری بە بەرجەستەیی هەستی پێدەکەین لەکاتێکدا ئەم هەستە لای پاپەڕیوانی ژێر دەستە جوداترە لە ئێمە و هۆکارەکانیشمان لێك جودانە.

حەزی مانەوە لەسەردەمی مرۆڤانی هەوەڵیدا دوورتر لەگرنگی دانی مرۆڤ بەخۆی هەنگاوی نەناوە و نەش پۆیشتووە. مرۆڤ ئەوکاتە ئاژەڵێك بووە تەنها بۆخۆی ژیاوە و هەوڵی زێدەتر لە دابینکردنی خۆراکەکانی بەولاوەی نەداوە, بەتایبەت ئەو دەمەی برسێتی گازی لێگرتووە و مەترسی خستۆتە سەر ژیانی هەموو هەوڵێکی داوە بۆ دابینکردنی خۆراك بۆمانەوەی . پاش لەوەی ژیانی هاوتایی نێوان نێر و مێ پتر لە جوتبوونی گەیاند ئاسۆکانی ئەم حەزە فراوانتربوون, لەم کاتەدا بەداوە پیاو خۆی بۆ ئافرەتێك تەرخان دەکرد و لەهەموو ئەگەرێکی نەخوازراویش دەپاراست و خۆراکی

بۆ دابین دەکرد. دواتریش هەردووکیان دەستیان دایە کۆکردنەوەی خۆراك بۆ منداڵەکانیان. تا بەم شێوەیە گیانی خۆکردنە قوربانی لەنێو مرۆڤدا بەدیارکەوت. نەوەدەی ژمارەی خێزانەکان فرەبوون مەرجەکانی دەرکەوتنی کۆمەڵگەش دیارکەوتن.

ئێستاش پەرتبوون و فراوانبوونی ئەم کۆمەڵگەیانە لە وڵاتانی خاوەن شارستانیدا هەست پێدەکەین. لەکاتێکدا گەل و ڕەگەزە نزمەکان هێشتاکە لەچوارچێوەی تەسکی خێڵ یان خێزاندا دەرنەچوونە. چونکە تاوەکو ئێستا گیانی خۆکردنە قوربانی لەپێناو هەموواندا لای ئەم ڕەگەزە نزمانە گەشەی نەکردووە. بەڵام گیانی خۆ کردنە قوربانی لای ڕەگەز و گەلی ئاری زۆر بەهێز و باشی گەشەی کرد. گەورەیی ئاریەکان لەسەر بنەمای پشت بەستوو بە کلتوری هزری و توانایی و لێهاتوویە ناسنورداڕەکانیان بووە. گەلی ئاری هەمیشە ئامادەی پێشکەش کردنی بەرهەم و تواناییەکانیان بوونە لەهەمبەر ڕاڕەکردنی کۆمەڵگەدا. لای ئاریەکان حەزی مانەوە مەردانەترین شێوەی گرت: هەموو تاکێکی ئاری ئامادەی خۆکردنە قوربانییە لەپێناو کۆمەڵدا.

هیچ توانایی و بەهرەمەندییەکی ئاری نابینی لەدایك بووی ئاوەز بێت. چونکە گەر وەها بوایە ئەوا چالاکی ئاریەکان سنوری تێکدانی تێنەدەپەراند. هەرگیز پێگەی ڕێکخراوترینی بەدەست نەدەهێنا. مەرجی سەرەکی لای هەر ئاریەك خۆکردنە قوربانی بوو بۆ هەموان. هەرگیز ڕای خۆیەتی بەسەر هەموواندا ناچەسپێندرێت و بەرژەوەندی تاك بەسەر هەموواندا ناسەپێندرێت. بەخۆکردنە قوربانی لەپێناو بەرژەوەندی هەموواندا تاکیش بەشە قازانجی خۆی وەردەگرێت. بەڵام ئەوکاتەی خزمەتەکان لەم بۆچوونە پێچەوانە بوویەوە ئەوا ڕێڕەوتی دزی و چەقۆکێشی و ڕووتکردنەوەی خەڵك دەگرێتە بەر!..

قوربانی دان مەرجی سەرەکی نییە بۆهەر جۆرە ڕێکخستنێك بەتەنها، بەڵکو ئەمە مەرجی سەرەکی هەموو شارستانیەکی مرۆییە. لەڕێگەی قوربانی دانەوە داهێنەران هەستاوان بەخستنەڕووی داهێنانەکانیان و ڕێڕەوتی خۆشی و فەرییان بۆ وەچەکانی دوای خۆیان کردۆتەوە، ئەمەش لای هەموو کرێکار و جوتیار و داهێنەر یان

کارمەندێك وەکو یەکە... ئەمانە بەپێی توانای خۆیان بەرهەم دێننە بونێ بێئەوەی خۆشگوزەرانی دابین بکەن , بەمەش شارستانیەت دادەمەزرێت, گەرچی لەم کاتەدا دەستوبرد کاران هەست بەم خۆکردنە قوربانییە نازانن, هەڵبەت لەمەش لەپێشتر خۆکردنە قوربانی یە لەبۆ پاراستنی مرۆی و ژیاریەکەی. ئایا ئەمە دوا ترۆپکی میهرەبانی و جوانترین و بالاترین تەرزەکانی خۆکردنە قوربانی نییە ؟

ئامادەگی گیانی بۆ ئاراستە پێگرتنی ئەم چالاکییە تاکیانە لای خۆیە نمونەییە, نمونەییش یەکەمین گەرەنتی دامەزراندن و مانەوەی ژیاریەکانی مرۆڤە , بەبێ نمونەیی بەهرە و تواناییەکانی ئاوەز لەبۆ پێکهاتنی بیرۆکەی داهێنەرانە کورت دەهێنێت.

هەندێك ئامێتەی نمونەیی ڕاستەقینە و خەونی ئەندێشەوانان و ئاشتی خوازان دەکەن کە بەتەواوەتی تەنها بڕوایان بەخۆگەرەکی هەیە, بەجۆرێك لەم کاتەدا عەرشی خۆگەرەکی قوت دەبێتەوە و گیانی خۆکردنە قوربانی فش دەبێتەوە, ئەم داخورانەش پاشتر لەشی هەموو کۆمەڵ دادەخورێنێت.

***

لەم جهانەماندا گەلێك نییە حەزی مانەوەی لادروست بوبێت و دیارکەوتبێت لەشێوەی ئەو گەلەی ناوی خۆی ناوە ((گەلی بژاردە)). بەهێزترین بەڵگەی ئەم قسەیەشمان مانەوەی ئەم ڕەگەزەیە تاوەکو ئێستا, لەگەڵ پاراستنی خوو و نەریت و تایبەت مەندیەکانیان, لەماوەی دوو هەزار ساڵی ڕابردووش ڕووبەڕووی هەموو ئەو ئاستەنگانە وەستاوەتەوە کەدژە ڕێی بوونە.

دیتمان جووەکان لوتیان دەبەنێو کێشە گەورەکانی جهانەوە, لەهەموو شۆڕشێکی شێوە کودەتاشدا دەستێکیان هەیە, بەڵام ئەو فەتارەتانەی مرۆڤایەتی هەژاندووە هیچ کاری لەوان نەکردووە, بۆمانەوەش وەکو ڕەگەزی بژاردە هەموو هەنگاوێك دەنێت لەبۆ پاراستنی ئەو کیانەی هەیەتی.

لەمڕۆدا بەجوولەکە ئێژن فێڵباز بەڵکو بلیمەتن, هەموو کاتیش هەروابوونە.تاڕادەیەك جوو هەر بلیمەت بوونەو لەهەموو کات و ساتێکدا. دیارکەوتووە کە ژیری جووە لەدایك بوو و بەرهەمی گەشەی خوودی یان ناوەکی نینە. بەڵکو لەسایەی بەرئەنجامی گەشەی ئەوانی دیکەوە گەشەی بەخۆی داوە.

لەبیری نەکەین ئەوەی کە ئاوەزی مرۆیی بەیەوک جارە هەنگاو ناتوانێت بگاتە تروپکی هەموو شتێك. بۆ هەر پێهەنگافێك بەرەو پێشەوەنان پێویستمان بەچەند هەنگاوێکی پاشەوەنراوە, واتە پێویستمان بە دیارکەوتەکانی شارستانیەتی گشتیە, لێرەشدا مەبەست ئەوەیە کە, دیارکەوتنی هەر بۆچوونێکی بەهێز یان بیردۆزراوەیەك بەرهەمی کەڵەکەبووی سەدان ساڵەی تاقیکردنەوەو ئەزموواندنی پێش وەختی تایبەتییە. ئاستی شارستانیەتی گشتی خۆرتك پێبەخشی تاك دەبێت بە زانیاری سەرەتایی, بەم هەندە زانیاریە تاك چەکداردەبێت لەبۆ هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی نەو کورتیانەی لە داهێنراوەکانی پێشووتردا هاتبوونە بوونێ.

جوولەکە ژیاری تایبەت بەخۆی نییە, بەڵکو هەموو خانەکانی شارستانیەتەکەی وەرگیراوە لە داهێنەرانی ژیاریپەکانەوە, واتە جوولەکە مشەخۆر و دزی شارستانین. ئەمەش بەهۆی ئەوەوەیە کە حەزی مانەوە لای جووەکان لەهەموو رەگەزانی دیکە بەهێزترە, مەرجی یەکەمی دەستەبەر بۆ ناولێنانی گەلێك بە ژیارخواز یان خاوەن ژیاری لەگەڵی بژاردەدا نییە: جووەکان پووچن لەنمونەیی.

ئەمەش بەهۆی ئەوەوەیە کە گیانی خۆکردنەقوربانی لای جووەکان چوارچێوەی (من) ی تێنەپەڕاندووە, ئەو یەکپریزییەش کەلەنێو جوولەکەدا دیارە هەرگیز لەباری ڕاستەقینەدا شتێکی لەم چەشنە بوونێکی نییە؛ جووەکان ئەم یەکگرتنەیان لەشێوەی خڕبوونەوەی ڕانە مەڕێکدا بەدەوری یەکترداپۆنەوەی گورگ نەیان خوات, یاخوود کۆبوونەوەی چەند گورگێکە لەبۆ خواردنی مەڕێك, ئەوکاتەی ترسیش نامێنێت تەفر دەبنەوە, نچێرەکەشیان خوارد هەمدیس بڵاوەی لێدەکەن. جوولەکە مانای یەکگرتوویی نازانێت تەنها لەبار و کاتی نەخوازراودا نەبێت, گیانی قوربانی دان لای جوو دیارنەکەوێت تائەوکاتەی هەموو تاکێك هەست بە بوونی مەترسیەك دەکات لەسەر ژیانی. لەدووکاتدا یەکگرتن پێویست دەبێت: لەکاتی بوونی دوژمنێکی هاوبەش یان نێچیرێکی هاوبەشدا. ئەوکاتەی جووەکان خوودی من گەرەکیان لانامێنێت ئەوکات جووەکان خۆیان تەڵە بۆیەکتر دەنێنەوە و یەکتر هەڵدەلوشن.

ئەمەش مانای وایە کە کەوتوینەتە هەڵەوە گەر بڕوامان وەهابێت کە یەکپریزی جووەکان لەبۆ تێکۆشان یان پووتانەوەی خەڵکە و جووەکان هەرگیز خاوەنی خووی نمونەیی نین تاپرادەی قوربانی دان لەپێناویدا. جوو ئەوەی هەیە بەتەنها خۆگەرەکی

بەرتەسکە و هیچی تر. ئەوکاتەی گەلی بژاردە دەتوانێت قەوارەیەکی سەربەخۆ لۆخۆی دابمەزرێنێت بەناوی دەوڵەتی جوولەکەوە-ئامرازی زیندووی ئامادە بۆ پاراستنی رەگەز و گەشەپێدانی-ئەوا دەوڵەتی جوولەکە ناسنورەکی دەبێت، چونکە دەست نیشانکردنی هێڵی جیاکردنی ولاّت پێویستی بە نمونەیی رەگەزی دامەزرێنەرە، هەروەک دەشبێت چەمکی کاری وەستابێتەسەر خەملاّندنێکی دروست، هەرکە ئەم دوو مەرجە نەبوون بوون ئەوا چارەنوسی هەموو هەوڵێك بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سنوردار پووچ دەبێتەوە؛چونکە دەوڵەت لەم کاتەدا هەژار و لاوازە لەو بنەمایانەی کە شارستانیەتی لەسەر پونێت نراوە.

***

کەواتە جووەکان جگەلە بەهرەکانیان هیچ چەشنە شارستانیەتێکی تایبەت بەخۆیان نییە، یان وامان بۆدیاربکەوێت، بەڵکو ئەوەی جوو هەیەتی وەرگیراوی گەلانی دیکەیە و بەهەوەسی خۆیان دەستکارییان کردووە و بۆخۆیان گونجاندووە.

ژبۆ تێگەیشتن لەدۆخی جوو لەهەمبەر شارستانیەتی مرۆڤدا پێویستمان بەتیشك خستنەسەر ئەم دۆخە ڕاستەقینەیە:

لەجهاندا هەرگیز شتێك نەبووە بەنێوی ((هونەری جوولەکە))، جووەکان هیچ کاریگەرییەکیان نییە لەپێش خستنی دوو بەهێزترین و گرنگترین هونەرەکان: مۆسیك و ئەندازە، بەرهەمی جوو لە جهانی هونەردا جگە لە لاسایی و گواستنەوەو دزین هیچی دیکە نییە. بەڵگەشم بۆ ئەم قسەیەم کێبڕکێی نوسەرانی جووە لەبۆ نوسین لەو بوارەی ئەرك و ماندوو بوونی کەمی پێویستە، مەبەست شانۆیە. تەنانەت لەم کارو بوارەشدا جوولەکە هەستاوە بە لاسایی کردنەوە لەشێوەی مەیمون، ئایا لەڕەگەزێك چاوەنواڕی بەرز فڕین دەکرێت لەشێ وە کەسە زرنگەکان کە پووچبێت لە داهێنەرێتی؟ بەڵام لەسایەی ڕۆژنامە جوو خوازەکانەوە ئەم کارە پۆخڵانەی جووەکان بەرزدەکاتەوە بۆ بەرزتر لە باشترین و شاکارترین کاری هونەری، دەبینیت ڕۆژنامەکان زیادەڕۆیەکەن لە ستایش کردنی کاری گەلی بژاردە بۆئەوەی بیان خەنە ڕیزی بلیمەتە ڕاستەقینەکانەوە و جەماوەریش بەمە قایل بکەن.

نا نەخێر ، جووەکان هەرگیز توانای داهێنان و ئافراندنیان نییە، هەمدیس توانای نمونەییشی نییە کە بەبێ ئەم توانایە مرۆڤ ناتوانێت پێش بکەوێت و گەشەبکات.

بەڵام ژیری ڕەگەزی جوو هەمیشە ناراستەکراوە لەبۆ داڕووخانی و کاولکاری. لەهەندێك باردا جووەکان کاری چاکەیان لەدەست دەردەچێت کە خۆیان وادەزانن خراپیان کردووە ئەگینا ئەویشیان ئەنجام نەدەدا, لەم کاتەشدا جووەکان ڕاژەی مرۆڤایەتیان کردووە بەبێ ویست و حەزی خۆیان.

ڕاست نییە لەشێوەی قەرەج یان کۆچەریدا لە جوولەکە بڕوانین, لەبەرئەوەی تاوەکو ئێستا قەوارەی سنووردارى خۆیان نییە و تا هەنوکەش جهان گوێی لە وشەی ژیاری جوولەکە نەبووە. کۆچەرەکان زەوییان هەیە لەسەر بژین بەڵام وەکو کشتیاران پێوەی پەیوەند نین, بەڵکو ئەمانە بۆ دابین کردنی خۆراکی خۆیان پشت بەستوون بە بەرهەمی مەڕەکان, ئەم کۆچبەرانە بۆیە ئەم شێوە ژیانەیان هەڵبژاردووە چونکە ئەو زەویەی لەسەر گیرساونەتەوە کەم پیت و فەرە و هاندەری مانەوەو نیشتەجێ بوونی هەمیشەیی نییە بۆژیان. گەر ئەم کۆچبەرانە لەڕەگەزێکی بالآبوونایە ئەوکات دەیان توانی ئەو زەویە داچێنن و خۆراکی لێبەرهەم بێنن کە کەم پیتیشە. ئاریەکان بەهۆی ژیرییانەوە توانیان زەوی کەم پیت داچێنن و پێویستیەکانی خۆیانی لێوەبەرهەم بێنن. گەر ئاریەکان تەکنیك و زرنگی بالآیان نەبوایە ئەو کات وەکی جووە کۆچبەرەکان دەمانەوە و لەشوێنێکدا جێگیرنەدەبوون. ناشبێت ئەوەمان بیرچێتەوە ئەوکاتەی ئاریەکان ڕوویان لەئەمریکاکرد بۆماوەیەکی زۆر وەکی کۆچبەری ڕاستەقینە ژیاون بەڵام دواتر کە زەوی لەپێش دەستیاندا ڕام بوو گیرسانەوە و نیشتەجێ بوون و زۆری نەبرد تا دامەزراوەی تایبەت بەخۆیان هێنایە بونێ, ئەمەش لای خۆیەوە مانای بەسروشتی بەرجەستەبوونی تواناییە لەبۆ داهێنانە.

ڕەنگە ئاریەکان لەپێشاندا گەڕۆك بووبن بەڵام پاشتر گیرسانەوەو بوون بەمەی هەن. بەڵام جووەکان تەنانەت گەڕۆکیش نەبوونە, چونکە گەڕۆك نمونەیی پێویستە یان شتێك لەنمونەییان نزیك بکاتەوە بۆئەوەی نەختێك لەئاریەکان نزیك بکەونەوە , بەڵام شتی وا لەباریّ نەبوو. نەخێر هەرگیز جووەکان گەڕۆکیش نەبوونە, بەڵکو تاهەنوکەش مشەرخۆرن بەسەر گەلانی دیکەوە و ململانێی پێکهاتە و هۆکارەکانی مانەوەی گەلانی دی دەکەن, ڕوویان لەهەر ناوچەیەك کردبێت باوەکو سەد سالێش لەو ناوچەیەدا گیرسابێتنەوە بەڵام بەهۆی نەفرەتکردنی خەڵکەوە لەکارە خراپەکانی ئەم جووانە وەدەرنراون, ئەمەش وای کردووە بێ لانە و خانەبن.

کـوا گـەڕێکی وەهایـە کەبـەئارەزووی خـۆی جێگـۆڕکێ نـەکات؟ جـوو پووی لەهەرکوێیەك کرد بەئاسانی جێی نامێڵێت, خۆئەگەر ناچارکرا ئەو جێیەش بەجێ بهێڵێت ئەوکات جێگەیەك لەمەی پێشووتری باشتر دەست نیشان دەکات, لەم شوێنە نوێیەش مشەخۆر دەبێت وەك چۆن لەشوێنەکەی پێشووتری مشەخۆر بووە, وەکو پووەکـی مشـەخۆر وەهانـە جـوو لەهـەر کـوێ بوونـە گـەلی ئەوناوچـەیە بەهۆیانـەوە لەناوچوو.

بەم چەشنەش جوولەکە لەهەموو سات و کاتێکدا وەکو قورسەباری مشەخۆر بەسەر گەلانی دیکەوە ژیاون, ئەوکاتەی دۆخ هـەلی گونجاوی پێنەداوە بۆ دەربڕینی ئەوەی لەناخیدایـە لـەژێر ماسـکی دەسـتەی ئاینیـدا دەوڵـەتی خـۆی دامەزراندووە, بـەرام ئەوکاتەی هەستی بە توانـاداری خـۆی کردووە ماسـکی سـەر پووخساری لابردووە و پووی پاستەقینەی خۆی وەدیارخستووە.

پەیوەستەیی نێوان جوو لەگـەڵ ڕەگەزانی دیکـەدا وەکـو پەیوەسـتەیی مشـەخۆرە بەجەسـتەکانەوە کەلەسـەر بنـەمای فێـڵ و گـزی و درۆ دادەمـەزرێت. شـۆڕشهاوەر دەبێژێت ((گەلی بژاردە باشترین مامۆستای درۆیە)), گـەر جووەکان نەتوانن خەڵکی قایـل بەوەبکـەن کەئەمانـە تـەنها کۆمـەڵێکی ئـاینی جـوداترن لـەوان ئـەوا نـاتوانن بەئارمانجێن خۆ ڕابگەن , ئەمەش دیسانەوە یەکێکە لەدرۆ مەزنەکانیان.

ئەفسـوس و مـەخابن تەنانـەت مێـژوو خوێنـانیش بـڕوا بـەم درۆیـەی جووەکـەن, تـاوەکو ژیـری جوولەکە پتربێت فرت و فێڵەکانیان جوانتر دەبێت, تەنانـەت ڕۆژانێك گەیشتنە ئـەو ڕادەیـەی بـەخۆیان بڵـێن : ئێمـەش بەگۆشـت و خـوێن ئـەڵمانین تـەنها لەئاینـدا جـووداین, ئایـا ئـەم گەمەیـەیان لـە فەرەنسـا و ئیتالیـا و بـەریتانیادا سـەری نەگرت ؟ کەبوون بە بەخێوەکار و چاودێری جوولەکە, توخوا لـەوە شـوورەیی تر هەیە تائەم ساتانەی دوایی شالیارێکی باڤاری نەزانێت جوولەکە گـەلێکن خاوەنی تایبـەت مەندی شاراوەی خۆیانن ؟

هەرگیز جووەکان دەستەیەکی ئاینی خاوەن ڕێـوڕەسمی تایبـەت بـەخۆیان نەبوونـە بـەڵکو هەمیشـە گـەلێکی تایبـەت مەندبوونـە لـەژێر دروشمـی ئاینیـدا, پـاش لـەقڕان بوونیـان و زۆر گـەڕان , بـۆ دۆزینـەوەی ڕێگەچـارەیەك کـەبتوانن هـەموو جهـانی پـێ هەڵبخەڵـەتێنن کەئەمانـە گـەل نـین بـەڵکو دەسـتەیەکی ئـاینی تایبـەتن و هیچـی تر ،

لەکاتێکدا گەلی بژاردە لەم بوارەشدا لاسایی کارێکی خراپیش بووە. ئەمەش بەهۆی ئەوەبووە کەجووەکان ناتوانن هەرگیز ببنە ڕێکخراوەیی ئاینی بەهێز و تاسەر سەرکەوتن. چونکە هیچ نمونەییەکیان نییە. تەنانەت لەتەلمودی کتێبی ئاینی جولەکەدا باسێك لە ڕۆژێکی جهانی پاش لەك جهانەمان نەکراوە. بۆیە هیچ نازانن لەبارەی ڕۆژی دواتری ئەو جهانەکەی دی و هەموو هەوڵێکی خۆیان بۆ دەست گرتن بەسەر ئەم جهانەدا چڕکردۆتەوە.

بڕوای ئاینی جوو لەخۆگرتەی ئاراستەکاری پەیوەست بە پاراستنی خوێنی جوولەکەیە بەپاقژی. هەندێك دەقی دیکەشی پەیوەندی نێوان جوولەکە و جوولەکە و دواتریش جوولەکە و پاقی مەنی گەلانی دیکە دەست نیشان دەکات. بەڵام ئەمە پەیوەست ناکات بە ئەنجامدانی کاری چاکەوە. هەروەك لەسەرتادا وەها لەئاوەزت تێدەگەیەنن کەبەڕێگە چارەی تایبەتی خۆیان کێشە ئابوریەکان چارەدەکەن. بەگیانێك کە جوولەکەی لەسەر ڕاهاتووە. بەڵام بەهای گیانی بۆ فێرکاری لە ئاینی جوولەکەدا لەڕێگەی ئەو وانانەی وەرم گرتوون-ئەمانە وانەگەلێك بوون کە جووەکان خۆیان دایان نەڕشبۆوە-هیچ خزمەتی جووناکات. بەڵام هەمدیس نە تێڕوانینێکی سەر پێیانەشەوە دەزانین کە جووەکان ئاینەکەیان بەتەواوەتی دورە لە گیانبازی، ژیانی جوو وەستاوەتە سەر مادەبوون. گیانی جوو لەکۆن و ئێستاشدا جودایە لە گیانی حەسرەتیان. هیچ گومان لەوەدا نییە کەهێنەری پەیامی حەسرەتیانی هیچ گوناهێکی لەهەمبەر جووەکاندا نەکردووە لەوەی بەڕوونی بۆچوونی خۆی پێ گووتن. بۆ وەدەرنانی دوژمنی مرۆڤایەتی لەپەیکەربەندی پەرستگەش قامچی بەکارهێنا. چونکە جووەکان لەکۆن و ئێستاشدا ئاین وەکو سەرچاوەیەکی بازرگانی کردن بەکاردێنن. عیسای پەیامبەر لەهەمبەر مادیەتی جوودا جەنگی ڕاگەیاند بۆیە ئەوانیش لەشێوەی خاچ هەڵیان واسی. توخوا ئەوە شەرم نییە پارتایێکی حەسرەتیان لەم ڕۆماندا سوالّی دەنگی جووەکان بکات و کێشە بنێتەوە و دژایەتی هاولاّ تیانی خۆی بکات بەهاوبەشی کردنی لەگەلّ پارتێکی جووخوازی نائینیدا ؟

***

بۆسڕینەوەی درۆی یەکەم کەدەلّێت جوولەکە ڕەگەزنین بەڵکو دەستە و کۆمەلّێکی ئاینین ئەوا زنجیرەیەك لە درۆی مەترسیدار لەم بوارەدا کراوە. نمونەی ئەم

درۆزنیەشیان ئەو زمانەیە قسەی پێدەکەن ، زوان هۆکارێکە بۆشاردنەوەی هەناویان و فاکتەرێکیش بیچت بۆ دەربڕینی بۆچوونەکانیان. ئەودەمەی جوولەکەیەك بەفڕەنسی دگەڵت دەدوێت ئەوا بیر لە جووبوونی خۆی دەکاتەوە پێش لەفڕەنسی بوونی، ئەوکاتەی پارچە هۆنراوەیەك بەئەڵمانی هەڵدەبەستێت ئەوا بزانە تەنها هەناوی گەلەکەی خۆیت بۆ دەخاتەڕوو. تاوەکو جووەکان هەست بە بالآیی تەواوی خۆیان نەکەن بە زوانی گەلانی دی دەدوێن ، مەلأم هەرکە هەستی بە بالآدەستی خۆی کرد بەسەر گەلانی دیکەدا ئەوکات بانگەشەی بەکارهێنانی زمانی تایبەت دەکەن، بۆنمونە زمانێکی جهانی وەکو (اسبیرنتۆ) بۆئەوەی جوەکان بتوانن بەئاسانی گەلان بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە.

((پرۆتۆکۆڵی داناکانی جوولەکە)) کەجووەکان بەو پەڕی توندییەوە ڕەتی ئەم بوونی ئەم دامەزراوەیەیان کردەوە، ئەوەی دیارخست کە مانەوەی ئەم گەلە و بوونی وەستاوەتەسەر درۆی هەمیشەیی و بەردەوام. جەختکردنەوەی ڕۆژنامەی (لاگازیت دو فرانکفۆرت) لەوەی کە (پرۆتکۆڵەکە) پیلانێکی دژە جولەکەیە هەرگیز قسەیەکی ڕاست نییە؛ چونکە خوودی ئەم ڕۆژنامەیە خزمەتکاری جوولەکەیە و هەموو توخمی بابەتەکانی لەجولەکەوە وەردەگرێت، گرنگ نییە بۆئێمە بزانین کام جوو بنەماکانی ئەم پرۆتۆکۆڵەی داڕشتۆتەوە گرنگ ئەوەیە زانیمان ئامانجی جووەکان چین و بەبەکارهێنانی کام ڕێگە بڕەو بەدەستەڵآت و مانەوەیان دەدەن. ڕووداوەکانی سەرەتای سەدەی بیست بەڵگەی جێبەجێ بوونی ناوەڕۆکی (پرۆتۆکۆڵی داناکانی جوولەکە)بوو، دەی کەواتە بۆچی ڕۆژنامە جووخوازەکان ئەم هەموو هات و هاوارەیان کرد لەبۆ ڕەتکردنەوەی دەقەبلأوکراوەکانی ئەم پرۆتۆکۆڵە؟ چونکە ئاشنابوونی گەلان بەشێوازی پیلانگێڕی جووەکان یارمەتی ئاسان لەناوچوونی جووەکان دەدات لەلایەن گەلانی بالأوە.

***

بۆتەواو ناسینی جوولەکە لە شوێن پێ هەڵگرتنی لەبۆ لێکۆڵینەوە لە ئەنجامدراوەکانی لەچەرخەکانی ڕابردوودا کاری باشتر لەمە نییە. لەبەرئەوەی گەشەی جوولەکە لەهەموو سەردەمەکاندا وەکو یەکە و هەمیشە بەمشەخۆری لەسەر گەلانی دیکە ژیاوە. کەواتە یەك نمونە بەسە بۆ تێگەیاندن ئاوەز لەبارەی جوولەکەوە.

دەسپێکی هاتنی جووەکان بەرەو ئەڵمانیا دەگەڕێتەوە بۆسەرکەوتنەکانی سەربازانی ڕۆمی لەناوچەکەدا، جووەکان لەم کاتەدا بەناوی بازرگانیەوە دەهاتن و بە ئەڵمانیدا پەرت دەبوونەوە. لەکاتی هەڵگەڕانەوەی تایبەت بە دژی جوڵەی کۆچەری فراوان جووەکان لەم کاتەدا بوونیان نەما، بەڵام ئەوکاتەی دەوڵەتی ئەڵمانیا دامەزرایەوە هەمدیس دیارکەوتنەوە. لەم جارەشدا هەمدیس وەکی بازرگان دەرکەفتنەوە، هیچ گرنگیشیان نەدەدا بە شاردنەوەی سروشتی تایبەتی خۆیان؛ چونکە خەسڵەتی تایبەت بە خۆیان و نەتوانینیان بۆ قسەکردن بەئەڵمانیەکی پاراو بێگانەییانی دەخستەڕوو، پاش لەوەش دەرکەوتن ئەمانە جوولەکەن بەڵام ئەڵمانەکان سنگیان بۆ میوان فراوانە و بەخێرهاتنیان کردن و ڕێزیان گرتن.

زۆری پێنەچوو تا جووەکان دەستیان تێکەڵی ڕەوتی ئابووری وڵات بوو، نەوەک وەکو بەرهەم هێن بەڵکو وەکو ناوەندێکی ڕێکخار. جووەکان لەبواری بازرگانیدا زۆربەهێز و خاوەن مەشقێکی تەواون، بۆئەمەش بەتەواوەتی ئامادەی بەزاندنی ئاریەکان بوون، بۆیە دەستیان دایە پێدانی قەرز بە هاوڵاتیان بە سوودێکی زۆرەوە، خەڵکانی ئاری پێشتر ئەم جۆرە قەرزپێدانەیان نەزانیبوو، نەیان دەزانی زیانی چین تائەوکاتەی پێوەبوون و کەوتە داوی جولەکە فێڵبازەکانەوە.

دوای ئەوەی جولەکە ڕەوتی بازرگانی و بازاڕیان قۆرخ کرد لەنێو باژێر و دەڤەرەکاندا تاخی تایبەت بەخۆیان پیناکرد، دەوڵەتیان لەنێو دەوڵەتدا هازرکرد. بەهۆی ئەو سوودەی زۆری قەرزەوە دانیشتوان ڕقیان لێیان دەبوویەوە، بێزیان لێدەهاتنەوە بەهۆی خوێڕێتی و بێباکی و ناڕەوشتیانەوە، کەمدەستانی جوو ئیرەیی بەربوو بە بداری جوو، بەم ڕێگەیەش جووەکان ڕووبەرێکی بەرفراوانی زەویان داگیر کرد و خاوەنەکانیان لەسەر دەرکرد، ئەمەش وای کرد خەڵکانی بەگشتی لەدژیان بووەستنەوە و وەدەریان نێن.

بەهۆی ئەم ڕقەی خەڵکەوە لەهەمبەر ستەمی فێڵاوی جووەکان لەم کاتەدا جولەکەکان دووچاری کۆمەڵێك ئازاردانی جەستەیی و دەروونیش بوونەوە، بۆیە لەم کاتەدا میوانە جووەکان پەنای گرتە دەستەڵاتداران و توانییان بە جادووی پارە و سەرجەم ڕێگە هەڵخەڵەتێنەرەکانی دیکەیان نوسراوی تایبەت بەپاراستنی سەروەت و سامانی جووەکانیان لێبەدەست بێنن، بەم شێوەیەش دەستەڵات بەدەستان هەستان

بـه والاکردنـی دەسـتی هەڵمـژین بۆخـوێن مـژینی قوربانیـەکان، بـەڵام دواتـر لـەژێر کاریگەری جەماوەردا کۆت و بەند لەپێش ئاسان دەستکرتن بەسـەر زەوی و مووڵکی خەڵکیـدا دانـرا، لـەم کاتـەدا جووەکـەکان گوێڕایـەڵی خۆیـان نوانـدن، یـام بەگوێڕایـەڵ خۆیـان دەخستەڕوو، چـون بێگومـان بـوون لـەوەی ئـەوە کلکـی دەستەڵاتدرانە لـەژێر تەوشیەی ئەمانە و جاری داهاتوو لـەکاتی کـەم پارەییـدا خاوەن دەستەڵاتان پـەنایان پێدەگرنەوە، ئەمەش وەك خۆی وابوو، جووە سوو خۆرەکان لەبەرانبەردا بەڵگـەی مافی بوون بەخاوەن زەوی و زاریان وەرگرت. لـەم کاتەشدا ئـەو پارەیـەی بە دەستەڵاتدارانیان دابـوو لێـی خۆشـبوون، چـون دەیـانزانی دەتـوانی بەئاسـانی بەدەسـتی بێننـەوە و لەگیرفانی جەڵکی عەوامی دەربێنن لەدرێگەی سوودی زۆری پارەوە.

پەیمان بەستنی نێوان میرزادە ئەڵمانەکان و جووەکان مانای هەژارکەوتنی گەل بوو بەهۆی ئـەو ڕامیارکارییـە سـەقەتەوەی کـە هاوشـێوەی هەندێك لەشالیارەکانی ئـەمڕۆ ئـەنجام و پـەیڕەوکراوە نەتـەوەی ئـەڵمانی نـەیتوانی بـە تـەواوەتی لـە مەترسـیەکانی جوولەکە دەربازبێت.

ئەودەمـەی دەسـتەڵاتداران کەوتنـە داوی جوولەکـەوە ئامـاژەی تـەواوبوونی دەستەڵاتی خۆیانیان دەنوسیەوە. ئەودەمەی گەل هەستی بەکەمتەرخەمی کرد لـەوەی سـەردارانیان نـاتوانن بەرژەوەندیکانیان بپارێزن و دەستیان لەگـەڵ دەوژمنـانی گەلدا تێکەڵ وکـردووە بـۆ دۆشـینی گـەل بڕیـاری کشـانەوەیان دا لەپشـتیوانی کردنـی سیاسەت سـەردارانیان ، لـەم کاتەشدا جووەکان هـەوڵی بڵاوکردنـەوەی ڕقابەرایـەتیان دەدا لـەنێوان گـەل و دەسـتەڵاتدا، بەتایبـەت ئەوکاتـەی هەسـتیان بـە ئـاوابوونی ئەستێرەی لایـەنگیری دەسـتەڵاتداران کـرد. گـەلی بـژاردە شـارەزای باشـی هەیـە لـە پێچەوانەکردنەوەی ئاراستەی ڕاستەقینەی سەردارانی وڵات، لەسـەرەتاوە بـە ستایش خۆی لە سەرداران نێزیك دەکاتـەوە و ئینجا بەپارە و بەخشش و خـەڵات خـۆی لێیان دەباتـە پێشـەوە و لـەخۆیانی نزیـك دەکاتـەوە. هـەوڵی سەرخۆشکردنی سـەردارانیان دەدا لەڕێگـەی پێبەخشین و ئامادەکردنی هـەموو فاکتـەرەکانی ئابڕووچـوونی ئاوەژ وەسێنەر. مێزی ڕابواردنیان بۆ دەڕازندنـەوە و ئافرەتی جوانیـان بۆدەمێنان و پارەی زۆریـان بـۆ دابـین دەکـردن، ئەمـەش وای لەدەسـتەڵاتدران کردبـوو هـەرگیز بیر لەبەرژەوەنـدی و چـۆنێتی ژیـانی چـینەکانی خـوارەوەی کۆمەڵگـە نـەدەن، بۆیـە

جووەکانیش ئەم هەلەیان قۆستەوەو دەستیان دایە پووتکردنەوەی خەڵکی هەژار لەمەموو هۆکارێکی بژێوی، دواتریش ئەم ئابڕووچوونانەی دەستەلآتداران ئاشکرادەکەن و دەیان پووخێنن، ئینجا کەسێك لەخۆیان بۆ پۆستی بالآبەرزدەکەنەوە و دەبنە دەستەلآتداری ولآت، ئەم هەنگاوانە وای کرد جووەکان بوونە شالیار و ڕاوێژکار و قسەوەرگیراو، بەمەش جووەکان بوونە دەستەلآتدار و سەرداری ڕاستەقینەی ولآت و هەموو شتێك هەر خۆیان بوون.

لەچەرخی فریدریکی گەورەدا بزوتنەوەیەکی هزری دیارکەوت کەدژە هاوسەرگیری بوو لەنێوان تاکی جوولە و ئەڵمانیدا، سەرکردەی ئەم بزوتنەوەیە ((گوور)) بوو، کە کەسێکی دواکەوتووی کورت بین نەبووە، گەلیش پشتگیری تەواوی خۆی بۆ ئەم بزوتنەوەیە دەربڕی، چونکە پێشتر ئاشنای تایبەت مەندیە خراپەکانی جوولەکە بووبوون بەوەی ئەمانە ڕەگەزێکن ڕۆدەچنە نێو قەوارەی نەتەوەوەو دەیترازێنن بەبێ ئەوەی دەست لە تایبەت مەندی و نەریتەکانی خۆیان هەڵبگرن.جووەکان لەمەترسیەکانی ئەم بزوتنەوەیە بەتەواوەتی تێگەیشتبوون بۆیە بەخێرایی و بەڕێکخراوەیی هەوڵی تەڤل بوونە نێو نەتەوەی ئەڵمانیان دا بەبێ دەست هەڵگرتن لەتایبەت مەندیەکانی خۆیان. جووەکان تەنها بە زوان ئەڵمانی بوون کە لەمێژە یادیان گرتبوو، جووەکان توانای فێربوونی سەد زمانیان هەیە بەڵآم توانای یاوگرتنی هزری پێچەوانی بۆچوونی نەریتی باوی خۆیان نییە.

جووەکان بڕیاری ڕەنگ ڕێژکردنی خۆیان دابوو بە ڕەنگی ئەڵمانی؛ باش دەیان زانی گەل ڕقی لێیانە و ئەو سەردارانەشی دەیان پاراستن والەناودەچن، بۆیە پێویستیان بەکۆڵەکەیەکی نوێ هەبوو بۆ پاراستنی چالاکیە ئابوریەکانیان بەبێ ڕق لێبوونەوەیان لەلایەن جەماوەرەوە. بۆیە لەم کاتەوە دەستیان دایە داواکردنی مافە سڤیلیە ئەڵمانی ئاساکان ، ئینجا هەستیان بەدابەشکردنی ڕۆڵ گێڕانەکان، ئینجا دەزەیان کردەوە نێو کۆشك و خۆیان وەکو ڕاوێژکار و دەست و پێوەند سەپاند. جووەکان خۆیان لەهەموان پتر خەمخۆرتر پیشان دەدا و وایان دەخستنەپێش چاو لەهەموو گەل زێدەتر خەمخۆری ئازار و کێشە و نەهامەتیەکانی ولآتن. ئەرکی ئەم گروپە جووە گران بوو، چون گەلی ولآت سەرباری لاوازی دەروونی و ئاسانی هەڵخەڵەتاوی بەڵآم بەئاسان ناتوانێنێت متمانەی خۆی بەوانە ببەخشێت کەپێشتر

خۆیان تازیەیان بۆدروست کردوون وائێستاش هاتوون بۆ سەرەخۆشی. جوو بەبلاوکردنەوەی دەنگۆی دەست هەڵگرتن لەخراپەکان و ئەنجامدانی کاری چاکە وای دەخستە پێش چاو کە چیتر تاوان ناکەن, ئەم قوربانیەشیان تەنها لەبۆ باشترکردنی دۆخی ژیانی هەژارەکانە. جووەکان وا تاوەکو ئێستاش ئەم ئاوازە دەژەننەوە و بەردەوامن لەسەریو ئەمەش وای کرد تەنانەت دوژمنە سەرسەختەکانیشیان دان بە جووەکاندا بنێن بەوەی کاری چاکە دەکەن, خۆئەوانەشی گومانیان لەم کارە پۆخڵەی جوو هەبوو تاوانبارکران بە کێشەنانەوە بۆ جووی بەدبەخت و کەم شانسی بێدەستەلاّت.

دۆخەکە لێرەوە کۆتایی نەهات, لەشەو و ڕۆژێکدا جووەکان لەبانگەشەکردن بۆ ڕزگاری و ئازادی خوازییەوە وەرگەڕان و ئالاّی پێشکەوتن و نوێکارییان هەڵگرت, ئەمەش ڕێی لێنەگرتن بۆئەوەی دەست وەربدەنە کاروباری ئابوری ولاّتەوە و دواتریش داڕمانی ئابوری نەتەوەیی لەبەرژەوەندی خۆیان, جووەکان توانییان دزەبکەنەوە نێو بواری بەرهەم هێنانەوە لەڕێی کۆمپانیا پشککاریەکانەوە, ئەمەش وای لەپیشەسازی ئەڵمانی کرد دواتر لەبنەماکانی خاوەندارێتی تاکێتی بێبەش بێت, ئەمەش بووەهۆی دیارکەوتنی کەلێنێکی گەورە لە نێوان کرێکار و خاوەن کاردا, دواتریش دابەشبوونی کۆمەڵ بۆ دوو چینی سەرەکی دەوڵەمەند و هەژار.

هەر لەم کاتەدا جوولەکەکان دەستیان گرتەسەر بازاڕی دراو, بۆیە واری ڕەهای بۆ جووەکان ڕەخساند دەست بگرن بەسەر چالاکیە نەتەوەییەکانی ولاّتدا. لەم ڕێگەوەش بەسوورىوونەوە جووەکان خۆیان ئامادەکرد لەبۆ هەڵپاچینی ئەو لقانەی بەزیادە و کۆسپی دەزانی لەپێش گەیشتنە ئامانجە دوورمەوداکانی. لەم کاتەشدا جووەکان دەستیان دایە بانگەوازی لێخۆشبوونی ئاینەکان. جووەکان بۆئەمەش ماسۆنیەتیان بەکارهێنا-کە ئامرازێکی نەرمۆڵەی دەستی جووەکان بوو-بەمەبەستی مۆرکدان لە مەبەستی ئامانجەکانی. ماسۆنیەکان هەستان بە خستنە داوەوەی هەرچی خانەدان و سەرمایەدار و بوارژوازی و بیرمەندانی ولاّتەوە.

بەڵام ڕەگەزی ڕاستەقینە, ئەو ڕەگەزەی هۆشیاربووە و شۆڕشی بۆ بەدەست خستنی ماف و ئازادیەکانی بەفاکتەری تایبەت بەڕپاکرد نەکەوتە داوی جوەکانەوە. جووەکان لەم کاتەدا بۆیان ڕوون بوویەوە کە ماسۆنیەت دادیان نادات و

ئامانجەکانیان ببۆ بەرجەستە ناکات. بۆیە هەوڵی خۆیان بۆ بەجووکردنی دەزگاکانی ڕاگەیاند چڕکردەوەو ئاراستەکانیان لەبەرژەوەندی خۆیان گۆڕی، بەم کارەشیان توانییان ڕای گشتی کەمڵگە بۆ خۆیان کەپت بکەن. لەم کاتەدا جووەکان خۆیان بە زانست خواز پیشان دەدا و ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان داوە بۆ ستایشکردنی جولاّنەوە پێشکەوتو خوازەکان، بەتایبەت ئەو جولاّنەوانەی کە سەرکەوتنیان مانای شکست هێنانی خەڵکی عەوامی بەدواوە بوو.

ئەوەشی سوودی زۆرینەی کۆمەڵگە و هەموو مرۆڤایەتی تێدابوو بەوپەڕی توانا و بەهرەمەندیەوە ڕووبەڕووی دەبوونەوە؛ چونکە پرۆتۆکۆڵی دانایانی جولەکە سەرجەم ڕسپاردەکانی تایبەتە بە دژایەتی کردنی هەموو ژیاریە ڕستەقینەکان و کۆسپ دروستکردن لەپێشی هەموو چەشنە بەرەوپێشەوە چوونێکی کەتواری، چونکە پێشکەوتنی شارستانیەتی ڕاستەقینە زیانی بۆ جوو هەیە.

کارکردنی ڕووکەشیانەی جوولەکە لەبۆ دابین کردنی خۆشگوزەرانی بۆ هەموو مرۆڤایەتی و بەناو بلاّوکردنەوەی زانست و بیر و ڕێبازی نوێ هەرگیز لە جوو بوونی نەخستن و نەیتوانی لە تایبەت مەندییەکانیان بخات. جووەکان ژن و ئافرەتەکانیان دەخستە نێو نوێنی سەرکردە ئەڵمانیەکانەوە بۆئەوەی لەگەڵیاندا ڕابوێرن بەڵام هەرگیز بۆ ڕۆژێکیش خۆیان لە دروشمی پاراستنی خوێن پاکی گەلی بژاردە نەبواردووە، بەوەی وەچە نێرەکانیان نابێت توخنی ئەڵمانیەکان بکەونەوە و ژن و ژنخوازییان لەگەڵدا دابەستن. بەم شێوە ڕێبازە ناوازەیە تواناییان خوێنی گەلانی تر ژەهراوی بکەن، بۆ پەنهانی کردنی ئەم گەمەیەشیان و سەرگەردان کردنی قوربانیەکانیان بانگەشەی هێنانە ئارای یەکسانی نێوان مرۆڤەکانیان دەستپێکرد، بەوەی سور و سپی و ڕەش و زەرد هیچ جودایەکیان نییە و هەموویان مرۆڤن. بۆیە دەبێت ئەوەی بەلای مرۆڤەوە گرنگ بێت مرۆڤ بوونە نەوەک ڕەگەز و ڕەنگ و بۆچوونەکان. ئەوکاتەی هەستیان کرد زۆرینەی کۆمەڵ هێشتاکە بە گەلێکی ترسناک لەجوو دەنواڕن هەمدیس پەنای بە ڕۆژنامەکانیان گرتەوە بەوەی جوو گەلێکی بێ کێشە و ئاریشەن و ئەوەی بەلایەوە گرنگە تەنها دابینکردنی ژیانە بۆخۆی و جگە لەخۆیەکانیشی. لەم کاتەدا سەرکردایەتی بەرەی دیمۆکراتی ان ئەو کاتە پێی دەگوترا پەیڕەوی نوێنەرایەتی گەلیان گرتە دەست و سەرکرایەتیان دەکرد. جووەکان

بەتەواوەتی بەئەمەك بوون بۆ ئەم بیرۆکەیە، چونکە پەیڕەوی پەرلەمانی دەستەبەربوو بۆ دابین کردنی ئەو مافانەی خۆیان دەوێت، بۆئەوەی لەم رێگەیەوە بتوانن کۆمەڵێك لەگەمژەکان بئاخنە نێو پەرلەمانەوە و دواتر دەستیان بەسەردا بگرن.

***

بەهۆی ئەو چەشنە پێشکەوتنەی ئابوری وڵاتەوە کە جووەکان نەخشەیان بۆ کێشابوو ناهاوسەنگی لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی دەوڵەتدا هاتەئاراوە، بەجۆرێك گەل دابەشی چەند چینێك بوو. لەگەڵ لەناوچوونی پیشە بچووکە دەستیەکاندا ژمارەی کرێکاری سەربەخۆ و بۆخۆ کارکردە کەم بوویەوە و هەموان تەقلی دیل بوونە نێو کارکردن بۆ کەسانی دیکەبوون، بەبێ بوونی هیچ متمانەیەك بەوەی لەدوا رۆژدا ئەمانە هیچ قازانجێکیان بۆیان دەبێت. لەگەڵ زۆربوونی ژمارەی کرێکارانی کارگەدا ژمارەی ئەندامانی چینی پرۆلیتاری هەژار پتربوو، کە مۆتەکەی بەسەڵداچوون هێزی لەبەر بڕیبوون؛ چونکە پەیڕەوی کارپێکراوی کارگەکان هیچ ئامازەیەکی تێدا نەبوو لەوەی خەمی داهاتوویان دەخوات پاش دەست هەڵگرتن یان نەمانی توانا بۆکارکردن.

ئەودەمەی چینی کارمەندانیش چونە پاڵ جوتیاران و هەژاران واتە دووچاری هەمان کێشە بوونەوە ئەوکات ئەمە بوویە کێشەی دەوڵەت، بۆیە لەم کاتەدا دەوڵەت بۆی دیارکەوت کە فەرمانبەرەکانی بڕوایان بە هەقپێدانەوەیان هەیە، بۆیە دەوڵەت هەستا بە بەکارهێنانی پەیڕەوی خانەنشینی، ئەمەش دواتر پرۆژە تایبەتیەکانیشی گرتەوە بەڵام لە پشتێنەیەکی بەرتەسك تردا.

بەڵام کێشەی کرێکاران چارەسەرکردنی کارێکی ئاسان نەبوو. بەملیۆنان خەڵکی گوند نشین بەرەو شارەکان ملی رێگەیان گرت بەمەبەستی دابین کردنی خۆراك و رۆزی پێویست بۆ خۆیان و خانەوادەکانیان ئەمەش بەکارکردن بوو لەکارگە و تازەدامەزراوەکانی شارەگەورەکان. بەڵام وەچەکانی لادێ نشینی تازە ئاشنابوو بە تایبەت مەندی شار بەئاسانی نەیان توانی خۆیان رابێنن لەگەڵ کارکردن بە مەرجە قورسەکانی کارگە نوێیەکان و ژیانی شار. بەرنەنجامی هاتنی ئەم شالاوە زۆرەی دەستی کار و کارکردنی کرێکار لە کارگەکاندا بۆ زیادتر لە دە کاتژمێر لە شەوورۆژێکدا-ئەمەش ماوەی کارکردنی کرێکاربوو لە کارگەکانجا پێش گەشەکردنی پیشەسازیی- زیان گەیاندن بوو بە چینی زەحمەتێك کێش و هەژار. چون مەرجەکانی

کارکردن گۆڕدرا و وەکو جاری جاران نەمایەوە. لەکارگە و پیشەسازیی ئاساندا دەبوو کرێکار بۆماوەی ١٤-١٥ کاتژمێر کاربکات بەبێ پشوو وەرگرتن !

گەر دۆخە تائێرە بوایە ئاسان بوو چارەکردنی ئەم نەهامەتیە، بەڵام لەبەرامبەر ئەم هەموو هەوڵە سەختەی کرێیەکی زۆر کەم دەدرایە کرێکار دەتوانین ناوی مەمرە و بژی یان کارلەبەرامبەر کەمە دیناری لێبنێن، لەم کاتەدا خاوەن کارتادەهات دەوڵەمەندتر دەبوو، کرێکاریش هەژار و نەدارتر پۆدەچوو.

ئەمەش یارمەتی دەرکەوتنی چینێکی ڕاستەقینە و بوون دیارکەوتەی دا لەوڵاتدا کەناوی چینی ڕەنجدەران یان پرۆلیتاری ڕووتەڵەیان لێنرابوو. دەبوو دەوڵەتی نەتەوە دەست لەم چینە چەند ملیۆن کەسیە هەڵنەگرێت بەوەی چارەنوسێکیان بە قەودەری بۆکەس لەباردا نەبوو نە سپێرێت، دەوڵەت دەیتوانی سوود لەم چینە وەربگرێت بۆ بەهێزکردنی نوکی شمشێرەکانی بۆ لەناوبردنی دوژمن، بەڵام ئەوەی بەلای دەستەڵاوە گرنگ نەبوو ئەم چینە بوو ، هەمووشتێکی تایبەت بەم چینەیان دابووە جەست چارنووس و وێڵیان کردبوو بۆئەوەی خۆڕسێکی خۆی ئەم چینە چارەبکات، بەڵام جووەکان زۆر ژیربوون دەیان زانی قۆستنەوەی ئەم چینە مانای داڕووخانی وڵات و هەڵایسانی شۆڕشە، بۆیە بەو پەڕی لێزانیەوە لەم چینە نزیك بوونەوە و چارەکردنی کێشەکانیان گرتەئەستۆی خۆیان. ئەمەش لەکاتێکدا بوو جووەکان بەردەوام بوون لەسەرمایەداری کردن و دادۆشینی خەڵك لەپشتەوەی هەنگاوە ڕووکەشیەکانیان، ئەوەندەی پێنەچوو جووەکان بوونە سەرداری کرێکاران و ئاراستەی هەڵمەتی کرێکارانی گۆڕی بۆ دوور لەتاوانباربوونی خۆی، بۆئەمەش ژمارەیەك خەڵکی دیکەی بەمە تاوانبارکرد و هەموو شتێکی خستە ئەستۆی ئەوانەوە لەکاتێکدا خۆیان بوون تاوانباری سەرەکی و سەرماری ژەهراوی.

بێگومان جووەکان ژیرانە توانییان کینەی دڵ و هەناوی کرێکاران بۆ جەنگیان لەدژی چینی بۆرژوازی بەکاربێنن، بەراە بۆجوازیەکان کرێکارەکانیان لەدژی دەرەبەگەکان بەکارهێنا، جووەکان بۆ چەسپاندنی داواکاریەکانی خۆیان پشتیان بە کرێکارەکان بەست. لێرە بەدواوە ئاراستەی کرێکاران هەمان ڕەوتە ئاراستەی جووی وەرگرت: دەستگرتن بەسەر هەموو جهاندا.

بەم رێگەیەش کاری کرێکاران بریتی بوو لە تێکۆشانی هەمیشەیی لەبۆ پاراستنی داهاتووی ڕەگەزی جوولەکە، کرێکاران بەبێ ئاگابوون لەوەی چیەکات و سەرقاڵی چییە و ئامانج و ئەنجامی کارەکانی چین کەوتە خزمەتی ئەو چینەوەی کە پێشتر خۆی دادۆشی بوو، هەموو شتێکی لەکرێکاران وەرگرتبوو. ئەم پیلانەی جوولەکە یارمەتی هەڵخەڵەتاندنی کرێکارانی دا بەوەی دڵیان خۆشبێت بە سەرمایەی نێودەوڵەتی، بەڵام ئامانجی بنەڕەتی ئەم شاڵاوە ئابووری نەتەوەیی بوو، چون ئەوکاتەی گەر ئەم ئابورییە داڕووخا هەل بۆ بازاڕی جیهانی دەڕەخسێت کە بەوەهەسی خۆی لەسەر پاشماوەی ئابوری نەتەوەیی هەڵپەڕێت.

ئەمە لەکاتێکدا بوو شێوازی پەیڕەوکراوی جوو لەبۆ بلاوکردنەوەی ڕازە ڕووخێنەرەکانیان زۆر بە ڕوونی دیارکەوتبوو: نوێنەرە جووەکان سۆزیان لەبەرانبەر کرێکاراندا دەردەبڕی و هانی دەربڕینی ڕازەکانیان دەدا بەوەی بزانن کرێکارەکان چییان دەوێت بۆئەوەی ئەم جووانە بانگەشەی دابینکردنی بکەن، بەم کارەشیان هەڵیان دەخەڵەتێنن بۆ تێکۆشان لەپێناو بەرجەستە مافەکانی جوو بەناوی دادپەروەری کۆمەڵایەتیەوە. بەم شێوازەش جووەکان تۆوی مارکس خوازییان چاند لەناخی هەموو کرێکاراندا، دواتریش جووەکان پەیوەندییان بەخاوەن کارەکانەوە کرد بۆ هاندانیان لەدژی کرێکارەکان، بەوەی داواکاریەکانیان لەئاوەز بەدەرن، ئەمەش بەهۆی ئەوەبوو کە جووەکان لەپشتی وەرنامەی دادپەروەری کۆمەڵایەتیەوە مەرازێکی ئاریەمەن ئاسایان هەبوو.

دیارترین شت لە بیروباوەڕی مارکسیدا بوونی هەندێك دەقی تێکەڵاوە کە هەندێکیان جێبەجێ کردنیان ئاسانە بەڵام هێندێکی دیکە زۆر گران و ناسانە و ئاوەز توانای جێبەجێ کردنیانی نابێت. ئەم دەقە ئاوێتەکراوە بەشێوەیەك داڕێژراوە ئەوەی پێشیاوی جێبەجێ کردن نییە بووەتە شیاو بەڵام ئەوەشی شیاوە بەنەشیاو خراوەتە پێش چاو، بەجۆرێك چەسپاندنی ئەستەم بێت. مارکس خوازەکان لەڕێگەی ڕەتکردنەوەی نەتەوە و ڕەگەز و مافی تاکەوە هەموو بنەکانی دیارکەوتنی ژیاریان داڕووخاند، دواتر کۆسپی پێش لە دروستکردنی دەوڵەتی جولەکە و دەستگرتن بەسەر جیهاندا بوونێکی نامێنێت.

***

جووەکان هەستان بە سڕکردنی حەزی مانەوە لەڕێگەی بلاوکردنەوەی بنەماکانی شۆڕشی فڕەنسی و بنەماکانی بەناو ئاشتی خوازییانەوە لەڕۆژنامەکان و بەیارییەی ماسۆنییەت. دواتریش ڕۆژنامەکان هەستان بە گرنگی پێدان بەجوانکردنەوەی بنەما مارکسیەکان لای چینی بورجوازی. ئەودەمەی جولانەوەی کرێکاری لە ولاتدا پەیدابوو جووەکان بوونە سەرداری، بەو مەرامەی توانای ئەم کرێکارانە بقۆزنەوە بۆ مێرشکردنە سەر نەتەوە. بۆهێنانە دی ئەم مەرامە جووەکان چالاکیەکانیان لەدوو ڕوانگەوە بڕەوپێدا کە هەردووکیان لەجوا خاڵدا بەیەک دەگەیشتنەوە: جولانەوەی سەندیکایان لەولاتدا دەمەزراند بەبیانووی پاراستنی مافی چینی بەش خوراوی هەژار، لەکاتێکدا لەلایەکی دیکەوە ئەم جولانەوە بەڕەو بە سیاسی کردنی داواکاریەکان هەنگاوی پێدەنرا و دواتریش بەکارهێنانی لەخزمەتی مەرازەکانی جووودا.

دەبوو جولانەوەی سەندیکایی کرێکارە لانەوازەکان بپارێزێت کەبەهۆی نەبوونی شوێنی دیکەوە بۆ داکۆکی کردن لێیان پەنایان تێگرتبوو. ئەوەی وای لەم کرێکارە هەڵخەڵەتاوانەکردبوو تەقڵی بزوتنەوە سەندیکاییەکان ببن ڕەتکردنەوەی خاوەن کارگەکان بوو بەوەی کاتژمێرەکانی ئیشکردنیان بۆ دیاری بکەن و ئیش بەمندالان نەکەن و مەرجەکانی تایبەت بەپێشیاوی کارگە بۆکارکردن لەکارگەکاندا دابین بکەن، بەلام جووەکان پێشتر توانیبویان خاوەن کارەکان لە کرێکارەکان توندبکەن. جووەکان مەبەستی ئەم کارەیان لەهەردوو بەرەکە شاردبۆوە کە داڕووخانی ئابووری نەتەوەیی بوو. ئەمەش تەنها بە خۆشکردنی ئاگری سوتێنەری نێوان خاوەنکار و کرێکار نەبێت بەدی نایات، بۆئەم مەبەستەش سەرکردە جووەکان هانی هانی کرێکارەکانیان دەدا بۆ زیادلەپێویست داواکردنی ماف بۆئەوەی خاوەن کارەکان نەتوانن بۆیانی جێبەجێ بکەن، بۆیە ئەم ڕەتکردنەوەیەشْ بووە هۆی بڕەودان بە ناسۆریەکان و دروست کردنی دوژمنایەتی لەنێوان هاونەتەوەکاندا، بەلام باجی ئەمەش دەکەوتە ئەستۆی ئابووری نەتەوەوە.

بێگومان جوولەکە توانی چینی کرێکار بکاتە ئامرازێکی مەترسیدار بۆسەر ئاسایشی ئابووری و نیشتمانی ولات، لەکاتێکدا پێشتر کرێکاران فاکتەری گەشەی ولات بوون، ئەمانە لەکاتێکدا ڕووی دەدا کە دەوڵەت بێ ئاگابوو لەوەی ڕوودەدات، بەهۆی پەیڕەوکردنی سیاسەتی هەڵە و پووچەوە بوو. جووەکان زۆر زیرانە توانییان

ئەم بزوتنەوە کرێکارییە بگۆڕن بۆ دامەزراوەیەکی پامیاری کاریگەر، زۆری نەبرد تاوەکو داواکاریەکانیان گۆڕی بۆ مانگرتن و دەست هەڵگرتن لەئیش کردن ، ئەمەش کاریگەری زیادتر بەم بزوتنەوە سیاسیەیان بەخشی بۆ بەدی هێنانی ئەوەی لەئاوەزیاندابوو. ڕۆژنامە جوو خوازەکان ئەرکی ڕقابەرێتی دژە بەرنامەکانی جوویان گرتە ئەستۆ، بەتایبەت ئەو شتانەی لای نەتەوە پیرۆز و خۆشەویست بوو، ئەم بانگەشە چەپەڵە کاریگەری خراپی لەسەر هەژارانی ولآت هەبوو.

ڕۆژنامە جوو خوازەکان ئەو ئەرکەیان پێ سپێردرابوو کەلەهەموو ئەو شتانە بدەن کەدەبنە ڕێگر لەپێش جوو بۆ گەیشتن بە ئامانجە پیرۆزەکەی ، هەر کەسایەتییەکی گەورە ئامادەی ملکەچ نەبوو بوو بۆ ئەم گەلە ناموٚیە سوکیان دەکرد هەموو ئەو سوکانەشسی ئامادەی پشتگیری کردنی جووبوون بەرزیان کردنەوە و کردنیان بە کاریزما. جووەکان ڕقیان لەهەر کەسایەتیەکی خاوەن بڕوانامە و بەهرە و تواناداره بۆ سەردارێتی کردنی نەتەوەکەی، بۆیە بەباشی خۆیان لەسەنگەری پەلاماردانی ئەم جۆرە کەسایەتیانەدا حەشاردابوو، ئەم جەنگەی جوولەکە لە کۆن و ئێستا و داهاتووشدا لەسەر بنەمای درۆ و هەڵبەستراوە و هیچ توخنی دەرخستنی ڕاستیەکان ناکەونەوە. مەخابن زۆربەی جارەکان ئەم شالآوەی جوولەکە ئامانجی خۆری پێکاوە و کردوویەتی بەقوربانی ڕێبازکەی خۆی بەجۆرێك توانیویەتی ڕای گشتیش بەم قسانەی خۆی چەواشەبکات و هەرگیز بۆ ساتێکیش بێت بۆئەم کەسایەتیە گەورەیەیان نیگەران نەبن.

***

دوای گرتنە دەستەلآتی پامیاری و ئابوری و هزری ولآت لەلایەن جووەکانەوە چیتر ئەم جووانە نکۆڵیان لە جودایی ڕەگەزێتی خۆیان نەدەکرد لەگەڵ ئەڵمانەکاندا، بەمەش نیازەکانی جولەکەی جیهانی بۆ هەموان ئاشکرابوون، لێرە بەدواوە دەست هەڵگرت لە بانگەشەی ئەوەی ئەمانە کۆمەڵێکی ئاینین، بۆیە لێرە بەدواوە بەئاشکرا بەهەموانیان ڕاگەیاند ئامانجی ئەمان وەکو گەلێکی جودا دروستکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی تایبەت بەجووە لە خاکی کەنعان ، بەوەی خاکی فەڵەستین دوا وێستگەی گیرسانەوەو پەناگەی هەموو جوەکانی جیهانە.

ئەم بیرۆکەیەی قسەکردنەی جوو مانای متمانەکردن بوو بەوەی تەواو توانیویانە دەست بەسەر هەموو شتێکدا بگرن، بەمەش سەرکەوتن نێزکە، بەم کارەیان هیچیان بۆ قەوداڵ نەهێشتەوە، بەردەوام بوون لەسەر پیسکردنی خوێنی ڕەگەزەکان بۆئەمەش جووەکان هەستان بە هێنانی ڕەش پێستەکان بۆ ڕینانیا بەمەبەستی بەکارهێنانیان لەبۆ پیسکردنی خوێنی گەلەکەمان و لەناوبردنی بەهرە داهێنەرانەکانیان)، پاش لەوەی لەڕێگەی دیموکراتیەوە دەستەلاتیان بەهێزکرد ئەمجار لەڕێگەی پرۆلیتاریاوە بانگەشەی دیکتاتۆریەتیان دەکرد. لەڕێگەی مارکسیەتی ڕێکخراوەوە بەو ئامرازانە ئاشنابوون کە دەتوان گەل بە ئاگر و ئاسن سەرکوت بکەن. لەهەمان کاتدا جووەکان بەردەوام بوون لەسەر بڕەودان بە نەخشە کۆنەکەیان: وێران کردنی ئابوری نەتەوەیی و داڕووتانەوەی دەوڵەت لە بنەماکانی مانەوە لەڕێگەی تێکدانی ناوبانگی و هاندانی هاوڵاتیان بۆ شۆڕش، تێکدانی میژوو و کەمکردنەوەی بەها پیرۆزیەکان، کاولکردنی بنەماکانی شارستانیەت لەشێوەی هونەر و وێژە و چەمکەکانی جوانی و پیاوباشی و چاکەوە. ئەمانە هەموو هۆکاربوون بۆ کوشتنی توانای گەل لەبۆ هەوڵدان بۆ تێکۆشان لەپێناو مانەوەدا.

جووەکان بۆیەکەمین جار لە ڕووسیا توانییان سەرکەوتنی خۆیان نمایش بکەن بەوەی بەهۆیەوە پتر لە (٣٠)ملیۆن کەس لەناوچوون، بەس بۆئەوەی ئەم گەلە بەهێزە بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە، کەمانەش دەستەیەك لە درۆز و درۆزن و جامبازانی بازاڕی دراو بوون.

بەجوانی لەهۆکاری کەوتنی ئەڵمانیا بنوارین ئەوا دەبینین بابەتی لەپێش چاو نەگرتنی ڕەگەزایەتی لەپێشەنگی هۆکارەکانەوەبووە، گەر ئەم قشت گوێ خستنە نەبوایە ئەوا ئەڵمانیا هەرگیز دووچاری مەترسیەك نەدەبوویەوە کەناوی جوولەبێت.

دەمان توانی نەنگیەکانی دۆڕاندنەکەی خەرمانانی ١٩١٨ لەئەستۆ بگرین، کە بەهۆی کەم شانسیمانەوە نەبوو، بەڵکو ئەم چارە ڕەشیەمان بەهۆی دامالینی نەتەوەکەمانەوە بوو لەو هێز و حەزە سیاسی و گیانیانەی کەهەموو گەلێك بۆ مانەوەو بەرگری کردن پێویستیەتی.

هەرگەلێك سوك بێت بەماوەیەکی زۆرکەم لەگەڵی سوکتردا دەتوێتەوە لەوکاتەی خوێنی ئەم دوو گەلە تێکەڵاو دەبن، بەرام هەوانەی ئارەزووی پاراستنی خوێنیان

بەپاکی بەهێزە ئەوا هەرگیز هیچ دۆڕانێك بە شکست نازانن و بەسەر هەموو سەختیەاندا سەردەکەون و بەرەو پێشکەوتنی باشتر هەنگاو دەنێن, شکستی سەربازی گەلی خوێن پاقژ زەگی ئاگادارکردنەوەیە بۆ خۆ ئامادەکردنی باشتر لەبەرامبەر دوژمندا, بەجۆرێك لە قۆناغی جواتردا بەشێوەیەك هەنگاو بنێت کە سەرکەوتن دەستەبەربکات.

بێگومان شکستی ئەڵمان بەرئەنجامی لۆجیکی کەتواری نەتەوەییمان بووە, هەموو نەهامەتیەکانی بەسەر ولاتدا هاتوو بەهۆی تێکەلاو بوونمانەوە بوو لەگەڵ گەلێکی پیسدا کە ئەوپەڕی هەوڵی ژەهراوی کردنی جاوین, گەر بڵێی سەرکردەکانی ڕایخ بێتوانابوونە ئەوا ڕاست نییە, چونکە لەنیوەی سەدەی نۆزدەوە تاوەکو ئێستاش چەندان سەرکردەی بەتوانا و هەندێکیش کەمتواناتر هەتوانەسەر دەستەلات , بەلام هەموویان کاریان بۆ چارەکردنی پەتاکە کردووە نەوەك بنچینەی بلاوبوونەوەی پەتاکە. دەتوانین بێژین تێکچوونی دۆخی ناوخۆی ولات هاوکاتی یەکێتی ئەڵمانیا بوو شانبەشانی گەشەکردنی ئەم ولاتە, زیادبوونی لەڕادەبەدەری ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران لە مارکسی خواز مانای نێزیك بوونەوەی داڕووخانی ولات بوو لەناوخۆدا, لەم کاتەدا سەرکەوتنی پارتە بۆرژواکان لەنێوخۆی ولاتدا تەنها شکست چارەنوسێکیان بوو سەرباری سەرکەوتنیشیان لەڕێگەی دەنگدانەوە؟ چوونکە ئەم پارتە بۆرژوازیانە هەڵگری بنەماگەلی پووچ بوون, بەوەی سەرکردەکانیان سەرقاڵی کاری تایبەتی خۆیان بوون, بۆیە نەیان دەتوانی بەجوانی بیر لە بەرژەوەندییەکانی پارتەکانیان بکەنەوە. لەم کاتەدا جووەکان بەو پەڕی توانایانەوە کاریان بۆ بەدی هێنانی ئارمانجی بالایان دەکرد و هەنگاویان بەرەو بەدی هێنانی دەهاژوت, ئەمەش لەڕێگەی کەرتکردنی شارستانیەتی ئەڵمانیەوە دەهاتە دی و هەنگاوی بۆ دەنرا.

بەشی یازدە

پارت لەڕەوتی کاردا

لەسالّی ١٩١٨ بەو لاوە گەلی ئەڵمانی بەتەواوەتی دابەشی دوو کەرت ببوو, بەشی یەکەمیان لەخۆگرتەی چینی بیرمەندان و خاوەن پایەکان بووە, ئەمانە خاوەنی بۆچوونێکی خۆشویستنی نیشتمانی ناڕۆشن بوونە گەر نەشڵێین ڕووکەشی, چونکە زێدەتر لایەنگیری بەرژەوەندی گەلێك بوون کە هاوپێچی بەرژەوەندیەکانی پاشا بووە, واتە خاوەنی بەرژەوەندی گەلێك بوونە کەپەیوەست بووە بە خوودی دەوڵەتەوە, بۆیە ئەمانە بەلایەنگیری دەوڵەت دێنە ژماردن. ئەم گروپە دەیویست لەڕێگەی بەکارهێنانی هەزرەوە وەکو چەك بگاتە دوندەیی ئارمانجەکانی , بەڵام ئەم چەکە لاوازە لەهەمبەر دوژمنە دڕندەکەیدا هیچی پێنەکرا, بینیمان چلۆن دوژمن بەیەك لێدان ئەم دەستەیەی دا بە زەویدا و ناچاری قایل بوونی کرد بەمەرجەکانی بۆ دەستەمۆکردنی گەلەکەمان.

بەڵام بەش یان گروپی دووەم لەخۆگرتەی زۆرینەی دانیشتوانی دەستی کاربوو, ئەمە لەنێو بزوتنەوەیەکی مارکس خوازیدا کۆبوونەوە, ئامانجیان لەناوبردنی هەموو ئەو شتانەبوو کەدەهاتنە پێشیان, ئەمانە هیچ بەرژەوەندی نەتەوەییان بەلاوە گرنگ نەبوو, گرنگیشیان بە نمونەی بالاّ نەدەدا. نەگبەتی ئەم بزوتنەوەیە ئەوەبوو لەکاتێکدا لەخۆگرتەی زۆرینەی بۆچوونی دنیشتوان بوو بەڵام سوکانی لێخۆڕینی بزوتنەوەکە

بەدەستی کەسانی بیانیەوە بوو. لەم کاتەشدا نەڵمانیا دووچاری چەندین جۆر لەگوشاری دەرەکی دەبووە. بۆیە نەو کاتەی بمانەوێت ڕووبەڕووی نەم گوشارە ببینەوە نەوا پێویستە خۆمان پرچەک بکەین بە هێز و خواست. لێرەوەش پێویستە بێژین نایا بەراست نەڵمانیا خاوەنی جبەخانەیەکی گەورەی چەک نەبووە لەکاتێکدا جەنگەکەشی دۆڕاند؟ بەڵێ نەڵمانیا خاوەنی جبەخانەیەکی گەورەی چەکی سەربازی بووە. بەڵام نەو هێزەی لادەستەبەر نەبووە کە هێز بزوێنەرە بۆ خۆش وێستنی حەزی مانەوە. بۆژانەوەی سەرلەنوێی نەڵمانیا پێتڤی بە چەک و تفاقی مادی نییە. بەڵکو لەپێشدا پێویستە بپرسین لەخۆمان: چۆن چەکی پێویست بۆ سەرکەوتن بەدەست دێنین؟ چۆن بتوانین هەستی نەتەوەکەمان بۆ چەک هەڵگرتن بوروژێنین. نەودەمەی دەگەینە هەنگاونان بەرەو قۆناغی زیندووکردنەوەی هەستی حەزی مانەوە نەوکات هەست بە بوونی لەمپەری بزوتنەوە کرێکارییەکان دەکەین لەم بوارەدا. نەم کرێکارانە نەتەوەی خۆیان ڕەت دەکەنەوە. بەڵام بەبێ نەمانەش بۆژانەوەی نەتەوەیی بەدی نایات. کەواتە دەبێت بپرسین: چۆن دەوڵەت دەتوانێت ببۆژێتەوە لەکاتێکدا زۆرینەی گەل بەرنامەیەکی نانەتەوەیی پەیڕەو دەکەن؟

لەم کاتەدا پێویستمان بەوەبوو کە جوڵانەوەیەکی شۆڕش گێڕی تازە دیارکەوتووی هاوچەشنی بزوتنەوەکەی نێمە بەرەنگاری نەم ڕەوتە خەڵافاوانە بێتەوە و زیندوویەتی بۆ دەوڵەتی نەڵمانی بگێڕێتەوە و باوەڕی پێ ببەخشێتەوە و بەو پەڕی توانایەوە کار بۆ سەرەنج ڕاکێشانی زۆرینەی خەڵک بکات بۆ نێو ڕیزەکانی خۆی؛ چونکە بەبێ لەخۆگرتەی زۆرینەی ناتوانین کارایی نەتەوە بسەلمێنین. نەمەش بە نەنجام دەبێت بێ نەوەی هەوڵەکانی زیندووکردنەوەی نەتەوەییمان بەبادا بڕوات

مەترسیەکی نەوتۆ لەسەر پارتە نەتەوەییەکەمان نەبوو لەلایەن بورژوا ناسۆ تەسک و مەیلە ناڕۆشنە نەتەوەییەکانەوە. نەم چینە تەنها دەیتوانی بەرگرییەکی نەرێنی لەخۆی بکات بەهەمان شێوەی سەردەمی بسمارک لەساتەوەختی چاوەنواڕی ڕزگاربوندا.

نەم نەرکەی نێمە زۆر سەخت دیاربوو بەتایبەت نەوکاتەی کە زۆرینەی دانیشتوان بە بانگەشە زرێق و بریقەکانی بەجیهانی بوون و نامۆچیاریەکانی مارکسیزم هەڵخەتابوون و پشتیان لەنەتەوەیی بوونی خۆیانکردبوو. باوەڕیشیان بەنەتەوەکەیان

نەمابوو و پەنایان گرتە تووندوتیژی لەژێر کاریگەری سەرداره جووەکانیان. ناشبێت ئەوەمان لەیادنەبێت کە مارکس خواز و هاوڕێگەکانی تواناجارن بۆ بەرپەرچدانەوەی هەرجۆرە بزوتنەوەیەك کەمەبەستی هەستانەوە و بوژانەوەی نەڵمانیابێت, وەك چۆن لە دوا ساتەکانی جەنگدا هەوڵی داڕووخانی پیشەسازیان دا لەبەرەکانی دواوە لەکاتێکدا لەبەرەکانی پێشەوە سەربازەکان لەبەرخاتری بەدی هێنانی خۆشگوزەرانی بۆنەوان دەجەنگان.

بەهۆی ئەوەی مارکس خواز و هاوڕێگاکانی زۆرینەی دەنگی پەرلەمانیان هەیە بۆیە بەئاسانی توانای داتەپینی هەر بزوتنەوەیەکیان هەیە کە خاوەنی پەیڕەوێکی دەرەکی خاوەن نەخشەیەکی نەتەوەیی بێت. سەرئەنجام نەڵمانیا بەشێوەیەکی وەها پیشان دەدرا کە هیچ دەوڵەتێك نەیدەتوانی لەگەڵ ئەم وڵاتە هەڵوەشاوەیەدا هاوپەیمانێتی ببەستێت,چونکە زۆرینەی گەل بە نەرێنی دەڕوانن و لەمپەرن لەپێش هەرچەشنە سیاسەتێکی ناوخۆیی و دەرەکی کە بزانن هەنگاوی یەکلاکارەوەو گۆڕەری بنەماکانی حکومڕانی وڵاتە.

لەدەسپێکەوە هەستمان بەوەکردبوو کە گەلی نەڵمانی ناتوانێت بگەڕێتەوە بۆ پلەی یەکەمی سەردارێتی تانەوکاتەی پاکتاوی هەژماری نەکات لەگەڵ ئەوانەی هۆکاری داڕووخانی نەڵمان بوون لەجەنگەکەی پێشووتردا و دواتریش ئەم بەرئەنجامە نەشیاوەیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکارهێناوە. ناپاکی خەڵوەزی سالی ۱۹۱۸ ناپاکیەکی ئاسایی نەبووە. بەڵکو تاوانێکی زۆر قێزەوەن بووە کەلەبەرامبەر نیشتمانداپەیڕەوکراوە. بێگومان گەلی نەڵمانی توانای خۆنامادەکردنی نییە بۆ ئەنجامدانی ئەرکی گەورەی چارەنوس ساز تاوەکو دوژمنانی ناوخۆی ولأت لەپێشدا پاکتاو نەکات. لەپێشی دوژمنانیشەوە جووەکان دەبێت لەناوببرێن. ئەمەش تاکە رێگەیە بۆ سڕینەوەی نەو کینانەی کە مارکسیەکان لەناخی زۆرینەی خەڵکدا چاندویانە

هەر لەدەسپێکی کاری پارتیزانیماندا هەوڵی سەرەنج ڕاکێشانی زۆرینەی دانیشتوانی نەڵمانیمان داوە. لەوکاتەی خۆمان بۆ بڕەودان بەم کارەمان ڕێك دەخست. هەستمان بەوەکرد کە چالاکیەکانمان پێویستە لەسنوری قایل کردنی کات نراوەوە تێپەڕێت و بەدووی بنەماگەلێکی جێگیردا بگەڕێن و پشت بەست بەمەش گیانی

هاوکاری لەنێو چینەجیاوازەکانی ئەڵمانیادا زیندووبکەینەوە، بەڵام ئەو نەخشە رێگەیەی کە لەساڵی ١٩١٩دا بڕیارماندا تیشکی بخەینەسەر بریتی بوو لە:

یەکەم: هەر قوربانیەک بدەین لەڕاکێشانی زۆرینەی خەڵکدا هێشتاکە کەمە بۆ سەر خستنی بزوتنەوەیەکی بوژانەوەی نەتەوەیی؟

چونکە ئەو کشانە ئابوریانەی کە لەبەرژەوەندی کرێکاراندا ئەنجام دەدرێت جا بگاتە هەر ئاستێک هیچ کەڵکێکی نابێت گەر ئەمە بەشدارنەبێت لەتەڤل کردنی چینە گەلیەکان·بۆ نێو لەشی ئەو کۆمەڵگەیەی کە بەشێکە لێی نابێتەوە. خۆئەگەر لەساڵانی جەنگدا بەرژەوەندی کرێکاران بپارێزرایە لەلایەن سەندیکاوە ئەوا ئەڵمانیا توشی شکستی جەنگی نەدەبوویەوە.

دووەم: بەبێ بەرزکردنەوەی ئاستی کۆمەڵایەتی ناتوانرێت تاک پەروەردەیەکی نەتەوەیی بکرێت.

سێیەم: کێشکردنی زۆرینەی دانیشتوان بۆ نەتەوەیی بوون بە نیوچە پەفتار و هەوڵی پچڕپچڕبوون نابێت، پێویستە هەر هەوڵێکی لەم بوارە چڕ و بەردەوام بێت بۆئەوەی بەرهەمی هەبێت، لۆئەوەی گەلی ئێمە بکەینە گەلێکی نەتەوەیی ئەوا ناچارین بەنەتەوەیی کاربکەین و بەوپەڕی تواناوە هەوڵی چارەکردنی کێشەکان بدەین، ژەهر بەدژەکەی قەڵاچۆدەکرێت، بۆ قەڵاچۆکردنی ژەهر نوشتە و نزا کەڵکی نابێت.

لەبەرئەوەی زۆرینەی کۆمەڵگە مامۆستا و کەسانی ژێر و دیپلۆمات کاران نین بۆیە گرتنەبەری هەر بیردۆزەیەکی زانستی و هەوڵدان بۆ بەزانستیانە تێگەیاندنی کۆمەڵ سودێکی ئەوتۆی نابێت، زۆرینەی کۆمەڵ بەسۆز لغاودەکرێت، بەبڕوایەکی لەرزۆکەوە ناتوانرێت بۆچوونی ئەوانی دی بگۆڕین.

لەبەرئەوەی هەستی جەماوەر و سۆزەکانی جێگیری تەواونییە، بۆیە کەسێک بیەوێت جێگیریان بکات ئەوا پێویستە تیشک بخاتەسەر باوەڕی گەل و دەمارگیریەتی بۆ بنەمایەک یان ئەو بیرۆکەیەی کەدەیەوێت لەخۆی بگرێت بۆ پارێزگاری لێکردنی· بڕوا لەخۆڕاگری زانست پتەوترە، خۆشەویستی لەبۆ بەردەوامی دان لە ڕێز باشتر و لەپێشترە، ڕق لەبێزاری درێژ دادڕ ترە. مێژووی بۆی ڕوون کردوینەتەوە کە ئارەزووی بەرگری لەبیرۆکەیەکی زانستی یان سوربوون لەسەر بلاوبونەوەی ئەم هزرە شۆڕشە مەزنەکانی نەبزواندووە، بەڵکو ئەوە دەمارگیرییە ئەم باوەڕەی بزواندووە.

چوارەم: ناتوانرێت متمانەی گەل بەدەست بهێندرێت گەر کارکاران کارنەکەن، لەپاڵ گرنگی دانیان بە نمونەی بالآبوونیان گرنگی نەدەن بە داڕووخانی ئەو لەمپەرانەی کە ڕێگرە لەپێشیاندا، نابێت ئەوەشمان لەیادبچێتەوە کەزۆرینەی گەل کەم زۆر پەلامارەدانی دوژمنەکەیان بەتوندوتیژی بەمافی خۆیان دەزانن، بەڵکو بە ئەرکێکی پیرۆزیشی دەزانن. ئەمانە ڕەتی لێخۆشبوون دەکەن لەهەمبەر ئەوانەی داوای ئەو شتانە دەکەن کەئەمان نایانەوێت، ئەمانە والەژیان تێگەیشتوون کە ژیان مافی مانەوەی ئەو کەسانەیە کەباشترین و بەهێزترینن، لەم کاتەشدا یان ئەوەتا لاواز بنبڕدەکرێت یان بەبێ هیچ مەرجێك خۆی دەداتە دەستەوە.

تێرکردنی زۆرینەی گەل بەبیرۆکەی نەتەواویەتی بەرهەمی نابێت بەبێ پاقژکردنەوەی لەو ڕەگەزەی خوێن پاکی و بیرۆکەکانی ژەهراوی کردووە.

پێنجەم: کێشەگەورەکانی ئەم کاتەمان تەنها درێژکراوەی ئاریشە ڕەگ قوڵەکانن، لەپێشەنگی ئەم ئاریشانەش پاراستنی ڕەگەزە بەخوێن پاکی، ئەگەر خوێنی ڕەگەزێك بەهۆی کاری تێکەڵاوبوونی خوێنەوە پیس بوو، ئەوا مانای یەکگرتوویی گیانی ئەو ڕەگەزە تێك دەچێت و هێزە داهێنەرانەکەشی وێران دەبێت، ئەمەش پێشەنگی شارستانیەت لەناودەبان. بۆیە پێویستە لەسەر ئەوکەسانەی کە ئامانجی ڕزگارکردنی گەلی ئەڵمانی یە لەم قەیرانەی ئێستای هەستێت بە پاقژکردنەوەی ڕیزەکانی خۆی لەم کەسە بۆگەنانەی خوێنیان تێکدابوو، بۆیە پێویستە لەسەر نەتەوەی ئەڵمانی دەست پێشخاری بکات بۆ چارەکردنی کێشە ڕەگەزیەکانی لەسایەی بڕیاردانێکی یەکلاکارەوەی تەندروستەوە لەبەرانبەر لەناوبردنی ئەو قەیرانانەی کە جوو هێناویانەتە ئاراوە.

شەشەم:ئەو زۆرینەیەی گەل کە مارکس خوازان بۆخۆیانیان کێش کردوون دەتوانرێت بەرەو سەربازگەکانی نەتەوە ڕاپێچ بکرێنەوە و ببنە دەستەیەکی نەتەوەیی بەبێ ئەوەی ئەم هاتنەبەرەی نیشتمانیەی کاریگەری خراپی لەسەر بەرژەوەندیەکانی هەبێت. وەك دەزانین پێکدادانی بەرژەوەندیەکان-بەرژەوەندی دامەزراوە لێك جوداکان-لەباری کەتواریدا فاکتەری سەرەکی بۆ دیارکەوتنی ململانێی نێوان چینەکان نییە، چونکە ئەم پێکدادانە، بەڵکو ئەم بەرژەوەندیانە جگەلە ئەنجامێکی سروشتی پێکهاتە ئابوریەکەمان هیچی دی نییە. ئەودەمەی هەستمان بەم ڕاستیەکرد

ئەوکات دەبینین کە بارستەکاری پیشەیی یان ئیشی بەشێوەیەک لەشێوەکان دژبەری یەکترنابن لەکاتی دامزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی و یەکگرتنی گەلدا.

دروستکردنی پەیوەندی نێوان چینەکان و پەیوەندی کردنی چینێک بەجەماوەر یان دەوڵەتەوە بەکەم بوونەوەی ئاستی چینی بالاّ نابێت بەڵکو لەڕێگەی بەرزکردنەوەی ئاستی چینە نزمەکان دەبێت. بۆرجوازیەتی ئەمڕۆ بەهۆی ئەوەی کە چینی خانەدانە بالاّکان ڕێگەیان بۆ خۆش کردبێت بۆ پەیوەندی کردن بەگەلەوە ئەم کارەی نەکردووە بەڵکو بەو هۆیەوە بوو کە بۆرژوازیەکان شایانی ئەم جۆخە نوێیەبوون لەڕێگەی چالاکی و تایبەت مەندیەکانیانەوە. هەروەها دەشتوانین بێژین دەستی کاری ئەڵمانی نەبووە هێزێکی کارا لە کۆمەڵی ئەڵمانی تائەوکاتەی توانی ئاستی کۆمەلاّیەتی و ڕۆشنبیری خۆی بەرزبکاتەوە تائاستی چینە بالاّکانی دیکەی وڵات.

گەر چی لەمڕۆدا دەستی کاری ئەڵمانی پشتی لەنەتەوەیی بوونی خۆی کردووە بەلاّم ئەمە هۆکارەکەی ناگەڕێتەوە بۆ خراپی ئەو سەندیکایانەی کە بەرژەوەندی کرێکاری پێش لەبەرژەوەندی گشتی خستووە, بەڵکو بەرپرسیارێتی ئەمە لەئەستۆی ئەو کەسە ئاژاوەگێڕانەیە کە هانی کرێکاران دەدەن بۆ ڕق لێبوونەوە لە نیشتمان و گەل و خۆ تەرخان کردنیان لەبۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندیەکانی جووگەرای جیهانی.

گەر بتوانرێت ڕیزی سەندیکای کرێکاران لەم کەسە ئاژاوەگێڕانە پاقژکرایەوە و ئاراستەیەکی نەتەوەیی و ڕاستەی پێبخشرا ئەوا دەتوانین لەم کاتەدا کۆمەڵی ئەڵمانی بە ڕەگەز پاقژی مۆربکەین. کرێکاران بەرهەم هێنترین ئەندامی کۆمەڵگە و بەتواناترین پارێزەر و پاراستنی نەریت و پیرۆزیەکانن.

پاساوی بەرپرسیارێتی ئەو ئاژاوەگێڕانە هەرچییەک بن ئەوا بەرپرسیارێتی خاوەن کارگە ناپۆشێت. گەر هەر هەوڵێک بدرێت بۆ گێڕانەوەی دەستی کاری ئەڵمانی بۆنێو نەتەوە هەوڵێکی زۆدەبێت گەر پێشتر ڕیزی خاوەن کاران پاقژ نەکرێتەوە لەو خۆپەسەند و ڕژدانەی کە تێگەیشتنیان بۆکار پێچەوانەی ئەو بنەمایەیە کە پێویستە هاوکاری ئەندامانی گەل بکات. خاوەن کارخانەکان پێیان وایە بە یەکگرتنی کرێکار و پاقی مەنی گەل ئەم چیتر ناتوانێت بڕەو بەڕەوتی ئابوری خۆی بدات و ناتوانێت بەرژەوەندیەکانی خۆی بپارێزێت, خاوەن کارگە بڕوایان وایان لادروست بووە کە هەر موعاولەیەک لەبۆ پاراستنی بەرژەوەندیە ئابوریەکانی کارێکاران جا هەرچۆن و چییەک

بێت ئەوا ئەم هەوڵە دەست درێژی کردنە بۆسەر بەرژەوەندی گەل، بۆیە لەناوبردنی ئەم چەشنە بیرۆکانە لەپێشەنگی ئەو ئەرکانەیە کە پێویستە ئەم بزوتنەوە نوێیەمان لەئەستۆی خۆی بگرێت و هەوڵی بەدی هێنانی بدات.

ئەو کرێکارانەی بەهەرەمەکیانە داواکاری نەشیاو ئاراستەی خاوەن کارگەکان دەکەن، کەبیەوێت بەکارهێنەری بترسێنێت پەنا بۆ توندوتیژی دەبات، بۆیە لەم کاتەدا تاوانی کرێکاران لەهەمبەر نەتەوە و نیشتمانەکەیدا کەمتر نییە لەتاوانی ناپاکان، هەمدیس ئەو خاوەن کارگەیەکی تەنها ئامانجی کۆکردنەوەی زۆرترین سامانبێت لای خۆی و بێ سۆزبێت ئەوا جگە لەهاوپەیمانێکی بەسۆز بۆ مارکس خوازی هیچی دیکە نین و ئەمانە لەزۆنگاوی نەفامیدا مەلەدەکەن. چاکلاکیەکانی ئەم پارتەمان بە پلەی یەکەم دەبێت هاراستەی کرێکاران بکرێت، بەمەبەستی ئازادکردنیان لەکۆت و بەندی گزی و تەڵەکەبازییە نێو دەوڵەتیەکان و چاککردنی ئاستی کۆمەڵایەتیان، بەشێوەیەك کرێکاران ببنە ڕەگەزێکی سەرسەختی تێر بوو بە خۆراکی نەتەوایەتی، هەمدیس بۆئەوەی کرێکاران بە بانگەشە هەڵخەڵەتێنەرەکان چەواشە نەکرێن، بۆیە ئەم بزوتنەوە نوێیەمان لەم وارەدا ئالیکاری کردنی ڕەگەزە نەتەوەییە ئاسۆ فراوانەکان ڕەت ناکاتەوە، بەڵام ئەم پارتەمان هەنگاوێك نانێت لەبۆ کێشکردنی بۆرژوازیەکاندا؟ چونکی ڕەنگە ئەم چینەی ببنە قورسی بەسەر پارتەکەمانەوە و لەوانەشە ئالیکاری کردن و دەست تێکەڵاوکردنمان دگەڵ ئەم پارتەدا هۆکاربێت بۆ دوورکەوتنەوەی چینی هەژاری کرێکار لەئێمە، جگەلەوەش بۆرژوازیەکان هەرچیەکیان لەبارەوە وترابێت ئەوا ئەمانە لەکرێکارەکان لەم کاتەدا نەتەوەیی ترن و دەزانن مانای نەتەوەیی بوون یانی چی، بۆیە دەتوانین بێژین ئەم هەوڵەی ئێمە زۆر گرانە چونکە هەوڵی کێشکردنی کەس گەلێك دەدەین بۆ نێو پارتەکەمان کە مانای نەتەوەیی بوون نازانن بگرە دوژمنیشین.

حەوتەم: بۆبەدەست هێنانی ئەنجامی شیاوی هاندەر باشتر وایە بانگەشەکانی ئەم پارتە یەك ئاراستەبگرێت، واتە دەبێت بانگەشەکان ئاراستەی یەکێك لەدوو سەربازەگەکەی دەوڵەت بکرێت، بەتایبەت ئەویان زۆرینەی داڕووخاو پێکدێنن؛ چونکە ئەو ناچونیەکیە هەست پێکراوە لەئاستی هزریدا وادەکات بانگەشە ساکارەکان سوود بەخش نەبن سەبارەت بە خوێندەواران؛ چونکە ئەمە ڕاستیەکی

بەڵگە نەویستە, بەوەی ناتوانرێت یەك شێوە وتار بۆ کێشکردنی خوێندوار و نەخوێندەواران بەکاربهێندرێت؛لەبەرئەوەی ئەم دوو چینەی کۆمەڵگە خاوەنی دووجۆر هەستکردنی لێك جودا و ناچونیەکن, بۆیە لەم کاتەدا گەر بانگەشە لەدەربڕیندا ساکار نەبێت ئەوا سودێکی نابێت لۆ وروژاندنی سۆزی زۆرینە, خۆئەگەر بانگەشەکەش سوربێت لەسەر تێگەیاندنی زۆرینە ئەوا ناوەندە هزریەکان دوورە دەست دەمێنێتەوە.

لەهەر سەد وتاربێژێکی ئەمرۆ دە وتاربێژیان ئەو توانایییەیان نییە کە بتوانن ئەمرۆ دگەڵ چینی پیشەوەرانی وەکو ئاسنگەر و پاککارەوەکان بئاخڤێت و سبەیش وەگەڵ چینی خوێندەوارانی وەکو مامۆستا و خوێندکاراندا بپەیڤێت, وتاربێژانی ئەمرۆ ناتوانن هەمی ئاریشەکان چارەسەر بکەن و لەهەردوو چینەکەدا هەمان بەرئەنجام وەدەست بخەن کە پێش لەڕۆژێك وەدەست خرابن, ناشبێت هەوەمان لەبیربچێتەوە کە باشترین بیرۆکەیش ناتوانرێت بەهەڕەمەکی بلاوبکرێتەوە بەڕێکخستن و ئاسانکردنی نەبێت, چارەنوسی هەموو بیرۆکەیەك پەیوەستە بە گوزارشتەکانی گوێزەرانی بیرۆکەکەوە.

دەبینین هێزی تەفربوونی سۆسیالیستی-دیمۆکراتی, گەر بیشڵێین مارکس خوازی باشترە, پەیوەست بووە بە هێزی یەکخستنەوەی وتارەکانەوە: یەکخستنی شێوازی ئاخافتن لەگەڵ شێوازی پەسەندی یەك چینی کۆمەڵدا, کە زۆرینەیان کرێکارانن. مارکس خوازەکان بۆیان ڕوون بوویەوە کەزۆرینەی کۆمەڵی ئەڵمانی لە تینۆتیان بۆ زانست خوازی جگەلە ئامۆشاریە ساکارەکان هیچی دیکە ناتوانن وەربگرن, ئەم مارکس خوازانە ئەو بیرۆکانەیان خستە ێش دەست کرێکاران کە گونجاون وەگەڵ شێوازی بیرکردنەوەیاندا, بۆیە نابێت ئەم بزوتنەوە نوێیەی ئێمەش لە بانگەشەکانیدا نابێت بەرز بخوڕێت چ بەشێوەبێت یان بابەتیانە. لەکۆبوونەوەیەکی جەماوەریدا ئەوە بە وتارخوێن دادەنرێت کە هەموان بێنێتە گریان نەوەك ئەوەی چەپکی بۆ لێدەدەن.

بێگومان کاتێك بیریارێك ئامادەی ئاهەنگێکی جەماوەری دەبێت و ڕەخنە لەوتار بێژەکە دەگرێت لەبەرئەوەی بەجوانی و بەزانستیانە وتارەکەی پێشکەش نەکردووە, بۆیە ئەم چەشنە بیرمەندانە دواییان ئەوکەسانەن کە بزوتنەوەکەمان پێویستی پێیەتی لەڕیزی بیریارە پێویستەکاندا, چونکە ئەم بیریارانە هۆکار پێش لەئامانج دەخەن. ئەم

بزوتنەوەیەی ئێمە پێتڤی بەو بیریارانەیە کە لەنامە و مەبەست و ئامانجەکەی تێدەگەن و بەتێڕوانینی ئەوان پارتەکە ئاراستەی تەندروست و دۆخی شیاو دەکرێت, ئاراستەکردنێك پشت بەستراوبێت بە ئەنجامەکان نەوەك سنوری کاریگەربوونی ئەمانە دگەل وان بانگەشە کە هاراستەی هەوان نەکریاگە.

هەشتەم: سەرکەوتنی بزوتنەوەی چاکسازیی پامیاری بەڕێگەی پۆشنگەربوونی هێزی ئاراستەکراوی نییە یان ڕادەی کاریگەر بوونی, بەڵکو مەرجی سەرکەوتنی بەستراوەتەوە بە سەرکەوتنی هێزی ڕمیارێتی یەوە. سەرکەوتن تاکە پێوانەی گونجاوە بۆ پێشیاوی لەهەمبەر بەرژەوەندی گشتیدا. ئەوەی دەڵێت بزوتنەوەی شۆڕش گێڕی ئەڵمانی سەرکەوتوو بووە بەهۆی هاتنەسەر دەستەڵاتی ئەوانەی سەرکردەی شۆڕشەکە بوون, ئەوا ئەمە قسەیەکی قۆڕە؛چون تاکە مەرجی سەرکەوتنی شۆڕش باشتربوونی دۆخی نەتەوەیە لەدۆخی ئێستەی وەك لەدۆخی پێشتری.

هەر جوڵانەوەیەك بیەوێت سەرکەوتنی ببەستێتەوە بە هێزی ڕامیاریەوە ئەوا پێویستە لەم کاتەدا هانا بۆ بەدەست هێنانی ڕەزامەندی زۆرینە ببات و لەژێر ئەو ڕۆژناییەدا کاربکات کە: جوڵانەوە چاکسازیی خوازەکان لەسەر بنەمای هێز و بازووی سەردانکارانی دامەزراوەو یانە ئەدەبیە چا تیاخۆر و هێزی یاریزانانی شەترەنجی کۆڕانی بۆرژوازیش پونێت نانرێت, بەڵکو پشت بەست بەزۆرینەی گەل دێتە بونێ.

نۆیەم:جوڵانەوە نوێیەکەمان لەناوەڕۆك و ڕێکخستندا پێچەوانەی پەیڕەوی پەرلەمانی یە, واتە دان نانێن بە دەستەڵاتێکدا کەلەلایەن زۆرینەی هەڵخەڵەتێنراوەوە هەڵبژێردراوە, بەڵکو ئەم پارتەی ئێمە خۆی چڕدەکاتەوە بەئەرك و بەرپرسیارێتی دان بە سەرۆکی حکومەت یان دەوڵەت, بۆئەمەش دەبێت لەسەر ئاستی پارت ئەم بیرۆکەیە بەم شێوەیە پەیڕەو بکرێت:

سەرۆکی پارت سەرکردەی مەکۆکان دەست نیشان دەکات و بەرپرسی هەر مەکۆیەکیش بەرپرسی مەکۆمەی خۆیەتی, ئەم پیاوە بەرپرسی لیژنەکانی تایبەت بەپارتەکەی خۆیەشیەتی لەناوچەکەیدا, بەڵام هیچ هیساباتێکیان بەسەردا ناسەپێنرێت؛چون ئەمانە تەنها کاریان جێبەجێ کردنی ئەو بابەتانەیە کە سەرۆکی پارت هاراستەیان دەکات.

سەرکردەی پارت تاکە بەرپرسی دیاری کردنی شوێنەکانە دوای هەڵبژاردنی، هەڵبژاردنیش تەنها بۆسەرۆکی پارت دەکرێت، بۆئەمەش دەستەی گشتی هەڵدەستن بە دیاری کردنی. ئەگەر سەرۆکی پارت لەدەستوری ڕاستەقینەی پارت لایدا ئەوکات ئەندامە بااڵکان هەڵدەستن بە دەست نیشان کردنی سەرۆکێکی نوێ.

بنەمای قەتیس کردنی بەرپرسیارێتی لای سەرۆکی پارت دەبێت لەچوارچێوەی دەوڵەتدا جێبەجێ بکرێتەوە. هەرکەس بیەوێت ببێتە سەرکردە ناچارە لەتەنیشت دەستەاڵتی فراوانیدا بەرپرسیارێتیش لەئەستۆبگرێت، بەرام هەو سەرۆکەی لەپێش لە ئەستۆگرتنی بەرهەمی کارەکانیدا چۆك دادەدات ئەوە پێشیاوی سەرۆك بوون نییە، سەرکردایەتی کردن تەنها ماڤ پاڵەوانە زلهێزە بەتواناکانە.

بەرەوپێشەوەچوون و ژیاری بەرهەمی کەسانی بلیمەتە، ناشکرێت بەرئەنجامی فرەوێژی زۆرینەی کاڵفام بێت، ئەم بزوتنەوەیەی ئێمە دژبەری پەیڕەوی پەرلەمانی یە؟ چونکە پەرلەمان کەسانی بەهێز لە گۆڕەپانی ڕمیارێتی بەدوور دەخاتەوە و دەستی فێڵکاران و ناپاکان لەهەناوی کاروباری وڵاتدا والأ دەکات.

دەیەم: ئەم پارتەمان دەست نیشان کردنی هەڵوێستی لەهەمبەر ئەو دۆخانەی کە بەدەرن لە ڕەوتی ڕامیارێتی بزوتنەوە، ڕەتی دەکاتەوە، یاخوود ئەو بابەتانەی کە گرنگی پاشەکی و پلە دوویان هەیە لێی نێزیك ناکەوێتەوە، ئەم بزوتنەوەیە ئامانجی بەدی هێنانی چاکسازی ئاینی نییە، بەڵکو لەهەردوو بەرە ئاینیەکە بەشێوەیەك دەڕوانێت کەئەمانە دوو کۆڵەکەی بەهێزی هێشتنەوەی نەتەوەکەمانن، جەنگی ئەو پارتە نائاینیانەیش دەکەین کەڕۆڵی سەرەکی ئاین ڕەت دەکەنەوە و ئەمەش وەکو پشتیوانییەك بۆ بەهێزبوونی خۆیان دەقۆزنەوە.

ئەم پارتەی ئێمە ئامانجی سەرلەنوێ ڕێخستنەوەی نەتەوەی ئەڵمانە لەسەر ئاستی ڕامیاری و دژبەری هیچ جۆرە دەسەاڵتێك ناکات، کۆماری بێت یان پاشایەتی هەمووی لای یەکە، بەڵکو ئەم بزوتنەوەیەمان پتر گرنگی بەداڕشتنەوەی ئەو بەرنامانە دەدات کە دەوڵەتی ئەڵمانیا پێویستیەتی بۆئەوەی بەنمونەییەوە دابمەزرێتەوە.

ڕێکخستنی نێوخۆیی پارتەکەمان پەیوەستە بە ئارمانجی دیاری پارتەکەمانەوە، لەدەسپێکەوە بۆ یاوەرانم ڕوون کردەوە کە چاکترین پەیڕەو بوونی میانڕەوییە لەنێوان سەرکردە و لایەنگرانیدا، ڕێکخستنەکان بیرۆکەکەی لەپێشدا لەیەك کەسەوە سەرچاوە

دەگرێت ودواتر دەگوازرێتەوە بۆ ڕێکخستنەکان و ئەمجار بۆچەسپاندنی لەمێشکی هەوادارانداء ڕێکخستن سەرەتا و کۆتای پارت دیاری دەکات، جەنگێکە هەر دەبێت بکرێت، لەسەرووی ئەمەشیانەوە ڕێکخستن ئامرازە بۆ گەیشتن بە ئامانج نەوەک خوودی ئامانج ڕێکخستن بێت.

لەبەرئەوەی گێتی هەژارە بە مێشکی بیرکارەوەی ئافرێندراو ئاراستەکار ئەوا ڕێکخستن کارێکی زۆر ئاسان دەبێت لەبۆ بەرجەستەکردنی بیرۆکەیەک، هەربیرۆکەیەکیش بۆ چەسپاندنی پێویستی بەبڕینی ئەم قۆناغانەیە:

بیرۆکەیەک لەمێشکی کەسێکی خاوەن پەیامەوە سەرچاوە دەگرێت و دواتر بلاوی دەکاتەوە و لەدەوریدا ژمارەیەکی زۆری خەڵک و لایەنگیر کۆدەبنەوە. گواستنەوەی بیرۆکە بەڕاستەوخۆیی لە خاوەن بیرۆکەوە بۆ لایەنگرانی باشترین ڕێگەیە بۆ سەرکەوتن و گەیاندنی پەیامەکەی، بەڵام ئەوکاتەی ژمارەی لایەنگرانی زۆر لەزیادبوونە و خاوەن بیرۆکە ناچاری ناوەند بەکارهێنانە بۆ گەیاندنی بیرۆکەکانی ئەوکات هەڵە گواستنەوەی بیرۆکە کارێکی نەکردەنی نییە و کێشە دروست دەبێت، ئەمەش پێویستی بە ڕێکخستنێکی ژیرانە و بەهێزە بەجۆرێک هەموو گەل بگرێتەوە، ئەمەش ئەوەمان بۆ دیار دەخات کە نابێت پەلەبکەین لە دروستکردنی باڵەکانی ڕێکخستن پێش لە چەسپاندنی دەستەڵاتی خاوەن بزوتنەوەکە لەناوەندی خودی سەرەکی بزوتنەوەکەدا، واتا پێویستە لەپێشدا کەسانی باڵا لەسەر ئەم بۆچوونە ڕابهێنرێت ئەوکات بەرەو باڵ و شانەکانی خوارێ هەنگاوەکانی ڕێکخستن شۆڕبکرێتەوە و بەهاوێژرێت. ژادووی مەکە و ڕۆما ناچاری موسوڵمان و کاسۆلیکیەکان دەکات لەنێو خۆیاندا لەپێشدا یەکگرتووبن دواتر بۆدەرێ هەنگاوبنێن، ئەمەش بەبڕوابوون بە پەیامهێنەرەکەیان دەبێت کە نیشانەی ئەم یەکێتی بوونەیە. لێرەوەش دەورگرتنی ناوچەی بیرۆکە بەخش بە خەرمانەیەک لەپیرۆزی یارمەتی باشتر سەرکەوتنی بیرۆکەکە دەدات، لەگەڵ بوونی بە نیشانەی یەکگرتنی لایەنگرانی.

لێرەوەش بۆمان ڕوون دەبێتەوە ئەو ڕێسایانەی کە ناچارین بۆ سەرخستنی جوڵەی بزوتنەوەکە لەناوخۆدا پەنای تێبگرین بریتی دەبێت لە:

١- قەتیس کردن یان چڕکردنەوەی سەرجەم چالاکیەکانی بزوتنەوەکەمان لەیەک شاردا کە ئەویش شاری میونیخە، کە زۆرێک لە لایەنگرە خرۆشاوەکانی تێدایە،

ئەمەش دەبێتە هۆی دروستکردنی فێرگەیەک بۆ گەشەپێدانی نامەی پەیامهێنەکە. لەهەمان کاتدا پارت دەیەوێت بوونی خۆی بسەلمێنێت لەڕێگەی سڕینەوەی ئەو بیرۆکە نەرێنیانەی کەلەمێشکی زۆرینەدا لەهەمبەر پەیدابوونی بزوتنەوەیەکی نوێ چەسپێندراوە, بەوەی ئەم بزوتنەوەیە ڕەنگە لەڕووبەڕوو بوونەوەی لەگەڵ مارکسیزمدا زیان بە بەرژەوەندی چینی زۆرینەی پێکهێنەری گەل بگەیەنێت, بەوەی بەسەر کەوتنی بەسەر مارکسیزمدا بەرژەوەندی و دەستهاتەکانی ئەمانیش لەناوببڕێت.

٢- لق و شانە ناوخۆییەکانی وڵات دروست ناکرێت تاوەکو بەتەواوەتی دەستەڵاتی ئەم پارتە لەناوەنددا (میونیخ) نەچەسپێندرێت.

٣- بەبێ بوونی بەڵگەی تەواو بۆ ملکەچی هەواردان بۆ ناوەندی سەرەکی پارت و پابەندبوونیان بە زانیاریەکانەوە لق و شانەی هەرێمی دروست ناکرێت. ئەمەش لەپاڵ ئەوەی کە پونێت نانی ناوەندی هەرێمی بۆ پارتەکە پێویستی بە جۆرە هەواردارگەلێکە کە پارت بتوانێت دەستەڵاتی بەڕێوەبردنی ئەم ناوچانەیان پێببەخشێت. گەر پارت توانای ئابوری بەهێزبوو ئەوکات کاربۆ کێشکردنی بیرمەندان و کەسانی بەهێزدەکات بۆ نێو پارت و دواتریش لەسەر بەرنامەکانی پارت پەروەردەیان دەکات بەمەبەستی بوون بەسەرکردەی پارتەکە لەناوچەکانی وڵاتدا, ئەمە ڕێگەیەکی جێبەجێ کاری گران نییە, بەڵام بۆئەوکەسانەی کە وەک سەرۆک مەکۆی ناوچەکان یان کادر و سەرشانە دەست نیشان دەکرێن پێویستیان بەپارەیە بۆ بڕەودان بەم کارەیان, چون بەناچارن لەم کاتەدا دەست لەئیشەکانی پێشووتریان هەڵبگرن, بەڵام گەر باری دارایی پارت ڕێی نەدا بە بەکارهێنانی سەرۆکەکان- کارمەندان, ئەوا لەم کاتەدا بەڕێوەبردنی لق و شانەکانی وڵات بەکەس گەلێک دەسپێرێت کە پارە و داهاتی زۆریان ناوێت.

پێش لە دروست کردنی مەکۆ دەبێت سەرۆکەکەی دەست نیشان بکەیت, ئەگەر بوونی سەرۆکی ئەم مەکۆیە کێشەداربوو ئەوا باشتر وایە سەرۆکی نەبێت یان هەر لق و مەکۆ و مەڵبەندی پارت لەناوچەکەدا دانەمەزرێت؟ چونکە بوونی بوودەڵەی مێشک

پووچ لەبری قازانج زیانی بۆ پارتەکە دەبێت لەوەی نەدەتوانێت نەخشەی شایستە دابنێت نەش توانای جێبەجێ کردنی پلانە ئاراستەکراوەکانی سەرووی خۆی دەبێت.

***

داهـاتووی هـەر جولانەوەیـەکی ڕامیـاری وەستاوەتەسـەر ڕادەی دەمـارگیری هەوادارانی بۆ بزوتنەوەکە، لەگەڵ دانانی بە باشترین چەشنە بزوتنەوەی ئامانجدار. هەرکەسێك بێڕێت بەیەکگرتنی دوو بزوتنەوەی هاوچەشن ئەو بزوتنەوانە بەهێز دەبن ئەوا هەڵەی کردووە، چون لەم یەکگرتنەوەیاندا گەشەی دەرەکی دەبینرێت بەچەشنێك بینـەری دەرەکـی واهەسـت دەکـات بـەهێزبن لەکاتێکـدا بـەم یەکگرتنـە تـۆوی هەڵوەشانەوەی ناوخۆیی دەچێنرێت، بەجۆرێك هیچ چەشنە دەرکەوتەیـەکی نابێت تاوەکو لەناوکاو لەناویان دەبات. بەو مانایەی هەرچەندە ئاراستەکانی دوو بزوتنەوە لەیەکـەوە نێزیك بن، بـەڵام یـەکبوونی ڕاستەقینەیان زۆر دوورە و هـەرگیز نابنەیـەك، چون تەنانـەت سروشتیش ڕێگە بەهاوسـەرگیری دوو چەشنە ڕەگەزی مرۆیـی نـادات بەوەی بەیەکسانی بمێننەوە؛ چونکە هەردەبێ بەهێزەکەیان بەسـەر لاوازەکەدا زاڵبێت و بمێنێتەوە.

ڕەنگـە یـەکگرتنی دووپـارتی ڕامیـاری هاوبۆچوون ئـەنجامی باشـی هـەبێت، بـەڵام بەتێپـەڕبوونی کات ئـەم ئـەرێنی بوونـەیان دەگۆڕێت بۆ دۆخـی نـەرێنی و بـەرەو پـووچ بوونەوەیان هەنگاویان پێدەنێت، هیچ بزوتنەوەیەك توانای فراوان کردنی دەستەڵات و ژمارەی هەوادارانی نابێت تا ئەوکاتـەی لـەناوخۆدا بەباشـی خـۆی نەچەسپێنێت. وەك دەزانرێت هێزی جولانەوە و مافی ژیانی گەشـەناکەن گـەر بـە بیرۆکەیـەکی تێکۆشـەرانە گـۆش نـەکرابێتن. ئـەو بزوتنەوانـەی پشـت بـە بەسـتنی هاوپـەیمانێتی وەگـەل بزوتنەوەکانی دیکەدا دەبەستن دەتوانین بیان شۆبهێنین بەئەو ڕووەکانـەی خێرا نـەش ونما دەکەن، بەڵام هێزی تەواوی بۆ بەرەنگاربوونەوەی با و گێژەڵوکەی بەهێزی نییە.

دیـرۆك هـەوەمان بـۆ دیاردەخـات کـە هێـزی ڕێکخـراوە مەزنـەکان هـەمیشـە لەسـەر بنـەمای دژبـەری کردنـی تـەواوی هـەموو شتێکی دەرەوەی کاری خـۆی دیارکـەوتووە، لایـەنگرانی هـەر چەشـنە بۆچـونێك ئەوسـاتەی بەتـەواوەتی دەمـارگیر دەبـن لەسـەر بۆچـوونەکە ئـەوکات ئامـادەی سەرخسـتین تائـەو ڕادەیـەی ئامـادەی خۆکردنـە قوربانیشیان هەیـە لەپێناویـدا، لـەم کاتـە بـەدواوە هـەنگاو بـۆ ڕووبـەڕوو بوونـەوەی

نەیاران دەنرێت و خەمی چەوسانەوەو ئازار ناخۆن و تاوەکو پووبەپووی نەیاری بەهێزتر ببنەوە ئەوکات گەرمتر دەبن لەسەر خەبات و تێکۆشان، حەسرەتیان لەرێگەی ئاشتگیری کردنی نێوان ئاینەکانەوە بلأونەبوویەوە، بەڵکو لەسایەی دەمارگیری بۆ پەیامەکەوە توانی رێگەی خۆی بکاتەوە و دژبەری هەموو ئەوانەش بکات کە پووبەپووی دەوەستانەوە.

ئەو پێشکەوتنەی بزوتنەوە یەکگرتوەکان بەدەستی دەهێنن زۆر ناخایەنێن بزوتنەوەیەکی سەربەخۆ لەکارکردن پێشی دەکەوێت، دەبێت ئەم پارتەمان لەسەر ئەو بنەمایە گۆش بکەین کە تێکۆشان ئامرازی ئامانجە ناشبێت دەستبەرداری بین، ئەو کاتەی هەوادارانی پارت بەم چەشنە پەروەردەیان بینی ئەوکات دەتوانن دژبەری دوشمن بکەنەوە و بەشێوەیەك لەم کاتەدا دوژمنیان وەها دێتە پێشچاو کە ئەمانە لەبنچینەدا دژدایەتی بزوتنەوەکەیان دەکەن، واتە دەبنە ئەندامی سەرسەختی بزوتنەوەکە.

لەبەرئەوەی درۆودەلەسە و بۆهتان بۆکردن چەکی دەستی جوولەکە بووە لەرێگەی رۆژنامە و دەزگاکانی دیکەی ڕاگەیاندنەوە بۆیە کەسانی نەتەوەخوازی رەسەنیان پێ سووك کردووە هەربۆیە نابێت ئێمە ئەم چەکە پۆخڵە بەکاربێنین(درۆ و بۆهتان)، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەبێت بزوتنەوەکەمان گەلی ئەڵمانی لەوە تێبگەیەنێت کە تەنانەت ئەوکاتەی جووەکان ڕاستیشیان کردبێت ئەوا مەبەستیان داپۆشینی درۆیەکی پێشووتریان بووە، هەر درۆ و بۆهتانێك جوو هەڵی بەستبێت ئەوا مانای رەوشت جوانی و نەتەوەیی بوونی لایەنگرانمانە، هەر تاکێکی ئەڵمانی کەوتۆتە بەر تیری دوژمنایەتی جوولەکە ئەوا بەشێکە لەئێمەی...هەر ئەڵمانییەك جوولەکە ڕقیان لێیەتی ئەوا باشترین و نێزیك و خۆشەویست ترین دۆست ولایەنگر و هاوپەیمانی ئێمەیە.

دەبێت ئەندامانی بزوتنەوەکەمان بەباشی ئەوە بزانن ئەوکاتەی سوبحەینان رۆژنامەیەکی جولەکە خواز دەخوێنێتەوە و ناکەوێتە داوی هێرشێکی ئاراستەکراو بۆ ڕووخاندنی کەسێتیەك ئەوا باش بزانێت ئەو رۆژەی بە سەلأمەتی تێ نەپەڕاندووە، چونکە هیچی وای نەکردووە تاوەکو جووەکان دژایەتی خۆیانی بۆ دیاربخەن، خۆئەگەر ئەو رۆژەشی بەدژایەتی کردنی جوو بەسەر برد ئەوا جووەکان بۆ رۆژی دواتر دەکەونە وێزەی و سووکی دەکەن و ناموسی لەکەدار دەکەن.

ئەوکاتەی هەوادارانمان لەم مەبەستە تێدەگەن ئەوکات بزوتنەوەکەمان ئەوەندە بەهێز دەبێت کە چیتر هیچ هێزێك ناتوانێت بیان شکێنێت.

***

ئەودەمەی دەستمان دایە پارتچێتی و کاری ڕێکخستن ڕامنەبوونی جەماوەر بۆئێمە بەڕاستی ئازاراوی بوو، بەڕاستی جەماوەریش خاوەن پاساوی تایبەت بەخۆیان بوون بەوەی حەوت کەسی نەناسراو کەهیچیان لێبەدی نەکراوە چۆن دەبێت بزوتنەوەیەك دابمەزرێنن کە ئامانجەکەی زۆر لەپارتە گەورەکانی ولاّت مەزنتربێت: بوژاندنەوەی تەواوی ڕایخی ئەڵمان، ئەوکاتانەی خەڵکی گەمەیان بەم جولاّنەوەیەی ئێمە دەکرد و تەڤلی ڕێکخراوەکەمان نەدەبوون ئێمە ئەم گاڵتە پێ کردنەمان بە هاندەر دەزانی بەوەی خەڵکی وەختە دەمان ناسن و هەستمان پێدەکەن.

لەمەو پێش باسی چۆنێتی ئامادەبوونی یەکەم کۆبوونەوەی بزوتنەوەکەمانم کرد کەوەکو گوێگر لەوێ ئامادە بووم، لەوکاتەوە کۆبوونەوەکان دەستیان پێکرد و بەردەوام بوون، کۆبوونەوەکانمان لەسەر مێز و کورسی بەتاڵ بوو جگە لەخامە و قاغەزەکانمان چیترمان لانەبوو. بۆچەندین کاتژمێر سەرقاڵی گفتوگۆی هیچ بووین لەبارەی دامەزراندنی دەزگایەکی ڕاگەیاندن و چۆنێتی بانگەشەکردن بۆخۆمان، لەڕاستیدا میونیخ بێ ئاگابوو لەو کۆبوونەوانەی حەوت کەسی نەناسراو ئەنجامی دەدەن، جولاّنەوەکەمان بۆماوەیەك بەم شێوە تەسکە بەرەیە مایەوە تا ئەو کاتەی بڕیاری فراوانترکردنی بزوتنەوەکەمان دا، بۆئەمەش هەوڵی کێشکردنی خەڵکمان دەدا بۆ نێو ئەو کۆبوونەوانەی کە مانگی یەك یان دووجار دەمان بەستن، هەرخۆمان بووین داوەتنامە نوس و بلاّوەکارەوەی داوەتنامەکانیش، بەڵام ئەنجامەکان هیچ دڵی خۆش نەدەکردین. هێشتاکە لەبیرمە جارێکیان بۆخۆم بەدەستی خۆم هەشتا داوەت نامەم نوسی و بلاّومکردەوە بەسەر ئەوکەسانەی کە زۆر ستایشی وەرنامەکانی بزوتنەوەکە و ئامانجی بزوتنەکەمانیان دەکرد، هاوڕاکانیشم لەمن کەمتر نەبوون لەچالاکیدا، ژمارەی نامە دابەشکراوەکان گەیشتە پێنج سەد و بیست، لەکاتی دیاری کراودا جگە لەحەوت کەسەکەی پێشووتر هیچ کەسی نوێ ئامادە نەبوو! پاش لەچاوەنواڕی کردنی ئێمە بۆ هاتنی جەماوەر بۆماوەی یەك کاتژمێر بەڵام هیچ کەسێکی نوێ نەهات، بۆیە سەرۆکی کۆبوونەوەکە دەستی دایە وتاردان بۆخۆمان.

دوای ئەم پووداوە بانگێشت نامەکانمان بە ئامێری پیت چن دەنوسیەوە, ئەمەش وای کرد کۆبوونەوەی داهاتوو تاڕادەیەك سەرکەوتووتر بێت و سیازدە کەس ئامادەی بوون کە هێندێکیشیان ئافرەت بوون, ئەم ژمارەیە بەرەبەرە زیادی دەکرد بەجۆرێك لە کۆبونەوەی پێنجەمدا گەیشتە سی کەس, کۆبوونەوەی شەشەمی پارتەکە لە ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆی میونیخ دا بەناوی (میونیخر بیوباختر)دا بلاوکران کردەوە, ئەمەش بووەهۆی ئەوەی ئەنجامێکی شیاومان دەست بکەوێت, بۆیە بەبڕوا بەخۆبوونەوە هۆڵێکمان بەناوی (هۆفبروس کیلر) بەکرێ گرت کە سەد و سی کەسی لەخۆدەگرت, لەکاتی دیاری کراوی کۆبونەوەکەدا ژمارەی ئامادەبوان گەیشتە سەد کەس و دەخولەك پاشتر بوو بە سەد و یازدە کەس.

ماموستایەکی زانکۆی میونیخ دەقی گشتی کۆبونەوەکەی خوێندەوە, منیش بۆیەکەم جار دەست نیشان کرام بۆئەوەی وتار لەنێو جەماوەردا بخوێنمەوە, جگە لەوەی سەرۆکی پارت (هارپر) کە بە مەرام پاکیەوە بڕوای وابوو من بۆ هەموو شتێك شیاوم جگە لەوتاربێژی, بەڵام هارپر هەڵەبوو لەم پێشبینیەیدا؛چون بەڵای گوێکرانەوە توانیم خۆم وەکو وتاربێژی پلەیەك بسەلمێنم, وشەکانم کەشی هۆڵەکەی دایە بەربریسکەی وروژێنەر, وتارەکەم بە چەپڵەڕێزان و فیت و هوڕەوە پێشوازی لێکرا, ئەوکاتەی داوا لەئامادەبوان کرا کۆمەکی بزوتنەوەکە بکەن هەستی وروژێندراویان وای لێکردن لەو جێگەدا سێ سەد فرانك دابنێن کە ئێمە دیاریمان کردبوو بۆ پارە تیاکۆکردنەوە, ئەمەش یارمەتی ئاسان بلاوکردنەوەی بلاوکراوە و ڕێنماییە پارتچێتیەکانمان و بانگێشت نامەکانمانی داین.

سەرکەوتنەکەمان لێرەوە بەکۆتا نەهات, هەندێك لەوانەی گوێنەبیستی وتارەکەم بوون لەو جەنگاوەرانە پێك هاتبوو کە شان بەشانی یەکتر جەنگابووین, ئەمەش یارمەتی دەربوو بۆ ئامادەبوانیان لە کۆبوونەوەکانی داهاتووی پارتەکەماندا, ئەمانەش لای خۆیانە لای هاوڕێکانیان باسی جوانی و بەهێزی بەرنامەکانی پارتەکەمانیان دەکرد, بەمەش تادەهات ژمارەی ئەندامانمان پتر زیاد دەبوو, ئەمانە گەنج گەلێك بوون کە بەگیانی بەرنامەی تایبەت پەروەردەکرابوون و لەڕاژەی پێشمەرگایەتیدا خاوەنی دروشمی بەهێز بوون, لەشێوەی: هیچ شتێك لەم ژیانەدا نەکردە نییە.

پاش له چەند هەفتەیەك له خوێنی گەنجان بۆ لایەنگیری ئەم پارتە بەقوڵ هات، ئەمەش ئەنجامی شیاوی پێدەبەخشین.

یەکەمین سەرۆکی پارتەکەمان هەر هاریر ڕۆژنامەوانێکی ناسراوبوو، خاوەنی ڕۆشنبیریەکی باڵابوو، بەڵام تاکە خەوشی وەکو سەرۆکی پارت نەتوانینی بوو لەبۆ وتاردان بۆ قسەکردن بۆ خەڵك و بەجوانی دەرنەبڕینی ئەوەی لەناخیدا بوو. هەر درکسلر ی سەرۆکی مەکۆی میونیخیش کارمەندێکی ئاسایی و نەتوانکاری وتاردان بوو. ئەوەی سەرەنج ڕاکێش بوو بەلای منەوە دووڵی و لاوازی ئەم سەرکردەیە بوو، ئەو دەمەی هەواڵی پێشینەیم پرسی پێیان گوتم: هیچ کات سەرباز نەبووە، ئەمەش ڕواڵەتی نەبوونی هێزی پیاوێتی ڕاستەقینە لەم کەسایەتیەی بۆ دەرخستم؛چون ئەم پیاوە بەو خوێندنگەیە ڕانەگەیشتووە کە پیاو دەئافرێنێت و باوەڕێکی بێ سنوری پێ دەبەخشێت.

هاریر و درکلسر لەیەك کاتزا دروست کرابوون، ئەم دوانە بڕوایان بەخوودی خۆیان و داهاتووی جوڵانەوەکەشیان بەهێز نەبوو، ئەمانە نەیان دەزانی چۆن ئەو لەمپەرانە بڕێت کە دێتە ڕێیان، ئەو کەسانەش بهاڕن کەدەبنە لەمپەریان، ئەم چەشنە ئەرکانە پێشیاوی کەس گەلێکە کە پێشتر خوێندنگەی بەپیاوبوونی تەواو کردبێت(سەربازی) و بەپاقژیەوە لێی وەدەرهاتبێت، نەوەك ناپاکان!

خۆ منیش هەر سەرباز بوومە و لەساتر و سەنگەری جەنگدا شتێك نەبووە بەلای منەوە بەناوی نەکردەنی و مەترسیدار بێت، بەڵێ ئەم بزوتنەوەیەی ئێمە زۆر سەرکێش بووەو سەرکێشی بەدووی سەرکێشی ئەنجام دەدا، لە ئەڵمانیادا مارکسیەکان خاوەن هەڵوێست و بڕیاربوون، خاوەنی کۆڕ و کۆبوونەوەکان بوون، ئەودەمەی پارتێك ویستویەتی لایەنگرانیان بۆخۆی بەرێت ئەوکات داویانەتە سەر شوێنی کۆبونەوەی پارتە نوێیەکە و تەفروتونایان کردوون، لەڕۆژنامەکانیشدا وەهایان پیشاندداون کە ئەندامانی ئەو پارتە و ئامادەبوانی نێو کۆبوونەوەکە نیگەرانیان کردوون و دەست درێژیان کردونەتەسەر، بۆیە پەلاماریان داون و هەڵیان کوتاوەتە سەریان. بەڵام ئەمانە هیچ کات چالاکیەکانی پارتە بۆرجوازیەکانیان بەمەترسی بۆسەر بەرژەوەندی خۆیان هەژمارنەکردووە،چونکە زانیویانە لایەنگری زۆریان نییە. بەڵام بەجوانی و دوربینیەوە لەهەر جوڵانەوەیەکیان دەنواڕی کە ئامانجی

کێشی کردنی هەموو خەڵك بێت ، لەم کاتەدا بە ئاگر و بەئاسن هەڵیان دەکوتایە سەر ئەو بزوتنەوەیە و تیایان دەبردن، ئەم چەشنە دۆخە توشی ئێمەش هات ئەوکاتەی هەوڵی کێشکردنی کرێکار و زۆرینەی گەلمان دا. ئەوکاتەی ناوی ((پارتی کرێکارانی ئەڵمانی))مان نا لە بزوتنەوەکەمان مارکس خوازەکان دەستیان دایە دەست درێژی کردنە سەرمان، ئەمەش وای لە لایەنگرانمان کرد لەگیانی خۆیان بترسن بەوەی ڕەنگە بدرێت بەسەرماندا، بۆئەمەش بەرپرسان یەکەمین کۆبوونەوەی گشتی پارتەکەمانیان دواخست بۆ کاتێکی نادیار، بەو مەبەستەی سور پەرەستان هەڵنەکوتنەسەرمان. بەڵام من بەوپەڕی سوربوونەوە هەوڵی بەستنی کۆنگرەکەم دا لەکاتی خۆیدا، لەگەڵ کارکردن بە بەکارهێنانەوەی هەمان چەك کەدوژمن بەکاری دەهێنێتەوە بەمەبەستی لەناوبردنی دوژمنەکەی، ترس لەڕێگەی هزرەوە بەرپەرچ نادرێتەوە بەڵکو بەترس وەڵام دەرێتەوە. پاش لەوەی بیرۆکەکەم چەسپا ئەوکات توانیمان کۆنگری گشتی پارتەکەمان ببەستین، ئەم سەرکەوتنەمان لەبەستنی ئەم کۆنگرەیە لەگەڵ ڕێزانی ١٩١٩دا هانی زیادتری داین بۆ تێکۆشان و سەرکەوتن، ژمارەی وتار خوێنان لەم کۆنگرەیەدا چوار دانەبوون من سێ یەم وتاربێژ بووم، بۆماوەی یەك کاتژمێر قسەم کرد بۆ ئامادەبوان کەژمارەیان سەد و سی گوێگربووون، ئەمجار سەرکەوتنەکەم بەچەشنێك بوو خەونم پێوە دیتوە. لەم کۆنگرەیەدا ئاژاوەگێڕان هەوڵی تێکدانیان دا بەڵام یاوەرانی ئامادەمان بۆ جەنگ توانیان کارێکی وەهایان لێبەسەربێنن هەرگیز هیچ کەس ئیرەیی پێنەدەبردن. پاش لەچەند ڕۆژێك کۆبونەوەیەکمان ئەنجامدا بەئامادەبوونی سەد و حەفتا ئامادەبووی نێر و مێ، هەمدیس ئەمجار من بووم وتاربێژی سەرخاری کۆبوونەوەکە، ئەم کۆبونەوەیە هانی زیادتری داین بۆئەوەی جاری داهاتوو کۆبونەوەکانمان لەهۆڵێکی فراوانتردا ببەستین لەشەقامی (داشۆ)، بەڵام ژمارەی ئامادەبووان ئەمجار پتر نەبوو لە سەد و چل کەس، ئەمەش بووەهۆی ئەوەی کە هەندێك لە یاوەرانمان هەستی نەرێنی بەسەریاندا زاڵبێت، بەڵام من هیچ هەستێکی نەرێنم لا پەیدا نەبوو بەڵکو هەوڵی تێگەیاندنی ئەوانی دیکەشم دەدا بەوەی لەشارێکی حەوت سەد هەزار کەسیدا ڕەنگە هەفتانە لەم کاتەدا دەیان کۆبونەوەی پارتچێتی ببەسترێت بۆیە ئاساییە ژمارەی ئامادەبوانیش کەم بێت، هانی یاوەرانم دەدا بە بەرچاو ڕوونیەوە لەداهاتوو بنواڕین، تازە ئەم بزوتنەوەیەمان ڕێگەی

خۆی کردۆتەوە بۆیە سەرکەوتن چاوەڕوان کراوە. زستانی ۱۹۱۹-۱۹۲۰ ئالیکار بوو بۆ سەرلەنوێ زیندووکردنەوەی هەستی متمانەکردن بەدەروون, ئەمەش لەڕێگەی بڕوا هێنان بە یاخی بووان و ئاشتی خواز و ترسنۆکان کە توندوتیژی یارمەتی دەرە بۆ لەناوبردنی مارکس خوازەکان و نەهێشتنی دەستەلاتیان,لەگەڵ دەمارگیری و پێداگری کردن لەبۆ سەرخستنی ئەو بیرۆکەیەی کە بزوتنەوەکەمانی لەسەر دامەزراوە و تازە بەتازە ڕێگەی خۆی بەرەو سەرکەوتن کردۆتەوە, ئەمە وەکو بەرجەستەکردنی بڕوایەک وەهایە لەوەی دەتوانیت چیایەک لەجێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکی دیکە بگوازێتەوە بە ڕەگەکەیەوە. بەڕاستی لەم کاتەدا چەندین ڕوودا ڕوویان دا کە یارمەتی زێدەتر سەرکەوتنی من بوون, لەوانەش: لە یەکەمین کۆبوونەوەی بەهارماندا دووسەد کەس ئامادەی بوون, لەدووەمینیش ژمارەکە گەیشتە دووسەد و حەفتا و سێیەمیش لەمۆڵی کۆبونەوەکەدا چوار سەد کەس ئامادە بوو.

لەم کاتە بەدواوە دەستمان دایە داڕشتنەوەی پەیڕەوی نێوخۆیی جوڵانەوە تازە داهاتووەکەمان, ئەمەش گفتوگۆیەکی فرەوێژانەی لەخۆگرت لەبارەی ئاریشە ڕوالێتەکانەوە, هەندێك لەئەندامانی بزوتنەوەکەمان ڕەخنەیان لەناوی بزوتنەوەکە هەبوو(پارتی کرێکارانی ئەڵمانی)؛ چونکە بڕوایان وابوو ئەم ناوە لە توانا و گەورەیی پارتەکە کەم دەکاتەوە چالاکیەکیەکانیشی سنوردار دەکات, بەڕاستی ئەم چەشنە ڕەخنانە مانای کورت بینی خاوەنە کانیان بوون لەداهاتوو و ئامانجی بزوتنەوەکە, پێش لەهەموو شتێك دەبێت ئەوەمان لەخەڵکان ڕاگەیاندبا کە هەموو بزوتنەوەیەك هەر پارتە تاوەکو دەگاتە دواین ئامانجی و بەردەوامیش دەبێت لەسەری.

لەکاتی ڕێکخستنکردنی پارتەکەماندا لەڕووی ناوخۆیەوە هەمیشە ئەوانەم ڕەت دەکردە کەناوی خۆیان نابوو(ئەڵمانیە ئاپۆڕاییەکان), ئەم گروپە کەسە تەواوی کاریای ئەرێنیان بەرئەنجامەکەی هیچ بووە, بانگەشە پوچەکانیان هەموو شتێکی تێدەپەڕاند. بۆ هاوڕێیانم ڕوون کردەوە: ئەم بزوتنەوە نوێیەمان پێویستی بە لەخۆگرتنی ئەو کەسانەنییە کە تاکە نژاکارانیان ئەو وتانەیانە کە باس لەوە دەکەن سی یان چل سالّی تەمەنیان لەخزمەتی بیرۆکەیەکدا بەهەدەر داوە, ئەمەش بەهۆی ئەوەوە بوو کەچۆن دەبێت کەسێك چل سالّی تەمەنی خۆی لەخزمەتی پارتێك یان بەرنامەیەکدا خەرج بکات کەهیچ بەرهەمێکی نەبووە, کەواتە ئەم جۆرە پیاوانە هیچ

قازانجێکیان بۆ ئەم بزوتنەوە نوێیە نییە، هەربۆیە نابێت باوەشیان بۆ بکەینەوە؛چون ڕەنگە بە قسە نەرێنییەکانیان ڕیزی بزوتنەوەکەمان تێك بدەن، لەوەش نەگبەتی تر ئەم تێکۆشارە کۆنانە ڕەتی بوون بە ئەندامی ئاسایی پارتەکە دەکەن وداوای پۆستی بالاّمان لێدەکەن، وەکو پاداشتێك بۆ ئەو خەباتەی پێشتر ئەنجامیان داوە! ئەم کەسانە (ئەڵمانیە ئاپۆڕاییەکان) زیادتر لەو بازرگانانە دەچوون کە بۆماوەی چل ساڵ سەرقاڵی سەرخستنی پرۆژەیەك بن، بەڵاّم دواتر بەهیچیەوە دەستیان لێهەڵگرتووە، جارێکی تر دەیانەوێت دەست بەهەمان پرۆژەبکەنەوە بۆ بەدەست هێنانی سەرکەوتن !

بۆ هاوڵاّنم ڕوون کردووە کە ئەم کەسانە (ئەڵمانیە ئاپۆڕاییەکان) بەتەڵ بوونە نێو ئەم بزوتنەوەیەمان ئایانەوێت خزمەتی ئامانجی بزوتنەوەکەی ئێمە بکەن بەڵکو گەرەکیانە مەبەست و مەرامی خۆیانمان بەسەردا بسەپێنن و لەڕێگەی ئێمەوە بگەنە ئەو سەرکەوتنەی کە خەونیان پێوە دیتوە! هەندێك لەم کەسانە بەتەواوەتی کاڵفام بوون لەهەنگاونان بەرەو سەرکەوتن، هەندێکی دیکەشیان بەئامانجێکی دیاریکراوی پێشتر نەخشە بۆ کێشراوەوە کاردەکات بۆ گەیشتن بەئامانجێکی مەبەست. هەندێکی دیکەشیان دەیانەوێت لەسەر ئاستی ئاینی دژبەری جوولەکە بکەن لەکاتێکدا لەهەمان کاتدا داوا دەکات چاکسازیی ولاّت لەسەر بنەمای ڕەگەز پەرستانەبێت.

لەبۆ وەدەرنانی ئەم ڕەگەزپەرەستە پوچ و ترسناکانە پێشنیاری گۆڕینی ناوی پارتەکەم کرد لەبۆ (پارتی کرێکارانی ئەڵمانی نیشتمانی سۆسیالیستی) بەم کارەش ئەوکەسانە خۆیان بە کۆنە تێکۆشەر لەقەڵەم دەدا لێمان بەدوور کەوتنەوە، ئەم کەسانە دەیانویست لەڕێگەی چەکی خامە و قاغەزەوە دەیانویست خەبات بکەن و جەنگ هەلاّیسێنن. ئەم کەسانە لەڕۆژنامە جووە بەکرێدراوەکاندا دەستیان دایە دژبەری کردنمان، دروشمی (بەتوندی کاردانەوەمان دەبێت لەهەمبەر ئەوانەی دەیانەوێت بمان ترسێنن)یان لە بەرامبەری ئێمەدا بەرزکردەوە، پێیان دەگوتین: ئەمانە ئاین ڕەت دەکەنەوە و توندوتیژی مەترسیداریان دەوێت. لەسەرەتای ساڵی ۱۹۲۰ دا ئامادەکاریم بۆ بەستنی کۆبوونەوەی فراوانی پارت ئەنجامدا، سەرباری ناڕەزایی کاربەدەستانی پارت لەوەی پێیان وابوو کەهێشتاکە زووە و کاتی ئەمە نەهاتووە. ڕۆژنامەی سورخوازان گرنگیان پێدەداین و هێرشی توندیان بۆمان دەهێنا، ئێمەش بەمەبەستی ئاژاوە نانەوە بڕیاری ئامادەبوون لە زۆربەی کۆبوونەوەکانی

مارکس خوازەکانمان دا, هەریەك لەئێمە بەدڵی خۆی تێهەڵدانی خوارد, ئەمەش ئەو ڕازەی بۆ درکاندین کە ئەم سوور خوازانە لەیەکەمین کۆبوونەوەی فراواندا ئامادە دەبن بۆئەوەی بتوانن بەئاسانی کاردانەوەیان لەهەمبەرماندا ڕێك بخەن.

دەمانزانی لەکاتی بەکارهێنانی زەبر و کوتەکدا دوژمنانمان لەئێمە بەهێزترن, بەڵام ئێمە بڕوای تەواومان بەخۆمان هەبوو بەوەی دەتوانین لەسەر هیسابی دوژمنایەتی ڕکابەرانمان ئەتوانین سەرکەوین و لایەنگرمان پتربێت؛چونکە زۆرینە هەمیشە لەگەڵ بەهێز و خۆڕاگراندایە. بەهۆی قایل نەبوونی سەرۆکی پارت بەم بۆچوونانەم بۆیە هاریر دەستی لەکار کێشایەوە, لەجێگەی ئەو ئەنتوان دکلسر دانرا کە شەقامی لەپێش والآکردم لەبۆ کاروباری بانگەشە. ڕۆژی ٢٤ ی ڕێبەندانی ١٩٢٤ مان دەست نیشان کرد بۆ بەستنی یەکەمین کۆنگرەی فراوانی پارت بەناوە نوێیەکەیەوە, بۆخۆم سەرپەرەشتیاری چاپ و بلاوکردنەوەی هەزاران بانگێشت نامەم کرد و سووربووم لەسەر ئەوەی ناوەڕۆکی وشەکانی ئەو بانگێشت نامانە لەخۆگرتەی بنەما بنەڕەتیەکانی بزوتنەوەکەمان بێت.

پاش لەبلاوبوونەوەی بلاوکراوەکانمان مارکس خواز و پارتی گەلی باڤاری دەستیان تێکەڵ کرد بۆئەوەی دژایەتی ئێمە بکەن. ئەم پارتی گەلە لغاوی دەستەلاتی لەدەستدابوو و بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە فەرمانڕەوایەتی ولآت لەسەربەنەمایەکی نەتەوایەتیە, دیتمان ئەم پارتە هەستا بە بەکارهێنانی هێزی ئاسایش بۆ گلێرکردنەوەی بلاوکراوەکانمان و سوتاندنی, ڕێگەنەدان بە هۆشیاربوونەوەی ئەو کرێکار و هاولآتیانەی کە مارکسیە دژە نیشتمان پەروەریەکان سڕیان کردبوون.

دووکەسی ناوازە لەدەستەلآت دارانی ناوچەکە کە پێشتر هاوپەیمانی مارکسیەکان بوون هاتنەسەر ڕێبازی ئێمە ئەوانیش : ئارنست بوهنر ی بەڕێوەبەری پۆلیس و ڕاوێژکارەکەی دکتۆر فریك بوون, ئەم دوو کارمەندە پێش لەوەی کارمەندی دەولەت بن نەتەوەیی بوون. بوهنر کەسایەتیەکی تووندوتیژی هەبوو بەڵام کارەکەی نەبووە هۆی دوورخستنەوەی لە نەتەوەیی بوونی بەرامبەر نیشتمان, کەئەمەش پێویست بوو بۆ زیبندووکردنەوەی ناخە کوژاوەکانی گەل بەمەبەستی ئەنجامجدانی ڕاپەڕین, بەڵێ بۆهنەر و ریکی ڕاوێژکاری کار پەرەست نەبوون, هیچ لەو شاڵاوە درۆو دەلەسەیە

نەدەترسان کەدەکرایە سەریان لەلایەن دوژمنانی نەتەوەی ئەلمانەوە لەرێگەی جوولەکە و مارکس خوازەکانەوە.

***

بێ گومان بووم لەوەی کۆبوونەوەی ٢٤ ی ڕێبەندان کۆبوونەوەیەکی بەرفراوان دەبێت. ئەو کاتەی ڕۆیشتمە نێو هۆڵی هۆڤبرۆهۆسەوە پێش لەکاتژمێر حەوتی سەر لەنێواری لەخۆشیدا وەخت بوو بقلیشێم. هۆڵەکە جمەی دەهات لەخەڵک کەژمارەیان دەگەیشتە دووهەزار کەس. بەلایەنی کەمەوە نیوەی نامادەبوان لە لایەنگرانی سوورخواز و سەربەخۆ و مشەخۆران بوون. ئەمانە هاتبوون بەمەبەستی پاکتاوکردنی بزوتنەوەکەمان پێش لەوەی پەل بهاوێژێت.

بەلأم ئەنجامەکەی ڕێك پێچەوانەی دڵەڕانیانەوە بوو.

لەم کۆبوونەوەیەدا وتارخوێنی دووەم بووم. ئەوەی پێش لەمن وتارەکەی بەبێ کێشە خوێندەوە. بەلأم من هەر لەسەرەتای قسەکردنەوە دوژمنانمان پێیان دەبڕیم و هاوڕێ بەهێزەکانم ڕووبەڕوویان بوونەوە و نقەیان لێبڕین. بەنیو کاتژمێر پاشتر لەبری هات و هاواری دوژمنان چەپڵەی دەست خۆشی بەرزبوویەوە. ئەودەمەی دەستم دایە شیکردنەوەی پەیڕەوی پارتەکەمان دەنگی لایەنگیری بەسەر قشمەربازاڕیەکاندا بەرز بوویەوە. ئەودەمەی بیست و پێنج پێشنیارم بۆ ئامادەبوان خوێندەوە بەوپەڕی قایل مەندیەوە پەسەندیان لێکردم. بەم چەشنەش بۆم دیارکەوت لەنێو ئاپۆڕایەکی نوێ و خاوەن هاوبۆچوونی منداو وتار دەڵێمەوە. هەستم بەوەکرد کە پاش لەم کۆبوونەوەیە بەتەواوەتی ناوبانگی پارتەکەمان بە ولأتدا تەشەنەدەکات و لایەنگرانمان چەندان قات زیاد دەکات.

لەم شەوەی شوباتدا ڕەڕوویەك داگیرسا کە لە گرەکەیەوە نەو شەشێرە وەدیارکەوت کە سیگفریدی ئەلمانی دەگێڕنتەوە بۆ ڕزگارکردنی نەتەوەی ئەلمانی و ژیان پێبەخشینەوەی.

لەم کاتەوە بڕوام وابوو تارای بوژانەوە وەدیارکەوت. خوای تۆڵە هەستایەوە و نامادەی سڕینەوەی شەرمەزاریەکەی ٩ی نۆکتۆبەری ١٩١٨ یە.

نەختە نەختە هۆڵەکە بەرەو چۆڵ بوون ڕۆیشت. بەلأم بزوتنەوەکە بەردەوام بوو لەسەر ڕێڕەوەکەی

نوێنەرانی نەتەوە

لەکۆمبونی ٢٤ ی ڕێبەندانا جولانەوەکەمان مەبەست و نەخشەڕێگەی دەستەبەری دانا, لەبۆ سنوردانان بۆ بۆچوونی کەسانی نانەتەوەیی, ئەمەشی خستەبەردەست ئامادەبوانی. ئێستاکەش نۆرەی بێدارکردنەوەی چینی بۆرژوا و کەمکردنەوەی کاریگەری مارکس خوازەکانە لەسەریان. بەڕاستی فاکتەری دەست ڕاگەیشتن بەم قۆناغ و ئاستەی ئێستای بزوتنەوەکەمان هیچ ئاسان نەبوو, چاکەی ئەم سەرکەوتنەشمان دەگەڕێتەوە بۆ چاندنی بڕوای تەواو لەناخی هەوادارانمان بەوەی ئەم بزوتنەوە نوێیە هەڵگری چەمکێکی فەلسەفی نوێ و گۆڕەڕێکی بچینەیی بەهێز و سەرکەوتووە. پەیڕەوی ئێمە جودا بوو لە پەیڕەوی ئەو پارتە درۆزانانە کەلەکاتی هەڵبژاردنەکاندا بەقسەی زریق و بریق خەڵکان هەڵدەخەڵەتێنن و دواتر لەبەڵێن و پەیڕەوی بلاوکراوەیان پەژیوان دەبنەوە, ئەدەن لەژێر هەموو قسەکانی خۆشیان و دان بە هیچ بەڵێنێکدا نانێن کە پێشتر داویانە.

ئەودەمەی پارتێکی بۆرژوا ڕێبازێکی نوێ دادەڕێژێتەوە یاخوود چاکسازیی لەپەیڕەوە کۆنەکەی دەکات ئەوا بزانە تەنها مەبەستی کێشکردنی زیادتری ژمارەی دەنگدەرانە, هەرکە گەمەکارانی سیاسەت و فرەوێژانی پەرلەمان هەست بە ڕاچڵەکینی گەل دەکەن لەبەرامبەر کارە قێزەوەنەکانیاندا, ئەودەم پارتەکان هەڵدەستن بە

کۆکردنەوەی سەرجەم کەسانی شارەزای نێو پارتەکانیان لۆئەوەی بەناخی خەڵکدا ڕۆبچن و بزانن چییان گەرەک و مەبەستە و بەچی بەڵێنێک هەڵدەخەڵەتێن و دڵخۆش دەبن. بەپشت بەستن بەو ڕاپۆرتانەی شارەزایان بۆ پارتەکانی خۆیانی دەنێرن ئەم پارتانە هەڵدەستن بە چاکسازیی کردن یان گۆڕینی ڕێڕەوتی کارکردنەکەی. هیچ دوودڵ نابێت لە گۆڕینی ئەو بنەمایانەی کە دەبێتەهۆی کێشکردنی زۆرترین دەنگدەر بۆلای خۆی. ئەم پارتانە بەڵێنی ئەوە دەدەن کە کشتیار مافی پاراستنی بەرهەمەکانی خۆی دەدرێتێ و پیشەسازوانیش بەرهەمەکەی و بە ڕکابەریش گیرفانی, مامۆستا و کارمەندانیش موچەکانیان چەند هێند زیاد دەکرێت و کرێکانیش....بەڵام ئەم چەشنە بەڵێنانە بەڕەوینەوەی کاتی دەنگدان ئەمانیش پووچ دەبنەوە و بونێکیان نامێنێت و دەبنەهەڵم و با دەیباتن لەم کاتە بەدواوە نوێنەرانی گەل هەڵدەستن بە خاوکردنەوەی چالاکیەکانیان و چڕکردنەوەی لە بۆ بەدی هێنانی بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆیان و پارتەکانیان , خەڵکی هەڵخەڵە تێنراویش دەست وەگون دەردەچن و ئەوەی دەستیان دەکەوێت پاش لەهەڵبژاردن ئەوەیە کەهیچیان دەست ناکەوێت.

ئەم قەشمەربازاڕییە کەهەر چوار یان پێنج ساڵ جارێک ئەگێن دەبنەوە تاکە خەوشی پارتە بۆرژوایەکان نینە. زۆرێک لەهاولاتیە دڵپاک و سادەکان ئێژن: ئەم پارتە بۆژوازیانە دەتوانن ململانێی مارکس خوازەکان بکەن و لەسەر گۆڕەپانی ڕامیارچێتی وەدوورخەن, ئەو کەسانەی بۆچونیان لەبارەی دیمۆکراتی بەچەمکە ڕۆژئاواییەکەیەوە باشە لەبیریان کردووە کە ئەم پارتانە هیچ کات و بەئێستاشەوە بەبیریاندا نەهاتووە کێبڕکێی مارکس خوازەکان بکەن. ئەم پارتانە ئەگەر بەرژەوەندی خۆیانی تێدا ببینەوە ئەوا ئامادەی دەست تێکەڵاوکردن دگەل دوژمنانی نەتەوەدا کە دواجار قازانجەکەی بەردەستی سورخوازەکان دەکەوێت. ئەو ڕۆژەشی ئەنداماتی ئەنجومەنی نوێنەران لەبۆرژوازیەکان هەستیان بەوەکرد کە بنەمای زۆرینە باشترین زەمانی مانەوەی ویستراویانە, واتە ئەو ڕۆژەی چەمکی دیمۆکراتیەتی ڕۆژئاوا دەبێتەوە داردەستیان ئەوکات مارکسی و جووە هاوپەیمانەکانیان نابنە هۆکارێک بۆ دەستگرتن بەسەر دەستەڵاتدا لەڕێگەی زۆرینەوە و لەسایەی دیمۆکراتیەتی

پۆژناوەوە ئەوکات جوتەیەک لەم دیمۆکراتیە هەڵەدەن پاش لەوەی شەپازللەیەکی توندیشیان تێ سرەوتاندووە.

مارکس خوازان مامەحەمێی دیمۆکراتی دەکەن تا ئەوکاتەی توانای خۆسەپاندنی نەبووە و دەتوانێت بەشێوازی جیاواز ئاماژە بە بەرجەستەکردنی ئامانجەکانیان بکات، ئەمڕۆش لەسەر هەمان بنەما بوونەتە هاوەستی بۆرژواکان، بەڵام ئەوکاتەی حەستیان بەوەکرد زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران دژبەری سورخوازان دەکەن، لەم کاتە بەدواوە وتاربێژ و وتەبێژ و پرووپامایی کارانیسان ئاراستەی قسەکانیان لە پشتگیری دیمۆکراتیەوە بەرەو پرۆلیتاریا وەردەچەرخێت، ململانێی نێو هۆڵی پەرلەمان نامێنێت بەڵکو لەم کاتە بەدواوە کێشمەکێشی سەرجادە و نێو کارگەکان دەست پێدەکات، لەم کاتەدا مارکسیەت زۆر بەئاسانی دەتوانێت دیمۆکرات خوازەکان پاکتاوبکات و لەناویان بەرێت. ئەوەی لەڕێگەی نەرم و نیانیەوە نەتوانراوە بەدی بهێنرێت دەتوانرێت لەڕێگەی باز و قۆڵی چینی پرۆلیتاریاوە بەدی بهێندرێت. پرووداوەکانی پایزی ١٩١٨ نەزۆکی هەر هەوڵێکی پاکتاوکردنی جووی دیارخست، بەتایبەت بەبەکارهێنانی دیمۆکراتی پۆژئاوا.

تێکۆشانی ڕامیاری بەبۆچوونی پارتە بۆرجوازەکان خۆی لە بەردەست خستنی زۆرترین کورسی هۆڵی پەرلەمان دەبینێتەوە. لەم چەشنە تێکۆشانەدا ڕامیارکاران وەک چۆن پێشمەرگەیەک لەکاتی جەنگدا کراسە دڕاوەکەی دەگۆڕێت ئەمانیش ئاوها بەئاسانی بۆچوونی ڕامیاریان دەگۆڕن و شێوازێکی نوێی ڕامیارێتی گونجاو دگەڵ بەرژەوەندیەکانی خۆیان و پارتەکانیان پەیڕەودەکەن. بەڕاستی ئەم پارتە بۆرژوایانە توانای کێشکردنی جادووئاسای خەڵکیان نییە بۆ تەڵ بوونە نێو پارتەکانیانەوە، خاوەنی ئەو بڕوا فەلسەفیەش نین کە بتوانرێت هەوادارانیانی پێ پرچەک بکرێت لەبەرامبەر قسەی نەیارانیاندا و پەروەردەی لەسەر ببینن. ئەگەر پارتێکی خاوەن بۆچوون بەهێز و بەرنامە پتەو-ئەگەر ئەو چەمکەی پشتی پێ بەستووە هەزار جار تاوانباریش بێت-دژبەری حکومەتی ولاتی کرد لەبۆ لەناوبردنی ئەوا ئەم هکومەتە توتنای بەرگری لەخۆکردنی نابێت گەر خاوەنی بۆچوونێکی فەلسەفی بەهێز و پتەونەبێت، ئەمەش لای خۆیەوە دەبێتە پەلامارێکی کوشندەی هاڕەر. هەربۆیە ئەوکاتەی شالیارە بۆرجواکان ئەوانەی گەزاف نەتەوەیی بوون لێدەجەن و ئەو

مەکۆباڤاریانەشی ڕەخنەی هەوڵی شۆڕش هەڵایسانمان لێدەکەن. ئەوا ئێمەش وەڵامان دادەبێت: ئەوەی ئێوە پێتان ئەوێراوە ئەنجامی بدەن ئێمە هەنگاوی بۆ دەنێین. بەم پەیڕەوە پەرلەمانییە ناموزەیەتان نەتەوەتان گەیاندە لێواری هەڵدێری لەناوچوون ئەمەش بۆ بەهێزبوونی خۆتان. بەڵام ئێمە لەسایەی چەمکێکی فەلسەفەی وەهادا دەتوانین ڕۆژێك نەتەوەکەمان بە پەیکەری نازادی تەواو ناشنا بکەین.

هەربۆیە ئێمەش لەم دۆخەدا کە بزوتنەوەکەمان هێشتاکە لەسەرتادایە دەبێت سوربین لەسەر تێگەیاندنی لایەنگرانمان بەوەی ئێمە پارتێك نین پاش لە گەیشتنمان بەدەستەڵات نەوکات هەموومان وەرگەڕێین و تەنها ئەوەی بەلامانەوە گرنگ بێت کورسی و پارە و ناوبانگی بێت. نەخێر ئەمانە وەرنامەی ئێمە نین. یەکەمین شتێك گرنگیمان پێدا چەمکی پارت بوو لەبۆ دەوڵەت. چونکە ئەم بیرۆکەیە لەلایەن مارکس خوازمکانەوە قۆستراوەتەوە و بیرۆدۆزمکانی لە ڕاین هەڵقوڵاو شێوێندراوە.

***

پاشان هاتینەسەر دەست نیشان کردنی نامانجەکانی پارتە نوێیەکە و دارشتنەوەی بنەما فەلسەفیەکانی. هەندێك لەهاوڵان پێشنیاری بەرجەستەکردنی ڕەگەزپەرەستیان کرد وەکو یەکێك لەبنەماکانی پارت. بەڵام من ڕەتم کردەوە لەبەرنەوەی بڕوام وابوو کە چەمکی ڕەگەز پەرەستی هێشتاکە لاستیکیە و زیاد لەمانایەکی هەیە. بۆیە بەر لەدەست نیشان کردنی مانا ڕاستەقینەکەی ناتوانرێت بۆ بەهێزکردنی بزوتنەوەکە کەڵکی لێوەربگیرێت. سەرنەنجام قایل بووین لەسەر شێوازی ڕەگەزپەرەستی پەیڕەوکراو. نەمەش دوای ڕێککەوتنمان بوو لەسەر دەست نیشان کردنی کارەکانی دەوڵەت و شیکردنەوەی خوودی وشەی ڕەگەزپەرەستی و واتا پێدانی وەکو چەمکێکی فەلسەفی.

لەمڕۆدا زۆرێك لەچەمکە فەلسەفیە باوەکان وزەی داهێنان و بەشاربوون بەدەوڵەت دەبەخشێت بەوەی دەوڵەت لەدایك بووی پێویستیە نابوریەکانە و هەندێك جارێش لەدایك بووی چالاکی بەهێزی ڕمیاریە. بێگومان ئەم بنەما سەرەکیە فاکتەری پشت گوێ خستنی هێزی سەرەتایی پەیوەست بەڕەگەز و کەمکردنەوەی بەهای تاکیشی بەدواوەیە. ئەو دەستەڵاتدارەی جودایی لەنێوان تاکەکان ناکات وەهموو ڕەگەزەکان وەکو یەك سەیردەکات بەبێ ڕوانین لە ڕەگەزی بالا لەبۆ بەدی هێنانی داهێنان و ژیاری ئەوا ئەو دەستەڵاتدارە کەسێکی کامڵ نییە. چونکە بەیەکسان ڕوانین لەڕەگەزەکان

بەوەمان دەگەیەنێت کەهەموو گەلان و تاکەکانیشی یەکسانن و هیچ جوداییەکیان لەنێواندا نییە. بەڕاستی ئەمە خوودی بەرنامەکانی کارل مارکس بوو کەهەوڵی پەیڕەوکردنی دا و کردیە باوەڕێکی پارتیزانی بەهێز و باو. ئینجا پاشکۆکانی ئەم باوەڕەی وەها قەشمەنگ کردەوە کە پێشیاوی تەنینەوە بێت. ئەمانەش هەمووی لەبۆ قازانجی جوولەکە هاوڕەگەزەکانی بوو.

مارکس خوازی پاڵفتەی نەژادێتی چەمکی پارتیزانی و فەلسەفی باوی دەوڵەتە. کەواتە هەر جوڵانەوەیەک بەم شێوەیەبێت ئەوکات ناتوانرێت لەڕێگەی جهانی بۆرجوازیەوە ڕێگەی لێبگیرێت و لەمەترسیەکانی کێم بکرێتەوە، چون ئەم جهانەی بۆرژوا پڕە لەو ژارەی مارکس و جووخوازان ڕشویانە بەسەر مرۆڤایەتیدا، ئەمبۆرژوانە باوەڕیان بە بنەما گەلێکە زۆر بەکەمی لە مارکسیزم جودایە. بۆرژواییەکان مارکسین. بەڵام دەگوترێت دەتوانرێت دەست بگیرێت بەسەر دەستەیەک لە بۆرژواکاندا لەکاتێکدا مارکس خوازان هەوڵی دەستگرتن بەسەر جیهاندا دەدەن لەبۆ باڵادەست کردنی جوو.

بەڵام چەمکی ڕەگەز پەرەستی بۆ دەوڵەت-وەک ئەوەی پارتەکەمان پاشتر دیاری کردبوو-بەهایەک بۆ ڕەگەزە سەرتاییەکان دادەنێت و دەوڵەتیش لەڕووی بنەماوە بە دامەزراوەیەکی خاوەن پەیامێکی باڵا لەبۆ پاراستنی قەوارەی ڕەگەزەکانی مرۆڤ ناساندووە. ڕەگەز پەرەستی دان نانێت بە یەکسانی نێوان ڕەگەزەکان که هەڵی مانەوە بۆ باشترین ڕەگەز دەڕەخسێنێت و لاوازانیش ناچاری ملکەچ بوون بۆ بەهێزان دەکات، لەگەڵ بەکارهێنانی ڕێبازی ئەرەستۆکراتی لەهەمبەر سروشت.

ڕەگەز پەرەستی وەک چۆن هاوتایی ڕەگەزەکان ڕەخنەدەکات بەهەمان شێوەیەک یەکسانی بەهای تاکەکان ڕەت دەکاتەوە. بوونی مرۆڤیش بە باڵاییەوە بەستراوەتەوە، بەبێ بوونی نمونەی باڵایی هیچ مانایەک بۆ مرۆڤ بوون نامێنێتەوە، لەهەمان کاتدا ڕەتی مافی مانەوەی ئەو بنەما ناڕێنەرانەش دەکاتەوە کە مەترسی بۆسەر ڕەگەز دروست دەکەن و بەرگری لە بەهای باڵاتر لەمە دەکەن. لەکۆتاشدا مافی ژیان بۆ هەر ڕەگەزێکی نزم ڕەت دەکاتەوە گەر بیەوێت لەڕێگەی خۆتێکەڵاوکردنەوە لەگەڵ ڕەگەزێکی باڵادا هەوڵی تیابردنی ئەو ڕەگەزە بدات، چون جهانێک زنجیرە ڕەگەزی قول ڕەشان دایپۆشێت ئەوا پاش لە تێکچوونی مانا و چەمکەکانی ماف و فەڕ و جوانی دەپوکێتەوە و ئەو جهانە تیادەچێت.

بەشی سیازدە

دەوڵەتداری

جهانی بۆرژوا لەسالّی ۱۹۲۰ دوە بەدژایەتی کردنمان دەوڵەتیات لێ گالّداین و شەپوری پارتە ڕامیاریەکان بانگەشەی لەناوبردنی دەکردین بەدروشمی:((ئەو گەنجە بێزارانەی چەمکی نوێیان بۆ دەوڵەتداری و نەتەوەچێتی و جهان هێناوەتە بوونێ)) شایەنی لەناوبردنن. گەر پرسیارکارێك لە مامۆستایەکی مافی گشتی (خزمەتکاران)ی دەوڵەتی پرسی لەوەی چەمکی ئەم دەوڵەتداریانەیان بۆ ڕوونبکاتەوە,ئەوا وەلاّمەکەیان ناڕوون دەبوو, خۆیان ماندوو دەکرد بۆ هێنانەوەی ئەو بیانوانەی کە مافی ئەم چەشنە دەوڵەت داریێەیان پێدەبەخشێت. هەڵوێستی مامۆستایانی زانکۆش لە هەڵوێستی مامۆستایانی مافی گشتی جوداتر نەبووە؛چونکە مامۆستایانی زانکۆ خۆیان بە ناپابەند دەزانن لەبۆ قسەکردن لەبارەی ڕاستیەکانەوە تائەوکاتەی ئامانجی بوونی ئەم مامۆستایانە خزمەتکردنی ئامانجێکی دەست نیشان کرياگ بێت: پاساوهێنانەوە لەبوونی دامەزراوەیەکی مرۆیی زەبەلاح کە پێی دەگوترێت دەوڵەت.

سێ بۆچوون بۆ دەوڵەتداری هەیە :

یەکەم:ئەوانەی بڕوایان وایە دەوڵەت ئەنجامی کۆبوونەوەی ژمارەیەکی زۆری خەڵکە و ڕاگەیاندنی ملکەچییانە لەپێش و لەبۆ دەستەڵاتێکی دیاری کراو.

خاوەنی ئەم بۆچوونە زۆرینەن. ئەمانە دەوڵەت بە پیرۆز دەزانن و بانگەشەی دەوڵەت پەرەستی دەکەن لەخەڵك, لەگەڵ گۆڕینی ئامراز بۆ ئامانج. دەوڵەت بەلای ئەوانەوە بۆ خزمەت کردنی خەڵکی دانەمەزراوە, بەڵکو ئەوە ئەرکی سەرشانی خەڵکە ئەو دەستەڵاتەی دەوڵەت بپەرەستن کە خەڵکانێکی هاوشێوەی خۆیان سەرپەرەشتی دەکەن, بۆئەوەی ئەم دەوڵەت پەرەستیە نەنگی تێنەکەوێت, دەوڵەت وەها پیشان دەدەن کەهۆکاری پاراستنی هاوڵاتی و ئارامی و ئاسایشی ناوچەکەیە. بەم کارەشیان دەوڵەت لە ئامرازەوە بۆ ئامانج دەگۆڕن.

ئەم چەمکە لەباڤاریادا پارتی ناوەند دەگرێتەوە کەناوی خۆی ناوە(پارتی گەلی باڤاری). لەنەمسادا کۆمەڵی یاسایی نوێنەرایەتیان دەکرد, مەخابن لەڕایخ دا لایەنگرانی ئەم بۆچوونە کۆمەڵەی پارێزگاران بوون.

دووەم: بۆچوونی ئەوانەی بوونی دەوڵەت دەبەستنەوە بە بەردەست خستنی مەرج گەلێکی دیاریکراو, ئەمانە دەڵێن بوونی ملکەچی بۆ تەنها دەستەڵاتێك بەس نییە بەڵکو بوونی یەك زمانی مەرجی سەرکی یە. دەشڵێن دەستەڵاتی دەوڵەت تاکە پاساوی بوونی نییە, بەڵکو دەوڵەت ناچاری ژیاندنی هاوڵاتیانی خۆیەتی لەگەڵ دەستەبەرکردنی خۆشگوزەرانی و بوژانەوە بۆیان, بەم بۆچوونەش دەوڵەت دەورنادرێت بە خەرمانەیەك لەپیرۆزیی لەبوونی, ڕێزگرتن لەڕابردووی مانای ڕەخنەگرتن لە ئێستای نییە. ئەمانە دەیانەوێت ژیانی ئابوری لەخزمەتی تاکدا بێت. ئەمەش بەزۆری لەنێو بۆرژوا ناوەندیەکان و بەتتیبەت چینەکانی ناوەندی خاوەن بۆچوونی ئازادی خوازی.

سێیەم:ئەوانەی دەوڵەت بە ناوەندێك دەزانن بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی داگیرکاری یان فراوانکردنێکی بنەما ناڕوون. ئەمانە دەیانەوێت دەوڵەتێکی یەك گەلی یەککرتوو دابمەزرێنن, کە خاوەنی زمانێکی هاوبەش بێت, بەو هیوایەی یەك زمانی ببێتەهۆی ئاراستەکردنی بیرۆکە نەتەوەییەکانی بەشێوازێکی دیاریکراو.

لەسەدەی ڕابردوودا هەندێك لە بیرمەندان و ئاراستەکاران پتر ڕاڤەی بزوتنەوەی ئەڵمان خوازییان کرد, ئەمەش فراوان بوونی بەخۆوە بینی لەبۆ باشترکردنی نیازپاکی

لەم بوارەدا, هێشتاکە ئەو گفتوگۆ نەزۆکانەم لەبیرە کەلەنێوان دوو پۆژنامەی ڤییەنایدا کـرا لـەبارەی ئامانجـەکانی بزوتنـەوەی ئـەڵمانی و تواناداریـەرکانی. یـەکێك لەپۆژنامـەکان ئەوهنـدە زێـدەڕۆیی کـرد تەنانـەت بـاوەڕی بـە بەئـەڵمانی کردنـی سـڵاڤییەکانی ولاّت هـەبوو. زۆرێـك لەلایـەنگرانی ئـەم بزوتنەوەیـە بەهەڵەداچـووبوون بـەوەی بڕوایـان وانـەبوو کە مەبەستی ئـەم بزوتنەوەیـە کۆکردنـەوەی هـەموو ئەڵمانیە ڕەسـەنەکانە لـەنێو یـەك دەوڵەتدا, ئـەم بەئـەڵمانی کردنـەش بەسـەر خـەڵکدا جێبـەجێ ناکرێت بـەڵکو لەسـەر زەویدا پیادە دەکرێت و دەچەسپێت. لـەوە گـەمژەیی تر هەیە بێـژین: ئەوکاتـەی ڕەش پێسـتێك یـان چـینیەك پـاش لـەفێربوونی ئـەڵمانی دەبێتـە ئـەڵمانی ؟ چون بەئـەڵمانی بوون لەڕێگـەی زمانـەوە ئـەنجامێکی نـەخوازراوی دەبێت, لەبەرئـەوەی ئـەم فاکتـەری زمانە زۆرجار دەبێتـەهۆی ئاوێتـەکردنی ئـەڵمانە ڕەسـەنەکان لەگـەڵ ئەونـاڕەسـەنانەی کـەهیچ تایبـەت مەندیـەکی ئـەڵمانییان نییـە جگـە لـەو زمانـە نـەبێت کـە وەکـو ماسـك خۆیانیـان پێداپۆشـیوەو قسـەی پێدەکـەن. لەباسـەکانی پێشووترماندا خستمانەڕوو چلۆن ئـەم چەشنە ئاوێتەبوونـەی نێوان ڕەگـەزی بالاّ و نزم لەقازانجی نزمەکەدا کۆتایی دێت.

نەتـەوە یـان ڕاسـتتر بێـژین ڕەگەز,پەیوەسـتە بـە خوێنـەوە نـەوەك زمـان. ئەوانـەی بڕوایـان وایـە دەتـوانن تەنانـەت سـڵاڤییەکانیش بکەنـە ئـەڵمانی ئـەوا دەبێـت لەپێشدا بـەدووی فاکتەرێکدا بگـەڕێن کـە خـوێنی ئەمانـە بـۆ ئـەڵمانی بگۆڕن,ئەمـەش کـارێکی ئەستەمە و ناکرێـت تـەنها بەتێکـەڵاوکردنی ئـەم نزمانـە لەگـەڵ ئێمـەی ئـەڵمانی بـالاّدا نەبێت, لەم کاتەدا دۆڕا و سەرکەوتوو خوێنیان تێکـەڵاو دەبێت, بۆیـە هـەر بۆچوونێك لەسەر ئەن بنەمایە بێت بۆ بەئـەڵمانی کردنی گەل و ڕەگەزە نزمەکانی دیکە بـە ئێمـەی ئـەڵمانی بالاّ ئەوە ناپاکیە و لەدەوڵەت کراوە.

دەبێت زۆر بەو هەوڵە نـەخوازراوەی دووەمـی پاشای نەمسا دڵخۆش بین کەسـەری نەگرت, ئەگینا ئەنجامەکەی توانەوەی ئەڵمانی بوو لـەنێو ڕەگـەزە خوارەکاندا, بـەوەی هـەوڵی بـە ئـەڵمانی کردنـی نەمسـای دەدا, بـەم کـارەش بۆماوەیـەکی زۆرتـر تەمـەنی نەمسـای درێـژ دەکـردەوە و نەیدەهێشت بڕوخێت. مـەخابن ئـەم چەشـنە بانگەشـە وێرانکاری لـەو نێـوە نەتـەوەیی خوازە ئەڵمانیانەشدا باوە کـە هەوڵـەکانیان بـەبڕوای خۆیـان بـۆ قـازانکردنی نەتـەوەی ئەڵمانـە, ئەمانـە داوای سـەپاندنی زمـانی ئـەڵمانیان

دەکرد بەسەر گەلی پۆلەندی نزمدا و بەم کارەش دەیانویست گەلانی ڕۆژهەلآت بکەنە ئەڵمانی , ئەمانە ئەوەیان لەبیرچووبوویەوە کە قازانجکردنی ئەم گەلانە لەبەرژەوەندی ئەڵمانەکاندا نییە بەڵکو زیانی بۆ ڕەگەزی ئەڵمانی دەبێت, ئەم گەلانە لێرە بەدواوە بەزمانی ئێمەی ئەڵمانی بۆچوونە نامۆکانیان دەردەبڕن و لە حەزی مانەوەی نەتەوەکەمان کەم دەکەنەوە.

لەیادمە ئەو جولەکانەی ڕووبان لە ئەمریکا کرد وەکو کەسایەتی ئەڵمانی ئەمریکا وەری گرتن نەوەك جوولەکە, ئەمریکیەکان ئەم کارەیان لەسەر هێمە هەژمارد. دەبێت ئەوانەی بانگەشەی بەئەڵمانی کردن دەکەن لەڕێگەی سەپاندنی زمانەوە ئەوا لەڕێبازی باوانمان لایانداوە بەوەی باپیرانمان ئەڵمانی بوونیان بەسەر زەویە چۆڵکاندا دەسەپاند نەوەك گەلانی نائەڵمانی , بەڵآم ئەوکاتەی تێکەڵاوی خوێنی بیانی بوون تاوانیان لەهەمبەر نەتەوەکەمان ئەنجامدا و خوێنی ژەهراوییان کردە جەستە ساغەکانمانەوە.

***

لە ڕوونکردنەوەی بۆچوون و تیۆریەکای پێشتر باسکراوەماندا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئەمانە گرنگی ڕەگەز وەکو بنەمایەك بۆ دیارخستنی هێزی داهێنەرانە و بەهاکان پشت کلك دەخات, هەمدیس ڕۆڵی دەوڵەتیش لەبۆ پاراستنی ڕەگەز و بالآیی دیارناخات, ئەو ڕۆڵەی کە دیارکەوتنی بە مەرجی بنەڕەتی هەموو پێشکەوتنێك دادەنرێت. بە پشت گوێ خستنی بۆرجوازیەت لەبۆ گرنگی ڕەگەز و ڕۆڵی بنچینەیی دەوڵەت بواری بۆ بۆچوونەکان تەرخان کردووە بۆ ڕەتکردنەوەی بوونی خودی دەوڵەتیش, بۆیە نایەقی بۆرجوازیەکان ناگرین پێش لەجەنگ کردن لەگەڵ مارکس خوازەکاندا خۆیان بە دۆڕاو دەزانن. دوژمنەکەی توانیویەتی خاڵی لاوازی هەمبەری بدۆزێتەوە و بەو چەکەی خۆی بەردەستی خستووە دژایەتی خۆی پێبکات.

پیۆزترین کاری پارتی نوێ-لەبەرئەوەی بەچەمکی ڕەگەزپەرەستی کاردەکات- ناساندنی پێناسەی دەوڵەت و دەست نیشان کردن پاساو وبیانووەکانی بونیەتی.

بنەمای سەرەکی دەست پێکردن دانانی دەوڵەتە بە ئامراز نەوەك ئارمانج, دواتریش دانانیەتی وەکو مەرجێکی سەرەتایی لەبۆ دیارخستنی ژیارییەك کە پێشیاوی مانەوە بێت, بەبێ ئەوەی خوودی خۆی ژیانەرەوەی ئەم ژیاریەش بێت

بەڕاستەوخۆیی ئەمەش بەوە دەبێت کەناتوانێ پێشبینی بۆ دیارکەوتنی هیچ ژیارێک بکەین بەبێ لەپێش چاوگرتنی ڕەگەزی بالأ و توانادار بۆ داهێنان و دامەزراندنی ژیاری. دەتوانین بێژین دیارکەوتنی دەوڵەت بەمانای کۆتاهاتنی ڕەگەزی مرۆڤایەتی نایات گەر لەلایەن ڕەگەزی بالأوە نوێنەرایەتی کرابێت. دامەزرێنەری شارستانیەتی نمونەیش بێت. چونکە نەبوونی ئەم مەرجە بێگومان مانای داڕووتانەوەی مرۆڤایەتیە لە وزەی بەرگری و شیمانە و بەهرەی ئافراندن.

زەوین لەرزەیەکی تیابەر سەرەتا بەشێوەیەکی ناساییە بەلأم کە دای لەاوچەیەک چی بنەمایەکی ژیاری بۆ دەمێنێتەوە؟ هیچ شتێک. بەلأم گەر هەندێک بوونەوەری مرۆیی سەربە ڕەگەزێکی بالأ مایەوە دەستەوەستان ناوەستێت تاوەکو سەرلەنوێ ژیارێکە دەگەڕێتەوە باری جارانی. دیرۆک پتر لەجارێک ئەم نمونەیەی بۆ دیارخستوین بەوەی ئەو دەوڵەتەی بەدەست ڕەگەزێکی نزمەوەیە پاش لە فەتارەتێکی لەم چەشنە چیتر ناتوانێت شارستانیەتەکەی پوونێت بنێتەوە.

کەواتە مەرجی سەرەکی مانەوەی گەلی بالأ دروستکردنی هاوپەیمانێتی نییە لەژێر ناوی دەوڵەتدا، بەڵکو بەهرەداری خودی ڕەگەزە بالأکەیە.

ئەم بەهرانە لەڕەگەزەکاندا شاردراونەتەوە و دیارناکەون تاوەکو هاندەرێکی دەرەکیان نەبێت. ئەمەش دۆخی ئەڵمانەکان بووە پێش لەبوون بە مەسیحی. ئەوانەشی دەڵێن ئەڵمانەکان لەو کاتەدا دڕندەگەلێکی کێوی بوونە ئەوا ئەمانە جگەلە گێژۆمێشک پوچێک زیادتر هیچی دیکە نین، بەلأم هۆکاری ئەو نەختە دواکەوتنەیان لە دەست ڕاگەیشتنیان بە ژیاری بەهۆی دۆخی ناوو هەوای نیوەگۆی باکور بووە بەوەی هەلی دامەزراندنی ژیاری درەنگ پێداون. ئەمەش بەهۆی درەنگ گەشەکردنی وزە داهێنەرانەکەیان بووە. خۆئەگەر لەناوچەکانی باشوردا ناکنجێ بوونایە ئەوا دەیان توانی بەر لەزۆر گەلی دیکەی وەکو ئیگریک ژیاری بەهێز دابمەزرێنن ، لەڕێگەی دیارخستنی ئەو وزە داهێنەرکارەی لەهەناویاندابوو.

پاڵفتەی دەقەخراوە ڕووەکانی پێشووترمان ئەم بنەمایەیە:

دەوڵەت ناوەندێکە بۆ ڕاگەیشتن بە ئامانجێکی دیاری کراو. ئامانجیشی پاراستنی ئەو کۆمەڵە مرۆڤەیە کەلەژێر سایەیدان، بەگیان و بەرجەستەیی، سەربە یەک جۆرە ڕەگەزن، سەرباری دەستەبەربوونی هۆکارەکانی گەشە بۆ ئەم دەستەیە لەنێو سنوری

ئەم دەوڵەتەدا. پێویستە لەسەر دەوڵەت بەپلەی یەکەم گرنگی بە پاراستنی ناوەڕۆکی ڕەگەزچێتی بدات، چون مانەوەی ئەم تایبەت مەندیانە لای خۆیەوە دەبێتەهۆی دیارخستنی گەشەی سروشتی و ئازادانەی لای تاکی ڕەگەزی بالای نێو وڵات.

هەر دەوڵەتێك ئەم ئاڕمانجەی لەپێش چاو نەگرت ئەوا دامەزراوەیەکی پتورکاو و دەزگایەکی ناکاملە، ئێمەی نیشتمان پەروەری سۆسیالیستی دەبێت لەڕێگەی بۆچوونی نوێمانەوە بۆ ڕوانین لەجهان ئەو دەوڵەتەی چوارچێوەیەکی ڕەگەزی تایبەتی هەبێت بەجیا لە دەوڵەتەکانی دیکەی دابنێین. هەر دەوڵەتێت توانای پاراستنی لەخۆگرتوانی خۆی نەبێت ئەوا بیاوی مانەوەی بوونی نییە.

ئەو دەوڵەتەش ئێمە بە ڕەگەز پەرەستیەوە بانگەشە بۆ دیارکەوتنی دەکەینئەرکی شەونخونی کردنە لەهەمبەر مانەوەی نوێنەرانی ڕەگەزی سەرەتایی کە جهانی بە ژیارییەك لێوان لێوکردووە کە باشترین و پێشیاوترینە بۆ مانەوە. ئێمەش وەکو ئاری ڕەگەزان دەوڵەت بە دامەزراوەیەکی زیندووی دەستکەلای گەلێکی زیندوو دادەنێین، دامەزراوەیەك بنەماکانی مانەوە بۆ گەل دابین دەکات و گەشە بە بەهرەکانی دەدات. بەڵام ئەو دەوڵەتی لەمڕۆدا واخەریکە بەسەرماندا دەیسەپێنن بەرهەمی قێزەونترین هەڵەی مرۆڤایەتیە. بێ ئاگانین لەوەی دژبەرانی بزوتنەوەکەمان کاتێکی باش تەرخان دەکەن لەبۆ پوکانەوەی ئەم جوڵانەوەیەمان، بەڵام کوا چاکسازی وپستان گوێ بە وتەی دژبەری هاو نیشتمانیان دەدەن؟ هیچ گومانمان لەوەش نییە کە مەرامی ئەم بزوتنەوەیەمان بەبێ پێکانی وەچەی نوێ تێپەڕناکات و ئەوانیش کارەکانمان پڕوزدەکەن و بەگرنگییەوە لێی دەڕوانن.

***

ئەودەمەی زانیمان ئەرکی دەوڵەت هێشتنەوەی باشترین توخمەکانی ڕەگەزە و کەشی گونجاو بۆ نەش و نماکردنی بۆ جدەستەبەر بوو، ئەوا بەبێ هەوڵێکی زۆر بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە کاری دەوڵەت هەر تەنها چاککردنی وەچە نییە، بەڵکو دەبێت وەچە تازەداهاتوان بەشێوەیەك پەروەردەبکات کە لەداهاتوودا بتوانن بەڕۆدارین لە بەرزترکردنەوەی ئاستی کۆمەڵگە، هەروەها پێویستە ئێکەمین ئاڕمانجی پەروەردە پاراستنی تەندروستی تاك بێت. حەزی تەندروست لە جەستەی ساغدایە، جاربەجارێك لەم ڕێسایە لادەدرێت. لە ڕەگەزێکدا هاولاتیانی بۆگەنیان کردووە ئاسان

نییه تاکێك دیارکەوێت خاوەنی تایبەت مەندی و شێوازی بیرکردنەوەی قۆرس و باشترېێت لەهەموان. خۆئەگەر کەسێکی لەم چەشنەش دیارکەوێت ئەوا سەرکەوتنی نامسۆگرە بەڵکو رێژەییشە, چون یام ئەوەتا تاکە خراپ بووەکان لێ ناگەن یام هەوەتا حەزە لاوازەکەیان توانای دەست ڕاگەیشتنی بە داڵە بەرز فڕەکە نییە.

هەر دەوڵەتێکی ڕەگەزی حەست بەم کەتواریە بکات, تەنها لەڕێگەی بەکارهێنانی زانست لای سەرداران قایل نابێتن بەڵکی موعاوەلەی مۆرکردنی نەتەوە دەدات بە جەستەی ساغ. لێرەدا فێرکردن لەبری ئەوەی ئاڕمانجی سەرەکی پێگەیاندنی خوو ڕەوشت بێت گەشە بەهێزی حەز و توانای بڕیاردان دەدات, بەڵام فێرکردن بە چەمکە ڕاستەقینەکەی پلەی دووەمی گرتووە.

هەر دەڵەتێك بیەوێت ڕەگەزی بێت ئەوا دەبێت ئەم بنەمایانەی تێدابێت:

کەسایەتی ساغ, ئاکارجوان و خواست بەهێز, نەترس, باشترین ئەنجامی کۆمەڵگەیە, ڕۆشنبیرە, کەسانی کەم ئەندام جا توانای ژیریکەی هەرچەندەبێت لەم دەوڵەتەدا جێگەی نابێتەوە. گەلێکی پڕ لە زانای پۆخڵ بوو لەجەستەوە, خوازوویستیشیان لاوازە, داوای ئاشتی وڕە ڕووخێن دەکەن, هەرگەلێك ئەمەبێت خۆڕەوشتی ناگاتە ئاسمان و تەنانەت ناشتوانێت مانەوەی خۆی لەسەر زەوی بسەلمێنێت. ئەو تێکۆشانەی قەودەر بەسەر ئێمەی مرۆڤدا دەیچەسپێنێت زۆر بەکی شکست چارەنوسێکیی لەش ساغانە. کەسی دۆڕاو هەمیشە بەپێی زانیاریە سنورداڕەکانی خۆی بڕیاری ناتەندروست دەدات بەجۆرێك پێشیاوی بەزەیی پێداهاتنەوەبێت.

دەبێت تاڕادەیەك گونجاوی لەنێوان بەرجەستە و هەستیەکاندا دەستەبەربێت.

ئەو لەشەی دووچاری گەڕی بووبێتەوە بۆنمونە هەرگیز جوانی و ڕەونەقی هزری بۆناگەڕێتەوە. جوانترین نمونەش بۆجوانی دەرخستن ئەو بەراوردەیە کە گریکەکان ئەنجامیان داوە بەوەی جوانی لەشیان بە درەوشانەوەی گیانەکان و باڵایی دەروون لەقەڵەم داوە.

گرنگی دان بە بەهێزکردنی جەستە لەوڵاتی ڕەگەزپەرەستیدا کاری تاك نییە, لەو بابەتانەش نییە کە بگەڕێتەوە بۆ بابەتی سەرەتای دیارکەوتن, چون ئەمە کاری

سەرەکی دەوڵەتە بەهۆی بوونی پەیوەندی پتەویەوە بە چاکسازی ڕەگەزی ئەوگەلەی دەوڵەت نوێنەرایەتی دەکات و دەیپارێزێت.

دەبێت دەوڵەتی ڕەگەزپەرەستی لە ڕەوتی پەروەردەیدا سوود لەو پەندە خۆرهەڵاتیە وەربگرێت کە دەڵێت: فێرکردن لەمنداڵیدا وەکو هەڵکۆڵینی سەر بەرد وەهایە, بەجۆرێك هەر لەمنداڵیەوە گرنگی بە پێگەیاندنی ڕەگەزی دەدرێت, ئەمەش پێویستی بە ئاراستەکردنی دیکەکانە بە ئاراستەیەکی کردارەکی لە چوارچێوەی گرنگی دان بە منداڵەکانیان لەبۆ ئەوەی بەباشترین و خاسترین دۆخدا گەورەبن و گەشەبکەن.

لەدەوڵەتی ڕەگەزچێیدا پێویستە لەسەر خوێندنگە و پەروەردە کاتێکی تەواو بۆ وەرزشی جەستەیی دابنێن. لەم ڕۆژگارەماندا خوێندنگەکان هەفتانە دوو کاتژمێر تەرخان دەکەن بۆ یاری جیانلاستیك و ئامادەبوونی خوێندکار خۆبەخشانەیە, بەڕاستی ئەمە هەڵەیە؛ چون بەزیادکردنی کاتەکان بۆ وەرزشی جەستەیی ئەوکات هەم جەستە و هەمیش ئاوەز ساغ دەبێ و گەشەدەکات. نابێت هیچ ڕۆژێك بەسەر گەنجێکدا تێپەڕێنرێت بەبێ ئەوەی دوو کاتژمێر وەرزش بکات, جا هەر جۆر و چییەك بێت, کاتژمێرێك بەیانیان و کاتژمێرێکیش شێوان. هاوچەرخان وەرزشی شەڕەبۆکسیان ناوناوە وەرزشی کەسانی کێوی و گەمژەکان! ئەوانەی حەزیان لەم چەشنە وەرزشەیە زۆرانبازی و شمشێرکاری دەخەنە پیزی هونەرەوە.ئەم تازە خوزانە نازانن کە شەڕەبۆکس گیانی تێکۆشان گەشەپێدەدا و لەهەناویەیەوە نەش و نما بە ئاوەز دەبەخشێت و جەستەیش زۆر بەهێز دەکات لەکاتێکدا هیچ لەدەست نادرێت. ئایا باشتر نییە دوو دوژمن لەبری پەنابردنە بەر دەپانچە و تیغ پەنا ببەنە بەر قۆڵ و بازوویان لەبۆ شەڕکردن؟ ئەو کەسەی سورە لەسەر وەرگرتنەوەی شکۆمەندی و مەزنی خۆی ئامادەی بەکارهێنانی بازوەکانیەتی لەبۆ بەرپەرچدانەوەی دووژمن لەبری ئەوەی پەنا ببات بەر نزیکترین حەیتەخانە. گومان لەوەدا نییە بەناو ئاشتی خوازان ئەم بنەمایەیان لا پووچەڵە, بەڵام کوا دەوڵەتی نەتەوەیی گرنگی بە ناڕازیی ئەمانە دەدات! دەوڵەت لەم کاتەدا ئەرکی پەروەردەکردنی وەچەیەکی ئاشتی خواز نییە بەوەی بێ کۆت و مەرج خۆی بات بەدەستی نەیارەوە. دەوڵەت نابێت ڕەگەزی ئێمەی ئەڵمانی بە کەس گەلێکی هاوشێوەی بۆرژوا خۆبەڕێز زانەکان و ژنە قەیرەکان

مۆربکات, بەڵکو دەوڵەت ئەرکی پەروەرشیارکردنی زەلام گەلێکە نەترس و سەرکێش بن و ئافرەت گەلێکیش لەخۆدەگرێت ئامادەی ناساندنی نیشتمانەکەیان بن بە خستنەوەی وەچەگەلێکی ڕاستەقینە.

گەر چینە بالأکانی ولأت لەتەنیشت سەرقاڵ بوونیان بە وانەخوێندن و بەدەست هێنانی بڕوانامەوە سەرقاڵی وەرزشی جەستەییش بوونایە , گەر لەتەنیشت سەماوە بۆکسێنیان بکردایە, ئەوا هەرگیز ناپاکان نەیان دەتوانی ئاگری بەناو شۆڕش لەئەڵمانیا وەربدەن, ئەم شۆڕشە بەهۆی سەرکەوتنیەوە قەرداری دندەرانی نییە بەڵکو بەهۆی ترسنۆکی و بێ توانایی دەستەلأتدرانی ئەوکاتی ئەڵمانیاوە سەرکەوتنی بۆ نوسرابوو. ئەمانە بە بەکارهێنانی چەکی بۆچوون ڕووبەڕووی فیشەك وەستانەوە! قاوقیژ و نەڕەنەڕ بەسەر چینە بالأکانی ولأتدا سەرکەوت؟ چونکە دامەزراوە زانستیەکان لەشێوەی پەیمانگاکان هیچ پیاوێکی ڕاستەقینەیان پێنەگەیاندووە بەڵکو تەنها پڕیشك و مامۆستا و کیمیاگەر و یاسانی لێوەبەر هاتووە, کەئەمانە و پیاوبوونیش دوومانای لێك جوودان, ڕەنگە بشتوانرێت لەیەکتردا کۆبکرێنەوە بەلأم لەبار گەلێکی ناوازەدا دەبێت(لەم هەرێمەی ئێمەشدا بەئەفسووس و خەمەوە دەیڵێم: زانکۆ بووەتە لانکەی نەزانان, بێشەی ڕێوێەکان, بێشکەی گەمژەکان, واتای وەرگرتنی جلی بڕوانامە و پۆشینی لەدەرەوەیە بەڕووتی !!! خیانەت کردنی گەورەیە لەبچووك , گاڵتەجاڕی بچووکە بە گەورە!! لەباربردنی ئاوەزی خوێندکارە زیرەکەکان و ناشتنی هەموو بیرۆکەکانیانە لەنێو گۆڕێکی بێکێل و وندا !! واتای غەمبارکردنی قوتایبە زۆر لە مامۆستائازا و هۆشیارەکانە!! واتای کوشتنی هەموو ئەو حەز و خواست و ویستراوەیە کە خوێندکار بەر لەوەی بێتە زانکۆ بۆی دروست دەبێت؟!! واتای دەرکردن یان کپتکردنی دەنگی ڕاستبێژی و ژیرانە هەندێك لەمامۆستا داناکانە,واتای سفورکردن و پێداکەندنی ئەقڵەپۆشتەکانە !! واتای داڕووتانی ئینتیمایە لەنەتەوە !! واتای فێرکردنی تاکە بۆفرۆشتنی خاکەکەی بە پاسپۆرتی ولأتێکی بێگانەی کورد کوژ !! واتای قەدەغەکردنی پۆشینی جلی کوردیە !! واتای ناچارکردنی فێرخوازانە بۆ کفرکردن بە خاك و نەتەوەو نیشتمان و دواتریش بەخوا !!!-وەرگێڕ).

پەروەرد پەرچوو ناڤرێنێت, ئەوەی خۆی ترسنۆك بێت پەروەردە بەهێز و پێشەنگی ناخات. بەڵام هەمدیس غیرەت و چاونەترسی بەکەڵکی خاوەنەکەی نایات گەر بەجوانی پەروەردەی جەستەیی و ئاوەزی نەکرێت. دامەزراوە سەربازیەکانمان زۆر بەجوانی ئەمەیان بۆ پروون بووەتەوە و لەسایەیدا کاریان کردووە, بەمەش توانرا سوپایەکی زۆر بەهێز و چاونەترس لەبۆ پاراستنی خاك و نەتەوەکەمان دابمەزرێت. دیتمان چلۆن لە هاوینی ١٩١٤ دا پێشمەرگەکانی ئەڵمانیا هەر شتێك دەهاتە ڕێگەیان دەیان مااڵی و بە هەنگە و پەلەوە بەپیری مەرگەوە دەچوون بەشێوەیەك دوژمن وای هەست دەکرد بۆ ئاهەنگی بووك گواستنەوە دەڕۆن واپەلەیانەا ئەم متمانە بەخۆبوونە بەرهەمی پەروەردەیەکی جەستەیی وەهایە کە کەسایەتی مرۆڤ گەشەپێدەدات و بەهرەکانی دیاردەخات, بەتایبەت گیانی تێکۆشان و نەبەردی.

لەمڕۆشدا ئەم ڕەگەزەمان کە دۆشداماوی بێ دەستەاڵتی یە, نقومبووی کۆت و بەندییە, پێتڤی بەم باوەڕ بەخۆبوونە هەیەا دەوڵەتی ڕەگەزی هەڵدەستێت بە پەروەردەکردنی تازە پیاکەوتوان لەسەر بنەمای قایل کردنیان بەوەی ئەم ڕەگەزەی ئێمە لەوانی دیکە باڵاترە و سەرکەوتوو تریشە, هەناوی پڕ دەکرێت لە نەتەوەیی بوون و داماتوویەکی باشتر بۆڕەگەز و نەتەوە پاقژەکەی. هیچ کەس وانەگات کە ئەرکی دەوڵەتی ڕەگەزپەرەستی ئاسان بێت, نەخێر بەڵکو بەهۆی شکست خواردنی دەوڵەتەکەمانەوە چەندان هێندەی جارانی کاتی جەنگ ئەم ئەرکە قورستر بووەتەوە.

***

گرنگی دانی دەوڵەتی ڕەگەز پەرەست بە تاکەکان تەنها تاکەکاتانە نییە کە خوێندکار و لەسەر بۆردی پۆلەکە بۆی بنوسرێتەوە و هەستی بجوڵێندرێت , نا, بەڵکو تاوەکو ئەو کەسە لەژیاندا مابێت پێتڤی بە پەروەردەبینینە. بێگومانین لەوەی هەنوکە دەوڵەت نەیتوانیوە ئەرکە پەروەردەییەکانی خۆی بڕەوپێبدات بۆ گۆشەکردنی تاك گەلێك کە ڕەگەزی ئەڵمانی لەسەرووی هەموو شتێکەوە ببینن.

بەاڵم مەخابن لەم ڕۆژدا الوانی ئێمە کەوتوونەتە داوی خراپەکاریەکانی تەڵەی جوولەکە و مارکس خوازانەوە و کەس شك نابەیت لەڕێگەی پێشنیارکردن و چەسپاندنی شێوە پەروەردەی کاری ناکاری و جەستەیی بەرپەرچی ئەم شاڵاوە گاڵوە بداتەوە.

پێویستە لەسەر دەڵەتی ڕەگەزپەرەست ئەم ئەرکی پەروەردەکردنە بەدامەزراوە سەربەخۆکانی بسپێرێت, چون دەبێت پەروەردەی جەستەیی لەپێشی هەموو ئەنجامدراوەکانی دیکەوەبێت, لەقۆناغی ئامادەییدا گەنجان بۆ خزمەتی سەربازی ڕادەهێنرێن و پاش لە تەڤل بوونی گەنجان بۆ نێو سەربازگە و سوپا ئەرکی فێرکردنی تازە بەسەر بازبوو لەئەستۆ ناگرێت بەوەی چۆن ڕێبکات و چۆن چۆنی چەك هەڵبگرێت و ڕاست و چەپ بکات.....داواشی لێناکات پەرە بە توانا جەستەییەکانی بدات؛ چونکە پێشتر ئەم کارەی ئەنجام داوەو تەنها بەردەوامی گەرەکە. بەڵکو ئەمە وەکو پەیمانگایەکی بالأی نەتەوەیی وەهادەبێت, بەبێ ئەوەی دەست لەئامانجی ڕستەقینەش هەڵبگرێت کەسوپای کۆن هەیبوو: ئامادەکردنی کەس گەلێك بۆ سوپا کە نیشتمان شانازیان پێوەبکات. تەنها سوپا سەرباز ئامادە ناکات بۆ گوێڕایەڵی کردنی فەرمانی سەرووی خۆی بەڵکو هازری دەکات بۆ بوون بەبالأدەست لەسەر بنەمای بێدەنگی و چاوپۆشیش لەو ستەمانە بکات کە خۆی ئەنجامی دەدات لەڕێگەی هەنگاونان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی. سەرباز پاش لەوەی دوا ڕۆژی خزمەتی سەربازی تەواو دەکات دوو بڕوانامەی پێدەدرێت: بەڵگەی هاوڵاتی بوون, کەماف دەستکەوتنی ئیش و کاری پێدەدرێت, بەڵگەی لەش ساغی و تەندروستباری کە پێشیاوی هاوسەرگیرییە.

دەوڵەتی ڕەگەز پەرەستی لەسەر هەمان بەرنامەش ئافرەت گۆش دەکات, پەروەردەی کچان بۆ ئامادەکردنیانە بۆ ئەو ڕۆڵەی کەدەبێت بیگێڕن پاش لەوەی دەبنە دایك.

***

پاش لە پەروەدەکردنی هاوڵاتی ڕەگەزی بە پەروەردە کردنێکی جەستەیی ئەوکات نۆرەی پەروەردەکردنی ئاکاری دێت.

گومان لەوەدا نییە ئەوەی گرتی بە شیری هیچ نایبات لەبیری, مەگەر مەرگ. خۆپەرەست هەر خودپەرەستە و نمونەییش هەر نمونەییە, لەنێوان ئەمە و هەوەشدا هەزارن چەشنە خووی دیکە دەبینین کە سەر بەهیچ بار و بەرەیەك نین. تاوانکار هەر لە خۆرسکیەوە تاوانبارە, زۆرێك لەپیاوخراپان دەتوانرێت تاڕادەیەك چاك بکرێن بۆ کەڵك بەخشین بە نەتەوەکەیان. هەندێك لەوانەی خلیچك و گەحۆلن ڕەنگە ڕۆژێك بێت

ببنه مەترسی گەر بەجوانی پەروەردە نەکرێن. زۆرجار لە فرەوێژی بێزار دەبووین، ئەمە خوویەکی باوی نەتەوەکەمانە و پێویستە دەستی لێ هەڵبگیرێت . لەڕێگەی گۆڕینی شێواوی پەروەردەکردنەوە. سەرکردە سەربازیەکانمان بەهۆی دەم شڕی و زۆر بڵێیەوە نەیان دەتوانی بەئاسانی زانیاریە سەربازیە مەترسیدارەکان لە سیخوڕانی دووژمن بشارنەوە! بەڵام ئاخۆ پێش لەجەنگ ئێمەی ئەڵمانی لەسەر بێدەنگی ڕانەهاتبووین؟ ئایا ڕانەهاتبوین لە قێزکردنەوە لەزۆر بڵێیی لە فێرگە و کارخانە و دامەزراوەکانی دەوڵەتدا؟ ئایا هەمیشە دوو ڕوویی و فرەوێژیمان بە ڕاستگۆیی ناخی دڵمان دانەنانەوە و بێدەنگیش بە بوغز و قینە؟ ئایا بەڕاست پەروەردەکارانی ئێمە بیریان لەوە کردبۆوە کە فرە وێژیی گەورەترین خەوشی دیارە، بەڕاستی بێدەنگی تایبەت مەندی هەوانەس مۆرکی پیاوەتی ڕاستەقینەیان هەس؟

پەروەشیاران گرنگی ئەوتۆیان بەم لایەنە نەداوە، گەر نەختێك بە ژیریەوە بیریان بکردایەتەوە ئەوا دەیانزانی ۹۰٪ ی ئاریشەکانی بۆهتان و لەپشتە ملەقسەکردن و تانە و تەشەی نابەجێ هۆکارەکەی فرەوێژی یان زۆر بڵێیە، پیشەسازیان دووچاری شکست و زیان دەبنە؟ چون فرەوێژ و زمان نەگیراوان نهێنیەکانی ئەبەخشنەوە، تەنانەت ئامادەکاریە سەربازیەکانیش دووچاری نەهامەتیەکانی فرەوێژی ببوویەوە، بەرئەنجامەکەشی شکست خواردن بوو لەچەندین شەڕ گەلێك کەهەزاران سەربازی نەبەردی بێدەنگ بوون بەقوربانی ئەو چەند زۆر بڵێ و دەم نەوەستاوانەی لەوێدابوون، نابێت ئەوە لەبیرکەین کە بۆ گۆڕینی هەر چەشنە خوو و ڕەوشتێك دەبێت لەمندالێیەوە دەست و برد بکەین و هەوڵی گۆڕینی بدەین، ئەمەش لەڕێگەی پەروەردەیەکی ئاراستەکراوی نەتەوەیی ڕووتەوە بەرجەستە دەبێت، دار بە تەڕی زووتر و باشتر دەچێمێنی، ئەو شێوەیەی کە مەبەستتە لێی وەبەرهەم دێنی.بۆ پەروەردەکردنیش پێویستمان بە بوونی دایك و باوکی باشە ئەوجا فێرگەی بەمێز و بەجۆشە، دەبێت هەموان ئەوە باش بزانن ئەو مندالەی حەزی لەپشتەملە قسە وتنی هەیە بە هاوڵەکانی ئەوا ئەگەر لەسەر ڕێگەکەی لانەبرێت ئەوکات بەناپاکی کردن لە هاوڵانی و دواتریش نەتەوە و ڕەگەزەکەی کۆتایی پێدێت. گەر هەندێك گەمژە بڕوایان وایە ئەم چەشنە دوو ڕوویی و زمان پیسیە کارێکی گونجاوە بۆ سیخوڕی کردن بەسەر هەندێك

لەهاوڕێکانی دیکەیەوە ئەوا با باش بزانێت کە دەرئەنجامی بەردەوام بوون لەسەر ئەم کارە ناپاکی کردن و بێ ئینتیمایی بوونی کەسی دووڕووە بۆ هەموو شتێك.

لەم ڕۆدا پەروەردەی ئاکار لە فێرگەکانی دەوڵەتدا جێ دەستی دیار نییە, بەڵام دەوڵەتی ڕەگەزی بەتەواوەتی گرنگی پێدەدات, هەموو تاکێك لەسەر بنەمای بێدەنگی و نەێنی پارێزی و ڕەوشت جوانی پەروەردە دەکرێت, لەگەڵ بێ دەنگی نواندن لەکاتی ئێش و ئازاردا, چون ئەم خو و ڕەوشتە لەداهاتوودا دەیانکاتە سەربازێکی خۆڕاگری ئاسان خۆبەدەستەوە نەداو, ئەو سەربازەی بەم شێوەیە پەروەردە بکرێت دەتوانێت لەسەختترین و ناخۆترین دۆخەکاندا ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات.

***

لە دەوڵەتی ڕەگەزچێتی دا پەروەردە کاری بریتی دەبێت لە گەشەپێدانی هێزی خوازویست و گیانی بەرەوپێشەوەچوون و بەرەنگاربوونەوەی بەرپرسیارێتیەکان.

لەپێشاندا هێزی وڵات بە بنەمای ((خاستر واسە فەرماندار فەرمان بکات لەکارکردندا نەوەك هیچ فەرمانێك نەکات)) کاریان دەکرد, لەم ڕۆشدا ناچارین گەنجان و تازەپیاکەوتوانمان بەشێوەیەکی وەها تێبگەیەنین کە زیندەق چوویی لە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی هۆکاری شکستەکەی ۱۹۱۸ بوو. لە سەرماوەرزی ساڵی ۱۹۱۸ دا هەموو دەستەڵاتدران ڕایان دەکرد لە وەرگرتن و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی, هەر لە فەرمان فەرماوە تا فەرماندە بچووکەکان. لەم ڕۆدا بەهۆی نەبوونی هێزویستەوە لەهەمبەر دوژمندا لاوازبووینە نەوەك بەهۆی نەبوونی چەکی جەنگینەوە. هیچ فەرماندەیەکی سەربازی نەیگوت: ((تاوەکو ۵۱٪ی سەرکەوتن بەدەست نەهێنم هەنگاوێکی شێتانە نانێنم))؟ ئەم شێوە بیرکردنەوەیە بە ڕوانگەی ۵۱٪ ی بۆمان ڕوون دەکاتەوە کەچی لەپشت فەتارەتی شکستەکەی ئەڵمانیای ۱۹۱۸ بووە. هەرکەسێك چاوەنواڕی ئەوەیە قەودەر سەرکەوتنی بۆ دەستەبەر بکات ئەوا ئەم کەسە دوایین کەس دەبێت کە چارەنوسێکی ماف خۆدەرکێشانی بۆ دەستەبەربکات, دوا کەسیش دەبێت کە دەوڵەت پشتی پێدەبەستێت.

لەڕاستیدا نەبوونی ئیرادە یان خوازویست و بالایی گۆشەگیری و ئاسانی هەڵهاتن لەهەڵگرتنی بەرپرسیارێتیەکان سەرچاوەکەی نەشیاوی جۆری پەروەردەکەیانە لەبنەڕەتەوەو ئەمەش نەهامەتیوکەی لای ئەوکەسانە بەزەبر و کوشندەترە کە

دەستەلاّت دەگرنە دەست وەك لە كەسانی بێ دەستەلاّت, لەڕاستیدا دەولّەتی نەتەوەیی بەباشی ئەم پێشنیارە پێش چاو دەگرێت کە, هۆکارێکە دەتوانرێت بەگرنگبخرێت لەبۆ ڕزگارکردنی نەتەوەی ئەلّمانی لە هۆکارەکانی لاوازبوونی ئیرادە کە فاکتەری شکستەکەی ئەلّمانیا بوو.

***

لەدەولّەتی ڕەگەزپەرەستیدا سێ چەشنە پێداچوونەوە و چاکسازیی لەپەیڕەوی فێرکاریدا ئەنجام دەدرێت, لەم دۆخانەدا:

یەکەم: پەیڕەوی پەروەردە و فێرکردنی ئەمڕۆ فێرخواز ماندوو دەکات و مێشکیان بە زانیاری بێ کەلّك دەئاخنێت, زۆر نابات خوێندکار هەموو زانیارە پێدراوەکانی لەبیردەچێتەوە؟ خۆئەگەر شتێکی کەمیشی لەیاد مایەوە ئەوا بەتێپەڕبوونی کاتێکی کەم لەیادگەی دەسڕێتەوە یان لەکاتی گرتنە دەستی هەر ئیشێکدا کەلّکی لێ نابینێت.

لایەنگرانی ئەم چەشنە بیرۆکەیە دەبێژن: ئەم چەشنە زانیاریانە خوێندکار بەتواناترەدکات لەڕێگەی بەهێزکردنی توانای فێربوون و داکردنی زانیاری لە یادگەیدا. ئەم چەشنە بەرگری لێکردنە تا ئاستێك متیەی پێ قایل بوونە, بەلاّم شەپۆلی فراوانی زانیاری مێشکی خوێندکار پڕدەکات و هەمیشە بەماندوویی دەیهێلێتەوە و توانای زۆر وهرگرتنی زانیاری لەدەست دەدات,سەرئەنجام توانای بیرکردنەوەی نامێنێت. لەدەولّەتی ڕەگەزیدا دەولّەت سوود لەهەر کەسێك وهردەگرێت کەئامادەی بەخشینەوەی زانیاری تەندروست بێت.

جاربەجارێك دەم پرسی: کەلّکی چییە فێربوونی زمانێکی نامۆ بەزۆربێت و لەچەند ملیۆن کەسێك کەدەیخوێنن تەنها چەند هەزارێکیان کەلّی لێ ببینن, ئەوانی دیکە نازانن باس لەچی دەکات و مەبەستی چییە و بۆچیش نوسراوە؟!

باشتر نییە کاتە تەرخان کراوەکان بۆ فێربوونی زمانی بیانی بۆ وەرزشی تەرخان بکەین و فێربوون و یادگرتنی فرەنسی و ئینگلیزی و ئیسپانیش بە خۆبەخشانەبێت؟

دەولّەتی نەتەوەیی پێویستە لەسەری ئەم شێواوی فێربوونەوەی ئێستا بگۆڕێت, ئەوکاتەی باس لە ڕووداوێکی مێژوویی دەکرێت فێرخواز هیچی لێ تێناگات جگەلە ناوی پالّەوان و شوێنی ڕووداو و بەروارەکەی بەبێ گەیشتن بە مەرامی نوسینەکەی. لە

کۆن و ئێستاشماندا کەم شارەزاییمان لە بواری مێژوودا هۆکاری شکستی پامیارێتی دەرەکیمان بووە؟ چونکە ئەو سەرکردەیەی دەوڵەت هیچ ئاشنای پووداو و رەوتی مێژووی نەتەوەکەی نەبووبێت ئەوا هیچ کات ناتوانێت بەسەر ئاریشە نێونەتەوەییەکاندا زاڵبێت. تەنانەت ئەندامانی پەرلەمانیش زۆر بێ سەروبەرن و کەس لێیان تێناگات, بەتایبەت ئەوکاتەی باس لەمێژوو دەکرێت قۆرینەیان بێدەنگ دەبن و هیچی لێنازان و خۆیان دەشارنەوە بەهۆی نەزانین و ئاشنا نەبونیانەوە بە مێژوو یام دیرۆکی نەتەوەیی.

مەبەست لەخوێندنی مێژوو ئاشنابوون بەڕابردوو نییە بەتەنها بەڵکو پەندوەرگرتنە لەڕابردوو بۆ دووبارە نەکردنەوەی ئەو هەڵانەی پێشتر ئەنجام دراون. مێژوو وەک ئەوەی هاوڵاتی دەبێت ئاشنای بێت کارلێکی ئەو فاکتەرانە دەخاتەڕوو کەهۆکاری دیارکەوتنی پووداوەکانن. دەوڵەتی ڕەگەزی مێژوو دەکاتە ئامرازێك بۆ زامنکردنی داهاتوویەکی باشتر بۆ نەتەوەی ئەڵمانی,دەوڵەتی ڕەگەزی کار بۆ دیاری کردنی خوێندن و فێربوونی مێژوویەکی گشتێندراو دەکات کە تێیدا گرنگی ڕەگەزی لە پێشەنگدابێت.

دووهەم: پەیڕەوی پەروەردە و فێرکردن لەمڕۆدا زۆر بەجوانیەوە گرنگی دەداتە کیمیا و بیرکاری و زیندەوەرزانی, بەڕاستی بۆخۆم ناتوانم لەم سەردەمەدا ئەم زانستانە ڕەت بکەمەوە بەڵام هەمدیس زێدەڕۆیی کردن لەخوێندنیان ڕەت دەکەمەوە, چون لەم کاتەدا وانە گەلێکی وەکو جیۆگرافیا و وێژە و مێژوو کەزۆر گرنگن کەمتر بایەخیان پێدەدرێت وەك لە زانستە ڕووتەکان, خۆئەگەر بیرکاری و کیمیا و زیندەزانی خوێندرا ئەوا لەدەوڵەتی نەتەوەییدا بەشێوەیەك دەخوێندرێت کە فێرخواز بەتەواوەتی خۆی بۆ یەك چەشنە زانست تەرخان دەکات و بەتەواوەتی ئاشنای دەبێت.

مێژوو نووسان زێدە ڕەوییان کردیە لە باسکردنی پاڵەوانێتی پاشا و کەسانی بەناوبانگی سەرکردەی سەربازی, زۆر بەکەمیش باسیان لەسەرکردەکانی گەل یاخود پاڵەوانانی گەل کردووە, ئەم کەم باسکردنە دەبێت دەوڵەتی ڕەگەزێتی بەجوانی پڕی بکاتەوە و گرنگی ئەم چەشنە سەرکردانە دیاربخات لەڕۆڵگێڕانیان لە پونیات نانی دەوڵەت و پاراستنی ژیارییەکەی.

سێیەم: دەبێت لەدەوڵەتی ڕەگەز خوازیدا هەڵی گەورە پیشاندانی نەتەوە بە پەروەردە و فێرکردن بدرێت. مێژووی گشتگیری و مێژووی ژیارییەکان دەبێت پێکڤە هەم ئاراستەیە بگرن. هەر داهێنەرێك کاربۆ نەتەوە نەکات لە دەوڵەتی نەتەوەییدا مێژوو نووس بە پاڵەوانی ناداتە قەڵەم.لەم کاتە و لەم دەوڵەتەدا پێویستە ڕووناکی تەواو بخرێتەسەر دەستهات و داهێنراوی گەلەکەمان بۆئەوەی هەست بە سەروەری و شکۆمەندی خۆی بکات, بۆئەوەی ئەو کەسانەشی پەیمانگا تەواودەکەن دواتر وەکو ئەڵمانییەکی نەتەوەیی و بە شانازییەوە کار بۆ پێشخستنی سەروەریەکانی ڕابردووی نەتەوەی ئەڵمان بکات.

لەدەوڵەتی ڕەگەزپەرەستیدا دەبێت مامۆستاکان ئەوە لەمێشکی خوێندکاراندا بچەسپێنن کە هیچ هاولاتیەکی ئەڵمانی مافی شانازی بەخۆوە کردنی نییە گەر هەندێك بنەاڵێت لەنایەکسانی و لە نەبوونیدا دەتلێنەوە. بەرام ئەوکاتەی دادپەروەری کۆمەاڵیەتی پەسەند دەتەنێتەوە ئەوا لەم کاتە بەدواوە هەموو هاولاتیان بڕوای پتەویان بە چارەنوسینەوەی نیشتمان دەبێت.

ئەودەمەی لەئاوەزی گەنجانی ولاتدا بیرۆکەی ڕەگەزپەرەستی گەشەپێدەدرێت ئەوکات دەوڵەتی نەتەوەیی دەگاتە لوتکە وترۆپکی ئامانجەکانی خۆی, بەجۆرێك لەم کاتەدا هیچ گەنجێك ئامادەی خوێندن و کات کوشتن نابێت گەر نەزانێت بەڕاستی ئەم خوێندنەی کاریگەر دەبێت بۆ پێشخستنی باری ژیاری نەتەوەکەی.

نازیچیتی

بەشی چواردەیەم

دەوڵەت و پێکەیاندنی بژاردە

لەبەشی پێشووتردا هێڵەگرنگەکانی چاکسازیی پێویست لەسەر دەوڵەتی ڕەگەزپەرەستیمان ڕوون کردەوە، وەک چۆن پارتەکەمان لێی گەیشتبوو لەواری پەروەردە و فێرکردندا. لەم بەشەدا گەرەکمە ئەوە ڕوون بکەمەوە کەدەوڵەت چۆن دەتوانێت بژاردەی یان پاڵفتە گەشەپێبدات.

لەم ڕۆژگارەماندا زۆر بەکێمی ئامادەگی کەسێتی قورسایی بۆ دادەنرێت. تەنها وەچەکانی ساماندار و خانەدار و گەورەپیاوان ئامادەن بۆخوێندن بچنە زانکۆ و پەیمانگاکان. زۆر بە دەگمەن دەبینی کوڕی کشتیارێك ببێتە خوێندکاری زانکۆ. گەر هاتوو تیاشدا سەرکەوت دەروازەکانی پێشی بۆی نابنە ڕێککەوت بۆ ئامادەکردنی لەبۆ بەدەست هێنانی پلەی بەرچاوی پێشکەوتن. لەبەرئەوەی بەزۆری پلانی خوێن تایبەت کراوە بۆ سەرخستنی کوڕ و وەچەی وەزیر و گزیر و گەورەدزانی دەستەلاتدار و سەرکردە خوێنمژەکانی ڕامیارچی و کوڕانی فەرماندار و گەورەسەرکردەکانی تۆڕ مرۆڤچی. لەم ڕۆدا تەنها لەهونەردا بەهرەکان بەیەکسانی دیاردەکەوێت. دەستی کەسی لەپشت نابێ. ژیری خۆتی گەرەك دەبێ. لەم وارەدا سەرباری خوێندن بەلأم هەستی خۆش ویستنی بەهرەکەش پێشیاوی گرنگن. لەبۆ کەسێك گەر مەیلی بێت

بەهرەکانی وەپێش بخات. بەڵام سەروەت و ناوبانگی باب و داك لێرەکانیّ قیمەتی نییە، توانای چارەکردنی دەردی خوێندکاری نییە.

من نامەوێت بێژم: خوێندنی بالاّ و پسپۆڕی لەبۆ هەموان دەستەبەربیّ بەئاسانی، بـژاردەی گـەل لـەم ڕۆدا بووەتـە ئـەدگاری کۆمـەڵ، خـۆی دەسـەلمێنیّ دەسـەپێنیّ ودەنەخشێنیّ، چون ئەوەی بەدەستی دێنیّ بەرهەمی ئەنجامدانی هاوسەرگیری ژیری و زانسـت خوازییـە. دەتـوانین، بـەبیّ هـیچ گومانێـك، کەسـێکی ئاسـایی یـان ئـاوەز ناوەندی پێبگەیەنین لەبۆ وەرگرتنی کۆمەڵە زانیارییەك کەلـەتوانایی خـۆی بـەدەربێت! بـەڵام لـەم کاتـەدا ئـەم کەسـە وەکـو ئـاژەڵێکی دەسـتەمۆکراو وەهادەبێـت. ئـەنجامی چالاکی گەلێکی وەهادەبیّ بەدەر لە چالاکی ئاوەزیی خۆی دەبیّ.

بێگومان دەتوانین مۆری دەوڵەت بکەین بە سوپایەکی بەهێز لەڕێگـەی گەشـەپێدانی ئاوەزییەوە کە لەخۆگرتەی ئەوکارمەندانەبێت کە بەشێوەیەکی خۆکرداڕەکی دۆخەکان بەڕێوەدەبـەن، ڕێگە بەهـەرمالێك بـدەین زانایـەك بـۆ نیشتمان پێبگەیـەنیّ و پێشـکەش بکات، بـەڵام ئـەو زانستەشـی ئـاوەزی نائامادەکراو کێشی دەکات زانستێکی مـردووە پـێش لـەوەی بڵـێین زیـندووە، بـەهرە تازەداهاتووەکان بـە سـاوین وەردەگیرێـت. لـەبۆ کارکردن ئەوروژێنریّ بەڵام نایهێنێتە بوونێوە.

ئەو قەڵەتانەی کۆمەڵی ئەڵمانی لەم وارەدا تێی دەکەویّ گەلیّ فرەس، نمونەیـەك بـۆ بەڵگاندنی هەس: ڕۆژنامەکانمان جارناجارێك وێنەی ڕەشپێستە پیاگێك، بڵاودەکەن، لەبۆ زانینی هەوەی ئەمانەش هونەردەکەن، مۆسیك ژەنن، خاوەن بەهرەو سیاسـەوت وانـن، توانیویانـە لەشـەڕەبۆکس سـپی خوێنـان بدەنەبـەر بـۆکس و بیـان بـەزێنن، لـەگۆڕەپانی شـەڕ وەدەریـان نـێن، ئەمـە جگـە لەمەلـەوانی و پاڵـەوانی....مـەخابن لـەم کاتـەدا لـەنێو ئەوانـەی بیرمەنـدن، شـانازی دەکـەن بـەوەی دەبـەنگن، چـون دەڵـێن پـەروەردەمان کاری تـەواوی کردووە بۆمان، بـەڵام ئـەم ئەزانانـە، ئەزانانە کەوتوونەتـە داوی نـەو جوولەکـە زانـا و فێڵبازانـە، نـەوداوەی نایـان بـووە بۆمـان، لـەبۆ گەیشـتن بـەئامانی بـالای خۆیـان: بـەدی هێنـانی یەکسـانی لـەنێو خـەڵك . دەسـتگرتن بەسـەر هەموو خەڵق.

گـەر بۆڕوازیـەتی بەناراستە لەناوچـوو چـیربوایە . خـاوەن نـاوەز و بیرکردنـەوەی دووربین بایە. دیارکەوتنی نائامادەگیانی بەلێدانی سەوڵێك بەسـەر ئاوەزیاندا بـەدی

ئەکرد. ئایا ئەمە دژایەتی کردنی خواوەندنییە کە ئافەریدەکراوێك گەشەپێبدات کە نیوە مەیمون بێت، بەجۆرێك دواتر بتوانێت ببێتە پارێزەر یان پزیشك. لەکاتێکدا ملیۆنان کەس لە وەچەکانی زەلامی بالاّ هەس ئیش نەداران ، زۆرێکیانیش قەرزارن، ناتوانن بەئاسانی خۆراکی پۆژانە پەیدابکەن، چەند دینارێك لەبۆخۆیان کۆبکەن، ناتوانن خزمەتێك بەپێشخستنی ژیاریەکەشیان بکەن، لەم کاتەدا نازانن چی بکەن؟ لەئەمریکای باکوردا لەم دەسالّەی ڕابردوودا دەیان هێند ژمارەی داهێنەران زیادی کرد، چونکە بەدەست هێنانی بڕوانامەی بەرز خرابووە خزمەتی هەموو کەسێکی تواناداری بەهرەمەند لەبۆ ئافراندن و هێنانارای داهێنراوەکانیان و دەرگامانیش لەڕووی مشەخۆراندا داخرابوو. چونکە بەهرەی داهێنان پشت بەستراوە بە زانست، بەلاّم زانستی بێ بەهرەی سروشتی هیچ مانایەکی نییە و زیرە.

دەولّەتی ڕەگەزی دەبێت لەم وارەش دەست وەربدات. بەدووی بەهرەمەندان بگەڕێ و ئەرکەکانیان پێ بسپێرێ. دەبێت دەرگای خوێندنی بالاّ بەڕووی هەموو هاولاّتیەکی بەهرەمەنددا والاّ بکرێت بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئاستی کۆمەلاّیەتی، بۆ سەلماندنی ئەمەش دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ نمونە بالاّکانی بەهرەمەندانی نەتەوە لەبۆ ئافراندنی داهێنەرگەلێك کە جێگەی بایەخی هەموان بووە،ئەمەش بەدەربووە لەو بەرئەنجامە خراپەی ڕوودەدا و ڕوویداوە لەلایەن چینێکی بەناو بالاّوە کە هەموو دەستەلاّتەکان لای ئەوان قۆرخ کراوە، لەبەرئەنجامی ئەمەشدا چینێك لە بیرمەندی گۆشەگیر هاتە بوونێ، لە سەربانەکەیەوە دوور لەزۆرینەی خەڵك چارەی کێشەکان دەکات بۆ خەڵك، ئەمەش وای کردووە ئەم بیرمەندانە دووربن لەکێشە ڕاستەقینەکانی خەڵك، هەست بەکێشەدەروونیەکان ناکەن، هەروەها بەخشینی مافی خوێندن بە وەچەی خانەدان و کوڕانی گزیران چارەی ولاّتی ڕەشترکرد ، چون هەموو شتی دەبەخشیە کەس گەلێك مانای قوربانی دان لەپێناو نەتەوە و ڕەگەز نازانن، ئەوەی دەزانن ئەوەیە هیچ نازانن، ئەوەی دەیناسن ئەوەیە بەرژەوەندی خۆیان دەناسن، ئەمەش بەهۆی ئەوەیە پەروەردە کەیان هەڵەیە، ناتەواوە نالەبارە،بەرهەم دێنێ کەس گەلێك هەمیشە شەرمەزراوە،شینەواوە،تەنانەت ئەو دامەزراوانەی ئەمانە خوێندیان تیادا تەواوکردووە ئەوەی پێیانیان بەخشیون ئەوەیە هیچیان پێنە بەخشیون لە ڕەفتار و ئاکار نواندن، وای ڕانەهێناون ببنە کەس گەلێك بتوانن ببنە بەرگری بۆگەلێك.

بەهرەکانی وەپێش بخات. بەڵام سەروەت و ناوبانگی باب و داك لێرەکانێ قیمەتی نییە، توانای چارەکردنی دەردی خوێندکاری نییە.

من نامەوێت بێژم: خوێندنی بالاْ و پسپۆڕی لەبۆ هەموان دەستەبەربێ بەئاسانی، بڕاردەی گەل لەم ڕۆژدا بووەتە ئەدگاری کۆمەڵ، خۆی دەسەلمێنێ دەسەپێنێ وەدەنەخشێنێ، چون ئەوەی بەدەستی دێنێ بەرهەمی ئەنجامدانی هاوسەرگیری ژیری و زانست خوازییە. دەتوانین، بەبێ هیچ گومانێك، کەسێکی ئاسایی یان ئاوەز ناوەندی پێبگەیەنین لەبۆ وەرگرتنی کۆمەڵە زانیارییەك کەلەتوانایی خۆی بەدەربێت! بەڵام لەم کاتەدا ئەم کەسە وەکو ئاژەڵێکی دەستەمۆکراو وەهادەبێت، ئەنجامی چالاکی گەلێکی وەهادەبێ بەدەر لە چالاکی ئاوەزیی خۆی دەبێ.

بێگومان دەتوانین مۆری دەوڵەت بکەین بە سوپایەکی بەهێز لەڕێگەی گەشەپێدانی ئاوەزییەوە کە لەخۆگرتەی ئەوکارمەندانەبێت کە بەشێوەیەکی خۆکرداڕەکی دۆخەکان بەڕێوەدەبەن، ڕێگە بەهەرماڵێك بدەین زانایەك بۆ نیشتمان پێبگەیەنێ و پێشکەش بکات، بەڵام ئەو زانستەشی ئاوەزی ئاڕامادەکراو کێشی دەکات زانستێکی مردووە پێش لەوەی بڵێین زیندووە، بەهرە تازەداهاتووەکان بە ساوین وەردەگیرێت، لەبۆ کارکردن ئەوروژێنرێ بەڵام نایهێنێتە بونێوە.

ئەو قەڵەتانەی کۆمەڵی ئەڵمانی لەم وارەدا تێی دەکەوێ گەلێ فرەس، نمونەیەك بۆ بەڵگاندنی هەس: ڕۆژنامەکانمان جارناجارێك وێنەی ڕەشپێستە پیاگێك، بڵاودەکەن، لەبۆ زانینی هەوەی ئەمانەش هونەردەکەن، مۆسیك ژەنن، خاوەن بەهرەو سیاسەوت وانن، توانیویانە لەشەڕەبۆکس سپی خوێنان بدەنەبەر بۆکس و بیان بەزێنن، لەگۆڕەپانی شەڕ وەدەریان نێن، ئەمە جگە لەمەلەوانی و پاڵەوانی....مەخابن لەم کاتەدا لەنێو ئەوانەی بیرمەندن، شانازی دەکەن بەوەی دەبەنگن، چون دەڵێن پەروەردەمان کاری تەواوی کردووە بۆمان، بەڵام ئەم نەزانانە، نەزانانە کەوتوونەتە داوی ئەو جوولەکە زانا و فێڵبازانە، ئەوداوەی نایان بووە بۆمان، لەبۆ گەیشتن بەئامانی بالای خۆیان: بەدی هێنانی یەکسانی لەنێو خەڵك ، دەستگرتن بەسەر هەموو خەڵق.

گەر بۆژوازیەتی بەئاراستە لەناوچوو چیربوایە ، خاوەن ئاوەز و بیرکردنەوەی دووربین بایە، دیارکەوتنی ناڕامادەگیانی بەلێدانی سەوڵێك بەسەر ئاوەزیاندا بەدی

نەکرد. ئایا ئەمە دژایەتی کردنی خواوەندنییە کە ئافەریدەکراوێك گەشەپێبدات کە نیوە مەیمون بێت، بەجۆرێك دواتر بتوانێت ببێتە پارێزەر یان پژیشك، لەکاتێکدا ملیۆنان کەس لە وەچەکانی زەلامی بالآ هەس ئیش نەداران ، زۆرێکیانیش قەرزارن، ناتوانن بەئاسانی خۆراکی ڕۆژانە پەیدابکەن، چەند دینارێك لەبۆخۆیان کۆبکەن، ناتوانن خزمەتێك بەپێشخستنی ژیاریەکەشیان بکەن، لەم کاتەدا نازانن چی بکەن؟ لەئەمریکای باکوردا لەم دەسالەی ڕابردوودا دەیان هێند ژمارەی داهێنەران زیادی کرد، چونکە بەدەست هێنانی بڕوانامەی بەرز خرابووە خزمەتی هەموو کەسێکی تواناداری بەهرەمەند لەبۆ ئافراندن و هێنانارای داهێنراوەکانیان و دەرگامانیش لەڕووی مشەخۆراندا داخرابوو. چونکە بەهرەی داهێنان پشت بەستراوە بە زانست، بەڵام زانستی بێ بەهرەی سروشتی هیچ مانایەکی نییە و زۆرە.

دەوڵەتی ڕەگەزی دەبێت لەم وارەش دەست وەربدات، بەدووی بەهرەمەندان بگەڕێ و ئەرکەکانیان پێ بسپێرێ. دەبێت دەرگای خوێندنی بالآ بەڕووی هەموو هاوڵاتیەکی بەهرەمەنددا والآ بکرێت بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئاستی کۆمەڵایەتی، بۆ سەلماندنی ئەمەش دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ نمونە بالآکانی بەهرەمەندانی نەتەوە لەبۆ ئافراندنی داهێنەرگەلێك کە جێگەی بایەخی هەموان بووە،ئەمەش بەدەربووە لەو بەرئەنجامە خراپەی ڕوودەدا و ڕوویداوە لەلایەن چینێکی بەناو بالآوە کە هەموو دەستەڵاتەکان لای ئەوان قۆرخ کراوە، لەبەرئەنجامی ئەمەشدا چینێك لە بیرمەندی گۆشەگیر هاتە بوونێ، لە سەربانەکەیەوە دوور لەزۆرینەی خەڵك چارەی کێشەکان دەکات بۆ خەڵك، ئەمەش وای کردووە ئەم بیرمەندانە دووربن لەکێشە ڕاستەقینەکانی خەڵك، هەست بەکێشەدەروونیەکان ناکەن، هەروەها بەخشینی مافی خوێندن بە وەچەی خانەدان و کوڕانی گزیران چارەی ولآتی ڕەشترکرد . چون هەموو شتی دەبەخشیە کەس گەلێك مانای قوربانی دان لەپێناو نەتەوە و ڕەگەز نازانن، ئەوەی دەزانن ئەوەیە هیچ نازانن، ئەوەی دەیناسن ئەوەیە بەرژەوەندی خۆیان دەناسن، ئەمەش بەهۆی ئەوەیە پەروەردە کەیان هەڵەیە، ناتەواوە نالەبارە،بەرهەم دێنێ کەس گەلێك هەمیشە شەرمەزراوە،شینەواوە،تەنانەت ئەو دامەزراوانەی ئەمانە خوێندیان تیادا تەواوکردووە ئەوەی پێیانیان بەخشیون ئەوەیە هیچیان پێنە بەخشیون لە ڕەفتار و ئاکار نواندن، وای ڕانەهێناون ببنە کەس گەلێك بتوانن ببنە بەرگری بۆگەلێك.

نەهامەتی بەردەرگای بەنەتەوەکەمان گرت و چوینە شەڕی مان یان نەمانەوە لەبۆ بڕەودان بەژیان لەم کاتەدا ڕاوێژکاری ڕایخ فەیلەسووف بوو، هەموو کەس بڕوای پێی بوو، بەڵام کەڵکێکی ئەوتۆی نەبوو. بۆیە گەر ئەڵمانیا ڕێگەی بەلاوەکانی بدایە، وەچەیەکی بەهێز و جوامێر و ژیر و شارەزا لەکاروباری میر ببێتە ڕاوێژکار ئەوکات بەشکست نەدەبووین دووچار، خوێنی سەربازانمان بەفیڕۆ نەدەچوو لەنەوەی هەژار.

لەم وارەدا کڵێسەی کاسۆلیکی پێشەواو نمونەیە، سورە لەسەر بەهێزی پیاوەکانی، بنەمای پاکی و خواپەرەستی کاردارانی لە ڕۆڵەکانی گەلەوە هەڵبژێردرێ، چونکە توانادارن لەبۆ دامرکاندنەوەی حەز و هەوەس، غیرەتی گرتنی ئارەزوەکانی خۆیان هەس، لەم ڕێگەیەوە کڵێسا پەیوەستەیی خۆی دگەڵ ژۆرینەدا بڕەوپێدا، لەم ژۆرینەیەوە وزە و هەستی سەرکەوتنی بەسەر نەیاندا وەڕەوپێشدا. ئەمەش وادەکات کڵێسا، هەمیشە بەگەنجێتی بمێنێتەوە، نوێ بێتەوە ، ببوژێتەوە، نەرمی و نیانی و حەزی پۆڵاینی بۆ بمێنێتەوە.

ئەمەش مانای وایە پێویستە دەوڵەتی ڕەگەزخواز هەمیشە سوربێت لەسەر نوێکردنەوەی گەنجێتی چینە ڕۆشنبیرەکان بەخوێنی گەنج کە خوێنی چینەکانی خوارەوەیە. دەبێت هەمی دانیشتوانی ولاّت لەبێژەنگ لەبۆ بەدەست هێنانی پاڵفتەیەکی مرۆیی بەهرەدار و بەکارخستنی ئەمانە لە خزمەتکردنی کۆمەڵگەدا. بیانووی بوونی دەوڵەت و دەزگاکانی تەنها دابینکردنی خەرجی و سامان نییە بۆ چین گەلێکی تایبەت، بەڵکو بیانووی بوونی دەوڵەت ئەنجامدانی کارە پێ سپێردراوەکانیەتی، ئەمەش تەنها لەکاتێکدا دەبێت کۆمەڵێك کەسی باشی بۆئەم بواره پێگەیاندبێت.

ڕەنگە چەسپاندنی ئەم چەشنە چاکسازیی کارێکی ئاسان نەبێت لەم کۆمەڵگەیەی ئێستەی ئەڵمانیاماندا، لەکاتێکدا بورژواکان ناڕەزایی و تێبینیان هەبێت و بڵێن: لەکوێ بووە وەچەی خانەدان و گەورەفەرمانبەران کرێکاری دەستی بن بۆ ئەوەی لەجێی ئەوان لە زانکۆ و پەیمانگەکانی بالاّدا کوڕە کشتیار و بەردەستەکاران خوێندکاربن، تەنها بەبیانووی ئەوەی ئەمانە لەوان ئامادەترن . ئەمەش لای خۆیەوە چەشنێکە لەڕێگری. بەهۆی نرخداری کاری دەستی لەکۆمەڵگەی ئێمەدا دەبێت دەوڵەتی ڕەگەزی بەتەواوەتی ڕێزی ئەم پیشەیە بگرێت و بەهاکەی بەرزتربکاتەوە.

ستەم نییە نوسەرێکی گەوج یان پۆمان نوسێك لەکرێکارێکی شارەزا پلەکەی بەرزتربێت بەس لەبەرئەوەی بەحساب نوسەرە؟ ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ لەپێش چاو نەگرتنی بەهای تواناداریی ڕاستەقینەی کەسەکان.

کار دوو بەهای دیاری کراوی هەیە: بەرجەستە و هزری یان هەناوی. بەرجەستەکە خۆی دەبینێتەوە لەبەرجەستەکردنی گرنگی کار لە ڕووی کاریگەری لەسەر ژیانی کۆمەڵدا. تاوەکو ژمارەی هاوڵاتیانی سوود وەرگرتوو لەکارەکە سوودمەندبن ئەوەندەی تر بەهای کارەکە بەرزتر دەبێتەوە. بەڵام بەهای هزری یان هەناوی کار بە گرنگی بەرهەمی کار دیارناکەوێت، بەڵکو لەڕێگەی پێویست بوونەوە دیاردەکەوێت. بێگومانین لەوەی داهێنانێك قازانجەکەی چەندان هێندە لە کاری کرێکارێك بەسوودتر و زیادترە، هەمدیس خزمەت گەیاندنی کرێکارێك بەکۆمەڵگە بەسوودتر و لەپێشترە وەك لەخوودی داهێنانێك کەبەبێ کرێکاری پێشیاو هیچ قازانجێکی نابێت. لەدەوڵەتی ڕەگەزیدا دەبێت هەموو کارەکان بەخاوەن بەهرەکان بسپێردرێت و کەسی نەشیاو لەپۆست و پێگەی بالأ و نزمیشدا دانەنرێت. بەهای ڕاستەقینەی تاکیش بەپێی ئاستی سەرکەوتنی لەوکارەی ئەنجامی دەدات دەست نیشان دەکرێ، ئەمەش دوابەدوای ڕاهێنانێکی شیاوی تاك لەبۆ ئەنجامدانی کارەکەی. هەموو تاکێك نرخ و پێوەر بۆ داهات پێدانی دەبێت بەپێی بەهای بڕی زانست و کاری پێشیاوبێت لەوەی چەندە خزمەتی ڕاستەقینەی ڕەگە یان نەتەوەکەی دەکات ئەوەندە پاداشت بدرێتەوە، خەڵاتی هزریش لەڕێگەی ڕێز گرتن لەکەسی خاوەن بەهرەوە دەبێت کە ڕاژی کۆمەڵی کردووە و کاری لەبۆ زێدەتر پێشخستنی نەتەوەکەیدا کردووە.

بەشی پازدە

خەڵکی دەوڵەت و هاوواڵتی

هەر واڵتێک دووجۆر خەڵق لەخۆدەگرێت: گروپی هاواڵتی و گروپی بێگانە. هاواڵتی ئەوکەسەیە کە لەسایەی شوێنی بوونی یان ڕەگەزنامەیەوە مافی شۆفیلی بۆدەستەبەرە. بیانیش هەمان مافی هەیە بەڵام لەواڵتی خۆیدا. لەنێوان ئەم دوو پۆلە خەڵکەدا گروپی هایەتلۆز هەن . ئەمیش ئەوکەسانەن تاوەکو ئێستا ئابڕووداری بۆ لایەنگیری لەبۆ دەوڵەتێکیان پێنەبڕاوە. ئەوانەشن خاوەنی مافی سڤیلی نین لەو واڵتەی لەسەر زەویەکەیدا ئاکنجێ نە.

یانی ژیانکردن بەشێوەیەکی سڤیلیانە لەچوارچێوەی دەوڵەتێکدا و چێژلێ بینی بەسە بۆمرۆڤی تەواو. لەم وارەدا ڕەگەز و خێزانی هاوبەش چ کاریگەرییەکی نینە. بەپێی یاسا کارپێکراوەکانی واڵت ئەو منداڵە ڕەشپێستەی کە باوکی خۆی گەیاندۆتە ئەڵمانیا بەهۆی ئەوەی سەربە یەکێک لەداگیرگەکانی ئەڵمانە لەم کاتەدا منداڵەکەی مافی بوون بەهاواڵتی ئەڵمانی پێدەدرێت. ئەم مافە بۆهەریەکە لە لەبەهاواڵتی دانراوە جوولەکە و پۆڵۆنی و ئەمریکی و ئاسیاییەکانیش وەکو یەکە و هەرکامێکیان لەخاکی ئەڵماندا منداڵ بخەنەوە دەبنە هاوواڵتی ئەڵمانی.

ڕێگەیەکی دیکەی هۆکار بۆ بەدەست هێنانی ڕەگەزنامە لەئەڵمانیادا لەبووندایە و کاری پێدەکرێت, ئەمەش بەپێی چەند مەرجێك دەبێت: داواکار بۆ بەدەست هێنانی ڕەگەزنامەی ئەڵمانی دەبێت نەدزبێت نەش بازورگانی کۆیلە, خاوەنی پاشەڵێکی ڕامیاری کێشەدروستکارنەبێت بەوەی لەداهاتوودا بتوانێت سەرەنجی خەڵقی بۆلای خۆی ڕابکێشێت, هەروەها دەبێت بتوانێت کاربکات و ژیانی خۆی دابین بکات و نەبێتە چەل بەسەر ملی دەوڵەتەوە. لەم کاتەدا بابەتی ڕەگەزخوازی هیچ گرنگیەکی ئەوتۆی نابێت. لەئەڵمانیای ئێستادا بوون بەئەڵمانی لەڕێگەی ڕەگەزنامە بەدەست هێنانەوە زۆر قورس نیە. داکاری ڕەگەزنامە خواز داواکاری بوون بەهاوڵاتی پێشکەشی شوێنی مەبەست دەکات, ئەویش لای خۆیەوە پاش لێوردبوونەوەی بۆسەرووی خۆی بەرزی دەکاتەوەو زۆرجاریش پشتگیری پێدانی ڕەگەزنامەدەکات بە هاوولاتیە تازەکە. چەند ڕۆژی داهاتوو بەوەی بە هاوڵاتی ئەڵمانی بووە موژدەی دەدرێتێ.

ئەم ئیشە جادووکارانەی کە سەرۆکی دەوڵەت بڕیاری لەسەرداوە ئەوکارەیە کەخواوەند خۆی لێی نزدیك نەکردۆتەوە بەڵام ئەوەتا ئەم بوونەوەرە بە نوکی قەڵم لێدانێك ژینگە و داهاتووی کەسێك و نەتەوەیەك بەهۆیەوە دەگۆڕێت. بەم چەشنە کارە لەماوەی یەك شەووڕۆژدا کەسێکی مەغۆلی دەبێتە هاوولاتیەەکی ١٠٠٪بەناو پوختی ئەڵمانی. لەم کاتەدا ڕەگەزی ڕەگەزنامەخواز و باری تەندروستی کەسەکە بەلای کاربەدەستانی دەوڵەتەوە هیچ هیسابێکی بۆناکرێت و ئەوەی بەلای ئەمانەوە گرنگە ئەوەیە ئەم تازە هاوڵاتییە نەبێتە باربەسەر شانی دەوڵەتەوەو لەڕووی ڕامیاریشەوە کێشەی ئەوتۆیان بۆدروست نەکات.

لەو چەشنە ولاتەی ئێمەدا هاوڵاتی ڕەسەن و بێگانە هەمان مافی بوون بەکارمەند و دامەزراندنیان هەیە, چونکە ئەوانیش لەڕێگەی ڕەگەزنامەوە بوونەتەوە هاوڵاتی ئەڵمانی. ئەوانەی لایەنگیری ئەم دۆخەن دەڵێن ئەوە دیمۆکراتیە دانی بەم بارەدا ناوە, لێرەوەش من بەم کەسانە دەڵێم : بڕۆن بین بە هاوولاتی هەرێمە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لەکاتێکدا ئەوان پێش لەئێمە مافی هاوڵاتی بوونیان دەبەخشیەوە وائێستەش ئەوان ناهێڵن هیچ کەس ببێتە هاوڵاتیان و کەسی نوێ وەرناگرن,ناساغ ڕەت

دەکەنەوە و کەسانی ڕەنگاوڕەنگ وەرناگرن، ئەمەش مانای وایە ولاتەکە بەرەو ڕەگەزچێتی هەنگاودەنێت، بۆیە ئێمەش مافی خمانە ڕەگەزخوازبین.

دانیشتوان لەدەوڵەتی ڕەگەزپەرەستدا سێ دەستەن: هاوولاتی و خەڵك و بیانی. تاکە جودایی نێوان هەردوو چەمکی خەڵك و بیانی ئەوەیە کە بیانی لەولاتێکی دانیشتووە. دەوڵەتی ڕەگەزی هەرکەسێك لەسەرخاکەکەی لەدایك بوو ئەوا بە هاوولاتی خۆی دەزانێت، بەلام تەنها بوون بەخاوەن ڕەگەزنامە مانای تەواوەتی بەدەستهێنانی مافی بەشدارێتی ڕامیاری و توانادارێی بۆ ئەنجامدانی کاری گشتی نییە، هەموو ئەڵمانییەکی ڕەسەن تەنها یەکێکە لە خەڵکی دەوڵەتی ڕەگەزی ئەڵمانیا و بەس. هیچ کەسێك مافی بوون بەهاولاتی ئەڵمانی نادرێتێ تائەوکاتەی خوێندنگا و پاشان سوپا لە مەنجەڵی نەتەوەبووندا هەڵینەکوڵێنێت، سەربازی فێرگەی پیشاندانی هاولاتیانە بەلام ئەگەر خاوەنی تەندروستیەکی ساغ و ڕەوشتێکی جوان و بێ خەوش نەبێت ئەوکات بۆی نابێت داوای بوون بەهاولاتی بکات، یاخوود ولاتی ئەومافەی پێنابەخشێت.

گەورەترین بڕوانامە لەدەوڵەتی ڕەگەزیدا بڕوانامەی هاولاتی بوونە، چونکە ئەم بەڵگەنامەیە ئاماژەی هاولاتی بوونی کەسی شیاوە و چێژ وەردەگرێت لەتایبەت مەندییەکانی ئەم بڕوانامەیە. هەمدیس دگەڵ وەرگرتنی بڕوانامەی هاولاتی بووندا کەسە نوێیەکە سوێند دەخوات و سۆزدەدات بەنەتەوە و دەوڵەت بەوەی بەوپەڕی ڕاستگۆیانە و بەئەمەکەوە خزمەتی کۆمەڵگە و نەتەوە و دەوڵەتەکەی بکات.

بەلام هەرکەسێك لەو تاقیکردنەوانەی دەوڵەتی ڕەگەزی دەرنەچوو بەتایبەت دز و تاوانبار و ترنۆك و...هتد ، ئەمانە هەمدیس دەگەڕێندرێنەوە بۆ نێو چینە عەوامەکەی کۆمەڵگە یاخوود دەبنەوە بەخەڵکی نێو دەوڵەتی ڕەگەزی بەبێ ئەوەی هاولاتیش بن.

هەر ئافرەتێك مێرد نەکات نابێتە هاوولاتی ئەڵمانی، تەنها مەگەر ئافرەتێك ناچاربێت کاربکات لەبۆ پەیداکردنی ژۆزی خۆی و بەم هۆیەوە بواری شووکردنی کەم بێتەوە.

ڕوانگەی دەوڵەتی ڕەگەزی لەهەمبەر تاك بینیندا ڕێك پێچەوانەی مارکس خوازانە . بەوەی ئەمانە بانگەوازی یەکسانی ڕەهادەکەن لەنێوان سەرجەم دانیشتوان یان

خەڵکانی ولاتدا. بەڵام لەدەوڵەتی نەتەوەییەدا بەڕوونی هەست بەجیاوازی نێوان خەڵکان دەکرێت بەتایبەت لەڕووی ڕەگەز و توخمی خوێنەکانەوە.

لەنێو دەوڵەتی ڕەگەزیدا دەبێت بەباشی توخمە بااڵکان بدۆزینەوە، کەئەمەش گران نییە. ئەمە تەنها ڕاستیەکە و دەتوانرێت لەڕێگەی لەبیژەنگدانی کەسانی سەرکەوتووەوە کەسانی بژاردە و بااڵ دەست نیشان بکەیت و ئەرکی تەواوو گونجاویان پێشکەش بکەیت. لەدەوڵەتی نەتەوەییدا لەڕێگەی هەڵبژاردنی کەسەکان لەلایەن زۆرینەی کەم زانەوە سەرکردەکان دیاری بکرێت ڕەتکراوەیە، چون ئەم کارە زۆرینەی کەسانی بەتوانا پشت کلك دەخات و کەم توانا خاوەن دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش پێشەبەر، بێگومان هەڵبژاردن لەدەوڵەتێکی نەتەوەیدا لەکارخراوە گەر مەبەستی دەست گرتن بێت بەسەر هەموو جهاندا. لەڕێگەی ئەنجامدراوەکانی دەوڵەتەوە کە بوار بەکەسانی مشەخۆر و بازرگانانی ڕامیارکاری نادات دیاربکەون ئەوکات کەسانی خاوەن توانای ڕاستەقینە و هێزبەخش بەدەوڵەتی نەتەوەیی دیاردەکەون.

ئەوانەی بڕوایان وایە کە تاکە جودایەك هەبێت لەنێوان دەوڵەتی ڕەگەزی نیشتمانی سۆسیالیستی و دەوڵەتانی دیکە بریتی بێت لە باری ئابووری ئەوا ئەمانە بەهەڵەداچوونە، لەکاتێکدا دەوڵەتی ڕەگەزی هەڵدەستێت بە هێنانەدی هاوسەنگییەکی گونجاو لەنێوان سامان و بەشخوراندا دێنێتە کایەوە. یان چاککردنی ئاستی ئابوری چینە داماوە نەدارەکان، یان لەڕێگەی باشترکردنی کرێ و بەهای بەرهەم و کاری دیکەی لەم شێوەیەوە. ئەوکەسانەی زیادتر لەئەنجامدانی کاری ئاسایی چاوەنوار لە بزوتنەوەکەمان ناکەن و هیچ بیرۆکەیەکیان نییەلەبارەی ئامانجە ڕاستەقینەکانمانەوە، ئەوکات ئەمانە هیچ کات بۆیان نییە ڕەخنەی بزوتنەوەکەمان بکەن. هەرگەلێك لەڕێگەی ڕێکخستنێکی ڕووکەشیانەوە دڵ شاد و پێی بەس بێت لەبۆ چاکسازیی کردنی دۆخی ئەوا ئەم گەلە نەشیاوە و شایەنی بوون نییە و ناتوانێت شارستانیەت بئافرێنێت.

لەدەوڵەتی ڕەگەزی سۆسیالیستی دا سەرباری چاکسازیی کردنی بنچینەیی کەخۆی بە ئافرێنەر و چەسپێنەری ئەم چاکسازییە دەزانێت توانای دیاری کردنی بژاردەکان و کارپێدان و ئاراستەکردنیشیانی هەیە، ئەمەش وادەکات دەوڵەت ببێتە دەزگایەکی گونجاو لەبۆ نەش ونماکردنی کەسایەتی هاوولاتی.

لەبۆ تێگەیشتنی گونجاو لەئاڕەمانجی لێنەکەمان خاستر واسە سەرلەنوێ دیرۆك بێنینە ناخاوێن، چونکە ئەم ڕێگەیە دەتوانێت بەها و ڕۆڵی تاك لەدامەزراندنی شارستانیەتدا دیاربخات.

هەنگاوی یەکەمی جیاکاری نێوان مرۆ و هاژەڵ داهێنان بوو لەلایەن مرۆڤەوە، بۆئەمەش هەرچی لەتوانایدابوو ئەنجامی دا لەشێوەی گزی و تەڵەکەبازی لەبۆ پاراستنی خوودی خۆی.

ئەم داهێنانە سەرەتاییانە ڕووکەشیەکان وای ڕوون دەکەنەوە کە ئەمانە دەسپێکی ئەو حەزانەبووە کەلە مرۆڤی دابڕاودا دیارنەکەوتووە، بەڵکو لەو کۆمەڵە مرۆیەوە سەرچاوەی گرتووە کە خوویان بەیەکترەوە گرتووە و دواتر کەوتونەتە کێشەوە و بەناچاری پەنایان بۆهەموو ڕێگەیەك بردووە لەبۆ خۆڕزگارکردن لەم ئاریشە فەتارەتاوییە. بەڵام وردکاران پێچەوان ئێژنەوە، دەڵێن: چالاکی مرۆیی لەهەرجۆرێکی بێت ئەوا بەرهەمی تاکە و بەس، هەرچی داهێنانیش هەیە کەڕاژەی بوونەوەرەکان دەکات تەنها کەسێك پێوەی سەرقاڵ بووەو بەس، ئەم دەسپێشخارییەی وەکو ئامازەی جوڵاندنی ئەوانی تریش وەها بووە. ئەوانەی ئێژن سەرچاوەی داهێنانەکان کاری دەستەییە ئەوا بەهەڵەداچوونە، چوونە ئاژەڵ لەبۆ پاراستنی خۆی هاندەرێکی حەزی و هەستیاری تاکی هەیە، نمونەش بۆئەمە، ئەو شێوازەی ڕانە بزنێك لەبۆ خۆپاراستن لە ئاژەڵێکی مەترسیدار ئەنجامی دەدات هەمان چەشنە جوڵەی پێشووتری تاکە بزنێکی نێو ڕەوە بزنەکە بووە کەبەتێپەڕبوونی کات هەموویان لەوەوە فێری بوونە لەبۆ خۆپاراستن.

هەنگاوی تاکێکی بەهرەدار کاریگەری گەورەی بەسەر کۆمەڵی مرۆڤایەتیەوە دەبێت، ئەودەمەی تاکێك بۆیەکەمین جار ئامرازێکی لەبۆ خۆپاراستن داهێنا ئەمەی بۆ هەموو مرۆڤایەتی داهێنا نەوەك بەتەنێ بۆخۆی، ئەوەی ئەنجامدراوە و دەدرێتەوە بەزۆری بڕەوپێدانی کاری بەهرەمەندێکی پێشووترە بەناوێکی نوێترەوە، واتا بۆهەرچەشنە بواریك داهێنەری تایبەت بەخۆی هەیە.

ئەمجار مرۆڤ کەوتە داهێنان لەبۆ دەست گرتن بەسەر ئەو بوونەوەرە زیندوانەی دیکە کە هەم لەمرۆڤ دەترسان هەم مەترسیش بوون لەبۆ مرۆڤ. مرۆڤ بەردەوام بوو لە ڕێگە دۆزینەوە تاوەکو ئەمانەی دەستەمۆکرد، ئەوکاتەی بەهرە داهێناناویەکەی

دیارکەوت ئەوکات خۆی زیندەتر بڕەوپێدا. بەردی تیژ و لووسکرد. ئازەڵی مالی و بەخێوکرد. چەکی بڕبڕند و ئاگرینی دروستکرد...هتد. هەموو ئەم داهێنانە بەرئەنجامی کاری تاك گەلێکی خاوەن بەهرە بوونە نەوەك کۆمەڵ. زۆرینە هیچ مانایەکی نییە. هەروەها عەوامیش. چونکە نەخشەدانان و ڕێکخستن بەکۆمەڵ دروست نابێت و سەرناگرێت.

ئەوکاتەی بواری ڕێکخستن ڕەخسا بۆ هێز و توانای داهێنەرانی وڵات ئەوکات ئەو دەوڵەتە لەڕووی گەشەکردنەوە دەگاتە ترۆپك و ئەم هێزەش دەتوانرێت لەخزمەتی نەتەوە و کۆمەڵدا بەگڕبخرێت. پێش لەهەر ئەرکێکی دیکەی دەوڵەتی ڕەگەزی نیشتمانی سۆسیالیستی لەبێژەنگدان و دیارخستنی کەسانی بەهرەمەندە لەبۆ خزمەت کردن بەنیشتمان و خاك و نەتەوە و ڕەگەزەکەیان. دۆزینەوەی کەسانی بژاردەش ئاسان نییە . چونکە ئەمە تێکۆشانە لەپێناو مانەوە و ئەمەش کاتی زۆری دەوێت. هەرکەسێك لەلێواری جادەکاندا پاڵکەوت یان بەر لەگەیشتن بەشوێنی مەبەست شانی داهێلاو دەستی لێهەڵگرت ئەوکات ئەمانە خاوەنی توانایی نین لەبۆ بوون بەسەرکردە. بەڵام ئەو کەسانەی تا دوا هەناسە بەرگەدەگرن و خۆیان بەدەستەوە نادەن ئەمانە شایەنی بژاردەبوونن. بژاردەکان هەمیشە لەو لقانەی دەوڵەتدا بەدی دەکرێن کە سەرکردە خاوەن سەرەاترین و دوابڕیارە لەشێوەی سەربازگەکانی سوویا. لە سەربازی و سوپادا هاوڵاتی خاوەن توانا بۆ سەرکردەکەی خۆی دەسەلمێنێت. خۆئەگەر ئەم کەسە بەهۆی ئاشتی یەوە وون کرابوو ئەوکات لەسایەی جەنگەوە دیاردەکەوێت و بەکاتێکی کەم دەتوانێت پێشیاوی خۆی بسەلمێنێت.

لەم ڕۆژگارەماندا بەهۆی کاریگەربوون و سەرکەوتنی پیلانەکانی جوولەکەوە تواناداری تاك بۆ سەرکردایەتی ڕاستەقینە وون بووەو . کەسی سەرداری وڵات لەلایەن زۆرینەیەکی هەڵخەڵەتێنراوەوە دەست نیشان دەکرێ و لەم کاتەشدا تاکی ڕەسەن و پێشیاوی سەرۆکایەتی لەم گەردوونەدا لەسایەی کاری نەزانانەوە وون دەبێت. ئەمەش وای کردبوو وەرنامە پونێت نارەکانی ئاری نەژاد بوونێکی نەمێنێت. ئەو بەرنامەیەی بژاردەکانی بە کۆڵەکەی گەل و توخمی کارا لەبۆ داڕشتنی بەرنامەکانی وڵات و داهێنان کاری دیاری دەکات دەست نیشان دەکرد. لەبری ئەمەدا بەرنامە کاولکارەکانی جوولەکە تەشەنەی سەند. کە ئارمانجی پیسکردنی خوێچنی گەلان و

ڕەگەزکانیشە دگەڵ داڕووخانی کۆڵەکانی ژیاری ڕەگەزەکان بەیەکجاری. مارکس خواز کاربۆکاری جوولەکە بوو. چون بەم کارە بژاردەو کاریزما بوونی نامێنێت و تاك وەکو سەرکردە خاوەنی ڕێزنابێت و هەموو دەستەلاتێك لای زۆرینەی نەزاندا کۆدەبێتەوە. ئەمەش وای کرد هەردوو بەرەی جوولەکە و مارکس خوازی یەك بنچینە گرنگی بە پەیڕەوی پەرلەمانی بدەن. بەدرۆش زەحمەت کێشەکان گۆشبکەن. سەندیکاکان کراون بەناوەندێکی ئاژاوەنانەوە بەناوی داواکردنی مافەوە. ئەمەش بووە هۆی ملکەچ بوونی ئابووری نەتەوەیی بۆ حەز و خواستەکانی ئەو زۆرینەیەی کە هاندەرە کەسێتیەکانیشی لەدەستداوە لەکاتێکدا پێشتر وەکو هاندەرێك بۆپێشەوەی هەنگاو پێدەنا.

مارکسیەکان تەنها دەتوانن بەڵێن بدەن و بۆچوونی ئاڵۆز بخەنەڕوو لەبۆ گێژاندنی خەڵکانی عەوامی کەم زان. دگەڵ خوارکردنەوەی کۆڵەکەکانی ئابوری نیشتمانی.

مارکس خوازان لەبۆ لەقکردنی بنەماکانی هوڵ هت تەنها بەڵێن بە زۆرینەی کۆمەڵ دەدەن و بە پەیمانی درۆیینە هەڵیان دەخەڵەتێنن. لەبۆ خوارکردنەوەی کۆڵەکەکانی ئابوری نەتەوەیی دەوڵەتیش هەمان شت بەکاردێنێتەوە. هەبۆیە بزوتنەوەکەمان بەکاری خۆی دەزانێت کرێکار لەم هەڵەیە مەترسیدارانە ئاگاداربکاتەوە کە مانگرتن و ئاژاوەگێڕییان لەپێش چاواندا بەجوانترین شێوە دەڕازێنێتەوە و هانی ئاژاوەگێڕییان دەدات. ئەم چەشنە کارانە بەتەنها نابێتە هۆی کەمبوونەوەی داهاتی گشتی بەڵکو فاکتەریشە لەبۆ لەناوبردنی زیندەییەتی گەلەکەمان و ئیفلیج کردن و لەچالاکی خستنی. دەستەبەرکردنی خۆشگوزەرانی بۆ هەموان لەڕێگەی پێدانی پشکی ڕۆژانەی هاوڵاتیانەوە دەبێت لەوداهاتە گشتیەی کە بەرهەمی کاری هەموانە.

ئەم لقینەی ئێمەی ڕقابەری مارکس خوازان نییە. هەربۆیە ناچارین لەبۆ دیارخستنی جیاوازی دیای نێوان چەمکە ڕەگەزیەکان لای ئێمە و ڕوانگەی مارکس خوازان بۆ دەوڵەت و نەتەوە و ڕەگەز. دەوڵەتی ڕەگەزچێتی نیشتمانی سۆسیالیستی بابەتی ڕەگەزخوازی پێگەی تایبەتی خۆی هەیە و دانیش بە بەهرەداری کەسایەتیدا دەنێت و بژاردەکان دەکاتە بنچینە لەبۆ ئەنجامدانی هر کارێکی ئەرێنی پۆنیاتنار. خۆگەرماتوو نەهامەتی وای لێکردین لقینەکەمان ئەم بنەمایەی لەبیرکرد و نەژادێتی لەپێش چاوان نەگرت. ڕەزامەندبێت بەو شێوازە و بە بنەمای زۆرینە قایل بێت. ئەوا

لەم کاتەدا ئەم لقینەمان دەبێتە پارتێك یان دەستەیەکی تایبەت کە دامەزراوە لەبۆ دژبەری کردنی مارکس خوازان و هیچی تر، ئەمەش وادەکات لەکۆتاییدا بیانووی دامەزراندنی لەدەست دەربچێت و چیتر وەکو لقینێکی خاوەن باوەڕێکی فەلسەفی لێی نەپوانرێت.

لەدەوڵەتی ڕەگەزخوازیدا دان بە بەهرەی تاك کەسیدا دەنرێت و خۆشگوزەرانی بۆ کۆمەڵیش دابین دەکرێت ئەمەش لەڕێگەی پترکردنی بەرهەم و داهاتی تاکی نێو کۆمەڵەوە دەبێت. ئەمەش بەتەنها لەڕێگەی خۆ قوتارکردن لەپەیڕەوی پەرلەمانیەوە دێتەدی: بەرنامەی زاڵێتی زۆرینە، بەومانایەی دەستەی سەردار و فەرمانڕەوا ملکەچ و چاوەنواڕی دەنگی زۆرینە و عەوامن، زۆرینەش زۆرجار هەڵخەتێنراوە و لغاوی فەرماندارێتی ناداتە دەست بژاردەی ڕاستەقینە و ژیر و نەترسەوە.

هەردەوڵەتێك لەسەر بنەمای ڕەگەزی نیشتمانی سۆسیالیستی بێت ئەوا شتێك بەناوی بڕیاری زۆرینەی کۆمەڵەوە بوونێکی نییە، لێرەدا سەرۆکی وڵات بەرپرسە لەهەموو کارێکی ئەنجام دراوو ڕووداوێك، وێژەی ڕاوێژ مانای بنچینەییەکەی خۆی دەستەبەردەکاتەوە، سەرۆکی وڵات خاوەنی کەسانی لێهاتووە بۆ ڕاوێژکردن بەڵام خۆیشی خاوەنی دوابڕیارە و بەس. لەبابەتی سوپایشدا دەوڵەتی ڕەگەزی گەر بتوانێت هەمان ڕێچکەی سوپای پروسیای پێشوو بگرێتەوە بەر ئەوکات سەرکەوتنی زیادتر دەبێت: فەرماندە دەستەڵاتی تەواوی بەسەر ئەوانەی خوار خۆیەوە هەیە و دەست و پێوەندەکانیش بەرپرسن لەبەردەم فرماندەکاندا، پەرمان هەموو دەستەڵاتێکی لێدەسەندرێتەوە و دەگوێزێت بۆ ئەنجومەنێکی ڕاوێژکاری و بەس، لەم کاتەدا ڕۆڵی ئەم دەزگا و دازراوانە لەجاران بەهێزتردەبێت، چونکە دەبنە ناوەندێك بۆ پەروەردە بینینی کەسانی بەهێز و دواتریش دیارکەوتنیان لەسەر گۆڕەپانی نیشمانی. لەدەوڵەتی ڕەگەزی نیشتمانی سۆسیالیستیدا دەتوانین ڕۆڵی پەرمان بەم شێوەیە بخەینەڕوو:

لەدەوڵەتی ڕایخ دا پەرلەمانێك نییە ببێتە ناوەندی بڕیاردان و هکومەتیش جێبەجێ کار، بەڵکو بەتەنها ئەنجومەنی ڕاوێژکاری بوونی هەیە و هەڵدەستێت بە شیکردنەوە ئەنجامدان بۆئەو پرسانەی لەلایەن سەرۆکەوە ئاراستەی کراوە. دەوڵەتی ڕەگەزخوازی هەرگیز بواری ئەوەنادات کە کێشە زیندەییەکان-بۆنمونە ئابوریەکان-بە کەسانی

نەشیاو بسپێردرێت لەبۆ دەست تێوەردانی, هەربۆیە لەم کاتەشدا ئەنجومەنی ڕامیاری و ئەنجومەنی ئالیکاری دێتە بوونێ, لەبۆ بەرهەمدانی کاری هەروەزی نێوان ئەم دوو ئەنجومەنە ڕۆڵی بڕیاردانی کۆتایی بە ئەنجومەنی پیران دەبەخشردرێت. کەواتە ئەم ئەنجومەنانە ناوەندی دەنگ لەسەردان نین , بەڵکو ناوەندی بەدواداچوون و ڕێکخستنی کار و پرسەکانن.

***

کورتکردنەوەی کارەکانی پەرلەمان لە خوێندنەوە و هەمواركردنی پرسەکاندا ناتوانین بەداهێنانێکی پارتەکەمان لەقەڵەم بدەین, چون بەرنامەی زۆرینە زۆربەکەمی کاری پێکراوە لەمێژووی دروست بوونی دەوڵەت لەسەر زەویندا. زۆربەی کات کارکردن بەم بنەمای زۆرینەیە فاکتەربووە لەبۆ مانۆڕانی و تیاچوونی دەوڵەتانی جهان. ئەم دۆخ گۆڕانەی پارتەکەمان بانگی بۆ دەدات تەنها لەڕێگەی دەمەوە بەرجەستە و چێ نابێت, بەڵکو پێتڤی بە هەوڵ و تێکۆشانێکی زۆرە لەبۆ چەسپاندنی, ئەم ئەرکەش لەلایەن پارتەکەمانەوە(پارتی نیشتمانی سۆسیالیستی) کاری تەواوی بۆکراوە لەبۆ چەسپاندنی لەژیان و باری کەتواری و ڕاستینەدا.

بەشی شازدە

چەمکی فەلسەفی پارت و ڕێکخستنمان

دامەزراندنی دەوڵەتی ڕەگەزی تەنها لەڕێگەی زانینی بنەماکانیەوە نابێت. ئەوەندە بەس نییە بزانین ئەم دەوڵەتە چۆن بێت. بەڵکو دەبێت چێی بکەین. پارتە ڕامیارەکانی دیش هیچ ڕۆڵێکیان نابێت لەو کارە پونیاتنەرەی کە بزوتنەوەکەمان هەنگاوی بۆدەنێت. چلۆن دەگونجێت ئەم پارتانەی هەنوکە پاچەکانیان بەکاربێنن لەبۆ بارگۆڕانی ئەو دۆخەی خۆیان ئافراندوویانە لەشێوەی گەندەڵبوونی دۆخی ئێستامان؟ ناشبێت ئەوەمان لەبیربچێتەوە کە ئاراستەکارانی پارتەکانی هەنووکە زۆرینەیان جوولەکەن، بۆیە گەر لەنێو خوودی خۆماندا کەس گەلێکی بەهێز دیارنەکەون لەبۆ دەستپێنی گەلی بەناو بژاردەی جوولەکە، ئەوا هیوا درێژخایەنەکەیان دێتە دی، کە دەبێژێت: گەلی جوولەکە دەست دەگرێت بەسەر هەموو دانیشتوانی سەرگۆی زەویندا و دەبێتە سەرداری بێ بەرگریشیان.

بەڵێ، کەواتە پارتە بۆرجوازی و چەپڕەوەکان چلۆن دەتوانن دژبەری ئەمانەبکەن کە گاڵتەمان پێدەکەن لەبۆ بەدی هێنانی ئامانج و بەرژەوەندیەکانیان؟

لەسایەی ئەو بۆچوونە باوەی نێو کۆمەڵگەی ئەمڕۆمانەوە دەوڵەتی ڕەگەزی بەناسانی دروست نابێت. مەگەر هێزێکی ئاسنینی نوێ دەستی تێوەربدات و

تێبکۆشێت لەبۆ گەیشتن بە نمونەی بالاً. ئەمەش مانای وایە کاری دەسپێکمان دامەزراندنی بنەماکانی دەولەتی ڕەگەزخوازی نییە بەڵکو لەناوبردنی دەولەتی جوولەکەیە,مێژوومان پێمان دەڵێت: گرانی هەر گران ئیشییەك لە چەسپاندنی دۆخێکی نوێ نییە, بەڵکو لەفراوانکردنی بواری کاریگەری دۆخەکە و بەرنامە نوێیەکەیە, بۆیە پێویستە لەسەر سەربازانی ئەم بزوتنەوەیەمان بەوپەڕی ژیری و چاونەترسیەوە کار بۆ سڕینەوەو وەرچەرخانی دۆخی باوی ئێستابکەن.

لاوانی خاوەن بۆچوونی نوێ دەبێت تێبکۆشن لەبۆ چەسپاندنی بۆچوونەکانیان, لەڕێگەی هەڵگرتنی چەکی ڕەخنە لەهەمبەر دوژمنانیاندا. لەمڕۆدا لەبەناو ڕەگەزخوازانی ترساوەوە گوێ بیست دەبین کە ئێژن, بەهۆکار و بێ هۆکاریش: ئەوان زۆر لەوەی بەڕێزترن فیشەکی ڕەخنە ئاراستەی کەسگەلی دیکە بکەن کەمەبەستی باشترکردنی دۆخەکە بێت. ئەم بەناو ڕەگەز پەرەستانە لەمێژوو تێناگەن, تەنانەت لەمێژووی ئەو چەرخەی تێیدا دەژین هیچ نافامن؛ مارکسیەت لەهەوڵدانیان بۆ زاڵکردنی جوولەکە بەسەر جیهاندا-کاری پونیات نانی بەهێزە-لەڕێگەی ڕەخنە و تانە و درۆوە لەهەمبەر دووژمنەکانیاندا بۆماوەی حەفتاو پێنج ساڵ تێکۆشاون, ڕەخنەکانیان سوتێنەربوون, پشوودرێژ, بەردەوام بوو لەسەر کارەکەی تاوەکو لەم دەولەتە پیرەدا کۆڵەکەکانی لاوازکرد و دواتریش خۆی بوو بەسەردار. مارکس خوازان زۆر بەباشی هەستیان بەوەکردبوو کەلەگەڵ دیارکەوتنی پێغەمبەرێکی خاوەن پەیامی نوێدا ئەمانە بەئاسانی پووچ نابنەوە, زۆرجار دۆخی نوێ هاتۆتە ئاراوە, بەڵام دواتر تەسك بووەتەوە بۆ چوارچێوەیەکی پارت گەرەکی و ئینجا لاوازبوونی زیادتری, ئەمەش بەهۆی ئەوەوە یە کەخاوەنی بۆچوونی تایبەت هەرگیز گیانی لێبوردن نازانێت مەگەر لەخزمەتی خۆیدا نەبێت, بۆیە کەسی خاوەن پەیام و پەیڕەوی ڕاستەقینە ئەوپەڕی هەوڵی خۆی دەدات لەبۆ چەسپاندنی بنەما بۆچوونیەکانی, لەگەڵ لەناوبردنی ڕژێمی کۆن گەر توانی بێتی بەسەریدا زاڵبێت.

ئەمەش دۆخی ئاینەکان بووەو وەهاش دەبێت.

حەسرەتیان بەتەنها لەڕێگەی چەسپاندنی بوونی خۆیەوە دانەمەزرا, بەڵکو پشت ئەستوربوو بەلەناوبردنی بنەمەکانی بت پەرەستی. ئەگەر ئەم ڕەگەزچێتیە کوێرانە

نەبوایە ئەوا بڕوابووون بە حەسرەتیان مۆرنەدەکرا بەگیان بەخشینی کۆمەڵێك جەنگاوەری بەهێز.

ڕەنگە یەکێك ناقایل بێت بەوەی هەمان چەکی جووەکان بەکاربێنینەوە و بڵێت: دەمارگیری و خۆپەرەستی دوو ناتەواوی تایبەت بەجوولەکەن و نابێت ئێمە بەکاریان بێنینەوە. ئەم قسەیە تاڕادەیەکی زۆر باش دروستە، ئەم دۆخەی شەڕاوەی هەنوکەمان لەڕێگەی گرتنەبەری شێوازی ئاساییەوە ناگۆڕێت. بۆیە هەر بۆچونێك گەر لەسەر بنچینەی دەمارگیری و خۆپەسەندی بێت بەتەنها لەڕێگەی بەکارهێنانەوەی ئەو چەکەی خۆی بەکاری هێنانەوە بۆ خۆبەهێزکردنی دەتوانی بەکار بهێنیتەوە بۆ لاوازکردنی، ئەمەش دگەڵ دۆخی ڕستینەدا هاوتایە و هیچ نەشیاو نییە. لەبیرمان چوویەوە حەسرەتیان تووندوتیژی و ترسی ڕۆمانی دگەڵ خۆیدا هێنابوو؟ چون باش دەیزانی بەبێ بەکارهێنانی ترس هیچ ترسێك لەناوناچێت. گەرچی پارتە ڕامیارکان بڕوایان بە ڕێککەوتن هەیە لەبۆ چارەکردنی کێشەکان بەڵام بنەما فەلسەفیە ڕاستەقینەکان هەرگیز ڕێگەبەم چەشنە کێشەچارەکردنی نادەن.

ئەوکاتەی پارتە ڕامیاریەکان دەست بەچالاکی دەکەن و بەئارەزووی وروژاندنی دەستەڵات کاردەکەن لەبۆ بوون بەدەستەڵات دار لەڕێگەی کێشکردنی جەماوەرەوە لەسایەی ڕێبازێکی فەلسەفی دیاریکراوەوە، بەڵام بەتێپەڕبوونی کات لەم بنەما فەلسەفیانەی لادەدات بۆ زیادکردنی ژمارەی لایەنگران، ئیدی لێرە بەدواوە دەروونی لاواز تەقلی بزوتنەوەکە دەبێت کە هیچ کەڵکی تێکۆشانیان نییە.

گەر ئەم پارتانە بۆماوەیەکی زۆر بمێننەوە ئەوکات دووچاری هەرەوەزکاری ئەرێنی دەبنەوە لەبۆ سوود وەرگرتن لەو ئەنفالانەی جێماون، پاش لەمەش کاری ڕادەوەستێت. بەڵام ئەگەر ڕقابەرێکی بەهێز لەخوانەکەی دوورخستەوە ئەوکات دەگەڕێتەوە دوا بەشی کاروانەکە و ئەمەش دۆخی دەبێت تا ئەوکاتەی هەلێکی بۆ دەڕەخسێتەوە بەمەبەستی گەڕانەوە بۆ هەمان جێگەی پێشووی لەسەر خوانەکە.

بەڵام خاوەن بنەمای فەلسەفی ڕاستەقینە هەرگیز دان نانێت بە هەروەرز و هاوپەیمانی پارتەکان، خۆی بە جەنگاوەری دژە دۆخی نەخوازراو لەقەڵەم دەدات و بەردەوام دەبێت لەسەر ڕەوتی خەباتکردن تائەوکاتەی دەگاتە ئامانج.

ئەم چەشنە تێکۆشانە کە هەوڵی خوارکردنەوەی هەموو بنەما کۆنەکان دەدات پێویستی بە تێکۆشەر و بژاردەی ڕق ئەستور و نەبەرد و نەترسی بەهێزە. لقینی بۆچوون خوازی ناتوانێت ئارمانجەکانی بەدی بهێنێت مەگەر لەڕێگەی بەسەربازکردنی بەهێزترین و چالاکترین ئەندامانی گەل نەبێت, لەگەڵ کۆکردنەوەیان لەنێو یەک ڕێکخراوی بەهێزی خاوەن درۆشمی خەبات گێڕ, هەرخاڵێک لە فەلسەفەکەی بنەماگەلێکی دیاریکراوی ڕوون نەکردەوە ئەوا بەوانی ڕوونی دەکاتەوە و لەتێگەیشتنی ئاپۆڕای نزدیک دەکاتەوە, دەیدونجێنێت بۆئەوەی شیاوبێت لەبۆ بوون بە یاسایەک کە بڕوای لایەنگرانی زیادتر بچەسپێنێت.

وەرنامەکانی پارتێکی ڕامیاری وەک ڕەچەتەیەک وایە کە ڕامیاری کاران لەبۆ بەدەست هێنانی زۆرترین دەنگی هەڵبژاردن دایدەڕێژنەوە, هەربۆیە دامەزراندنی هەرلقینێکی نوێ لەم کاتەدا وەک جەنگ ڕاگەیاندن وەهایە لەهەمبەر پارتی دەستەلآتدار. مەرج نییە هەموو ئەوانەی سەربە لقینێکی بۆچوونداڕن هەموو نهێنی و ئامانجەکانی پارت و سەرۆکەکەیان بن, گرنگ ئەوەیە ئاشنای کۆمەڵێک بنەمای هاندەری بنچینەیی بن, لەگەڵ بڕواداری بەسەرکەوتنی پارت و بەرنامە و پیرۆزگیراوەکانی و هەوڵدان بۆ بەرگری لێکردنی.

چ قازانجێکی هەیە سوپایەک زۆرینەی پلەبەرزان پێکی هێنابێت, هەرچەندە بەتوانشبن؟ هەرپارتێکی زۆرینەی ئەندامەکانی کەسانی درەوشاوەو دیاربن ئەوکات چاوەنواڕی قوربانی دانی لێناکرێ لەبۆ بەرگری کردن لە بۆچوونەکانی, لەبۆ سەرکەونی پارت یان بزوتنەوە و بۆچوونەکەی خاستر وایە سەرکردەیەکی بیرقوڵ و زرنگی هەبێت و سوپایەکی بەهێزیشی هەبێت کەلەڕێگەی سۆزی لایەنگیری کوێرانەوە ئاراستەبکرێن.

دەستەیەکی سەربازی پێک هاتبێت لە دووسەد کەسی ژێر لغاوکردنیان زۆر گرانترە وەک لەوەی لە سەدو نەوەد کەسی ئاسایی و دەکەسی ژێر پێکهاتبن و ئەو دەکەسە بکرێنە سەردار و ئاراستەکاریان. لقینی سۆسیال دیمۆکراتی ئەم ڕاستیەی زانی و کاری پێکرد, ئەم پارتە تاڕادەیەک دەستەلآتی بەخشیە نوێنەرانی گەلی چەکدار کە بربیار و پەیمانی گوێڕایەڵ بوونیان بۆ پارتەکە داوە, ئەم پارتەمان خستویانێتیە ژێر کاریگەری پەیڕەوێکەوە کە توندوتیژیەکەی کەمترنییە لە پەیڕەوی سەربازی,

دواتـریش دروسـتکردنی سـەرکردە و فـەرمان وەرگـر بـۆ بـەڕێوەبردنی کاروبـاری داهـاتووی وڵات. کرێکـاری ئـەڵمانی بووەتـە سـەربازێکی کـارای پـارت, کەسـێکی مزرمەنـدی جوولەکـەش بووەتـە ئەفسـەرێکی نەشیاو کەپێویسـتە لەسـر پۆسـتەکەی لاببرێت.

لەو دەمەی پارتە بۆژوازیەکان دروشمی بالأم بریتی بوو لـەوەی ئەمانـە لەخۆگرتـەی ژیرتـرین کەسـانی وڵاتـن, لەهـەمان کاتـدا تەشـەیان لـەمارکس خـوازان دەدا بـەوەی گەمـژەکانی کۆمەڵگـەیان لـەخۆگرتووە, هەربۆیـە ژیرخـوازانی وڵات یـان لایـەنگرانی بۆرژواکان سەرکەوتنی مارکسیەکانیان بۆ هەڵخەتاندنی عەوامان دەگێڕایەوە. هەروەها بۆرژواکان لەخۆگرتەی نەوەی خانەدان و دەوڵەمەند و ژیـران بوونـەو ئـەمان ئینتیما و لایـەنگری تاکۆتایـان بـۆ هـیچ پـارت و لایـەنێك نییـە و زۆرجـاریش دان بـەهیچ سیسـتمێکی فـەرمانڕەوادا نانێـت. بـەڵام پارتـە مـارکس خـوازان و هاوڕێکاکـانی, توانیویـەتی لەڕێگـەی تفاقێکی مرۆیـی دیـاری کـراوەوە ئاسـۆیەکی سـوپاناسـا پێـك بهێنێـت و لغـاوی سـەرکردایەتی کردنـی بداتـە دەسـت جووەکـان یـان جووپەرەسـتە کوێرکراوەکان.

بۆرجوازیـەکان نابینـابوون لەهەمبـەر مەترسـی بەرئەنجامـەکانی ئـەو چەشـنە ڕێکخسـتنە-هـیچ کـات بـیری نەکردۆتـەوە لـە خوێندنـەوەی هـەناوی جـەماوەر-هـیچ هـەنگاوێکی نـەنا لـەبۆ کێشکردنی زۆرینـەی کۆمەڵدا, بەپاساوی ئـەوەی هـەرپارتێك پشت بە خانەدانەکان ببەستێت بەئاسانتر دەتوانێت بگاتە دەستەمۆکردنی دەسـتەڵات وەك لەو پارتەی پشت بەزۆرینەی نەفام ببەستێت. بۆژوازیەت ئەوەی لەیاد کردبوو کە هەرپارتێکی ڕامیاری سەرکەوتنی بەدنییە بە زیرەکی زۆرینـەی ئەندامەکانیەوە بەڵکـە لەپێشـەنگدا بەند و پەیوەسـتە بـە ژیـری سـەرکردەی بـاڵ و گوێڕایـەڵی ئەندامانی بـۆ بڕیارەکانی سەرکردە و سەرکردایەتی.

ئەودەمـەی بنەمایـەکانی تێکۆشـان کۆدەکەینـەوە ئـەوکات ئامـادەی دەسـتەڵات وەرگرتن دەبین سەرکەوتنیش ئەستەم دەبێت بەبێ بوونی سەرمایەی مرۆیی دەمارگیر بـۆ بیرۆکـەی پارتەکـە. هـەرکات ویستمان فاکتـەری سـەرکەوتن بـۆ لقینەکـەمان دابین بکەین ئەوکات بانگدانی پارتەکەمان ئاراستەی ئەو چینە دەکەین کەنەترسن و هیچ لە تێکۆشان ناترسێن. مەبەستمان چینی کرێکارانە. بەگرتنەبەری ئەم چەشنە ڕێچکەیە

بڕیاری نوسینەوەی بیست و پێنج بنەمای سەرەکیم دا لەبۆ پارتەکەمان، بۆئەوەی هەموان بزانن مەرامەکانی ئەم پارتەیەمان چییە. لەم ڕێگەیەشەوە هەم ئامانجی پارتەکەمان بۆ خەڵکی ڕوون دەبێتەوە هەم لایەنگرانمان پتەوتر تێدەکۆشن لەبۆ سەرخستنی وەرنامەکانی ئەم پارتەیەمان و گەیشتن بەئامانجە ڕاستەقینەکانی.

گرنگ ئەوەنییە ڕێبازەکانی پارتەکەمان بەبۆتەیەکی جوان بڕازێنینەوەو پیشان بدەین، بەڵکو گرنگ داڕشتنەوەی بنەما ڕاستەقینەکانی پارتەکەیە بەشێوەیەکی تەندروست، بەجۆرێك پێشیاوی شیکردنەوەی هەڵنەبێت. بۆتە دەتوانرێت دەستکاری بکرێت، بەڵام ناوەڕۆك پێویستە بەجێگیری بمێنێتەوە، چون گۆڕانی ماوەیەك بۆ ماوەیەکی دی هۆکاری کەرت بوونی لایەنگرانی پارتەکەیە. لەم بوارەشدا باشتر وایە شێوازی پەیڕەوکراوی کڵێسای کاسۆلیکی وەربگرین کە بەو پەڕی سەرسەختیەوە ڕەتی پاشگەزبوونەوەی دەکات لەهەر پیتێکیی تایبەت و پەیوەست بە ڕێبازەکەیەوە، لەکاتێکدا ئەم ڕوونیەی کڵێسا لەڕووی ڕێبازییەوە زۆرجار پێکدادەدات دگەڵ زیادتر لە خاڵێکی زانستی یان لۆژیکیدا. لەڕێگەی ئەم ڕەتکارییەوە کڵێساوە دەستەلآت و لایەنگیری خۆی پەرەپێدەدات، بۆیە پێویستە لەسەر هەرکەسێك گەر مەبەستێتی بزوتنەوە ڕەگەزچێتیەکەی سەرکەوتووبێت خاوەنی ئەم بیرۆکەیە بێت: بزوتنەوەی دیارکەوتوو پێویستی بە داڕووخاندنی هەموو لەمپەرەکانی پێشی هەیە، بۆئەمەش پێویستی بە داڕشتنەوەی ڕێبازێکی ڕوونە، ئەو بۆتەیەی لەخۆگرتەی بنەماکانییەتی باشتر وایە بەجوانی بیپارێزێت و نکۆڵی لەهیچ دەقێکی نەکات ئەوکاتەی دەست بەجەنگ دەکات. هیچ کاتیش گۆڕانکاری لەناوەڕۆکی ڕاستەقینەی بەرنامەکانی پارتەکەدا ناکرێت، چون ئەگەر ئەم کارە ئەنجام بدرێت پاش لەیەکەم هەنگاونان لەبۆ تێکۆشان ئەوا ئەو گۆشتە لەناودەبات کەبەهۆیەوە هەموو هیوادارانی پارتەکە لەدەوری کۆبوونەتەوە، ئەمەش مانای تەفربوونە. هەمدیس هۆکاریش دەبێت لەبۆ لاوازکردنی گیانی تێکۆشان.

پارتی کرێکارانی ئەڵمانی نیشتمانی سۆسیالیستی بیست و پێنج خاڵ بەرنامەکانی پێکدەهێنا. بووە بڕوای سەرەکی لەبۆ تێکۆشان. بۆیە پێویستە لەسەر هەموو پارتێك بەجوانی ڕێبازەکانی پیرۆزبکات و ڕێگە لەڕەخنە لێگرتنی بگرێت و

هەرگیز دەستکاری لە بنەما ناوەرۆکیەکانی پارتەکەیدا نەکات. تانەوکاتەی دەگاتە دواناماڵجی.

پارتەکەمان مافی خۆیەتی. بەڵکو ئەرکیشیەتی خۆی وەکو هەڵگری پەیامی رەگەزچێتی پیشان بدات. پێشتر خەڵکانی دیکە هەوڵی گەیاندنی ئەم پەیامەی نێمەیان داوە. بەڵام بنەما پشت پێبەستراوەکانیان ناڕوون و پەرت بوون و هیچ پەیوەستەییەکیش لەنێوانیاندا نەدەبینرا. لەم رۆدا ژمارەی ئەوپارت و بەرانەی تەنانەت حیز بە گەورەکانیش- هانی دروستکردنی دەوڵەتی رەگەزی دەدەن. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕاستی و توندی پەیامەکەی ئێمە -پارتی نیشتمانی سۆسیالیستی- لەوەی بەجوانی فاکتەرەکانی دروست و گەشە و مانەوەی دەوڵەت و دەوڵەتداری ڕاستەقینەی تێگەیاندوون جا لەڕووی لۆژیکەوە بووبێت یان مێژوو. پێش لەدیارکەوتنی لقینەکەمان هیچ یان و پارت و بزوتنەوەیەکی رەگەزخوازی بوونێکی نەبوو. بەڵام پاش لەدیارکەوتنی پارتەکەمان زۆربەجوانی ئەم دروشمە گەشەی سەند و هێزی هەزری دیارکەوتن و کاریگەریشی لەسەر پیناکردنی ڕاستەقینەی دەوڵەت دیارخرا. پارتەکانیش تەنها ئەم بۆچوونەی ئێمەیان وەرگرت و هەوڵی پەرەپێدانیان دەدا. نەوەك لەبەرئەوەی بڕوایان پێیەتی . بەڵکو زانیان نانیان بۆ دەستەبەردەکاتەوە و بەجوانی سەرکەوتنیان پێدەبەخشێتەوە و بەخێرایی تەشەنەدەکات.

پارتە بۆرژواکان تاوەکو هەشت سالّ بەر لەئێستا نەیان دەزانی رەگەزچێتی مانای چییە، تەنانەت حەوت سالّ بەرلەئێستا هەرکە باسی وشەی رەگەز پەرەستی دەکرا سەرکردەی بۆرژواکان دەپچڕان لەپێکەنینداً. ئەمجا کەزانیان دۆخە ڕاستەقینەیە بڕیاری دژبەری کردنمانیان دا بەبێ سڵ کردنەوە لەبەکارهێنانی هەرچەشنە ئامرازێك، وا بۆ سێ سالّ دەچێت دەستەلاّتداران دەستیان داوەتە چەوساندنەوەی هەڵگرانی ئەم بۆچوونە، بەڵام ئەم چەشنە هەنگاوە ستەمکاریانە هۆکاری زیادبوونی لایەنگرانی لقینەکەمان و پتر دەنگدانەوەی بوو. سالّی ڕابردوو بۆرژواکان دەستیان دایە خاوەندارێتی لێکردنی ئەم بنەمای بۆچوونە لەبۆ ئەوەی شەمەندۆفێرەکە بەجێیان نەهێڵێت. بەڵام مەبەستیان لەبەکارهێنانی تەنها زیادکردنی دەنگەکانیان و لەناوبردنی دوژمنەکانیانە لەداهاتوودا.

چەندین پارت هەن بەجوانی لەڕەگەزچێتی تێگەیشتوون، بەڵام ڕێکخستنی تەواویان بۆ تێکۆشان لەپێناویدا نەکردووە. لەکاتی داڕشتنەوەی ئامانجەکاندا پەنایان گرتبووە ڕێبازی ناڕوون و دەقی خەوشداری تێکدراو. هەمدیس داوای چێکردنی دەوڵەتێکی نمونەییان دەکرد بەبێ بەکارهێنانی توندوتیژی!

لەبۆ پیشاندانی لاوازی پارتەکان، لەبۆ بەئەنجامگەیاندنی ئەو ئەرکەی کە پارتەکەمان خۆی بۆ یەکلایی کردبۆوە. دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو ڕۆژگارەی بزوتنەوەکەمان جەماوەری هەژاند بەڕاگەیاندنی ئامانج و بەرنامەکانی لەڕێگەی شانۆی ڕامیارچێتی یەوە.

کاریگەری وشە

سەرکەوتنی ئەو کۆبوونەوەیەی کە پارتمان لە ٢٤ ی ڕێبەندانی ١٩٢٠ دا بانگەشەی بۆدەکرد هۆکارێکی دیکەی هاندەرمان بووە لەبۆ بەستنی کۆنگرەی خۆی گەل، پاش لەوەی دەترساین لەبەستنی یەك کۆنگرەی مانگانە وائێستا لەهەفتەیەکدا زۆربەئاسانی کۆبوونەوەیەکی بەرفراوان دەبەستین و ژمارەی ئامادەبوانی چەندان هێندە ژمارەی کۆبوونەوەکانی پێشووترە، لەنێوان کۆبوونەوەی یەك و دووەمدا هەمیشە بەپەڕۆشەوە چاوانواڕی وەڵامی ئەوپرسیارەبووین کە بەمێشکماندا دەهات، ئەویش: تۆبڵێی خەڵکان بەدەم بانگێشتنامەکەی ئێمەوەبێن و تاکۆتا وشەمان ئامادەی گوێگرتن بن؟ هەفتانە ژمارەی کۆبوونەوە سەرکەوتوەکانمان زێدەتر دەبوون و ڕێزی زیادترمان لێدەنرا، تادەهات ژمارەی ئامادەبوانیش لەزیادبووندابوو.

هتلەر لەکاتی وتاردانداا

لەڕێگەی بەهێزی و خڕۆشداری وتاربێژەکانمانەوە کێشەی گوێنەگرتن و کاڵفامی و هەڵەتێگەیشتنی جەماوەر چارەسەر کرابوو، وتاربێژانمان دەستیان دایە دیاری کردنی بەرپرسانی ڕاستەقینەی جەنگ و خستنەڕووی نەهامەتیەکانی پەیمان نامەی ڤەرسای، ئەم دووبابەتە پارتەکەمان ساتێك ناکاتێك دەیوروژاند، چون بەتەنها گەڕانێکی ئاسایی یان لێوردبوونەوەیەکی ساکاری ئەمانە تێدەگەیشتن کێ ناپاکی لەکۆماری ئەڵمانیا کردووە یاخوود بوونی خوودی کۆماری دەخستە ژێر پرسیارەوە و بە دەرکەوتەیەکی دواکەوتووی دژە پاشای سەرکەوتوو لەقەڵەم دەدا، ئەوانەشی مارکسیەت ڕێی لێ وێڵ کردبوون، ئەوکاتەی مارکس خوازێك دەیبیست ڕەخنەمان لە پەیمان نامەی ڤرسای دەگرت ، قسەکەی پێ دەپچڕاندین و بەهاوارەوە دەیگوت: ((

ئەی پەیمان نامەی برست لیتۆڤسك؟))، لەسەرەتاوە دووچاری نەهامەتییەکی زۆر بووین لە تێگەیاندنی خەڵکی لەوەی بۆچی پەیمان نامەی ڤرسای نەهامەتی بۆ ئەڵمان هێناوە. ئەم پەیمان نامەیە ئابڕووبەرییەکی وەهای بە ئەڵمانیاوە لکاندبوو کە بەئاسانی نەدەتوانرا لەبیربکرێت و بسڕدرێتەوە. بەڕاستی کاردنەوەی زۆرینەی خەڵك لەم بوارەدا نەرێنی بوو. بۆیە ناچار بووین یان ئەوەتا بەردەوام دەبین و زۆرینە دەتۆرێنین لەخۆمان یام ئەوەیە دەست لەم شالاوی هۆشیارکردنەوەیە هەڵدەگرین و زۆرینە بۆخۆیان کەسپ دەکەین. بڕوام وابوو باشترین ڕێگە بۆئەمە بەردەوام بوونە تەنانەت گەر جاماوەریش لێمان وەدوورکەوێتوە و هەموو تۆمەتێکیش بخەنە دوامان، پارتی نیشتمانی سۆسیالیستی دەبێت سەردارێتی بکات نەوەك شوێت قسەی ژێردەستخراوەکان بکەوێت، دەبوو ئێمە جەماوەر ئاراستەی ڕێگەی ڕاستی بکەین، خۆئەگەر لەسەر هەڵەکانی ئەوان بەردەوام بووینایە ئەوکات بیانووی دامەزراندن یان دەرکەوتنمان پووچ دەبوویەوە و نەدەبوینە لقێنێکی چاکسازیی خوازی ئەڵمانی و پتەوکاری کۆڵەکەی دەوڵەت لەسەربۆچوونی دروست.

بەڕاستی لەوکاتەدا دروست وتن بۆ گەل کارێکی مەترسی داربوو، هەر پارتێك بە پێچەوانەی تەوژمی بۆچونی لایەنگرانی باویەوەبێت ئەوکات سەرکێشیمان یان سەرکەوتنی تەواومان ئەنجام دەدات. دەمان دیت بۆڕواکان نێزك ناکەونەوە لە ئاوێتەبوون بە زۆرینە، لەکاتێکدا دەستکەلاکانی جوو هەوڵی بەلادا ڕێبردنی فرەیینەی گەلیان دەدا. لەهەمبەر ڕق لێبوونەوەمان لەلایەن خەڵقی ئەڵمانییەوە ئەوەندی تر سووربوونمان لەبۆ سەرکەوتن پتەوتر بوو. بەردەوام بووین لەسەر پلانەکەمان لەبۆ سەرینەوەی ئەو گوتەیەی کەدەڵێت: پەیمان نامەی ڤەرسای پەیمان نامەیەکی دیمۆکراتیانە و بێ زیان بوو. ئەوەم دەزانی لەهەڵمەتەکانماندا لەبۆ دژدایەتی کردنی پەیمان نامە بەناو دیمۆکراسیەکاندا پارەتەکەمان لایەنگرێکی زۆری لەدەست دەدات، بەڵام باش ئەوەشم دەزانی سەرئەنجام هەردەبێت گەلی ئەڵمانی هەست بەم هەنگاوە ڕاستانەی ئێمە بکەن، لەو کاتەشدا ڕق لێبوونیان بۆ ئێمە دەگۆڕێت بۆ خۆشویستن و بڕوای تەواوی بە بزوتنەوەکە دەبەخشێت و کەمتەرخەمیش ناکات لەبۆ قوربانی دان لەپێناو زێدەتر سەرخستنی بەرنامە تەندروستەکانی بزوتنەوەکەمان.

هەروابووە، هیچ پارتێکی سەرکەوتوو ڕاستەوخۆ لەلایەن جەماوەر و زۆرینەوە پێشوازی لێنەکراوە، تائەوکاتەی ڕاست و دروستی دەق و ئامانجەکانی پارتەکەیان بۆدیارکەوتووە، چون بۆچوونی پارتی نوێ زۆرجار پێچەوانەی بۆچوونی خەڵکی عەوامە، دژە بە ئارەزووەکانی. بۆخۆم لەئێکەم گردبوونەوەی هەوادارانماندا هەستم بەم دۆخە ڕاستەقینەکرد، لەدەسپێکەوە زانیم ڕووی من لەکەس گەلێکە دگەڵ چەمک و بۆچوونی منـدا پێچەوانەن، دەبـوو بـە وتـای دوو کاتـژمێری بنـەماکانی پشـت پێبەسـتوویان داڕووخێـنم لـەبۆ کێشـکردنیان بـۆ تـەڤل بوونـە نێـو پارتەکـەمان و هەڵگرتنی بنەما و ئایدیاکانی ئێمە لەهەمبەر هەموو شتێکدا.

بەڵێ، ئەرکێکی قورس لەسەر شانمان بوو، ئێمە خۆمان تەڤلی جەنگێك کردبوو کەناچـاربووین دژی کۆمەڵگـە بووەسـتینەوە لـەبۆ تێگەیانـدنیان و گەیانـدنیان بـە ڕاسـتیەکان بـەبێ هـیچ پاسـاوێکی هەسـت و سـۆزی. لەڕێگـەی کۆبوونـەوەکانی دەسپێکمانەوە زانیم لەڕێگەی دامالینی دووژمن لەوچەکەی پێیـەتی دەتـوانین ئـەم کێشەیە ئەهوەنتربکەینـەوە. هەسـتم بـەوەکردبوو کـە مارکسـیەکان هەربەیـەك شـێوە قەوان دەژەنن، بۆیـە ئەگـەر ئاوەزەکەیان لێتێکبدەیت ئـەوکات ناتوانن هـیچ بەدەست بێننەوە، بەم کارەشم توانیم هەرلەسەرەتای قسەکردنمەوە هەستی ئەوانە بۆلای خۆم ڕاکێشم کەنیازیان پاکە و هەڵخەڵەتێنراون.

لەدرێـژەی شـالاوەکەم بۆسـەر پـەیمان نامـەی ڤرسای دەسـتم دایـە ڕوونکردنـەوەی ڕگەکانی پەیمان نامەی برست لیتۆڤسك. چون باش دەمزانی هـەموو ئەوانـەی قینیان لـە پـەیمان نامـەی برسـت لیتۆڤسـکە هیچـی لێنـازانن و بەلاڕێـدا بـراون بەهەڵـە تێگەیاندنیان. مارکس خوازە هەڵخەڵەتێنەرەکان وای بەگوێی خەڵکیدا دەدایـەوە کە بـەهۆی ئـەوەی ئـەڵمانیا پـەیمان نامـەی برسـت لیتۆڤسـکیان بەسـەر ڕووسـیادا سـەپاندووە بۆیـە ڕووسەکانیش هەستاوان بە سەپاندنی ئـەم پـەیمان نامەیـە بەسـەر ئەڵمانیادا. دەبوو هەموو گوتەیەکی مارکس خوازان بەدرۆبخەمـەوە بەبەراوردکردنی هـەردوو پـەیمان نامەکـە، لەکۆبونەوەیەکـدا کـە دووکاتـژمێری خایانـد تـوانیم ناباشیەکانی پەیمان نامەی ڤرسای و باشیەکانی پـەیمان نامـەی برست لیتۆڤسك بخەمەڕوو. لەپاش هەر کۆبوونەوەیەکی ڕاوێژکاریم دەمتوانی هەزاران خەڵکی لەداوی مارکس خوازان ڕزگاربکەم و ڕاستیان بۆ ڕوون بکەمەوە.

لەڕێگەی کۆبوونەوە بەردەوامەکانەوە بوومە ڕاوێژکاری سەرەکی پارتەکەمان و فێری چۆنێتی وروژاندنی هەستی جەماوەر بووم، دەمتوانی لەڕێگەی وشەوە تێبکۆشم و هەنگاو بەرەو سەرکەوتن بنێم.

نەوەستاین بە وتاربێژی و ڕۆشنبیرکردنی خەڵک، بەڵکو هەنگاومان بەرەو بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەکان هاویشت، دگەڵ ئاماژەکردن بە بۆچوونی پارتمان لەهەمبەر پەیمان نامەکان و ئەو هۆکارانەی بوونە هۆی هەڵایسانی جەنگ. هەموو شتێکەمان لەڕێگەی وشەوە دەردەبڕی و کاریگەربوونی جەماوەریشمان بۆ خۆمان پتردەکرد، لەسەر ئەو بنەمایەی سەرجەم ڕووداوەکانی دیرۆکی کەونارا وشە ڕێگەخۆشکاربووە بۆسەرکەوتن، ئەمەش لەڕێگەی وتاردانی ڕاستەوخۆوە بووە نەوەك خوێندنەوەی پەرتووك و ڕۆژنامەکانەوە.

چەند هەفتەیەك پێش لەئێستا ڕۆژنامە ناوخۆییەکان گاڵتەجاڕی خۆیان بەم هەنگاوەمان دەردەبڕی، ئەم هەنگاوەی ئێمە زۆر کاریگەر تووە وەك لەهەنگاوی ئەوکەسانەی لە تەلارە بەرزەکان و سەرنوێنە نەرمەکاندا دەژین و لەڕێگەی پێنوسەکانیانەوە دەیانەوێت خەڵکی ئاراستەبکەن، بەبێ ئەوەی لەناخی خەڵك تێگەیشتبن و بزانن دەرونیان چی تێدایە.

بۆرژواکان لەبیریان چووبەیەوە وتاربێژ لەڕێگەی ڕوانین لە ڕووخساری بیسەرانی ڕادەی کاریگەری وشەکانی خۆی بۆ دیاردەکات و بەردەوام لەهەوڵی نوێدا بۆ بەکارهێنانی باشترین و بەهێزترین وشە، وتاربێژی ڕاستەوخۆ لەڕێگەی ڕوانین لە ڕووخساری بینەر و بیسەرانی دەزانێت بەردەوامی پێویستە یان کۆتایی پێهێنان...بەڵام نوسەر هەرچی لەدڵیایەتی دەینوسێتەوە و دەیخاتەبەردەست خوێنەرێك کە ناپاسێت و نازانێت کاردانەوەکانی چییە لەهەمبەر نوسینەکانی. ناشتوانێت بەدڵی خۆی خەڵکی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئاراستەبکات. مرۆڤ هەمیشە دژبەری خوێندنەوەی ئەو دەقانە دەکات کە حەزی لێی نییە و دگەڵ بۆچوونی ویدا یەك ناگرێتەوە . خۆئەگەر نقیسیارێت ویستی زۆرینە بۆڵای خۆی کێش بکات ئەوکات پێویستی بە نوسینی کورت هەیە لەشێوەی بەیان نامە و تاڕادەیەکیش نامیلکە. ونکە جەماوەر بەزۆری حەزیان لەخوێندنەوەی سەرپێییە و نایانەوێت زۆر کات بەو بابەتانەوە بکوژن کە حەزیان لێی نییە، هەروەها بەیان نامەی کورتیش پێویستە

بەزۆری لەشێوەی دەقی وێنەدار و کەم وشەبێت بۆئەوەی بەکەمترین وشە زۆرترین مانا ببەخشین. لەهەمان کاتدا نوسەر هاوشێوەی گوتاربێژ بەتوانایە لەبۆ یاری کردن بە هەستی جەماوەر. گەر بە جۆش و خرۆشەوە بنوسێت و پوولە جەماوەر بکات و بێژە نوسراوەکانی بەشێوەیەك بێت خەڵکی عەوام لێی بگەن. جیاوازی نوسەر و وتاربێژی ڕاستەوخۆ ئەوەیە کە:

وتاربێژ لە بینەر و بیسەرانی دەڕوانێت و لەچاوی کاردانەوەی ئەوانەوە هەڵسەنگاندن بۆخۆی دەکات. هەروەها گرنگە بەلایەوە ڕاستەوخۆ کاردانەوەی قسەکانی خۆی ببینێت. بەڵام قسە و بێژەی نوسەر پشوودرێژی پێویستە. خۆئەگەر وتاربێژ هەستی کرد ئامادەبوان لێی ناگەن ئەوکات شێوازێکی نوێ پەیڕەودەکات لەبۆ وتاردان و سەرەنج ڕاکێشانی خەڵك و کارتێکردنیان. خۆئەگەر هەستی کرد زمانی بەکارهێنراو بۆ وتاردان قورسە ئەوکات شێوازێکی نوێ و ئاسانتر بەکاردەهێنێت. خۆئەگەر هەستی بە ناقایل مەندی ڕووخساری جەماوەرکرد بە گوتەکانی ئەوکات پەنادەباتە بەر ڕوونکردنەوەی زیادتری بێژەکانی بەمەبەستی ڕەتکردنەوەی ناڕەزایەتیەکانی ئامادەبوان. بۆئەمەش پاساوەکانی لەڕێگەی بەکارهێنانی بەڵگەی زیندوەوە پتەوتر دەکات و بەردەوام دەبێت تاوەکو ئەو ڕقەی لەناخی ئامادەبواندایە نایهێڵێت.

ئەو کەسانەی دەبێت لەم دۆخەدا ئەنجام بدرێت بەهۆش هێنانەوەی ئەو هاوڵاتیانەیە کە بانگەشە هەڵەکان ئاراستەی ڕێڕەوتی هەڵەی کردوون. ئیتر لەم کاتەدا ناوەز زاڵ دەبێت بەسەر سۆز وهەستەکاندا... بێگومان تێپەڕاندنی ئەم کۆسپانەی کە دوژمن ئافراندوونی لەناخی دانیشتواندا چەندان جار سەخت تر لە ڕاستکردنەوەی تیۆریەیەکی زانستی. دەتوانین لەڕێگەی فێرکردنی نەخوێندەواران و نیوچە خوێندەوارانەوە بتوانین نەختێك خەڵکی هۆشیار بکەینەوە. بەڵام ناتوانین ناخی دژخواز بەهەمان ڕەوت چارەبکەین. لەم کاتەدا ناچاری بەکارهێنانی ئەو بەهرانەین کە کاریگەریەکانیان جادووئاسا و ڕاستەوخۆنە.

چەندین بەڵگەی دیارمان هەیە کە ئامازەی کاریگەری وتنی وشەمان بۆدیاردەخات لەچاو نوسراودا. لەنەمانیادا ڕۆژنامە بۆڕۆاییەکان ڕۆژانە چەند ملیۆنێکی لێ دابەش دەکرێت. بەڵام نەم بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامانە کاریگەرییەکی نەوتۆی نەبووە

لەسەر گرد بوونەوەی زۆرینەی خەڵك لە چواردووبەری دژە بۆرژوازیەکاندا. نوسراوی نێو ڕۆژنامەکان و بۆچوونی بیرمەندانی بۆرژوا بەسەر چەندین ملیۆن هاوڵاتی ئەڵمانیدا هەڵدەخلیسکا لەشێوەی هەڵخلیسکانی ئاو بەسەر سەهۆڵی چەوردا. واتە هیچ کاریگەرییەکیان نەدەبوو لەسەر ئاراستەکردنی دانیشتوان، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار: یەام ئەوەتا بۆچوون و بەرئەنجامی نوسراوەکانی بیریاران و هزرمەندانی بۆرژوا زۆر و هیچی پێ نییە لەبۆ گەیاندنی بە کۆمەڵگە، یان بێژە نوسراویەکانیان لاوازن و ناتوانن کار لەهەناوی خەڵك بکەن.

جارێکیان ڕۆژنامەیەك کەلەبەرلین دەردەچوو لەنوسراوێکیدا هاتبوو: ((وێژەی مارکسیزم و نوسراوەکانی کارل مارکس کاریگەرییەکی جادوو ئاسایان هەیە لەسەر هەناوی زۆرینەی گەل))، بەڕاستی بڕوام وایە ئەم قسەیە هیچ لەدۆخی ڕاستینەوە نزیك نییە، چون ئەگەر بڕوانین دەبینیت ئەوەی چینی ڕەنجکێشی لەم چەند ساڵانەی کۆتاییدا لەدەوروخولی مارکسیەکان کۆکردبۆوە کاریگەری وتاربێژان بووە نەوەك نوسراوەکانی کارل مارکس و جووە ژەهر ڕژێنەکان. بەڕاستی پەرتووکەکەی کارل مارکس بۆئەوە نەنوسراوەتەوە لەپێش دەستی زۆرینەدابێت، بەڵکو وەکو پەیڕەوی سەرەکی لقینی جووخوازی نوسراوەتەوە کە کار لەپێناو دەستگرتن بەسەر هەموو کونجەکانی جهاندا دەکات. ئامانجی ڕاستەقینەی گوێڕایەڵی هەموو گەلانی جهانە بۆ گەلی بەربژاردەی جوولەکە. ڕۆژنامەکان تەنها ئەرکی بانگەشە کردن بۆ بەرنامەکانی گرتە ئەستۆ، بەئامانجی جوانکردنەوەی دەقەکانی مارکس و بەلاڕێدا بردنی چینی ڕەنجبەر و زەحمەت کێش و بەکارهێنان لەبۆ خزمەتکردنی زایۆنیزم.

بەڕاستی سەرکەوتنی ڕاستەقینەی مارکسیزم دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەزاران وتاربێژەی دروستکراوە لەبۆ خزمەتکردنی ئەم بەرنامەیە. هەموان لەخزمەتی مارکسیزمدا بوون جا سەرکردەکان بێت یان کرێکاری بێبەش، جا ئاژاوەگێڕبێت کە قسە بە گوتاربێژ دەبڕێت خوودی گوتاربێژی مارکسی ، ئەمەش سەرباری ئەوەی گوتاربێژان هەموو جارێك ئەو قسانەیان دەکرد کە خەڵکان پێیان خۆشە و دەیان زانی چییان دەوێت و مەبەستە، بۆیە ئەوانیش بەو پەڕی تواناوە وشەی وروژێنەری ئەو بوارەیان ئامادە دەکرد و بەئامادەبوانیان دەفرۆشتەوەو ناخیانیان دەوروژاند، سەرباری ڕێکخستنی ڕێپێوان و خۆپیشاندانی دەیان هەزارکەسی کە هانی جهان

دەدات لەبۆ هەست کردنە بەوەی لەئەڵمانیادا کرێکار توانای پووخانی حکومەتی هەیە و کەی بیەوێت بەپێی بنەماکانی مارکس ملکەچی دەکات, ئەمەش وای کرد پۆژ لەدوای پۆژ هەزاران کەسی نوێ تەڤلی نێو بزوتنەوەی مارکس خوازی بن.

مارکسیزم زۆر ژیرانە توانیبوی سەربازانی بانگەشەی نوسراو دەست نیشان بکات. بەڕاستی پۆژنامەکانیان زیادتر لە وتارپێژ دەچوون وەک لەدەقی نوسراو, لەوکاتەی بوێژ و بیرمەندان و مامۆستایانی بۆرژوا جاربەجارێك حەزی قسەکردنیان بۆ دروست دەبوو, بەڵام مارکسیەکان جاربەجارە ئارەزووی نوسینی زانستییان لا دروست دەبوو, واتە ڕێك پێچەوانەی یەکتر بوون, ئەو جولەکەیەی ئەرکی بانگەشەکردنی بۆ مارکسیزم لەئەستۆ دەگرێت ئەوەندە پشت ئەستورە بەدرۆ و بۆهتان ئەوەندە پابەند نابێت بەدەقی نوسراوەکەیەوە, واتە ئەوەندە هەوڵی شاردنەوەی ڕاستیەکان دەدات ئەوەندە هەوڵی خستنەڕووی ڕاستیەکانی نەدەدا. ئەمەش مانای وایە کە پۆژناکە بۆرژواکان لەئاست گەیشتن بە لغاوی جەماوەر خۆبەکەم زان بووە لەئاست پۆژنامەکانی جوولەکە و مارکس خوازدا. ئەوکاتەی بڕیاری بەستنی کۆنگرەکانم دا بەشەو مارکس خوازەکانیش هەمان کاریان ئەنجام دایەوە, چونکە کاریگەری وشە بەشەو بەهێزترە وەک لەپۆژ. لەبیرم نەچوەتەوە کە جارێکیان لەمەیخانەی کادنکر لەمیونیخ , کەخەڵکێکی زۆر ئامادەبوون بانگەشەکان بۆ پارتەکەمان دەکرد, ئەوکاتەش کاتژمێر دەی سەر لەبەیانی بوو, ئامادەبوان زۆربوون, چونکە پۆژی شەممەبوو , بەڵام ئامادەبوان هیچ لەمن تێنەدەگەیشتن و کاردانەوەیان نەبوو, نەوەبوو چپلەی دەست خۆشیم بۆ لێبدەن نەش فیت و هوڕی ناپەزایی دەربڕن, بەڕاستی نیگەران بووم, نەم دەزانی چۆن ئامادەبوان بوروژێنم, هەر کۆبوونەوەیەکمان بەپۆژ ئەنجام دەدرا هیچ ئەنجامێکی دڵخۆشکاری نەبوو.

بۆیە ناچاری گۆڕینی کاتی کۆبوونەوەکان بووین. بەڕاستی یەکەمین وتارم کەلە کاتی شەودا بۆ ئامادەبوان ووت, وەکو وابوو ئاگر لەپووش وەربدەی, وەها هەستی ئامادەبوانی خرۆشاند. دەمدیت پووخساریان نیشانەی وروژاندنی پێوە دیارە, بۆیە منیش ئەوەندی تر بە جۆشەوە بێژەکانم دەردەبڕی. بەڕاستی سەیرم لێدەهات, باشە نە وتارپێژ و نەش زۆربەی بێژەبیستان نەگۆڕاون, تەنها کاتەکەی نەبێت, کەواتە بۆچی وشەکانم لەم کاتەدا ئەوەندە ئاگرینن؟ سەرچاوەی ئەم کات گۆڕینەمان

دەگەڕێتەوە بۆنەوەی جارێك گوێبیستی هاوڕێیەكم بوو كەبۆ هاوڕێیەكی دیكەی قسەی دەكرد و دەیگوت: جارێكیان بەڕۆژ شانۆگەری (گەلی نازادبوو)ی كردووەو جارێكیش بەشەو. بەڵام تام و چێژ و كاریگەری ئەوەی شەو زۆر لەوەی ڕۆژ قوڵتر و بەهێزتر بووە.

هتلەر، لەمۆڵی وتارداندا

لەم كاتەدا وتەیەكی بڕەختی مامۆستام بیركەوتەوە. كەدەیگوت: هێزی خوازویستی مرۆڤ لەڕۆژدا بەرگری دەكات لەهەمبەر هەر بۆچوونێكی نوێ كە بیەوێت بیخاتە ژێر ركێفی خۆیەوە. بەڵام بەشەو كەمترە. بۆیە باشتر وایە بەشەو هەوڵبدەین لەبۆ

دەستەمۆکردنی ئاوەز و هەستی کەسی بەرامبەر، چونکە لەشەودا هێزی بەرگری لای مرۆڤ لەم بوارەدا لەئێوارەوە دەست دەکاتە کەمبوونەوە، بۆنمونە کڵێسای کاسۆلیکی بەهەمان شێوە هەمیشە هەوڵی تاریک هێشتنەوەی هۆڵەکانی وتاردانی دەکات لەبۆ گونجاندنی دۆخەکە بۆ گۆڕگرتن و کاریگەری بەشێوەیەکی جوان و کاریگەری، ئەم کەشە دۆخێکی وەها بۆ بڕوادارانی دەڕەخسێنێت کە بەئاسانی تێبگەن و لەڕێگەی ئامۆژگاریەکانیەوە یاری بە دەروونی ئامادەبوان بکات.

***

لەسالأنی ۱۹۱۹ و ۱۹۲۰ و ۱۹۲۱ دا ئامادەی کۆبونەوەکانی بۆرژوازیەکان دەبووم، بەتایبەت ئەو کۆبوونەوانەی کە دیمۆکراتی خوازان و گەل ویستان و نەتەوە گەراکانی ئەڵمانیا دەیان بەست. بەڕاستی سەیرم لەخۆم دەهات بەوەی تەنها من ناچمە دەرەوە تا دواکەس لەقسەکانی دەبێتەوە، هەموان سەرقاڵی باوێشکدان بوون، زۆرێکیان شێوازی ڕەفتاریان وەهابوو وەکو ئەوەی لەمەیخانەدا دانیشتبێت و یاری کۆنکان بکات، بەڕاستی سەیربوو، وەکو ئەوە وابوو وتاربێژ بۆ ئەم ئامادە بوانە نەکات.

جارێکیان لە داغز لە میونیخ ڕۆشتم بۆ کۆبوونەوەی پارتێک کە هەوو کەس دەیتوانی ئامادەبێت، لیژنەی پراکتیکاری پارت یەکێک لەمامۆستاکانی زانکۆیەکی دیاری کردبوو بۆ دەسپێکی وتاربێژی و قسەکردن لەبارەی مەبەستی کۆبوونەوەکەوە، لەدەوروبەری مێزی وتاربێژەکەوە سێ کەسی جل ڕەش دانیشتبوون هەستم کرد ئەمانەن جێبەجێ کاری کۆبوونەوەکە.

گوتارەکە پێشتر نوسرابوو، مامۆستاکە دەستی دایە خوێندنەوەی ، بیست خولەک تێپەڕی نەکردبوو بەرە بەرە خەڵکان دەڕۆشتنە دەرەوە، باوێشکدان دەستی پێکرد، سێ کەس لەبەردەمدا دانیشتبوون وادیاربوون کرێکاربن، دیتم لەنێوان خۆیاندا ،دەستیان دابووە گەمەکردن، زۆری نەخیان تا ئەوانیش خۆیان لەهۆڵەکە دزیەوە. پاش لە تەواوکردنی وتارەکە کەسێک لە جێبەجێ کاران بەناوی ئامادەبوانەوە سوپاسی وتارخوێنەکەی کرد و داوای لەهەموان کرد سرودی نیشتمانی ئەڵمانیا بێژنەوە، هەموان هەستان بۆ وتنەوەی سرودی نیشتمانی، ڕێپێوان بەرەو دەرگاکە دەستی پێکرد، نەمەش بۆئەوە نەبوو ڕێپیوانەکە بۆ جوانکردنەوەی وتنەوەی سرودی

نیشتمانی ئەڵمانی بێت، بەڵکو بۆ خۆ دزینەوە بوو لە کۆبوونەوەکە و هەڵمژینی هەناسەکی ئازادی.

بەڕاستی ئەم دۆخە بەسەر کۆبوونەوە شەوبەستراوەکانی ئێمەدا نەهات و نەبوو، وتاربێژانی ئێمە وشەکانیان زۆربەهێز و کاریگەر بوو، سۆز و ناخی ئامادەبووی دەوروژاند و نەیارانی دەحەپەساند.

بێگومان پارتی شیوعی دەیان ئاژاوەگێڕی دەناردەکۆبوونەوەکانمان بۆئەوەی لەگەڵیاندا بەشەڕ بێین و پۆلیس بانگێشت بکەن و کۆبوونەوەکانمان لێتێک بدەن و دوای بخەن.

زۆرێک لەمارکس خوازان ئامادەی کۆبونەوەکانمان دەبوون و بڕوایان وابوو کۆبوونەوەی شیوعیەکانە، بەهۆی ئەوەی ڕەنگی پەڕۆی دروشمەکانمان سووربوون. بۆرژواکان بەهۆی بۆچوونەکانیانەوە ڕەتی هەڵدانی لافیتەی سوریان دەکردەوە، نەیان نەدەویست بڵێن: ئێمەش مارکسن و چەواشەی خەڵکی دەکەین، واتا ئەوان بەم شێوەیە لەئێمەیان دەنواڕی، بەڵام مەرامی ڕاستەقینەی ئێمە لەم ڕەنگە سوورە قۆستنەوەی کەسە توندڕەوە چەپەکانە لەبۆ تەقڵ بوونە نێو کۆبونەوەکانمان با ئاژاوە گێڕیش بێت گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە ئامادەبێت و نەختێک گوێبگرێت و دواتر چیدەکات با بیکات، ئەمەش باشترین شێوازێک بوو لەبۆ بلاوکردنەوەی بەرنامەکانمان لەنێویاندا.

مارکس خوازان کەوتنە ئەم داوەوە، کرێکارانی نێر و مێ ئامادەی کۆبوونەوەکانمان دەبوون، زۆری نەخایاند تاڕەوکاتەی ژمارەیەکی زۆر لە بەلشەفیک دوورکەوتنەوە و تەقڵی بزوتنەوەکەی ئێمە بوون و ئەوانەشی کاریگەریان بەسەریانەوە هەبوو لەگەڵ خۆیاندا پەلکەشی نێو بزوتنەوەکەمانیان کرد. لێرە بەدواوە سەرکردەکان ئامادەبوونی ئەندامانیان لە کۆنگرەی پارتەکانی دیکەدا هەڵوەشاندەوە و بڕیاری ئەوەیان دا، کە ئەندامەکانیان دەبێت بەشداری کۆبوونەوەی پارتەکانی دیکەبکەن و بە هێزی بازوو هەڵیان بووەشێنێتەوە، چونکە هەر کۆبونەوەیەکی دژە ئەوان بەلایەنگیری پاشاخوازی و کۆنەپەرەستی لەقەڵەمیان دابوو. نیو کاتژمێر بەر لەدەست پێکردنی کۆبوونەوەکەمان بە فەرمی هۆڵەکە لەکرێکار ئاخنرابوو، بەگومانەوە ئەهاتنە پێشەوە لەبۆ تێکدانی دەنگ گوێزەرەوەکان و کورسی

کۆبوونـــەوەکانیان دەشـــکاند و هەنـــدێك جـــاریش بـــەگومان کـــردن لـــەمارکس و بۆچوونەکانی دەڕۆیشتنە دەرێ.

بەڕاستی ئەنجامی ئەم کارە لەقازانجی ئێمە و زیانی سەرکردەی مارکسیەکان بوو, ئەمجارەش بێ هیوای کردنەوە. بەڕاستی ئەم کۆبوونەوانەی ئێمە بۆچوون و بنەما کارپێکراوەکانی کرێکارانی مارکس خوازی لەق کرد و ئەو چوارچێوە پتەوەی شکاندن کە تەوقی دابوون لەبۆ پاراستنیان لەکاریگەری وشە و دروشمی دەرەکی.

سەرکردەکانی بزوتنەوە مارکسیەکان گەرانەوە بۆ پلانی یەکەمیان: یاساغی ئامادەبوونی کرێکاران لە کۆبوونەوەکانمان بەوەی ئەگەر ئامادەبن لەئیشەکانیان دەردەکرێن و نانبڕدەکرێن. ئەمەش هەڵی زیادتری بۆ ئێمە ڕەخساند لەبۆ کارکردنە سەر دەروونی ئامادەبووان, چونکە ئەو مارکس خوازانەی ئامادەی کۆبوونەوەکانی ئێمە دەبوون لەترسی نان نەبڕینیان بەناچاری بە هێمنی دادەنیشتن و تەنها گوێیان دەگرت و وردە وردە لەبۆچوونە کۆنەکانیان پاشگەز دەبوونەوە, ئەمەش وای کرد بەئاسانی وتاربێژانمان بتوانن زاڵێتی خۆیان بەسەر بەرنامەکانی جووگەرەکی جیهانی دا بسەپێنن و دیواری دەور لێدەریان داڕووخێنین.

دواتر شێوازی پەیڕەوی سەرلێ تێکچوومان بینی لەڕۆژنامەی سورخوازان لە هێرشەکانیان بۆسەر ئێمە. بەرە بەرە سارد بوونەوە لەدژایەتی کرنمان , بەڵام پاش لەبەهێز بوونمان سەرجەم لاپەڕەی و سەردێڕی یەکەمین لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی سورخوازان تەرخان دەکرا بۆ دژایەتی کردنی ئێمە, ڕۆژنامەکانیان هەر ڕێگەیەکیان دەگرتە بەر بۆ دژایەتی کردنمان کەڵکی نەدەبوو, تەنانەت درۆ هەڵبەستن بۆمان و ناوبرندنمان بەگەحۆڵ و نازانستیش دادی نەدان, گەوجێتی بزوتنەوەکەمان هیچ ڕێگریەکی بۆ ڕۆژنامە مارکس خوازەکان نەخستە پێش لەوەی ئێمە بەهاوشێوەی ئەوان بە بێ ئابڕوانە دژیان بوەستینەوە, ئەمەش لای خەڵکی پرسێکی دروستی هێنایە گۆڕێ بەوەی: ئاخۆ لقینی نیشتمانی سۆسیالیستی چی کردبێت وا ئەمانە بەو شێوەیە لەشان و شەوکەتیان کەم دەکەنەوەو خۆئەم مارکسیانە خۆیان بەزانستی و نامرۆڤانەش هێرشیان دەکەنەسەر؟ ئەمەش بەسەر مارکسیەکاندا شکایەوە. ئەمجار پیلانی ماوەدرێژی جوولەکەیان بەکارهێنا. پیلانی تانە و تەشە و ناوزەندکردنیان بە تیرۆریست و هاندەر لەبۆ تێکدانی ئاسایشی ولات و وەرگۆڕانی خەڵك. بەڵام نەم

هەنگاوەش هیچ کاریگەرییەکی نەوتۆی نەکردەسەر گەشەکردنی لقینەکەمان و بەرنامەکانی. بەهۆی بوونی لایەنگری باشمان لەنێو بزوتنەوەکانی دیکەدا کەکاری هەواڵگریان بۆدەکردین لەگەڵ فرەوێژی خوودی سەرکردەکانی سورخوازەکان، دەمانتوانی هەموو کۆبوونەوەکانمان لەکاتی خۆیدا ئەنجام بدەین. ئێمە بەر لەڕوودانی هەر ڕووداوێك هەموو شتێکمان دەزانی. بۆیە بەباشی خۆمان بۆ کاردانەوە ئامادە دەکرد. هەرگیز پەنامان نەدەبردە بەر پۆلیس بۆ چارەکردنی کێشەکەمان، چونکە هاتنی پۆلیس بۆ کۆبوونەوەکان لەبۆ ڕێگرتن لەئاژاوە مانای هەڵوەشاندنەوەی کۆبوونەوەکە دەبێت.

پۆلیس هیچ یاسایەکی نەدەزانی، هەرکە بیان بیستبایە کۆمەڵێك ئاژاوەگێڕ دەیانەوێت کۆبوونەوەی پارتێك تێکبدەن لەبری دەستگیرکردنی ئاژاوە گێڕان کۆبوونەوەکەیان هەڵدەوەشاندەوە، بەهۆی ئەم پەیڕەوە ژیرانەی پۆلیسەوە هەر چەقۆوەشێنێك دەیتوانی کۆبوونەوە لە ئابڕووداترین پیاوانی وڵات تێکبدات یان بنەمایەکی تایبەتی خۆی بەسەر کەشی کۆبوونەوەکەدا زاڵ بکات. هەرکە کەسی ستەم لێکراو پەنای دەگرتە پۆلیس ئەوکات لەبری دەستگیرکردنی تاوانکار پۆلیس ئامۆشیاری کەسی ستم لێکراوی دەکرد بەوەی چیتر خۆی نەدات لەپێکدادان لەگەڵ کەسانی خوێڕی و دەمارگیر و چەقۆکێشدا.

بەمەش هەستمان کرد دەستەڵاتی وڵات ناتوانێت چالاکیەکانی پارتمان بپارێزێت هەربۆیە ناچارین خۆمان بپارێزین، تەنانەت گەر دەستەڵات پۆلیسیشی نارد کۆبوونەوەکانمانەوە بۆ پاراستن ئەوکاتیش هەمدیس پشت بەخۆمان دەبەستین بۆ بەرگری کردن، چونکە پشت بەستن بە پۆلیس مانای خۆبەدەستەوەدان و لاوازیی ئەنجامی پارتەکە دەگەیەنێت، وەك چۆن ڕووناکی پەپوولە پەلکێشی خۆی دەکات هێزیش جەماوەر ڕاکێشی خۆی دەکات.

وەك چۆن کەسێکی بوێر دەتوانێت دڵی ئافرەتێك داگیربکات ئاوهاش پارتێکی بوێر و نەبەرد دەتوانێت حەزی جەماوەر بۆخۆی کێش بکات، گەر ژیرانە ڕەفتارە نەبەردانەکانی بەکار بهێنێت، بەم شێوەیەش توانیمان خۆمان بڕیاری خۆپاراستنی خۆمان بدەین بەهۆی ئەو دەستە ئاسنینەی هەمان بوو کەهەردەم ئامادەی جەنگان بوون لەپێناوماندا و بوونی کارگێڕییەکی بەهێز و ئازایەتیەکی نەبەردانەش لای

هەموو ئەندام و سەرکردەکانی پارتمان یارمەتی ئەم سەرکەوتنەی داین. گەر ئەمان زانیبایە بەتەواوەتی دەستەلأتمان بەسەر کۆبوونەوەکەدا دەشکێت هیچ کۆبوونەوەیەکمان نەدەبەست . تەنانەت لەکاتی لاوازیشماندا دەمان توانی بەئاسانی کۆبوونەوەی پارتەکەمان بپارێزین لەگێرە شێوان.

بەڕاستی شایەنی گوتنە بەر لەدانانی پەیڕەوی فەرمی پارتەکەمان لە ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەکانماندا چاودێری و لاسایی بۆرژوا و مارکسیەکانمان دەکردەوە.

بەهۆی ئەوەی لایەنگرانی بۆچوونی مارکس خواز هەمیشە بەتەواوەتی فەرمانی سەرکردەکانیان جێبەجێ دەکرد هەربۆیە پەکخستنی کۆبوونەوەی مارکسیەکان لای بۆرژواکان هەرگیز جێگەی بایەخ پێدان نەبووە. بەلأم مارکسیەکان هەمیشە هەوڵی تێکدانی کۆبوونەوەی بۆرژواکانیان داوە. ببوونەوە ئاوەزی سەندیکا و هەرکۆبوونەوەیەک لەدژی مارکسیەکان ببەسترایە کرێکاری چینی ڕەش و ڕووت هەڵیان دەکوتایە سەر و تێکیان دەدا. ڕۆژنامە مارکس خوازەکان هانی دەستەلأتیان دەدا لەبۆ قەدەغەکردنی بەستنی کۆبوونەوە و بەتایبەت هی بۆرژواکان بۆئەوەی ڕووداوی نەخوازراو ڕوونەدات. لەکاتێکدا پاشان هەمان ڕۆژنامە ئاراستەی ئێمە کرا بۆ دژایەتی کردنمان. بەلأم ستایلێکی نوێترەوە. هانی کرێکارانی دەدا بۆ تێکدانی کۆبوونەکانمان و پاکتاوکردنی پارتمان.

بەڕاستی بۆرژواکان لەهەمبەر جووەکان زۆر لاواز بوون؛ چونکە زۆرینەی کۆبوونەوەکانیان لەترسی کرێکاران دوادەخست. خۆئەگەر کۆبوونەوەکەش دوا نەخرابایە ئەوکات سەرۆک وتەیەکی پێش کەش دەکرد و داوای لەنەیارانی دەکرد بەوەی خۆشحاڵە کە هاتوون و لەڕیزی ئامادەبواندا گوێدەگرن و دواتریش تکای تێکنەدانی کۆبوونەوەکەی لێدەکردن. بەوەی دەیگووت: ئەم کۆبووونەوەیە کورت و کەم خایەنە و دژایەتی هیچ لایەنێکی تێدا ناخرێتەڕوو و لەئامانجی هیچ ڕکابەرێکمانیش نادەین و سوکیان ناکەین. بەلأم سورخوازان مانای ئاشتی خوازیبان نەدەزانی. هەرکە وتاربێژ یەکەمین وشەی دەردەبڕی هەراو هۆسە دەستی پێدەکرد و نەیان دەهێشت کەس بزانێت ئەو وتاربێژە باس لەچی دەکات. هەموویان بەیەکەوە جمانیان دەدا. ناچار کۆبوونەکە تێکدەدرا. ئەمەش بەهۆی نەبوونی توانداری

بۆرژواکانەوە لەبۆ هەنگاو نان بۆ دژایەتی کردنی میوانە نەخوازراوەکان و بەشەق دەرکردنیان لەمۆڵەکە، بەڵکو لەم کاتەدا بۆرژواکان هەموویان پێکەوە بەرەو دەرگای ڕزگاربوون ڕایسان دەکرد و هیچ کاردانەوەیەکمان لەهەمبەر ئەم ئاژاوە گێڕانەدا نەدەبوو.

ئەوکاتەی سورخوازان هەستیان کرد ئێمە دەزانین چۆن دژایەتی ئەوان دەکەین، زۆریان سەیر لێهات و نەیان دەزانی کام ڕێگە بەکاربێنن بۆ لەناوبردنمان. هەرلەیەکەم کۆبوونەوەمانەوە ئەوەمان بە ئامادە بوان ڕاگەیاندووە کە ئاسایشی پارت ڕێگە بەهیچ ئاژاوەچییەک نادات کۆبوونەوەکەمان لێتێک بدات و ئەوەشی هەنگاوی ئاژاوەگێڕانە بنێت بەشەق و تێهەڵدان لەمۆڵەکە دەکرێتە دەرەوە، جا هەرکێ و چەند کەسیش بن.

ئێمە ئاسایشی بەهێزی مەشق پێکراومان هەبوو لەبۆ دەم کوتکردنی ئاژاوەچیەکان. بەڵام کۆبوونەوەی بۆرژواکان هەمیشە پاراستنی مۆڵەکان بە کەسانی پیر دەسپێردرا بەو ئومێدەی ئاژاوە گێڕان ڕێزی ئەو ڕیش سپییانە بگرن و کۆبوونەوەکەیان لێتێک نەدەن! بەڵام سوور خوازان ئەوەی بەلایانەوە گرنگ نەبوو بەهای مرۆڤی دژبەر بوو جا تەمەنی هەرچەندێک بێت.

لەدەسپێکی دامەزراندنی لقینەکەمانەوە دەستەی ئاسایشی پاسەوانی پارتمان دامەزراند، کەپێک هاتبوون لە دەیان سەربازی پێشووتر و دەیان لایەنگری خرۆشاوی ئامادە بۆ شەڕکردن. هەمویان گەنجی بەهێز و بازووداربوون. سووربووم لەوەی تێیان بگەیەنم ئەو شەڕەی ئەمان ئەنجامی دەدەن بۆ کەسی تایبەت نییە و کێشەیەکی نیشتمانی پیرۆزە و پێویستی بە خۆکردنە قوربانی و جەنگانە، ئەوانیش دواتر سوێندی دڵسۆزیان بۆ خواردین، تێم گەیاندن ترس تەنها بەترساندن چارە دەکرێت، نەک بە قسەی خۆش، بۆیە ئەگەر دەتانەوێت سەربکەوین ئەوکات دەبێت بەرگریکارێکی بەتوانای پارتمان بن و ئاسایشمان بپارێزن.

بەڕاستی لەسایەی پارچە پارچەبوونی گەلەکەمانەوە توانیومان سەرکەوتن بەدەست بێنین و بگەینە بەدەست هێنانی هەزاران لایەنگیر، ئەمەش بەهۆی پەرتەوازەیی پلانی بەگڕخراوی بۆرژواکان و چالاکی ئێمەوە بوو لەهەمبەر مارکس خوازان و بەدرۆ خستنەوەیان، بوونی سەرکردەی ژیر و سەربازی بەتوانا و جێبەجێ کاریش هاندرێکی فەرمی سەرکەوتنەکانمان بووە.

ئەوکاتەی هانی سەربازانمانم دەدا لەبۆ بەرگری لێکرنمان بەڕاستی ئەوەندی تر متمانەیان بە ئێمە پتەوتر دەبوو. دەوروژان. ئامادەی جەنگان بوون. پێم ڕادەگەیاندن کە ئەم بیرۆکانەمان هیچ چارەنوسێکی سەرکەوتنی نییە گەر هێز و بازووی ئێوەی لەگەڵدا نەبێت. هیچ ئاشتی کردنێك ئاکامی باشی نابێت گەر هێزی پشتیوانی لەدواوە نەبێت. لەبیرم ناچێتەوە ئەو دیمەنانەی کە دەمدیت چۆن ئاسایشانی پارتمان پلنگ ئاسا هێرشی دوژمنمانیان دەکرد. بێ ئەوەی گوێ بە ژمارە و زۆربیان بدەن. هیچ گوێیان بەمەترسی نەدەدا. تەنها ئەوەیان لەیاد بوو کە ئەمانە ئەرکی تەواوی پاراستنی جولانەوەکەمانیان لەئەستۆیە و دەبێت ئەرکەکانی خۆیان بەباشی ئەنجام بدەن.

***

لقینەکەمان لەبەهاری سالی ۱۹۲۱ەوە چوارچێوەی ئەنجامدراوو چالاکیەکانی گەشەپێدا. بۆیە پێویستمان بە پتر ژیر کردنەوەی دەستەی ئاسایشمان بوو. سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی دەستەکانمان بەرەو کێشکردنی بابەتێکی نەژادی کێشی دەکردین کە قاوقویەکی زۆری لەسەربوو. ئەویش نەبوون و دیاری نەکردنی هێما و ئالابوو بۆ بزوتنەوەکەمان. من بۆخۆم هەر لەدەسپێکەوە هەستم بە گرنگی لایەنی دەروونی کردبوو لەم وارودا. ئەوکاتەی بڕیارماندا لۆگۆ و ئالای خۆمان هەبێت پێشنیارێکی زۆرمان بۆهات. یەك بەیەك لەهەموو پێشنیارەکانمان کۆلیەوە هیچیان کەڵکیان نەبوو. تا ئەوکاتەی پژیشکێکی دگان پێشنیارێکی جوانی پێشکەش کردین. بەڵام ڕەنگە پێشنیارکراوەکانی پێکەوە نەدەگونجان. من بۆخۆم ڕەنگەکانم گونجاند و ئالای پارتم خستەپێش هاوڵانی دامەزرێنەری پارت. بازنەیەکی سپی لەسەر پارچەیەکی سوور. لەناوەڕاستی بازنەکەدا خاچێکی چەماوەی ڕەش هەیە. هاوڵانم ئەم هێمایانەیان پەسەند کرد و ئەمەش بووە هێمای بزوتنەوەی نیشتمانی سۆسیالیستی. هەر لەوکاتەشدا شێوازی هێما کانزاییەکە و لۆگۆی سەربالی هاوڕێیانی ئاسایشی بزوتنەوەکەمان دیاری کرد.

بێگومان ئالاکە هێمای لقینەکەمان و ئارمانجە مومبارەکەکانی بوو. ڕەنگی سوور لایەنە کۆمەڵایەتیەکانی بزوتنەوەکەمانە. سپی چەمکی نەتەوایەتی. خاچی چەماوەش هێمای تێکۆشانی درێژخایەنە لەپێناو سەرکەوتنی ئاری و سەرخستنی

بیرۆکەی کاری بەرهەمهێن. لەساڵی ١٩٢٢ دا ئەوکاتەی ئاسایشەکانمان کردە ناوکرۆکی یەکەیەکی شەڕوان کە لەخۆگرتەی هەزاران گەنج بوو, بۆ ئەم یەکەی ئاسایشە ئالاّ و هێمای تایبەتمان بۆ تەرخان کردن.

پاش لە فراوانبوونی بازنەی چالاکیەکانمان ژمارەی کۆبوونەوە فراوانەکانمان زیادکرد, لەهەفتەیەیەکدا سێ کۆبوونەوەمان لەگەورەترین هۆڵەکانی میونیخ دا دەبەست, پۆلیس هەموجارێکدەستی وەردەدا کۆبوونەوەکانمانەوە لەبۆ ڕێگرتن لە زۆربوونی ڕەشەبالّغی لەڕێگەی داخستنی دەرگای کۆبونەوەکان و گێڕانە دواوەی خەڵکە زیادەکە بۆ ئەو جێگەیەی لێوەی هاتوون.

لە زەمستانی ١٩٢١ دا ئەڵمانیا خۆی لەپێش کۆمەڵێك نەهامەتی گەورەدا دیتەوە, لەندەن و پاریس ئاگاداریان کردەوە کە پێویستە سەد ملیار مارکی زێر کەلەسەری ڕێك کەوتبوون بدات بەئەوان. لە ٢١ ی بەفرانباری هەمان ساڵدا پارتە بەناو ڕەگەز پەرەستەکان داوای ڕێکخستنی خۆپێشاندانیان دەکرد لە میونیخدا لەژێر دروشمی دژایەتی بۆ هاوپەیمانان, داوایان لەپارتەکەی ئێمەش کرد نوێنەری خۆمان بهەنێرینە کۆبوونەوەکانی لیژنەی ڕێکخستنەوە. لیژنەکە بڕیاری ڕێکخستنی خۆپێشاندانی دا لە گۆڕەپانی کونسینگ و دواتر بڕیاری دیاری کردنی گۆڕەپانی فلدنهالیدا , پاش چل و هەشت کاتژمێر بڕیاری ڕێکخستنی خۆپێشاندانێکی بەرفراوان درا لە هۆڵی کنوکیلز. لیژنەکە بەردەوام بوو لەسەر ڕاپرایی, خۆم یەکێك بووم لەنوێنەرای پارت و داوام لێکردن پێش لە یەکی ڕێبەندان بڕیاری کۆتایی بدات, داوایان لێکردم تاڕۆژی چوارشەمە مۆڵەتیان بدەم منیش وام کرد, هەمدیس ڕاڕاییمان لێیان بەدی کردەوە, پاش لەوەی هاوارم کردە سەر نوێنەرانی پارتەکانی دیکە و پێیانمان گووت: ئێمە بۆخۆمان گردبوونەوەکان ڕێکدەخەین, ئەو کۆبوونەوانەمان بەجێ هێشت.

ڕۆژی چوارشەممە ٢ی ڕێبەندانی ١٩٢١ بلاّوکراوە بەشاردا بلاّوبوویەوە کەداوای گربوونەوەی دەکرد لە ٣ ی ڕێبەندانداا لە یاریگای کرۆن. ئەم دەست پێشخارییە لای خۆیەوە هەنگاوێکی مەترسیداربوو لەبۆ ئێمە. یاریگاکە گەورەیە, فراوانە, گومان هەیە لەوەی بتوانین ئەوەندە خەڵك کێشی ئەوێ بکەیت بۆ ئەوەی جمەی بێت,هەمدیس پیاوانی پاسەوان لە میونیخ دا ئەوەندە زۆر نین کە بتوانن ئاسایشی کۆبوونەوەکە بپارێزن.

دەمـان زانـی رەنگـە دوژمـن ئـەم هەلـە بقۆزێتـەوە زەبرێکـی کوشـندەمان تـێ بسـرەوێنێت, باش ئاگامـان لـەوە بـوو کەتێکـدانی یـەك کۆبوونـەوەمان مانـای تـەواو داوەشاندنی بزوتنەوەکەمانە.

لە گزەنگی پۆژی کۆبوونەوەکەدا ئاسمان هەوراوی بوو, با بەتوندی هەڵی دەکرد, بارانی توند دابارێ, بۆیە پەشبینی لەنێو ئەندامانی پارتدا بلاوبوویـەوە لەبەرئـەوەی لـەم کۆبوونەوەیـەی کـە خراوەتـە پۆژێکـی وەهـا گێژەڵوکـەوە خـەڵکێکی کـەم ئامـادەی دەبن. پـاش نیـوەپۆ کـەش پەویـەوە ونـەختێك خۆش بوو, بۆیەپێشـنیاری ئـەوەم بۆ هاوڵاتم کرد کە تۆمبێلێکی باری بەکار بێنین بۆ بلاوکردنـەوەی بلاوکراوەکانمان و تێیدا داوا لەخەڵکی دەکرد بێنە کۆبوونەوەکەمانەوە, ئەمەش لەپێگـەی بیسـت گـەنجی کـوڕ و کچـەوە ئـەنجام دەدرێـت. لیژنەکـە پێشـنیارەکەمی وەرگـرت و بۆیەکـەمین جـار خـەڵکی تۆمبێلـی ئالأداریـان دیـت کـە مارکسـیەکان لێیـان نـەدەخوڕی, بۆڕۆاکـان وەستابوون و لەدوورەوە لـەم دیمەنـەیان دەنـواڕی, بـەڵام مارکسـیەکان ڕقێکـی زۆریـان لەناخدا دروست بوو, چون ئەم کۆبوونەوەیە دژدایەتی ئەوانی سوور خواز دەکات.

کاتژمێر حەوتی ئێوارێ پەیوەندیم بە یاوەرانمەوە کرد لـە یاریگـای کـرۆن, گوتیان هۆڵی سەرەکی پڕبووە و جمەی دێت و هۆڵەکانی دیکەش خەریکـە پڕدەبێت لەخـەڵك. ئەوکاتەی لە کاتژمێر ٨ ی ئێوارەدا گەیشتمەوە یاریگاکە دیتم لـە یاریگـای دەرەوەش ژمارەیـەکی زۆری خـەڵکی وەسـتاو و ئامـادەن, هەسـتم دەکـرد شـوێنەکە بچـووکە و ئامـادەبوان ناگرێـت, بۆیـە پیـاوانی ئاسایشـمان ناچـاربوون ڕێگـە بـە سـەدان کـەس نەدرێت بێنە ژوورێ. هاوڵێکم پێی ڕاگەیاندم کە پەنجـەرەی پلیـت فرۆشانمان پێنج هـەزار و پێـنج سـەد پلیتـی فرۆشتووە, زیـادتر لـە هـەزارکەسـی بێکاریش بـەبێ پلیـت هاتونەتـە ژوورێ.ئەمـەش مانـای وایـە ژمـارەی ئامادەبوان گەیشتۆتە شـەش هـەزار و پێنج سەد کەس.

بابـەتی قسـەکردنم بەناونیشـانی ((دەبێـت سـوبحەی بئـافرێنین یـام خۆمـان وون بکەین؟)). گوتارەکەم دووکاتژمێر و نیوی خایاند, هەر لەساتی یەکەمەوە هەستم کرد پەیوەندییـەکی تونـدوتۆڵ لـەنێوان وشـەکانی مـن و گـوێی بیسـەراندا هەیـە. هەندێك دەیان ویست قسەکانم پێ بپچڕێنن, بـەڵام بیست خولـەك پاشتر سێ هـەزار کـەس بـە

فیکه دەستیان دایە پچراندنی قسەکانم، هەر وشەیەك لەزارمەوە دەردەهات بە جۆش و خرۆش و بڕواوە وەردەگیرا.

سەرکەوتنی ئەم کۆبوونەوەیە بۆماوەی هەفتەیەك تاکە بابەتی گرنگی باس لێکراوی میونیخ بوو. ڕۆژنامە سەربەخۆکان وێنەیەکی ئەم سەرکەوتنەیان خستەڕوو، بەڵام بۆرژوازیەکان بەسەرەپێیی ئامارەیان بۆ کردبوو، بە ئەنقەست ناوی وتاربێژەکەیان نەنوسی بوو.

لەسەر داواکاری من بۆ قۆستنەوەی ئەم هەلە بڕیاری بەستنی کۆبوونەوەیەکی دیکەمان دا لەهەمان کات و گۆڕەپاندا، ئەمجارە ژمارەی ئامادەبوان حەوت هەزاری تێپەڕاند. پێنج سەد کەسیان لە گۆڕەپانی دەرێ وەستابوون و ئێمەش دەرگاکانمان بەکراوەیی هێشتبۆوە بۆئەوەی گوێیان لەقسەکانمان بێت، هەرجارێك سەرکەوتووبوونایە ئەوەندی تر بەخرۆشەوە کۆبوونەوەی نوێمان ئەنجام دەدایەوە و لەهەرکۆبوونەوەیەکی نوێتریشدا ژمارەی ئامادەبوان هەمیشە لەزیادبووندا بوو.

لەم کاتەدا دوژمنانمان دەستە وەستان نەوەستا بوون، بەڵکو دوو چەشنە پیلانیان لەهەمبەرماندا جێبەجێ دەکرد: پیلانێك بۆ گەوج پێشاندانی بزوتنەوەکە و پیلانێکیش بۆ دژایەتی کردنی. هەرکە بەهێز بووین و چالاکیەکانمان فراوانتربوون، هەنگاوی دووەمیان لەسەرمان تاقی کردەوە، بڕیاری ترساندن و تۆقاندنمانیان دا بەجۆرێك ئیتر نەتوانین کۆبوونەوە ببەستین.

دوژمنانمان پیلانە تیرۆستانەکانیان دەست پێکرد. جارێکیان پەنێکیان داو ویستیان بەسەر ئێمەدا بیشکێننەوە و ئێمەی لێ بکەنە بەرپرسیار. لە بۆنەیەکدا کەسانێکی نەناسراو تەقەیان لە نوێنەری سۆسیالیستی دیمۆکراتی(ئیرهارد ئەویر) کرد، بەڵام فیشکەکە نەی پێکا و تاوانبارانیش هەڵهاتن. لەڕۆژی دواتردا ڕۆژنامە جولەکە و مارکس خوازان هانی دەستەڵات دارانیان دەدا لەبۆ ڕێگرتن لە چالاکی چەقۆکێش و جەردە تیرۆریستەکان کە سەرقاڵی نانەوەی ئاژاوەن لە میونیخ دا،ئەمەش مەبەست لە پارتەکەی ئێمەبوو. ڕۆژنامەکە لەسەر زوبانی پارتی سۆسیالیستی باڤاریەوە دەیگووت: هەموو ڕێوشوێنێکی پێویست و توند دەگرینە بەر بۆ لەبنچك دەرهێنانی دڕەختەکانی ئاسمان، دەستی کرێکاران بە تەورەکانیان ملی ئەم دڕەختانە دەبڕنەوە و پشتی لەزەوی دەدەن.

چەند ڕۆژ پاشتر دوژمنەکەمان هەنگاوی خۆی نا، بەڵام درختە نەرمەکان بەزەویدا نەکەوتن.

لە ٢ خەزەڵوەری ١٩٢١ دا بانگەشەی کۆبوونەوەیەکما کرد کەلە ٤ ی پاش نیوەڕۆ لە هۆڵی هۆڤبروهۆس ئەنجام دەدرێت. نیو کاتژمێر پێش دەست پێکردن بە کۆبوونەوە ئاگادار کراینەوە کە سوورەکان سوورن لەسەر تێکدانی ئەم کۆبوونەوەیەمان، بۆئەمەش چەند سەد کرێکارێکیان ئامادەی جەنگین کردووە. کاتی زۆرمان نەبوو، بەڵام توانیومان شەست گەنجی بەباز و قۆڵ بەکار بێنین بۆ پاراستنی ئاسایشی هۆڵەکە، هەرکە گەیشتمە هۆڵەکە بەرپرسی ئاسایشی پارتمان پێی ڕاگەیاندنم هۆڵەکە ئەوەندە ئاژاوە گێڕی تێدایە ئەوەندە لایەنگیری ڕاستەقینەمانی تێدانییە، تەنانەت هەندێك لەژاوەژاو دروستکاران وەکو هێزی یەدەگ لەدەرەوە چاوەنواڕن، لەسەر ئەم بنەمایە پیاوانی پاسەوانم لە هۆڵێکی دیکەدا کۆکردەوە و ڕێنمایی پێویستم پێدان، پێم ڕاگەیاندن کە ئەوان هەرچەندە زۆرن بەڵام لاواز و بێدەست و بردن و لەکاتی جەنگیشدا سەرکەوتن هەبۆخۆمانە، هەستم کرد قسەکانم کاریگەری خۆی کرد، ئەوکاتەی ڕۆشتمە هۆڵەکەوە دیتم پڕە لەخەڵك، ئەوانەی دەیان ناسیم بە هەلهەلە و پیاهەڵدانەوە پێشوازیان لێکردم، گوێشم لە جنێوی زۆر ناخۆش بوو، تەنانەت دەیان گووت: ئەمڕۆ هیسابتان پاقژ دەکەینەوە و تەفر و تواناتان دەکەین، سنورێك بۆفرەوێژیتان دادەنێین و ئەڵمانیا لەدەستی ئێوە ڕزگار دەکەین...هتد.

لەکاتی دیاری کراودا کۆبوونەوەکە دەستی پێکرد، من لەپشتی مێزێکەوە وەستام و دەستم دایە وتار خوێندنەوە، هیچ شتێك نەبوو لە سەربازانی سوورم بپارێزێت، ئەوان ئەوەندەیان خواردبۆوە بەڕووکەشیانەوە توڕەبوونیان پێوە دیاربوو.

یەك کاتژمێر بەتەواوەتی قسەم کرد و کەس نقەی لێوە نەهات، وام هەست دەکرد دەستم گرتووە بەسەر دۆخەکەدا، بەڵام زۆری نەبرد هەڵەیەکی دەروون ناسیم کرد لەڕێگەی توڕەبوونم لەیەکێك لە ئاژاوە گێڕان، ئەوانیش ئەمەیان بەهەل زانی و مێز و کورسیەکانیان هەڵچەرخاند و پەلاماریان داین بەشووشە بەتاڵەکانی خواردنەوەیان، تەپ و وشك بەیەکەوە دەسوتا، قاو قیژ بەرزبوویەوە بۆ فەڵەك. بەڵام من بۆ خۆم جێگەکەی خۆمم جێنەهێشت، بەڵکو لە پاڵەوانانی هێزی ئاسایشمانم دەنواڕی کە

چۆن بەرپەرچی دوژمنانمان دەدەنەوە, پەلاماریان دەدەن وەکو ئەوەی گورگ پەلاماری ڕانە مەڕێك بدات, بەڵام لەناکاو گوێم لە زرمەی تەقینەوەی نارنجۆکێك بوو کە دیتم پێنج ئاسایشمان کەوتنە بەزەویدا, ئەمەش هەستی لایەنگرانمانی پتر خرۆشاند, تەنانەت ژن و پیرانیش کەوتنە وێزەی نەیاران و هاتنە هانای ئاسایشە بریندارەکانمانەوە و بەهەموویانەوە تواناییان هۆڵی کۆبوونەوەکە لەو ئاژاوە گێڕانە پاقژبکەنەوە, ئەمەش پاش لەوەبوو کە نۆ لە ئاسایشی ئێمە بریندار بوو, بیست و سێ سەربازی سوریش بریندار بوون. لەوکاتەی هاوڵانم سەرقاڵی گواستنەوەی بریندارەکانمان بوون بۆ نەخۆشخانە هیرمان ئایسەری سەرۆکی کۆبوونەوەکە پێی ڕاگەیاندم: کۆبونەوەکە بەردەوامە و تەواو نەبووە, دواتر داوای لێکردم بەردەوام بم لەوتاربێژیەکەم و تەواوکردنی قسەکانم, ئەم کارەم ئەنجام دا و دواتر بۆ چڕینی سرودی نیشتمانی نەتەوەیی چوومە پێشەنگی ڕیزی پێشەوە و دەستم دایە وتنی سرودەکەم.ڕازگرەکەم لێم نێزیك بوویەوە و گووتی ئەفسەرێکی پۆلیس و هێزێکی زۆر گەیشتن. لەوکاتەدا ئەفسەرەکە هاتە ژوورێ و بەدەنگی بەرز هاواری کرد بەفەرمانی دەستەڵات کۆبوونەوەکە تەواو بوو.

هێزدار سەرچاوەی هێزەکەی خۆیەتی

لەبەشی ڕابردوودا تیشکم خستەسەر بوون و دیارکەوتنی گیانی هاریکاری تەواو یام نیوچەیی لەنێوان ڕێکخراوە ڕەگەز پەرەستەکانی میونیخدا, بەجۆرێك هەموو ڕێکخراوەکان پێکڤە کاردەکەن لەبۆ گەیشتن بە ئامانجێکی هاوبەش.

گومانی تێدانییە بوون و دیارکەوتنی هاریکاری لەنێوان بزوتنەوە یان دامەزراوە ئامانج لەیەك نزیکەکان کارێکی خوازراوی بەخێرهاتن کراوە. بەڵام هەرکەسێك بڕوای وابێت لەم ڕێگەیەوە تواناداری بۆ ئەنجامدانی کاری بەهێزتر لۆ دەستەبەر دەبێت ئەوە هەڵەیە؛ چون کاری هاوبەش تەنها بۆ قازانجی یەکێکیان نییە بەڵکو هەموویان کێبڕکێ دەکەن لەبۆ ئەو پەڕی سوود لێ دیتن لەم هەنگاوە, بەداخەوە پارتەکەمان پاش قوربانی دان فێری ئەوە بوو کە, گەر بزوتنەوەیەك بیەوێت بگاتە ئامانجێکی بومارەك ئەوکات دەبێت بیرۆکەکانی پێشەنگی هەنگاوەکانی بێت و شوێنی کەس نەکەوێت, ئەو پارتانەشی لە پەراوێزی بزوتنەوەکەدا بوون چاوەنواڕی هەلێك بوون کەلە شکستی ئێمەوە سەرچاوە بگرێت بۆسەرکەوتنی ئەوان, واتە ئەگەر پارتی سەرەتا و خاوەن ئامانجی دیاری کراو شکستی هێنا ئەوا پارتەکانی دیکە مافی تەواوکردنی ڕێبازەکەیان هەیە, بەڵام گەر هاتوو پارتی یەکەم زاڵبوو بەسەر بۆچوون و

لەمپەرەکانی دژبەریدا ئەوکات. ئەوا لەم کاتەدا نابێت ڕێگە بەهیچ بزوتنەوەیەکی دیکە بدرێت بۆ تەقڵ بوونە نێو بەرهەمەکانی کاری ئەم بزوتنەوەیە و خواردنی بەرهەمەکانی.

لە ساڵی ١٩٢٢ دا هاریکاری نێوان بزوتنەوە ڕەگەزپەرەستەکانمان ئەزموواند. پشت بەست بە یەکخستنەوەی پلانەکانمان بۆ گەیشتن بە ئامانجی هاوبەش. کات زۆر تێنەپەڕی بوو. تاوەکو هەڵەی خۆمانمان زانی؛ چونکە هاوپەیمانانمان لەسەر هیسابی ئێمە سەرقاڵی خۆ پتەوکردن بوون. بەرئەنجامیش تەنینەوەی کێشە لەنێو ڕیزەکانمان و وون بوونی بەرپرسیارێتیەکان دەبوو. تەماعی خوودی ڕۆڵێکی نەرێنی بینی لە بەلاڕێدا بردنی بزوتنەوە یەکگرتوەکان. هەر لەم کاتەدا ئامۆچیاری پارتم کرد لەوەی پێویستە سنورێك بۆئەم بەرەو شکستەمان دابنێین. کەبەدەستی خۆمان واخەریکە خۆمان لەناودەبەین و سەرکەوتنەکانمان بەوانی دیکە دەبەخشینەوە. بەبەڵگەی ئەوەی پارتێکی بەهێز بە یەکگرتنی لەگەڵ پارتێکی لاوازدا خۆیشی بەرەو لاوازی دەبات. سەردارانم هاوەدار کردەوە لەو ئامانجە شاردراوانەی کە سەرکردەی بزوتنەوەکانی دیکە شاردوویانەتەوە. پێم گووتن ئەمانە دەستەیەکی ڕامیاری کاری بەهێزن. بیرۆکەکەی ئێمەیان لا پەسەندە و هەوڵی قۆستنەوەمان دەدەن. ئەمانە لەباتی ئەوەی تەقڵی بزوتنەوەی نیشمانی سۆسیالیستیمان بین و کاربکەن بۆ سەرخستنی هەستاوان بەدامەزراندنی پارتی جودا. ئەوکاتەش زانیان وەکو ئێمە سەرکەوتوو نابن بەناچاری هانایان بۆ هێناین. بەڵام لەژێر دروشمی یەکگرتن و تێکۆشان بۆ یەك ئامانج. بەڵام ئەمانە هەمووی فرت و فێڵی پۆخڵە و دەیەوێت ئێمە بەکاربێنێت.

زۆری خایاند تاوەکو توانیم هاوڵانم قایل بکەم بەم ڕاوبۆچوونانەم. لەدەسپێکدا پشتیوانم نەبوون. جگە لە چەند هاوڵێك. بەڵام ئەو کاتەی بڕیاری ئەنجامدانی خۆپیشاندانمان دا لەهەمبەر قەرەبوو کردنەوەی بەریتانیا و فەرەنسا هوپەیمانانی ئێمە ڕاڕا بوون. لێرە بەداوە مۆمقۆی کشانەوە لەو هاوپەیمانێتیە سەری هەڵدا. ئینجا هەموو هاوڵانم هەستیان بەوەکرد گەر بزوتنەوە یان لقێنێك خۆی خاوەنی بەرنامە و چەمکی فەلسەفی تایبەت بێت بۆ کار ڕاپەڕاندن ئەوکات چ پێویستی بە هاوپەیمانێتیە. لەم کاتە بەدواوە دەبێت جوڵانەوەکەمان خۆی پشت بەخۆی ببەستێت

و لەنێو دڵی نەیارانیشیدا جێگەی خۆی بکاتەوە و تاوەکو گەیشتن بە دوندەی سەرکەوتن نابێت بوەستێت بەتێکۆشان.

***

بەر لە ساڵی ١٩١٨ دەوڵەتداری لەئەڵمانیادا پشتی بە سێ بنەما بەستبوو، پڕێمی پاشایەتی و سوپا و فەرمانبەرانی کارگێڕی . پاش شۆڕشی ١٩١٨ کۆڵەکەی پاشایەتی نەما و سوپا بەرەڵاکرا و فەرمان بەرانیش دووچاری گەندەڵکاری بوون، بەمەش ئەوەی پێی دەگوترا بنەما و کۆڵەکەی دەوڵەت بۆ سەپاندنی دەستەڵاتی بوونێکی نەما و هەموو تونا بوو.

بنچینەی هێزی دەستەڵات بەزۆری پشت بەستراوە بەجاوەر،بەڵام ئەم دەستەڵاتە زۆر لاواز دەبێت ئەوکاتەی پشت بەیەک جۆر جەماوەر دەبەستێت؛ چونکە هەر حکومەتێک کاتێک جەماوەر تەنها پشتیوانی بێت ئەوکات ئاسایش و ئارامی زۆرجار دەستەبەر نابێت. بۆیە کۆڵەکەی دووەمی دەستەڵات لێرەدا هێزە، لەکاتێکدا چانسی بۆ هێنانەدی ئارامی باشتر نییە لە چانسی پشتیوانی گەلز بەڵام گەر ئەم دوانە پێکەوە دەستەبەرکران: جەماوەر و هێز، ئەوا بەتێپەڕبوونی کات ئەوەی پێی ئێژن نەریت ئەوە دێنێتە بوونەوە، لەم سێ پایەشەوە دەتوانین دەستەڵاتێکی زۆر بەهێز و کۆڵەکەدار دابمەزرێنین.

هەڵایسانی شۆڕش بووەهۆی ئەوەی کە دەستەبەربوونی ئەم سێ کۆڵەکەیە نەکردەنی و نادەستەبەربێت، شۆڕش هەموو تواناکانی نەریتی تەفرکرد لەڕێگەی لەناوبردنی دەستەڵاتی پاشایەتیەوە؛چونکە لەسایەی شۆڕشەوە هێمنی و ئۆقرەیی بۆ هەموان دەستەبەر نییە، سەرجەم ئامازەکانی ئاکار جوانی کارمەندانی خستە نێو تەنەکەی زبڵەوە بەتایبەت ئەوکاتەی ڕامیارکاران دەست کراوە بوون لە دامەزراندن بە دڵی خۆیان و دانانی لایەنگران و مامۆستاکارانیان لەو پۆست وجێگایانەی خۆیان دەیان ویست، بەدڵی خۆیان کارمەندیان دادەنا و دەگواستەوە یان دوور دەخستەوە، هەموو کێشەکانی ولاّت بوون بەوەی چۆن پارتێک زۆرترین لایەنگر بۆ خۆی پەیدا بکات جا ئەو ڕێگایانەی دەگرتە بەر بۆئەم کارە هیچ گرنگ نەبوو چۆن و چی دەبوو، ئەوکاتەی شۆڕش هەستا بە والاّکردنی دەستی سوپا و لێنەپرسینەوەی ئەوکات بنەمای هێزی دەوڵەتی لەدەستدا، بەم کارەس کۆڵەکەی دووەمی دەستەڵات بوونی

نەما, بەراستی بەناو شۆڕ گێڕان بەم کارەیان گەلی ئەڵمانیایان کرد بە پەندی بۆ گەلانی دیکە بۆئەوەی هەرگیز شکست نەخۆن, ئەگینا وەکو ئەڵمانیا یان لێدێت.

هەموو گەلێك لەسێ گروپە خەڵك پێکدێت: گروپی بژاردەی خاوەن هەستی نیشتمان پەروەری و تونددڕەو, ئەمانە بەدڵسۆزترین چینی هاوڵاتیانی وڵاتن, گروپێکی دیکەی تر پێکدێن لە دەستەی خوێڕی و مامەحەمێ کار و ترسنۆك و تاوانکاران...لەنێوان دەستەی بالأی کۆمەڵگە و سوکترینداا چینێکی مام ناوەندی هەیە کە لە سووکەکان بەنرختر و لە بالأکانیش خوارترە, , ئەوکاتەی دەستەیەکی گەل بەرەو سەرکەوتن هەنگاو دەهاوژون ئەوا بزانە پشتیوانی دەستەی یەکەمی کۆمەڵگەی لەپشتەوە, خۆئەگەر گەل گەشەیەکی ناوەندی کرد لەدۆخێکی سروشتیدا ئەوا بزانە کاریگەری چینی دووەمی ناوەنجی بالأیە کە ئارەزووی میانگیری هەیە, بەڵام هەرکاتێك نرخی مرۆڤەکان داڕمان و پرۆزیەکان قێزەونکران ئەوا بزانە چینە سوکەکەی کۆمەڵگە بوونەتە خاوەن دەستەڵات و واخەریکە گەل بەفەتارەتی توانەوەدا دەدەن.

وەك ئاشکرا چینی ناوندی زۆر بەکەمی دەتوانێت ببێتە خاوەنی دەستەڵات مەگەر بەهۆی کێبڕکێی زۆری نێوان دووچینی بالأ و سوکدا نەبێت کە هیچ کامێکیان ڕێگە بەوی تر نەدەن بچێتە سەر دەستەڵات, بەڵام پاش لە سەرکەوتنی بەریەك لەم دوو دژە ئەوکات زۆرینەی چینی ناوەند گوێڕایەڵەی بەرەی سەرکەوتوو دەبێت, هیچ ڕاڕا نابێت لەپشتیوانی کردنی بەرەی سەرکەوتووی بالأ, بەڵام هەرکاتێك زۆرینە بۆی دیارکەوت چینی سوکی پارە و بەرژەوەندی خۆ خواز سەرکەوتووە ئەوکات نەڕاستەوخۆ پشتگیری لێدەکەن نەش دژبەری دەوەستنەوە, چونکە ئەم دەستە زۆرینەیەی کۆمەڵ خاوەنی گیانێکی تێکۆشانی نییە.

جەنگ بووەهۆی داڕمانی هاوسەنگی نێوان ئەم سێ چینەی کۆمەڵ, بژاردەکان تا دوا دڵۆپی خوێنیان دەجەنگان و هەزاران پرڵەی چینی ناوەندی کۆمەڵیش تیاچوون لەوکاتەی چینی سوکەکان لەپشتەوە چەقۆی ژەهراوی شۆڕشیان دژ بە ئەڵمانیا تیژدەکرد. بەپرسانی وڵات لەهێڵەکانی ئاگرەوە بانگەشە دوای بانگەشە داوای خۆبەخشیان دەکرد, کێ دەتوانێت خۆبەخشانە پۆستە بگەیەنێت؟ ئەی کێ توانای بوون بەسەر بازی دەریایی یان ئاسمانی و وشکانی هەیە؟ کێ گەرەکیەتی فەرمانەکان

لەنێوان هێڵەکاندا بگوازێتەوە, کێ توانای پارێزگاری کردنی هەیە....ئەم داواکارییە بۆماوەی چوار ساڵ بەردەوام بوو, بەزۆری لاوانی خوا حەقدەساڵ و پیرانی سەرووی پەنجا بەهانای ئەم بانگەوازانەوە دەچوون, کە هەموویان نیشتمان یەک ئامانج کۆی کردبوونەوە کەئەویش نیشتمان پەروەرییەکی ڕاست گۆیانە بوو. فیشەک و ئاگری دووژمن هەزاران گەنج و خۆبەخشی تیابرد, لەهەمان کاتدا لەدەشتەکانی فلاندەر بە خوێنی هەزاران گەنجی تازە پێگەیشتوو ئاوی خاکەکەی دەدرا کەبەبێ مەشقێکی تەواو ئاراستەی ناوچەکە کرابوون و ببونە نێچیری فیشەکانی دووژمن, کەچی لەپشتەوە دوژمنانی نیشتمان سەرقاڵی دەگەدان و داڕمانی ئەڵمانیا بوون, ئەمان کارێکیان کرد دوژمن لەبەرەی جەنگدا پێی نەکردین.

هەموو ئەوانەی لە جەنگەکانی ١٩١٤ ەوە کەوتن لە وەچەی چینی ناوەندی وبالآبوون, واتە بەدەر بوون لە لەخۆگرتنی سوکەکانی ولآت. بەم جۆرەش جەنگ هەر لەدەسپێکیەوە بە قازانجی کەسانی خوێڕی ولآت شکایەوە, چونکە پەیڕەوی سەربازگرتن و لاوازی دەستەلآتی دەسەلآتداران لەنێوخۆی ولآتدا بواری تەواوی بۆئەم مشەخۆرانە ڕەخساندبوو بۆ بەرپاکردنی شۆڕش لەبەرژەوەندی خۆیان. لەگەڵ یەکەمین دۆڕانی جەنگیماندا دوژمنانی ولآت لەناوخۆدا تۆوی شۆڕشیان چاند, کاتی هەلآیسانی شۆڕشیش چینی بالآ ئەوەندە ماندوو ببوو نەی دەتوانی خۆی لەپێش چینی فێڵبازان و بێ ئابڕواندا بگرێت.

هەریەکێک بێژێت شۆڕشی ١٩١٨ ی ئەڵمانیا شۆڕشێکی گشتگیری جەماوەری بوو ئەوا هەڵەی کردووەو ناڕاستی وتووە, چونکە کۆمەڵی ئەڵمانی خۆی نەبوو کە شۆڕشی هەلآیساند و خۆی دابەزاندنە چینی خوارەوە, ئەوانەی وایان کرد دوشمنی نەتەوەو گەلی ئەڵمانین, شۆڕش هەڵگیرسێنەران پێک هاتبوون لە سەربازە هەڵهاتوەکان و ناپاکانی دوژمن خواز و هەڵخەڵەتێنەرانی دەم لووس, لەکاتێکدا ئەم کەسانە خۆیان فاکتەر و هۆکاری شکستی جەنگ بوون کەچی بۆ پاقژکردنەوەی خۆیان کەسانی دیکەیان تۆمەتبارکرد, لەڕێگەی هەڵگیرساندنی شۆڕشەوە.

زۆرینەی سەربازان خۆشحاڵ بوون بە تەواوبوونی ئەو جەنگە خوێناویەی دووچاری هاتبوون, حەزیان لەگەڕانەوەبوو بۆ زێدەی باوانی, بەڵآم هەرگیز متمانەیان بەشۆڕش و ئامانجەکانی نەبوو؟ چونکە ڕێکخارانی شۆڕش و دنەدەرانی گومانیان

هەبوو لەسەربازە ڕاستەقینەکان . هەروەها سەربازانیش ئەو گاڵتە جاڕیانەیان لەبیرنەکردبوو کە پارتە ڕامیاریەکانی وڵات ئەنجامیان دابوو لەکاتی جەنگدا, ئەو کەسانەشی خۆشحاڵی تەواوبوون بە هەڵایسانی شۆڕش پێشوازیان لە دروشمە زلەکانی شۆڕش کرد نەوەک خوودی شۆڕش, شۆڕش بەتەنها پشتی بەکەمینەیەکی کەم بەستبوو. ئەمەش زبانی زۆری بە مارکسیەکان گەیاند, بەجۆرێک چەند مانگێک پاش شۆڕش مارکسیەکان ناچاربوون بەدووی کۆڵەکەیەکی بەهێزدا بکەڕێن بۆ خۆ پتەوکردن, بەرلەوەی تاخمە باڵاکانی وڵات خۆیان یەکبخەنەوە و وڵات لەدەست ئەم ئاژاوە چییانە ڕزگاربکەن.

پەیڕەوی کۆماری لەدەسپێکی ١٩١٩ دا گەلێک لە بەدیهێنانی ئۆقرەیی بەدوور بوو, پاڵەوانانی شۆڕش باش ئەیان زانی کە لەگەڵ دەسپێکی هەڵکردنی ئێکەمین گێژەڵۆکەی یەقیکردنەوەدا پێگەی جەماوەرییان دادەڕمێت و تیادەچن, بۆیە بەناچاری بەدوای کەسانی چەقۆکێشەوە بوون کەلەڕێگەی بەکارهێنانی هێزەوە بتوانێت ئەم کۆمارەی ئەوان دایان مەزراندووە بپارێزن لە تیاچوون.

بێگومان پاش لەوەی کۆمار هەستا بە بەرەڵاکردنی سوپا, هەستی کرد زیادتر لەجاران پێویستی بەهێزی سەربازییە بۆ خۆپاراستن لەدوژمنانی, لەم کاتەدا تەنها ئەوەی هەیبوو لایەنگیرە هەڵخەڵەتێنراوە جەماوەرییەکەی بوو, بەڵێ ئەم کۆمارە بەو کەسانە سپێردرا کە هیچ مانای دەوڵەتداریان نەدەزانی و تەنانەت بەباشی بەشداری ئەو شۆڕشەشیان نەکرد کە دواتر دەستیان بەسەردا گرت, ئەمانە نەیان دەتوانی تاکە کەسێک ئاراستەی بەرگری کردن لەشۆڕش بکەن , نەیان دەزانی دەوڵەت چۆن ڕێک دەخرێت, تەنها ئەیانویست سیستمی پاشایەتی وڵات لەناوبەرن و هەموو شتێک وێران بکەن, بەڵێ ئەمانە کەس گەلێکی بێ ئاوەزی شەڕانگێزبوون, دروشمیشیان پاش لە هەڵایسانی شۆڕش ببووە تالاڵنکردنی ئەو خوودی ئەو کۆمارەی کە لەسەر پاشماوەکانی دەوڵەتی پاشایەتی دامەزراوەو خۆیان بە خاوەنی دەزانن!

ئەو هات و هاوارەی کە لە نوێنەرانی ڕاستەقینەی گەلەوە دەردەپەڕی هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر ئەو دەستە بێ ئابڕووە نەدەبوو, چۆن دەگونجێت ئەوانەی خۆیان خودی کۆمارەکەیان لەگەندەڵی و بێڕەوشتیدا نوقم کردووە هەوڵی دەربازکردنی بدەن لەو کێشانەی دووچاری دەبێتەوە؟ نوێنەرانی ڕاستەقینەی گەل

دەنگ و نالەیان بەرزبوویەوە, چون باش دەیان زانی زەوینی ژێر پێیان واخەریکە لەدەست دەدەن و دەبێتە هیچ, دەیانزانی گەلی ئەڵمانی دەستی داوەتە ناڕەزایەتی دەربڕین, چەندین کەس هەن بە ئاشکرا داوای ئەنجامدانی کۆدەتا دەکەن بەسەر ئەم سیستمەی حوکمڕانیەدا لەبۆ سنووردانان بۆ ئەم گەندەڵی و دزی و ستەمەی کەلەلایەن خەڵکانی دەستەلاتدارەوە ئاراستەی خەڵکی ئاسایی دەکرێت و ئەوانیش بەکارە پۆخڵەکانیان تێوە دەگلێنن.

بەڵام ئەوانەی بەدەم ئەم بانگەشەیەوە هاتن لە زستانی ۱۹۱۹ دا جلکی سەربازییان لە دۆڵابەکانیان دەرهێنایەوە بۆ هەڵگرتنەوەی چەک و لەسەر کردنی کلاۆ ئاسنی جەنگ لەبۆ تەواوکردنی ئەو ئامانجەی چەکیان بۆی هەڵگرتبوو, پاڵنەریشیان بۆئەم کارە نیشتمانی پەروەری خۆیان بوو نەوەك پاراستنی کۆمارە بۆگەنەکە. ئاسایش و ئۆقرەیی ولاّت پێتقی بە کەس گەلێکی بەهێز بوو لەبۆ پاراستنی لە دوژمنانەی ناوخۆ پێش لە دوژمنانی دەرەکی, ئەم جەنگاوەرانە بەخۆبەخشی یەکیان گرتەوەو یەکە و تیمیان پێکهێنا و دەستیان دایەوە پاراستنی نیشتمانەکەیان,ئەمانە هاولاّتیانیان دەپاراست و ڕقیشیان لەخوودی ئەو کۆمارە دەبوویەوە کە سوکەکان دروستیان کردبوو.

جووخوازی جهانی کە ڕێکخاری فەرمی شۆڕشەکە بوو هەستی بەم ڕاستینەیە کرد کە گەلی ئەڵمانی وەکو ڕووسیەکان دانەبەزێنە نێو زەلکاوی بەلشەفیکیەوە لەبۆ خۆخنکاندن و لەناوبردنی خوود, ئەوەی وای لە جووخوازانی نوێنەری بەلشەفیکی ڕووسی کرد سەرکەوتوو نەبن لەکارەکانیاندا یەکگرتنی هەموو ئەڵمانیەکان بوو لەژێر دروشمی یەك ڕەگەزیدا, ئەم ڕەگەزە بیرمەندانی ڕاستەوخۆ بەکرێکارانەوە دەبەستەوە, ئەمەش دیاردەیەکی باوە لەولاّتانی ئەوروپای ڕۆژئاوادا بەڵام لەڕووسیادا بوونێکی نییە, بەجۆرێك نوسەران لە بورجێکی عاجیندا دەژین , چونکە ئەوان نامۆن بە گەلی ڕووسی, هەست بە کێشەکانی چینی ڕەنجدەران ناکەن و نەشیان چێشتووە. لەڕووسیادا هیچ چینێك یان ناوەندێك بوونی نەبوو لەبۆ پێکەوە گرێدانی نوسەران و ڕەنجبەران, لەکاتێکدا ئاستی زانست و زانین بەر لەجەنگ زۆر نزم بووە, هەربۆیە دنەدەران زۆر ماندوو نەبوون لەهەڵخەڵەتاندنی خەڵك و ئاراستەکردنیان بەو شێوەیەی خۆیان دەیانەوێت, لەبۆ دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی مارمێلکە یان هەژاران.

بەڵام ئەوەی لە ئەڵمانیادا ڕوویدا ئەوەبوو کە: گەر سوپای ئەڵمانی لەبەریەک هەڵنەوەشایەتەوە ئەوە هیچ کات شۆڕش سەرکەوتوو نەدەبوو, بەڵام ئەمەش مانای وانییە کە ئەو سەربازەی لەهێڵی ئاگری جەنگدا بووە هۆکاربێت لەبۆ هەڵوەشاندنەوەی سوپا و سەرگرتنی شۆڕش. ئەوانەی شۆڕشیان هەڵایساند و گیانی پوکانەوە خوازییان لەناخی سوپادا چاند ئەوانە بوون کە هەرگیز نەچووبوونە ڕیزی سووپاوە, بەڵکو ئەمانە وەکو بەرپرسی کارگێڕی بەباشی خۆیان چەسپاندبوو و پێگەکانیشیان بەزۆری کاروباری ئابووری و دارایی بووە لەبۆ ئەوەی هەموو کات دەوڵەت پێویستی پێیان بێت و نەیان نێرێتە جەنگەوە. بەیەکگرتنی ئەمانە و ئەو هەزاران هەڵهاتووانەی بەرەکانی جەنگ کەلەسایەی یاساکانی چاوپۆشینەوە پارێزراوبوون هەڵایسانی جەنگی ناوخۆ ئاسانتربوو.

مردن ترسنۆک دەترسێنێت, ئەم مردنە لە گۆڕەپانەکانی جەنگدا ڕۆژانە بەچەندین شێوە خۆی پیشان دەدات. لەبۆ ڕێگرتن لە سەربازە ترسنۆکەکان لەوەی هەڵنەیەن لەشوێنەکەی خۆیان تەنها یەک ڕێگە هەیە: پێویستە هەڵهاتووان تێبگەیەندرێت کە ڕاکردنی هیچ دادی نادات و ناچارە سەربازی تەواوبکات و ئەوەی لێی دەترسێت ناچارە ڕووبەڕووی بووەستێت. لەبەرەی جەنگدا ڕەنگە پیاوی بەتوانا بکوژرێت, بەڵام هەڵهاتوو کوشتنی گوماناوی نییە.

کارێکی باشە وا هەست بکەین کە تواناداریین لەبۆ شەڕ هەڵایسان و بەرگری کردن لەم قەوارەیەی هەمانە تا کۆتا هەناسە, بەپشت بەستن بەو پاکدامێنی و خۆشەویستی و بڕوایەی کە هاوڵاتیان بە ئەم بابەتەی حکومەتەکەیانەوە هەیانە.

لەبیرمان نەچێت ئەرک ئەنجامدان کارێکی ئەوەندە شکۆمەندانەیە کە هیچ هاوڵاتیەکی ڕاستەقینە خۆی لێی نادزێتەوە, هاوڵاتی نمونەیی ئەوەیە کەپاش لەوەی فەرمانێکی بۆ دێت ڕاستەوخۆ جێبەجێی دەکات, ئەمە دۆخی هاوڵاتی ئاسایی نییە, هەربۆیە بوونی هاندەری وروژێنەر لەڕێگەی ترسەوە لەم کاتەدا زۆر پێویستە.

بۆنمونە ئەو یاسایانەی کە ژبەر ڕیشەکێشکردنی دزی و جەردەیی و سزادانەوەی دزان پەیڕەو دەکرێت, ئەوا:

ئەم یاسایە لەبۆ ترساننی چینی بالای هاوڵاتیان نییە بەڵکو بۆ لاوازە بێ خوازویستەکانە,ئەوانەی بێ توانان لەهەمبەر دژایەتی کردنی ئارەزو و حەز و

تاقیکردنەوەکانیاندا, ئەگەر یاسای سزادان نەبوایە لەبەرامبەر ئەم چینە سوکەدا ئەوکات پیاوانی بەئابڕوو و بالاّ بە گەموژ تەماشادەکران, لەو کاتەدا بڕوای باو ئەوەبووە کە پیاو باشتر وایە دزی بکات وەك لەوەی دەست بەتالّ و بێ نان و دەرەتان بێت.

کورتبینی لە ئەندێشەبوونی بەرپرسانی ولاّتدا بوو لەوەی چاوپۆشیان کردبوو لەو خۆئامادە کردنانەی کە هەموان دەیان زانی پێویستە, لەجەنگدا هەموو شتێك وا دیاردەکەوت کە ئەم جەنگە بەخێرایی کۆتایی پێنایات و درێژخایەن دەبێت.من گومانم لەوەدا نییە کە جێبەجێ کردنی سزای کوشتن لەو کاتەی شەڕوانان هەموویان پاڵەوانانن و بۆ تەواوکردنی ئەو کاتەی ماویانە لە ئامێزی نیشتماندا بەسەری بەرن پێویست نییە, بەلاّم ئەوکاتانەی کە شەڕوانان تێکەلاّوییەك دەبێت لەنێوان پاڵەوانە خۆبەخشەکان و هاولاّتیانی ئاساییدا کە بڕیاری هەڵگرتنی چەکیان داوە, لەڕیزی ئەمانەدا کۆمەڵێك لە خوێڕی و بیرتەسك و خۆپەسەند و بیرنەرێنی دەبینین کە دەیانەوێت تەنها نەمرن و چی ڕوودەدات هیچ بەلایانەوە گرنگ نییە, لەم کاتەدا دەستگرتن بەسەر مالّ و دارایی کەسی ترسنۆکدا هیچ قازانجێکی ئەوتۆی نابێت بەڵکو سزای مردن تاکە پاداشتی کەسی ترسنۆکە و دەبێت چەند دانەیەك لەسێدارە بدرێت بۆئەوەی ئەوانی دیکەش نەوێرن هەڵبێن.

ئەوکاتەی سزای مەرگ جێبەجێ نەکرا ژمارەیەکی زۆری سەربازانمان هەڵهاتن بۆ بەرەکانی دواوە, بۆیە دوژمنانمان زانیان چۆن دەتوانن دەست بگرن بەسەر ئەم ترسنۆکانەدا و بەهەوەسی خۆیان هەڵی بسۆڕێنن, بەهۆیانەوە ئاگری شۆڕشی ١٩١٨ یان داگیرساند , بەلاّم ئەوانەی بە دلّ و گیانەوە دەجەنگین ئەوانە نامۆبوون بە شۆڕش, بەئامانج و هاندەر و فاکتەرەکانی, ئەمەش وای لەمارکس خوازان کرد گومان لە هەڵوێستی سوپا بکەن لەهەمبەریاندا.

ئەوکاتەی ئاشتی کرا و هەموان هاتنەوە بۆ نیشتمانی خۆیان, شۆڕش هەڵایسێنان خەمیان بوو لەوەی بۆچوونی دواتر ئەم سەرباز و جەنگاوەرانە چی دەبێت کە بۆماوەیەکی زۆر جەنگاون و ئێستا هەموو دەستکەوتەکانیان بەبادراوە, ئایا ئەمانە دەیانەوێت تەڤلی ئەم هاریکاری و پەیمان نامە نوێیە ببن یان نا؟ لەسێ هەفتەی سەرەتای گەڕانەوەی سوپا بۆ نیشتمان شۆڕش وانان زۆر بەڕێرانە توانیبویان

دۆخەکە بەشێوەیەکی جوان پیشان بدەن لەبۆ ئەوەی سوپا نەتۆرێت و ئەم کۆمارە لەناوبەرێت، چون تەنها ئەگەر یەک گەورەدەستەی سوپا دەستی دایە جولانەوە لەدژی شۆڕش ئەوا بەچەند ڕۆژێک هەموو سوپا شوێنی دەکەون، بۆیە لەم کاتەدا دروشمی باوی جولەکە و مارکس خوازانی شۆڕش هەلاێسێن ببووە: هێمنی و ڕێکخستن.

لێرەوەش ستایش و پیاهەلدان بە سەرکردە و کارمەندانی پێشووی ولاتدا لەلایەن دەستەلاتەوە دەستی پێکرد بۆئەوەی وا هەست بکەن ئەمانیش بەشداردەبن لە بەڕێوەبردنی ولات و هەستانەوەی ئەلمانیا لەم شکستەی. بەڕاستی جوولەکە و هاوپەیمانانیان تەنها بۆماوەیەکی کاتی پێویستیان بەیارمەتی ئەم کەسانە هەبوو، ئایا بەڕاست ئەوە سووپا و کارمەندان نین کە دەستەلاتی دەولەت پێکدەهێنن؟ شۆڕش داوای یارمەتی لێکردن ئەوانیش بەدەنگیەوە چوون، هەرگیز بڕوایان وانەبوو ڕۆژێک دێت ئەم خزمەتکردنەیان بۆ دژایەتی کردنی ڕاستەقینەی کۆمارەکەیە؛ بەوەی تەنها بۆ چینێکی دیاری کراو کاربکات و زۆرینە بکاتە کۆیلەی خۆی.

بەڕاستی ئەم حوڵکردنە جولەکەیە لەبۆ سەرخستنی پیلانەکانیان زۆر بەژیرانە سەرکەوتوو بوو، وادیارکەوت کە شۆڕش لەدروستکراوەکانی چەقۆکێش و دزان و جەردەکان نەبوو، پێشکەوتنی شۆڕش ئومێدی ئەمانەی تاڕادەیەک پوکانەوە، ئەمانە پاش تەقڵ بوون هەستان بە بەلاڕێدابردنی ئامانجی شۆڕشیش، ئەمانە هەمووی بۆچوونی ڕامیاریانەی جولەکەی لەپشت بوو. لەم کاتەوە نۆرەی تۆندڕەوەکان هاتن و ویستیان دەستەلاتی تەواوبگرنە دەست بە پۆشینی جلکی قەشە و گرتنە دەستی لایەنەکانی دانایی و یەکسان خوازی، بەم کارەیان ویستیان لەهەمبەر ئەم ئاراستە نوێیەدا بوەستنەوە و تەفری بکەن، بەلام جووەکان توانیان هێزی گەورەترین پارتی مارکس خوازی ئەوکات (سۆسیالیستی دیمۆکراتی) لەبەرژەوەندی خۆیاندا پەرت بکەن لەڕێگەی دروستکردنی ئاژاوە و دووبەرەکی نانەوە، هەندێک بوونە لایەنگیری ئەم ئاراستە نوێیە و هەندێکیش دژبەر، ئەمەش بووەهۆی دروست بوونی دوو سەربازگەی دژبەیەک، سەربازگەیەک دروشمەکەی ڕووخانی ئەم سیستمە نوێیەبوو، سەربازگەیەکی تر داوای توندو و تیژی دەکرد لەبۆ چەسپاندنی ئاراستە نوێیەکە، پێویست بوو لەسەر بۆرژوازیەت خۆی یەکلایی بکاتەوە و ببێتە لایەنگیری یەکێک لەم

بەرانە، پاش لەوەی خۆی نزمکردەوە بۆئاستی خوارتر لەمانە پارتەکانیشیان بوون بەبەرەیەکی ناوەندگیر.

کەواتە بۆچوون و هەڵوێستەکان لە زستانی ١٩١٩ دا بەم شێوەیە بوو:

شۆڕش بەرئەنجامی کەمینەیەکی دڕندەبووە، لەسایەی ئەم کەمینەیەوە مارکسیەکان بوون بەخاوەن دەستەڵآت، بەڵآم ئەو پارتانەی بوونە خاوەن دەستەڵآت بڕیاری پەیڕەوکردنی میانڕەویان دابوو، بۆیە ئەمەش بووە هۆی وروژاندنی تونددڕەوەکان و لە سەر زەوی وڵآتدا پەلاماری چەندین باڵەخانەیان دا و لەبۆ بەرژەوەندی خۆیان دەستیان بەسەردا گرت، بەمەش دەستەڵآتدارانی کۆن و نوێ ناچاری یەککرتن بوون لەبۆ لەناوبردنی ئەم تونددڕەوانە کە تیرۆر دەکەنە ڕێگە بۆ بەدەست هێنانی ئامانجەکانیان، دیتمان دواتر دوژمنانی خوودی ئەم کۆمارەش لەبۆ دژدایەتی کردنی ئەم کۆمارە خۆیان یەکدەخەن و دەستی یارمەتی بۆ دژبەرانی دیش درێژدەکەن، چون واخەریکە لەم کاتەدا وڵآت نوقمی کێشەی مەترسیدارتر دەبێتەوە کە خۆی لە ئاژاوەگێڕی و گەندەڵیدا دەبینێتەوە.

لەدەکەس نۆ کەس لەلایەنگرانی دەوڵەتی کۆن و نوێ لایەنگیری ئەم هاوپەیمانێتیە بوون، واتا زۆرینە ملکەچی کەمینە بوون و مەرجەکانی خۆیانیان بەسەر زۆرینەدا سەپاند.

لەوکاتەی هەردوو گروپی تونددڕەو لە لادێ و دەڤەر و باژێڕەکانی وڵآتدا سەرقاڵی کوشت و بڕی یەکتربوون، زۆرینەی میانڕەو سەرقاڵی دەستەڵآت گرتنە دەست بوو، لەم کاتەدا مارکسی و بۆرژواکان تاڕادەیەک لەیەک نزیک بوونەوە لەبۆ پێکهێنانی حکومەتێک پێکەوە، بەڵآم بەر لە هەڵبژاردن بۆرژواکان لەبۆ بەدەست هێنانی دەنگی پارێزکاران سۆزیان بۆ حکومەتی پاشایەتی پێشووتر دەربڕی.

***

وەک زووتر وتمان شۆڕش هەڵایسێنان کە هەستان بە تەفرکردنەوەی سوپای ئەڵمانی ناچاری بەکارهێنانی هێزێک بوون بۆ خۆپاراستن لەدوژمنانیان، لەبەر ئەوەی لەنێو خۆیاندا پیاوی ڕاستەقینە بوونی نەبوو بۆیە بەناچاری پەنایان گرتە بەسەربازکردنی ئەو کەسانەش کە دژایەتی شۆڕشیان دەکرد، چونکە غیرەت و هیمەت لای ئەماندا لەترۆپکدا بوو.

گەر یەکێك بپرسێت : ئەوکاتەی شۆڕش هەڵی سەرکەوتنی نەبوو ئەی چۆن سەرکەوتو بوو؟ ئەوا ئێمەش دەڵێین:

١-ئێمەی ئەڵمانی لەو کاتەدا بۆچوونمان لەبەرامبەر ئەرك و ملکەچیدا پووچ بوو.

٢-لاوازی و کەم توانایی پارتەکانی ئۆپۆزسیۆنی شۆڕش یان پارتە پارێزگارەکان.

ئەم خەمساردی و نەزانینەمان دەگەڕێتەوە بۆ هەڵەیی پەیڕەوکردنی چەمکی پەیرەوردە لەبۆ خزمەتکردنی نەتەوە و دەوڵەت, ئەم خەوشەش هۆکارەکەی کەمتەرخەمی دەستەڵات و خوودی کۆمەڵیش بوو, نەیان دەزانی ئامراز و ئامانج جیابکەنەوە, نابێت ئەوەمان لەیاد بچێتەوە کە تەنها بەگوێڕاڵی کردن لەبۆ جێبەجێ کردنی فەرمانەکان دەستەڵات دروست نابێت, چونکە ئارازی دیکەش هەن لەبۆ گەیشتن بە ئامانجە ڕاستەقینەکان, خۆئەگەر ئەمەمان بەسەردا تێپەڕ نەبوایە ئەوکات هەستمان بەم هەڵەیە نەدەکردکە زیانێکی زۆری بەنەتەوەکەمان گەیاند, لەم کاتەدا کە گەلەکەمان گیرۆدەی دەستی کۆمەڵێك لە جەلاد و خوێن مژی خوێڕی و سووك ببون گەر فەرمانەکان جێبەجێ نەکرانایە ئەوا دووچاری ئەم بێ ئابڕوویەی ئێستا نەدەبوینەوە.بەڵام فێڵی بۆرژوازیەت لەهەمبەر دەوڵەتداری چۆنە؟ کوێرانە گوێڕایەڵی کردنی فەرمانەکان بەنرختڕین تێڕوانینە بەلای بۆرژواکانەوە لەژیانی گەلدا, بەڵام ئێمەی نیشتمان پەروەری سۆسیالیستی ئەوا ئێمە گوێڕایەڵبوونی خۆمان بۆ کۆمەڵ زۆر بەلاوە پەسەندترە وەك لەسەرکردەی لاواز, هەروەها دەبینین کە بەرپرسیارێتی تایبەتی لەهەمبەر نەتەوەدا لەدۆخە ناوازەکاندا دەبێتە جوانترین ئەرك.

باباس لە دیاردەیەکی دیکەش بکەین: نەرێنی پارتە پارێزگارەکان:

لەناوچوونی گەنجانی ڕاست ڕەوخواز لەجەنگدا بووە هۆی کەمبوونەوەی توانادارى پارتە ڕاست ڕەوەکان لەبۆ پاراستنی ئەو دەستەڵاتەی کەخۆی بەخاوەنی دەزانی, ئەودەمەی بۆرژواکان چەکی داراییان لەدەستدا هەنگاویان بەرەو بەکارهێنانی هێزی هەزری نا, بۆئەوەی لەم ڕێگەیەوە بتوانن بەردەوام بن لەتێکۆشان و گەیاندنی پەیامەکانیان. بۆرژواکان لەکاتێکدا چەکی هەزری هەڵبژارد کە باش دەیزانی دوژمنەکانی چەکی ڕاستەقینە و بازوو بەکاردێنێت بۆ بەرپەرچدانەوە. لە دوو هەفتەی سەرەتای خەزەڵوەری ١٩١٨ دا پارتە مارکس خوازەکان توانیان بیسەلمێنن کەلە دوژمنەکانیان بەهێزتر و دووربین ترن, لەسایەی مقۆمقۆ و ئاژاوە و فیت و هوپی

سورەکاندا زمان لووسی پەرلەمانتارە بۆرژواکان شاردرایەوە. دوای شۆڕش بۆرژواکان بەناوی نوێنەوە هاتنە مەیدانی خەبات و تێکۆشانەوە و لەکونە تاریکەکانیان هاتنە دەرەوە،بەڵام بەهەمان چەکی کۆنەوە دەستیان دایەوە تێکۆشان، تاکە چەکی دەستی ئەمانە زمان و تاکە ئارمانجیشیان کورسی دەستەڵات بوو.

بۆرژواکان دووچاری شکستێکی مەترسیداربوون لەژێر سایەی قوچەکی پەرلەمان و لە شەقامیشدا، تەنانەت پاش لەجەنگ و شۆڕشیش. ئەوکاتەی هکومەت پرۆژەی یاسای پاراستنی کۆماری خستە بەردەست پرایشتاخ لەبۆ لێکۆڵینەوە و پەسەندکردنی، وتەبێژانی پارتە پراست ڕەو و ناوەندیەکان زۆر بەتوندی بەرپەرچیان دایەوە، ئەوکاتەی بۆ مارکس خوازان پروون بوویەوە ئەم پرۆژەیە زیادتر لەسێ یەکی دەنگی ئەندام پەرلەمانەکان بەدەست ناهێنێت هانی لایەنگرانیان دا لەبۆ گردبوونەوە لەپێش باڵەخانەی ئەنجومەنی نوێنەرانی ولاتدا، لە پوشپەڕی ١٩٢٢ دا دووسەد هەزار مارکس خواز لەدەوری پرایشتاخ کۆبوونەوە و دروشمی هەمەجۆریان دەوتەوە، دژبەرانی ئەم پرۆژەیە ترسان و کشانەوە لە ڕەتکردنەوەی، بۆیە بەزۆرینەی دەنگ پرۆژەکە پەسەندکرا و ئەندام پەرلەمانە نەتەوەییەکان پشت گوێ خران و بەم کارە کوتەکێکیان تێ سرەواندن.

بەم شێوەیە دەوڵەتی نوێ بەبێ بوونی هیچ جۆرە بەرەنگاری بوونەوەیەکی پراستەقینە هەنگاوەکانی دەنا، بڕیاری دەدا و جێبەجێش دەکرا. بەڵام ئەو ڕێکخراو و بزوتنەوانەی کە بوێری ئەوەیان تێدابوو دژبەری مارکس خوازان بکەن بریتی بوون لە: گروپە ئازادەکان و پاسەوانی سڤیلی و کۆمەڵەی پاراستنی نەریتەکان و کۆمەڵەی جەنگاوەرانی کۆن .

وادیارکەوت ئەم بزوتنەوانە هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نەبووە، بەهۆی ئەوەی کە:

هیچ پارتێکی میانڕەو یان پراستڕەو بەهۆی بەدەری لە لەخۆگرتنی توخمەکانی خەبات گێڕیەوە هیچ دەستەڵاتێکی لەولاتدا نەبووە. ڕێکخراوە پراستڕەوەکان یەکە گەلێکی بەرپەرچی ڕێکخراوبوون، بەڵام کاریگەرییان کەم بوو، چونکە خاوەنی بنەمایەکی دیاری کراو نەبووە و ئامانجێکی سیاسی ڕوونیشی نەبووە لەبۆ پێگەیشتنی.

مارکسیەکان تواناییان سەربکەون لەسایەی باش گۆشکردنی لایەنگرانی خۆیان و کارکردن بە دڕندەیی. خۆنەگەر ئەڵمانییە نەتەوەییەکان بیان توانیبایە بەباشی خڕببنەوە و کۆڕبەندێکی تۆقێنەر دروست بکەن ئەوکات دەستەڵاتی وڵات لەدەستی مارکسیەکاندا خڕ نەدەبۆوە.

پارتە نەتەوەییەکان خاوەنی خوازویست یان ئیرادە بوون. بەڵام هێزی چەسپاندنیان نەبوو. بەڵام ڕێکخراوەکان هێزیان هەبووەو دەیان توانی شەقام بجوڵێنن و دواتریش دەست بگرن بەسەر دەوڵەتدا. بەڵام کێشەی نەبوونی فەلسەفەیەکی دیاری کراو لەبۆ کارپێکردن و ئامانجی دیاری کراوی ڕامیاری بووە. جووەکان ئەم جوولە خەوشیەیان قۆستەوە. هەوڵی قایل کردنی دوژمنانی خۆیان دەدا لەوەی لەمان باشتر کارناکەن و زیادتریان پێ ناکرێت و باشتر وایە دەست هەڵبگرن و تەقڵی بزوتنەوەکانی ئەوان بن یان خۆیان هەڵبوەشێنەوە و دەست لەپارت چێتی هەڵبگرن. بە ئاماژە پەنجەیەکی جوو ڕۆژنامەکان دەستیان دایە سووک کردنی پارت و ڕێکخراوە ڕاستڕەوەکان. هەروەها جووەکان دژبەری ئەوانەشیان کرد کە چەکی هزری بەکاردێنن بۆ بەرپەرچدانەوەی دوژمنان. ملیۆنان ئەڵمانی ئەم بۆچوونە پوچەیان وەرگرت، لەبیریان چوو بوو کەئەمە کلاوانێکی جوولەکەیە و ئەوان پشت بەبیرۆکەی ژیان یان بۆ ژیان یان بۆنەمان دەبەستن وهەموو جۆرە چەکێك بەکاردێنن لەبۆ گەیشتن بە ئارمانجەکانیان. بەم کارەش جووەکان هەموانیان لەچەك دامالی و خستنیانە ژێر سایەی دلۆڤانی خۆیانەوە.

ڕوونکردنەوەیەکی دی بۆ پیشاندانی لاوازی پارتە بۆرژواکان و ڕێکخراوە ڕاستڕەوەکان هەیە، ئەمانە بەبێ بوونی کەسایەتی و باوەڕی نمونەیی چوونە جەنگەوە، دیرۆك گەواهی دەری کورتخایەنی ماوەی جەنگینە لەگەڵ ئەم چەشنە بزوتنەوانە، ئەمان گیانی تێکۆشانیان هیچە و نازانن لەکۆتادا ئامانجیان چییە. بڕوا پەیوەستە بە هەڵی سەرکەوتنەوە و هێشتاش هەر وەهایە، بە بانگەشەی نێردەکان بۆ چەسپاندنی بیرۆکەکانی دەتوانرێت پەنا ببرێتە بەر توندوتیژترین ڕێگەش.

شۆڕشی فەڕەنساوی سەرکەوت، چونکە بانگەشەی مافی هاوڵاتی بوونی بۆ هەموو ئەوانەدەکرد کەلەسنوری فەڕەنسادان، ئەمەش لای خۆیەوە تونددڕەوی و دەمارگیری هێنایە بوونێ، خەڵکانێك هەبوون لەپێناویدا دەجەنگین. شۆڕشی ڕووسیش زۆرینە

بڕوایان پێی هەبووەو بۆخۆیان سەرکەوتوو بوو. فاشیزمیش نامەکەی لەڕێگەی چاکسازییەوە گەیاند.

***

لەگەڵ دامەزراندنی پارتی نیشتمانی سۆسیالیستی لەئەڵمانیادا شێوازێکی نوێی نەبەردیی هاتە کایەوە, بەجۆرێك پێشتر لەم جۆرە خەباتە لەوسەردەمەدا نەدیترابوو. بزوتنەوەیەك ئامانجی دووبارە دروستکردنەوەی دەوڵەت بوو لەسەر بنەمای ڕەگەزپەرەستی. هەر لەیەکەم ساتەوە پارت بڕیاری بەکارهێنانی چەکی هەزری دا لەبۆ گەیاندنی پەیام و بنەماکانی پارتەکە, لەهەمان کاتدا بڕیاری بەکارهێنانی هێزی توندوتیژیدا لەکاتی پێویستدا, لەبۆ بەگری کردن لە بلاوکارانی بیرۆکەکانی پارت, بەمەبەستنی خۆ پاراستن, ئەمەش لەسایەی بوونی بڕوای تەواوە لەوەی ئەو بابەتەی پارت بەرگری لێدەکات زۆر بومبارەکە.

لەبەشەکانی دەسپێکدا گوتم ئەو بزوتنەوانەی تیرۆر و ترس پشتیوانیەتی ناتوانێت لەناوببرێت تەنها لەڕێگەی بەکارهێنانەوەی هەمان چەشنە چەکی خۆیەوە نەبێت, بۆیە ئێمەش بڕیاری بەکارهێنانی توندوتیژیماندا لەبەرانبەر ئەم پارتانەدا.

بەدرێژایی حەفتا ساڵ دەوڵەتی ئەڵمانیا ببووە سەخت ترین قەڵای پەلاماردراوی مارکسیەت, هێرشەکانیان سەرکەوتوو نەدەبوو, هەرچەندە شێوازی نوێی تاقیدەکردەوە هەر شکست بەرئەنجامی بوو, لەهەمان کاتدا خوودی دەوڵەتی ئەڵمانیاش نەیتوانی ئەم مارکس خوازانە ڕیشە کێش بکات, چون دەوڵەت زۆر بە ناڕێرانە بەرهەڵەستی ئەم مارکس خوازانەی دەکرد و نەیدەزانی چۆن بەتەواوەتی بنەبڕیان بکات. دەوڵەتی ئەڵمانیا کەلە ۹ ی خەزەڵوەری ۱۹۱۸ دا خۆی دابەدەستەوە, بواری تەواوی بەمارکس خوازان دا لەبۆ گرتنە دەستی لغاوی دەستەلاتی وڵات, تەنانەت بڕواش بەوە نەمابوو کە ئەگەر بێتو بۆرژواکانیش بگەنە دەستەلات ئەوا هیچ هیوایەك بەدەی ناکرێت لەبۆ بوژانەوەی ئەڵمانیا بە گیانێکی نەتەوایەتیز لە ساڵی ۱۹۲۱ هوە بۆرژواکان بەبیانووی تۆپە نەکردنی زەحمەتکێشان خۆی لە دژایەتی مارکسیەکان دوور دەخستەوە. ئەم تێکەڵاویە پتەوەی نێوان مارکسی و ڕەنجبەران هۆکاری یارمەتی دەربوو لەبۆ پۆشینی سەرجەم شکستەکانیان و قۆستنەوەی دەوڵەت لەبەرژەوەندی خۆیان.

بەهۆی گوێڕایەڵی تەواوی دەستەڵاتی هەنوکەی ئەڵمانیا لەبۆ مارکس خوازان بۆیە بزوتنەوەی نیشتمانی سۆسیالیستیمان بڕیاری ڕزگارکردنی وڵاتی داو بۆی تێکۆشا, لەڕێگەی پلانی ژیرانەی خۆیەوە توانی ڕووبەڕووی پیلانی ئاژاوەگێڕە سور خوازەکان ببێتەوە. وەك لەپێشتردا ڕوونم کردەوە کە بۆ پاراستنی کۆبوونەوەکانمان دەستەیەکی تایبەتمان دامەزراند کە دواتر ناومان نا (پاسەوانی تایبەت) یان ئاسایشی تایبەت, ئێمە لەمەدا لاسایی بزوتنەوە ڕاست ڕەوەکانمان کرد کە دەستەی پاسەوانیان هەبوو بەناوی (ڕێکخراوی بەرگری), بەڵام ئەم لێکچوونە تەنها ڕووکەشیانە بوو. ڕێکخراوە ڕاستڕەوەکان بەبێ بوونی هیچ چەشنە ئامانجێکی نەگۆڕی ڕامیاری دیاریکراو کاری دەکرد و دەجوڵایەوە, دەمان دیت بزوتنەوە ڕاست ڕەوەکان بە داننان بە گەندەڵیدا لەچوارچێوەی دۆخی نوێدا دەجوڵایەوە, دژایەتی مارکسیزمی دەکرد کە سەرسەختترین دوژمن بوو بۆ ئەو بەبیانووی پاراستنی کۆمارەوە. بەڵام پاسەوانانی تایبەتی ئێمە ئامانج لەدامەزراندنیان پاراستنی بزوتنەوە نەتەوەییەکانی ئێمەبوو لەگەڵ ڕەتکردنەوەی گوێڕایەڵی بۆ دۆخی باو و تێکۆشان لەپێناو دروستکردنی ئەڵمانیایەکی نوێ.

لەڕاستیدا ناتوانین ئەوە بشارینەوە کەئەم هێزی پاسەوانانەمان لەسەرەتادا هەمان کاری پۆلیسی ئەنجام دەدا لەبۆ پاراستنی هۆڵەکانی کۆبوونەوە و ڕێگرتن لە فێتنەگێڕان لەوەی قسەی وتاربێژ نەبڕن و کۆبوونەوەکان تێك نەدەن, بەپەیڕەوکردنی شێواوی هێرش بردن نەوەك ناوبژیوانی و بەرگری, لەم کاتەدا دوژمنانمان درۆیان بەدەم ئەم دەستەیەمانەوە هەڵدەبەست و بە کەمیان لەقەڵەم دەدا, بەڵام ئێمەش پێیانمان ڕاگەیاند باشترین بەرگری لای ئێمە هێرشە, چونکە باشترین بیرۆکە و هەزر دەتوانرێت لەڕێگەی لێدانی خاوەن بیرۆکە بە کوتەکێك یان دارێك لەناوببرێت.

دەستەی پاسەوانانی سەر بەپارتەکەمان هەرگیز ئامانجی بەرپاکردنی توندوتیژی نەبووە, بەڵکو پاراستن بووە, بەمانای بەرگری کردن لە پەیامبەرانی نیشمانی سۆسیایستی , چونکە بڕوای تەوای بە بەرنامەکانی پارتەکە هەبوو, بەڵام هەر لەدەسپێکەوە خۆی بەدوورگرت لە پاراستنی ئەو دەوڵەتەی نەتەوەکەی خۆی ناپارێزێت, بۆیە بڕیاری پاراستنی نەتەوەی دا لەڕێگەی لەناوبردنی دژبەرانی گەل و نەتەوەوە.

***

دوای ئەوەی دووچاری شەڕی هۆڵی هۆڵمبرهۆس بووینەوە ناوی دەستەی پاسەوانی تایبەتیمان گۆڕی بۆ (سوپای هێرش بەر)، لەم کاتەدا مارکس خوازان باش دەیان زانی دووچاری گوون ڕەشی خۆیان دەبنەوە، بۆیە جارێك بە ترس و جارێك بەبەکارهێنانی دەستەلاتی دەوڵەت هەوڵی پەکخستن وتێکدانی کۆبونەوەکانمانیان دەدا، لەهەمان کاتدا ڕۆژنامەکان و هەموویارتە مارکس خوازەکان هانی خەڵکیان دەدا لەبۆ هێرش کردنە سەرمان و لەناوبردنمان پێش لەوەی سەردەربێنین، ئەم ڕۆژنامانە چەپکیان لێدەدا لەبۆ هەوڵەکانی پەکخستنی ئێمە، بەڵای ئەی پارتە بۆرژوان بۆ کە دڵخۆش دەبوون لەوەی ئێمە لاوازبکرێین لەڕێگەی مارکسیەکانەوە؟ ئەمەش تەنها ئیرەیی بوو بەوەی چۆن بزوتنەوەیەکی تازە دیارکەوتوو دەتوانێت بەسەر ئەو پارتە بەهێزەدا زاڵبێت کە ئەوانی بەزاندووە. ئەی کارمەندان و بەڕێوەبەرانی پۆلیس و شالیارە بەناو نەتەوخوازەکان چی بێژین کە شاگەشکە دەبوون بەلاوازبوونی ئێمە، ئەوپەڕی هەوڵیان دەدا لەبۆ قایلکردنی مارکس خوازان.

ئەم چەشنە بیرکردنەوە ناساغانە وای لە بەڕێوەبەری پێشووی پۆلیس(بۆهنەر) کرد بەوانەی هەوڵی کڕینی ویژدانیان دەدا بڵێت: ((لەهەموو ژیاندا ویستومە پێش لەوەی کارمەندبم ئەڵمانی بم، من وەکو ئەڵمانیەك لەناخەوە هەرگیز ڕێگە بەهیچ کەسێك ناجەم بۆگەنم بکات، خۆئەگەر کارمەند گەلێك هەبن کە بەرتیل وەربگرن، دەبێت باش بزانن کەئمانە خوێڕی ترین و سوکترین و چاوچنۆك وێڵ و بێ ئەمەکترین دەوڵەت نشینانن، ئەو خوێنەی لەجەستەیاندا تێپەڕدەبێت خوێنێکی پاقژی ئەڵمانی نییە)).

بەڕاستی هیچ کات ئومێدمان بەگیانی ئالیکاری نەبوو بەو کەسانەی گەندەڵ و پۆست بەدەستبن. بۆیە ناچاربووین بەدەستی خۆمان خودی خۆمان بپارێزین، لێرەوەش گرنگیدانمان بە سوپای هێرش زیادی کرد، بەتەواوەتی خۆمان تەرخامن کرد لەبۆ جوان پەروەردەکردنی ئەندامانی ئەم سوپایە و گۆشکردنیان بە باوەڕی نمونەیی نیشمانی سۆسیالیستی ، ئەم هێزەمان شێوازی دەستەیەکی نهێنی یان ڕێکخراوەکانی بۆرژوا خوازی پەیڕەو نەدەکرد لەبۆ ئامانجی بەرگری کردن.

ئەم پابەندیەمان–پابەندی من بەتایبەتی– لەسەر ئەم بنەمایانە بوو:

پەروەردەی سەربازی هەر گەلێك ناتوانرێت لەڕێگەی ڕێکخراوە تایبەتیەکانەوە ئەنجام بدرێت گەر دەوڵەت کۆمەکی نەکات لەڕێگەی دارایی زۆرو زەبەندەوە. سەرباری ئەمەش ڕێکخراوی تایبەتی بە چەسپاندنی ئارەزوومەندانەی بۆچوونەوە خۆیان دەبەستنەوە, ئەمەش وادەکات ئامرازی سەرەکیان لەدەست دەربچێت لەبۆ سەردارێتی, ناتوانرێت ئەوە سزابدرێت کە دەبێت سزا بدرێت. لەبەهاری ۱۹۱۹ دا دروستکردنی ئەوەی پێی دەگوترا دەستەی ئاد ئاسان بوو, چونکە ژمارەیەکی زۆری جەنگاوەر تازە بەرەڵاکرابوون, ئەم جەنگاوەرانە فێرگەی ملکەچی و سیستمیان تەواوکردبوو, واتە سوپای ئەڵمانی. بەڵام گوێڕایەڵی و سیستم لەو تایبەت مەندیانە نەبوون کە پیاوانی بەرگری کار لە بۆرژوازیەت هەیان بوو, بۆرژوا پارێزەکان ژمارەی جەنگاوەرانی ڕاستەقینە و تازە بەرەڵاکراو لەنێو ڕێکخراوەکانیاندا دە لەسەدی تێپەڕ نەدەکرد, تەنانەت سیستمە ئارەزومەندانەکەشی هەمیشە خۆی لەپێش پەلاماردایندا دەدیتەوە و دەیویست لە ئەرکەکانی هەڵبێت. لەبیرمان نەچێت مەشق لە ڕێکخراوە ئارەزوو مەندانەکاندا تەنها پەناو بووە و هیچی تر, ئەو تازە سەربازەی کە تاوەکو ئێستا هیچ کات چەکی هەڵنەگرتووە بۆماوەی شەش مانگ مەشقی پێدەکرا و لەهەر هەفتەیەکدا دوو کاتژمێر بەڕاستی ڕاهێنانی پێدەکرا.

ئێمەی سەربازی دوێنێ باش لەبیرمانە کە فیشەکەکانی دوژمن چۆن ئەو لاوانەی لەناودەبردین کە بەباشی مەشقیان پێنەکرابوو. تەنانەت ئەوانەشی بەباشی مەشقیان دیتبوو لەیەکەم جەنگینەکانیادا دەپەشۆکان و تاوەکو هاوڕێکانیان بەجوانی بۆیان ڕوون دەکردنەوەو غیرەتیان پێدەبەخشینەوە. چەندە هەنگاوێکی گوژانەیە کە بۆرژوازیەت دەویەوێت لەڕێگەی شەش کاتژمێر لە مانگێکدا مەشق بەسەربازەکانی بکات و ئەمانە بکاتە هێزێکی نیشتمانی بۆ پاراستنی خۆی و بەرژەوەندیەکانی.

بەم ڕێگەیە دەمان توانی بەئاسانی ژمارەیەکی باش لە جەنگاوەرانی کۆن کۆبکەینەوە و چەشنێك لە یانە یان نیوچە هاریکاری پێکبێنین...بەڵام گرنگ تەقڵ کردنی لاوانی بەهێز و خرۆشاو بوو بۆ نێو ئەم هێزە, بەڵام چۆنیان بەدەست بهێنین!

ئەوکاتەی هاوڕێیانم داوایان لێکردم ڕێکخراوە هێرش بەریەکەمان بەنهێنی بهێڵینەوە بەتوندی ڕەتم کردەوە, چونکە بزوتنەوەی نهێنی توانای بەرفراوانکردنەوەی ڕووبەر و سنوری کارەکانی نییە, بۆئەوەی بۆ هەموان

دەرنەکەوێت کەئەمە سەربەکێ یە, دەستەلاتدارانیش لەڕێگەی هەڵوەشاندنەوەیەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن. نابێت لەبیرمان بچێتەوە گەلەکەمان زۆری جەنز لە فرەوێژییە بۆیە شاردنەوەی نهێنی زۆر سەخت دەبێت, نهێنی پاراستن گرانترین کارە لەبۆ ئێمەی ئەڵمانی فرەوێژ, هەروەها دەستەلآت و پۆلیسیش خاوەنی سوپایەکی گورەی ڕازگرین و هەردەزانن کە ئەم بزوتنەوەیە سەربەکێیە و مەرامی چی و بۆچییە. بە هاولآنم گووت ئەم بزوتنەوەیەمان پێویستی بە سەد یان دووسەد پیلانگێڕی بەهێز نییە, بەڵکو پێویستی بەهەزاران تێکۆشەری گەنج و ڕاستەقینەیە. هەروەها دووپاتی کارکردنی ئەم سوپایەمانم دا بەڕۆژی ڕووناك و سەرەنجی هەموان بەلای خۆیدا کێش بکات, ئەم بزوتنەوەیەمان هەست بەسەرکەوتن ناکات تائەوکاتەی بەتەواوەتی شەقام لەدەست سورخوازان دەربازدەکەین, دەبێت بۆ هەموانی بسلەمێنین کە نیشتمان پەروەرانی سۆسیالیستی گوندەی شەقامن و هەر ئەو ڕۆژە دێت کە دەستەلآت بگرینە دەست.

دەتوانن لەم ڕۆزگارەماندا بەڕوونی بەدیاردە بوونی مەترسی ڕێکخراوە نهێنیەکان هەست پێبکەین. ئەندامانی ئەم ڕێکخراوانە زۆر بەکەمی هەست بە گەورەیی کارەکەیان دەکەن, زۆر بەکی ئەوەیان بەیاددا دێت کە ڕەنگە بەهۆی تاوانی کوشتنی کەسێکەوە چارەنوسی گەل سەروژێر بێتەوە.

ئەوکاتەی گەل دەخرێتە ژێر کاریگەری دەستەلآتی خوێن مژەوە هەست بەم بۆچوونە دەکەین, ڕەنگە لەم کاتەدا کەسێکی بەهێز لەڕیزی نەتەوە دیاربکەوێت و تیغەکەی بەسکی دوژمنەکەیدا بکلت, شیلەریش لە (غلیۆم تل) تاوانی لەم جۆرەی بەشکۆمەندی لەقەڵەم داوە.

ترسێکی زۆر هەبوو لەوەی لەنێوان سالآنی ۱۹۱۹-۱۹۲۰ دا ڕێکخراوە نهێنیەکان دەست بکەنە تۆڵەسەندنەوە لە فەتارەت دروستکارن و ئەوانەشی دەوڵەتیان بەم پەندەداوەو قۆتی خۆیانی لەڕێگەوە بەدەست دێنن, خۆئەگەر لەم کاتەدا ئەم ڕێکخراوانە ئەم کارانەیان ئەنجام دابایە ئەوکات تۆڵەسەندنەوەکەیان هیچ قازانجێکی نەدەبوو. چون خوودی مارکسیەت لەڕێگەی ژیری سەرکردەکانیەوە سەرنەکەوت بەڵکو بەهۆی چۆڵکردنی گۆڕەپانی سیاستەوە لەلایەن بۆرژواکانەوە بۆ مارکسیەکان بووەهۆی سەرخستنی مارکسیەکان و بەهێزبوونیان بەم شێوەیەی هەنووکە. ئاشکرایە کە بۆرژواکانی فەرەنسا لەبەرامبەر پیاوانی وەکو دانتۆن و ڕۆبسپێر و مارادا

چۆکیان دادا بەڵام بۆرژوای ئەڵمانی لەبەرانبەر نیوەکوڕانی وەکو شیدمان و ئازر و برجر و فریدریك ئەلبێرت و بنە پیاوەکانی دیکەدا چۆکی دادا. لەم کاتەدا لە ئەڵمانیا هیچ کەسێك نەبوو هەموو شتێکی بەدەستەوەبێت کە بەکوشتنی دەوڵەت هەڵبوەشێتەوە. بۆیە پشت بەست بەم باوەڕە دژایەتی تەواوی نهێنی بوونی سوپاکەمانم کرد. گیانی تۆڵەکردنەوەشم یاساغ کرد لەبەرامبەر ئەو ڕێکخراوانەی کە هەڵخەڵەتێنراون. بۆیەی ڕقیان لەناخدا نەچێنین. بەڵکو بەم کارەمان ئاگری هەناویان بکوژێنینەوە و لەناوبەرین. پاش لەوەی بڕیارمان دا ئەم سوپایەمان بەوئاشکرا بناسێنینە و دووری بخەینەوە لەئەنجامدانەوەی هەمان هەڵەی ڕێکخراوەکانی دیکەی لەم جۆرەی پارتە لاولاز بووەکان. بڕیارماندا بۆئەم سوپایە تیشك بخەینە سەر سێ کۆڵەکەی سەرەکی : مەشق و ئاشکرایی سەربازان لە کۆبوونەوەکان و جلکی تایبەت.

لەڕووی مەشقەوە بەتەواوەتی مەشقی سەربازیمان پێنەدەکردن. بەڵکو مەشقی پارت پارێزیمان پێدەکردن. بەزۆری یاری وەرزشی بەمێزکارمان پێدەکردن لەبری کەشقی قورسی سەربازی. هەمیشە بڕوام وابوو کە بۆکسێن و شەڕەلەقەی ژاپۆنی باشترین چەکن بۆ لایەنگرە سەربازەکانمان لەبەرپەرچدانەوەی دووژمن.

لەبۆ داڕووتانەوەی سوپای هێرش لە مۆرکی نهێنی بوونی بواری کار و چالاکیەکانیمان فراوانترکرد. لەهەمان کاتدا پۆشنبیریشمان دەکرد و فێری چۆنێتی پلاندانان و بەرچەدانەوەی پیلانیشمان دەکردن. ئەمانە وەها گۆش دەکران کە وایان هەست دەکرد تەنها خۆیانبن پشتیوانی ڕاستەقینەی ولأت و هەموان لەسەر ڕێگەی هەڵەن و ئەم کارەشیان تەنها بۆ خزمەتکردنی ولأت و نەتەوەیە و هیچی تر.

سەبارەت بەجلکیش هەوڵی گونجلندیماندا لەگەڵ چەشنی کار و ئەنجامدراوەکانیاندا.

لەکۆتایی وەرزی هاوینی سالی ١٩٢٢ سێ بۆنە هەبوون کە لەم کاتە بوار بە تاقیکردنەوەی هێزی سوپاکەمان درا و توانیان ئەم ئەزمونە بەجوانی و لەقازانجی خۆماندا بئەزمون.

سێ بوونەکەش بریتی بوون لە:

١-ئەو گردبوونەوەیەی دامەزراوە نەتەوەییەکان لە گۆڕەپانی کوینفس لە میونیخ ئەنجام درا لەبۆ ناڕەزایەتی دەربڕین لەهەمبەر یاسای پاراستنی کۆماری.

پارتی نیشتمانی کۆماری لەم خۆپیشاندانە بەشداربوو, بەشداربوانیش لەژێر سایەدا بە پتەوی و خۆڕاگریەوە دروشمەکانیان بەرز دەکردەوە, دەستەکانی هێرش لەمیونیخ زۆر بەجوانی پێشکەوتنی بەخۆوە دەدیت و پێشنگایەتی خۆپیشاندانەکەبوون, لەسەر شانی ئەمانەشدا پانزە ئالاً دەشەکایەوە. ئەو دەمەی نیشتمان پەروەرە سۆسیالیستیەکان چوونە خۆپیشاندانەکەوە بەجوانی پێشوازییان لێکرا, گەورەیی قسەکردن بەناوی پارتەوە بەمن بەخشرا و لەوێدا وتارێکی خرۆشێنەرم بۆ شەست هەزار ئامادەبوو خوێندەوە.

لەم کاتەدا ئەندامی سور خواز هەوڵی تێکدانی ئەم خۆپیشاندانەیان دەدا بۆیە سەربازانی ئێمەی باش ئامادەکراو هاتنە دەست لێیان و لەماوەیەکی زۆر کەمدا سورەکان هەڵهاتن و بەم کارەش توانیمان بۆچوونی خەڵکی میونیخ لە سورەکان وەرچەرخێنین بەقازانجی خۆمان, ئەمەش هەڵی ئەوەی پێداین بە ترسێکی کەمتر لەجارانەوە دابەزینە نێو شەقامەکان و ئەو ناوچەیە لەدەست دووژمن بسەنینەوە.

ئەم ئەنجامە دڵخۆشکارەی ئەو ڕۆژە گۆڕی زیادتری پێداین لەبۆ پتر سووربوون بۆ سەرکەوتن.

۲-سەردانی کردنی باژێڕی کوبورغ

ڕێکخراوانی ڕەگەزپەرەستی ئەڵمانی بڕیاری بەستنی کۆبوونەیەکیان دا لەشاری کوبرغ. بۆخۆم بانگێشتی ئەم کۆبوونەوەیەکرام لەگەڵ داواکردنی هێنانی کۆمەڵێك لە لایەنگرام لەگەڵ خۆمدا بۆئەوشارە, بۆیە منیش بڕیارمدا دگەڵ خۆمدا هەشت سەد جەنگاوەری بەتوانا بەرم کەلە چوار دەستە پێك هاتبوون, لەڕێگەی شەمەندۆفێرەوە لەمیونیخەوە گواستمانیانەوە بۆ کوربورغ. بەخێرایی نامەمان بۆ لایەنگرانی پارتەکەشمان کرد لەبۆ خۆئامادەکردن لەو ناوچانەی کەشەمەندەفەرەکە پێیدا تێدەپەڕێت. لەهەموو وێستگەیەکدا دەستەیەك لە هەوادارانی نیشتمان پەروەرانی سۆسیالیستی ئامادەبوون. ئالأکانیان هەڵکردبوو, ئەمەش کاریگەری تەواوی لەسەر دەروونی دانیشتوانی ئەو ناوچانە هەبوو.

لیژنەی ڕێکخستنی کۆبوونەوەکە پێی ڕاگەیاندین: سەندیکای ناوخۆیی و پارتی سۆسیالیستی سەربەخۆ و پارتی شیوعی و دەستەلاتی ناوخۆیی شارەگە بڕیاریاندا لەڕێگەی ڕێککەوتن لەگەڵ دەستەی بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەکەدا-لێرەوە نامۆبوون

دیاردەکەوێت-کە لەکاتی چوونە ژوورەوەمان بۆ نێو شار نابێت بەهیچ شێوەیەك نە ئالا هەڵبکەین و نەش گروپ ڕێکبخەین و نە مۆسیکی دروشمیش بژەنین....هتد.

بەبێ هیچ ڕاڕاییەك ئەمەم ڕەتکردەوە. ئەم مەرجانە نامۆبوون. بێ هیچ دوودڵیەك بێ ئابروویی ئەم قسە و ڕێککەوتنەم لەبۆ لیژنەکە ڕوون کردەوە. بە سەرۆکی لیژنەکەم گووت کە: هێزەکانی سوپای هێرش هەنوکە خەریکە تەقڵی نێو شار دەبن و لەڕێگەی ژمنینی مۆسیك و هەڵکردنی ئالا و وتنەوەی دروشمەوە دەچینە نێوشارەکەوە.

هەر وەشمان کرد.

پێش لەوەی لە گۆڕەپانی وێستگەکە بجوڵێین هەستم بە کۆبوونەوەی ژمارەیەکی زۆر خەڵك کرد. لەوەی ئامادەی تانە لێدانمانن بۆئەمەش چاوەنواڕی ئاژەی پەنجەی دۆژمنانمان دەکەن. زۆربان جنێو پێداین. بەڵام ئێمە هیچ گوێمان لێنەدان و ڕێزی سوپاکەمان تێك نەچوو. لەڕێڕەوتی ڕۆیشتنمان بۆ هۆڵی هۆفبرهۆس دا کە دەکەوتە ناوەڕاستی شارەوە خەڵکێکی زۆر لەدەورمان کۆبوونەوەو جنێویان پێدەداین. ئێمە وەها خۆمان پیشان دەدا هیچ نابیستیت. پۆلیس لەم کاتەدا بەبیانووی دروست نەبوونی شەڕ و پەلامار نەدانمان لەلایەن خەڵکەوە دەرگای هۆڵەکەی لێ تووندکردین. بەڵام من بەخێرایی هاوارم کرد کە ئێوە دەرگاکە بکەنەوە و هەقتان نەبێت ئێمە بۆخۆمان ئامرازی گونجاوی بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەمان هەیە و دەتوانین خۆمان بپارێزین. بۆیە پۆلیسیش بەناچاری دەرگاکەی کردەوە. لەکاتی نزیك بوونەوەی کاتی کۆبوونەوەکە تێم گەیاندن کە ئێمە دەبێت بڕۆین بۆ ناوەندی پارت لە کوربۆرغ. بۆیە هەمدیس ڕێگەی نوێمان گرتەوە پێش بەئاراستەی ناوەند و سرودی نیشتیمانیمان دەگوتەوە. ئەوکاتەی سورخوازان و هاوڕێگاکانیان(بانگەشەکارانی : سۆسیالیستی و برایەتی و یەکسانی) زانیان جنێو کارمان تێناکات دەستیان دایە بەرد تێگرتنمان. ئەمە سەربازانمانی تووڕەکرد و هەڵمەتیان بۆبردن و لەماوەی کەمتر لە دەخولەکدا کۆڵان و شەقامەکان چۆڵ بوون لە ئاژاوە گێڕان.

شەویش پێکدادانی زۆر توند ڕوویدا لەزۆر ناوچەی کوبورغ. سورەکان هێرشیان کردبووە سەر هەواداران و براکانی دانیشتوی ئەم شارەمان و زۆربان تێهەڵدابوون و دۆخیانیان تێکدابوو. هەرکە ئەم هەواڵە گەیشتە ناوەندی پارتمان هێزی تەواومان

ناردە نێو شەقام و کۆڵانەکانی شارو توانیمان لەم خوێن ڕێژانە شار پاك بکەینەوەو هەموویانمان تیابرد, بەم کارەش توانیمان تاڕادەیەك شەقامەکانی کوربورغ لە سورخوازان بسێنینەوە کە بۆ ماوەیەکی زۆر بوو بۆ خۆیان داگیریان کردبوو.

بەڵام مارکس خوازان پەندیان لەم دوو شەڕەی دوێنێ وەرنەگرت بۆ پۆژی دواتی بڕیاری خڕپیشاندانیان دا لەدژی ئێمە و بۆئەمەش ژمارەیەکی زۆری کرێکاریان کۆکردەوە و ناونیشان و دروشمەکانیان بریتی بوون لی: (نیشتمان پەروەرە سوسیالیستیەکان بۆئەوە هاتونەتە نێو شارەوە بۆئەوەی لەکرێکاری بەدەبەخت و بێ دەستەڵات بدەن و بیان ترسێنن). هەرکە هەواڵم پێگەیشت فەرمانم بەسوپا کرد کە دەستە و یەکە و تیپەکانیان کۆبکەینەوە بەجۆرێك ژمارەی سەربازانمان بگاتە هەزار و پێنج سەد سەربازی بەتوانا و ئامادەی کتەك وەشاندن, لەپێشی ئەم هێزەوە بەرەو ناوچەی خۆپیشاندانەکان ڕۆیشتم, بەنیازی ئەوەی نەختێك ئەمانە بەچە ترسێن بکەین و بزانن ئێمە کێین. بەڵام لەم گۆڕەپانەدا هیچ کەسێکی لێ نەبوو جگە لە سەدان پیری پەککەوتە و منداڵ و ژنی بێدەستەڵات, بۆیە بڕیارمان دا هیچ هەنگاوێکی شەڕوانی نەنێین و بەئاشتی بەلایاندا تێپەڕین, مۆسیقامان لێدەدا و دروشمی خۆمان دەوتەوە.

بەڵێ ئەم خۆپیشاندانەی ئێمەش سەرکەوتوو بوو, توانی مەی بداتە دەروونە ماندووەکان, پاش ماوەی دانیشتوانی شارەکە تاڕادەیەك لێمان تێگەیشتن لەسەر شۆستەکان دەوەستان و فیت و هوڕیان بوو , واتە خۆشحاڵیان بۆ دەردەبڕین, لەشەودا ژمارەیەکی زۆری خەڵك وەکو لایەنگر بەرەو وێستگەی شەمەندەفەر بەڕێیان کردین, بەڵام لەوێدا شتێکی سەیرتر هەبوو, ئەویش ڕەتکردنەوەی کارمەندانی تایبەت بە شەمەندەفەر بوو بەوەی نایانەوێت بمان گوێزنەوە بۆ میونیخ, ئەمەش لەڕێگەی هاندانی سەندیکا مارکس خوازیەکانەوە بوو, دنەدەرانم بەباشی تێگەیاند- کە لەشوێنێکدا کۆببونەوەو چاوەنوڕای کاردانەوەیان دەکردین-من گوێم لەوە نییە کە بەدەیان کەس لەئێوە لەگەڵ خۆمدا ببەمە نێو شەمەندەرەکەوە بە زۆر و خۆشمان ئەوکات شەمەندەفەرەکە لێدەخوڕین, سەرباری ئەوەی ناشزانین لێی بخوڕین, لەم کاتەدا بۆیە ئەگەر شتێك ڕوویدا ئەوە بەتەنها ئێمە تیاناچین بەڵکو ئێوەش دەمرن و

هەمان چارەنوسی ئێمەتان دەبێت، ئەمەش رێك بەپێی یاساکانی ئێوەی مارکسی گونجاوە.

بەڕاستی ئەم هەڕەشەم کاریگەری خۆی کردە سەر هەناوی سورخوازان، قیتارەکە لەکاتی خۆیدا دەستی دایە جوڵە و لەوێستگەی کوربرغەوە بەرەو میونیخ بەڕێ کەوتینەوە و بۆ ڕۆژی دواتر بە سەلامەتی گەیشتینە زێدی خۆمان، میونیخ.

پاش لەڕوداوەی کوربورغ سەربازانمان بەگیانێکی خۆبەخشانە و متمانەیەکی زیادتر لەجارانەوە بە خۆیان و پارت و سەرکردەکانیان ڕەفتاریان دەکرد، ئەمەی وای کرد ئەوانەی باوەڕیان بە بزوتنەوەی نیشتمانی سۆسیالیستی هەبوو بڕوا بەوە بێنن کەڕۆژێك دێت ئەم بزوتنەوە یان پارتە دەبێتە خاوەن دەستەلاتی تەواوی وڵات و سنورێك بۆئەم پەتایەی مارسیەت دادەنێت.

بەڵام دیمۆکراتی خوازان بە نیگەرانیەوە لێمانیان دەنواڕی لەوەی ڕێگەی هەڵمان هەڵبژاردووە بۆ بەرپەرچدانەوەی سەرکسیە سورەکان، بەوەی لەڕێگەی بەکارهێنانی هێزەوە هێزیانمان لەناوبردووە، چونکە ئێمە لەوڵاتێکی دیمۆکراتیداین نابێت ئەم شێوازە پەیڕەو بکرێت، ئەمە و چەندان قسە و ڕەخنەی دیکەی لەم شێوەیەیان ناراستە دەکردبن.

سەرکەوتنەی کوربورغ هانی داین کون بەکون و شاربەشار و دێ بەدێ بەدووی مارکسیەکاندا بگەڕێین و پاکتاویان بکەین لەگوندایەتی و دەستەلاتدارێتیان بخەین، بەم کارەشمان پارتەکەمان توانی هەناسەی ئازادی بۆ باڤاریا بگەڕێتەوە هەموان بەبێ ترس بتوانن بپەیڤن و کۆبوونەوە ئەنجام بدەن. لەساڵی ۱۹۲۲دا چەندین دەستەی دیکەی شەڕوان تەڤلی سوپاکەمان بوون، بەمەش تادەهات ئێمە بەهێزتر و مارکسیەکانیش لاوازتر دەبوون.

۳-ئەوکاتەی فەرهنسیەکان ناوچەی ڕۆهەریان گرت لە ڕەشەمێی ۱۹۲۳ دا ، پارت و ڕێکخراو و بزوتنەوە نەتەوەییەکان کۆبوونەوە و بڕیاری بەرپەرچدانەوەی داگیرکاریان دا. ئێمەش ئەم هەلەمان قۆستەوە لەبۆ تاقیکردنەوەی سوپاکەمان وەکو سوپایەکی بەرگری کار لە نیشتمان، هەرکە ئامانجەکانمان پێکا سوپاکەمان گێڕایەوە بۆ باری پێشووتری: سەربازی بزوتنەوە، ئامارەی بەهێزی و پارێزەری بالاکانن.

بەشی نۆزدە

ماسکی فیدرالیەت

لەنێوان ساڵانی ١٩١٩–١٩٢٠ دا پارتە تازە دامەزراوەکەمان ناچاری دەست نیشانکردنی هەڵوێستی خۆی بوو لە هەمبەر ئاریشەیەکدا کە مقۆمقۆیەکی زۆری لەسەربوو.

لەبەشێکی لەمەوپێشی ئەم پەرتووکەدا فاکتەرەکانی شکست خواردنی وڵاتەکەم خستەڕوو لەکاتێکدا سەرقاڵی کێبڕکێی دوژمنێکی زۆر مەترسیداربووین. تیشکم خستە سەر ئەو هۆڵاتەی کە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی بەریتانی و فەرەنسی پەنای تێگرتبوو لەبۆ ئافراندنی جیاوازی لەنێوان هەردوو بەشی باکور و باشوری ئەڵمانیا. لەبەهاری ١٩١٥ دا بلاۆکراوەکانی هاوپەیمانان بەسەرماندا دابارین کە تێیدا پروسیا بە تاوانبار و هەڵایسێنەری جەنگ دەزانن و زستانی ١٩١٦ دا ئەم تۆمەتە ئاراستەی باشوری ئەڵمانیا کرا و هانی قوتاربوونیان دەدان لە ژێر دەستەڵاتی پروسیەکان. ناچارین دان بەوەشدا بنێین کە ڕووداوەکانی پێکدادانی نێوان باکور و باشوری ئەڵمانیا هەڵبەستراو نەبوونە.....ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕەتاری بەستووی دەستەڵاتدارانی ئەڵمانیا و بەتایبەت باڤاریا لەوەی هیچ هەنگاوێکیان نەنابوو لەبۆ دژایەتی کردنی ئەو ڕۆژنامە ئەڵمانیانەی کە داوای جودابوونەوەیان دەکرد. تۆڕەیی

گەل لەهەمبەر پروسیا و بنەماڵەی دەستەڵاتداری باڤاریا یەکەم جار لەمیونیخ هوە دەستی پێکرد, ئەمەش بەهۆی خراپی بنەماڵەی فەرمانڕەوای وڵاتەوە بووە, ئەگینا ئەگەر گەل هەست بەچاکی دەستەڵاتێك بکات بۆچی دەیڕوخێنێت, لەم کاتەدا ئابووری نەتەوەیی لەلوتکەی خەوشداریدا بوو, تاکە دەستەڵاتیش لەبەرلین بوو, کە خەڵکانی ئاسایی بە پروسیای لەقەڵەم دەدەن.

گەل باش ئاگای لەوەبوو کە((بەرژەوەندیەکانی هەڵایسانی جەنگ)) کە بڕیاری لەسەر دەدرێت هەمووی لەبەرلیندا کۆبووەتەوە, بەڵام نەیان دەزانی ئەوانەی ئەم بەرژەوەندیانەیان ڕێکخستوەخەڵکانی بەرلینی و پروسیش نین, تەنانەت زۆرینەشیان هەر ئەڵمانی نین...بەڵام حکومەتی باڤاریادەوری لەهەموو شتێك دابوو, واتە ئاگاداری ئەم ڕەوشە بوو, بەڵام سەرباری ئەمەش خۆی گێل دەکرد لە تەوژمەکانی دژە پروسی لەبری ئەوەی بەڕوویدا بوەستێتەوە و ئەندێشە گەمژانەکانی یادگەی خەڵکی بپوکێنێتەوە.

بەڵام ئەو جولەکە فێڵاویانەی کە((بەرژەوەندی جەنگ))یان دروست کردبوو, بۆئەوەبوو لەم کاتەدا گیرفانی هەموو خەڵك ببڕن, هەستیان کرد گەر بێت و گەل بەمە بزانێت ئەوا چنگ دەخاتە بیناقاقای و دەیخنکێنێت بۆیەبڕیاری گواستنەوەی تۆوی دووبەرەکی دا لەنێو هاوڵاتیانی نیشتمانداو, باڤاریای توندکرد لەهەمبەر پروسیادا, هەردووکیان کەوتنە دژبەری کردنی یەکتر, هەمووان زەروەو نێودەوڵەتیەکەیان لەبیر چووبوویەوە کە خوێنی خەڵکی دەمژن...

ئەم دۆخە بۆماوەیەکی زۆر بەم شێوەیە مایەوە تا ئەوکاتەی تۆوی شۆڕش وەرگیرا, جوولەکە و بەلشەفیکیەکان قۆستیانەوە لەبۆ هەڵوەشاندنەوەی نیشتمانی ئەڵمانی و داڕووتانەوەی لەهێز. ڕێکخەرانی شۆڕشی باڤاریا خۆی وەکو بەرژەوەندی بینی باڤاری دەدیت, لەکاتێکدا ئەمانە دواین کەس بوون کەماف ئەوەیان پێبدرێت بەناوی گەلی باڤاریەوە بدوێن, ئەمانە جولەکانی ڕۆژهەڵاتی پاشەڵ لێڵ بوون.

ڕێکخەری شۆڕشەکەی باڤاریا, کورس ئەمیرنر, گرنگی بەوەدابوو کە پێویستە ئەم بزوتنەوەیە شێوازێکی هێرش بەری وەربگرێت لەناوچەکانی دیکەی ڕایخ دا, لەگەڵ پێداگری لەوەی دەرئەنجامی ئەم شۆڕشە هاوتای بەرژەوەندی جولەکە ڕەسەنەکان

بێت، جێبەجێ کاری ڕێنماییەکانی جولەکەی جیهانی بێت کە بروای وابوو بەر لەوەی هەوڵی بەلشەڤ کردنی ئەڵمانیا بدات نەتەوەی ئەڵمانی هەڵبوەشێنێتەوە.

ئەوکاتەی هێزەکانی ئەڵمانیا باڤاریایان لەچنگی لایەنگرانی بەلشەڤ قوتارکرد، ئەمانە بانگەشەی خەباتی سوریان کرد لەپێناو هێشتنەوەی دەستەلاتیان، بەوەی دەیان گووت:((نەبەردیی کرێکارانی باڤاریا لەدژی سەربازگەی پروسیە)). ئەم بانگەشە ئامانجدارانە دەنگدانەوەیەکی بەهێزی نەرێنی هەبوو لەبۆ ڕق ئەستوربوونی باڤاریەکان لەپروسیەکان و بەپێچەوانەشەوە.

لەم ساتە هەستیاریەدا بۆخۆم هاتمە گۆڕەپانی ئەم ململانێیەوە و کارم دەکرد لەبۆ ڕق لێنەبووەی هاوڵاتیانی ئەڵمانی لەیەکتر و داوام لێدەکردن هەوڵی یەککرتنەوەیان بەهێزتربێت وەک لە جوداخوازی، بەڕاستی ئەرکێکی قورسم خستبووە سەرشانم، لە دەڤەر و گوند و شارە باڤاریەکاندا ئاستی ڕق لێبوونەوە لە پروسیەکان گەیشتبووە تڕۆپک، ئەم سورخوازانە لەهەموو کونجێکی ولاتدا ناوەندێکیان کردبۆوە کە ئەرکی تەنها دنەدانی خەڵک بوو لەلەرامبەر پرۆسیادا.

بڕیاری لەناوبردنی ئەم تەوژمەجودا خوازییەم دا، بۆیە چوومە کۆبوونەوەیەکی جودا خوازەکانەوە کەلە هۆڵ لۆفن –بروکلر لە میونیخ بەستبوویان، لەم کاتەشدا چەند هاوڵێکم لەگەڵدا بوو. پاش لەوەی یەکەم وتاربێژ قسەکانی تەواوکرد لەجێگەی خۆم لەنێو ئامادەبوانەوە هەستامە سەرپێ و باسی خراپیەکانی جوداخوازیم بۆ کردن و تێم گەیاندن لەوەی جودا بوونەوە تەنها بەقازانجی جولەکە و مارکسیە سورخوازەکانە و هیچی تر و هەر ئەمانیشن پیلان گێڕ و دنەدەران لەبۆ سەرکەوتنی ئەم نەخشەیەشیان هەموو کارێک دەکەن، ڕوونی قسەکانم ئامادەبوانی جوداخوازی تورەکرد و چەندین جار جنێوی ناشرینیان پێدام و هەوڵی بڕینی قسەکانیان دام، لەم کاتەدا هاوڵە بۆکس وەشێنەکانم لەهۆڵەکە تەوقیان دام و نەیان هێشت هیچ کەسێک ئازارم پێبگەیەنێت و بردمیانە دەرەوە.

بەردەوام بووم لە پووکانەوەی ئەم هەوڵە جودا خوازییە، بەمەش تادەهات لایەنگیرم زیادتر دەبوو، جاربەجاریش جودا خوازان زۆر بەتوندی هێرشیان کردوینەتەسەر و هەندێک لەهاوڵانیشم لەهۆش براونەتەوە و بەپەلکێشان فڕێ دراوەتە دەرەوەی هۆڵەکەوە، واتە جەنگ بوو جەنگی ڕاستەقینە.

دوای ئەوەی لەسالی ۱۹۱۹ و مانگەکانی سەرەتای ۱۹۲۰ دا پارت بۆچوونەکەی منی لەئەستۆگرت و ئەم ئەرکەی بەتەنها لەسەر شانی خۆم نەهێشت, هەموو هەنگاوێکمان بەیارمەتی پۆڵە باڤاریەکان بوو کە سنگی خۆی دەخستە بەر گوللەی قسە هەڵبەستراوەکانی جودا خوازان و نەیان دەهێشت هەوڵە کوشندەکەیان سەربگرێت.

ئەوکاتەی پارتەکەمان بەچرپیەوە خۆی تەرخان کرد لەبۆ دژبەری کردنی ئەم هەڵمەتە, جووەکان و یارمەتی دەرانیان پەنایان گرتە نەخشەیەکی نوێتر و بۆ تێپەراندنی ئەم نەخشە گلاوەیان دەیان گووت: ئەم جموجۆلانە تەنها بەمەبەستی دامەزراندنی دەوڵەتی ڕایخ بووە لەسەر بنەمای فیدراڵیەت , واتە پارچە پارچە کردنی و یەککرتنی لەسەر بنەمای یەکێتی و فیدراڵیەت, ئەمەش بۆ نەهێشتنی مەترسیە لەسەر وڵاتانی دراوسێ, ئامانج لێرەدا تەنها پروسیایە, بەم هەنگاوە زانیمان جووەکان چییان لەژێر سەردایە و کارەکەی ئێمەیان ئاسانترکرد. پاشان ڕووداوەکەی دۆرتن دیارکەوت, کە ڕینانی ناپاك هەوڵی جوداخوازی دا, بەم کارەش پەردە لەسەر چاوی خەڵەتاوانی باڤاری لاچوو, هەستیان کرد کە سەرکردەکانی بزوتنەوەی جوداخوازی و فیدراڵیەت دوو چەشنە سەرکردەی لەیەك جودان, ئەمانە بەکرێ گیراوانی دەوڵەتانی بیانین, کاربۆ فەرەنسا و ئینگلیز دەکەن.

تێبینی ئەوەشمان کرد, کە هەڵمەتە دژندانەکە بەزۆری چڕکرابۆوە لەسەر دەستە پارێزگارەکان نەوەك دەستەکانی تریش, لەبەرئەوەی پارێزگاران هەستان بە ڕەتکردنەوەی دەستورەکەی فیمار کە باشوریە ئەڵمانیەکان و جووەکان دایان ڕشبۆوە, ئەو دەمەی جووەکان هەستیان کرد لەئینە جودا خوازیەکەیان بەرەو تیاچوون هەنگاو دەنێت, وازیان هێنا لە قۆڵابڕینی خەڵك و گەندەڵی کرد, کەوتە وێزی پارێزگاران و باڤاریاەکان و پروسیەکان و هەوڵی خۆشکردنی ئاگری جەنگیان دەدا لەنێوانیاندا.

سەرباری هەموو ئەمانە کەچی گەل هێشتاکە بەخەوەر نەهاتبۆوە و هەر لەبێشکەی گێژکاری جوولەکەدا خەوێنرابوون,نەیان دەزانی جووەکان گەمەیان پێدەکەن. لە زستانی ۱۹۱۹ من و یاوەرانم هەوڵی ئاگادارکردنەوەی خەڵکم دا لەمەترسیەکانی جوولەکە بەڵام خەڵکی عەوام ئەم بۆچوونانەی ئێمەیان ڕەت کردەوە بەبیانووی ئەوەی

ئێمه ڕەگەز پەرەستین. دەبێت دان بەوەشدا بنێین که چاکەی وروژاندنی دژە جوولەکە دەگەڕێتەوە بۆ ڕێکخراوی ((کۆمەڵەی بەرگری و هێرش)) کەلە هەمان سالدا دامەزرابوو. هەرکە پارتی نیشتمانی سۆسیالیستی ئەم بیرۆکەیەی وەرگرت و کردیە تەوەری کاری بزوتنەوەکەی خەڵکێکی زۆر شوێنی کەوتن. بەڵام جووەکان زۆر سەگانە ناسان بۆنی ئەم مەترسیەیان کرد و خۆیان بۆ بەرگری کردنی توند ئامادەکرد. که پشتی به پیلانگێڕی کۆن بەستبوو. لەسێ ڕۆژنامەی بەکرێ گیراودا کێشەی ئاینی لەنێوان پرۆتستانتی و کاسۆلیکی خرایە ڕوو. ئەمەش وای کرد هەموان لەنێو خۆیلندا دووبارە دابەش ببنەوە.

بەم کارەش جووەکان توانیان جارێکی دیکە سەرکەوتن بەدەست بێنن. خەڵکی بەلاڕێدا ببەن. لەنێوان نێواڕە و گژەنگێکدا حەسرەتیان جووی دوژمنی هاوبەشیان لەبیرکرد و کەوتنە وێزی یەکتر. ئەم کەسە نامۆ قڕ ڕەش و لووت درێژەیان لەبیرچوویەوە که بووەتە بار بەسەریانەوە و پیلانیان لەدژ دەگێڕێت و خوێنی پاکی ئاری پیس دەکات. لەبیریان چوو که ئەوە جووەکانن دوژمنی سەرسەختی لەمێژینەی حەسرەتیان، جووەکان جیاوازی ناکەن لەدژایەتی کردنی کاسۆلیك و پرۆتستانت، جووەکان دوژمنی کەونای ئاری خوێن پاك بووە. لەناوبەری ژیاری و هەڵگرانی مەشخەڵی شارستانی بووە.

هەموو ئەو ڕوونیانەیان نەدەبینی و هەنگاویان بەرەو مقۆمقۆیەکی زۆر نا که دوور بوو لە ناوەڕۆکی ئاینەوە بەدووری نێوان زەوی و ئاسمان. ڕۆژنامە مارکسی و کافرەکان خۆبەخشانە بڕیاریاندا زەیت بکەنە سەر ئاگرە داگیرساوەکەوە لەڕێگەی بلاوکردنەوەی بۆچوونی تڕۆڵەوە. ئەوەی ڕەگەز پەرەستان سنورێك بۆنەم ناکۆکیە ناپێویستە دابنێت هاتنە نێو جەنگەکە و شەڕیان لەڕەگەزە گۆڕی بۆ مەزەب و ئاین. لەم کاتەدا جووەکان لەنێزکەوە لە پیسبوونی خوێنی ئێمە و بێ ئابڕوو بون و تێکدانی بەرژەوەندیەکانمایان دنواڕی. لەم کاتەدا دوژمنانی دەرەکی ئەڵمانیا سەرقاڵی دابەشکردنی زەوی و دەستکەوتەکانی جەنگ بوون و گەمەیان بەئێمە دەهات لەوەی سەرقاڵی جەنگێکی ناوخۆیی بێ ئەنجام و زۆر لە دەستکەوتنین.

***

پارتی نیشتمانی سۆسیالیستی هەنگاوی نا بەرەو دەست نیشانکردنی کێشە بنچینەییەکانی هۆکار لەم ململانێیەی نێوان لایەنگرانی فیدرالی و ناوەندخوازان, پێویست بوو بەبێ ئەوەی بڕاستەوخۆ دەستی تێوەربدات بەشداربێت لەچارەکردنی ئەم کێشەیە و بۆچوونی خۆی لەبارەوە بخاتەڕوو, خەڵکان لە بیروبۆچوونی خۆی ئاگاداربکاتەوە لەهەمبەر دەوڵەتی یەکێتی (فیدرالی) و دەوڵەتی یەککرتووی ناوەندی.

دەبوو بەتەواوەتی چەمکی دەوڵەتی یەکێتی دەست نیشان بکەین, چونکە ئەم چەمکە تەنانەت لەخوودی سەردەمی بسمارکیشدا بەهەڵە ڕاڤەی بۆکرابوو.

دەوڵەتی یەکێتی یان یەککرتوو چییە ؟

پێکدێن لە کۆمەڵێك دەوڵەتۆچکەی شکۆمەند کە بڕیاری یەککرتنیان داوە و دەستیان هەڵگرتووە لەهەندێك لەمافەکانیان و پێکەوە یەکێتیەکی بەهێزیان دروستکردووە.

بەڵام ئەم شێوە شیکردنەوەیە لەهیچ دەوڵەتێکی یەکێتی دا جێبەجێ نەکریاگە, هەرێمە یەککرتوەکانی ئەمریکا بەرئەنجامی ڕێککەوتنی کۆمەڵێك دەوڵەتی شکۆمەند نەبووە, واتا ئەو هەرێمانەی کە ئەم وڵاتەی ئێستا پێکدەهێنن هیچ کاتێك بۆخۆیان خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ نەبوونە و دەستیشیان لەهیچ مافێك هەڵنەگرتووە, بەڵکو بەسروشتی یەکیان گرتووە.

دەتوانین بێژین ئەوە هەرێمەکان نەبوون یەکێتیان پێکهێناوە بەڵکو یەکێتیەکە بوو چەندین هەرێمی دیکەی هێنایە بوونەوە, هیچ هەرێمێك بە ئارەزووی خۆی دەستور داناناێت و ڕەفتارناکات , بەڵکو هەموو وڵاتێ یەك دەستوری هەیە بەڵام بەپێی ناوچەکان گرنگی زیادتری پێدراوە.

هەمدیس شیکردنەوەی دەوڵەتی یەککرتوو بەسەر ئەڵمانیادا ناچەسپێت, لەبەرئەوەی سەرباری ئەوەی ئەم دەوڵەتانەی ئەم یەکگتنەیان پێکهێناوە پێش لەیەکگرتنە دەوڵەتۆچکەی سەربەخۆ بوونە بەڵام خوودی ڕایخی ئەڵمانیش بەرئەنجامی ڕێککەوتنی نێوان وڵاتۆچکە ئەڵمانیەکان نەبووە, بەڵکو بەهۆی هێزداری پروسیاوەبووە, لەوەی توانیویەتی بەهێزی خۆی هەموویان بۆ یەك دەوڵەت ملکەچ بکات.

پارتی نیشتمانی کۆماری لەم خۆپیشاندانە بەشداربوو، بەشداربوانیش لەژێر سایەدا بە پتەوی و خۆڕاگریەوە دروشمەکانیان بەرز دەکردەوە، دەستەکانی هێرش لەمیونیخ زۆر بەجوانی پێشکەوتنی بەخۆوە دەدیت و پێشنگایەتی خۆپیشاندانەکەبوون. لەسەر شانی ئەمانەشدا پانزە ئالأ دەشەکایەوە. ئەو دەمەی نیشتمان پەروەرە سۆسیالیستیەکان چوونە خۆپیشاندانەکەوە بەجوانی پێشوازییان لێکرا، گەورەیی قسەکردن بەناوی پارتەوە بەمن بەخشرا و لەوێدا وتارێکی خرۆشێنەرم بۆ شەست هەزار ئامادەبوو خوێندەوە.

لەم کاتەدا ئەندامی سور خواز هەوڵی تێکدانی ئەم خۆپیشاندانەیان دەدا بۆیە سەربازانی ئێمەی باش ئامادەکراو هاتنە دەست لێیان و لەماوەیەکی زۆر کەمدا سورەکان هەڵهاتن و بەم کارەش توانیمان بۆچوونی خەڵکی میونیخ لە سورەکان وەرچەرخێنین بەقازانجی خۆمان، ئەمەش هەڵی ئەوەی پێدراین بە ترسێکی کەمتر لەجارانەوە دابەزینە نێو شەقامەکان و ئەو ناوچەیە لەدەست دووژمن بسەنینەوە.

ئەم ئەنجامە دڵخۆشکارەی ئەو ڕۆژە گۆڕی زیادتری پێدراین لەبۆ پتر سوورببوون بۆ سەرکەوتن.

۲-سەردانی کردنی باژێڕی کوبورغ

ڕێکخراوانی ڕەگەزپەرەستی ئەڵمانی بڕیاری بەستنی کۆبوونەیەکیان دا لەشاری کوبرغ. بۆخۆم بانگێشتی ئەم کۆبوونەوەیەکرام لەگەڵ داواکردنی هێنانی کۆمەڵێك لە لایەنگرام لەگەڵ خۆمدا بۆئەوشارە. بۆیە منیش بڕیارمدا دگەڵ خۆمدا هەشت سەد جەنگاوەری بەتوانا بەرم کەلە چوار دەستە پێك هاتبوون. لەڕێگەی شەمەندۆفێرەوە لەمیونیخەوە گواستمانیانەوە بۆ کوربورغ. بەخێرایی نامەمان بۆ لایەنگرانی پارتەکەشمان کرد لەبۆ خۆئامادەکردن لەو ناوچانەی کەشەمەندەفەرەکە پێیدا تێدەپەڕێت. لەهەموو وێستگەیەکدا دەستەیەك لە هەوادارانی نیشتمان پەروەرانی سۆسیالیستی ئامادەبوون. ئالأکانیان هەڵکردبوو. ئەمەش کاریگەری تەواوی لەسەر دەروونی دانیشتوانی ئەو ناوچانە هەبوو.

لیژنەی ڕێکخستنی کۆبوونەوەکە پێی ڕاگەیاندین: سەندیکای ناوخۆیی و پارتی سۆسیالیستی سەربەخۆ و پارتی شیوعی و دەستەلأتی ناوخۆیی شارەگە بڕیاریاندا لەڕێگەی ڕێککەوتن لەگەڵ دەستەی بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەکەدا-لێرەوە ئامۆبوون

دیاردەکەوێت-کە لەکاتی چوونە ژوورەوەمان بۆ نێو شار نابێت بەهیچ شێوەیەک نە ئالاً هەڵبکەین و نەش گروپ ڕێکبخەین و نە مۆسیکی دروشمیش بژەنین....هتد.

بەبێ هیچ ڕاڕاییەک ئەمەم ڕەتکردەوە. ئەم مەرجانە نامۆبوون. بێ هیچ دوودڵیەک بێ ئابڕوویی ئەم قسە و ڕێککەوتنەم لەبۆ لیژنەکە ڕوون کردەوە. بە سەرۆکی لیژنەکەم گووت کە: هێزەکانی سوپای هێرش هەنوکە خەریکە تەقڵی نێو شار دەبن و لەڕێگەی ژەنینی مۆسیک و هەڵکردنی ئالاً و وتنەوەی دروشمەوە دەچینە نێوشارەکەوە.

هەر وەشمان کرد.

پێش لەوەی لە گۆڕەپانی وێستگەکە بجوڵێین هەستم بە کۆبوونەوەی ژمارەیەکی زۆر خەڵک کرد. لەوەی ئامادەی تانە لێدانمانن بۆئەمەش چاوەنواڕی ئاژەی پەنجەی دوژمنانمان دەکەن. زۆریان جنێو پێداین. بەڵام ئێمە هیچ گوێمان لێنەدان و ڕیزی سوپاکەمان تێک نەچوو. لەڕێڕەوتی ڕۆیشتنمان بۆ هۆڵی هۆفمبرهۆس دا کە دەکەوتە ناوەڕاستی شارەوە خەڵکێکی زۆر لەدەورمان کۆبوونەوەو جنێویان پێدەداین. ئێمە وەها خۆمان پیشان دەدا هیچ نابیستیت. پۆلیس لەم کاتەدا بەبیانووی دروست نەبوونی شەڕ و پەلامار نەدانمان لەلایەن خەڵکەوە دەرگای هۆڵەکەی لێ تووندکردین. بەڵام من بەخێرایی هاوارم کرد کە ئێوە دەرگاکە بکەنەوە و هەقتان نەبێت ئێمە بۆخۆمان ئامرازی گونجاوی بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەمان هەیە و دەتوانین خۆمان بپارێزین. بۆیە پۆلیسیش بەناچاری دەرگاکەی کردەوە. لەکاتی نزیک بوونەوەی کاتی کۆبوونەوەکە تێم گەیاندن کە ئێمە دەبێت بڕۆین بۆ ناوەندی پارت لە کوربۆرغ. بۆیە هەمدیس ڕێگەی نوێمان گرتەوە پێش بەئاراستەی ناوەند و سرودی نیشتیمانیمان دەگوتەوە. ئەوکاتەی سورخوازان و هاوڕێگاکانیان(بانگەشەکارانی : سۆسیالیستی و برایەتی و یەکسانی) زانیان جنێو کارمان تێناکات دەستیان دایە بەرد تێگرتنمان. ئەمە سەربازانمانی تووڕەکرد و هەڵمەتیان بۆبردن و لەماوەی کەمتر لە دەخولەکدا کۆلآن و شەقامەکان چۆڵ بوون لە ئاژاوە گێڕان.

شەویش پێکدادانی زۆر توند ڕوویدا لەزۆر ناوچەی کوبورغ. سوپەکان هێرشیان کردبووە سەر هەواداران و براکانی دانیشتوی ئەم شارەمان و زۆریان تێهەڵدابوون و دۆخیانیان تێکدابوو. هەرکە ئەم هەواڵە گەیشتە ناوەندی پارتمان هێزی تەواومان

نارده نێو شەقام و کۆڵانەکانی شارو توانیمان لەم خوێن ڕێژانە شار پاك بکەینەوەو هەموویانمان تیابرد. بەم کارەش توانیمان تاڕادەیەك شەقامەکانی کوربوورغ لە سورخوازان بسێنینەوە کە بۆ ماوەیەکی زۆر بوو بۆ خۆیان داگیریان کردبوو.

بەڵام مارکس خوازان پەندیان لەم دوو شەڕەی دوێنێ وەرنەگرت بۆ ڕۆژی دواتی بڕیاری خرپیشاندانیان دا لەدژی ئێمە و بۆئەمەش ژمارەیەکی زۆری کرێکاریان کۆکردەوە و ناونیشان و دروشمەکانیان بریتی بوون لێ: (نیشتمان پەروەرە سوسیالیستیەکان بۆئەوە هاتونەتە نێو شارەوە بۆئەوەی لەکرێکاری بەدەبەخت و بێ دەستەڵات بدەن و بیان ترسێنن). هەرکە هەواڵم پێگەیشت فەرمانم بەسوپا کرد کە دەستە و یەکە و تیپەکانیان کۆبکەینەوە بەجۆرێك ژمارەی سەربازانمان بگاتە هەزار و پێنج سەد سەربازی بەتوانا و ئامادەی کتەك وەشاندن. لەپێشی ئەم هێزەوە بەرەو ناوچەی خۆپیشاندانەکان ڕۆیشتم. بەنیازی ئەوەی نەختێك ئەمانە بەچە ترسێن بکەین و بزانن ئێمە کێین. بەڵام لەم گۆڕەپانەدا هیچ کەسێکی لێ نەبوو جگە لە سەدان پیری پەککەوتە و منداڵ و ژنی بێدەستەڵات. بۆیە بڕیارمان دا هیچ هەنگاوێکی شەڕوانی نەنێین و بەئاشتی بەلایاندا تێپەڕین. مۆسیقامان لێدەدا و دروشمی خۆمان دەوتەوە.

بەڵێ ئەم خۆپیشاندانەی ئێمەش سەرکەوتوو بوو. توانی مەی بداتە دەروونە ماندووەکان. پاش ماوەی دانیشتوانی شارەکە تاڕادەیەك لێمان تێگەیشتن لەسەر شۆستەکان دەوەستان و فێت و هوڕیان بوو . واتە خۆشحاڵیان بۆ دەردەبڕین. لەشەودا ژمارەیەکی زۆری خەڵك وەکو لایەنگر بەرەو وێستگەی شەمەندەفەر بەڕێیان کردین. بەڵام لەوێدا شتێکی سەیرتر هەبوو. ئەویش ڕەتکردنەوەی کارمەندانی تایبەت بە شەمەندەفەر بوو بەوەی نایانەوێت بمان گوێزنەوە بۆ میونیخ. ئەمەش لەڕێگەی هاندانی سەندیکا مارکس خوازیەکانەوە بوو. دنەدەرانم بەباشی تێگەیاند- کە لەشوێنێکدا کۆببونەوەو چاوەنوڕای کاردانەوەیان دەکردین-من گوێم لەوە نییە کە بەدەیان کەس لەئێوە لەگەڵ خۆمدا ببەمە نێو شەمەندەرەکەوە بە زۆر و خۆشمان ئەوکات شەمەندەفەرەکە لێدەخوڕین. سەرباری ئەوەی ناشزانین لێی بخوڕین. لەم کاتەدا بۆیە ئەگەر شتێك ڕوویدا ئەوە بەتەنها ئێمە تیاناچین بەڵکو ئێوەش دەمرن و

هەمان چارەنوسی ئێمەتان دەبێت. ئەمەش رێك بەپێی یاساکانی ئێوەی مارکسی گونجاوە.

بەڕاستی ئەم هەڕەشەم کاریگەری خۆی کردە سەر هەناوی سورخوازان. قیتارەکە لەکاتی خۆیدا دەستی دایە جوڵە و لەوێستگەی کوربرغەوە بەرەو میونیخ بەڕێ کەوتینەوە و بۆ پۆژی دواتر بە سەلامەتی گەیشتینە زێدی خۆمان، میونیخ.

پاش لەپوداوەی کوربورغ سەربازانمان بەگیانێکی خۆبەخشانە و متمانەیەکی زیادتر لەجارانەوە بە خۆیان و پارت و سەرکردەکانیان پەفتاریان دەکرد، ئەمەی وای کرد ئەوانەی باوەڕیان بە بزوتنەوەی نیشتمانی سۆسیالیستی هەبوو بڕوا بەوە بێنن کەپۆژێك دێت ئەم بزوتنەوە یان پارتە دەبێتە خاوەن دەستەلاتی تەواوی وڵات و سنورێك بۆئەم پەتایەی مارسیەت دادەنێت.

بەڵام دیمۆکراتی خوازان بە نیگەرانیەوە لێمانیان دەنواڕی لەوەی ڕێگەی هەڵمان هەڵبژاردووە بۆ بەرپەرچدانەوەی سەرکسیە سورەکان، بەوەی لەڕێگەی بەکارهێنانی هێزەوە هێزیانمان لەناوبردووە، چونکە ئێمە لەوڵاتێکی دیمۆکراتیداین نابێت ئەم شێوازە پەیڕەو بکرێت، ئەمە و چەندان قسە و ڕەخنەی دیکەی لەم شێوەیەیان ئاراستە دەکردین.

سەرکەوتنەی کوربورغ هانی داین کون بەکون و شاربەشار و دێ بەدێ بەدووی مارکسیەکاندا بگەڕێین و پاکتاویان بکەین لەگوندایەتی و دەستەلاتدارێتیان بخەین، بەم کارەشمان پارتەکەمان توانی هەناسەی ئازادی بۆ باڤاریا بگەڕێتەوە هەموان بەبێ ترس بتوانن بپەیڤن و کۆببوونەوە ئەنجام بدەن. لەساڵی ۱۹۲۲دا چەندین دەستەی دیکەی شەڕوان تەڤلی سوپاکەمان بوون، بەمەش تادەهات ئێمە بەهێزتر و مارکسیەکانیش لاوازتر دەبوون.

۳-ئەوکاتەی فەرەنسیەکان ناوچەی پۆهەریان گرت لە ڕەشەمێی ۱۹۲۳ دا ، پارت و ڕێکخراو و بزوتنەوە نەتەوەییەکان کۆببوونەوە و بڕیاری بەرپەرچدانەوەی داگیرکاریان دا. ئێمەش ئەم هەلەمان قۆستەوە لەبۆ تاقیکردنەوەی سوپاکەمان وەکو سوپایەکی بەرگری کار لە نیشتمان، هەرکە ئامانجەکانمان پێکا سوپاکەمان گێڕایەوە بۆ باری پێشووتری: سەربازی بزوتنەوە، ئامادەی بەهێزی و پارێزەری بالأکانن.

بەشی نۆزدە

ماسکی فیدرالیەت

لەنێوان سالأنی ١٩١٩–١٩٢٠ دا پارتە تازە دامەزراوەکەمان ناچاری دەست نیشانکردنی هەلوێستی خۆی بوو لە هەمبەر ئاریشەیەکدا کە مقۆمقۆیەکی زۆری لەسەربوو.

لەبەشێکی لەمەوپێشی ئەم پەرتووکەدا فاکتەرەکانی شکست خواردنی ولأتەکەم خستەروو لەکاتێکدا سەرقالی کێبرکێی دوژمنێکی زۆر مەترسیداربووین. تیشکم خستە سەر ئەو حۆلاتەی کە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی بەریتانی و فەرەنسی پەنای تێگرتبوو لەبۆ ئافراندنی جیاوازی لەنێوان هەردوو بەشی باکور و باشوری ئەلمانیا لەبەهاری ١٩١٥ دا بلأوکراوەکانی هاوپەیمانان بەسەرماندا دابارین کە تێیدا پروسیا بە تاوانبار و هەلأیسێنەری جەنگ دەزانن و زستانی ١٩١٦ دا ئەم تۆمەتە ئاراستەی باشوری ئەلمانیا کرا و هانی قوتاربوونیان دەدان لە ژێر دەستەلأتی پروسیەکان. ناچارین دان بەوەشدا بنێین کە ڕووداوەکانی پێکدادانی نێوان باکور و باشوری ئەلمانیا هەلبەستراو نەبوونە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕەتاری بەستووی دەستەلأتدارانی ئەلمانیا و بەتایبەت باڤاریا لەوەی هیچ هەنگاوێکیان نەنابوو لەبۆ دژایەتی کردنی نەو ڕۆژنامە ئەلمانیانەی کە داوای جودابوونەوەیان دەکرد. تورەیی

گەل لەهەمبەر پروسیا و بنەماڵەی دەستەڵاتداری باڤاریا یەکەم جار لەمیونیخ هوە دەستی پێکرد، ئەمەش بەهۆی خراپی بنەماڵەی فەرمانڕەوای وڵاتەوە بووە، ئەگینا ئەگەر گەل هەست بەچاکی دەستەڵاتێك بکات بۆچی دەیڕوخێنێت، لەم کاتەدا ئابوری نەتەوەیی لەلوتکەی خەوشداریدا بوو، تاکە دەستەڵاتیش لەبەرلین بوو، کە خەڵکانی ئاسایی بە پروسیای لەقەڵەم دەدەن.

گەل باش ئاگای لەوەبوو کە((بەرژەوەندیەکانی هەڵایسانی جەنگ)) کە بڕیاری لەسەر دەدرێت هەمووی لەبەرلیندا کۆبووەتەوە، بەڵام نەیان دەزانی ئەوانەی ئەم بەرژەوەندیانەیان ڕێکخستووەخەڵکانی بەرلینی و پروسیش نین، تەنانەت زۆرینەشیان هەر ئەڵمانی نین...بەڵام حکومەتی باڤاریادەوری لەهەموو شتێك دابوو، واتە ئاگاداری ئەم ڕەوشە بوو، بەڵام سەرباری ئەمەش خۆی گێل دەکرد لە تەوژمەکانی دژە پروسی لەبری ئەوەی بەڕوویدا بوەستێتەوە و ئەندێشە گەمژانەکانی یادگەی خەڵکی بپوکێنێتەوە.

بەڵام ئەو جولەکە فێڵاویانەی کە((بەرژەوەندی جەنگ))یان دروست کردبوو، بۆئەوەبوو لەم کاتەدا گیرفانی هەموو خەڵك ببڕن، هەستیان کرد گەر بێت و گەل بەمە بزانێت ئەوا چنگ دەخاتە بیناقاقای و دەیخنکێنێت بۆیەبڕیاری گواستنەوەی تۆوی دووبەرەکی دا لەنێو هاوڵاتیانی نیشتماندا، باڤاریای توندکرد لەهەمبەر پروسیادا، هەردووکیان کەوتنە دژبەری کردنی یەکتر، هەمووان زەروەو نێودەوڵەتیەکەیان لەبیر چووبوویەوە کە خوێنی خەڵکی دەمژن...

ئەم دۆخە بۆماوەیەکی زۆر بەم شێوەیە مایەوە تا ئەوکاتەی تۆوی شۆڕش وەرگیرا، جوولەکە و بەلشەفیکیەکان قۆستیانەوە لەبۆ هەڵوەشاندنەوەی نیشتمانی ئەڵمانی و داڕووتانەوەی لەهێز. ڕێکخەرانی شۆڕشی باڤاریا خۆی وەکو بەرژەوەندی بینی باڤاری دەدیت، لەکاتێکدا ئەمانە دواین کەس بوون کەماف ئەوەیان پێبدرێت بەناوی گەلی باڤاریەوە بدوێن، ئەمانە جولەکانی ڕۆژهەڵاتی پاشەڵ لێڵ بوون.

ڕێکخەری شۆڕشەکەی باڤاریا، کورس ئەمیرنر، گرنگی بەوەدابوو کە پێویستە ئەم بزوتنەوەیە شێوازێکی هێرش بەری وەربگرێت لەناوچەکانی دیکەی پایخ دا، لەگەڵ پێداگری لەوەی دەرئەنجامی ئەم شۆڕشە هاوتای بەرژەوەندی جولەکە ڕەسەنەکان

بێت، جێبەجێ کاری ڕێنماییەکانی جولەکەی جیهانی بێت کە بروای وابوو بەر لەوەی هەوڵی بەلشەڤی کردنی ئەڵمانیا بدات نەتەوەی ئەڵمانی هەڵبوەشێنێتەوە.

ئەوکاتەی هێزەکانی ئەڵمانیا باڤاریایان لەچنگی لایەنگرانی بەلشەڤی قوتارکرد، ئەمانە بانگەشەی خەباتی سوریان کرد لەپێناو هێشتنەوەی دەستەلاتیان، بەوەی دەیان گووت:((نەبەردیی کرێکارانی باڤاریا لەدژی سەربازگەی پروسیە)). ئەم بانگەشە ئامانجدارانە دەنگدانەوەیەکی بەهێزی نەرێنی هەبوو لەبۆ ڕق ئەستوربوونی باڤاریەکان لەپروسیەکان و بەپێچەوانەشەوە.

لەم ساتە هەستیاریەدا بۆخۆم هاتمە گۆڕەپانی ئەم ململانێیەوە و کارم دەکرد لەبۆ ڕق لێنەبووەی هاولاتیانی ئەڵمانی لەیەکتر و داوام لێدەکردن هەوڵی یەکگرتنەوەیان بەهێزتربێت وەك لە جوداخوازی، بەڕاستی ئەرکێکی قورسم خستبووە سەرشانم، لە دەڤەر و گوند و شارە باڤاریەکاندا ئاستی ڕق لێبوونەوە لە پروسیەکان گەیشتبووە تڕۆپك، ئەم سورخوازانە لەهەموو کونجێکی ولاتدا ناوەندێکیان کردبۆوە کە ئەرکی تەنها دنەدانی خەڵك بوو لەڕامبەر پرۆسیادا.

بڕیاری لەناوبردنی ئەم تەوژمەجودا خوازییەم دا، بۆیە چوومە کۆبوونەوەیەکی جودا خوازەکانەوە کەلە هۆڵ لۆفن –بروکلر لە میونیخ بەستبوویان، لەم کاتەشدا چەند هاوڵێکم لەگەڵدا بوو. پاش لەوەی یەکەم وتاربێژ قسەکانی تەواوکرد لەجێگەی خۆم لەنێو ئامادەبوانەوە هەستامە سەرپێ و باسی خراپیەکانی جوداخوازیم بۆ کردن و تێم گەیاندن لەوەی جودا بوونەوە تەنها بەقازانجی جولەکە و مارکسیە سورخوازەکانە و هیچی تر و هەر ئەمانیشن پیلان گێڕ و دنەدەران لەبۆ سەرکەوتنی ئەم نەخشەیەشیان هەموو کارێك دەکەن، ڕوونی قسەکانم ئامادەبوانی جوداخوازی توڕەکرد و چەندین جار جنێوی ناشرینیان پێدام و هەوڵی بڕینی قسەکانیان دام، لەم کاتەدا هاوڵە بۆکس وەشێنەکانم لەهۆڵەکە تەوقیان دام و نەیان هێشت هیچ کەسێك ئازارم پێبگەیەنێت و بردمیانە دەرەوە.

بەردەوام بووم لە پووکانەوەی ئەم هەوڵە جودا خوازییە، بەمەش تادەهات لایەنگیرم زیادتر دەبوو. جاربەجاریش جودا خوازان زۆر بەتوندی هێرشیان کردوینەتەسەر و هەندێك لەهاوڵانیشم لەهۆش براونەتەوە و بەپەلکێشان فڕێ دراوەتە دەرەوەی هۆڵەکەوە. واتە جەنگ بوو جەنگی ڕاستەقینە.

دوای ئەوەی لەسالی ۱۹۱۹ و مانگەکانی سەرەتای ۱۹۲۰ دا پارت بۆچوونەکەی منی لەنەستۆگرت و ئەم ئەرکەی بەتەنها لەسەر شانی خۆم نەهێشت, هەموو هەنگاوێکمان بەیارمەتی پۆلە باڤاریەکان بوو کە سنگی خۆی دەخستە بەر گوللەی قسە هەڵبەستراوەکانی جودا خوازان و نەیان دەهێشت هەوڵە کوشندەکەیان سەربگرێت.

ئەوکاتەی پارتەکەمان بەچرپیەوە خۆی تەرخان کرد لەبۆ دژبەری کردنی ئەم هەڵمەتە, جووەکان و یارمەتی دەرانیان پەنایان گرتە نەخشەیەکی نوێتر و بۆ تێپەراندنی ئەم نەخشە گلاوەیان دەیان گووت: ئەم جموجۆلانە تەنها بەمەبەستی دامەزراندنی دەوڵەتی ڕایخ بووە لەسەر بنەمای فیدراڵەت , واتە پارچە پارچە کردنی و یەکگرتنی لەسەر بنەمای یەکێتی و فیدراڵیەت, ئەمەش بۆ نەهێشتنی مەترسیە لەسەر وڵاتانی دراوسێ, ئامانج لێرەدا تەنها پروسیایە, بەم هەنگاوە زانیمان جووەکان چییان لەژێر سەردایە و کارەکەی ئێمەیان ئاسانترکرد. پاشان ڕووداوەکەی دۆرتن دیارکەوت, کە ڕیبانی ناپاك هەوڵی جوداخوازی دا, بەم کارەش پەردە لەسەر چاوی خەڵەتاوانی باڤاری لاچوو, هەستیان کرد کە سەرکردەکانی بزوتنەوەی جوداخوازی و فیدڕاڵیەت دوو چەشنە سەرکردەی لەیەك جودان, ئەمانە بەکرێ گیراوانی دەوڵەتانی بیانین, کاربۆ فەڕەنسا و ئینگلیز دەکەن.

تێبینی ئەوەشمان کرد, کە هەڵمەتە دڕندانەکە بەزۆری چڕکرابۆوە لەسەر دەستە پارێزگارەکان نەوەك دەستەکانی تریش, لەبەرئەوەی پارێزگاران هەستان بە ڕەتکردنەوەی دەستورەکەی فیمار کە باشوریە ئەڵمانیەکان و جووەکان دایان ڕشبۆوە, ئەو دەمەی جووەکان هەستیان کرد لڤینە جودا خوازیەکەیان بەرەو تیاچوون هەنگاو دەنێت, وازیان هێنا لە قۆڵابڕینی خەڵك و گەندەڵی کرد, کەوتە وێزی پارێزگاران و باڤاریاەکان و پروسیەکان و هەوڵی خۆشکردنی ئاگری جەنگیان دەدا لەنێوانیاندا.

سەرباری هەموو ئەمانە کەچی گەل هێشتاکە بەخەوەر نەهاتبۆوە و هەر لەبێشکەی گێژکاری جوولەکەدا خەوێنرابوون,نەیان دەزانی جووەکان گەمەیان پێدەکەن. لە زستانی ۱۹۱۹ من و یاوەرانم هەوڵی ئاگادارکردنەوەی خەڵکم دا لەمەترسیەکانی جوولەکە بەڵام خەڵکی عەوام ئەم بۆچوونانەی ئێمەیان ڕەت کردەوە بەبیانووی ئەوەی

ئێمە ڕەگەز پەرەستین. دەبێت دان بەوەشدا بنێین کە چاکەی وروژاندنی دژە جوولەکە دەگەڕێتەوە بۆ ڕێکخراوی ((کۆمەڵەی بەرگری و هێرش) کەلە هەمان ساڵدا دامەزرابوو. هەرکە پارتی نیشتمانی سۆسیالیستی ئەم بیرۆکەیەی وەرگرت و کردیە تەوەری کاری بزوتنەوەکەی خەڵکێکی زۆر شوێنی کەوتن. بەڵام جووەکان زۆر سەگانە ئاسان بۆنی ئەم مەترسیەیان کرد و خۆیان بۆ بەرگری کردنی توند ئامادەکرد, کە پشتی بە پیلانگێڕی کۆن بەستبوو. لەسێ ڕۆژنامەی بەکرێ گیراودا کێشەی ئاینی لەنێوان پرۆتستانتی و کاسۆلیکی خرایە ڕوو, ئەمەش وای کرد هەموان لەنێو خۆیلندا دووبارە دابەش ببنەوە.

بەم کارەش جووەکان توانیان جارێکی دیکە سەرکەوتن بەدەست بێنن, خەڵکی بەلاڕێدا ببەن. لەنێوان ئێوارە و گزەنگێکدا حەسرەتیان جووی دوژمنی هاوبەشیان لەبیرکرد و کەوتنە وێزی یەکتر, ئەم کەسە نامۆ قژ ڕەش و لووت درێژەیان لەبیرچوویەوە کە بووەتە بار بەسەریانەوە و پیلانیان لەدژ دەگێڕێت و خوێنی پاکی ئاری پیس دەکات, لەبیریان چوو کە ئەوە جووەکانن دوژمنی سەرسەختی لەمێژینەی حەسرەتیان, جووەکان جیاوازی ناکەن لەدژایەتی کردنی کاسۆلیك و پرۆتستانت, جووەکان دوژمنی کەونای ئاری خوێن پاك بووە, لەناوبەری ژیاری و هەڵگرانی مەشخەڵی شارستانی بووە.

هەموو ئەو ڕوونیانەیان نەدەبینی و هەنگاویان بەرەو مقۆمقۆیەکی زۆر نا کە دوور بوو لە ناوەڕۆکی ئاینەوە بەدووری نێوان زەوی و ئاسمان, ڕۆژنامە مارکسی و کافرەکان خۆبەخشانە بڕیاریاندا زەیت بکەنە سەر ئاگرە داگیرساوەکەوە لەڕێگەی بلاوکردنەوەی بۆچوونی تڕۆڵەوە.ئەوەی ڕەگەز پەرەستان سنورێك بۆئەم ناکۆکیە ناپێویستە دابنێت هاتنە نێو جەنگەکە و شەڕیان لەڕەگەزە گۆڕی بۆ مەزەب و ئاین. لەم کاتەدا جووەکان لەنێزکەوە لە پیسبوونی خوێنی ئێمە و بێ ئابڕوو بون و تێکدانی بەرژەوەندیەکانمایان دنواڕی, لەم کاتەدا دوژمنانی دەرەکی ئەڵمانیا سەرقاڵی دابەشکردنی زەوی و دەستکەوتەکانی جەنگ بوون و گەمەیان بەئێمە دەهات لەوەی سەرقاڵی جەنگێکی ناوخۆیی بێ ئەنجام و زۆر لە دەستکەوتنین.

***

پارتی نیشتمانی سۆسیالیستی هەنگاوی نا بەرەو دەست نیشانکردنی کێشە بنچینەییەکانی هۆکار لەم ململانێیەی نێوان لایەنگرانی فیدرالی و ناوەندخوازان, پێویبست بوو بەبێ ئەوەی بڕاستەوخۆ دەستی تێوەربدات بەشداربێت لەچارەکردنی ئەم کێشەیە و بۆچوونی خۆی لەبارەوە بخاتەڕوو, خەڵکان لە بیروبۆچوونی خۆی ئاگاداربکاتەوە لەهەمبەر دەوڵەتی یەکێتی (فیدرالی) و دەوڵەتی یەککرتووی ناوەندی.

دەبوو بەتەواوەتی چەمکی دەوڵەتی یەکێتی دەست نیشان بکەین, چونکە ئەم چەمکە تەنانەت لەخوودی سەردەمی بسمارکیشدا بەهەڵە ڕاڤەی بۆکرابوو.

دەوڵەتی یەکێتی یان یەککرتوو چییە ؟

پێکدێن لە کۆمەڵێك دەوڵەتۆچکەی شکۆمەند کە بڕیاری یەکگرتنیان داوە و دەستیان هەڵگرتووە لەهەندێك لەمافەکانیان و پێکەوە یەکێتیەکی بەهێزیان دروستکردووە.

بەڵام ئەم شێوە شیکردنەوەیە لەهیچ دەوڵەتێکی یەکێتی دا جێبەجێ نەکریاگە, هەرێمە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بەرئەنجامی ڕێککەوتنی کۆمەڵێك دەوڵەتی شکۆمەند نەبووە, واتا ئەو هەرێمانەی کە ئەم وڵاتەی ئێستا پێکدەهێنن هیچ کاتێك بۆخۆیان خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ نەبوونە و دەستیشیان لەهیچ مافێك هەڵنەگرتووە, بەڵکو بەسروشتی یەکیان گرتووە.

دەتوانین بێژین ئەوە هەرێمەکان نەبوون یەکێتیان پێکهێناوە بەڵکو یەکێتیەکە بوو چەندین هەرێمی دیکەی هێنایە بوونەوە, هیچ هەرێمێك بە ئارەزووی خۆی دەستور دانانێت و ڕەفتارناکات , بەڵکو هەموو وڵات یەك دەستوری هەیە بەڵام بەپێی ناوچەکان گرنگی زیادتری پێدراوە.

هەمدیس شیکردنەوەی دەوڵەتی یەککرتوو بەسەر ئەڵمانیادا ناچەسپێت, لەبەرئەوەی سەرباری ئەوەی ئەم دەوڵەتانەی ئەم یەکگتنەیان پێکهێناوە پێش لەیەکگرتنە دەوڵەتۆچکەی سەربەخۆ بوونە بەڵام خوودی ڕایخی ئەڵمانیش بەرئەنجامی ڕێککەوتنی نێوان وڵاتۆچکە ئەڵمانیەکان نەبووە, بەڵکو بەهۆی هێزداری پروسیاوەبووە, لەوەی توانیویەتی بەهێزی خۆی هەموویان بۆ یەك دەوڵەت ملکەچ بکات.

لەوکاتەدا پروسیا گەورەترین دەوڵەتی ئەڵمانی بووە لەپووی پووبەرەوە، لەواری میهرەبانیشدا پێشەنگ بوە، توانادارببووە لەبۆ لەئەستۆگرتنی ئەرکی دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئەڵمانی یەکگرتوو. هەروەها ئەو شکۆمەندیەی دەوڵەتۆچکە ئەڵمانیەوکان هەیان بوو تەنها بەناو هەیان بوو، واتە هەرخۆیان لاواز و هیچ بوونە و چاوەنواڕی هێزێك بوونە هەموویان یەك بخاتەوە بۆ ئەوەی بەهێزبنەوە.

لەمێدا واری وەنییە باس لە چۆنێتی دروستبوون و گەشەکردنی هەرێمە ئەڵمانیەکان بکەین. لەم سەردەمەدا زۆرینەی هەرێمەکانلەوپەڕی دۆخی لاوازیدا بوونە و بەرەو داڕمان چوونە.

ئەوکاتەی بسمارك هەستا بەدامەزراندنی ڕایخی ئەڵمان ئەم قسانەمان ڕاستی بوونی خۆی سەلماندبوو، بەپێی گرنگی و بەهێزی هەرێمەکان نوێنەر دەنێردرا بۆ ئەنجومەنی (بۆند سرات)، کە ژێری و میانڕەوی پەیڕەودەکرد لەبۆ بەهێزکردنی دەستەلآتی ڕایخی لەسەر یارمەتی دەوڵەتۆچکە پێکهێنەرەکانی، لەگەڵ ڕێزگرتن لە نەریتی باوی هەرێمەکان. ئەوانەی ئێژن تەنها بسمارك بەم چەشنە یەکگرتنە دەستە وەستان وەستا و هەوڵی بەهێزتربوونی یەکێتیەکەی نەدا ئەوا ڕاست ناکەن. ڕوایژکاری پۆلآینی ئەڵمان ئەوەی ئەنجامی دابوو ئەنجامی داو باقیەکەشی بۆ سەرکردەیەکی دیکە بەجێ هێشت بۆئەوەی ئەرکەکە تەواوبکات، چونکە قەڵەم بازی گەورە بەرئەنجامی مەترسی داری هەیە، بەم ڕێگە ڕاستەی توانی ژیری و دووربینی و ڕاست لۆژیکی خۆی بسەپێنێت و ببەڵگێنێت. ڕۆزگار هەمان ڕەوتی بسمارکی بۆ تەواوکردین،لەوەی تادەهات ڕایخ بەهێزترەبوو لەڕێگەی لەخۆگرتنی دەوڵەتۆچکەکانی دیکەی ئەڵمانییەوە. هەرکە ڕژێمی پاشایەتی توایەوە بەهۆی شکستی جەنگەوە سەرجەم دەوڵەتۆچکە ئەڵنایەکانیش هێزیان لەبەر بڕا، هەندێك لەم دەوڵەتۆچکە خەیاڵآویانەمان دیت کەچلۆن پاش هەڵوەشاندنەوەی پاشەیەتی چوونە پاڵ دەوڵەتانی داگیرکار و خۆیان پێوە هەڵواسین و بوون بەبەشێك لەوان.

هەرچەندە شکستی جەنگ گورزێکی بکوژی ڕاستەی یەکڕیزی گەلی ئەڵمانی و هاوپەیمانێتیەکانی کرد، ئەمەش بەهۆی پەیمان نامەیەی ڕاشتی بەسەرئێمە سەپێنراو بوو، بەڵآم هەمدیس بەهۆی زۆری پێویستی دەوڵەت بەدارایی بەناچاری

رایخ دەستی گرتەوە بەسەر سەرجەم بەشەکانی پێشووی خۆیدا و هەموو سامان و دەرامەتەکانی لەهەموو ناوچەکانی ولاتەوە بڕەوپێدا. لەبەرئەنجامی ئەمەشدا خۆمالی کردنی هێڵی ئاسن و پۆستە هاتە ئاراوە. ئەگەر پارتە ئەڵمانیەکان بیان زانیبایە چۆن دەتوانن بەئارەزووی خۆیان کۆتایی بەجەنگ دەهێنن ئەوکات رایخیش نەدەبووە سەرداریان.

فرمێسک رژێنە تیماسحیەکان هەر ئەو کەسە شکست خواردوانەن کە هۆکاری شکستەکە بوون و دەیانەوێت بە فرمێسک رشتن پەردەپۆشی کارە گەنەکیانیان بکەن ئەمانە چالاکانە بەشداربوون لەئەناوبردنی ئەو بنەمایانەی کە بسمارکی راوێژکار دایڕشتبوویەوە لەبۆ دروستبوونی دەوڵەتی فیدراڵی. لەم کاتەشدا رایخ بە خوود پەرەست تۆمەتبارەدەکەن. نامانجیشیان لەمە تەنها خۆجوانکردنە لەبۆ بەدەست هێنانی زۆرترین دەنگەکانی جەماوەر لەوەش خراپتر هەندێك لە پارتە بەدەکان گەرەکیانە ڕقی ناخی جەماوەر لە حکومەتە یەکگرتوەکەی بەرلین بگێڕنەوە بۆ ئەوەی کە جەماوەر ڕقیان لە رایخ ە" چونکە دەستی گرتووە بەسەر باری دارایی هەموو هەرێمەکاندا و بەئارەزووی خۆی بەکاری دەهێنێت.

ئا بێگومان گەلی ئەڵمان ڕقی نییە لەرایخ مان؟ تەنها لەبەرئەوەی دەستەلاتی لەهەرێمەکانی وەرگرتۆتەوە. بەڵکو بەهۆی ئەوەوە ڕقی لێی دەبێتەوە کە ئاوات و ئارەزووەکانی بەدی ناهێنێت. ئەم رایخەی هەنووکەرایخی دوای شکستی جەنگ، بەدووڕە لەدڵگیرکردنی ئەڵمانەکانەوە. گەرچی یاسا توند وهێزە شەڕخوازەکان کۆمارەکەش دەپارێزن بەڵام هەرگیز ناتوانێت ئەم دامەزراوەیە لەدڵی یەك ئەندامی راستەقینەی گەلی ئەڵمانیدا خۆشەویست بکات

ئەمەش بەهۆی ئەوەوەیە کە هەرگیز هیچ گەلێك لغاوی خۆی ئاداتە دەستی دەستەلاتێکەوە کە خۆی گوێڕایەڵی هێزە شکست پێهێنەرە دەرەکیەکانە ئەو دەوڵەتانەی سەرچاوەی هەموو ئەهامەتیەکانی ولاتن ' پێشتر گەلی ئەڵمانی بەشاریەوە دەیگووت سەربە رایخ ە چون رایخ لەناوخۆدا هەموو هەوڵێکی دەدا لەنو داببەکردنی خۆش گەزەرای لەولاتدا و لەدەرەوەشدا بیشانەی بەهێزی و گرونبەداری پێبوە دیارووە بەڵام ئەم کۆمارە ڕێك پێچەوانەبە لەناوەوە گەل کۆڕە و بەرەوە بەهێزووبەت ناوبرێت و ملکەچی هەمووانە ئەمەش ماسای وایە هەرکەسێك

نەختێك ژیربێت هەرگیز بەم دۆخە قایل نابێت. دەوڵەتێك نەتەوەیی بێت پێویستی بەیاسا و مادە وبڕگەی یاسایی ئاڵۆز و زۆر نییە، چونکە هەموان پێزی دەگرن و کەم سەرپێچی ئاڵۆز دەکەن، بەڵکو پشتیوانیشی لێدەکەن و نابنە هۆی بۆگەن بوونی ناوی دەوڵەتەکەیان لەدەرەوە. بەڵام هەر وڵاتێك مۆرکێکی نێودەوڵەتی بەسەرەوەبێت ئەوا نەهامەتی تەنها بۆ هاوڵاتیانی خۆی دێنێت و بۆ بچووکترین کاری هێزی کوشندە بەکاردەهێنێت، چینێك دەبنە بالادەست و ئەوانی تریش کۆیلە و ژێردەست، بەڕاستی ئەم حکومەتی ئێستای ئەڵمانیا درۆدەکات کە گەل بەهاوڵاتی ئازاد لەقەڵەم دەدات، بەڵێ لەڕایخی پێشوودا هاوڵاتی ئازادبوو، بەڵام لێرە تەنها کۆیلەن و هیچی دی، تەنانەت خوودی گەورە و سەردارانی ئەم کۆمارە خۆشیان کۆیلەی بێگانەکانی دەوڵەتانی دەرەوەن، لەم وڵاتە هاوڵاتی بوون نەبوونە و ئالای نەتەوەیی نییە لەبوونە. ئەو نیشانەیەشی ئەم کۆمارە هەڵی بژاردەوە گەل دانی پێدا نانێت و لێی بێزار و جارسە.

ئەم کۆمارەی ئێستا تەنها بۆ دەستکەوتی دارایی دەست درێژی ناکاتە سەر هەرێمەکان بەڵکو بەپاڵنەری چەندین فاکتەری دەروونی ئەم کارە دەکات، لەگەڵ پەیڕەوکردنی ڕامیاری باجی زۆر هەڵدەستێت بە بەرتەسك کردنەوەی ئازادی ڕادەربڕین بەزۆر، چون باش دەزانێت ڕقێکی زۆر لەهەناوی جەماوەردا لەدژی کۆبووەتەوە و ڕەنگە ڕۆژێك بێت و شۆڕشێك لەدژی هەڵایسێنن، ئەم کۆمارە واخەریکە بەتەواوەتی دەستەڵات لەدەست هەرێمەکانی وەردەگرێتەوە و لەهەموو چەشنە دەستەڵاتێك دایان دەڕووتێنێتەوە.

هیچ گومان لەوەدا نییە کە دەوڵەتە خاوەن ژیاری و شارنشینەکان بەرەو ناوەندگیری پەنادەبەن، ئەمەش بۆ ئەڵمانیا نەشیاو نییە. کەواتە لەم کاتەدا زۆر گەمژانەیە خووبگرینەوە بە دەوڵەتۆچکە ئەڵمانیەکانەوە لەبەڕێوەبردنی وڵاتدا کە پێشتر پشت بەستوو بە بە حکومڕانیەتی پاشایەتی، هەرزەوەها سیستمی فیدڕالیەت بۆنەو کاتانە گونجاو بوو کە ئامرازەکانی گواستنەوەو گەیاندن لەسەرخۆبوون. بەڵام لەمڕۆدا هۆکاری گواستنەوەی خێرا ڕێگاکانی کورت کردۆتەوە و لە میونیخ هوە بۆ بەرلین بەچەند کاتژمێرێك ڕێگەکە دەبڕیت.

کەواتـــە هـــەنگاونان بـــەرەو ناوەنـــدێتی پێشـــکەوتنێکی گەورەیـــە و دەبێـــت پەیرەوبکرێت. بەڵام لـەم کاتـەدا بۆئێمـەی نیشـتمانپەروەری سۆسیالیسـتی ناچـارین دژایـەتی ئـەم حکومەتـە ناوەنـد خوازەبکـەین! چـونکە بەهەڵـە و بۆمەبەسـتی هەڵـە ناوەنـدبوون بەکاردەهێنێت...ئـەم ڕایخـەی ئێسـتا هەڵنەسـتاوە بـە خۆمـاڵی کردنـی ڕێگـەی ئاسـن و پۆسـتە و..هتـد لەڕێگـە و مەبەسـتی نەتەوەییـدا, بـەڵکو ئـەم کـارەی ئەنجامدا لەبۆ خزمـەتکردنی هاوپـەیمانانی و دژایـەتی کردنـی دژبـەرانی, ئەمـەش وای لێکردووین پارتەکەمان سەنگەری دژە ناوەندخوازی هەڵبژێرێت, هـەروەها فاکتـەرێکی دیکـەش هـەیـە کـە وادەکـات ناوەنـدخوازی ناپەسـەند و ناماقوڵ بێـت, ئـەویش, ئەمـە دەبێتـە هـۆی پشـت ئەسـتوورکردنی شـێوەیەکی حـوکمڕانی کـە لـەکۆن و ئێسـتا و داهاتوشدا پشت گوێخاری نەتـەوەی ئـەڵمانی یـە. لەبەرئـەوەی ئامانجـە بەراییـەکانی پارتەکـەمان لـەناوبردنی سیسـتمی (دیمـۆکراتی-جووخـوازی) ی و دامەزرانـدنی دەوڵـەتێکی ڕەگەزیـە کـە تێیـدا هـەموو کەشـێکی گونجـاوی تێـدا دەسـتەبەربێت لـەبۆ دامێنـان و کـارکردن, بۆیـە بڕیارمـان دا لەگـەڵ ئـەو پارتانـەی ڕایخـدا هاوکـاری یـەکتر بکـەین کـەدژە ئـەم حکومـەت و شـێوە حوکمڕانیـەی ئێسـتان و هـەوڵی دامەزرانـدنی ڕایخێکـی نـوێ دەدەن. بۆئەمـەش ئەوپـەڕی هەوڵـدەدرێت ئـەم کێشـەیە بەمـەموان بناسێندرێت و بکرێتە بابەتێکی نەتەوەیی و ئەڵمانی, نەوەک بەو شێوەیەی کە (پارتی گـەلی باڤاری)دەیـەوێت, کـە کێشەکە بـە کێشـەیەکی ناوخۆیی سـادە و خـاوەن ڕێچکـە تایبـەت لەقەڵـەم دەدات.

سـەرباری ئـەو دوو هۆکـارەی پێشـوو, هۆکـاری سـێیەمیش لەبوونداییـە, کـە گرنگیەکـەی لـەوان کـەمتر نییـە. بێگومـان بـووین لـەوەی کـە جووەکـان لەپشـتی هەنگاوەکانی حکومەتی بەرلینەوەن لەبۆ بوون بە دەستەڵاتێکی ناوەندخوازی ڕەها, کـە پێیـان دەگـووت: (خۆمـاڵی کـردن بـۆ بەرژەوەنـدی ڕایخـی ئـەڵمانی), ئەمـەش بۆئەوەبوو دەستەڵاتی تـەواو لـە حکومەتـە بچکۆڵانەکانی هەرێمـەکان وەربگیرێتـەوە و جووکـان خۆیـان ببینـە وەبەرهێنـەری سـەرەکی ناوچـەکان و بەهەوەسـی خۆیـان کـاری وەبەرهێنان بکەن و هـەموو شتێك لەوناوچـەیە بەتـەنها بەلایەنگرانی خۆیـان ببەخشـن و ئـەوانی تـریش لاوازبکـەن. پـاش لـە خۆمـاڵی کردنـی پۆسـتە حکومـەتی ڕایخ هەسـتا

بەلابردنی کۆنە کارمەندەکانی پۆستە و لەجێگەیاندا کارمەندی لایەنگیری خۆیانی دانایەوە، جووەکان سێ لەسەر چواری سەرپەرەشتە کاربەدەستەکانیان پێکدەهێنا.

دژبەری کردنی ئێمە بۆ ناوەندخوازی هیچ کاتێک مانای ئەوەنییە کە ئێمە بەتەواوەتی ئەم بنەمایەی فەمانڕەوایەتی ڕەت دەکەینەوە، نەخێر، بەڵکو ئێمە مەبەستمان فراوانترکردنی دەستەڵاتی ڕایخە. لەبەرئەوەی دەوڵەت لەڕوانگەی ئێمەوە تەنها دەوڵەت لەشێوەیەکی خراوە ڕوو زیادتر نییە کە گەل لەخۆ دەگرێت. بەرژەوەندی دەوڵەت دەبێت بەبەرژەوەندی گەلەوە و پێکەوە بگونجێندرێن. لەبەرئەوەی هەر دەوڵەتۆچکەیەکی ئەڵمانی خاوەنی نەریتی جودابووە و ئەمەش کێشە و ململانێی پەیداکرد لەوڵاتدا بۆیە ئێمە لەم کاتەدا دان بەم دەوڵەتۆچکانەدا نانێین و ناشهێڵین بەسەربەخۆیی کاروباری دەرەوە ئەنجام بدەن، چونکە ئەم کێشە ناوخۆییە لەپایتەختی وڵاتانی تری بێگانە و دژە ئەڵماندا لاوازی ڕایخ دیاردەخات و حەزی چاوبرسیان بەئەڵمانیا پتر بەهێزتر دەکات.

ئەو دەوڵەتە نەتەوەییەی ئامانجمانە پونێتی بنێین یەك دەوڵەتی یەکگرتوو دەبێت، بەڵام هەمدیس ناوەندخوازی بۆ ستەمکردن بەکارناهێنین، هەمدیس بۆ دژایەتی کردنی تایبەت مەندیەکانی باڤاری و ڕۆڵەکانی ساکسی و پروسیەکان و..هتد بەکاری ناهێنین بەڵکو هانی مانەوەی میونیخ دەدات وەکو پایتەختی هونەری ئەڵمانی باڵا و لیبزیغ یش پایتەختی زانست، بەڵام هەرگیز دان بەوەدا نانێت کەباڤاریا و ڕۆڵەکانی ساکس بۆخۆی خاوەنی سوپایەکی جلك و مەشق و تایبەت مەندی جودابێت. سوپای ئەڵمانی لەدەوڵەتی نەتەوەییدا دەبێت بەدووربێت لەهەر تایبەت مەندییەکی ناوچە و هەرێم خوازی، بەجۆرێك لەدەوڵەتی نەتەوەییدا هەموو نەریت و حەز و خواستە تایبەتیەکان دەتوێنەوە، سەربازی باڤاری لەبیری دەچێتەوە خاوەنی دوو نیشتمانە: باڤاریا نیشتمانی بچووك و ڕایخ نیشتمانی گەورە، تەنها خۆی بۆ خزمەتکردنی نەتەوەی ئەڵمانی تەرخان دەکات.

گوومتم پارتی نیشتمانی سۆسیالیستی دژی حکومەتی ناوەندخوازی ئێستایە کە بەهەڵە ئەم دەستەڵاتە بەکاردەهێنێت.

بەڵام هەر هەنگاوێك کەتایبەت بێت بە ناوەندی کردنی سوپا ئەوا ئێمە پشتگیری لێدەکەین. ئابڕووبەری نییە کە سەربازانی باڤاری تەنها کار بۆ میونیخ بکەن و

لەسەربارگەکانی نەوێدابن و وەچەکانی وارتەبوورخیش لە سەربازگەکانی شنونگارتدابن و هاولاتیانی میرنشینی فرنکونی لەسەربازگەکانی نۆرمبرغدابن[٣] چاکتر بیبە نەگەر بوار بەبافاریەکان بدرێت کونج بەکونی ولاتەی بگەڕێنت و سەیری ڕینانیا و ستافالیا و ماوچەی دەریای باکور بکات و ڕێگە بە ڕۆلەکانی هامبۆرگ بدرێت نەڤپ سیتر و ڕۆلەکانی پرسیاش بۆماوەیەک لە میونیخدا بمێننەوە[٤]

ئیمە داوای دەولەتێکی ناوەند خوازی وەها دەکەین کەتەواوکاری نەنجامدراوەکانی بسمارک بێت گرنگی بەهەموو ولات بدات بەبێ زاڵکردنی چەشنە کلتورێک بەسەر هەموياندا نەمەش لەڕێگەی یەکخستنی سوپا و پێدانی ماف بەهاولاتیان و ڕێگەدان بە ئازادی ڕادەبڕین لەبۆ خزمەتکردنی نەتەوەکەیانەوە دەبێت.ئەم چەشنە ڕامیاریە وا لەمەڕیمەکانی ئەڵمانیا دەکات بەبێ هیچ کێشەیەک دەست لەماف خۆبەڕێوەبردن هەڵبگرن و لەچوارچێوەی یەک دەستەلاتی یەکڕتوودا یەکبگرنەوە.



هتلەر لەکاتی بیرکردنەوەدا

ئەوکاتەی بۆچوونەکانی پاارتی نیشتمانی سۆسیالیستی بالآدەست دەبێت ئەوکات دەوڵەتێکی ڕەگەزی چێ دەبێت.

جوداخوازانی کەونارای باقاریا تۆمەتی یەکلایی کردنەوەی خۆمان لەبۆ کارکردن بۆ بەرلین دەدەنە پاڵمان, سورەکان بە گۆشەگیر و تونڕەو ناومان دەبەن, بەلێن دەڵێت ئێوە ڕێگرن لەپێش دەوڵەتی مەرکەزی ئێمەدا!

ئێمەی بزوتنەوەی نیشتمانی سۆسیالیستی هیچ کات بەردەستە و خزمەتکاری بەرژەوەندەیەکانی جواداخوازان و مارکسی و بەرلین نشیان نەبوینە, بزوتنەوەکەی ئێکە بڕوای بەهیچ سنورێك نییە کە لەنێوان ڕەگەزی ئەڵمانی ئاریدا دانرابێت و خۆی یەکلایی کردۆتەوە بۆ دروستکردنی ئەڵمانیایەکی یەکگرتووی خاوەن یەك نەتەوە و ڕەگەز, کەبەردەوام بەرەو سەرکەوتن هەنگاوبنێت لەناست ناوخۆیی و دەرەکەیشدا.

بزوتنەوەی سەندیکا

بانگەشە وڕێکخستن

ساڵی ١٩٢١ بۆ خوودی خۆم و بزوتنەوەی نیشتمانی سۆسیالیستی واتایەکی تایبەتی هەبوو. بەچەند مانگێك پاش لە تەڵل بوونم بۆ نێو بزوتنەوەی کرێکارانی ئەڵمانی کاری بانگەشەکردنم بۆپارت لەئەستۆگرت. هەرلەیەکەم ساتەوە هەستم بەوەکرد کە کاری من لەڕێکخستن قورسترە، بەوەی ڕێکخستن کارێکی خۆویستانە و پلان بۆداڕێژراوە و هەمان بیرۆکە بلاوەکاتەوە، کاری بانگەشە پێش لە ڕێکخستنەوەیە و دەبێت بیرۆکەکانی پارت بەزۆرترین خەڵکی بگەیەنرێت لەڕێگەی بانگەشەوە ئەوکات دەتوانرێت ڕێکخستن بکرێت. هەروەها باش دەمزانی ڕێکخستنی ناڕێکخراو نابێتە هۆکاری دروستبوونی ڕێکخراوێکی بەهێز و زیندوو؛ چونکە ڕێکخراوەکان بوونی خۆیان لە بوونەوەرێکی زیندوەوە دەبینەوە کەبەشێوەیەکی چاوەنواڕ نەکراو بەردەوام لەگەشەدابێت.

ئەوەمەی دەستەیەك دەبنە خاوەنی یەك بیرۆکە حەزی ڕێکخستیان لادروست دەبێت لەبۆ پێکهێنانی ڕێکخراو یان پارتێك، ئەم هەست و پەلکێشانە بەهای خۆی هەیە، زۆرجار یەکێك لەنێو ئەمانەدا دیاردەکەوێت کەلەوان بەهێزترە بۆ بوون بەسەرکردە و دۆخەکە لەبەرژەوەندی خۆیدا هەڵدەچەرخێنێت، ئەم چەشنە هەنگاوە

بەر لە تەواوکردنی کاری ڕاستەقینەی بزوتنەوەکە نابێت هەنگاوی ڕاستەقینەی بۆ بنرێت. ئەگینا دۆخەکە هەمووی تێکدەدات.

لێرەوەش پێویستی بلاوکردنەوەی بیرۆکەی پارتەکە دەبێتە ئەرکی سەرەکی و دەبێت هەوڵی کۆکردنەوەی زۆرترین کەس بدرێت لەدەوری بزوتنەوەکە. لەبۆ دۆزینەوەی ئەو کەسانەی بەڕاستی توانای بوون بەسەرکردەیان هەیە، ئەمەش دوای ئەزموواندنی ئەو کەسانە دەبێت. ئەوانەی واهەست دەکەن ئەو کەسانەی تێرن لە زانستی بیردۆزی گونجاوترینن لەبۆ بوون بەسەرکردەی یەکەم و بالاً ئەوا هەڵە بیردەکەنەوە؛ چونکە گەورەیی بیریار زۆر کەم کاریگەرە لەبواری ڕێکخستندا. مەزنی بیریار تەنها لەدارشتنەوەی یاساکاندا دەبێت. بەڵام ڕێکخار پێویستی بە پیاوی ڕاستەقینەی کارکردەیەو پێتڤی بەدەروون زانی مرۆییە، کە بتوانێت کێشەکان لەسەر بنەمای بابەتی چارەبکات، نابێت هیچ کەسێك خاڵە لاوازەکانی مرۆڤ و حەزە ئارەڵیەکان لەبیربکات ئەوکاتەی دەیەوێت ڕێکخراوەیەکی سەرکەوتوو پونێت بنێت.

کەمجار هەیە خاوەن بیرۆکە بتوانێت ببێتە سەرکردەی ڕاستەقینە، بەزۆری سەرکردەکان لەنێو جەماوەرەوە دێنە بوون کە بەباشی دەروونی جەماوەر شارەزان، ئەمەش بەهۆی تێکەڵبوونی خاوەن بیرۆکە و بیریارانە لەوەی گۆشەگیردەبن و نوقمی بیرۆکەی دوور لەخەڵکن. لەبەرئەوەی سەرکردایەتی و ئاراستەکردن پێویستی بە هەست بزواندنی زۆرینەیە، بۆیە تواناداریی بیردۆزی وشەکەکانی خاوەن بیرۆکەکە هەرگیز ناتوانێت کەسی خاوەن بیرۆکە بە ئامانجی بوون بەسەرکردەی بگەیەنێت، چونکە بەزۆری خاوەن بیرۆدۆزەکان کەس گەلێکی کەم دووی ناباشن لە وتاردانداً. دەستەیەکی خەڵك خۆیان بەتاوتوێ کردنی ئەوەوە ماندوو کرد کە ئایا خاوەن بیرۆکە یان جێبەجێکاری بیرۆکە شایەنی دەست خۆشین؟ ئەمانە ئەوەیان لە بیرکردبوو کە بیرۆکە بەبێ جێبەجێ کار مانایەکی نابێت، بۆئەمەش پێویستی بەسەرکردەیەکی ڕەوان بێژی هەست بزوێنەی جەماوەرکێشە، هەروەها باشترین وتاربێژ و سەرکردەش دەستەوەستان دەبێت لەهەمبەر گەیشتن بەئامانجێك کە بیرمەندێك بەجوانی دیاری نەکردبێت، واتە بۆ سەرکەوتنی پارت و بزوتنەوە پێویستمان بە تێۆردانەر و جێبەجێ کاری بەهێزیشە. خۆئەگەر وا ڕێککەوت کەسی خاوەن بیرۆکە سەرکردەیەکی ڕەوان بێژیش بوو ئەوا لەم کاتەدا سەرکردەی ڕاستەقینە دێتە بوونێ(فوهرر).

***

وتم پاش له تەڤل بوونم بۆنێو پارت دەستم دایە کاری بانگەشە, بەجوانی چاوم بڕیبووە دابین کردنی ناوکی کاری بزوتنەوەکەمان, ئەویش زۆرترین لایەنگیربوو. پاش لە دابینکردنی ناوکی کار بنەما سەرەتاییەکانی پارتم دامەزراند یان ڕێکخستەوە, پۆلێنی دوو پۆلمان کرد: پۆلی پشتیوان و پۆلی ئەندامان. بانگەشەکەم بۆ کۆکردنەوەی زۆرترین پشتیوان یان هەواداربوو, خوودی ڕێکخستنەکەشمان لەم کاتەدا هەوڵی کۆکردنەوەی زۆرترین ئەندامی دەدا. جیاوازی لەنێوان پشتیوان و ئەندامدا ئەوەیە کە لایەنگری لەدوورەوە بڕوای بە ئامانج و بنەماکانی کاری بزوتنەوەکەیە و هێشتاکە تەڤلی نەبووە, بەڵام ئەندام کۆنە لایەنگرانی پاڵفتەکراون کەنێستا لەپێناو سەرخستنی بیرۆکەکانیدا تێدەکۆشن.

بانگەشە کاردەکات لەبۆ کێشکردنی گشتگیرانەی لایەنگر, بەڵام ئەندام لەم لایەنگیرانەوە ئەندامی نوێ دروست دەکات و پەروەردە دەکات. لایەنگران تەنها داوای بڕوا بوونیان لێدەکرێت بە بەرنامەکانی پارت,بەڵام ئەندام پێویستە بە کردار بەرگری لەبیرۆکەکانی پارت بکات و بیتەنێتەوە. ئەمەش وای کردووە ئەندامی بزوتنەوەکان کەمبن بەڵام لایەنگرانیان چەند هێندەی ئەندامان زیادتربێت.

بانگەشەکردن بەمن سپێردرابوو لەگەڵ ئاراستەکردن و کۆکردنەوەی زۆرترین لایەنگیری بیرۆکەکەماندا, بۆیە لەم کاتەدا پێویست بوو لەسەر بزوتنەوەکەمان ژمارەی تەواوی ئەنجامانی ژیر لەو لایەنگرانە کۆبکاتەوە و بەپێی کەڵکداری و جۆری کار و توانایی و بڕوانامەیان پۆلێن بەندیان بکات.

***

بانگەشە کاری چاندنی بیرۆکەیەکی تایبەتیە لەناخی جەماوەردا, بەڵام ڕێکخستن تەنها کەسانی بەتوانا لەدەوری خۆی کۆدەکاتەوە, بەتایبەت کەسانی ژیر و بەبازو و نەترسان.

***

بانگەشە دەچێتە مێشکی زۆربنەوە و بەرەبەرە هەوڵی دەرپەڕاندنی بیرۆکە کۆنەکان دەدات لەمێشکیانداو لەبۆ ئامادەکردنی گەل بۆ ڕۆژی سەرکەوتن. بەڵام ڕێکخرا پشت

بە دەستەیەك لە لایەنگران دەبەستێت کە نەترس و خاوەن ئەزمونن و لەهیچ سڵ ناکەنەوە لەبۆ خەبات و تێکۆشان و گەیشتن بەئامانجە دیاری کراوەکە.

***

بەقەبارەی توانادارى بانگەشە بۆ گۆشکردن و کۆکردنەوەی زۆرترین لایەنگیر, ڕێکخستنیش ئەوەندە پێویست و پێتڤی بە کەسانی چالاکە بۆ سەرکەوتن.

***

ژمارەی لایەنگران زەبەلاح نابێت جا هەرچەندە لەگەشەکردنیشدابێت. واتە هەرچەندە ژمارەی لایەنگرن لەدەوری بانگەشە کۆببنەوە هێشتاکە کەمە, تا ئەوکاتەی بەتەواوەتی گەل بڕوای پێدێنن, لەم کاتەدا چەند کەسێك لە ڕێکخاران دەتوانن سەرکردایەتی هەموو گەل بکەن, هەر هەنگاوێکی سەرکەوتوو بانگەشە بیهێنێتە بوونێ ئەوا دەتوانرێت ژمارەی ئەندامان کەم بکرێتەوە و هیچ زیانێکی نابێت, بەڵام لەبانگەشەی ناسەرکەوتوودا, پێویستت بەزۆرترین ئەندامی گونجاوە بۆ ڕێکخستن, واتە تاوەکو ژمارەی لایەنگران زیادبکات دەتوانرێت ژمارەی ئەندامان کەمبکرێت, بەڵام بەکەمبوونی لایەنگیر دەتوانرێت ژمارەی لایەنگیران زیادبکرێت.

***

کاری سەرەکی بانگەشە کێشکردنی هاوڵاتیە بۆ تەڤل بوونە نێو لڤینەکەوە, کاری ڕێکخراوی لڤینەکەش کێشکردنی خەڵکە لەڕێگەی بەدواداچوونکردن بۆ بانگەشەکەیانەوە. ئەرکی دواتری بانگەشە هەست جوڵاندنی خەڵکە لەبۆ ڕەتکردنەوەی دۆخی ئێستاکانێی وڵات, لەڕێگەی چاندنی بۆچوونی نوێوە لەناخی هاوڵاتیاندا. ئەرکی دووەمی ڕێکخراو تێکۆشانە لەپێناو بەهێزبوونداو, بەو مانایەی ئەوکاتەی بانگەشە هەوڵی لاوازکردنی دەستەڵات دەدات ئەم ڕێکخراوە هەڵدەستێت بە جێگرتنەوەی دەوڵەت و داڕووخاندنی دەوڵەت.

***

سەرکەوتن بۆهەر بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی دەنوسرێتەوە گەر توانادارىوو لە پەروەردەکردنی هەموو گەل بەچەمکی نوێی گەردوون و ژیان, یان لەڕێگەی چەسپاندنی ئەم بیرۆکەیە لەکاتی پێویستدا, بەتایبەت لەکاتی بوونی ئەندامی بەهێز لەبۆ سەردارێتی کردن.

بەمەبەستی زیادە سەرباری شیکردنەوەیی دەمەوێت بڵێم:

هەر بزوتنەوەیەك خاوەنی نامەیەکی وەرچەرخینەربوو ئەوا دەبێت وتاربێژ و بانگەشەکارانی بزوتنەوەکە بەجوانی بەرنامەکانی بزوتنەوەکەیان شیبکەنەوە ولەمێشکی لایەنگرانیدا بیچەسپێنن, یام بەلایەنی کەمەوە دەبێت هەوڵبدرێت بیروباوەڕی باوی کۆن بلەرزێنرێت و لەقبکرێت. ئەودەمەی بانگەشە پێتڤی بە کۆڵەکەی بەهێزە بۆ مانەوە ئەوکات ڕێکخراو دەبێتە ئەم کۆڵەکەیەی. دەبێت ڕێکخراو ئەندامانی لەڕیزی لایەنگرانی بانگەشەوە هەڵبژێرێت, تاوەکو ژمارەی لایەنگران زیاد بکات توانا و هێزی ڕێکخراوەکە زیاد دەبێت, ئەوکاتەش ڕێکخراوەکە بەهێزبوو بانگەشەکەش بەجوانتر و پاراوتر و ژیرانەتر دەوروژێت و کاری خۆی دەکات.

***

نابێت ڕێکخراوەکە بهێڵێت ناجۆری و ململانێ لەنێو ئەندامەکانیدا بتەنێتەوە, چون بەم کارەی بزوتنەوەکە لەمەڵوەشاندنەوە دەپارێزێت. نابێت بەخێرایی ژمارەی ئەندامان زیادبکرێت, چونکە دیرۆك نمونەی زۆری لایە لەو بزوتنەوانەی کەخێرا گەشەیان کردوەو خێرا هەڵوەشاونەتەوە, لەبەرئەوەی پاش بڕینی قۆناغە سەختەکان و گەیشتنە ئامانج و سەرکەوتن باوەشی بۆ هەموان کردەوە, ئێستا هەزاران کەس بەئاسانی تەڤلی نێو بزوتنەوەکە دەبن و زۆرێك لەمانە ئەوانەبوون کەدژبەری ژێربەژێری خوودی بزوتنەوەکەش بوونە, زۆربەی ئەوانەی پاش لە سەختی تەڤلی بزوتنەوەدەبن ترسنۆك و کەم نرخانن, بۆیە گەر ڕوو بەمان بدرێت ئەوا بەتێپەڕبوونی کات ژمارەی ئەم ترسنۆك و مشەخۆرانە زیاددەکات و بەو ئاراستەیەدا بزوتنەوەکە دەبەن کەخۆیان دەیانەوێت, هەربۆیە زۆر بە هۆشیارانەوە لەپێشەنگی یەکەمین سەرکەوتنی بزوتنەوەی نیشتمانی سۆسیالیستی یەوە بە یاوەران ڕاگەیاند, نابێت بەئاسانی باوەش بۆهەموو کەسێك بکەینەوەو بهێڵین ببێتە ئەندامی کارامان, بەڵکو ڕێگەی هێواشی و پوختیمان گرتەبەر لەبۆ گەیشتن بە ئامانجە باڵاکانمان.

***

وەکو وتاربێژی سەرەکی و بەڕێوەبەری بانگەشەی پارت , لەبۆ بەردەستخستنی بیرۆکەی بزوتنەکەمان(نیشتمان پەروەری سۆسیالیستی) کاری تەواوم بۆکرد, لەهەمان کاتدا ئەوپەڕی هەوڵی خۆمم دا لەبۆ خۆ دوورگرتن لەکەسانی مشەخۆر و

ترسنۆك و ڕاڕا له تەڤل بوونه نێو لیژنەکانی جێبەجێ کردن و گروپه کاراکانی پارتدا. سەدان کەس لەلایەنگرانی سەرسەختی بزوتنەوەکه سەرباری داننان به بزوتنەوەکه بڕیاریاندا تەڤلی بزوتنەوەکەنەبن, چون باش دەیان زانی بوون به ئەنجام لەم پارتەدا ڕەنگه ئاریشەیان بۆ بنێتەوه لەکاتێکدا ئەوان تاقەتی شتی وایان نییه. گەر هاتوو دەروازەی بوون بە ئەندام بۆ ئەم لایەنگره ڕاڕایانە بخەینەسەرپشت , ئەوا لەدەسپێکەوه بزوتەکەمان لەناوبردووه, بۆیه ئێمەش زۆر به هەستیاریەوه لەم بوارەدا کارمان کرد.

بەهۆی وەرگرتن و پەیڕەوکردنی شێوازی تێکۆشانی زیندوانەوه ئەم بزوتنەوەیەمان چەشنێکی تووندڕەوانەی وەرگرت, ئەمەش وای لێکردین کەسانی نەوێر و مشەخۆر و بێ توانا نەوێرن توخنمان بکەونەوه جگه لەپیاوانی بەهێز و بەتوانا و ژیر و پێشەنگان.

لەهاوینی ۱۹۲۱ دا دەستەیەك لە ڕەگەزپەرەستە بیردۆزیەکان بەڕێککەوتن لەگەڵ سەرۆکی پارتدا بڕیاری دەستگرتنیان دابوو بەسەر پارتەکەدا و دواتریش بەلاڕێدابردنی و توانەوەی ئامانجە ڕاستەقینەکانی پارتی لەدواوەبوو, بۆیه ئێمەش بەوپەڕی تووندڕەوانەوه بەرپەرچمان دانەوەو شکستمان پێهێنان و دەستەی گشتی بەڕێوەبردنی پارت منیان هەڵبژارد و سەربەخۆیی ئەنجامدانی هەموو کارێکیان پێسپاردم. لەهەمان کاتدا دەستەی گشتی پرۆژەیەکی پەسەند کرد کەتێیدا مافی دەستەڵاتی ڕەها دەدرێتە سەرۆکی پارت و و سنورێك بۆ لیژنە و دامەزراوەکانی ناوەند دادەنێت. لەپێشدا ناومالّی پارتم ڕێکخستەوه ئەوکات بەرەو دەرەوه بڕیارم دا هەنگاو بنێم, چونکه شێوازی پەیڕەوکردنی بزوتنەوەکه کۆن بوو, دەستەڵات دیاربوو بەڵام بەرپرسیارێتی وون بوو. لەماوەی ۱۹۱۹–۱۹۲۰ دا سەرکردایەتی بزوتنەوەکه سپێردرابوو بەلیژنەیەك که ئەنجومەنی ئەندامان دەست نیشانی کردبوو. ئەم لیژنەیه لە سەرۆکی یەکەم و دووەم, غەزنەداری یەکەم و دووەم, نهێنی گر و جێگرەکەی پێکهاتبوو. سەرباری لەخۆگرتنی ئەم لیژنە بە چەند ئەندامێکی تر و سەرۆکی بانگەشە و کەسانی دی...

ئەم لیژنەیە وێنەیەکی بچووککراوەی ئەنجومەنی نوێنەران بوو، کە خوودی بزوتنەوەکە دژایەتی ئەمەی دەکرد، لێرەدا بە ڕای زۆرینە پرسەکان دەبڕانەوە و بەڕپرسیارێتی کاری هەڵەش لەئەستۆی کەسدا نەبووە..

ئەم لیژنەیە نهێنی گیر و ئەمیندار و گروپی پەروەردەی ئەندامانی نوێ و گروپی بانگەواز و...هیتری هەبوو...ئەمانە پێکەوە کۆدەبوونەوەو دەنگیان لەسەر کۆتا بڕیارەکان دەدا. ئەمەش وای کردبوو ئەو کەسەی بەڕێوەبەری بانگەشەیە دەنگ لەسەر کێشە داراییەکان بدات و ئەوەی ئەمینداره دەنگ لەسەر شێوازی بانگەشە و ڕێکخستن و...هتد بدات.

ئەوکاتەی تەنها ئەندامێکی ئاسایی بووم ڕەخنەی ئەمەم لێگرتن، بەڵام بەهۆی ڕاسپاردنم بۆ کاری بانگەشە بۆماوەیەك لە کۆبوونەوە پەرلەمان ئاساکەیان دابڕام، ڕێگەم بەهیچ ئەندامێکی لیژنەی باڵای پارت نەدەدا دەست بخەنە نێو کارەکانمەوە و بەهەر بیانوویەك بێت.

ئەوکاتەی دەستەی گشتی پارت وەکو سەرۆکی پارت هەڵیان بژاردم و دەستەڵاتی ڕەهای پێدام، ئەوکات دەستم دایە ڕێکخستنی نێو پارت و نەهێشتنی نەو بێسەری وبەرییە، زۆرترین ئەرك و بەڕپرسیارێتیم خستە ئەستۆی خۆم. لەمانگی گەلاوێژی ۱۹۲۱ وەکو سەرۆکی بزوتنەوەکە ئەرکەکانم دابەش کرد: چالاکی هەموو ئەندامانی لیژنە دەست نیشان دەکرێت و کەس دەست وەرناداتە کاری هیچ کەسی دیکەوە، هەریەکێك لەئێوە بەڕپرسیارە لەئەنجامی کارەکانی ، ئەمەش وای کرد هەموو ئەندامانی بزوتنەوەکە بەخێرایی لەگەڵ ئەم چەشنە دەستەڵات ڕەهاییە ڕابێن. ئەو چەند ئەندامەش بەم دۆخە نوێیە ناقایل بوون و بڕیاری دەرکردنیانمدا و ئەمجار ئەم بۆچوونەم بەسەر هەموو مەکۆکانی بزوتنەوەکانمدا گشتاند و دژی بۆچوونی زۆرینە وەستامەوە و بڕیارمدا ئەو ئەندامەی حەزی بۆ زۆرینەیە دەبێت لە بزوتنەوەکە دەربکرێت و چیتر وەرنەگیرێتەوە. لەژێر ئەودروشمەی: هەر لقێنێك بیەوێت دژی ئەنجومەنی نوێنەران بوەستێتەوە دەبێت لەپێشدا ئەو بەرنامانە لەنێو خۆیدا پەیڕەو نەکات کە ئەوان پەیڕەوی لێدەکەن.

لەگوتارێکمدا لە دەستەی گشتی ئەندامانمدا گووتم: ئەم بزوتنەوەیە لەچەرخێکدا دەستی داوەتە جولانەوە کە بنەمای زۆرینە باوە، بەڵام گەر بەڕپرسیارێتی هەمووی

بەفوهرر بدرێت ئەوکات ئەم بزوتنەوەیە توانای پاماڵینی هەموو ئەوانەی دەبێت کەلەپێشیدا دەوەستنەوە و کۆتاییش بەگەندەڵی و نەهامەتیەکان دەهەنێت.

ئەوکاتەی لە پایزی ١٩١٩ دا تەقڵی بزوتنەوەکە بووم ژمارەی ئەندامانی دامەزرێنەر ٦ کەس بوون. پارت نە نوسینگەی هەبوو, نە کارمەند و قەڵەم و کاغەزیش, لیژنەی دامەزرێنەر جاربەجارێك لە یانەیەك یان شوێنێکی دووره دەستدا کۆبوونەوەیەکی رێکدەخست, بەڵام هەرلەیەکەم رۆژی تەقڵ بوونم بۆنێو ئەم بزوتنەوە بەدووی هۆڵێکی شیاودا گەڕاوم بۆ بەستنی کۆنگرەکان تێیدا. دەبوو دۆخی دارایی پارت لەپێش چاو بگرم و خەرجیم زۆر نەبێت. لەشەقامی تال لە یانەی سترنیکر ڕێم لەهۆدەیەکی نوتەك کەوت کە ڕاوێژکارانی (ئیمپراتۆری بومارەك) لە باڤاریا تێیدا بەنهێنی کۆدەبوونەوە لەکاتی پێویستدا.

هۆدەیەکی تاریکەسەڵ بوو, یەك پەنجەرەیەکی هەبوو دەیڕوانیە سەر کۆڵانێکی بچوکدا, بەڕاستی لەکۆبوونەوەکانی ڕۆژدا دۆزینەوەی دەرگای ژوورەکە زۆر گران بوو, لەم کاتەدا نەمان دەتوانی جێگەی باشتر بەکرێ بگرین؟ چون لەم دۆخەدا باری دارایی پارتمان لاواز بوو. هەرچەندە ژوورەکەمان باش نەبوو بەڵام دەستکەوتەکانمان باشتربوون, زۆری نەبرد کارە و هێڵی تەلەفۆن گەیەنرایە ژوورەکە و هەندێك لەیاوەرانمان کە باری داراییان باشتر بوو مێزێك و چەند کورسیەك و لۆکەرێکی بچوکیان بۆکڕین.

لەبەر ئەوەی کارمەندمان نەبوو بۆیە پێویستمان بە ڕازدۆزێك بوو, بۆ ئەم کارەش (شۆسلر)مان هەڵبژاردکە هاوڕێی کاتی پێشمەرگایەتیم بوو, کە ڕۆژانە لەش بۆ هەشتی سەرلەبەیانی لەنوسینگەی پارت دەبێت و ئاگاداری ڕەوشەکەمان دەکاتەوە, لەگەڵ فراوانبوونی چالاکیمان ئەرکی شۆسلر زیادی کردو ئەمەش وای کرد شۆسلر واز لەکارەکەی خۆی بهێنێت(سەرچاوەی بژێوی پەیداکاری) و خۆی بۆ پارتمان تەرخان بکات, لەم کارەیدا بەتەواوەتی پشتی بە ئامێرێکی چاپ بەستبوو کە پێشتر هەیبوو, پارتیش لەڕێگەی پارەی ئابوونەوە یان پێبەخشراویەوە ئەم ئامێرەی لێکڕی, لەهەمان کاتدا پارتمان باوەڵێکی ئاسنینیشی کڕی لەبۆ پاراستنی دۆسیە و بەڵگەنامە زۆر گرنگەکان.

لەکۆتایی ساڵی ۱۹۲۰ دا نوسینگەیەکی نوێنەران بەکرێ گرت کە دەکەوتە سەر شەقامی کۆرنیوس و لەسێ ژوور و هۆڵێکی گەورە پێکدەهات. لە سەرماوەرزی هەمان ساڵدا پارتمان (نیشتمان پەروەری سۆسیالیستی)بڕیاری دەرکردنی بلاوکراوەی((فۆلکیشر بیوباختر))ی دا کە بەوپەڕی تواناوە هەوڵی زیندووکردنەوەی ڕەگەز پەرەستی دەدا.. سێ ڕۆژ جارێك دەرمان دەکرد, لەدەسپێکی ۱۹۲۳ دا کردمان بەڕۆژنامە و قەبارەکەیمان گەورەتر کردەوە. بەڵام لەم کاتەدا ڕۆژنامەی ((فۆلکیشر بیوباختر)) تاکە ڕۆژنامەی ڕەگەزپەرەستی بوو لەوڵاتێکدا زۆرینەی دانیشتوانەکەی لەلایەن جووەکانەوە گاڵتەیان پێدەکرا.هەرلەسەرەتاوە هەستم بەوەکرد کە ئەم ڕۆژنامەیەمان لەچاو بەرەکانی دژبەرماندا کاری خۆی ناکات و لاوازترە, ئەمەش بەهۆی نەبوونی کەسی شارەزای ئەم بوارە و کەمی توانای دارایمانەوە بوو, سەرباری کەمی کەسی شیاو بۆ بەڕێوەبردنی ڕاستەقینەی ئەم ڕۆژنامەیە. هەرلەسەرەتاوە هەوڵی قازانجکردنی ئەم ڕۆژنامەیەم دا بەوەی بتوانرێت لەپاڵ سوودە نەتەوەییەکانیدا سودێکی دارایشی بۆمان هەبێت, پێداگریم کرد تاوەکو ئەندامانی دیکە بەمە قایل بوون, ئەمجار کارمکرد لەبۆ دەست نیشانکردنی بەڕێوەبەری کاری بازرگانی بۆ ((فۆلکیشر بیوباختر)), چارەنووس وابوو لەهێڵی ئاوردا (ماکس ئامان) هاتە سەر ڕێم کە کەسێکی خاوەن ژیریی تەواوبوو لەکاری ڕێکخستندا, لەم کاتەدا پارتمان کێشەی دارایی زۆر هەبوو, بەقۆناغێکی سەختدا تێپەڕدەبوو. داوام لەم کەسەکرد ببێتە بەڕێوەبەری کاری بازرگانی پارت, پاش چەن و چوونی و مقۆمقۆیەکی دوور و درێژ قایل بوو, بەڵام مەرجی هەبوو لەدەسپێکردن بەم کارەی, ئەویش دروست نەکردنی لەمپەر بوو لەپێش کارەکەیدا, هیچ کەس بۆی نەبوو دەست وەربداتە ئەو کارانەی لە سنوری کاری ئەودا بوو.

ماکس توانی زۆر بەژیرانە هەموو کەسانی لاواز لە ڕۆژنامەکەی دووربخاتەوە, وەکو ئەوەی پارت پرۆژەیەکی بازرگانی بێت بۆئەو, کەدەبوو تێیدا سەرکەوتوببێت, تەنانەت لەهەندێك کاریدا پەنای دەگرتە کەسانی دەرەوەی بزوتنەوەکەشمان, بەڵام لەبەرژەوەندی بزوتنەکەمان کارەکانی دەکرد. هەندێك بەرپرسان لە لیژنەی ئەندامانی بااڵ لەم ڕێڕەوی ماکس نیگەران بوون, بەڵام ئەوهیچ گوێی پێنەدان, بەبیانووی ئەوەی مەرج نییە تەنها لەنێو بزوتنەوەکەدا کەسانی گونجاو بۆ سەرکەوتنی پرۆژەکەی بۆ

دەستەبەربێت. ئەمە لەهەمان کاتدا نەبووە رێگر لەبەردەم وەدەرنانی کەسانی بێگانە و جێگرتنەوەیان بەکەسانی بەتوانای نیشتمان پەروەری سۆسیالیستی.

بەهۆی توانـاداری بەڕێوەبـەری بازرگـانی پارتـەوە توانیمـان پـارت و ((فۆلکیشـر بیوبـاختر)) لـە کێشـە و قـەیرانی دارایـی وەدەرنـێین و پۆژنامەکـەمان ((فۆلکیشـر بیوباختر)) بەرەو بوون بە پۆژنامەیەکی سەرکەوتووی باڤاری هەنگاوی دەنا.

دوای ئەوەی بووم بەسەرۆکی پارت ماکس بەتەواوەتی دەستی والأکرا و پزگاری بـوو لەکۆتـەکانی دەسـتەی ئەندامانی پـارت, لەبەرئـەوەی لـەم کاتەبـەدواوە کەسـی پێویسـت و گونجـاو بـۆ شـوێنی پێویسـت و گونجـاو دەستنیشـان کـراو وجگلـە لەسـەرۆکی گشتی پـارت نـەبێت کـەس مـافی لێپرسـینەوەی نـەبوو لەکەسـێکی دیکـە کەکارەکانیان لەنێو پارتدا یەکێك نەبێت. ئەوەمەی لە گەلاوێژی ۱۹۲۳ دا دەستەلأتی ماركس خوازی بەناو دیمۆکرات هەستا بە هلوەشاندنەوەی پارتمان و دەستی گرت بەسەر سەرجەم داهات و سامانەکانماندا جگەلە پۆژنامەی فۆاکیشر بیوباختر خاوەنی ۱۷۰ هەزار ماركی ئالتونی بووین.

بەشی بیست و یەک

بزوتنەوەی سەندیکا

گەشەکردنی بزوتنەوەکەمان لەساڵی ١٩٢٢ دا بووە هۆی خستنەڕووی هەڵوێستی بزوتنەوەکەمان لەهەمبەر بابەتێك كە پێشتر نەیتوانی بوو بە چارەسەربگات.

لەساتەوەختی گەڕانمان بەدووی دۆزینەوەی شێوازی دەستەبەر بۆ کردنەوەی ڕێگەمان لەوەی بتوانین دڵی زۆرینە بۆخۆمان ڕابکێشین, لەم ڕێڕەوەتەدا دووچاری لەمپەرگەلێك دەبووینەو کەهیچ خۆلادانێکی نەبوو: نابێت هیچ کرێکارێك یان ڕەنجبەرێك خۆی بداتە دەست هیچ بزوتنەوەیەکی دیکەوە تا ئەوکاتەی نوێنەرانی بەرژەوەندییە ئابوری و پیشەییەکانیی دژبە بۆچوونی ئەو بزوتنەوە نوێیەبن.

واتە بۆهیچ کەسێکی کرێکار یان خاوەن پیشە نییە لەدەرەوەی کاری سەندیکاوە کاری دیکە ئەنجامبدات, لەچوارچێوەی سەندیکادا دەپارێزرێت و مافەکانی بۆ دابین دەکرێت. لەکاتی دیارکەوتنی بزوتنەوەکەی ئێمەدا هەشتا لەسەدی خاوەن پیشە و کرێکاران سەربە سەندیکاکان بوون, لەم بوارەشدا تێکۆشانی زۆر کرابوو لەبۆ بەرزکردنەوەی کرێ و کەمکردەنەوەی کاتی کارکردن. لەدەسپێکدا بۆرژواکان چ وەکو تاك یان پارت تەنها لەدوورەوە تەماشای سەندیکایان دەکرد وەکو ئەوەی هیچ پەیوەندیەکی بەئەوانەوە نەبێت, ئەوەمەی سەندیکاکان بەهێزبوون و مارکسیەکان

لەڕێگەیـــەوە داوای ســـەیرو ســـەمەرەیان دەخســـتە ڕوو. لـــەم کاتـــەدا بۆرژواکـــان بەئاگاهاتنەوە بۆ دژبەری کردنی سەندیکا لەئاستی بیردۆزەیی. بۆرژواکان نەیان کرد ئەم کۆمەڵە خەڵکە ڕەنجکێشە بۆلای خۆیان کێش بکەن، بەڵکو هەستان بەدژایەتی کردنیان. ئەمەش هەڵێکی باڵای دابە مارکسیەکان بۆ دەستگرتن بەسەر پێگەکانی دەستەڵاتدا لەڕێگەی بەکارهێنانی ئەم چینە ڕنجکێشەوە.

لەبەشێکی لەمەوپێشدا دانم بە مـاق چینی ڕەنجبـەردا نـا و داوای بـەدی هێنـانی زۆربـەی مافـەکانیانم کـرد، بـەوەی بوهـای مرۆڤـەکان بـەپێی توانـایی دارایـی لێـی نـەڕوانرێت و خـاوەن کارخانـەکانیش نابێـت چـینی ڕەنجبـەر بقۆزێنـەوە بـۆ خـۆ دەوڵەمەنـدکردن. خـاوەن کارخانـەکان گـۆڕانێکی ئـەوتۆ بەســەر بۆچـونیاندا نـەهات لەهەمبـەر کرێکـار و مافەکانیـدا، بۆئـەوەی ئێمـە بتـوانین جێگـە بـە مارکسـیەکان چۆڵبکەین بۆیە دەبوو بەهەر شێوەیەك بێت چینی کرێکار بۆلای خۆمان کێش بکەین بۆئەمەش چەند پرسێکی ڕاستەقینەمان لەپێش بوو:

١-ئایا بوونی خوودی سەندیکا پێویستە؟

٢-ئایا ئەم پارتەی ئێمە باشتر وایە کۆمەڵەیەکی هەرەوەزی بۆخۆی دروست بکات یام ئەندامانی تەقڵی سەندیکایەکی دیاریکراو بکات ؟

٣-گـەرهاتوو پارتمان سـەندیکایەکی تایبـەت بـەخۆی دامەزراند ئـەوکات ئامـانج و ئەرکەکانی سەندیکاکە چی دەبێت ؟

خۆم یەك لایی کردەوە ئەوکاتەی بڕیاری ئەوەم دا کە ئەم پارتەی ئێمە پێویستی بە ســـەندیکایە، ســـەندیکا لەپێشـــەنگی دەزگـا کارتێکارەکـانی ژیـانی کۆمەڵایـەتی نەتەوەوەیـە لەڕوانگەیـەکی ئابوریانـەوە، لەبەرئـەوەی هـەموو مرۆڤێـك حـەزی بـە دابینکردنـی پێداویستیە زیندەییەکانیـەتی، هـەر گـەلێکیش بـۆ زۆرینـەی بتوانرێت مافەکانی دارایـی و پـەروەردەی کۆمەڵایـەتی بۆ دابین بکات لەچوارچێوەی دامـەزراوە سەندیکاییەکاندا ، ئەوا ئەم گەلە ئەوپەڕی نەبەردانە دەجەنگێت لـەپێناو سـەرکەوتن و مانەوەدا.

ناشبێت ئەوە لەبیربکەین کـە سـەندیکاکان گۆشـەیەکی گرنگـی ئابوری پەرلـەمانن و پێویستە دەوڵەتی ڕەگەزی ئەم گۆشەیە بخاتە نێو ژووری بازرگانی و ئابورییەوە.

داننان به دامەزراندنی بزوتنەوەیەکی سەندیکایی ئەوکات بابەتی دووەممان بۆ ئاسان دەکات. بزوتنەوەی نازیەت (کەلە ساڵی ١٩٢٣ وە ئەم ناوەمان لێنا) کە چاوی بڕیبووە دامەزراندنی دەوڵەتێکی ڕەگەزی , ڕێگە نادات دامەزراوەی دیکە ببنە پاشکۆی ئەو دەوڵەتە و ڕۆڵی دەوڵەت ببینن لەنێو دەوڵەتدا, بەڵکو هەوڵی تەفڵکردنی هەموو دامەزراوەکان دەدات بۆ نێو خوودی دەوڵەت, لەبەرئەوەی ئەم بزوتنەوەیەی ئێمە هەرگیز هەڵەی دەستەڵاتدارانی پێشووتر ئەنجام ناداتەوە و بوونی دامەزراوەی پاشکۆ بەدەوڵەتەوە ڕەتدەکاتەوە, بۆئەمەش سەرلەنوێ دەوڵەت ڕێکدەخاتەوە, بۆ سەرکەوتنی ئەم بۆچوونەش لەپێشدا لەپەروەردەوە دەست پێدەکرد و خەڵکانی پێ گۆش دەکرێت, بێگومان سەپاندنی بەرنامەکانی کەسێکی دیکتاتۆر یان تونددڕەو دەتوانرێت بەسەر هەموواندا بسەپێندرێت, بەڵام بەبێ بوونی کۆمەڵێکی بژاردە لەبۆ بەردەوامی دان بەجێبەجێ کردنی هیچ مانایەکی نابێت و کاریگەریەکانی کەم سنور دەبێتو ناتوانن بۆچوونەکانی فوهرر بەدی بێنن.

ئێمەی نازی هەڵەی پارتەکانی سەردەمی کۆماری ئەنجام نادەینەوە, ئەم پارتانە تەنها بڕوایان وابوو ئەگەر دەستورێکی نوێ بێننە ئاراوە ئەوکات ئەمانە توانای بەدی هێنانی خەونەکانیان دەبێت, بەبێ ئەوەی بزانن کە دەستور بێ گیانە بەبێ جێبەجێ کردن و چەسپاندنێکی نەبەردانە, دیتمان چلۆن دەستورەکەی(فیمار) دەبەخشنە گەلی ئەڵمانی و دواتر دیتمان چلۆن ئەو دامەزراوانە دادەڕوخێنێت کە خوودی خۆی لەسەر پونێت ناوەتەوە و دەوڵەتیش بوونی خۆی لێرەوە پیشان بدات.

لەدەوڵەتی نازیدا هەموو دامەزراوەکان بەشێوەیەکی کارا بوونیان دەبێت, لەبەرئەوەی بزوتنەوەی نیشتمانی سۆسیالیستی لەسەر خاکی فشەڵ دانەمەزراوە, نازی هەنووکە لەشێوەی دەوڵەتدا خۆی ڕێك دەخات. هەر دامەزراوەیەکی نازی لەم ڕۆدا دیاربکەوێت یان دابمەزرێت ئەوا دەبێت ناوکرۆکی ئەو دەوڵەتەی کە نازی دای دەمەزرێنێت. ئەمەش وادەکات ئەم بزوتنەوەیەمان بەهەموو ڕێکخراو و دامەزراوەکانیەوە شێوەیەك لەدەوڵەت پێکبهێنێت.

بۆئەمەش دەبێت لەسەر بنەمایەکی هەڕەوەزیانە نازیەکان خۆیان ڕێکبخەنەوە, واتە ڕێکخراوێکی بەهێزی سەندیکایی دابمەزرێنین. دەبێت لەم سەندیکایەدا ڕەنجبەر و ڕەنجخۆر پێکەوە پەروەردە ببینن و بزانن کە بەرجەستەکردنی مافەکانی یەکتر

قازانجی بۆ هەردووبەرە و نەتەوەش هەیە، بەبێ لەیەک نزیک کردنەوەی ئەم بەرە دژبەرەیە هەر هەنگاونانێك بۆ سەندیکا دامەزراندن هیچ قازانجێکی بۆ ئێمە و نەتەوەکەشمان نابێت، وەکو نوسین لەسەر شەپۆلی ئاو وەهادەبێت، پاش چەند چرکەیەك وون دەبێت و نامێنێت.

ئێستاش سێیەم بۆچوون مایەوە:

ئامانج لەدامەزراندنی سەندیکا بۆ ئەوە نییە چینێك بەکاربهێندرێت بۆ دژایەتی کردنی چینێکی دیکەی کۆمەڵ، بەڵکو سەندیکا دامەزراوەیەکی پیشەییە و دەوڵەتی نازی دان بەهیچ چینایەتیەکدا نانێت. لەپرووی سیاسیەوە بەتەنها دان بە بۆرژواکاندا دەنێت نەوەك کۆمەڵایەتی و هەموان یەکسان دەبن لەبەردەم یاسا و بەدەست هێنانی مافەکانیان و ئەنجامدانی ئەرکەکانیاندا. بوونی دانیشتوانیش مانای بوونی هاوڵاتی خوازراو نییە.

ئێمەی نازی یان نیشتمان پەروەری سۆسیالیستی وای دەبینین کە سەندیکا دەزگایەك نییە بۆ تێکۆشان بەهاوشێوەی مارکسیەکان لەبۆ دروستکردنی ناکۆکی چینایەتی و بەدی هێنانی ئامانجەکان لەم رێگەیەوە، هەمدیس پێچەوانەی جووە نێودەوڵەتی خوازەکانین کە سەندیکایان وەکو هۆکارێك بەکارهێنا لەبۆ داڕووخانی ئابوری نەتەوەیی دەوڵەتە سەربەخۆکان بەمەبەستی دەستگرتن بەسەر گەلە ئازادەکەی نێو دەوڵەتەکەدا.

مانگرتن و خۆپیشاندان لای سەندیکا نازیەکان، هۆکار نییە بۆ تێکدانی بەرهەمی نەتەوە، بەڵکو ئامرازی پێشخستنیەتی، ئەمەش لەرێگەی تێکۆشانەوە دەبێت بۆ دابین کردنی مافی تێگەیشتن لەنێوان کرێکار و خاوەن کار دا دەبێت.

دەبێت بەشێوەیەکی وەها کرێکاری رەنجکێشی نازی گۆش بکەین کە وا هەست بکات زیادبوونی بەرهەمی نەتەوەیی مانای باشتربوونی دۆخی ئەوە.

لەهەمان کاتدا خاوەن کارگە نازیەکان دەبێت باش ئەوە بزانن باشی و زۆری بڕی بەرهەمیان بەندە بەدڵنیایی کرێکارەوە لەژیان و باری گوزەرانیان.

لەدەوڵەتی نازیدا لەبواری چالاکیاندا کرێکار و خاوەن کار نوێنەری سەرەکی گەلی ئەڵمانین ، تاڕادەیەکی گونجاو خاوەن ئازادی تاکین، لەبەرئەوەی ئەگەر تاك تاڕادەیەك دەستی والآبکرێت لەو بوارەی کاری تێدەکات بەژیرانە ئەوکات بەرهەمی زیاد دەبێت.

بێگومان پاش دابینکردنی مافی تاك و خۆشگوزەرانی و زربوونی بەرهەمی نەتەوە دەوڵەتی نازی بەهیچ شێوەیەك رێگە بەمانگرتن و خۆپیشاندانی سەندیکایی نادات, بەڵام ئەوکاتەی دەوڵەت نەیتوانی مافەکانی کرێکار و رەنجبەر لەخاوەن کارخانە و رەنج خۆر وەرگرێتەوە و بۆدابین نەکات ئەوکات مافی مانگرتن پیرۆزترین کاری سەدیکاکانە جا دەوڵەتەکە نازی بێت یام نانازی و ئاسایی.

ئەم کێشمەکێش و بگرە و بەردەیەی ئەمرۆ ملیۆنان خەڵکی سەرقاڵ کردووە دەبێت چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە و سبەی دامەزراوە پیشەییەکان و پەرلەمانی ئابوری دەبێتە ببنە ئەو ناوەندەی کە لەدەوڵەتی نازیدا نوێنەرانی پیشەسازی و بازرگانی و نوێنەرانی سەندیکاش لەخۆ دەگرێت. بەدامەزراندنی ئەم دەزگایانە دەبێت کێشمەکێشی نێوان چینی خاوەن کار و کرێکار لەناوبچێت.دەبێت کرێکارەکان دەست هەڵبگرن لەتێکۆشان لەپێناو بەدەست هێنانی مافەکانیان بۆ نوێنەرەکانیان بۆئەوەی ئەوان داکۆکی لێبکەن و چارەسەری بۆ بدۆزنەوە لەرێگەی دانیشتن و گفتوگۆکردن لەنێوان هەردوو بەرەکەدا و بەمەرجێك ئەم رێککەوتنە دژبەری بەر ژەوەندیەکانی دەوڵەت نەبێت.

لێرەدا پرسێکی گرنگ دێتە بوونێ ئەویش ئایا چۆن بتوانین ئەو کۆمەڵە هەرەوەزییە دابمەزرێنین کە ئەو مەرجانەی پێشووی تێدابێت بەکارایی ؟

بناغەدانان لە زەوینێکدا پێشتر هەڵنەکۆڵرابێت باشترە لە هەڵکۆڵینی زەوینێك پێشتر بۆ هەمان مەبەست بەخوار و خێچی هەڵکۆڵرابێت, گەر بتەوێت فرۆشگایەك لە شەقامێکدا بکەیتەوە کە چۆڵبێت لە فرۆشگا ئاسانترە وەك لە دانانی فرۆشگایەك لە شەقامێکی پڕ فرۆشگەدا, خۆئەگەر زۆربەی فرۆشگەکان یەك چەشنە کەلوپەلیان هەبێت ئەوا دەبێت دانەیەکیان زۆر بەڕێرانە خۆی بسەلمێنێت و ئەوانی تر لەشەقامەکەدا پووچ بکاتەوە.

بەڕاستی دامەزراندنی کۆمەڵێکی هەرەوەزی لەم کاتەدا لەلایەن نازیەوە لەناوەندەکانی کۆمەڵدا بەئاسانی بەرهەم نادات, چون ئەم سەندیکا باوانەی ئێستا مانای میهرەبانی نازانن تانەت لەهەمبەر سەندیکا و دامەزراوە دۆستەکانیشیاندا, هەموو رێگەیەك دەگرێتەبەر لەبۆ لەناوبردنی دژبەرەکەی بەو مەبەستەی خۆی ببێتە

پاڵەوانی گۆڕەپان، ئەمەش وادەکات ئەم بزوتنەوەیەمان خۆی لەپێش دوو ڕێیانێکدا ببینێتەوە:

١-کۆمەڵێکی هەرەوەزی دابەزرێنین بۆ لەناوبردنی سەندیکا ئیش مارکسیەکان یان

٢-دزە کردنە نێو سەندیکا مارکس خوازەکان و چەسپاندنی بۆچوونەکانمان لەڕیزەکانیان و دواتر کێشە خستنە نێو ڕیزەکانی مارکسیەکان.

دۆخی دارایمان بەهێز نەبوو بۆ گرتنەبەری ڕێگەی یەکەم، سەرباری خراپی دۆخی دراوی ئەڵمانی کە ڕێگربوو لەبەرامبەر پارتمان بۆئەوەی ئامادە بەدەستکەوتی دارایی بکات بۆ کرێکاران و لەو ڕێگەیەوە کێشیان بکات، زێدەباری ئەم فاکتەرە سەرەکیە هۆکارێکی دیکە هەبوو هەیچ کاریگەریەکەی لەمە کەمتر نەبوو، ئەویش نەبوونی کەسانی تەواو شارەزا بوو لەنێو بزوتنەوەکەمان لەبۆ ڕۆڵگێڕان لە دامەزراندنی سەندیکا. بۆیە گەر توانیمان ئەم کەسایەتیە بدۆزینەوەو بەڕاستەقینە کار بۆ ڕووخانی بزاڤە سەندیکاییە مارکس خوازەکان بکات و سەرکەوتوو بوو ئەوکات دەبێت لەهەموو کونج و کونەلآنێکی ئەم ولآتەماندا پەیکەرێکی گەورە پیشاندانی بۆ دروست بکەین.

دامەزرێنەرانی سەندیکا مارکسیەکان کەسانی زۆر بلیمەت و ناوازە نەبوون، بەڵکو سەرجەمی دامەزراندنیان ناوازە و نمونەیی بوو، واتە هیچ سەندیکایەکی ڕکابەریان نەبووە لەوکاتەدا، بەلآم ئێمە لەم کاتەی کە دەمانەوێت ئەم بزاڤە دابەزرێنین دووچاری کۆمەڵەیەکی خۆ جێگیرکردبوو دەبینەوە کە فێربووە چلۆن دەتوانێت خۆی بپارێزێت، بەتەواوەتی متمانەی بەخۆی پەیداکردووە.

قەلآی مارکسی هەرەوەزکاری لەمڕۆدا هەر کەسێکی ئاسایی توانای ئەنجامدانی کاروبارەکانی یان بەڕێوەبردنی هەیە، بەلآم ناتوانرێت بە هێرشێکی ئاسایی ئەم قەلآیەیان تێك بشکێندرێت، بۆیە لەم کاتەشدا پێویستمان بەکەسێکی بالآ و شارەزای ئەم بوارە هەیە، خۆئەگەر نەمان توانی ئەم کەسە بدۆزینەوە ئەوا هەرچی دەیکەین واتا هیچ ناکەین.

هتلەر لەکاتی تێفکرینی ئاڵۆزدا

خۆکشانەوەو دەست هەڵگرتن لە ئەنجامدانی کارێك باشتر نییە لەشکست بەهۆی نەبوونی کەسانی شیاوەوە ؟

سەرباری ئەو هۆکارانەی پێشووتر چەندین فاکتەری دیکە هەبوون کە ڕێگەیان نەدەداین شێوازی یەکەم بەکاربێنین, لەگرنگترینیان بڕوای بوونی تەواومان بەوەی لێدانی ئابووری لەچوارچێوەی تێکۆشانماندا لای خۆیەوە دەبێتەهۆی لاوازی بوونی خوودی بزوتنەوەکەمان. کەواتە باشتر وایە بە بانگەشە بتوانین ئەڵمانیەکان بەوە حاڵی بکەین کە ئەگەر نەختێك دەست بەخۆیانەوە بگرن بەباشی دەتوانن خۆیان دروست بکەن, بۆئەمەش ئەوپەڕی هەوڵبدرێت کە پەنا بۆهیچ سەندیکایەك نەبرێت و ئەندامانیش لەسەندیکاکان دابماڵرێت و ئەو مارکانەی هەیانە نەیخەنە پێش دەستی بەناو سەندیکاکانەوە.

لە کۆبوونەوەکانی پارتماندا بۆچوونم وابوو ئەم پارتەمان هێشتاکە لەدەسپێکدایە و تێکۆشانی دورودرێژمان لەپێشە, بۆیە باشتر وایە بەر لە ڕووبەڕوو بوونەوەی بزوتنەوە سەندیکاییەکان و دژبەری کردنی مارکسیەکان و هاوپەیمانانیان لەڕووی کۆمەڵایەتی-ئابووری, بزوتنەوەی نیشتمانی سۆسیالیستی هێزی خۆی بۆ ئەم دوو

بواره بەتەواوەتی چڕبکاتەوە و یەک بخاتەوە, بەڵام گەر ئەم هێزانەی دابەشکرد ئەوا لەگۆڕەپانی جەنگدا بەشکست خواردوویی دەردەچێتە دەرێ.

کەواتە تەنها ڕێگای دووەم ماوەتەوە, ئەویش دوو ئاراستە لەخۆ دەگرێت: هانی لایەنگرانی نیشتمان پەروەرانی سۆسیالیستی بدەین خۆیان لە سەندیکاکان بکێشنەوە یاخوود لەوێدا بمێننەوەو لەپێناو ئێمەدا خەبات بکەن؟ ئەگەری دووەممان پەسەندکرد, مانەوە. بەردەوام بڕوام بەوەهەبوو کە خۆ ئاراستەکردن بەرەو بزاڤی سەندیکایی زۆری ماوە, بەوەی پاش لەوەی پارت دەستەڵات دەگرێتە دەست ڕوو لە چارەکردنی کێشە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان دەکات, ئەوکاتەی کودەتا لەپارتماندا ڕوویدا و من بووم بەسەرۆکی ڕەهای پارت, هەموو ئەو بۆچوونانەم هەڵوەشاندەوە لەبایاننامەیەکدا کە باسیان لەدامەزراندنی سەندیکا دەکرد, منیش پێم ڕاگەیاندن کە دامەزراندنی سەندیکا بۆ دژایەتی کردنی خۆمان هیچ مانایەکی نییە, جگەلەمەش بەم دۆخە دارایی‌یەمانەوە ناتوانین سەندیکایەکی وەها کارا دابمەزرێنین کە بتوانێت سەندیکای مارکسیەکان لاوازبکات, ئەمەش بەهۆی نەبوونی پەروەردەبینینی کرێکارانی نیشتمانی سۆسیالیستی بە پەروەردەی نازییەوە بوو.

هەروەها لە بلاوکراوەیەکی دیکەمدا بەجوانی ئەوەشم ڕوون کردەوە کە نەیارانی بزوتنەوەکەمان وای پیشان دەدەن کە بزوتنەوەکەی ئێمە بۆیە سەندیکای جیاواز دادەمەزرێنێت چون حەزی سەرمایەداری هەیە, لەکاتێکدا نازی دژی خوودی دامەزراوەی سەندیکا نییە کە مافی کرێکاران دەپارێزێت , بەڵکو دژی خراپ بەکارهێنانی سەندیکاکانە وەکو هۆکارێک بۆ نانەوەی کێشەی چینایەتی و هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگە و تۆرانی تەواوی تاکەکان لەیەکتر.

ئەو پارتانەی پاش لە جەنگ دامەزران ئەم بنەمایەیان لەپێش چاوان نەگرتبوو, لەنێوان سالانی ۱۹۱۹-۱۹۲۲ شەش سەندیکای ڕاستڕەو و دوو سەندیکای ئازاد دامەزرا, کەیەکێکیان سەندیکای پیشەسازیە سوکەکان بوو, سەندیکاکان تەمەن کورت بوون, لەبەرئەوەی باش ڕێک نەدەخران و نمونەیی بالآشیان نەبوو, ئەوانەشی دایان دەمەزراند کورت بین بوون لە قەبلاندنی هێزی مارکسیەکانی دوژمنیان, بۆیە کاتێک هەستیان بەخۆیان دەکرد کەلەلایەن دوژمنەوە مالڕاون و تیاچوون.

هونەری هاوپەیمانێتی

لەشێوازی پەیڕەوی دەرەوەدا دەستەڵاتی ڕایخ ڕێبازێکی پشت پێ ئەستوری نەبوو. بنەمایەکی دیاری کراویشی نەبوو کە سەرچاوەی ڕامیارێتیە هاوپەیمانیەکانی لێوە هەڵبقوڵێت و بەرژەوەندی نیشتمانی لێوە بەدی بهێندرێت. شۆڕش هەڵایسا و دۆخەکەی بە ئاژاوەداری هێشتەوە؛چونکە هیچ کاتێک جولەکە و مارکسیەکان نەیان ویستووە دەوڵەتی ئەڵمانیا بەهێزبکەن و لەناوخۆدا خۆڕاگر و لەدەرێشدا بیانی ڕاوکاربێت. بەڵکو ئامانجی تاوانکارانی خەزەڵوەری ١٩١٨ لەناوبردنی هێز وتوانای بەرهەمهێنی ئەڵمانیا و گوێڕایەڵکردنی وڵاتە لەبۆ سەرمایەداری نێودەوڵەتی. تاوانکاران باش دەیان زانی مانەوەی ئەمانە لەسەر دەستەڵات بەندە بەتوانای جێبەجێکردنی ئەو کۆت و بەندانەی کە پەیماننامەی ناشتی بەسەر وڵاتدا سەپاندویەتی. بۆیە هەرگیز هاوڵی دەرهێنانی وڵاتیان نەدەدا لەژێر بەندەکانی ئەو پێکەوتننامە ناشتیەی هاوپەیمانان.

ئەودەمەی گەلێک دەیەوێت بەڕاپەڕین خۆی ڕزگاربکات، هەستی نیشتمان پەروەری دەگاتە تڕۆپک. باش ئاگاداری ئەنجامدراوەکانی کەمە نانەتەوەییەکان دەبێت،

بەهەمان شێوەش ئەوکاتەی گەلێک دەیەوێت بەرگری لەخۆی بکات یان دووچاری جەنگێک دەبێتەوە و بەهۆیەوە ڕقابەرانی ناوخۆیی لە وڵاتدا سەرهەڵدەدەن, لەم کاتەدا کۆمەڵ دژی هەموو ئەوانە دەوەستێتەوە کەخزمەتکار و جاشی بێگانە خوێن مژەکانن, ئەوانەشی کۆسپن لەپێش گەشەی نەتەوەییدا لەناو دەبرێن.

ئەو مشەخۆرانەی کە هەڵی خەزەڵوەریان قۆستەوە هەستیان بەوەکرد کە پشت بەستن بە هونەرێکی هاوپەیمانێتی کارا لای خۆیەوە دەبێتە هۆی هەست بەهێزکردنی نەتەوەیی و گێڕانەوەی متمانە بۆ دەروونی ئەڵمانیەکان, بەمەش دەتوانن دۆخەکە بگێڕنەوە بۆئەو چاڵەی لێوەی دەرهاتووە, ئەمەش نەشیاوی هونەری ڕامیارێتی دەرەوەمان پیشاندەدات پاش لەجەنگ لەگەڵ شێوازە نابەجێ بەکارهاتوەکەشی, وەگەڵ خراپی دۆخی کارگێڕی وڵات و پشت گوێ خستنی بەرژەوەندیە نەتەوەییە زیندەییەکان.

بەتەنها حکومەت لەم دۆخە بەرپرس نەبوو, بەڵکو ئەوە خوودی پەرلەمان بوو هانی دا بۆ پشت گوێ خستنی بەرژەوەندیەکانی وڵات؛ چونکە زۆرینەی پەرلەمان لەکەسانی نانەتەوەیی پێک هاتبوو, بۆ بەدی هێنانی بەرژەوەندیەکانی خۆیان نەهامەتیەکانیان دەسرەواندە دڵی نەتەوەو کۆمەڵەوە. دەبێت دان بەوەدا بنێین کە پارتمان تاکە پارت بووە گرنگی بە هونەری ڕامیارێتی دەرەکی دابێت پاش لەجەنگ لەبۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندیەکانی نەتەوە و سەلماندنی کارایی پارت. هەنگاوی یەکەمی پارتمان لەم کاتەدا لەناوبردنی هەموو بیانی خوازان بوو لەپێشدا, ئەوجار هەنگاونان بۆ باشترکردنی دۆخی هاوپەیمانێتی و ڕامیارێتی دەرەکی.

ئەوکاتەی باسی پارتمان بەهێز و ژمارەی لایەنگرانمان زۆر بوو, ناچاری دەست نیشانکردنی هەڵوێستمان و خستنەڕووی بوو لەبۆ کاردانەوە دەبڕین لەهەمبەر پەیمان نامە دەرەکیەکانی بەناو ئاشتیدا, پارتمان تەنها لێرەدا نەوەستا, بەڵکو نەخشەی تەواوی ڕامیارێتی دەرەکی بۆ ئەڵمانیا دارشتبوو, بەبێ دوورکەوتنەوە لە نەخشەی گشتی پشت پێبەستراوی پارتمان.

بزوتنەوەکەمان دەبوو لەپێشدا گەل وشیاربکاتەوە, ئاراستەی زۆرینەی گەل و بەرپرسان دەکات لەبۆ پەیڕەوکردنی ئەو ڕێوشوێنانەی کە قازانجی هەموو گەلی تێدایە بەمەبەستی بەدی هێنانی ماف و سەروەریەکانی هەموان. هەر چەشنە کێشەیەکی

پامیاری دەرەکی دەبێت لەم پوانگەیەوە لێی بڕواندرێت: ئایا بەڕاست چارەکردنی ئەو ناریشەیەی دووچاری گەلەکەمان بووەتەوە لەڕێگەی ئەوپێشنیارانەی ئێمە کێشەکە دەئاڵۆزکێنێت یان چارەی دەکات؟ ئەی لەئێستا و لەداهاتوشدا خزمەتی بەرژەوەندیەکانی گەلمان دەکات, یاوەکو بەزیان بەسەر گەلەکەماندا دەشکێتەوە؟

ئەمە تاکە ئاماژەبوو کە پێویست بوو لەسەری بوەستین؛چون ئەمە تاکە ڕێگەیە لەسایەیدا دەتوانین هەموو کێشە ئاینی و مرۆڤی و بۆچوونی و ململانێ هەمە جۆرەکان بتوێنینەوە.

***

بەر لەجەنگ دەبوو پامیارێتی دەرەکی ئەڵمانی خۆراکی تەواو بۆ گەلی ئەڵمانی دابین بکات لەبۆ پشت ئەستوربوون بۆ گەیشتن بەئامانجەکەی, لەگەڵ دابینکردنی توانا و هێزێکی زێدەبار بۆ پایخ بە پەیڕەوی هاوپەیمانێتی کەلە ئەزمونەوە وەرگیرابێ. کارەکان دوای شکستی جەنگ بەم شێوەیە مایەوە, جگە لەم جوداییە کەمە: پێش لەساڵی ١٩١٤ پێویست بوو لەسەر ئەڵمانیا قەوارەکەی خۆی بپارێزێت و هەلەکانی مانەوەی بۆ دابین بکات, پشت بەخۆی ببەستێت بەشێوەیەکی سەربەخۆیانە, بەڵام لەم ڕۆژدا دەبێت دەوڵەت بوژانەوە بۆ گەل دابین بکاتەوە, لەڕێگەی بوژانەوەی خوودی دەوڵەتەوە, بەبێ بوژانەوەی خوودی دەوڵەت هیچ چارەیەك نییە بۆ پەیڕەوکردنی پامیارێتیەکی دەرەکی کارا و سەرکەوتوو کە دەستەبەری پاراستنی قەوارەکەی و گەل و خۆراك و فاکتەرەکانی گەشەی بێت.

بەشێوەیەکی گشتی پەیڕەوی دەرەوەی ئەڵمانیا لەم ڕۆژدا دەبێت گەلی ئەڵمانی هامادەی گرتنەبەری ڕێوشوێن گەلێك بکات کە لێوەی بتوانێت سەربەخۆیی و ئازادی وەربگرێت, بۆئەوانەشی کە وەی خەڵك دەڕووخێنن نابێت ئەوەیان لەبیربچێتەوە کە مەرج نییە گشتاندنی خاك هۆکاری سەرکەوتنی ڕاپەڕینی ڕزگاربوون بێت, بەڵکو تەنها دیارکەوتنی نیشانەی ڕزگاری لەیەك ناوچەی بچووکی ولاتدا بەخێرایی دەتەنێتەوە و هەموان دێنەپاڵی بۆ تێکۆشان و بەدەست هێنانەوەی مافەکانیان لەڕێگەی چەکەوە.

بڕوام واسە ئەو گەلەی بڕوای بە ژێردەستەیی هەبێت لەبری دابەشکراوی خاکەکەی ئەو گەلە جگە لە کۆیلەبوونی هیچی دیکەی پێشیاونییە. ئەودەمەی گەلێك کۆمەڵێکی

ڕادەپەڕێت و سەرکەوتوو دەبێت ئەوا بۆ تەنیشتەوەی پێویستی بە ئامادەکاری پێش وەختە بۆ هەست بزواندنی هەموانی دی کە تائەو ساتەش کۆیلەی ستەمدیدەن. لەم کاتەشدا پێویستە ئەم ستەمدیدانە بەجوانی لەسەر بەکارهێنانی چەکی هزر و چەکی تفەنگی ڕابهێندرێن و هانی هەموان بدرێت لەبۆ یەککرتن و کارکردن بۆ بەدەست هێنانی ئامانجی هاوبەشیان، کە ڕزگاربوونە لەستەم و کۆکردنەوەی پەرتەوازەبووەکانی نەتەوەیە لەژێر یەك دروشمدا.

ئەو دەمەی ئەم دۆخە پەیوەندی بەوەوە هەبێت کە دەوڵەتێك پارچەیەك لەخاکەکەی داگیرکراوە، دەبێت دەوڵەتی بەش خوراو بەر لەوەی بیر لە گێڕانەوەی پارچەکەی خۆی بکات، بیر لە بەهێزکردنی هەستی نەتەوایەتی لەناوخۆدا بکاتەوە، واتە لەم کاتەدا دەبێت بە بەدیهێنانی کارەگرنگەکەی لەپێشدا باسی زەویە داگیرکراوەکانی نەکات: واتە لەپێشدا پێویستە نیشتمانی دایك لەدەست بێگانە پەرەستان ڕزگاربکرێت، چونکە ئەرکی ڕاستەقینەی ڕزگارکردندەکەوێتە ئەستۆی خوودی ئازادنشینانی دەوڵەتی دایك نەوەك کۆیلە کراوەکانی دەوڵەتی بەناو دایك، بۆئەم مەبەستەش دەوڵەتی دایك دەبێت لەپێشدا خۆی بەتەواوەتی ڕزگاربکات و شمشێرەکەی بەتیژی بخاتە کێلانەوە بۆئەوەی هەرکاتێك پێویستی پێی بوو دەری بێنێت و لەگەردەنی داگیرکاری پارچەکانی دیکەی بدات و ناچاری بکات دەست لەە زەویانە هەڵبگرێت کەلەژێر هەرناوێکدا داگیری کردووە.

ئافراندنی تیغی تۆڵە دژی دوژمنانی نەتەوە ئەرکی سەرەکی دەوڵەتی نەتەوەییە لەناوخۆدا، دابین کردنی کەش و هەوایەکی گونجاو بۆ دروستکردنی تیغی تۆڵە پێتقی وە هونەری ڕامیاریێتی دەرەکی سەرکەوتووە.

لەدەسپێکی ئەم پەرتووکەدا بە سانایی شیکردنەوەی ئەو هۆکارانەمان کرد کە بووەهۆی لە بە لاڕێدابردنی ولاتی ئەڵمان بەر لەجەنگ، لەبۆ پاراستنی کیانی نەتەوەکەمان و دابینکردنی تەواوی خۆراك بۆ گەلەکەمان دەمان توانی یەکێك لەو چوار هۆکارەسەرەکییەی هەبوون وەربگرین، پایە بەدەستانمان هۆکاری چوارەمیان هەڵبژارد لەبۆ بەکارهێنان، بەو مانایەی لەبری ئەوەی دەستەلاتی ولات لە نێو خودی ئەوروپادا پیادە بکات هەستا بەگرتنەبەری ڕامیاریێتیەکی داگیرکاری بازرگانی دەرەوەی کیشوەر، بەو بڕوایەی ئەمە هیچ زیانێکی بۆ گەلی ئەڵمان نابێت، ئینجا

پێویستی بەشەڕ نییە بۆ بەدەست هێنانی ئامانجەکان، لەکاتێکدا فاکتەری سەرەکی هەڵایسانی جەنگی جیهانی بەرفراوان و ناچاری خۆبەدەستەوەدانی ڕایخ لەهەمبەر شکستدا ئەم چەشنە ڕامیارێتیە بوو.

دەبوو ڕایخ لەچوار هۆکارەکە سێیەمیان هەڵبژێرێت، بڵاوبوونەوەی دەستەڵات لەخوودی ئەوروپادا، ئینجا بیرکردنەوە لەبۆ داگیرکاری دەرەوەی کیشوەر، بۆ بەهێزبوونی خوودی وڵاتی ئەڵمانیا و پەلکێشانی لە کیشوەری ئەوروپادا پێتڤی بە لەیەک گەیشتن و مۆرکردنی پەیمان نامەهەیە لەنێوان بەریتانیا و ئەڵمانیادا، یاخوود لەڕێگەی بەهێزکردنی خوودی سوپای دەوڵەتی ئەڵمانیاوە دەبێت وگەیاندنی بە ترۆپکی چەکدارێتی و شیاو بۆ بەکارهێنان لەسەر هیسابی کارەکانی دیکەی وڵات، بەتایبەت واری هزری، بەرام ڕایخ ئەم کارەی ئەنجام نەدا، ئەوانەشی لفاوی شۆڕشی هزریان لەچنگدابوو لەبیریان کردبوو کە ئەم هزرەی ئەوان بنچینەی ئازادی ڕامیاریە، هەر نەتەوەیەک دووڵ و ڕاڕابێت لەسەر دەست نیشانکرنی چارەنووسی ئەوا ناتوانێت بەرهەمێکی هزری بەهێز بخاتە بوونەوە.ئەو دەمەی دەستەڵات شورا یان سوپای گەورە و جوان گۆشکراو و ڕاهێنراوی بەهێزی هەبوو ئەوکات برەو بەفکر و ڕۆشنبیریش دەدرێت، تەنانەت شۆڕشی هزری لەسەردەمی بیرکلیسدا دوابەدوا جەنگە وێرانکارەکەی گەلی فارس و گریک هاتە بوونەوە و دیارکەوت، ڕۆماش پاش لەوەی لە ئەندێشەی جەنگ و ململانێ دەرباز بوو توانی سەرکەوتنێکی گەورە لەبواری زانست و هونەردا بەدەست بهێنێت.

بەڵام ئایا لەم کاتەدا دەتوانرێت چاوەنواڕی پێشکەوتنێکی بەرفراوانتربکرێت لە وڵاتێک کە زۆرینەی ئەندام پەرلەمانەکانی زۆربڵێن و زۆرینەی دانیشتوانەکەی نەخوێندەوارن. سیاسیەکانی هەڵپەرەست و باری سەربازی نەشیاوە؟! لەم کاتەدا قوربانی دان کەبۆنێکی سەرکەوتنی لێدێت هیچ قازانجێکی بۆ نەتەوە دەبێت؟

بەڵێ دەکرا لەڕێگەی کەسایەتیەکی ژیری وەکو فردریکی گەورەوە بەدی بهێندرێت. ئەم پیاوە لەڕێگەی بەهێزکردنی باری سەربازی و ڕامیارێتی وڵاتەوە هەموو کارێکی ئەنجام دەدا. بەڵام ئەو کەسانەی دەیانەوێت و پێشتر چاوەنواڕی ئەوە بوون لەم جووە مارکسیە سورانە کە لەڕێگەی پەرلەمان و دیموکراتیەوە خەونەکانیان بۆ بەدی بهێنن ئەوا جگە لە مێشک پووچی زیادتر شایەنی کەسانی بڕوا بوو بەم بۆچوونە نییە.

لەبەرئەوەی ئەم ئەندام پەرلەمانانەی ولاّت تەنها شتێك بیریان لێی نەکردبێتەوە بەهێزکردنی دۆخی ڕامیاری وسوپایی ڕایخ بوو, ئەمانە ئاوەزیان بە ئاریمانی جوو فرۆشتبوو, ئەو بۆخۆی بەچ شێوەیەکی بیویستایە ئاراستەی دەکردن.

بەبێ ئامادەکاری بۆ باری سەربازی و خۆراکی و ڕامیاری ولاّتی ئەڵمانیا تەڤلی جەنگ بوو, پاش کارلەکار ترازان بەرپرسان هەستیان بەخاڵە لاوازەکانی دەستەلاّتەکەیان کرد, تا ئەوکاتەی مۆتەکەی جەنگ بەرقاپی پێنەگرتبووین بەدووی هاوپەیمانی ڕاستەقینەدا نەبووین لەبۆ پرکردنەوەی کەلێنەکانی ولاّت, لەبری ئەوەی ئینگلیزەکان بکەنە هاوپەیمانی خۆیان و پەلاماری ڕووسیابدەن یان ڕووسیەکان بکەنە هاودۆستی خۆیان هێرشی بەریتانیەکان بکەن, کەچی لەیەك کاتدا هێرشی هەردوو بەرەی ڕۆژهەلاّت و ڕۆژئایان پێکردین, بۆیە لەم کاتەدا تاکە هاوپەیمانێك بۆ ئەڵمانیا مابێتەوە بنەماڵەی هابسبۆرگی نەمسابوو!؟

***

هونەری ڕامیاریێتی ئەڵمانیا بەر لەجەنگی جیهانی زۆر بێ سەرو بەری و بێ ئامانجی پێوە دیاربوو, خۆئەگەر پێش لەجەنگ تاڕادەیەك دەزانرا کە ولاّت پەیڕەوی ڕامیاریێتی داگیرکاری بازرگانی دەرەکی دەکات ئەوا لەم ڕۆدا ئەوەش بوونی نییە و نازانین چی دەکەن و دەیانەوێت بەم شێوە حوکمڕانیە سەقەتەیان بەکوێڕابگەن؟

گەر بەجوانی لە بارودۆخی کۆمەلاّنی ئەوروپی بکۆڵینەوە, لەپوانگەی هێز و تواناوە, ئەوا لەم کاتەدا ئەو ڕاستیانەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە.

گەر لە دیرۆك بڕوانین لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەوە تاوەکو ئەمڕۆ دەبینین کە بەریتانیا ڕامیاریێتی ناوەندبوون یان هاوسەنگی هێز لەکیشوەرەکەدا لەڕێگەی ئاژاوە نانەوەوە پەیڕەو دەکات, ئەمەش بۆئەوەیە بەئاسانی بتوانێت لەدەرەوەی کیشوەرەکەی گەشە بەبواری داگیرکاری خۆی بدات, لەدەسپێکی هاتنەسەر تەختی ئەلیزابێسی شازنەوە تاوەکو ئەمڕۆش بەریتانیا ڕامیاریێتیەکی کۆنی بەکارهێناوەو دووبارەش بەکاری دەهێنێتەوە, بەلاّم بەپەردەپۆشراوی ڕەنگ جیاواز, ئەویش نەهێشتنی دامەزراندنی دەوڵەتێکی بەهێزە لەئەوروپادا کە بتوانێت شان بەشانی بەریتانیا بوەستێتەوە یاخوود کیشوەرەکە بۆخۆی ڕام بکات. بەمەبەستی بەدی

هێنانی ئەم ئامانجە بەریتانیەکان یەک بەدووی یەک ئەوپەڕی هەوڵی خۆیانداوەو هەموو ئامرازێکیان بەکارهێناوە جا هەرچی و چۆنێک بێت, بێ ئەوەی هیچ بەریتانیەک ناپاکی لە دەوڵەتەکەی بکات.

ئەوکاتەی جەنگێک لە کیشوەرەکەدا هەڵدەگیرسێت هەموو دەوڵەتان بە شکستەوە لێی دەردەچن, بەڵام بەریتانیا بەهێزتر دەبێت! ئەودەمەی داگیرگەکانی لەئەمریکای باکوور بڕیاری سەربەخۆ بوونی دا, بەریتانیا بڕیاری پاراستنی ناوچەکانی پشتەوەی ئەو کیشوەرەی دا, بۆئەمەش دەستی دایە جەنگین لەبۆ لەناوبردنی دەستەڵاتی هۆڵەندی و ئیسپانیەکان لەدەرەوەی کیشوەرەکە و لێسەندنەوەی توانادارى دەریاییەکان, دواتر خۆی ئاراستەی فەرەنساکرد لەوەی دەبێت وانەیەکی ئەمیش دادات و نەهێڵێت دوورگەکانی بکاتە ئامانج و هەنگاو بۆ داگیرکردنی بنێت, بۆئەمەش بەوپەڕی تواناوە هەوڵی لاوازکردنی فەرەنسا بدات, ئەوکاتەی ناپلیۆن لاواز بوو ئەم کارەی بەئەنجام گەیاند.

بەڵام ئینگلیز لەدژوەستانی بەرزفڕانی ئەڵمانی پەلەی نەکرد؛چونکە باش دەیزانی لەم کاتەدا نەتەوەی ئەڵمانی یەک دەنگ و یەک مشتن, سەرباری ئەوەی کارەکانی خوودی ئەڵمان لەدەرێدا مەترسیەکی ئەوتۆ نەبوو لەسەر پلانە ماوەدرێژەکانی ئینگلیز, بەڵام لەهەمان کاتدا بەریتانیەکان پێشتر نەخشەی گورز وەشاندنیان لە ئەڵمانیا داڕشتبوو, بۆئەمەش چەشنێکی نوێی ناڕوونی لە ڕامیارێتی لەهەمبەر ئەڵمانەکان بەکارهێنا, سەرباری ئەوەی کاتی زۆری دەویست, بەڵام ئەنجامی باشی دەبێت, ئەم کارەش پێویستی بە بانگەشەکار و وتاربێژی بەهێز هەبوو, وایشی کرد و کارەکەی خۆی ئەنجامدا.

پاش جەنگی (١٨٧٠-١٨٧١) ی ناسراو بەجەنگی حەفتاکان بەریتانیا زۆر بەڕوونی ڕامیارێتی خۆی لەبەرامبەر ئەڵمانیا خستەڕوو, لەم کاتەدا سەرکردەکانمان هەڵێکی گرنگیان لەدەستدا کە بەریتانیا لە هاوپەیمانێک دەگەڕا بۆ بەکارهێنانی دژ بەڕووسیای بەرەو گەشەمەنگاونەر, ئەمەش لەڕێگەی هاوپەیمانێتی بەستنی نێوان هەردوو وڵاتەوە دەبوو, وەگەڵ پەیوەندی دروستکردن دەگەڵ دەستەڵاتی ئەمریکای شارنشینی پیشەسازیی, کەهەموو جهانی سەرسام کردبوو. ئەوکاتەی سوپاکەمان گورزێکی کوشندەی لەفەرەنسا وەشاند دیتمام بەریتانیا بە ناڕوونی لێمان دەنواڕێت

و پامیارێتیه ئەورووپیەکانی بەشێوەیەکی نوێتر داڕشتەوە ئەویش: لاوازکردنی ئابووری ئەڵمانیا و ڕێگرتنی لەوەی دەیەوێت جهان لەڕووی بازرگانیەوە داگیربکات, لەژێر ناوی پاراستنی ئاشتیدا بەریتانیا هەستا بەکۆکردنەوەی هێزی وڵاتانی ئەورووپی دژبەئێمە, هەموو کۆڕابوون لەوەی کە بەتەنها توانای گورز وەشاندنیان لە دەوڵەتی شکۆمەند وخاوەن سەروەری ئەڵمانیایان نییە. بەڵام ئەوانەشی بڕوایان وابوو بەفرت و فێڵ دەتوانن وڵاتە ئەورووپیە دژەکانیان هەڵبەخەڵەتێنن ئەوانە گەمژەبوون, ئەوانەشی خۆیان بە زل و زاڵ دەزانی لەچەواشەکاران بێ نرختر و زیانیان لەوان زۆرتربوو, کەر نەشچێتە خانەی ناپکی نەتەوەییەوە.

شۆڕشی ئەڵمانیا سنورێکی بۆئەو مەترسیانە دانا کە بەریتانیا هەیبوو, پاش ئەوەی شکستی جەنگ هەموو هێز و توانایەکی لەئەڵمانیەکان سەندبۆوە شتێك نەمابوو بەناوی شکۆمەندی و بالأیی دەرەکی ئەڵمانی و وڵاتانی دەوروبەر سڵی لێبکەنەوەو لێی بترسێن. بەریتانیا زۆری سەیر لەوە دەهات چۆن شکستی دەوڵەتی ئەڵمانیا کە چوار سالّ و چەند مانگێك کاری بۆ دەکرد بووە هۆی تێکدانی نەخشە ماوەدرێژەکانی ئەو و تێکدانی دۆخی ئاسایی کیشوەرەکە؟! بەریتانیا لەسەرەتای جەنگەوە هانی وڵاتانی ئەورووپی دیکەی دەدا لەبۆ داڕماندنی ئەڵمانیا, پاش لەسەرکەوتنی پلانەکەی دژکێکی نوێی بۆ دیارکەوت ئەویش فەڕەنسابوو, کە هەم هێزی وشکانی هەبوو, هەمیش لەدەریادا تاڕادەیەك بەهێز بوو.

ئەودەمەی بەریتانیا دووچاری ئەم بارە نەخوازراوە هات, دیپۆماتەکان نەیان دەزانی پیلانی چی و نوێتر دابڕێژنەوە, حایرمابوون, چون باش دەیانزانی ئەو بانگەشەیەی چوارسالّە لەدژی ئەڵمانیا ئاراستە کراوە ناتوانرێت لەیەك شەوو ڕۆژدا دژبە فەڕەنسا بابدرێتەوە, بەریتانیا زیانێکی زۆری هەبوو لەجەنگدا لەکاتێکدا فەڕەنسا لەو باشتربوو, ئەو دەوڵەتانەشی پاشکەوتەی بەهێزن بێگومان لەدۆخێکی وەها شوێنی فەڕەنسا دەکەوتن دژ بەبەریتانیا گەر هەنگاوێکی دژە فەڕەنسا بهاویشتایە.

تاکە وڵاتێك توانای سنوردانانی هەبێت لەهەمبەر چاوبرسێتیەکانی فەڕەنسادا بەتەنها ئەڵمانیایە, بۆئەمەش بەریتانیا دەبوو سوود لەئەڵمانیا وەربگرێت بۆ لەناوبردنی فەڕەنسا . بەڵام دوای چی, شکستی جەنگ هەموو شتێکی جوان و

بەهێزی ئەڵمانیای لەناوبرد، ئەڵمانیا شۆڕش و شەڕی ناوخۆی دووچاربوو، لەجەنگ کشایەوەو هیچی دەست نەکەوت جگە لەهیچ، هەموو بەدەوری فەرەنسادا سەرقاڵی ماستاوکردن و خۆنزیک کرنەوەبوون ، بۆیە لەبریتانیاش بەناچاری دەستی تێکەڵی فەرەنسا کرد بۆ دابەشکردنی بەرهەمەکانی جەنگ و دوانەکەوتن لەپڕۆژەوتی پێشکەوتن و داگیرکاری.

ئەودەمەی بەریتانیە بەتەواوەتی دژبەری کردنی خۆی لەهەمبەر ئەڵمانیادا ڕاگەیاند، دۆخی سوپای ئێمەی ئەڵمانی زۆر باش نەبوو، لە ئەورووپادا دوو دەوڵەتی بەهێزی وشکانی هەیە، ئەوانیش فەرنسا و ڕەووسیایە، هەریەکە لەمانە توانای ڕووبەڕووی بوونەوەی هێزی ئەڵمانیان هەیە بەتەنها جا وەرە لەگەڵ سەردار و ئیمپراتۆریەتی دەری (بەریتانیا)دا یەکبگرن لەدژی ئەڵمان؟ پێگەی ئەمڕۆی فەرەنسا جیاوازە لە پێگەی دوێنی ئەڵمانیای پێش جەنگ، بەهێزترین دەوڵەتی سەربازییە لە کیشوەرەکەدا، لەم ڕوانگەیەشەوە هیچ چەشنە ڕکابەرێکی ڕاستەقینەی نییە، لەباشوورەوە سروشت پشتی گرتووە لەهەر هێرشێک کە ئیسپانیا و ئیتالیا بەنیازی بن، پاش لەڕووخانی ئەڵمانیاش فەرەنسا ترسی لە ئەڵمان نەما، سەرباری دەستڕاگەیشتنی بەسەر کەنارەکانی ڕۆژئاوای نزیک لەبەریتانیا کەبەناوەندێکی جەنگی دادەنرێت و هەمیشە دانیشتوانی ئەو ناوچەیە لەژێر میهرەبانی تۆپە دوور مەوداکاندان، سەربازی هێزی ئاسمانی. ژێرئاوییە فەرەنساییەکان توانای بەرپەرچدانەوەی بەریتانیەکانیان هەیە، لەڕێگەی کەناراوەکانی زەریای ئەتڵەسی و دەریای سپی ناوەڕاستەوە.

بەم کارەش بەریتانیا گەورەترین زیانی لەخۆی دا لەوەی ئەڵمانی دووچاری شکست کردەوە، بەم کارەی هەڵی تەواوی بەخشیە فەرەنسیەکان بۆ بوون بەسەرداری ئەورووپا. ئەوکاتەی بەریتانیا هەرێمە یەکگرتوەکانی ئەمریکاشی بە دوژمنی دەریایی خۆی هەژمارد هەڵەی کرد، لەبواری ئابوریشدا بەریتانیا دەستی لەکۆمەڵێک ناوچەی ستراتیژی وەها بۆ هاوپەیمانانی هەڵگرت کە دەستبەری بەرژەوەندی زینەدەییەکانی بوون.

بەڕاستی ئامانج و کاری دیپلۆماتە فەرەنسیەکان هەمیشە پێچەوانەی ئینگلیزە. بەریتانیەکان چاودێری ڕاگرتنی هاوسەنگی هێز دەکەن لەکیشوەرەکەدا، ئەوکاتەی

ولاتێك نەختێك سەنگینتر دەبێت ئەوکات بەگورزی گورچکبڕ بارە قورسەی پێ دادەگرێتەوەو سوکی دەکات و ناهێڵێت بەئاسانی سەنگی خۆی بە بەهێزی ڕابگرێت. بەڵام فەڕەنسیەکان سەرباری ئەوەی هەمان پلانیان هەیە بەڵام لەچوارچێوەیەکی تەسکەبەردا ئەنجام و پەیڕەوی لێدەکەن. گرنگ لەڕوانگەی هەردووکیانەوە سەرپێنەکەوتنی ئەڵمانیا و دەریانەکەوتنیەتی وەکو دەوڵەتێکی بەهێز. چون باش دەیان زانی گەلی ئەڵمانی یەکگرتوو هێزێك پێکدەهێنێت کەبەئاسانی کەس ناتوانێت بەسەریدا زاڵبێت. بۆیە دیپلۆمات کاران و پلان داڕێژەرانیان زۆر بەجوانی چاویان بڕیبووە چۆنێتی لاوازکردنی ولاتەکەمان. ئەمەش لەڕێگەی هاندانی گروپە جیاخوازەکانەوە بۆیان دێتەبەرهەم. لەگەڵ داگیرساندنی ئاگری کێشە لەولاتدا بەجۆرێك دەوڵەت بوونی خۆی بە مەزیەتەوە ببینێتەوە. بەم کارەش دەوڵەتۆچکە ئەڵمانیەکمان هەڵدەستن بە لاوازکردنی خوودی ئەڵمانیا و ڕاگرتنی هاوسەنگی هێزی ئەوروپی و هێشتنەوەی هێز بۆ بەریتانیا.

***

لەسایەی ئەو ڕاستینانەی خستمانە ڕوو هیچ هاوپەیمانێك لەبەریتانیا باشتر نییە بۆ ئەڵمانیا. نکۆڵی لەوە ناکەم ڕامیارێتی بەکارهێنانی سوپا لەجەنگدا لەلایەن ئینگلیزەکانەوە نەهامەتیەکی زۆری بۆ هێناین. بەڵام ڕق لێبوون لەدەوڵەتێك کە ئێستاکە قازانجێکی نەماوە بەڵکو زیانی بەرکەوتووە لەهەمبەر شکست خواردنی ئەڵمانیادا کەڵی چییە. ئەمەش دوای ئەوەی بەریتانیا بەباشی چاوبرسێتی فەڕەنسیەکانی بۆڕوون بوویەوە.

بەریتانیا و ئەڵمانیا کە یەك دوژمنی هاوبەشیان هەیە دەتوانن بۆ لەناوبردنی یەکبگرن. لەهەمان کاتدا نابێت ڕامیارکارانی ئەڵمانیا بەدووی ئەندێشەوەبن. وا نەبن لەهەمبەر سۆزێکی درۆینەی کەسێکی بێگانە خۆیانی بۆ کۆت بکەن. واتە بە سۆز نا بەڵکو بە ناوەز کاربکەن. ناشتوانێن بڵێین دادپەروەری ئەڵمانیا لەڕێگەی بەریتانیاوە بەدی دێت؟ چونکە بەریتانیا هەر بەریتانیایە و ئیتالیا و ئەمریکاش هەمان شت. کەواتە نابێت بەهیچ شێوەیەك لەڕێگەی سۆزەوە هەڵبخەڵەتێنرێین و بەبناغەی هاوپەیمانێتی بزانین. مەرجنیە لەکاتی بوونی هاوپەیمانێتیدا سۆزی یەکتر لەبارچاو بگیرێت بەڵکو دەستکەوتی یەکتر لەپێش چاوان دەگیرێت. واتە کەسێکی ئینگلیزی

دەتوانێت ڕامیارێتیەکی قازانجدار بۆ ئینگلیز و ئەڵمانەکان پەیڕەوبکات لەبری ئەوەی بەتەنها بڵێین: ئینگلیزەکان دەبێت بۆ قازانجی ئێمەی ئەڵمانی کاربکەن.

لەوکاتەی باڵی ئەڵمانیا شکاوەو شاپەڕەکانی فەڕەنسا بۆ فڕین درێژتر دەبێت زۆرێک لەوڵاتە ئەوروپیەکان دەترسن, فەڕەنسا واخەریکە لەڕووی سەربازی و ئابوریەوە زۆر بەهێز و بەهێزتر دەبێت, ئێمەی ئەڵمانی تانەم کاتەش خۆمان یەکلایی نەکردۆتەوە لەوەی دوژمنی خۆمان بناسینەوە, کە دوژمنێکی مەترسیدار و بێبەزەییە, ئەویش فەڕەنسیەکانن, جا ئەم فەڕەنسیانە یەعقوبی بن یان بۆربۆنەکان, یان بنەماڵی پۆناپەرت یام دیمۆکراتە بۆرژواکان, کۆمارییە میانگیرەکان یان مارکسیە سور خوازەکان, هەریەکە لەمەمان لەسەر دەستەڵات بێت ئامانجی سیاسەتی دەرەوەی تەنها دەستگرتن بووە بەسەر ڕیبانیا ی ئەڵمانی و پارچەپارچەکردنی ئەڵمانیا بووە.

ئینگلیزەکان پێیان ناخۆشە ئەڵمانیا گەشەی ڕەوان بکات, بەڵام فەڕەنسیەکان حەزیان لە پاکتاوکردنی نەخشەی ئەڵمانیایە. لەمڕۆدا ئێمەی ئەڵمانی کاربۆ بوون بە دەوڵەتێکی مەزن ناکەین بەڵکو تەنها بەدووی دەستکەوتنی تیکە نانێک بۆ منداڵەکانمانەوەین. گەر بەجوانیش لە هاوپەیمانێتیەکانی ئەورووپامان بنواڕین دەبینین تەنها ئینگلیز و ئیتالیا بۆمان بەکەڵک دێن, ئینگلیزەکان ڕقیان لە باڵهاویشتنی فەڕەنسیەکانە لەترسی ئەوەی ڕۆژێک هەڕەشە لەبەرژەوەندیەکانی نەکات, ناشکرێت ئەو کاتەی فەڕەنسا سەرقاڵی داگیرکردنی کانە خەڵوزەکانی ئەورووپای ڕۆژئاوایە بەریتانیا دەستەوەستان دابنیشێت, چون باش دەزانێت گەر فەڕەنسای هاوپەیمانی دوێنێی ئەم کانە خەڵوزانە هەمووی داگیربکات ئەوکات بەئاسانی دەبێتە خاوەنی سیاسەتی ئاراستەکردنی کیشوەری ئەورووپا و ئابوری جیهان و زۆربوونی دەستەڵاتی فەڕەنسیەکانیش لە کیشوەرەکە تەنها مانای لەناوچوون و بەرتەسکبوونەوەی دەستەڵاتی بەریتانیایە لەم کاتەدا و هیچی تر.

ئیتالیاش زۆر بەمەترسیدارانەوە لە فراوانبوونی دەستەڵاتی فەڕەنسا لە کیشوەرەکە دەنواڕێت؟ چون ئیتالیا زۆری حەز بە داگیرکردنی ئاوزێڵی دەریای سپی ناوەڕاست و پەلکێشانە بۆ ئەفریقاو داگیرکردنی ولاتانی ئەو ناوچەیەش کە دەکەونە نزیک دەریای سپیەوە بوو, واتە ئیتالیا بۆئەوە نەچووە جەنگەوە بۆئەوەی فەڕەنسا بەهێزبکات, بەڵکو تەنها بۆ گورز وەشاندن لە نەمسای دراوسێی ڕۆیشتە جەنگەوە,

بەلأم ئەوەشی لەیاد نەکردبوو کە مەترسی فەرەنسیەکان هیچ کات لە نەمساویەکانی پۆژهەلأتی کەمتر نییە.

ئەمەش مانای وایە بوونی دەولەتێکی بەهێزی ئەلمانی هیچ زیانێکی کارێگەری نابێت بۆهەریەکە لە بەریتانیا و ئیتالیا، بەلکو هۆکاریش دەبێت لەبۆ باشتر چەسپاندنی بەرژەوەندیەکانی ئەم دوو دەولەتە لەکیشوەرکەدا، واتا قازانجی لە زیانی زیادترە.

ئەوکاتەی سەرقالی تاوتوێ کردنی بەستنی هاوپەیمانێتی دەبین لەگەلّ ئیتالیا و بەریتانیادا پێویستە سێ بنەمای گرنگ لەپێش چاو بگرین، کە بنەمای یەکەم پەیوەستە بە خوودی ئەلمانیایەوە دووەم و سێیەمیش بە بەرژەوەندیەکانی ئیتالیا و بەریتانیاوە.

بەلأم لەپێشدا ئەبێت ئەوەمان لەیادبێت، ئاخۆ هیچ دەولەتێك هەیە بیەوێت هاوپەیمانێتی دگەلّ ئەم ئەلمانیایەی ئێستا ببەستێت؟ چۆن دەبێت دەولەت گەلێکی بەهێز و هێرشبەری خاوەن پلانی ماوەدرێژ دەستبخەنە دەستی دەولەتێکی شکست خواردووی جەنگی بێ پلانی وەکو ئەلمانیاوە! لە ئەلمانیادا کە بنەماکانی مارکس و جووەکان بەناوی دیمۆکراتیەوە زۆرینەی نابیناکردووەو هەلخەلەتاندووە و نازانن چی دەگوزەرێت، لەم کاتەشدا هیچ دەولەتێك ناتوانێت چاوەنواری هیچ قازانجێك بکات لە دەولەتێکی ملشۆڕی هیچ لەبارە نەبوو، کەتەنانەت توانای بەرگری کردنی لەخۆیشی نییە، ئەم دەولەتە هیچ هەنگاوێك نانێت بۆ خۆپزگارکردن لەو نەهامەتیانەی کە پەیمان نامەکانی ناشتی بەسەریاندا سەپاندوویەتی، ئەمەش بەهۆی ئەوەوەیە کە خاوەن خێسە پیسە نێودەولەتیەکان دەستیان گرتووە بەسەر ئەم ولأتەدا.

بێگومان هەر دەولەتێك بیەوێت بەبەهێزی بمێنێتەوە ئەوا هەنگاو نانێت بۆ هاوپەیمانێتی دروستکردن لەگەلّ ئەم دەولەتەی کەلایەن خوودی ئەندام پەرلەمانەکانیەوە هەلدەمژرێت.

ناشبێت ئەوە لەیاد بکەین کە، هەرچەندە مانەوەی ئەلمانیا بە لاوازی قازانجێکی بۆ ئینگلیزەکان نییە، بەلأم لەلایەن جووە جیهانیەکانەوە بەخێرهاتنی لێدەکرێت، لەگەلّ بەرژەوەندی و پلانەکانیدا بەهاوتای دەزانێت، بەتایبەت ئەوکاتەی دیارکەوت کە پلانە نهێنیەکانی بەریتانیا دژە و پێچەوانە لەگەلّ جووەکاندا، بۆیە جووەکان دەیانەوێت

هەموو کۆلەکەکانی ئابووری و چارەسەری ئەڵمانیا خوارەکەنەوە بۆئەوەی خۆیانی پێبەرزبکەنەوە، هەموو هەوڵێك دەدەن لەبۆ بەلشەفی کردنی ئەڵمانیا، بۆئەوەی دەست بەسەر ئابووری نەتەوەییدا بگرن، ئەوکاتەشی هەستیان بە کەم توانایی مارکسی ئەڵمانی کرد لەهەمبەر دەستەلاتە نەتەوەییەکەیدا، ئاگری جەنگیان هەلایساند و ئەڵمانیایان پێ فرێدا و لەناوخۆشدا شۆڕشیان هەلایساند و فەتارەت بەدووی فەتاریان بەسەر ئەڵمانیادا هێنا.

جووە جیهانیەکان ئەڵمانیایان کردە ناوەندێك بۆ داڕشتنەوەی پیلانگێڕی و کۆبوونەوەو دەست نیشانکردنی ئامانجە دوور مەوداکانیان، چونکە بەلشەفیکیەکانی ولاتەکەمان، واتە تێکدەرانی وێژدانی نەتەوەی ئەڵمانی، ئەوپەڕی هەوڵ دەدەن بۆئەوەی هەرچی هێز و توانایەکی ولاتەکەمان هەیە بیخەنە ژێر دەستەلاتی دامەزراوە جوولیە بانکیەکانەوە، ئەمەش هەنگاوێکی مەزنە لەبۆ داگیرکردنی هەموو جهان لەلایەن جوەوە. لە بەڵگەنامەی (داناکانی جوولەکە)-دەستوری بزوتنەوەی جوولخوازی-دا هاتووە: ئەڵمانیا دەبێت ببێتە تەوەری تێکۆشانی جوولەکە لەپێناو بەدی هێنانی ئامانجە گەورەکەدا، ئەگەر ئەنجامدرا ، ئەڵمانیا خرایە ژێر دەستەلاتی گەلی بژێردراوەوە، ئەوا لەم کاتەدا کۆسپی گەورەی سەر ڕێگەی خۆی لابردووە لەبۆ گەیشتن بەئامانجە باڵاکانی.

جووی جهانی زۆر ژیرانە هەنگاو دەنێت، تواناداڕە بۆ هەڵخەڵەتاندنی جهان و ڕای گشتی، ژەهراوی کردنی بۆچوونی هەموو نەتەوەو گەلان، بۆئەمەش پەنا دەباتە بەر دەزگا و شێوازی جۆراوجۆر، وتوێژکردن لەگەڵ هەموو نەتەوەکان بەو شێوەیەی کاریگەری قوڵیان بەسەرەوە جێبهێڵێت. لە ئەڵمانیا کە خوێن تێکەڵاوییەکی زۆر هەیە جووەکان دیموکراتی بڵاودەکەنەوە، لە فەرەنسا جووەکان ململانێی نێوان هاوڵاتی و بێگانەکان دەقۆزنەوە، لەئینگلیز لەسەربنەمای بەرژەوەندی ئابووری و ئامارژگەلی ڕامیاری جیهانی ئاوازەکەیان دەژەنن.

لەیەك دوورکەوتنەوەی زۆر دەبینرێت لە نێوان چەمکی سیاسەتی نەتەوەیی و ئامانجەکانی جوولەکەی جیهانیدا لەهەریەکە لە بەریتانیا و ئیتالیا، تێگەیشتنی تەواو لەفەرەنسیا لەنێوان نەتەوە خوازان و خاوەن بۆرسەکاندا هەیە کە جوو بەڵام لەفەرەنسیا لەنێوان نەتەوە خوازان و خاوەن بۆرسەکاندا هەیە کە جوو تەواو لەفەرەنسیا لەنێوان نەتەوە خوازان و خاوەن بۆرسەکاندا هەیە کە جوو خاوەنیانە. ئەم لەیەك تێگەیشتنە مەترسی بۆسەر گەلی ئەڵمانی زۆرە، فەرەنسا بەم

کارەی دەبێتە سەرسەخت ترین دوژمنی ئێمە کە نابێت بۆ ساتێکیش دەستی لێهەڵبگرین لەبۆ لەناوبردنی. گەلە فەرەنسی کە واخەریکە قۆناغ بەقۆناغ دادەبەزێتە خوارەوە بۆ ئاستی رەش پێستان , بەم کارەی مەترسی دەخاتەسەر قەوارەی سپی پێستانی ئەورووپا و ئەگەری توانەوەی ئەورووپا دەکرێت لەم تیانە مەترسیدارەدا.

هیچ فەرەنسیەک درۆناکات گەر بڵێت بەشداره لەپیسکردنی خوێنی ئەڵمانیەکانی ڕینانیادا, چونکە ئەم گەلە تیاچووە ئارەزووی لە جووەکان کەمتر نییە لەبۆ لەناوبردنی زیندەیی گەلەکەمان و هاندانی ڕەگەزەکانی دەورووبەر بۆ پیاتدن و جووتبوون لەگەڵ ڕەگەزی ئەڵمانیدا, جابەهەر جۆر و شێوەیەک بێت.

بەڕاستی ئەم چەشنە هەنگاونانەی فەرەنسا-کە جوەکان دەسپێکی هەنگاوەکان و دنەدەرین-تاوانێکی گەورەیان لەهەمبەر ڕەگەزی سپی ئەورووپادا ئەنجام دەدەن, ئەوڕۆژە زۆر دوور نییە ئەورووپیەکان پێکەوە بەسەر ئەم خوێن پیسکارانەدا دەجەن و لەناویان دەبەن. ئەمەش بەوە دێتەدی کە ئەڵمانی ڕابردووی شەرنامێزی لەگەڵ بەریتانیا و ئیتالیا پشت گوێ بخات و بەدووی ئاشتیەوە بێت لەگەڵ ئەم دوو وڵاتەدا, بەمەبەستی لاوازکردنی فەرەنسا لەداهاتوودا.

***

بەنەختێک بەدواداچوونکردن بۆ پەیڕەوکراوی سیاسەتی دەرەوەی ئەڵمانیا لە هەڵایسانی شۆڕشەوە تاوەکو ئێستا دووچاری بێ هیوایی دەبینەوە. لە مانگی خەزەڵوەری ۱۹۱۸ هوە تاوەکو ئەمڕۆ [1] دەستەڵاتدرانمان جگە لە قایلکردنی فەرەنسا و گوێڕایەڵی کردنی نەتەوەی باڵا و زیادەڕۆیی کردن لەستایشیان لەوەی میهرەبان و بەسۆزن بۆ ئەڵمانیا هیچی دیکەیان نەکردووە و ئەنجام نەداوە. ئەم چەشنە ڕامیارێتیە بێڕێزی کارە بە گەلی ئەڵمانی لەلایەن کەسانی لغاوبەدەستی پشت پەردەوە بەخێرهاتنی لێدەکرا, چون مانەوەی ئەڵمانی بەلاوازی و ملکەچی بۆ گەلانی دەرێ مانای هاتنە دی ئامانج و سەرگرتنی پلانەکانی جوولەکەیە, بێگومانین لەوەی نێزیک

---

[1]) هتلەر لەکۆتاییەکانی ۱۹۲٦ دا لەنوسینەوەی پەرتووکی (نەبەردیی من) بووەتەوە و دەستی لێهەڵگرتووە. واتە مەبەست لەئەمڕۆ ڕۆژی نوسینەوەی ئەم لاپەڕەیەی پەرتووکەکەیە لە ساڵی ۱۹۲٦ دا.

کەوتنەوەی کۆمار لەفەڕەنسا مانای لەدەستجانی هەموو شتە جوان و پەسەندکراوە نەتەوەییەکانی ئەڵمانیایە.

لەو کاتەی کۆمار سەرقاڵی داڕووتانەوەی نەتەوەی ئەڵمانی بووون لەهەموو شتەجوانەکان ڕۆژنامە جووخوازەکان بەخۆبەخشانە ڕقیان لەناوخی هاوڵاتیانی ئەڵمانیدا دەچاند لەبەرانبەر ئینگلیزەکاندا, لەگەڵ بانگەشەکردن بۆ دامەزراندنەوەی کەشتی گەلی ئەڵمانی دژبە ئینگلیزەکان و هەوڵدان بۆ گێڕانەوەی داگیرکراوەکانی ئەڵمانیا.

جوولەکە زۆر ژیرانە یاریەکەیان ئەنجام دەدا: جووەکان نەتەوە دڵپاك و ئارەزوو پاکەکەمانی هەڵدەخەڵەتاند, بەئاریشەی ئاسایی چاوبەستیانیان دەکرد, جووەکان پاڵیان بە گەل ئەڵمانیەوە دەنا بۆ خۆپیشاندان دژبە ئینگلیزەکان لەکاتێکدا فەرنسا کەوتبووە ڕێزەی ئەڵمانیەکان و کۆڵەکەی سەربەخۆیی ئەڵمانیایان مین ڕێژەدەکرد, ڕۆژنامە جووەکان هەستان بە وروژاندنی کێشەی تیرۆل ی باشوور و داوای لە ئەڵمانەکان دەکرد خۆپیشان ئەنجام بدەن و نامەی ناڕەزایی بە کۆمەڵەی نەتەوەکان بدەن.

تیرۆلی باشوور کە ئێستاکە ئەندامانی نوێنەرانی ئەنجومەنی پەرلەمان بانگەشەی بەدەست هێنانەوەی دەکەن بۆخۆم یەکێك بووم لەوانەی لەکاتی جەنگدا بەرگریم لێکردووە, لەکاتێکدا ئەمانەی ئێستا فرمێسك دەڕێژن ئەوانە سەرقاڵی لوغم ڕێژکردنی بەرەی ناوخۆیی وڵات بوون, هانی کرێکارانیان دەدا لەبۆ مانگرتن و بەرهەم نەهێنانی شمەك و تفاقی پێویست بۆ سوپا و دانیشتوان, لەپشتەوە خنجەریان دەدا لەسوپا و سەربازی وڵات, کێشەی نەتەوەییان لە ڕایخدا بەتەواوەتی تێکدا و نەتەوەیان خستنیانە تەنەکەی زبڵی نانەتەوەییەوە.

ئەودەمەی تیرۆلی باشوور ناوەندێکی جەنگی هاڕدەر بوو, بەبێ تێژکردنی شمشێرەکان نەدەتوانرا بەدەست بهێندرێتەوە. لەم وارەشدا گروپ و دەستەکانی سوپای ئەڵمانیا سەرکەوتنی باشیان بەدەست هێنا, بەردەوام بوو لەسەرکەوتن تانەوکاتەی لەناوخۆوە دەگەی لێدرا و پشتی شکێندرا و یارمەتی لێبڕا. ئەوانەی هۆکاری هەڵایسانی کێشەی ناوخۆیی وڵات بوون ئەمانە قەرداری نەتەوەن بەلەدەستدانی تیرۆلی باشوور و ناوچەکانی دیکەی وڵات. ئەوانەی بڕوایان وایە کە

کێشی تیرۆلی باشوور دەتوانرێت بە خۆپیشاندان و ڕێپێوانی ئاشتیانە چارە بکرێت ئەمانە یان ئەوەتا گەمژەن یان شێتن و بڕوایان بەهەموو ئەوشتانەیە کەپێیان دەگوترێت, باشە کەی هاولاتیانی ئەڵمانی لەوە تێدەگەن کە بەدەست هێنانەوەی زەویە لەچنگ دەرکراوەکانیان لەڕێگەی بەیان نامە و بروسکە پێشکەش کردن بە کۆمەڵەی نەتەوەکان و خۆپیشاندانی ناوخۆیی ولاّت وەرناگیرێتەوە, بەڵکو لەڕێگەی هێزەوە وەردەگیرێتەوە, چونکە زۆربەی بەهێزبراوە, ئەمەش تەنها ئەو ڕۆژە دێتەدی کە هێزی ڕووبەڕوو بوونەوەو پەلاماردانی دوژمنمان لادەستەبەربێت.

لەهەمووی ناخۆش تر ئەو کەسانەی ئەمڕۆ لەدەستدانی تیرۆلی باشور بە هەڵەیەکی بەڕۆجەستە لەقەڵەم دەدەن, بەڵکو بە بناپاکی لەنیشتمانی ئەژماردەکەن, ئەمانە هیچیان نەکردووە, لەپێناو لەدەست نەدانیدا, جگە لە قسەی قۆڕ و زلی سەرزمان و ڕشنی فرمێسکی تیمساحانە, گەر ئەمڕۆش بانگی ئەمانە بکەیتەوە بۆ هەڵگرتنی چەک بەمەبەستی ڕزگارکردنی ئەو خاکەی بانگەشەی خەباری لەدەستدانی بۆ دەکەن ئەوا لەگۆشەی تایبەتی نوسینگەکەی خۆیانەوە دەدەنیشن و هەرگیز یەک فیشەک لەبەر خاتری نەتەوەو خاک و نیشتمان ناتەقێنن.

ئەوانەی بۆ چارەنوسی تیرۆلی باشوور دەگرین, لەخاوەن دوانگە و قەڵەم بەدەستان و داوای گێڕانەوەی دەکەن بۆسەر خاکی نەتەوەی ئەڵمانی, هەر ئەمانەبوون تا دوێنێ داوای دەست هەڵگرتنیان لە نیگەرانکردنی ولاّتانی سەرکەوتوو و بەتایبەت فەرەنسادەکرد و پشتیوانیان لەپەیمان نامەی ئاشتی ڤرسای دەکرد و ڕووخاندنی پردەکانی ڕووهریان لەلایەن تیمەکانی ڕزگاریخوازەوە شەرمەزار دەکرد, بەم جۆرەش یاری دوو ڕوویی ئەمانە زۆر بەباشی دیارکەوت. ئەو کاتەی جوولەکە و کلکەکانیان هەستیان بە دروستبوونی هاوپەیمانێتی دەکرد لەنێوان نەڵمانیا-ئیتالیا بووە کارێکی خوازراو لە ناوەندە ئەڵمانیەکاندا , بۆیە کارێکی ئاسایی بوو کە جوولەکە و لایەنگرانیان لە بنەماڵەی هابسبۆرگ ڕێگە لەم هاوپەیمانێتیە بگرن بەمەبەستی بەهێز نەبوونی ئەڵمانیا لەڕوانگەی نێو دەوڵەتیەوە.

بەپاڵنەری ڕقی تەواویان بۆ ئەڵمانییە پاکەکان, لەڕێگەی پەیڕەوکردنی بەرنامەکانی ئاوەزی گەلی هەڵبژێردراو لە بۆهتان و درۆوهەڵبەستراو, ئەوانەی فرمێسکیان لە بۆ لەدەست دانی تیرۆلی باشوور دەڕش دەستیان دایە تاوانبارکردنی نەتەوەخوازە

پوختەکان و وایان بلاوەکردەوە کەهۆکاری ئەم شکستە بەهۆی ناپاکی سەربازانی پرۆسیەوە بووە، بۆیە منیش لێرەوە بەم درۆ و هەڵەستکارانە دەبێژم:

هەر هاوڵاتیەکی ئەڵمانی کە تونای چەک هەڵگرتنی هەبوەو لەسااڵنی جەنگدا لەترسنۆکی خۆیدا نەیوێراوە چەک هەڵبگرێت و تۆخنی جەنگ بکەوێتەوە , ئەمانە تاوانباری سەرەکین لە لەدەستدانی تیرۆڵی باشوردا...ئەو ئەڵمانیانەی بەشداری شۆڕشەکەی خەزەڵوەری ۱۹۱۸ یان کرد تاوانبارترین و ناپاکترین کەسانێکن کە شیاوی لێپرسینەوە بن لە ناپاکی لەدەستدانی تیرۆڵی باشوور.

وەک پێشتر وتم و دەشیڵێمەوە بەدەست هێنانەوەی زەویە براوەکانی ئەڵمانیا هیچ لەڕێگەی وتنی وشەی ئاگربڕینەوە زەوی بە ئاگر داگیرکراو ناگەڕێندرێتەوە، ڕزگارکردنی خاک و نەتەوەو نیشتمان پێتقی بەزمانی بەهێز نییە، بەڵکو پێویستی بەچەکی بەهێزە، ئەمەش مانای ئەوە نییە من هانی ئەڵمانیەکان بدەم جەنگێکی نوێ هەڵایسێنن لەبۆ ڕزگارکردنی تیرۆڵی باشوور، من بڕوام بەوە نییە هەردوو گەلی ئەڵمانی و ئیتالی پێکدا بدەن لەپێناو دووسەد هەزار کەسی ئەڵمانیدا، لەکاتێکدا حەوت ملیۆن کەس و هاوڵاتیمان لە ڕینانیا بەدەست دوژمنەوە گیرۆدەبوونە وکەسیش ناویان ناهێنێت.

خۆئەگەر نەتەوەی ئەڵمانی سورە لەسەر نەهێشتنی ئەم ئەرکەی سەرشانی ، لەکاتی بەردەوامیدا، بیەوێت لەسەر نەخشەی ئەوروپا بیسڕێتەوە، ئەوا نابێت هەمدیس بکەوێتەوە هەمان هەڵەی پێش جەنگی ڕابردووەو ئەوکاتەی بەیەک هەنگاو هەموو جیهانی لەدژ خۆی ڕاست کردەوە، چونکە نەیزانی بوو چۆن هاوڕێ دروست دەکات.دەبێت ئەڵمانیا زۆر بە ڕوونی دوژمنە لەمێژینەکەی دیاری بکات و بەهەردوو دەستی گورزی لێبوەشێنێت، لەگەڵ نەرمی نواندن لەهەمبەر دوژمنانی پلەی دووی، جا ئەم هەنگاوەی هەرچەندە پێویستی بە قوربانی دانیش بووبێت.

پێویستە لەسەر ئێمەی نیشتمان پەروەری سۆسیالیستی ئەو بیرۆکەیە بلاوبکەینەوە کەدەبێژێت: چەسپاندنی بیرۆکەی نازادی نیشتمان پێش لە بیرۆکەی گێڕانەوەی زەویە لەدەستدراوەکانە، لەگەڵ بانگەشەکردن بۆ چەسپاندنی بیرۆکەیەکی هاوپەیمانی کەلە بنەمایەکی ئەڵمانی و ئەوروپی پێکەوە گونجاوەوە وەرگیرابێت. ئەودەمەی پەیمان نامەمان لەگەڵ بنەماڵی هابسبۆرگ بەست کوێرانە شوێنی

سۆزکەوتین و لەئەنجامدا شکستمان بەرکەوت، بزوتنەوەکەمان لەم کاتەدا رێکە بە ڕامیارکاران نادات چەشنە ڕامیارییەکی دەرەکی پەیڕەوبکەن کە پێچەوانەی بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانی نەتەوەی ئەڵمانی بێت.

***

لێرەوە باسەکە دەگوازمەوە بۆ تاوتوێ کردنی ئەو ڕەخنانەی کەڕەنگە لەو سێ خاڵە بگیرین کە لەمەش تەنها ئاماژەیەکم پێدان، ئەوانیش:

١-ئایا ولاتەکان بەم دۆخەی ئێستاوە ئامادەی بەستنی هاوپەیمانێتیت لەگەڵیدا؟

٢-ئایا دەگونجێت ئەو دوژمنانەی تا دوێنێ ئێمەیان بەناشیرین ترین وێنە پیشان دەدا ئەم ڕۆ ئاراستەکەیان بگۆڕن و جوان پیشانمان بدەن؟

٣-دەگونجێت هەستی نەتەواویەتی نەتەوەکانی ولاتەکان، ئەو دەوڵەتانەی دەیانەوێت لەگەڵ ئەڵمانیادا هاوپەیمانی ببەستن زاڵبێت بەسەر ئەو لەمپەرانەی کە ڕەنگە جوو لەم کاتەدا دروستی بکات، لەکاتێکدا جوولەکە دوژمنی هەموو چەشنە ڕێککەوتنێکە کەلە بەرژەوەندی گەلی ئەڵمانیادا بێت.

بێگومان دیسانەوە دەڵێینەوە، هەر ولاتێك بیەوێت ڕێزی خۆی بگرێت و خۆی نەکاتە گاڵتەجاڕی ولاتانی دیکە هەرگیز ئامادە نییە لەگەڵ ولاتی ئەڵمانیادا هاوپەیمانێتی ببەستێت، کوا دەوڵەتێك هەیە چارەنوسی خۆی ببەستێتەوە بە چارەنوسی دەوڵەتێکی لەرزۆك و جێگەی باوەڕ نەبووی وەکو ئەڵمانیاوە!

کۆمەڵێك هاولاتی ساویلکە بەدووی بیانوویەکدا دەگەڕێت بۆئەوەی پاساوی کارەکانی هکومەت و داڕووخانی وڕەی گەل بداتەوە، ئەم داڕووخاویەی کەلە وڕەی کۆمەڵی ئەڵمانیدا دەبیندرێت بەڕاستی بۆ دوژمن جێگەی دڵخۆشی و دەستخۆشیە، دەمێکە گەلی ئەڵمانی خۆی دیلی قەدەر کردووە، هیچ چەشنە بزوتێکی ئەرێیی بوونی نەبوو، ناشبێت ئەوە لەیاد بکەین سەردەمانێك ئەم گەلە نیشانەی نەبەردیی و خەباتکاری نەتەوەکانی ئەوروپابوو، نەتەوەی ئازا و دەست و چاو ڕۆشن و ڕەوشت بەرز، لەدەسپێکی ١٩١٤ەوە تا کۆتایی جەنگ و چەك دانان هەموان سەیریان دەهات لەو توانا و یەکگرتویەی گەلی ئەڵمانی هەیبوو، هەرگیز بڕواناکەم کەسێك هەبێت لەم ڕۆدا بتوانێت ئەم وەچە سەڕۆڕانەی گەلی ئەڵمانیای ئەمڕۆ و وەچە سەر بەرزەکانی دوێنێی کاتی جەنگ و پێش جەنگ.

ئەوەی لە دەوروخولماندا ڕوو دەدات، ئەو بوختانانەی هەناومان دەهەژێنێت، ئەوەی وا لە دۆستان و دوژمنانمان دەکاتگومانمان لێبکەن، هەموو ئەمانە بەهۆی بەرنەنجامی کارە ئەنجامدراوەکەی خەزەڵوەری ١٩١٨ بوو. هۆزانڤان ڕاستی ووت ، ئەوکاتەی گووتی:(لە خراپە و نەهامەتیەوە تەنها خراپە و نەهامەتی لەدایك دەبێت و دیاردەکەوێت). سەرباری ئەمەش دەتوانین بێژین کە هێشتاکە ساوێلکەیی و زوو خەڵتاوی و باشی گەلەکەمان نەپوکاوەتەوە،هێشتاکە لەناخیدا جۆشی خواردووە، جارناجارێك بزیسکەیەکی لەناکاو لەدەوروخولی دەدات و ڕووناکی پێدەبەخشێت، ئەو ڕۆژە زۆر دوورنیە ئەڵمانیەکان هەموویان بزانن ئەم بزیسکەیە مانای بوژانەوەی نەتەوە دەگەیەنێت. دەبینین لەو ڕۆژدا هەزاران گەنج ئامادەی خۆکردنە قوربانین، ملیۆنان هاوڵاتی ئەڵمانی دەبینین کە قاڵن بە کاروباری بەکەڵکەوە، وەکو هیچ کات شۆڕش ڕووی نەدابێت، ئاسنکار لەپێش دەزگاکانیدا وەستاوە، کشتیار لەدوای گاسنەکەوەیەتی، زانا لە خەڵوەتەکەی، هەموان ئیشی خۆیان دەکەن، سەبارەت بەو توانجانەی لە گەلە ئەڵمانی دەدرێت، لەوەی بۆچی لەساڵی ١٩١٨ دا شکستیان خوارد؟ دەبێت هۆکاری ئەمە لە دەستەڵاندارانی پاش ١٩١٨ بپرسرێت و داوای وەڵام لەوان بکرێت، ئەو کەسانەی بەڕاستی دڵیان بۆ نەتەوەکەمان دەسوتێت دەبێت بپرسن: ئایا بەڕاست دەستەڵاتدران بەرزکردنەوەی ورەی نەتەوەیان ئەزموواندووە؟ ئەوی جکومەتی ئەڵمانیا لەساڵی ١٩١٨ موە تا ئەمڕۆ چییان کردووە لەپێناو مانەوەی هەستی نەتەوایەتی، ئایا هیچ هەنگاوێکی وەهای هاژوتوە لەبۆ هوروژاندنی خۆبەگەورەزانی ئەڵمانی و هاندان و تەقاندنەوەی ڕقی پەنگ خواردوویان؟

ئەوکاتەی سەرکەوتوانی جەنگ پەیمان نامەی ئاشتیان بەسەر گەلەکەماندا لەساڵی ١٩١٩ دا سەپاند، هەڵێکی زێڕینیان بە نەتەوەی ئەڵمانی دالەبۆ دیسانەوە بەهۆش ڕاهاتنەوە، ئەو پەیماننامانەی بەندی قورس و گران بەسەر گەلانی دۆڕاودا دەسەپێنن وا لە هەناوی بەرەی دۆڕاو و شکست خواردوو دەکات زنگی سەربازگرتن لەهەناویانەوە دیاریکەوێت، لەم کاتە دا پق لەهەمبەر ناوەندەکانی دوژمندا دروست دەبێت. بەڵام گەل لەم کاتەدا تەنها پێویستی بەکەسێکە چاوانی بکاتەوە، حکومەتیش هیچ کات ئەم خەمە نەتەوایەتیەی لەپێش چاو نەگرتووە، نەشی دەزانی لەوەی خۆی

کردۆتە خزمەتکاری بێگانەکان و گەلیان بۆ دادەشۆ ڕۆژێك دێ دژی دەوەستنەوە و گەلیش مافی خۆیانی لێدەستێنێتەوە.

گەر هکومەتی ژیرانە بیتوانیبایە ئەو شکست و سەپاندنی پەیمان نامە قورسەشی بقۆستایەتەوە بۆ وروژاندنی هەستی هاوڵاتیان و کێشی خۆی بکردنایە, ئەوکات دەوڵەت دەیتوانی شەست ملیۆن هاوڵاتی بوروژێنێت تائاستێك خۆیان گزەنگانێك دەهاتنە وەڵام و داوای چەکدار کردنیانیان دەکرد, هەوڵی خۆ ڕزگارکردنیان دەدا لە ستەمکاری و زوڵم لێکراوی!

بێگومان, دەتوانرا ئەم پەیمان نامەی ناشتیە بکرایەتە دەسپێك بۆ پرکردنی پەرداخی ڕق لە هاوپەیمانان, بۆئەمەش پێویستمان بە بەکارهێنانی هەموو چەشنە دەزگاکانی ڕاگەیاندنە, جا ڕۆژنامە و سینەما و شانۆکان بێت یان پەرتووکی تایبەت و بەردەستی فێرخوازانیش بێت, لەهەموو ڕێگەیەکەوە هەوڵی ڕوونا کبیرکردنی جەماوەر بدرێت و ورەیان بەرز بکرێتەوە و لەهەموو نوێژێکی گزەنگ و شێوانیشدا دەبێت بێژین: (خودایە ئازادیمان بەقسەمەت بکەرەوە) بۆئەوەی نمێژەکان بەجوانی و گەرمی بگەنە ئاسمانەکان دەبێت بێژین : (ئەی خودایەك کە تواناداری بەتەنها لای تۆوەیە سەرچاوەکەی, چەکمان کوشندەو کاریگەر و بەهێزبکە, ورەمان پتەوبکە, سەرمانبخە بەسەر ئەو تاغوتانەی دەمان چەوسێننەوە و ستەمەمان لێدەکەن) خوایە نزاکەمان لێوەربگریت.

بێگومان بەم شکستە نەتەوەی ئەڵمانی سەر شۆڕشدەکرێت, بەڵام سەرۆڕی تایبەتە بەهکومەتەوە کە وێتنەیەکی زۆر ناشرینی گەلی ئەڵمانی پێشکەشی جیهانی دەرێ دەکات, بەوەی شەڕی ناڕاست و نایەکسان ئەنجام دەدات و دواتر خۆی بەلاوازی دەداتە دەستەوە, بۆئەوەی نەتەوەی ئەڵمانی بتوانێت پەیمان نامەی هاوتایی و هاوکاری لەگەڵ نەتەوەکانی خۆ بەگەورە زاندی ئێستادا ببەستێت باشتر وایە گەورەیی بۆخۆی بگێڕێتەوە, ئەمەش تەنها بەوە دەبێت کە دەستەڵاتێك لە ئەڵماندا بێتە چێکرن کە ئاماژەی ناخبوونی نەتەوەیی بێت و پشت بەستووبێت بە حەزی کۆمەڵێکی تونی ئازادی و ڕزگاری لەدەست کۆت و بەند.

لەبەرئەوەی بەهۆی بانگەشەکانی جەنگەوە دیرۆك و هەنوکەی گەل و نەتەوەی ئەڵمانی بەناشرینی پیشان دراوە و ئەو دەوڵەتانەشی تاوەکو دوێنێ ئەم

بانگەشەیەیان دەکرد وا ئەمڕۆ ئێمە دەمانەوێ ببینە هاوپەیمانیان، لەکاتێکدا ئەمە کارێکی ئاسان نییە. سەرکەوتنی ئەم کارە پەیوەستە بە گۆشکردنی هەمو هاوڵاتیانی دەوڵەتی ڕایەخ بە گۆشکردنێکی نەتەوەیی ڕەهای خۆبە زلزانی هەوڵدەر بۆ خۆسەپاندن لە کێشوەری ئەورووپاشدا. لەمکاتەدا وڵاتانی پێشتر دژبەر لەگەڵمان ئاشت دەبنەوەو بەهاوئاستی خۆیانمان دەزانن لەبۆ بەستنی پەیمان نامە و هەنگاونان بەرەو بەدی هێنانی ئامانجی نوێ، بێگومان ئەمەش کاتێکی زۆری دەوێت. لەم کاتەوەش ئەبێت بەهێمنی و ژیرانەوە کاربکەین لەبۆ دۆستایەتی دروستکردن بەشێوەیەکی کارا لەگەڵ دوژمنانی دوێنێدا. ئەمەش بۆ تێکدانی ئەو شێوە ناشرینەیە کە لەوڵاتی دوژمندا لەبۆ ئێمە کێشراوە. بەو مەبەستەی ئابێت جارێکی تر خۆمان لەکاتی نەگونجاودا بەقەڵب و ناشیرین پیشان بدەینەوەو هەمان ئەنجام بە دوژمنانمان ببەخشینەوە.

لەم کاتەشدا خاڵێکی زۆرگرنگ هەیە. کەشایەنی ئاماژە پێدانە: کاتێکی زۆر دەوێت تاوەکو گەل لە ئاشتی دروستکردن لەگەڵ دۆستی ئەمڕۆ و دوژمنی سبەی تێبگات، ئەمەش بەهۆی ئەوەوەیە کە یام ئەوەتا خوودی هکومەت نایهەوێت گەل بەم کارە بزانێت و تێی بگات یان ساویلکەیی خودی گەلە بەهۆی هەڵە پەروەردەکردنیەوە. لەم کاتەدا هیچ هەڵەیەك پێشیاوی قبوڵکردن نییە و نابێت چەکی خۆمان ببەخشینە دوژمنانی ئەتەوە . واتە نابێت کارێکی وەهابکەین کەسێکی فرەوێژی قسە زلی بێژە تیژ دۆخەکە بقۆزێتەوەو گەلمان لەدژ هەڵسێنێت.

ئەو کەسانەی نەختێك ژیریان هەبوو زانیان داواکردنەوەی ئاشتیانەی تیرۆل باشور و نوێکردنەوەی کەشتی گەلی ئەڵمانی و داواکردنەوەی هەموو ناوچە لەدەستدراوەکانی تر پێکەوە کارێکی گەمژانەی فیتدراوە. بزوتنەوەکەمان زۆر بەهۆشیارانەوە ئاگاداری کاریگەری ئەم شێوە ڕەفتارانەبوو لەهەمبەر دەروونی ئیتالی و بەریتانیاکاندا. بۆئەمەش هەڵمەتێکی وشیارکردنەوەمان دەست پێکرد. هەستمان دەکرد ئەم چەشنە خۆپیشاندانە بێبەرهەمانە تەنها بۆزیادتر دوورخستنەوەی ئەڵمانەکانە لە بەریتانیا و ئیتالیا لەداهاتوودا.

دەزگاکانی ڕاگەیاندنی جوولەکە هەمیشە زۆر بە ژیرانەوە گەمژەیەتی و لاوازی ڕامیارێتی دەرەوەمان و فرەوێژیمانیان دەقۆستەوە و بۆ بەدی هێنانی ئامانجەکانی خۆیان بەکاریان دەخست. لەمڕۆشدا جووەکان هانی وتنەوەی هەمان چەشنە

ئاوازمان دەدەنەوە کە لای خۆیەوە دەبێتە هۆی کێشەی زیادتر بۆمان, کەواتە بەر لەوەی دوژمنانی دوێنێ بگەڕێنەوە بێشەی یەکگرتوویی و خۆیان لەدژمان توند بکەن, باشتر وایە هەرچی فیتە و ئاژاوەگێڕ و فەتارەت هێنە لەناوبەرین و پاکتاویان بکەین, لەبیری نەکەین ئەوەش کە ئێمە بەهۆی تورەکردن هەموو خەڵك و خواوەندیشەوە جەنگەکەمان دۆڕاند و شکستمان خوارد, دەبوو وریای دوور و نزیك بین و هەوڵەکانمان بۆیەك بەرە چڕبکەینەوە نەوەك بیترازێنین.

گەر هاتوو بچینە پاڵ ئەو کەسانەی دژبەری بەریتانیان بەهۆی ئەوەی داگیرکەکانمانی لەدەست دەرهێناین, یان لەگەڵ ئەوانەبین کەبەهۆی داگیرکردنی تیرۆلی لەلایەن ئیتالیاوە بانگەشەی دژبەری کردنی ئیتالیا دەکەن, یان لەگەڵ ئەوانەی ڕقیان لە پۆڵۆنیا و چیکۆسلۆڤاکیادەبێتەوە لەبەرئەوەی ئەمانە چیکۆسلۆڤاکیا و پۆڵۆنیان, کەواتە لەم کاتەدا لەئەوروپادا جگە لە فەرنسا دۆستێکمان بۆ نامێنێتەوە, کە زۆرینەی نیشتمان پەروەران لەبیریان کردووە ئەمیش ئەلزاس و لۆرینی لێقرتاندوین.

بەڕاستی دوژمنی ڕاستەقینەمان لەئەوروپادا فەرەنسایە. بەڵام بەریتانیا و وڵاتانی دیکەی ئەوروپی تاڕادەیەك ئێسك سوکترن, دەتوانین ئەمانە بقۆزینەوە و بیان کەین بەدۆست ئەوڕۆژەی گەلەکانیان حەیران دەکەین بە ڕابوون و زیندەیەتیمان, لەم کاتەشدا ئەڵمانیا دەکەینە هاوپەیمانێکی بەنرخ کە ئەوانەی بەدووی هاوپەیمانی باشدا دەگەڕێن لەبەردەرگای دەوەستن و داوای بوون بەهاوپەیمانی لێدەکەن.

***

لێرەوەش هەنگاوی سێیەم ماوەتەوە, ئەویش تواناداری نوێنەرانی بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانی دەوڵەتە لەو دەوڵەتانەی کە هاوبەرژەوەندین لەبۆ سنوردارکردنی نەخشەی جوولەکەکان و کەمکردنەوەی کاریگەریەکانی و دواتریش لەناوبردنیان لەڕێگەی خۆڕزگارکردنی تەواوەوە لەخۆیان ونەخشە و دەستەلآتیان.

ئەو هەنگاوەی وائەمڕۆ ئیتالیای فاشیزمی گرتوویەتیە بەر لەبۆ لەناوبردنی هەرسێ چەکەکەی دەستی جوولەکەی جیهانی, بەڵگەی تەواون لەبۆ پیشاندانی تواناداری بزوتنەوە نەوەییە ڕێکخراوەکانی ئەم بواره. لەناوبردنی بزوتنەوە نهێنیەکانی جوولەکەی هاوشێوەی دەستە مامۆستایەکان و هتد, لەناوبردنی ڕۆژنامە مارکسیەکان پاش هەڵوەشاندنەوەی پارتە ڕاست ڕەوەکان , چەسپاندنی چەمکی

فاشیستی بەسەر ولاتدا. هەنگاو گەلێکن کە پاڵپشتی ناوەندبوونی حکومەتی ئیتالی دەکەن لەسەر ئاستی نەتەوەیی و لە گۆڕەپانی نێو دەوڵەتیشدا. لەگەڵ دەست وەردانی هکومەت لە پاراستنی بەرژەوەندیەکانی گەلی ئیتالیی جا بەدڵی جوولەکەبێت یان دژی و ڕقیان لێی بێت.

بەڵام دۆخەکە لە بەریتانیا جووداترە وەک لە ئیتالیا. لە نیشتمانی دیمۆکراتیەتدا، واتە بەریتانیا، کە جووەکان دیکتاتۆریەتی ڕەها پەیڕەو دەکەن، هەمیشە کێشمەکێش لەبووندایە لەنێوان نوێنەرانی بەرژەوەندیە نەتەوەییەکان، بەرژەوەندیەکانی دەوڵەتی ئینگلیز و بانگەشەکارانی دیکتاتۆریەتی جیهانی، کە جوولەکە نوێنەرایەتی دەکات. ئەمەش بەتەواوەتی پاش لێبوونەوەی بەریتانیا لەجەنگ بەدیارکەوت، بەوەی حکومەت و ڕۆژنامە جووخوازەکان پێکدادان لەنێوانیاندا دروست بوو. لەوەی پەیوەندی نێوان بەریتانیا و ژاپۆن دەبێت چۆن بێت؟

پاش گیاندان و مردنی جەنگی فراوان کێشمەکێشە لەمێژینەکەی نێوان ژاپۆن و ئەمەریکا سەری هەڵدایەوە. وەک دەزانرێت لەم دۆخەشدا ولاتانی ئەورووپی دەستە وەستان ناوەستنەوە و نابینە بینەری دووری: لەخۆم دووربێ چی دەبێ بابێ. پێویست بوو لەسەر بەریتانیا بڕەو بە پەیوەندیە ڕەگەزیەکان و پەیوەندیەکانی دیکە بدات کە بە هەرێمە یەکگرتوەکانی ئەمریکای دەبەستێتەوە، بەڵام هەمدیس ڕاڕابوو لەوەی یارمەتی دانی زیادتری هەرێمە یەکگرتوەکان ببێتەهۆی پتر لاوازکردنی خوودی بەریتانیا، بەڕاستی بەریتانیا تیامابوو لەوەی ئەم یارمەتی دانەی ڕەنگە ببێتەهۆی ئامادەکردنی ئەم پێشتر داگیرکەیەی(ئەمریکا) و بکاتە گەورەترین هێزی سەر ڕووی زەوین و تەنانەت خۆیشی ملکەچی بێت.

بەریتانیا شەیدای دۆزینەوەی هاوکارێک بوو کە بتوانێت بەڕاستی پەنای تێبگرێت لەڕۆژە ناخۆشەکاندا فریای بۆبەرێت. بەتایبەت لەبۆ پاراستنی هێزە دەریاییەکەی داوای یارمەتی لێبکات. ئەمەش وای کرد لە ژاپۆن چاکتری دەست نەکەوێت؟ لەبەرئەوەی باش دەیزانی بوونی دژبەری تەواو لەنێوان تۆکیۆ و واشنگتۆندا دەستەبەری ڕاستگۆیی ژاپۆنە لەوبەڵێنانەی بە بەریتانیای دەدات. کە دەتوانرێت ئەمەش کەڵکی لێ ببینرێت لەبۆ بەهێزکردنی پێگەی فەرمانفەرمای بەریتانی لەهەمبەر فراوانخوازیە کیشوەریەکانی ئەمریکادا.

لەو وەختانەی دەستەلاتی بەریتانی بەو پەڕی توانایەوە کاری دەکرد لەبۆ لەدەست نەدانی هاوپەیمانە ئاسیایەکەی، ڕۆژنامە جوولەکەخوازە بەریتانی و فەرەنساویەکان هێرشی ئەم چەشنە ڕامیارێتیەی ئینگلیزیان دەکرد و توانجیان تێدەگرت. جووەکان، دوای یەکلایی کردنەوەی دۆخی ئەڵمانیا لەبەرژەوەندی خۆیان ڕوویان لەژاپۆن کرد، دەوڵەتێکی ئاسیایی زۆر بەهێز و تۆکمە، نەتەوەیەکی ڕابوونی کەناتوانرێت بخرێتە ژێر دەستەلاتیانەوە تەنها بەجەنگ نەبێت. جووەکان زۆر لەوە ژیرتر بوون لەڕێگەی خۆیان پیسکردنەوەی ژاپۆن لاوازبکەن وەك چۆن بەریتانیا و فەرەنسا و ئەمریکایان وەها لێکرد. بۆیە لاوازکردنی ئەم نەتەوە زەردە تەنها یەك ڕێگەی هەیە بۆ سەرکەوتن ئەویش شکست پێهێنانیەتی لەجەنگ؛ چونکە مانەوەی دەوڵەتی ژاپۆنی نەتەوەیی لەنێو کۆمەڵێك دەوڵەتی زەبەلاحدا کە فیتنە جووەکان هەستاوان بە دامالینی لەهەموو مۆرکێکی نەتەوەیی لەبۆ ئاسانکاری بۆ ئەوەی مارکسیەکان بتوانن دەستی بەسەردا بگرن، مەترسیدارە بۆ بەدی هێنانی بەرژەوەندیەکانی گەلی هەڵبژێردراوی خەون پێوەدیوی بەلشەفیکی، ئەم خەونەشی بەدی نایات گەر تاکە دەوڵەتێك لەجهاندا مابێت لەڕێگەی بیرۆکەی مەزنی نەتەوایەتیەوە ستەم لەناوبەرێت.

ڕۆژنامە جووەکان لەجیهان بەگشتی و بەریتانیا بەتایبەت، هەوڵی گورجکردنەوەو هاندانی وڵاتانی هەیە لەدژی یابان لەکاتێکدا ئەم کارەی پێشتر دژبە ئەڵمانیا ئەنجام دا، ئەمەش وای کرد بەرگری کردنی خوودی دەستەلاتی بەریتانیا لەبۆ هێشتنەوەی هاوپەیمانێتیەکەی لەگەڵ ژاپۆندا لاواز و بەرەو نەمان بڕوات و سەرکەوتن بۆبەرەی دژبێت، ئەو ڕۆژەش نزیکە بەریتانیا هەڵمەتی خاچینی دژبە ژاپۆنی بەرز پێشەنگایەتی بکات، بەو بڕوایەی بوون و دیارکەوتنی هەستی نەتەوایەتی ڕاستەقینە لە وڵاتی خۆرهەڵاتەوە مانای دیارکەوتنی مەترسی ڕاستەقینەیە بۆسەر ئاسایشی جهانی.

لێنین نیشتمانی سۆسیالیستی خۆی ناوبرێت لەبۆ وشیارکردنەوەی گەلانی ئاری ڕەگەز-تەنانەت ئەوانەشی حەزیان بەچارەی گەلەکەمان نییە-لەوەی جوولەکە چی بەلایەکی بۆئێمە و بۆئەوانیش لای خۆی حەشارداوە، ئەم لێنینەمان نەخشەڕێگەی ڕزگاری بۆ گەلی ئەڵمانی ئەکێشێت بەجۆرێك تێکۆشان لەپێناو دەربازبوون لە ستەمەکانی جوولەکە ببێتە چرایەك لەبەرپێی گەلانی خاوەن هەمان ئامانجدا.

هەنگاونان بەرەو ڕۆژهەلآت

پاڵنەر بۆ بەستنی پەیوەندی لەنێوان ئەڵمانیا-ڕووسیا بووونی ئەم دوو دەستەواژەیەیە:

یەکەم: باسکردنی ئەم بابەتە لەڕۆژنامە چەپڕەوەکاندا لەنێوەندی داواکاریەکانیانە, بەوەی بەم چەشنە هاوپەیمانێتیە باسکی ئەڵمانیا بەهێزتر دەبێت.

دووەم:ئاسانی چارەکردنی ئاریشە و بابەتە دەرەکیەکان لەلایەن ناوەندە ڕۆشنبیر و هزرەوانیەکانەوە.

بەم کارەمان بزوتنەوەکەمان زۆر هیلاك نابێ لەبۆ سڕینەوەی ئەوەی لەمێشکی چەپەکاندادا لەسایەی بانگەشەکانی مارکسیزمەکانەوە,لەبەرئەوەی ئەم دەستە خەڵکە هیچ کات خاوەنی پێشبینی نەبوونە لەوەی مارکسیەکان دەبێت چۆنبن لە هەمبەر سیاسەتی دەرەوەی ئەڵمانیادا؟ ئەمەش بەهۆی ئەوەوەیە کەهیچ کەس پێشتر دەستی نەگرتوون و ڕێگەی پیشان نەداون. هەزاران لە چەپڕەوان بنەما مەشغەڵینەکانی خۆیانیان لە بزوتنەوەکەی ئێمەدا بەدی دەکرد و هەستیان دەکرد ئێمە ڕێگەیان بۆ ئاسان دەکەینەوە,مانەوەی هەستی نەتەوایەتی و حەزی مانەوە لای هاوڵآتیە

چەپرەوەکانمان ئاسانکاری زۆری بۆکردین لەبۆ کێشکردنیان و کردنیان بەلایەنگیری سەرسەختی بزوتنەوەکەمان.

بەڵام ئەم کارەی ئێمە هەر وا بەئاسانی لای ئەو چینەی پێی دەگوترا پۆشنبیر وەرنەدەگیرا و ئاسان نەبوو, دەبووچەمکە ڕامیاریەکانمان زۆر ڕوون بوایە بەجۆرێك کەسانی نەتەوە خوازی بەبێ هیچ دوودڵیەك سڕبکردایە و بۆلای خۆی ڕاپێچ کردبا, بەم کارە هەستیان دەجوڵێندرێت و شکۆمەندی نەتەوەیی و حەزی مانەوەیان پتر بەهێز دەبێت.

لەبەرئەوەی ئەم دەستەیەی هاوڵاتیان وەخت بوو ڕامیارێتی دەرەکی ئەڵمانیا بەرەو نەهامەتی بەرن, هەستم دەکرد ئەرکی منە گرنگترین کێشەی پەیوەست بە ڕامیارێتی دەرەوەی وڵات بۆ ئەندامانی پارت و لایەنگرانی ڕوون بکەمەوە:هەڵوێستی ڕایخ لەهەمبەر ڕووسیا, پێش لەوەی ڕۆبچمە نێو بابەتەکەوە پێشتر تێم گەیاندن کە ڕامیارێتی دەوڵەتی ڕەگەزی لە پەیڕەوی ڕامیارێتی دەرەکیدا دەبێت ئامانجی دابین کردنی بنەماکانی مانەوەی گەل بێت, ئەمەش لەڕێگەی بەستنی پەیوەندی دەرەکی شیاوەوە دەبێت, کە گونجاوبێت لەگەڵ بنەما سروشتیەکاندا, ئەو بڕە خۆراك و تفاقەی دەستەبەر دەکرێت دەبێت گونجاوبێت بەپێی ژمارەی دانیشتوان و زیادکردنی, ڕووبەری زەوی و بەهاکەشی لەلایەکی دیکەوە.

پێشتر ڕوونم کردەوە کە بەهێزترین دەستەبەری ئازادی لەبۆ گەل و مانەوەی بەدەست هێنانی مەودای زیندەیی تەواوە, کە دەستەبەری ئاشتی و بێ مەترسی بوونی ئەم مەودایەش تواناییە و پێویستی بە وڵاتێکی بەهێزە لەڕووی ڕامیاری و سەربازیەوە لەنێو چوار چێوەیەکی جیۆگرافی گونجاودا, ئەمەش لەبۆ پاراستن و بەرگری کردنە لە قەوارەی نەتەوەکەی و پاراستنی بەرژەوەندیە زیندەییەکانی گەلەکەشیەتی.

پێویستە لەسەر گەلی ئەڵمانی لەڕوانینی بۆ داهاتوو, وڵاتەکەی خۆی (ئەڵمانیا) بە وڵاتێکی زەبەلاح ببینێت کە ئامادەی پۆڵێ گێڕان کراوە لەسەر شانۆی جیهانی ڕامیاریدا. ئەڵمانیا بەدرێژایی چەندین سەدە ئەم ڕۆڵەی گێڕاوە, چالاکیەکانی گەلەکەمان هەمیشە بەشێك بووە لەمێژووی دانەبڕاوی. ئەو جەنگەشی کەبەم دواییانە

ئەنجامەان دا لەبۆ مانەوەمان بوو كە دووژمنان ناوی (جەنگی جیهانی)یان لێنا و بەم كارەیان دانیان بە ڕۆڵگێڕانی ئێمەدا نا لەسەر شانۆی جیهانی.

ئەڵمانیا لە ١٩١٤ دا چووە جەنگێكەوە كە جێگەی متمانە نەبووە, كە ئێژم (جێگەی متمانە نەبووە)لەبەر ئەوەیە لە ١٩١٤ دا ئەڵمانیاخۆی بەتەواوەتی ئامادەی جەنگ نەكردبوو لەشێوەی هێزێكی زەبەلاحی جهانی, ڕاستە چەكی هەڵگرت بەڵام ئامادە نەبوو دشمەنەكەی لەناوبەرێت و پەلاماری بدات, خاوەنی كەرەستەی جۆراوجۆری پێویستی یەدەگ نەبووە كە بتوانێت لەسایەدا بۆماوەیەكی زۆر بەرگە بگرێت, زەویەكانی ئەڵمانیا هەرچەندە بەرهەمیان زیاد دەبوو, بەڵام ژمارەی دانیشتوانەكەی زیادتر دەبوو, بۆیە بەرهەمی زەوی هیچ كەڵكێكی ئەوتۆی نەدەبوو, لەبۆ ڕواندنەوەی كێشەكانی زوو, برسێتی و نزمی باری گوزەران.

لەمڕۆشدا ئەڵمانیا هێزێكی جیهانی نییە و ناشبێتە هێزێكی جهانی گەر باری سوپای نەبوژێتەوە, چون لەمپەری پێش جەنگ هەمان لەمپەرانی ئێستان و لانەچوونە, بەڵكو ئەم لەمپەرانە سەخت تر بوون بەتایبەت پاش لەوەی بەشێكی زۆری ولاتەكەمان لەدەستدا, بەجۆرێك شەست ملیۆن كەس بەناچاری لەسەر پارچە زەویەك كۆبوونەوە كە پتر نییە لە پێنج سەد هەزار كم^{٢} , دەبوو بەم دۆخە خۆیان ڕابهێنن.

گەر لەیەك ڕوانگەوە لەم دۆخەی ئێستا بڕوانین دەبینین كە ئەڵمانیا بەم ڕووبەرەیەوە بە ولاتێكی ناوەندی دێتە ئەژماركردن, كە نەتوانكارە لەبۆ گەیشتن بە ئاستی دەوڵەتە زلهێزەكان, ناشكرێت بچووكی زەویەكانی ئینگلتەرا بكەینە نمونەیە, چونكە خوودی بەریتانیا پایتەختی فەرمان فەرمای بەریتانی بەرفراوانی لەبن نەهاتووە, دەشتوانین هەرێمە یەكگرتوەكانی ئەمریكا و چین و ڕووسیا بە دەوڵەت گەلێكی زلهێز بژمێرین, چونكە ڕووبەری خاكی هەریەكە لەمانە بەم دۆخەیانەوە پتر لە دەهێندەی ڕووبەری خاكی ئەڵمانیایە بەم دۆخەیەوە,فەرەنساش وا ئێستا بووەتە زلهێزێكی جهانی, ئەمەش بەهۆی بوونی سوپا بەهێزەكەوەیەتی كەبەردەوام بەهێزتری دەكات و بەردەوامە لەسەر فراوانكردنی ڕووبەرەكەی لەسەر بنەمای توانەوەی تاك لەدەوڵەتدا, جا گرنگ نییە ئەو تاكە كێ و خوێنی چیە و چەندە پاكە, گەر وابڕوات بۆ چەند دەیەی داهاتوو خوودی فەرەنسای ئەوروپی دەتوێتەوە و دەبێتە دەوڵەتێكی ئەوروپی-ئیفریقی تێكەڵ.

بزوتنەوەی نیشتمانی سۆسیالیستی زۆر بەڕوونی هەستی بەم دۆخانە کردووە، بۆیە بەتەواوەتی هەوڵی خۆ کۆکردنەوەی دا لەڕێگەی کۆکردنەوەی نەتەوەی پەرتەوازەی ئەڵمانیەوە، توانەوەی بۆچوونەکان لە بۆتەی نەتەوەیی ئەڵمانیدا، لەگەڵ دەرکردنی گەلی ئەڵمانی لەم بازنە تەسکە و فراوانکردنی دەستەڵاتی، چونکە مانەوەی گەلی ئەڵمانی بەم شێوەیەی ئێستای مانای خۆکوشتن و لەناوچوونە یان ملکەچ بوونە لەبۆ ستەمکارانی داگیرکار.

بەڕاستی پارتی نیشتمانی سۆسیالیستی هەرگیز بەم دۆخەی ئێستای ئەڵمانیا قایل نابێت، بەوەی شەست ملیۆن ئەڵمانی لەسەر ڕووبەری پێنج سەد هەزار کلم[٢] بژێت و خڕببێتەوە، بڕوای وایە بومارەکترین کار لەم کاتەدا نەهێشتنی ئەم کەتواری و ڕاستینە تاڵەس، لەگەڵ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی کە ڕامیاریێتی دەرەکی ئەم حکومەتی ئێستا هێناویەتە ئاراوە لەنێوان پێشوتری دیرۆکی بومارەکمان و هەنوکەی غەماوی گەلەکەمان.

ئەم بزوتنەوەیەمان هەڵدەستێت بە فێرکردنی گەلی ئەڵمانی بەوەی چۆن گرنگی بەخۆی بدات وەکو توخمێکی نەژاد بالا، لەڕێگەی خوێنە پاقژەکەیەوە هەنگاو بەرەو سەرکەوتن بنێت و نەهێڵێت دووچاری خوێن پیس بوون بێتەوە، لەگەڵ ئاراستەکردنی بەو چەشنەی کە پێشیاوی تاك بێت لەبۆ هەڵگرتنی ئەو چرایەی کە پێشتر باوانمان هەڵیان گرتبوو.

***

بەدەسالۆ پێش لە هەڵایسانی جەنگ ڕامیاریێتی دەرەکی ئەڵمانیا هیچ باشتر نەبووە لەم دۆخەی هەنووکە زاڵە، لەو کاتەدا خاوەنی فەرمانبووین و تاڕادەیەك بەهێزیش بووین، بەڵام هێزی وڵات دەتوانرێت لەڕێگەی بەراوردکردنی هێزی وڵاتانی دەوروبەردا پێوانەی بکەین و بڵێین بەهێزە یان لاوازە، بەڵام ئەڵمانیای پێش جەنگ زۆر کەمتەرخەمانە دەیڕوانیە توانای هێزی دەوروبەری خۆی.

ئێمە کیسەڵ ئاسا بەرەو پێشەوە هەنگاومان دەهاژوت لەکاتێکدا وڵاتەکانی دیکە لەشێوەی پڵنگدا هەنگاویان بەرەو پێشەوە دەنا. هۆکاری بابردنی قوربانیەکانی گەل خراپی بەکارهێنانی تواناکانی گەلە لەبۆ بەدی هێنانی ئامانجە بالاکان.

گەر بۆ مێژووی ئەڵمانیا بگەڕێینە دواوە و لایەنی سەربازیی بخەینە ژێر ڕاڤەوە و ئەو بەرئەنجامەشمان بۆدیارکەوێت کەلەم ڕێگەیەوە ئەمڕۆی بۆ بەدی هێناوین، ئەوا دەبینین کە لەکۆندا باشتر وەك لەئێستا توانا ئاڵتونیەکانی تاك بەگڕخراوە. لەسایەی ڕامیارێتیە داناییەکانیان گەیشتونەتە ئەم ئەنجامانە:

١-داگیرکردنی ئەو نوچانەی زیندەیی بە گەلەکەمان دەبەخشێت لەبۆ دەستڕاگەیشتن بەڕۆژهەلآت.

٢-دەستبەراسەردا گرتنی ئەو ناوچانەی دەکەونە ڕۆژهەلآتی ڕووباری ئالپەوە.

٣-سەرکەوتنی بنەماڵەی هوهنزولرن لە دوستکردنی ناوکی ئیمپراتۆریەتەکەیان لەوڕۆژەوەی بنەمای دەوڵەتی پروسیان دانا.

دیرۆك نوسان بەتەواوەتی جەختیان کردۆتەوە سەر هەنگاوی سێیەم (دامەزراندنی دەوڵەتی پروسیا) و بەساردیەوە باسیان لەهەردوو هەنگاوی یەکەم و دووەمیش کردووە. لەکاتێکدا هەنگاونان بەرەو خۆرهەلآت گرنگترین کاری باوانمان بووە، خۆئەگەر ئەم کارەشیان نەکردبایە ئەوا ئەو بەشێکی زۆری خاکی ئەڵمانیای ئەمڕۆ بەشێك دەبوون لە ڕووسیا لە خۆرهەلآت، یاخوود لەفەرەنسا لەخۆرئاوای ولآت. بەڕاستی هەنگاونان بەرەو ڕۆژهەلآت هەنگاوێکی جوان و ژیرانە بووە، چون بەم کارە توانرا ڕووبەری زەوی گونجاو بەپێی ژمارەی دانیشتوان دەستەبەر و بگونجێندرێت.

ئەوکاتەی بەتەواوەتی باس لە کشان بەرەو ڕۆژهەلآت دەکەم مەبەستم کەمکردنەوە نییە لە دامەزراندنی دەوڵەتی پرۆسی و دواتریش سوپای زلهێزی ئەڵمانی، کە نیشانەی یەکگرتوویی گەلەکەیەتی، لەسایەی ئەم هەنگاوە مەزنەوە بەرگری تاك و خۆم بۆخۆم نەما و گۆڕدرا یەك بۆهەموو هەموو بۆ یەك، واتە سیستمی بەرگری لە بەرگری تاکەوە گۆڕدرا بۆ بەرگری کردن لە نیشتمان، لەم کاتەشدا گەلی ئەڵمانی پێویستی بە پەیڕەوێکی نوێ و وتاربێژێکی بەهێز و وتارێکی یەکگرتوو بووکە لەو کاتەدا نەیبوو.

لوبەرئەوەی ئەو گیانە هەرەوەزیەی لەنێو گەلانی دیکەدا هەیە لەنێو ئێمەدا بوونێکی نییە، ئەمەش تەنها لەڕێگەی ڕاهێنانی سەربازیەوە لەنێو کۆمەڵگەی ئەڵمانیدا بلآوبوبوەوە، هەربۆیە دەتوانین بێژین: هەڵوەشاندنەوەی بەزۆر سەربازی کردن کارێکی باش نەبووە بۆ ولآتەکەمان، چون تا ئەوکاتەش ئەم ولآتەی ئێمە لە

حەزی تاکرەوانە ڕزگاری نەبوو بوو, فرە توخمی لەوڵاتدا یارمەتی جوداخوازی و پەرتکردنەوەی یەکدەنگی وڵاتی دەدا.

شایەنی باسکردنە کە گرنگی ئەو سەرکەوتنە ڕامیاریە ڕاستەقینانەی کە گەلەکەمان لەماوەی هەزار ساڵ لە جەنگ و تێکۆشانی سەختی بەردەوامدا بەدەستی هێنابوو, دوژمنانمان پتر لەخۆمان لێی دەگەن و قەودری دەگرن. لە مۆمبارەك ترین کاری لقینەکەمان ئاشناکردنی نەتەوەی ئەڵمانیە بەو سەرکەوتنە ڕامیاریە ڕاستەقینانەی دەستکەوتیان هەبووەو ئەو خوێن ڕشتنانەی ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتیانمانی لەناوبردووە. بەبێ داپۆشینی ڕاستیەکان دەتوانین قسەی ڕاست بکەین , بەبێ ئەوەی مافی ڕامیار بەدەستانی وڵاتەکەشمان بخۆین: ئەڵمانیا لەهەموو هەنگاوەکانی سەدەی ڕابردوویدا هیچی بەدەست نەهێناوە لە مەیانی ڕامیارێتی دەرەکیدا, چونکە مەودای زیندەیی ئامانجی سەرەکی ڕامیارێتیەکانیان نەبووە.

***

فرەن ئەوانەی بڕوایان وایە کە دەبێت ڕامیارێتی ئەڵمانیا لەڕووی دەرەوەیدا بەشێوەیەك بێت نەنگیەکەی ١٩١٨ بشارێتەوە , بیسەلمێنێت کە چیتر ئەڵمانیا ئەوەی پێشووتر نەماوە و هەر هەنگاوێکیش دەینێت بێ دڵ ئێشانی دەرودراوسێکانی بێت, بەڵام بۆخۆم بڕوام وایە هەوڵدان بۆ گێڕانەوەی ڕایخی پێش ١٩١٤ تاوانێکی دەرهەق بە نیشتمان. ناڵێم سنوری پێش لەجەنگ سنورێکی نمونەیی بووە بۆ گەلی ئەڵمانی, بەوپێیەی تا ئەوکاتەش بە ملیۆنان ئەڵمانی لەدەرەوەی ئەم سنورەدا ژیاون. زیاد لەمەش هەنگاو دەنێم و دەڵێم: سنوری ئەوکاتەی ڕایخ بەرئەنجامی هەنگاوێکی ڕامیاری بەهێز نەبووە, کاتی بۆ دانرابوو, چاوەنواڕی بەکۆتا هاتنی کێشمەکێشێکی بوو کە هێشتاکە بەردەوامە, بەڵام لەم ڕۆژدا وشەی گێڕانەوە زەوی لەدەست دراو مانای پتەوکردنەوەی پەیوەندی نێوان دوژمنانی دوێنێی ئەڵمانیایە, چون تاکە شتێك ئەوان لەم کاتەدا لێی دەترسێن ژیانەوەی ئەڵمانیایە, کە ئەمەش بەیەکڕیزی گەلی ئەڵمانیا و یەکخستنەوەی داواکاریەکانیان دێتە بوونێ.

دوژمنانی ئەڵمان لە ساڵی ١٩١٤ هوە باشترین ڕێگە بۆ بنەبڕکردنی بوژانەوەی ئەڵمانیا دابەشکردنی خاکەکەی بووە لەنێوان خۆیاندا, ئەودەمەی بۆرژوا کالڤامەکان باسی گێڕانەوەی زەویەکانی دەرەوە دەکەن کە پێش لە ساڵی ١٩١٤ سنوری

ئێمەبوونە، ئەمە هەمدیس یارمەتی دووژمن دەدەنەوە خۆیان یەک بخەنەوە، لەبەرئەوەی باش دەزانن کە ئەڵمانیەکان یەکیان گرت هەرگیز بەبێ چەک هەڵگرتن لەدژی بەرامبەر ناوەستن و نکۆڵی ناکەن لەبەکارهێنانی هەموو رێگەیەک لەبۆ گەیشتن بەئامانجی بالآیان.

کەواتە دروشمی گێڕانەوەی زەویەکانمان بۆ پێش ١٩١٤ ی بۆرژوا زۆر نابەجێیە لەم کاتەدا، هەروەها ناشتوانرێت بگەڕێندرێتەوە، هیچ هەلێکی سەرکەوتنی سوپاییش لەم کاتەدا بەدی ناکرێت، هەروەها خوێن ڕشن لەم پێناوەشدا لەم کاتەدا هیچ مانایەکی نییە لای ئەوانەن نەختێک لەبۆرژواکان دووربین ترن؟ لەبەرئەوەی لەڕابردوودا هێزێکی پشتیوانی بەهێز نەبووە و لەداهاتووشدا ئەم هێزەمان بۆ دەستەبەر ناکات، ئەو سنورانە ئێستاکە پێشیاوی دواکردنەوە نین، چونکە سودێکی ئەوتۆیان نابێت لەبۆ پاراستنی یەکڕیزی گەلەکەمان و فاکتەری زیندەیی بەخشینیش نین بە ولاتەکەمان، کەواتە جارێک ئەمانە بابخرێنە بەرەی دواوەی ئامانجەکانەوە.

بێگومانم لەوەی بەبەدەست هاوردنەوەی زەویە لەدەسدراوەکانی کانی جەنگ کە پێش لە ١٩١٤ هەمان بوون، نابێتە هۆی بەهێزبوونمان، ئێمەی نیشتمانی سۆسیالیستی بڕوای تەواویشمان بە زۆرێتی ئەو ڕامیارێتیە دەرەکیە هەیە کەئامانجی سەرەکی و بالای پێدانی ئەو زەویانە نییە کە گەلی ئەڵمانی ڕۆژێک لەڕۆژان لەسەری ئاکنجێ بووە، بەڵام ئەم ڕامیارێتیە لەم کاتەدا بێ بەرهەمە بۆیە ئەنجامدانی دەکەوێتە دوای یەکخستنی دەنگی ئەڵمانیەکان و دروستکردنەوەی سوپاوە. هەنگاونان بەرەو بەدەست هێنانی ئەم ئامانجەش تاکە بیانووە بۆ خوێن ڕشنی ئەڵمانەکان،چونکە وەچەکانمان ئەوانەی کەلەسەر زەویە نوێیەکان ئاکنجێ دەبن بەم بیانووە لە خوێنی باوکانیان لەئێمە خۆش دەبن، بێگومانیان دەکەینەوە ناردنی یاوکانیان لەلایەن ئێمەوە بۆ سەربڕین خانەکان بەمەبەستی دابین کردنی خۆشگوزەرانی بووە بۆ وەچەکانیان.

ڕەنگە نۆیسیارێکی ڕەگەز پەرەست ئەم هەنگاوە بەدژە (مافی مرۆیی پیرۆز) و دەست درێژی کردنە سەر مافەکانی مرۆڤ بزانێت. من نازانم ئەم کەسە گەمژەیە ئەم بۆچوونە گێژانەی لەکوێوە هێناوە، بەڵام بێگوکانم لەوەی تەشەنەکردنی ئەم بۆچوونانە یارمەتی بەهێزکردنی دووژمنانی دەرەوە و ناوخۆشمان دەدات. دوژمنانی

بەرفراوانکردن و ڕزگارکردن ئەوە لەبیردەکەن کەلە سایەی مافی ئەوانی دیکەوە هیچ گەلێك نامێنێت لەسەر ئەم زەوینەدا بێتە خاوەنی یەك م[٢] لەزەوی ، ئەمەش بەهۆی بەستنەوەیەتی بە بەرنامە دابەزیوەکان یان دانراوە مرۆییەکان.

مەرزی ولاّم لە بەرهەمی کارەکانی مرۆڤە، گۆڕانیشی تەنها مرۆڤ ئەنجامی دەدات، ئەم سنورەی ئەڵمانیاش جگە لە بەرهەمی تێکۆشانێکی ماوەدرێژ کە هێشتاکە تەواو نەبووە هیچی دیکە نییە، بەهەمان شێوەی سنورەکانی فەرەنسا و پۆڵۆنیا و ئیتالیا و...هتد.

ئەو گەلەی خاکێکی زۆری بەدەستەوەیە مانای تەواوێتی خاوەندێتی کردنی نییە، مانای ئەوەش نادات کە گەلە بەش خوراوەکان مافی ئەوەیان نییە هەوڵی بردنی نەختێك لەم لەتکە زەویە بدەن بۆ خۆیان.

لەمڕۆدا گەلەکەمان باری ژیانی سەخت بووە و وەختە لەنێو چوارچێوەی ئەم زەوینە تەنگەدا دەخنکێت، ئەوی ئێمە گلەیی لێدەکەین فەرمانی قەودەر نییە، وەك ئەوەی تکاکاران بانگەشەی بۆدەکەن، تێکۆشانیش لەبۆ سنوردانان لەبۆ ئەم دۆخە یاخی بوون نییە لەقەودەر. باوانمان ئەو زەویانەی هەیان بووە ڕاستەوخۆ لەلایەن ئاسمانەوە بەدیاری پێیان نەبەخشراوە، بەڵکو لەڕێگەی شمشێرەوە بەدەستیان خستوە و دەرختی ئازادییان بە خوێن ئاوداوە، ئەم مەودا زیندەییەی کە ئێمەی وەچەیان هەژارین لەڕێگەی نازی ڕەگەزپەرەتانەوە بەردەستی ناخەین، بەڵکو لەڕێگەی هێزەوە دەتوانین بۆخۆمانی دابین بکەینەوە.

یەکلایی کردنەوەی سەوداکانمان لەگەڵ فەرەنسا هیچ ئەڵمانییەکی پاقژ نییە ئەمەی لەبیرنەبێت، بەلاّم پێهەنگاوقێکی زڕ دەبێت گەر بەم دۆخەوە قایل بین. دەرکێشانی ئەو دڕکەی لەڕۆژئاواوە ئازاری پشتمان دەکات خاڵەی دەسپێکردنی هەنگاوەکانە لەبۆ فراوانکردنی زەویەکانمان. لەپشکی پێشوودا بۆمان ڕوونکردنەوە کە فراوانکردنی زەویەکانمان لەدەرەێی ئەوروپێدا کێشەکانمان چارەناکەن، ملکەچکردنی گەلگەلێکی ڕەنگاوڕەنگ لەبەرامبەر ئەڵماندا ئامانجی ڕەهای ئێمە نییە،بەڵکو ئامانجی بالاّمان ڕزگارکردنی زەویە ئەوروپییە ئەڵمان نشینەکانە لەپێشەوە، دواتریش هەموو ئەورووپا. بێگومان ئەم زەوی فراوانکردنە بە کەمکردنەوەی زەوی گەلانی دیکە دێتە ئەنجام دانو ئێمەی ئەڵمان خۆمان لەلوژێك

گێل دەکەین، درۆ لەگەڵ مێژوودا دەکەین و خۆمان هەڵدەخەڵەتێنین ئەوکاتەی دەڵێین: فراوانکردنی زەویەکانمان بەکەمکردنەوەی زەوی گەلانی تر ستەمە، کارێکی ناپەواو ئەستەمە! ئەو کاتەی پرووبەری زەوی لەسەر نیشتەجێ بووی ناوخۆیی بەرتەسك دەبێتەوە هەموو گەلێك مافی فراوانکردنی زەوی تیا نیشتەجێ بووی هەیە، ئەمەش بۆئەوەیە خۆی نەمرێت و تیانەچێت.

جا ئەڵمانیا زلهێزێکی نێودەوڵەتی بێت یان نا، ئەوا مەرجی سەرەکی لەبۆ گەیشتن بە ئاستی وڵاتانی زلهێز بەدەست هێنانی مەودای زیندەییە کە هەڵی مانەوە بۆ گەلی ئەڵمانی دابین دەکات.

***

دەبێت ئێمەی نیشتمان پەروەری سۆسیالیستی ئەو کارە تەواو بکەین کە باوانمان بەر لە شەش سەد ساڵ دەستیان لێهەڵگرتووە، بەتایبەت لە ڕامیارێتی دەروەدا. دەبێت ڕێگە بگلاین لەکشانی جەرمەنی بە ئاراستەی باشوور و ڕۆژئاوا، بەڵکو لەسەرەتادا بەرەو ڕۆژهەڵات بڕۆین.

ئەوکاتەی دەمانەوێت سنووری وڵات و زیندەییەکەمان پتر فراوان بکەین، دەبێت ڕاستەوخۆ بەئاراستە ڕووسیا بڕین کە دەکاتە ڕۆژهەڵات، چونکە لەو ڕێڕەوتەدا زەوی بەپیت و فراوان و کانی کانزای زۆرهەیە.

قەودەر بست بەستی هەنگاوەکانمان ئاراستەی ڕووسیا دەکات، لەوڕۆژەوەی بەلشەفیکیەکان دەستیان بەسەر ڕووسیادا گرت چینی بیریارانیان لێ دامالّی کەپێشتر ئەمان وڵاتیان دامەزراندبوو. بەمەش ڕێکخستنی دەوڵەتی ڕووسیا بەرهەمی کاری سەقڵەکان و توانای داهێنانیان نەبووە، بەڵکو بەرهەمی خوودی کاری ڕەگەزی ئەڵمانی ژێربووە. بەڵام ڕووسەکان نەیان زانی چۆن کرۆکی ئەو دەوڵەتە بەجوانی ڕابگرن کە ئەڵمانەکان دایان مەزراند، بۆیە ڕۆژبەدوای ڕۆژ ناوکی وڵات لاواز بوو، لەهەمان کاتدا جووەکان دیارکەوتن لەبۆ ئەوەی دەست بەسەروڵاتدا بگرن لەشێوەی یابوو.

ڕووسیا تاڕادەیەك عەولی داوە لەبۆ پاکتاوکردنی جووەکان، بەڵام ئامرازەکانی ئەم بوارەی نەشیاو بووە. هەروەها جووەکانیش ناتوانن بۆماوەیەکی زۆر دەست بەسەر وڵاتێکی گەورەی وەکو ڕووسیادا بگرن، چونکە جووەکان بە پوونێت نان ڕانەهاتوون،

بەڵکو ڕەگەزێکی ڕووخێنەر و کاولکارن، بۆیە تاماوەیەکی زۆر توانای دەوڵەتداریبان نابێت. بۆیە ئێمەی نیشتمان پەروەری سۆسیالیستی بڕوامان وایە کە ڕووسیای ڕۆژهەڵات لەلێواری مەرگە و کۆتایی هاتنی فەرمانڕەوایەتی جوولەکە لەڕووسیا مانای کۆتایی هاتنی خوودی دەوڵەتی ڕووسیاشە وەکو دەوڵەت. چارەنووس ئێمەی هەڵبژارد لەبۆ دەست نیشانکردن و سەلماندنی ڕاستی بیردۆزە ڕەگەزیەکانمان لەهەمبەر نەژاد و ڕەگەزی مرۆییەوە.

***

بەگشتی ئەمانەوێت بێژین : جوولەکە بەوپەڕی هێز و توانایانەوە دژبەری ئەم چەشنە ڕامیارێتیەی ئێمە دەکەن، چونکە ئێمەڕێك پێچەوانەی تەواوی خۆیان و بۆچوون و ئامانجەکانیانین.هەرکە جوولەکە بەڕووی ئەم چەشنە ڕامیارێتیەی ئێمەدا وەستایەوە ئەوکات ڕاستی بۆچوونەکانی خۆمانمان بۆ دەسەلمێت و هەموو ئەوانەشی نەختێك هەستی نیشتمان پەروەریان تێدا ماوەتەوە دەگەڕێنەوە بۆ ڕیزەکانمان، ڕیزی نیشتمان پەروەران، بۆئەوەی بتوانین پێکەوە کاربکەین لەبۆ چەسپاندنی ئەو نەخشانەی کە پارتەکەمان لەم وارەدا کێشاویەتی. ئەفسووس تاوەکو ئێستاش بیرۆکەی کشان بەرەو ڕۆژهەڵات نەبووەتە بیرۆکەیەکی باو لەنێو بۆچوونی ئەوانەی کە خۆیان بەنەتەوە پەرەست لەقەڵەم دەدەن، ئەمانە هەرکە بیانەوەت پاساوی ئەم بۆچوونانەیان بدەنەوە ڕێککەوتنی بسمارك لەگەڵ ڕووسیا بەدەست درێژی نەکردنە سەر یەکتر بەبەڵگە دەخەنەڕوو، بەڵێ بسمارك لەوکاتەدا زۆر ژیرانە ڕەفتاری کردووە، ئەم کەسانە ئەو هەنگاوەی بسمارکیان لەیاد کرد کەبەم کارەی دڵنیایی دەبەخشیە ئیتالیای نیمچە گۆشەگیر بۆئەوەی زلهێزی خۆی بەسەر نەمسادا بسەپێنێت، ئەی ئەوانەی کە سەرسامن بە بۆچوونەکانی بسمارکی دەست پۆڵایین داوای پەیڕەوکردنەوەی هەمان سیاسەتی بسمارك ناکەنەوە لەگەڵ ئیتالیا لەمڕۆدا؟ ئەمانە دەڵێن ئەم ئیتالیایە ئەوەی سەدەی نۆزدە نییە، ئەوا ئێمەش بەوان دەڵێینەوە: ئەو ڕووسیایەی بسمارك ڕێککەوتنی لەگەڵدا کردووە هەمان ڕووسیای ئەمڕۆکە نییە، بێگومانم لەوەی گەر بسمارك لەم ڕۆژدا زیندووبایە، ئەوکات دەستی یارمەتی بۆئەم ڕووسیایە درێژ نەدەکرد کەزۆری نەماوە تیابچێت.

بەسەرکەوتنی جەنگی یەکەم و یاخیبوونی جیهان بوو. بێگومان بەسەرکەوتن بەهەمان کاتدا کێشەی ڕێکخستنەوەی ناوخۆ و کشانی هێزەکانی بەرەو ڕۆژئاوا چارەسەرکرد. باشترین ڕێگە بۆ سەرکەوتنی ئەم کارانەی ڕێکخستن بوو لەگەڵ ڕووسیادا و ئەم کارەشی سەرکەوتنێکی مەزنە بۆ گەلی ئەڵمانی. بەڵام ئەمڕۆ پێچەوانەی خۆیەتی. هەرچیەک لە قەزانجیدابووە نزیکتر و نزی قازانج.

لەساڵی ۱۹۲۱دا تاڕادەیەک هەوڵدرا لەبۆ لەیەکتر نزیک کردنەوەی لێنینگەی ئیمە و بزوتنەوە هاو بۆچوونەکانی تری دووتیا. ناوەندکارەکان پێشنیازی دروستکردنی ڕکۆمەڵەی نەتەوە چەوساوەکان یان نەکرد. دوو یان سێ جار لەگەڵ نوێنەرانی ولاتانی بەڵقان و میسر و هیند دا کۆبوونەوە. ئەمانە تارمزووی یارمەتی کردنمانیا بۆ دووپات کردنەوە. بەڵام بۆخۆ هیچ گرنگیە بە قسەکانیان نەدا. چون باش دەمزانی ئەمانە قرمونیزمی بێ ئامانجن.

ئەم ئازادی خوازانە ئەو بزوتنەوەیەیان نیتەوە کە گرنگی بەکارەکانیان دەدات و هاوبۆچونیانە تاڕادەیەکی زۆر. ئەم کەسانە لەبەرزی نەتەوە خوازە ئەڵمانیەکانەدا ڕێزێکی زۆر دەگیرن و خۆیان بە نوێنەری گەلانی هند و میسر دەزانن. لەکاتێکدا ئەمانە چەند خوێندکارێکی ناسایی بوون و ئەوەی دەریان دەبڕی تەنها خواستی تایبەتی خۆیان بوو. تەنانەت ئەگەر ڕاستیشیان بکردایە و نوێنەری کۆمەڵێکی زۆر و بەهێزیش بوونایە ئەوکاتیش هەر پرۆژەکە بەرئەنجامەکەی بەقازانجی گەلی ئەڵمانی نەدەشکایەوە بەڵکو زیانی دەکرد.

ئەڵمانیا پێشتر هاوپەیمانێتی دروستکردنی لەگەڵ ئەو ولاتانەدا تاقیکردەوە کە لاوازن لەبووی سەربازی و پیشەسازیەوە لەشێوەی تورکیا و نەمسادا. ئەنجامەکەی ئەم فەتارەتەی ئەمڕۆیە. ئەم بەڵگەیە لەلایەن هاولاتیانی دەوڵەتی ڕکۆمەڵەی نەتەوە چەوساوەکان'ەوە لەپێش چاو نەگیرابوو. بەو بیانووەی ئەم کۆمەڵەیە توانادار دەبێت لە چەکدانانێنی سەرکەوتوانی جەنگ و بەدی هێنانی ئامانجەکانی خۆیان.

بەڕاستی بەوپەڕی توانادە نزیکی ئەم بیرۆکەیەم کرد. چونکە توانادەری ڕاستەقینە لەگەڵمکەمان دادەبڕێت و دووچاری خەون و ئەندێشەی نابەجێ و پووچەڵ دەکاتەوە

ئەمڕۆی ئەڵمانیا لەو مرۆڤە دەچێت کە بۆ بژگارپووونی تەنانەت پەنابۆ پوشیش دەبات لەنێو ئاودا. لەنێو نەستەی ڕۆشنبیرانەدا دەبینیت کەس گەلێک هەر هێشتاکە

خەون بە دامەزراندنی (کۆمەڵەی نەتەوە چەوساوەکان)ەوە دەبینن ، یان متمانەیان بە (کۆمەڵەی نەتەوەکان) و هاوجۆرەکانیەتی لەبۆ بەدی هێنانی خەونەکانیان لەڕێگەی گێڕانەوەی مافە زەوتکراوەکانیان, لای دوژمنەکانیان لەبۆ خۆیانی خاوەن بە ساحێب زانیولەڕێگەی سکلاڤو و داواکاریەوە!؟

لەبیرمە بەهۆی ڕووداوێکەوە بۆ چەند مانگێك بزوتنەوە ڕەگەزپەرەستەکەمان سەرقاڵ ببوو, لە لێکۆڵینەوەدا. لە ساڵی ۱۹۲۱ دا کۆمەڵێك لەکەسانی پۆشنبیری هندی هاتنە ئەوروپا و وایان لەئەوروپیەکان گەیاند کە فەرمانفەرمای ئینگلیز وا لەدارماندایە, چونکە شۆڕش لەهندستان هەڵیساوە و بە لەدەستدانی هند بەریتانیا بەرەو کەناری مەرگ دەڕوات, خەڵکانێکی زۆر بڕوایان بەم چەشنە بۆچوونانە کردبوو, وەکو منداڵێك چۆن چاوەنواڕی خۆرهەڵاتنی ڕۆژی جێژنە دەکات ئاوها زۆرێك لەئەڵمانیەکان بەبیر ساکاریانەوە چاوەنواڕی هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتیۆریەتی بەریتانیایان دەکرد, خۆئەگەر نەختێك شارەزای تەکتیکی جەنگی بەریتانیا بوونایە ئەوکات خەڵکانی ئەڵمانی بەم سادەییەوە بیریان لەڕووداو و قسەکان نەدەکردەوە.

ئەوانەی بڕوایان بە ئەگەری داڕووخانی بەریتانیا کردبوو, دەیان زانی کە بەلەدەستدانی هندستان بەریتانیا یانی نەمان, هند بۆ بەریتانیا ناوچەی زیندەیی سەرەکی بووە, بۆیە ئاخۆ دەبێت بەریتانیا وابەئاسانی ڕێگە بەهندیەکان بدات لەخاکەکەی وەدەری نێن, کەبەبێ هند بەرتانیا ئەڵماسی تاجی سەری لەدەست دەدات؟

نەخێر, بڕوام وانییە ئەمە ڕووبدات, مەگەر بەریتانیا هەست بە هەڵوەشاندنەوەی ڕەگەزی بەریتانی بکات لەهند, یان لەلایەن دوژمنی بەرانبەریەوە گوڕزێکی زۆر کوشندە لە هێزی بەریتانی بدرێت, بەڵام هەرگیز لەڕێگەی شۆڕشی هندیەوە بڕواناکەم بەریتانیا دابڕمێت, ئەم چەشنە قسانە ڕەنگە بۆ خەڵکانی ئەمریکای باشوور ئاسایی بێت, بەڵام بۆ ئەڵمانییەك کە خۆی بەچاوی خۆی سەرسەختی ئینگلیزەکانی بینیوەو تاقیکردۆتەوە چۆن دەبێت بڕوا بەم قسانە بکات!

ئەو ڕەگەز پەرەستانەی هیوایان بە بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی میسری هەبوو زۆر تر نەبوون لەو برایانانەیان بڕوایان بەداڕووخانی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا کردبووو لەئەنجامی شۆڕشی هندیەوە. بەڵام میسریەکان هەرگیز ئامادە نین لەپێناو برا

ئەڵمانەکانیاندا بەگژی بەریتانیادا بچنەوەو خوێنی یەکتر بڕێژن, وەکو ئەوەی هەندێك بڕوایان پێی هەبوو.

ئەوانەی بڕوایان بە چاکێتی تێکۆشانی هاوبەشی -تێکۆشانی ئەڵمانی -میسری- هندی هەبوو,ساویلکەبوونی خۆیان پیشاندا لەهەمبەر دوژمنێکی هاوبەشی زەبەلاحدا, لەکوێڕا بووە سێ کەسی پاڵکەوتەی کەم ئەندامبوو بدەن بەسەر دوژمنێکی زل و کەتەی بەهێزدا و لەناوی بەرن و ئەویش دەستەوەستان بێت لەم کاتەدا؟ بۆخۆم وەکو ڕەگەز پەرەستێك لەڕێگەی ئاشنابوون بە ڕەگەزەکانی دیکەوە پێوانەی ڕەگەزکانی دیکە دەکەم, هەرگیز بەوە قایل نابم داهاتووی ڕەگەزەکەم ببەستمەوە بەڕەگەزگەلێکی نزمترەوە.

ئەوەی گوتم لەبارەی ڕووسیاوە لەم ڕۆژدا گەر بەجوانی سەیری نەخشەی سیاسی و باری سەربازی بکەین, ئەوکاتەی لەگەڵ ڕووسیادا هاوپەیمان بین و بمانەوێت پەلاماری ئەورووپای ڕۆژئاوا بدەین پێکەوە ئەوکات ڕووسیا هیچ قازانجێکی بۆئێمەی ئەڵمانی نابێت, چونکە خاکی ئەڵمانی دەبێتە گۆڕەپانی جەنگ و کاول و وێران دەبێت, جا گەرەنتی نەکشانە دواوەی هێزەکانی ڕووسیا لەم کاتە تاڵەدا دەبێت چی بێت, هیچ! بۆیە هاوپەمانی لەگەڵ ولاتی ڕووسیای ڕۆژهەلاتدا قازانجێکی ئەوتۆی بۆئێمەی ئەڵمانی نابێت, تەنانەت ئەو پۆڵۆنیایەی کە ڕێگە لەڕووسیا دەگرێت لەکشانی بەرەو ڕۆژئاوا ئەمڕۆ سەربە فەرەنسایی, بۆئەمەش لەپێشدا دەبێت ڕووسیا لەگەڵ پۆڵۆنیا بەجەنگ بێت , ئەوجا هێزەکانی دەتوانێت بێنە بەرەی ئێمەوە لەدژی ڕۆژئاوا پێکەوە بجەنگین.

لەبیرمان نەچێت لەکاتی هەڵایسانی جەنگدا ئەڵمانیا پێویستی تەواوی بە تەکنیك و ئامرازەکانی شەڕکردنە زیادتر لەپیاوی شەڕوان. بەتەنها خۆی لەجەنگی جیهانی پێشوودا نەهامەتیەکانی جەنگی هڵگرت بەهۆی بێ تفاقی و هەڵە هەڵبژاردنی هاوپەمانەوە. ڕووسیاش لەمڕۆدا لەڕووی تەکنیکی جەنگیەوە پشت پێبەستراو نییە, کەواتە چۆن بتوانین پێکەوە ڕووبەڕووی ئامرازە شەڕکارەکانی ڕۆژئاوابینەوە کەلەلوتکەی داهێنان و نوێگەریدان و پێویستی بە جەنگی ئامرازەکانە, ئایا بەڕاست ئەڵمانیای دەست بەستراو دەتوانێت ئامێر و تەکنیکی جەنگی پێویست بۆخۆیان و هاوپەیمانانی دابین بکات؟ بێگومان, نەخێر, کەواتە گەر بەپشا بەستن بە ڕووسیا

بچینه جەنگەوە ئەوا نەهامەتی لەوەی پێشووتر یەقەمان دەگرێت و دەبینە گاڵتەجاڕی هەمیشە دۆڕاو.

ئەوانەی پاڵپشتی هاوپەیمانی لەگەڵ ڕووسیا دەکەن, دەڵێن: ئەم هاوپەیمانێتیە مانای جەنگ هەڵایسان نییە, ئەمڕۆ با هاوپەمانی لەگەڵدا بوەستین و چاوەنواڕی سبەی بین بزانین چی ڕوودەدات ! منیش بەمانە دەڵێم ئەم هاوپەیمانێتیە هیچ قازانج و سوودێکی نییە و بەتەواو بێکەڵکە. هەرکە دوو یان چەند دەوڵەتێك پێکەوە کۆبوونەوە مانای خۆ ئامادەکرنە لەبۆ جەنگ, گەر ئەمڕۆش خۆمان دابەدەست هاوپەیمانی ڕووسی-ئەڵمانیەوە ئەوا بیست ساڵی دیکەش بێت هەر جەنگ هەڵدەگیرسێت, دووژمنانمان هیچ ڕێگەیەکمان بۆ ناهێڵنەوە لەبۆ هەناسە هەڵکێشان و بڕەودان بە تەکنیکی جەنگی, لەڕابردووی نزیکدا سەلماندیان دەتوانن بەبێ ئەوەی ئێمە خۆمان ئامادەکردبێت پەلکێشی جەنگمان بکەن, دواتریش بەڕپرسیارێتی ململانێکەمان بخەنە ئەستۆ.

بۆهەموو ئەمانەش دوو ڕاستی زێدەبار دەبێت:

١-بەڕپرسانی ئێستاکەی ڕووسیا بەشێوەیەکی وەها لەهاوپەمانێتیەکان دەنواڕن کەجگە لە چەند پەڕەیەکی نوسراو هیچی دیکە نییە.

لەبیرمان نەچێت ئەم دەستەلاتدرانەی هەنوکەی ڕووسیا تاوانبار گەلێکی خوێن مژن و خوێن تا بینا قاقایان هاتووە. ئەمانە گەمژەترین مرۆڤەکانن, بەڵام لە کاتێکی کەمدا بەهۆی قەودەرەوە توانیان دەست بگرن بەسەر دەوڵەتی مەزنی ڕووسیادا, دەس و دەم چەندین ملیۆن کەسیان لەناوبرد و زەویەکانیان سوتاندن, بۆئەوەی بتوانن لەسەر پاشماوەی ئەم کارەیان دیکتاتۆریەتێك دروست بکەن. بێگومان گەر نەختێك ژیربین دەزانین دەستەلاتدرانی ڕووسیای ئەمڕۆ سەر بەڕەگەزێکی دووڕوو و قسە هەڵبەستن, ئەم ڕەگەزە, جوو, وای دەخاتە پێش چاو کە لەلایەن خوداوە داوای لێکراوە دەست بگرێت بەسەر جیهاندا و بیخاتە ژێر دەستەلاتی خۆیەوە, کەواتە چۆن بتوانین دەستی هاوپەیمانی بۆ گەلێك درێژبکەین کەلەسەر بنەمای کوشتنی دۆستەکانی خۆی پونێت ناوە؟ کێ هەیە داوای هاوپەیمانی بکات لەگەڵ ڕەگەزێك دروشمان تەڵە و گزی و دزی و جەدەیی بێت ؟

٢-ئەو پەتایەی لەڕووسیادا بلاوبووەتەوە واخەریکە بەتەواوەتی لەئەڵمانیاشدا دەتەنێتەوە و بەهەمان دەردی ڕووسیامان دەبات, ئەو کەسانەی وەکو وشتر مرخ کەنایانەوێت ڕاستیەکان ببینن و سەریان بەژێر لەوە کردووە, باش بزانن کە بەبەلشەفیك کردنی ڕووسیا هەنگاوێکی زۆر بەمێزە لەبۆ دەستگرتنی جوو بەسەر جیهاندا. جووەکان, وەکو ئەنگلۆسەکسۆنیەکانن, ڕەنگە بۆ کاتێکی نادیار لە پێکانی ئامانجەکەی خۆی وەرچەرخێنێت, بەڵام هەرگیز دەستی لێهەڵناگرێت و بەدووی هەلەوەیە لەبۆڕێکانی ئامانجەکەی, ڕێگەی جوولەکەش لەبۆ گەیشتن بەئامانجەکەی تێکەڵاویەتی لەگەڵ خەڵك و پیسکردنی خوێنەکەیەتی, بەردەوام دەبێت تائەوکاتەی دووچاری ئەو هێزە دەبێتەوە کە هەرکەسێك بیەوێت ئاسمان داگیربکات ئەوکەسە دەبێت بخرێتە دۆزەهەوە.

ئەڵمانیا دووەم وڵات دەبێت کە جووەکان ڕێنگاوی دەمیانی بەسەردا دەکەن و هەوڵی بەبەلشەڤی کردنی دەدەن. هیچ هێزێك ناتوانێت لەم چارەنوسەی قوتاربکات, مەگەر هێزێکی کوشندەی شکۆمەند نەبێت کەپاك دامێنانی ئەڵمانی لەدەوری کۆببنەوەو لەڕێگەی هۆشیارکردنەوەی گەلی ئەڵمانیەوە لەچنگ ئەم گروپە خوێن مژەی قوتاربکەین. ئەوەشی دەڵێت : بۆئەوەی ئەڵمانیا بەهێزتر بێت و بتوانێت لەسەر پێی خۆی بوەستێت, ئەمەش لەڕێگە هاوپەیمانێتی ڕووسیاوە دەبێت, ئەوا ئەم کەسە یان نەزانە یان هەڵە لەیەکی داوەتەوەو بۆچوونی ئاراستە کردووە و کورتبینە. دەبێت بزانین: چۆن دەتوانین چارەنووسی خۆمان بەدینە دەستی نەتەوەیەك کە دوژمنە کوشندەکەمان سالار و دەمڕاستیەتی؟ چۆن دەبێت لەیەك کاتدا لەگەڵ ڕووسیا هاوپەیمان بین و داوا لەکرێکارە ئەڵمانیەکان بکەین دژی بەلشەڤی بن؟ کەواتە چیتر ماڤ بێزارکردنی هاوڵاتیە بەسوورکراوە ئەڵمانیەکانمان نییە, بەوەی سەرکردەکانی وڵاتی ئەڵمانی دەبنە هاوپەیمانی ڕووسی سور, واتە گەر لەگەڵ ڕووسیادا ڕێککەوتین ئەوا نابێت بەلشەفیك لە ئەڵمانیا قەڵاچۆ بکەین, گەر هاتوو ببینە هاوپەیمانی ڕووسیا وەکو ئەوە وەمایە پشت بەئاریەمن ببەستین لەبۆ وەدەرنانی لایەنگرانی ئاریەمن.

پێشتر پێم ڕاگەیاندن بوون بە هاوپەیمانی بەریتانیا بەئامانجی هەل وەرگرتنە لەبۆ پەلاماردانی ڕۆژهەڵات, یاخوود لەگەڵ ڕووسیادا هاوپەیمانی دروستبکەین بۆئەوەی لەیەك کاتدا لەدووبەرەدا نەجەنگین. بەڵام لەمڕۆدا هاوپەیمانی دروستکردن لەگەڵ

پرووسیادا کەڵکێکی نییە, بۆئەمەش بزوتنەوەکەمان نەخشەی تەواوی کێشاوە لەبۆ گەیشتن بەئامانج و بەرژەوەندیەکانی نەتەوەمان, هیواداره پۆژێك بێت دەستەڵاتدرانمان بەرژەوەندیەکانی نەتەوەکانمان بپارێزن لەڕێگەی نەخشەی کێشراوی بزوتنەوەی نەتەوەییمانەوە.

بەڵام هەنگاوی سەرەکی لێرەدا و بۆئەم چەشنە ڕامیارێتیە بەم شێوەیە دەبێت:

هەرگیز بوار بەدروستبوونی دوو دەوڵەتی گەورەی وشکانی مەدەن لەکیشوەری ئەورووپادا (پرووسیا, فەرەنسا), هەرجارێك لەنزیکی سنوری ئەڵمانیاوە هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتێکی زلهێزدرا ئاگاداری خرتان بن, چونکە مەترسی گەورەی بەدواوەیە, دەبێت هەوڵی شکست پێهێنانی ئەم دەوڵەتەبدەن بەبێ سڵکردنەوە لەبەکارهێنانی هیچ ئامرازێك.

لەبیرتان بێت, پێویستە سەرچاوەی هێزی ئەڵمانیا لەئەورووپادا بێت لە خاکی ئەڵمانیاوە هەڵبقوڵێت, ناشبێت دڵنیابینەوە لە دۆخی ڕایخ و چارەنوسی پێش لەوەی بواری زیندەیی بۆ گەلی ئەڵمانی دابین بکەن.

***

دێمەوە سەرباسی هاوپەیمانێتی نێوان ئێمە و بەریتانیا و ئیتالیەکان, لەبۆ تیشك خستنەسەر قازانجەکانی ئەم هاوپەیمانێتیە لەپرووی سەربازیەوە.

بەرئەنجامەکانی ئەم هاوپەیمانێتیە پێچەوانەی بەرئەنجامی هاوپەیمانێتی پرووسی-ئەڵمانی یە, بێگومان دروستبوونی هاوپەیمانێتی لەگەڵ بەریتانیا و ئیتالیا نابێتە کێشەبۆهیچ لایەکمان, چونکە دووژمنی سەرەکی ئێمە فەرەنسایە. بێگومان لەم کاتەشدا ئەم وڵاتە هیچ هەنگاوێکی شێتانە نانێت و خی دووچاری جەنگی ئەم سێ هاوپەیمانێتیە ناکات. هەروەها نزیك بوونەوەمان لەبەریتانی و ئیتالیەکان هەڵی تەواومان دەداتێ بۆ خۆئامادەکردن و بوژانەوە, لەچوارچێوەی هاوپەیمانێتی سێ قۆڵیدا, لەبۆ خۆئامادەکرد لەو جەنگە پرجۆش و خرۆشەی کەدەبێت دژی فەرەنسا بەرپای بکەین, ئەمەش دوای ئەوە دەبێت کە لەپرووی دیپلۆماتی و سیاسیەوە بەدووری دەخەینە لەگۆڕەپانی نێودەوڵەتیش توانای سەربازی لێوەردەگرین.

بەڕاستی ئەم هاوپەمانێتیە گرنگی تایبەتی خۆی هەیەو لەم جارەدا ئەڵمانیا گرفتاری بێ تفاقی و کەلووپەڵی جەنگی نابێت, لەبەرئەوەی ئینگلیز و بەریتانیەکان دەتوانن پێداویستی تەواوی خۆیان لەبۆ جەنگ ئامادەبکەن.

هەرچەندە ڕەنگە گرفت بێتە پێش چێ بوونی ئەم هاوپەیمانێتیە سێ قۆڵیە, بەڵام هەر دەتوانرێت ئەنجام بدرێت, چونکە پێشتریش لەسەردەمی ئیدواردی حەوتەمدا سەرباری بوونی دژایەتی و لەمپەری زۆر بەڵام هاوپەیمانێتیەکە هاتە چێکردن. دەتوانین لەو گرێ داخراوە پووچە خۆمان دەربێنین کەدە سالێکە لەنێویدا گیرمان خواردووە و ئەو ڕۆژەی لەم ئەندێشەیە قوتار دەبین دەتوانین ببینە خاوەنی ڕێبازێکی ژیرانەی دەرەکی کە دەستمان بەرەو ڕۆژهەڵات بگرێت, پاش لەوەی توانیویمانە نینۆکەکانی فەڕەنسا لەڕۆژئاوا بپڕین.

ئەوکەسانەی تا ئێستا گەمژانە هەوڵی توڕەکردنی دوژمنانی دوێنێ دەدەن, ڕەنگە ئەمە هۆکاری یەکخستنەوەی دوژمنان بێت,ئەوانەشی ڕقیان لە بەریتانیا و ئیتالیایە باوەکو باش بزانن کە هەردەوڵەتێك لەئەوروپادا دژی فەڕەنسابێت لایەنگیری ئێمە دەبێت و دەستی هاوپەیمانێتی بۆ درێژدەکەین لەبری دەستی ئاسنینی تیژ, بۆئەمەش دەبێتە هەموو کارێك بکەین لەبۆ کێشکردنی ئەم دەوڵەتانە بەلای خۆمانە, ڕێککەوتن لەگەڵ ئەم وڵاتانەدا لەئامانجە گەورە سەربازیەکەمان نزیکمان دەکاتەوە کە هاڕینی فەڕەنسایە بەدەم ڕێوە.

بەشی بیست و چوار

مافی بەرگری کارا

ئەوگەلانەی توانای شەڕکردنیان هەیە و لەناکاو بەچەك دانان خۆیان دەکەنە دیلی دوژمن ئەوا دیرۆك پتر لەبەڵگەیەکی لایە، کەداتر ئەمانە واڕادێن کە دووژمن شەقیشیان تێهەڵبدات زۆر بەلایانەوە ئاسایی دەبێتەوە وەك لەدووبارە چەك هەڵگرتنەوە.

ئەوکەسانی لەپشتی پەردەوە لە١٩١٨ەوە دەستەڵاتی ئەڵمانیایان بەڕەهایی بەدەستە، ئەمانە ئەوپەڕی هەوڵ دەدەن لەبۆ ئەوەی گەلی ئەڵمانی لەسەر سەرۆڕی و بێدەنگی ڕابێنن و چیتر شتێك بەناوی نەتەوەو نەتەوایەتی لەمێشکیاندا نەمێنێتەوە، بێزراوترین شت لەلایەن ببێتە چەك هەڵگرتن لەبۆ بەدەست هێنانی مافەکانیان.

بەڕاستی بانگەشە خراپ و شەرهێنەرەکانی شۆڕش کاریگەری مەترسی داریان هەبووە لەسەر لاوازکردنی هەستی تاك و سەرکردەکانی ولاتیش لەبەرمبەر هاوپەیمانە سەرکەوتووەکان، بەهۆی ئەوەی لە ١٩١٨ەوە هەموو ڕامیارێتی دەرەوەی ئەڵمایا بەدەست جووەکانەوەیە، بۆیە هەرچی هەڵەیەك هەبێت ئەوا ساویلکەیی نییە بەڵکو بەئەنقەستە و لەلایەن جووەوە ئەنجامدەدرێت، ئەم جووانە هەمیشە بەدووی نوێترین

ڕێگەدا وێڵن لەبۆ تەفر و تۆناکردنی هێزی ئەڵمانی و لەناوبردنی بەیەکجاری, ئەمەش مانای وایە بۆ هەر شکستێك نەخشەیەکی تۆکمەی جووی لەپشتە.

ئەوکاتەی لەساڵی ١٨٠٦ دا سوپای ناپلیۆن هێزی پروسی تێکشاند, هەموان بڕوایان وابوو چیتر ئەم دەوڵەت ناتوانێت هەستێتەوە, بەڵام لەماوەی حەوت ساڵدا خۆی یەکخستەوەو دژی دوژمن وەستایەوە.

حەوت ساڵ پاش لە پەیمان نامەی ئاشتی ١٩١٨ دا تادێت ئەڵمانیای لاوازدەبێت لەبری بەهێزبوون, ئایا دوێنێ نەبوو پەیمان نامەی لۆکارنۆیان بەسەردا سەپاندین؟

ئەوکاتەی ئەڵمانیا تواناداربوو لەبۆ چەك هەڵگرتن کەچی چەکی فڕێدا ! ئەوکاتەی مەرجەکانی سەرکەوتنمان پەسەندکرد هێزمان لەبەر بڕا و نەمات توانی چیتر بەرهەڵستی دوژمنان بکەین و ئەوانیش بەهەوەسی خۆیان سوکایەتیان پێدەکردین, دوژمنانمان زانیان چۆن دەتوانن دەست بگرن بەسەر هەستی خۆ بەزلزانی ئەڵمانەکاندا و سەشۆڕی دەکەن, پەلەیان نەکرد و پلەبەپلە ئیشی خۆیان ئەنجام دەدا, بەم کارەیان لەڕێگەی ئالیکاری حکومەتە خۆبەدەستەوە داوەکەمانەوە کارەکەیان بۆ ئاسان دەکرا, ئەوان بەبێ ئەوەی ڕقمان بوروژێنن یان هەستیان پێبکەین کاری خۆیان ئەنجام دەدا.

بەم ڕێگەیەش سەرکەوتوان بەرەو مۆرکردنی ئەو ڕێککەوتنامانەیان کێش کردین کە دامان دەڕووتێنێتەوە لەهەموو هێز و تواناو پیاوەتیەك, کردمانیان بەکۆیلەی خۆیان, بەجۆرێك سڕیان کردبووین کە هەندێکمان بڕوایان وابوو پرۆژەی دایڤز ڕووداوێکی جوانە و پەیمان نامەی لۆکارنۆش بە سەرکەوتن دەزانن.

***

فەڕەنسا لەکاتی کۆبوونەوەکانی پێش لەجەنگ و پاشی جەنگیش مەرامە ڕاستەقینەکانی خۆی شاردبۆوە. بەڵام ئەم مەرامانەی لە زستانی ١٩٢٢-١٩٢٣ دا بەڕوونی بەدیارکەوت. ئەوکەسانەی نەختێك ژیرن و بەڕووکەش هەڵناخەڵەتێن ئەوا باش دەزانن کە فەڕەنسا تەنها بۆ دەستکەوتنی چەند ملیار مارکێك و پارچەیەك لە ئەڵمانیا بەشداری جەنگی نەکرد بۆ ماوەی چوارساڵی ڕەبەق, بەڵکو بەهۆی ئەوەی سەردارێتی فەڕەنسا لەو کاتەدا بەدەست جوولەکەکانەوە بوو بۆیە هەموو هەوڵێکیان دەدا لەبۆ بڕینی شادەمارەکانی ئەڵمانیا و پەکخستنی لەهەموو جوڵەیەك.

فەرنسا زۆری حەز لێبوو جەنگەکە بگەیشتیابەتە نێو خاکی ئەڵمانیا و ئەوکاتەی هاوپەیمانان پەلاماری دەدەن و پارچە پارچەی دەکەن، چیتر یەك ئەڵمانیای یەکگرتوو دروست نابێتەوە و لەناوی دەبەن.

گەر وەکو ئەوەی فەرەنسیەکان هیوایان بۆ دەخواست بەرداشی جەنگ لە رۆهر و لەسەر راین و ئالپ بوایە لەبەرامبەر هانۆڤەر و لایبزگ و نۆرمبیرگ و..هتد لەبری ئەوەی چوار سالّ جەنگی ساتر و چالّەکان بەردەوام بووایە لە فلاندەر و لەبەرمبەر فرسۆفیا و ڕیگا و کوفنو، ئەوا هاوپەیمانان دووچاری هیچ نەهامەتیەکی گەورە نەدەبوونەوە لە پارچەپارچەکردنی دەمارەکانی ڕایخ ی تازە ئاشنابوو بە فیدرالّی. بەڵکو چاکەی مانەوە و بەرگەگرتنی ولاّتەکەکان لەبەرامبەر نەهامەتیەکانی جەنگدا دەگەڕێتەوە بۆ بەهێزی سوپای ئەڵمانی بەتەنها، هەربۆیە لەم کاتەدا دەتوانین بڵێین کە خوێنی براکانمان لە بەهیچ نەڕژاوە.

ئەوکاتەی لەسالّی ۱۹۱۸ دا ئەڵمانیا لەناوخۆدا داڕووخا سوپای ئەڵمانیا لەدەرێ زەویەکی زۆری داگیرکردبوو، بۆیە بەرلەهەموو کارێك هەرەنسا گرنگی دا بە دەرکردنی سوپای ئەڵمانیا بە فەرەنسا و بەلجیکا، ئەوکاتەی ئەم کارەیان ئەنجام دا، هەناسەکی قوڵیان هەڵکێشا لەبۆ دەستکردن بە هێنانەدی ئامانجە نوێیەکە: دابەشکردنی ڕایخ بۆچەند ولاّتێکی ناوخۆی، بۆیە ئینگلتەرا لەم کاتەدا بەڕوویدا وەستایەوە، چونکە چیتر ئەڵمانیا بە لەمپەر نەما و گەر بیشتوێنرێتەوە ئەوا بەزیانی ئینگلیز دەشکێتەوە، ئەمەش دژبەری خوودی ڕامیارێتی کۆنی بەریتانیایە، چونکە ئەگەر بەتەواوەتی ئەڵمانیا لەناوبچێت ئەوا فەرەنسا دەبێتە گەورەترین زلهێزی چارنەکراوی ئەوروپا و ئەمەش دژی خواست و بەرنامەکانی ئینگلیزە.

فەرەنسا بە پێشنیارەکەی بەریتانیا قایل بوو؛ چونکە ناچاربوو، بەلاّم کلیمەنسۆ ناخی فەرەنسای دەربڕی، ئەوکاتەی ڕایگەیاند: " ئاشتی لەڕوانگەی ئێمەوە بەردەوامی جەنگە" ، فەرەنسیەکان بەوپەڕی توانایانەوە کاریان دەکرد بۆ لاوازکردن و پچڕپچڕکردنی ولاّتی ئەڵمانیا، ئەمەش لەڕێگەی دنەدانی جوداخوازەکان بۆ جیاکردنەوەی ناوچەکانیان لە ئەڵمانیای یەکگرتوو و بەکارهێنانی گوشاری ئابووری.

لەزستانی ۱۹۲۲-۱۹۲۳ کەسە پاقژەکان هەستیان کرد فەرەنسا بەردەوام دەبێت لەسەر کارەکەی خۆی گەر بەبەردی بەرگری و پێداگیری ئەڵمانەکان لەناونەبرێت، باش

درکیشیان بەوە کردبوو کە، ئەوکاتەی نەتەوەکەمان سواری کەشتی دژە فەڕەنسا دەبێت پێویستە لایەنگرانی لەفەڕنسا دامالێبێت، ئەگینا دژایەتی کردنی فەڕەنسا کۆتاییەکی نەهامەت نامێزی هەیە.

لەزیادتر لە وتارێك و بەیان نامەیەکدا بانگەشەی ئەوەم کردووە کە تا فەڕەنسا بەم شێوەیە بمێنێتەوە ئەڵمانیاش بەلاوازی دەمێنێتەوە؛ چونکە بەهێزی فەڕەنسا بەستراوەتەوە بە لاوازی ئەڵمانیاوە، بەڕاستی گەر من فەڕنسی بومایە هەمان کارم ئەنجام دەدایەوە لەبەرامبەر ئەڵمانیادا. بەڕاستی پشت بەستن بە دامەزراندنی حکومەتێکی فەڕەنسی میانڕەو لەڕوانگەی منەوە، تلیاکێکی ڕامیاریە و بۆ دەمارە نەخۆشەکانمان دژبەرانی ئەڵمانیا پێمانی دەفرۆشنەوە، بەتایبەت دوژمنانی ناوخۆیی لە جوولەکە و دیمۆکراتی خوازان، چونکە هەموو تاکێکی فەڕەنسی کلیمەنسۆ یان بوانکارایەکە بۆخۆی، هەرگیز ناکەوینە ژێر کاریگەریە نەرێنیەکانی هەندێك لە ڕەگەز پەرەستانی داواکار بۆ ناتوندوتیژی، چونکە ئەو دوژمنەی لەپێشماندایە ددانی لەجەستەمان بەنزا و پارانەوە ناکاتەوە، بەڵکو پێویستی بەکوتەکە.

ئەوەی دەتوانێت لەفەڕەنسامان ڕزگاربکات باسکی بەهێز و هزری ساغمانە، کەی توانیمان فەڕەنسا لە هاوپەیمانانی دابماڵین،ئەوکات دەتوانین باسی پێکهێنانی بەرەی دژە فەڕەنسا بکەینەوە، هەمدیس لەناوبردنی فەڕەنسا هۆکارە بۆ بەدی هێنانی ئامانجە گەورەکەمان: پێویستە پاش لە دەرکێشانی ئەو دڕکەی ئازاری پشتمان دەدات بەرەو ڕۆژهەڵات بکشێین، لەبۆ دابینکردنی مەودای زیندەیی پێشیاو بۆ کردنی ئەڵمانیا بە دەوڵەتێکی زەبەلاح و هێزێکی جیهانی.

***

لەسەرماوەرزی ۱۹۲۲ دا فەڕەنسا ئاوزێڵی ڕۆهری داگیرکرد و بەم کارەی توانی پشتی ئەڵمانیا بشکێنێت، بۆئەوەی چیتر هەوڵی خۆبەهێزکردنەوە نەدات، بەڵام ئەمە بەڕاستی دەست پێشخاری بوو لەبۆ زیندووکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی ئەڵمانەکان و بەهۆش هاتنەوە لەبەرامبەر ئەڵمانیادا، سەرباری ئەوەی ئەم داگیرکردنە بووە هۆی وروژاندنی ڕقی بەریتانیا ، حکومەت و خەڵکەمەشی؟ چونکە ئەم ناوچەیە دەوڵەمەندە بە خەڵووز و ئاسن، دەستکرتنی فەڕەنسیەکان بەسەر ڕووهردا مانای تەواو بەهێزبوونی فەڕەنسیەکانە لە ئەورووپا و دەرکەوتنیان وەکو هێزی پلەیەك، لەڕووی

ڕامیاری و سەربازی و نابوریشەوە. بەم هەنگاوەی توانای دژبەری کردنی بەرێتانیای بۆ دەرەخسێت. جا لەمەر بوارێکدا خۆی بیەوێت. ڕۆژنامەیەکی نیوچە فەرمی بەریتانی نوسیبووی: داگیرکردنی ڕۆهر لەلایەن فەرمنساوە بووە هۆی لەدەستدانی هەموو دەستکەوتەکانی بەریتانیا.

ئەم دەستپێشخارییەی فەرەنسا کاردانەوەی خراپی هەبوو لە ئیتالیا و هەرێمە یەکگرتوەکانی ئەمریکاشدا. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ئەو دەوڵەتانەی تادوێنێ پشتیوانی بوون ئەمڕۆ بەگومانن لێی. ئەگەر هاوپەیمانانی دوێنێ نەبنە دوژمنی سبەی ، وەك ئەوەی لەجەنگی دووەمی بەڵقاندا پرووبدا، ئەوا مانای نەبوونی کەسێکی ژیرە لەوڵاتەکەماندا، لەهاوشێوەی ئەنوەر پاشا، کە بزانێت ناکۆکیەکان بقۆزێتەوە و دەوڵەتانی دژی بەیەکدا بدات.

ئەوکاتەی فەرنسیەکان دەستیان بەسەر ڕووهردا گرت، هەمووان لەدەستەڵاتی ئەڵمانیایان دەنواڕی، نیشتمان پەروەران هەستیان دەکرد ئەمە کاتێکی هەستیارە بۆ ئەڵمان، هەموو شتێك پەیوەستە بەو چەشنە بڕیارەی کە ئەم حکومەتە دەری دەکات. هیچ گومان لەوەدا نەبوو ، ئەم دەست پێشخارییە فەرەنسیە دژە پەیمان نامەی ناشتی ڤەرسای بوو. بووەهۆی توڕەکردنی هاوڵاتیانی بەریتانی و ئیتالی، حکومەتی لەندەن لەکۆبوونەوەی گشتی ئەنجومەنی گشتیدا ڕایگەیاند: حکومەتی فەرەنسا ڕێزی هاوپەیمانانی ناگرێت و بەرژەوەندیەکانیان لەپێش چاو ناگرێت، لەڕێگەی داگیرکردنی کانە کانی ئەڵمانی خواروو.

دەبوو لەم کاتەدا حکومەتەکەمان ئەم ململانێیە بقۆزێتەوەو دووبەرەکی بخاتە ڕیزی هاوپەیمانانی دێنی وە، بەڕاستی مەترسیەکانی فەرنسای پاش داگیرکردنی ئەڵمانیای تێگەیاندبان. دەبوو داگیرکردنی ڕووهر هاوشێوەی مۆسکۆ و ناپلیۆن بخاتەڕوو، ئەمەش لەڕێگەی هەستی نیشتمانپەروەریەوە کە ئەم چەڵماسیەی فەرەنسا وروژاندی.

نەدەتوانرا لەڕێگەی بەکارهێنانی هێزی سەربازی یان وتوێژیشەوە ڕێگە لەفەرنسا بگرێت لەوەی ڕۆهر داگیر نەکات، وتووێژ لەم کاتەدا هیچ کەڵکی نەبوو؟ چونکە ئەو ئەڵمانیانەی بۆ وتووێژ دەچوون پشت ئەستوور نەبوون بەهیچ، واتە هێزیان لەپشت نەبووە، ئەمەش ئەوەی دەگەیاند هیچ هەنگاوێك نییە بۆ ڕزگارکردنی ڕووهر تەنها پاکژکردنەوەی ناوخۆی ولاّت نەبێت لەدەست ناپاکان و تا ئەم کاتەش شڕی لێدە و

بڕۆ لەگەڵ سوپای فەرەنسادا دەکرێت بۆ نیگەران کردنیان و تێکدانی کارەکانیان، بەبێ ئەوەی ئەم چەشنە هەنگاوانە ڕاستە مەترسی بخاتە سەر پارچە نازادەکانی ئەڵمانیا، لەم کاتەشدا پێویستمان بە بەدەست هێنانی لایەنگیری و سۆزی ئیتالی و ئینگلیزەکانیشە.

بەڵام چی دەڵێیت، لەکاتێکدا هکومەتەکەی کونوی ڕاوێژکار ڕامیارێتیەکی دیکەی گرتەبەر!

ئەم ڕاوێژکارە بلیمەتە بڕیاری دا لەبەرئەوەی فەرەنسا بۆ دەستگرتن بەسەر کانەکانی ناوچەکەدا هێرشی ئەم ناوچەیەی کردووەو دەستی بەسەرداگرتووە لەبەرژەوەندی خۆی، بۆیە ئەگەر کرێکارەکان مان بگرن، ئەوکات فەرەنسا بەدەستی بەتاڵەوە ناچاردەبێت بکشێتەوە، بۆئەمەش بڕیاری دروستکردنی (بەرەی نیشتمانی)دا، کەلەخۆگرتەی هەموو هێز و بەرەکانی نێو ولاتی ئەڵمانیابوو، ئەم کارەی هەلێکی گەورەی بەخشیە مارکسی و جووەکان کە گیرفانی خۆیان لە قاسەکانی دەوڵەت بەبیانووی بەشدارێتی کارای ئەم کارە پڕبکەن، ئەم بەرەیە لەخۆگرتەی سەرجەم زۆربەڵێی و فێڵبازە نێودەوڵەتیەکان و دوژمنانی ناوخۆیی بوو، بەك کارەی کونو توانی (یەکێتی نیشتمانی)بهێنێتە ئاراوە بۆ دژبەری کردنی فەرەنسیەکان، بەڵام ئەمە بەرئەنجامەکەی هیچ بوو، چونکە نەبووە هۆی لاوازکردنی فەرەنسیەکان. ئێمەی نیشتمان پەروەری سۆسیالیستی دژی بەرەی نیشتمانی بووین و گاڵتەشمان بە یەکێتی نیشتمانی دەهات، دوا ئەنجامەکانی ئەم هەنگاوە ئەوەبوو کە ئێمە پێشبینیمان کردبوو.

بەچەند هەفتەیەك پاش لەکانگرتن نیشتمان پەروەرە ڕاستەقینەکان بڕیاری بەکارهێنانی چەکیان دا لەناوچەی ڕووهر دژبە سووپای فەرەنسی، بۆیە داوای هاوکاریان لەکرێکاران کرد، بۆئەوەی بێنە پاڵیان دژبەر فەرەنسیەکان، ئەم هەنگاوە بووەهۆی کۆکردنەوەی ژمارەیەکی زۆری کرێکاری دڵسۆز و دروستکردنی تیمی تیرهاوێژانی بەهێز. بەڵام مارکسیەکان لەڕێگەی کشانەوە لەبەرەی نیشتمانی وەڵامی داخوازی نیشتمان پەروەرانیان دایەوە، زۆری نەبرد ئەمە بە قازانجی فەرەنسا شکایەوە، پاش لەوەی مارکسی و جووەکان گیرفانیان پڕکرد بۆی دەرچوون و دەستیان لەهەموو بەڵێن و ئاکارێکی نیشتمانی هەڵگرت.

بەر لەوەی تیرهاوێژە ئازادی خوازەکان بتوانن خۆیان بسەلمێنن بەرەی نیشتمانی هەڵوەشایەوە و دواتریش بەپێی خواستی فەرمنسیەکان لەناوچە کشانەوە, ئەم جۆرە ناپاکیە بووە هۆی کردنەوەی چاوی چەندان ملیۆن ئەڵمانی خەوالوو, لەسەر گرنگی و ڕاست و دروستی بەرنامەکانی بزوتنەوەی نیشمان پەروەری سۆسیالیستی و ئامانجە نەتەوەییە مومبارەکەکانی, زانیان کە ڕزگاربوونی ئەڵمانیا لەدەست بێگانەکان و ڕاوانکردنی سنورەکانی بەندە بە تواناکانی ئەم بزوتنەوەیە و گەشەکردنی بەرنامە ڕەگەز پەرەستەکانی.

لێرەدا هیچ کاتی ئەوەمان نییە ڕووداوەکانی پێش لە ٨ ی خەڵوەزەری ١٩٢٣ باس بکەین, کەبەهۆیەوە پارتەکەمان هەڵوەشایەوەو سەرکردە و ئەندامە باڵاکانی خرنە کونجی زیندانەوە, بەڵام لێرەوە دان بەوەدا ئەنێم ئەوەی ئەنجاممان دا بەمەبەستی چێژەرگرتن نەبووە لەدەستەڵات, وەك چۆن دژبەرانی لڤینەکەمان دەیان گووت, ڕووداوەکانی ٨ ی خەڵوەزەری ١٩٢٣ دەربڕی ناخی ملیۆنان ئەڵمانی ڕەسەن بوو, لێرەوە کورتەیەك لەو وتارەم دەخەمە ڕووکە لەدوا ڕۆژی دادگایی کردنی سەرانی پارتمانماندا بەدادوەرەکەم گووت:

" ئێوەی دادوەرانی ئەم وڵاتە دەستەڵاتی ئەوەتان پێدراوە تاوانبارمان بکەن بەو ئەوکارانی کە ئەنجاممان دان, بەڵام خوودی دێرۆك کە هەناوم پیشان دەدات ئەم بڕیارەتان دەهارێت, هەموومان بێبەری دەکات لەتاوانێك کەئێمە نەمان کردووە".

سەبارەت بە هەڵوێستی پارت و ڕێکخراوەکان لەهەمبەرمان لەپایزی ١٩٢٣ و لەکاتی دادگایی کرنماندا, ئەوا من بە ئیسپەنجێك دەیانسڕمەوە و نامەوێت هەمدیس بریندەکانم بکولێنمەوە, چوونکە من بڕوام بەوەهەیە کە ئەوانەی تا دوێنێ دژبەری ئێمە بوون, هەموویان, بەم نزیکانە پەژیوان دەبنەوە لەو هەنگاوانەی پێشتر گرتبویانە بەر بۆ دژایەتی کردنی ئێمە و نەتەوەی ئەڵمانی, ڕێزمان لێدەگرنەوە, چونکە بۆیان ڕوون دەبێتەوە ئەوکارەی ئێمە ئەنجاممان دا و لەڕێگەیدا چەندان کەس بوونە قوربانی, بۆ خزمەتکردنی خۆمان نەبووە, بەڵکو بۆ خزمەتکردنی هەموو هاوڵاتیانی نەتەوەی ئەڵمانی و ئەڵمانیا نشین بووە, بۆ ئەوەی لەناونەچێ.

کۆتایی